# بزورگی عەلەوی

# گێڕانەوە (ڕیوایەت)

**ڕۆمان**

**گۆڕینی: حمەکەریم عارف**

نووسەر: بزورگی عەلەوی
بابەت: ڕۆمان
وەرگێڕ: حمە کەریم عارف
تایپ: رزگار حەساری
هەڵەچن: زنار محمد
چاپی یەکەم: ٢٠١٠
بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان/ سلێمانی

ئەم ڕۆمانە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:
روایت/بزرگ علوی
چاپ سوم: ١٣٨٧

## له بری پێشەکی

***بۆ ئەو کەسانەی کە (گێڕانەوە) بە مێژوو یان سەربهوردێك دەزانن و کاراکتەرو رووداوەکانی بە حەقیقەت دەزانن، باسی ئەم خاڵە پێویستە کە ئەم کتێبە (گێڕانەوە)، وێڕای هەموو ئەو ئاماژە مێژووییە بە رواڵەت واقیعیانەی کە تێیدایە، رۆمانێکە میناکی هەر رۆمان و چیرۆکێکی دی، لە کاتێکا لەگینە ئیلهام و سەرۆ لە واقیع و رووداوانەوە وەربگرێت، هیچ یەکێك لە رووداوو کاراکتەرو قارەمانەکانی (واقیعی و راستەقینە) نین و سەرباری لێکچوونی هەندێکیان دەگەڵ رووداوو کاراکتەرانی حەقیقی و راستەقینەدا، چیرۆکێکە گوراوو زادەی زەین و هەست و تێگەیشتن و زەوق و سەلیقەو هەڵسەنگاندنی ئاگایانەو نا ئاگایی نووسەرە، بێگومان ئەگەر کەسێك گوێ لەو (نەوار)و (پاشماوەی نەوار)ە کە سەرچاوەو ئەنگێزەی نووسینی ئەم کتێبە بووە بگرێت، ناتوانێ هیچ پەیوەندییەکی (واقیعی) لە نێوان ئەم دووەدا بدۆزێتەوە.***

***ئەو رۆژگارەی کە کتێبی "چاوەکانی" بڵاوبووەوە زۆر کەس گوتیان کە (ئوستاد ماکان)ی قارەمانی چیرۆکەکە، (کمال الملك)ە، زۆرتر پێیان وابوو کە (ئەرانی)یە. هەندێکی دی کە خۆیان لە کاری هونەردا بە زانیارو شارەزا دەزانی گوتیان کە عەلەوی کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکەی لە ئاوێتەیەکی خۆی و ئەم دوو کەسە دروستکردووە.***

***عەلەوی ئەوی دەمی لە هەنبەر هەموو ئەو ڕاو بۆچوونانە چی نەدەگوت و ئەگەر کەسێك پێ داگری کردباو دەربارەی (ئوستاد ماکان) پرسیاری لێکردبا تەنێ بە وشەی (نازانم) وەڵامی دەدایەوە، بەڵام چەند ساڵێك بەر لە مردنی کە کەسێك لێی پرسی "ئای بزورگ، ئەم ئوستاد ماکانە کێیە؟" بە شەرم و خاکەراییەوە وەڵامی دایەوە:***

***"خۆم"***

***و ئەز هزر دەکەم کە (فرود)ش جگە لە خودی ئای بزورگ کەسی تر نیە.***

**٢٠ خورداد( ٥/٢٢-٦/٢١ ) ١٣٧٧ ( ١٩٩٨ )**

**ب. پارسا**

# (١)

ئەوەی بە بەرچاوی خوێنەرانەوە رادەبرێ نە چیرۆکەو نە رۆمان، هیچ جۆرە رووداوێکی سەیرو سەمەرەی تێدا نییە کە لە قۆناغێکی تایبەتیدا بەسەر هەر یەکێك لە ئێمەدا نەهاتبێ. نەقڵ‌و حیکایەت نیە، گێڕانەوەیە. سەربهوردنیە، کورتە مێژووی رۆژانێکە کە لە کاسێتێکی رووداوەکانی ژیانی مرۆڤێکی زەحمەتکێشەوە گوێزراوەتەوە.

هەندێك دەڵێن: چیرۆکێکی دڵداریەو تەواو. هەندێکی دی بە پەیامێکی حیزبی دەژمێرن، هەر کەسەو لە گومانی خۆیەوە تێم دەڕوانێ. هەق وابوو کاسێتەکە وەکو خۆی، بێ هیچ دەستوەردانێکی نووسەر، بخەمە سەر کاغەز.خەوشی کارەکە ئەمە بوو کە (قارەمانەکە) ناسنامەی خۆی، وەکو چۆن هەیە، بەو جۆرەی کە لە دنیای واقیع دا هەیە، نیشان نەداوە. بە خۆی ئەوەندە خاکی‌و بێ فیزە کە نایەوێ دلێری‌و لە خۆبوردەیی ئاشکرا بێ. ئەمە جگە لەوەی بوونی ئەو ئاوێتەیەکە لە ترس وبێباکی‌و رق و توڕەیی‌و پۆزخەن‌و نەنگ و غروورو فڕناخی.لەو شوێنەدا کە پێویستە سەربەرز بێ، خۆی شەرمنۆك نیشاندەدات. نووسەر باسی ئەم میکرۆبە دەکات؟ فرود بنیادەمێکە بە هەموو خەسڵەتێکی بەشەرییەوە: دڵسۆزودڵرەق، بەرزەفڕو دوورەپەرێز، هێمن‌وئاژاوەگێڕ، حیلەبازو راستگۆ، دەگەڵ دەیان خەسڵەت و سیفەتێن هەڤدژی تردا کە لە بوونی هەر گوراوو بوونەوەرێکی زندوودا هەن، ولە سات‌و دەمانی جۆراوجۆردا بەپێی پێداویستی رووداوان، بتەوێ‌و نەتەوێ دەردەکەون‌و چارەنووسی بنیادەم بەرەو شوێنێك بکێش دەکەن.

سەراپای ژیانی وی هەوڵێکە بۆ رەهایی‌و رزگاری لە چنگی چارەنووس‌و ئەمە کارێکی ئەستەم و دژوار بوو کە باری نەبرد. نێوم ناوە فرود، هەمووکەس – بە لای کەمەوە هاودەستان دەزانن– کە ئەمە ناوێکی راستەقینە نیە. هەرکە ناوە راستەقینەکەی ئاشکرا بکەم، هەمووان هاوار دەکەن‌و هورا دەکێشن: ئەم پیاوەی کە تو وەسفت کردووە، ئەو کەسە نیە کە ئێمە ئاگامان لە چارەنووسی هەیە.

لەو ئۆتۆبیۆگرافیەدا کە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە، گرێی دڵی بۆ دۆستێك کردووەتەوە، رەنگە پێی خۆش نەبێ هەموو کەس بیزانێ.

بۆچی نووسەر فرودی نێو ناوە؟ بە خۆیشی نازانێ، رەنگە نەزانستە ئاماژە بێ بۆ قارەمانی ئەو چیرۆکەی کە بە نیاز بوو لە رقی سیاوەش ببێ بە هاودەستی لەشکری کەیخوسرەو وێڕای هەموو هەوڵێك لە نێوچەوانی نووسرا بوو کە دەبێ بە دەستی یارانی خۆی بکوژرێ.

ئەم نهێنییەش ئاشکرا ناکەم کە لە چ دەڤەرێکەوە هاتووە، ئەگەرچی تا ئەندازەیەك زەرووری دێتە بەرچاو، چونکە هەر لە منداڵیرا، لەو قۆناغەدا کە قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردو پێی نایە قۆناغی ناوەندیو بوو بە هاوکایەی نێرگز، کەوتە سەر ڕێیو ڕێبازێك کە ئیدی لێی دەرباز نەبوو ونەبوو.

بابی نێرگز، ئاغای پایەدار لە باشترین مامۆستایانی ئەو شارەو ئەوناوەندییە بوو، دەگەڵ بابی فرودا وەکو برابوون، هەرکاتێ دەرفەتیان هەبوایە دەگەڵ یەکیان بەسەر دەبرد، و هەندێجار شەوانیان تا درەنگانێ، کاتێ کە حاجی عەلی ئەسغەری واعیز، بابی فرود لە مزگەوتو مێنبەر بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، پێکڤە رادەبوارد.

هەردووکیان تەمەنی لاوییان لە حەوزەی عیلمیەی قوم پێکڤە رابواردبوو، فەقێو تەڵەبە بوونو یەك دوو ساڵێکیانیش پێکڤە لە نەجەف بەسەر بردبوو، بە هۆی دۆستایەتیانەوە هاتن بۆ ئەم دەڤەرە. یەکێکیان بوو بە ئاخوندورەوزەخوانو واعیز، عەباو عەمامەی لەبەر کرد، ژنێکی لە ماڵێکی دەوڵەمەند خواست وئەویتریان شەپقەو کڵاوی لەسەر ناو لە قوتابخانەیەکدا کاری پەیدا کردو کاتێ لە شاردا ناوەندی کرایەوە، ئەویان بە مامۆستای مێژوو وئەدەبیات دامەزراندو لەم شارەدا مانەوە.

ژنەکانیشیان بۆرە خزم بوون. پاش ماوەیەك ژنەکەی ئاغای پایەدار کۆچی دوایی کرد، خۆیو کیژێکی چەند ساڵە بە تەنێ مانەوە. حاجی عەلی ئەسغەر کە کاروباری باشتر بوو، پارەیەکی مۆڵی لە موریدەکانی خۆی قەرزکردو لە ماڵێکی بچووکی دیوار بە دیواری ماڵی ژنەکەیدا لانەو کاشانەیەکی بۆ پایەداری مامۆستا پێکەوەنا، ئەمێستا کە هەوەڵ وسەرەتای گێڕانەوەو ریوایەتەکەیە لەم شارەدا دوو کەس، یەکێك بە نێوی حاجی عەلی ئەسغەری واعیز و ئەویتریان بە نازناوی ئاغا موعەلیم خاوەنی سەنگ و ئیحتوباروئابڕوویەکن.

ئەم دۆستایەتیەی نێوان واعیزو مامۆستا بووە بایسی ئەوە کە حاجی ئاغا مل بدات کوڕەکەی بچێتە ناوەندیو ڕێگەی دەرس و دەور بگرێتە بەر، دەنا حاجی ئاغا چاوی لە دووی کتێب و کاغەز نەبوو، وحەزی دەکرد کوڕەکەی فێری کارو کاسبیەك ببێو نانێکی حەڵاڵ بخواتو سەربەخۆ بێ تا ئەو بتوانێ ئەم چەند ساڵەی تەمەنی کە ماوە بە گەشت وگەڕان بەسەر بەرێو پاراستنو پاسەوانی کەسەکانی نەبێتە باری سەر شانی. تا منداڵەکان بچووك بوون دەیتوانی دەگەڵ زەعیفەکەی ژنیا سواری پاسیان بکاتو بۆ قوم وخۆراسان بڕواتو کاتێ کە گەورەتر بوون بە پورەکەیان بسپێرێت و دەگەڵ خێزانەکەی دا بە زیارەتی مەزارگە بەرزەکان موشەڕەف بێ. ژینگەی ماڵ و مزگەوتی لێ تەنگ بوو بوو، و تەنیا لە گەشتو سەفەراندا دەیتوانی نەفەسێك تازە بکاتەوەو بایەکی باڵی خۆی بدات. هەرچیەکی لە ڕێگەی مامەڵەو خێراتو بەراتەوە دەست دەکەوت لەم پێناوەدا خەرج دەبوو،هاونشینیو باسو خواس دەگەڵ پایەداردا، کە پاشان بوو بە سەرۆکی پەروەردەی ئەو ویلایەتە نیعمەتێکی دیکە بوو کە حاجی ئاغا بە راستی لەزەتی لێدەبینی.لەوەتای بوونە هاوسێی یەکتر تەنیا دیوارێکیان لە بەیندا بوو و دەرگایەك لە نێوان حەوشە چکۆلەکەی ئاغا موعەلیمو باخچەکەی حاجی ئاغادا بوو. ئاغای

پایەدار لە ماڵی دۆستەکەیدا مەحرەم بوو وهەمیشە دەیتوانی بەبێ خەبەردان لەم دەرگایەوە وەژوور بکەوێ. ڕاستییەکەی ئەمەیە کە حاجیە خانمی داکی فرود نێرگزی گەورە کردبوو و منداڵەکان هەمیشە لە حەوشەو باخچەکەی یەکتردا گەمانیان دەکرد، تا خێزانەکەی ئاغا موعەلیم زندوو بوو ئەم جووتە هاودەمە هەموو دەمێ یارمەتی یەکتریان دەداو زۆرجار ڕێکدەکەوت کە ژنەکان پێکڤە بۆ بازێر دەچوون و سەرپەرشتی منداڵە هاروهاجەکانی حاجی ئاغا، کە یەکێکیان فرود بوو، بە نێرگز کە دوو ساڵێك لەوان مەزنترو فامیدەتر بوو،دەسپارد. فرود دوو خوشکی لە خۆی چووکتری هەبوو، مونیرەو بەدری کە هۆگرو گوێڕایەڵی نێرگز بوون و زۆر بە گوێی براکەیان نەدەکرد. هەر گاڤێ حاجیە خانم لە ماڵ نەبوایە، نێرگز ئەمانەی مژول دەکرد.

دوورترین بیرەوەری فرود دەربارەی ئەم کیژە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە دەگەڵ هەرتك خوشکە بچووکەکەیدا لە ژێر دارهەنارەکەی کەنار باخچەکەدا لە خوار ڕێگەکەی قاڵدرمەی ژوورە پێنج دەرییەکەدا دانیشتبوون و ماڵەباجێنەوبووك بووکێنیان دەکرد. گەڵای ڕەنگاو ڕەنگی خەزان هەموو حەوشەکەی داپۆشی بوو، وپێشکەی ڕوتەڵەو مردەڵە بەسەر هەناری شەقار شەقارەوە سوورچەڕانیان دەکرد. حاجی ئاغا بەیانی زوو بۆ مزگەوت چوو بوو، فرودی ڕاسپارد بوو گەڵای زەردی سەر ئاوو ناو حەوشەکە کۆ وەکات و لە باخچەکەدا لە دەوری چنارەکە کەڵەکەی بکات.

فرود هێشتا لە قاڵدرمەکە نەهاتبووە خوارێ سەیری کرد کە منداڵەکان قالیچەکانیان لەسەر گەڵا شێدارەکان ڕاخستووەو حیلکە حیلك بەو هەنارە پێدەکەنین کە خەریك بوو بەسەری نێرگزدا بکەوێ.

کوڕیژگەی تاین کە حەزی دەکرد هەر کاتێ بۆی بلوێ تەشەرێك لە کیژی ئاغا بدات، لە قاقای پێکەنینی دا، بەڵام پێکەنینێکی کەمێك بەزرترو شەرفرۆشانەتر لە جاران، نێرگز کە هەمیشە دەیویست خۆی سەر گەورەی جماعەتەکە بێ، بە تانەوە گوتی:

"کوڕیژگەی نازپەروەر،بۆ لەوێدا وەستاوی؟ بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە!"

"کارم چیە؟"

"بڕۆ حەوشەکە گسك بدە، نایەڵم یاریمان دەگەڵ بکەی. کوڕ دەگەڵ کوڕو کیژ دەگەڵ کیژ".

"وەی گیان! کێ ویستویەتی کایەتان دەگەڵ بکات؟ دەیسا ئەو شیعرەش بخوێنە، کۆتر دەگەڵ کۆتر..."

"بەڵێ باز دەگەڵ باز، هەر ڕەگەزە دەگەڵ ڕەگەزی خۆیدا بکات پەرواز".

"گەرەکتە نەیەڵم کایە بکەن؟"

"وەرە، ئەگەر ڕاست دەکەی وەرە بزانم چۆن نایەڵی کایە بکەین، دەبێ لەلای حاجی ئاغات دارێکی وا بدەم بە ڕوحتا چۆن حەز بکەی".

فرود دەنگی قەبە کردو بە دەم هەڕو گیڤەوە لە خوشکەکانی خوڕی کە هەستن و قالیچەکە کۆبکەنەوە، لێ مونیرەو بەدری لە سەڵای گریانیان داو خۆیان بە نێرەگزەوە قرساندو براکەیان تەواو تەریق کردەوەو هەر کە فرود کلکی لە گەلۆزی گرت وکەوتە گسکدان، کیژەکان بە سێ قۆڵی و لە ژێر لێوانەوە بە کوڕە گەورەی خانەوادەکە پێکەنین و خۆیان بەسەر کەوتنەکەیانەوە

ڕانا. ئیدی فرود هیچی لە دەست نەهات. هەڵبەت دەیتوانی دەستی هەرتك خوشكەكەی بگریٚو لە ئاشخانەكەیان حەپس بكات. جارێك كارێكی وای كردبوو وحاجی ئاغای بابی، وێڕای خوتەو بۆڵەی حاجیە خانم، كوڕەكەی پتر لە یەك سەعات لە هەمان شوێندا حەپس كردبوو،ئەگەر ئاغا موعەلیم نەكەوتبووایە بەینەوە فراڤینشیان نەدەدایە. ئەمە جگە لەوەی كە فرود سڵی لە ئاغا موعەلیم دەكردەوە، خۆشی دەویست و ڕێزوحورمەتگرتنی بە ئەرك وواجب دەزانی. لە هەموو ئەمەش گرینگتر ئەمە بوو كە فرود كتێبی لە ئاغا موعەلیم دەخواست وهەرگیز نەیدەویست ئەم دەرگای ڕەحمەتە لە خۆی دابخات.

ئەمڕۆكە كە دوای تەمەنێك فرود یادگارانی ڕابردوو بۆ دۆستێكی خۆی دەگێڕێتەوە،بە خۆیشی نازانیٚ ئەم كیژە چ كارێكی لەو كرد كە ئەم ڕووداوە لە مێشك و یادگەیدا نەخش بوو. ئاگرێكی لە وەسف نەهاتوو كەوتە گیانی.كیٚ چوزانیٚ ئەم جازیبەو جەزمەیە لە كوێوە سەرچاوەی گرت. لە چاوە درشتەكانیەوە بوو كە گیانی بنیادەمیان دەكێشا، لە هەڵس و كەوت و جم و جۆڵی چوست و لە ناكاوی ئازای بەدەنیا بوو، یا لە هاوسەنگی وگونجانی سەراپای شێوەو ئەندامی بوو، یان لەو جوانیە دڵڕفێنەیدا بوو كە هەر چەكێكی لە دەستی حەریف دەردێنا. مەسەلەكە ئارەزوو ڤیان و ئەشق نەبوو،بە تایبەتی لەو زەمانەدا، بە پێچەوانەوە، بێزاری بوو لە كەسێك،كە كاتیٚ داك و بابی لە ماڵ نەدەبوون، تواناو دەسەڵاتی ئەوی كەم دەكردەوە.

نێرگز هەر كاتیٚ لە قوتابخانەو لای بابی نەبوایە، لەم ماڵ وباخچەیەدا دەمایەوە، ئیدی منداڵەكان لەوێبان یان نا. ئەم ماڵە چوار ژووری هەتاوگیری هەبوو كە بە ئەندازەی مەترو نیوێك لە ئاستی زەوی و شەقامەكە بەرزتر بوون، ڕێك بەرانبەر بەمانە ژوورێكی هەندیٚ گەورەتر هەبوو كە دواتر حاجی ئاغا دروستی كرد تا لەوێدا پێشوازی میوانەكانی بكات و نوێژی قەلای تیا بكات، كردبووی بە ژووری كتێبان و عیبادەت. بەڵام كتێبەكانی زۆر بە كەڵكی فرود نەدەهاتن. بە زۆری چاپی سەنگ و خەت ناخۆش بوون و هەندێكیان حاجی ئاغا بە دەست خەتی خۆی نووسی بوونیەوە یان خەڵكانی دی بۆیان ئامادە كردبوو. ئەمە جگە لەوەی عەرەبییان زۆر تێدا بوو و فرود تێی نەدەگەیی و حاجی ئاغا بەمەی دەزانی و هانی دەدا ئەم زمانە فێر بێت. لەم جۆرە كتێبانە لە ماڵی ئاغا موعەلیمشدا هەبوو، بەڵام فرود كتێبانی دیكەی میناكی (بێنەوایان)، (دلێرانی تنگستانی)و (تلماك)شی بە دەستی نێرگزەوە بینی بوو. یەكەمین چیرۆكێك، كە هێشتا قوتابی سەرەتایی بوو، وشادەتنامەی شەشی سەرەتایی وەرنەگرتبوو،خوێندەوەو دوای سالانێكی دی دووبارە خوێندیەوەو لە مێشكی خۆیدا هەڵیگرت، هەمان ڕۆمان بوو كە زۆر بە توندی هێرش دەكاتە سەر دكتاتۆریەت وگەندەڵیەكانی حكومەتی زوڵم و زۆر وەسف دەكات و خۆسەری و خۆپەرستی، ڕیاكاری و ڕووبینی مەحكوم دەكات و لە سوڵتان دەخوازیٚ كە زامنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی خەڵك بێت. پاشان شاگردە نازپەروەردەكەی ئاغا موعەلیم زۆرجار لەم بارەیەوە باس و خواسی كردبوو بیٚ ئەوەی هەست بكات و بزانیٚ بە چ ڕێگەیەكدا دەبریٚ.

ئاغا موعەلیم جدی و سەخت و لە هەمان كاتدا لێبوردە بوو، دەموچاو درێژو ڕەقەڵە، كەپو درێژ، ردێنە تۆپە قوچەكەییەكەی ژێر چەناگەی شێوەیەكی سیٚ گۆشەی بەسەرو كەللەی دەبەخشی،

چاوانی رەش وگوێچکەکانی قوت، لەم سیماو دەموچاوەوە پرشنگ و پرتەوێك دەباری کە هەندێجار دەیتوانی منداڵەکان ئەفسوون بکات. لە سەرووی تەوێڵییەوە تا تەپڵی سەری رووتا بووەوەو تەنیا چەند داوە موویەکی رەش بە سەروو گوێچکەکانیەوە بوون کە رۆژێ لە رۆژان رەش بوون. هێشتا حەوت ساڵی تەواو نەکرد بوو باوکی ئەو ودایکی بەجێ هێشتبوو و بۆ نەجەف رۆیی بوو، وئاخوندێك ئەم منداڵەی گەیاندبووە نەجەف و لەوێندەر ژیانی بە هەژاری و دەسکورتی و دەرس ودەور بەسەر بردبوو. پایەدار، بە شێوەیەکی گشتی پیاوێکی بەژن و باڵا رێك و خۆش قەڵافەت بوو، لەوەیە هەر ئەم بەژن و باڵا بەرزو رێکە وای لێکرد بووبێ کە جلکی مەلایەتی فرێ بدات ومیناکی فەرمانبەرانی دایەرەکان چاکەت وپانتۆڵ بپۆشێت و لە ئەنجامدا لەم شارەدا کارێك و جێیەك پەیدا بکات.

ئاغا موعەلیم حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو چەندین دەقیقە گوێ لە قسەی قوتابیەکانی بگرێ و هەندێجار بە یەك قسە هەموو قسەکانیان پوچەڵ بکاتەوە. ئەم حاڵەتەی لە گفتوگۆی نێوان ئاغای پایەدارو حاجی ئاغادا بۆ دەرکەوتبوو. هەڵبەتە کە دەگەڵ حاجی ئاغادا دەکەوتە باس وخواس حورمەتی جبەو عەمامەکەی دەگرت، بەڵام چاودێری بێ لایەن هەستی دەکرد کە لە یاری قۆناغی فەقیاتی زرینگتروبە هۆشترە.

ژیانی فرود بە هەزارو یەك هەوداوە وابەستەگی بەو ئاغا موعەلیمەوە پەیدا کردبوو، نەك تەنیا لەبەر خاتری نێرگزو ئەو یادگاریانەی کە لە رۆژانی منداڵیدا لەگەڵی دا هەی بوو بەڵکو لەبەر خاتری خودی ئاغا موعەلیم کە ڕشتەکانی سەربهوردی دەدانەوە دەم یەك وپێکەوەی دەبەستنەوە.

هەر لە منداڵیرا، نێرگز پێگەو پایەیەکی تایبەتی لە ژیانی فرودا گرت. فەرقی هەبوو دەگەڵ ئەو کیژە جیران ومنداڵانەی دیدا کە لە قوتابخانە، لە رێگە، لە کۆڵان و لە مزگەوت، لە ژێر قوببەو لە سەر منارەدا گەمەو کایەی دەگەڵ دەکردن. ئەوانە دەهاتن ودەڕۆیشتن. هیچ بۆشاییەکیان نەدەخستە دڵی. زوو لە بیری دەچوون، بەڵام نێرگز لە هەموو شوێنێ ئامادە بوو، بە هەمان شێوە کە حاجیە خانم و حاجی ئاغای داك و بابی و منیرەو بەدری و ئاغا موعەلیم لە هەموو شوێنێك و هەمیشە لە قوتابخانەو لە ماڵ ئامادەییان هەبوو وچاودێری نەش و نمای روحی و بەدەنی ئەویان دەکرد.

کە فرود کارنامەوشادەتی شەشی سەرەتایی وەرگرت، ئاغای پایەدار حاجی ئاغای وادار کرد کە دەعوەت و زیافەتێك بکات. لەو دەمانەدا حاجی ئاغا هەموو سەروەتەکەی خەرجی سەفەری خۆراسان کردبوو، وپایەدار خەرجی زیافەتەکەی بە قەرز دایە دۆستەکەی، قەرزێك کە هەرگیز نەدرایەوە، لە نێو میوانەکانی ئەو رۆژەدا کوڕێکی رەشتاڵە هەبوو بە نێوی فەیروز کە منالەکان مەلا فەیروزیان پێ دەگوت، فەیروز قژی لوول بوو، پێدەچوو رەگێکی قولەڕەشانی ئەفریقایی تیا بێ، کوڕێك زیرەك و زرینگ و بە هۆش وحازر وەڵام و توند خوو بوو. دەرەقەتی هەموو کەسێك دەهات. لە قوتابخانەدا هەمووان سڵیان لێدەکردەوە سەریان نەدەخستە سەری، کەسێکی بە قووەتیش بوو، هەر کاتێ لە قوتابخانەکەدا کارێك هاتبا پێشێ و فەڕاشەکە باری نەبردایە، فەیروز

بە ئامارژەیەكی ئاغا موعەلیم ملی پێوە دەناو دەیتوانی تەنكی ئاوەكە بگوازێتەوەو قووەت و توانای لە فەڕاشەكەش زیاتر بوو. دەست وەشێن نەبوو، بەڵام كە منداڵەكان پەستیان دەكرد، كەمێك بازووی بادەدان و هەموویان حیسابی كاری خۆیان دەكرد. ئەم كوڕە كە پۆلی دووەمی ناوەندی بوو، یەكێك بوو لە خۆشەویستەكانی ئاغا موعەلیم، ئەویش میناكی فرود سوودی لە كتێبخانەكەی وەردەگرت.

نێرگز، لەم تەمەنەدا، كیژێكی تەواو بوو ودەیزانی چۆن كوڕان مەفتون و شەیدا دەكرێن. هەركە سووسەی كرد كە هەڤڕكییەك لە نێوان كوڕە دراوسێكەیان و خۆشەویستەكەی باوكە گیانیدا، لەسەر ئەوو بە مەبەستی راكێشانی ئەو لە كاردایەو ئەم جووتە ڕكابەری یەكدی دەكەن و ئێرەیی بە یەكدی دەبەن بەڵام ئەمیان بە پێكەنین وغەمزەو ئەویان بە قسەی توێكڵدارو لیچارو لەگەز خۆ ڕادەنەن، هەر هەموو ئەو فەندوفێڵانەی كە كیژان پشتاو پشت و وەچە بە وەچە بۆیان دەمێنێتەوە و فێری دەبن،خستە گەڕ تا ئەم دووە لێكدی تیژتر بكات.

# (٢)

فرود تازه پۆلی سێیەمی ناوەندی بوو، هەمدیس قەراربوو دەگەڵ حاجی ئاغاو دایکیدا بە زیارەتی حەزرەتی رەزا مشەرەف بن. فەیروز دوا ساڵی خوێندنی بەسەردەبردو دڵنیا بوو لە تاقیکردنەوەدا دەردەچێت. دۆستانە خوداحافیزیان لێکدی دەکرد. لە دوا ساتدا، کە هەردووکیان لە دوای گەورەکانەوە بۆ گەراج دەرۆیشتن، فەیروز دەستی خستە ژێر بازووی فرود کە بوخچەیەکی گەورەی لە ژێر باخەڵدا بوو، و پرسی:

"فلانێ، هێشتا هەر دڵت بە نێرگزەوەیە؟"

فرود کە جگە لە بوخچەکە جانتایەکی گەورەشی هەلگرتبوو ومەسینەیەکی بە شانەوە بوو، هیچ ئەم پرسیارەی پێ خۆش نەبوو، نەخاسمە لەم گەرمای هاوینەدا،وبە سەعاتێك بەر لە رۆیشتن بۆ مەشهەدی پیرۆز، ئەسڵەن لە قوتابخانەدا ئەوەندە سەرقاڵ بوو نەی پەرژا بوو دوو قسەی جدی دەگەڵ نێرگزدا بکاتو لە دەمی خوداحافیزیشدا لەزگ بوو لێیان بێتە شەڕ. ئەمە جگە لەوەی بە خۆیشی لەوە بوو بە یەکەمی پۆل دەرچێو ئیدی هیچی لەو کەمتر نەبوو. تەنانەت لە بیرکاریو مێژوودا لەویش زیرەکتر بوو – بە تایبەتی کە حەزی لە کتێبانی مێژوو دەکردو ئاغا موعەلیم بە باشی دەیتوانی رێنوێنی بکات ولەمەش گرینگتر هێندەی حورمەتی ئاغا موعەلیم لەلا بوو بەبێ شەرعی وبێ رەوشتی دەزانی بە چاوی خراپ تەمەشای نێرگز بکات. نەك هەر حەزی لە نێرگز نەدەکرد، بە پێچەوانەوە لێشی بێزار بوو، چونکە نێرگز خەریك بوو دبلۆمی ناوەندی وەردەگرت و خۆی بۆ چوونە تاران ئامادە دەکرد. ئەوەی لە هەموو شتێك پتر تورەی دەکرد تۆرانو ئاشتی بەردەوامی نێرگز بوو لە گەڵیا.هەمیشە دەیتوانی دەستاوێزێك بدۆزێتەوەو دەهری بکات.پاشان بێت بە نازونوزەوە دڵی بداتەوەو ئاشتی بکاتەوە. راستە کاتێ کە نێرگز بزەیەکی بە رودا دەدا زۆری کەیف پێ دەهاتو هەندێجاریش کە بیری لە لاساریو شەڕەکانی دەکردەوە بە خۆی دەگوت ئەگەر منی خۆشویستبا لە شەقەی باڵی نەدەدا بۆ تاران بڕوات. چما کەس لە دەستی خوێندکارانی تارانی بە سەلامەتی دەرباز دەبێت؟

ئەم هزرە بێ سەروبەرونالوژیکیانە بروسکە ئاسا بە مێشکیدا تێپەڕی.

بە شەقامی باغی سەردارا پەڕینەوەو گەیشتنە گەراجی مەرحەبا. ئوتوبوسی خوراسان هێشتا ئامادە نەبوون. زیارەتچیان بەدەم دوعاخوازیوگەردەن ئازاییەوە دەهاتنو دەرۆیشتنو هەراو غەڵبە غەڵبیان دەنایەوە. سەکنی شوفێرەکان جنێویان بە یەکتر دەدا، شوفێرەکان جنێویان دەدانێ. جووتە دۆست لە بن دارتوەکەی نێو گەراجەکەدا رۆنیشتن، فرود روویکردە هاوڕێکەی:

"راستت گەرەکە من نازانم چ وەڵامێکی تۆ بدەمەوە."

منداڵانی دەرۆزەکار بەو ناوەدا دەسوڕانەوە، هەرکەسێك شتێکی پێ نەدابان، تەعلیقیان لێدەداو بەردەبوونە گیانی یەکتر، بۆنی بۆگەنی بەنزین کەپوی بنیادەمی دەزوراندەوە، ئەم دوو لاوە زووتر هاتبوونە گەراج تا زوو باروبنەیان بە شوفێر بسپێرن و لەسەر ئوتوبوسەکە قایمی بکەن. هەردووکیان شەلاڵی ئارەقە بووبوون و بژۆڵەکانیان قورس بووبوو.

"فەیروز دەزانی چیە؟ کێ بە تۆی گوتووە کە من حەز لە نێرگز دەکەم؟"

"بۆچی قەڵس دەبیت؟ من وام زانیوە".

دەنکە تویەکی وشك لە دارەکەوە کەوتە سەر باوەشی فەیروز – کە هەڵیگرت و بەرەو لای منداڵێکی توڕداو منداڵەکە لە عاردەکەی هەڵگرتەوەو خستییە دەمیەوە. حەوزێکی بچووك لە نزیکی درەختەکە بوو، وچەند ماسییەکی سوور مەلەیان تێدا دەکرد، ژنێکی منداڵ لە باوەش، سەرو رووی منداڵەکەی لە حەوزەکەدا شت وسینگ و بەرۆکی خۆی کە روو لە جووتە کوڕ کرابووەوە، داپۆشی.

"بە خۆرایی وات زانیوە".

فەیروز کوڕێکی سادە وساویلکە بوو. دوو شۆخی وسوعبەتی کچانەو نازونوزی بێ شێلەو بێلەو بێ فڕو فێڵ،بە نیازی دنەدانی فرود،ئەم کوڕە گوندییەی گومڕا کردبوو کە گوایە ئاشقی ئەو بووە. دروستە کە ئاغا موعەلیم، بابی، کە هەندێجار لە گوندەوە کاڵەك و گوندۆرەو ئاروو هێلکە مریشکی بۆ شار دێناو دەیفرۆشتن، هاندا بوو کە کوڕەکەی بنێرێتە قوتابخانەو بخوێنێ. راستە کە فەیروز رێ درابوو هەندێجار رۆژانی هەینی سەرێکی مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بدات وبگرە لەسەر سفرەی وان دانیشێت و تریت وتەشریب بخوات. گومان لەمەدا نیە کە ئاغای پایەدار دەکۆشا نەك هەر فەیروز بەڵکو هەموو قوتابی و شاگردەکانی خۆی لە زانیاریی شایستە بە بەهرەوکۆششی خۆیان بەرخورداربکات و بۆ نموونە بیانگەیەنێتە کارێکی میناکی مامۆستایەتی یان بەڕێوەبەری لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شاردا، بەلام هەر هەموو ئەمانە ئەوەیان نەدەگەیاند کە ئاغای پایەدار بە تەمایە کیژەکەی خۆی بدات بەو. پایەدار کۆمەڵێك خۆزی و ئاواتی هەبوو. دەیویست نێرگز بۆ تاران بنێرێ، بخوێنێ، دکتۆری بخوێنێ، ئەگەر لە پایتەختیشدا نەبێ، بەلای کەمەوە لە شارەکەی خۆیاندا فریای دەردی بێ دەرمانی خەڵکی بکەوێ. لەمەش بترازێ لێرەو لەوێ بیستبوویەوە کە هاپۆی فەیروز بە تاوانی قاچاغی کوتاڵ و گۆرەوی ئاوریشم گیراوەو دایکی فەیروز سەری خۆی هەڵگرتووەو مێردەکەی بە تەنیا بە جێهێلاوەو بە تەواوەتی لە کوڕەکەی بێ خەبەرە.

بە هەرحاڵ تێکڕای حیساب بە قازانجی فەیروز دەرنەدەچوو کە ئاغا موعەلیم کیژەکەی خۆی بداتێ.

"باشە، ئەگەر وایە کەواتە تۆ لاریت لەوە نیە کە من بابم بۆ خوازبێنی بنێرمە لای ئاغا موعەلیم".

"بە چ مەعلوم نێرگز تۆی خۆش دەوێ؟"

"ئەگەر بزانێ کە تۆ نات گەرەکە لە کوێ مێردی لە من باشتر دەدۆزێتەوە؟ کە دبلۆمم وەرگرت دەبم بە مامۆستاو موچە وەردەگرم. ئاغا موعەلیم ئامادەیە لە ئامادەییدا کارم وێدا".

"دەتەوێ گرێو بکەین کە نێرگز شوو بە تۆ ناکات؟"
"کەواتە هێشتا چاوت لە دویەتی؟ وێڕای ئەوەش ئامادەم گرێوبکەم، وەرە تیروپشك بکەین".
"نا، بە تیروپشك ومشك نابێت".
فرود دەستی بە بەڕکیا کردو یەك ریاڵیەکی دەرهێنا، خستیە سەر کەڵەموستی و نینۆکی نایەبەر یەکەم گرێی قامکی شادەو گوتی:
"ئەگەر هەلت هێنا دەبێ بە ژنی تۆو ئەگەرنا، نابێ. رازیت؟".
"رازیم."
فرود بە پەلە پیتکەیەك یەك ریاڵییەکەی هەڵداوهێشتا نەگەییشتبووە ناولەپی، دەستی چەپی نایە سەری.
فەیروز گوتی: "شێر."
لەم کاتەدا حاجی ئاغا دەگەڵ چەند موریدێکی خۆیدا گەییە گەراج وگوتی:
"جاشە کەر، ئێستا وەختی شێروخەتە؟ لە جیاتی بێ جانتاکان لە ئوتوبوس باربکات، خەریکی یارییە."
چەند ئاخوندوژمارەیەك کاسبکاری بازاڕو یەك دوو ئەفەندی بە سەلاموسڵاوات حاجی ئاغایان وەڕێدەکرد. منداڵە دەرۆزەکەرەکان هەر کە گوێیان لەم دەنگە دەنگانە بوو، بە غار بەرەو لای وان چوون، یەکێك لە کاسبکارە کڵاو لەسەرەکان سەرو دراوی بە چەند دانەیەکیان دا. ئەو گەنجانەی دەگەڵ حاجی ئاغادا هاتبوون مناڵەکانیان لە حاجی ئاغا دوور دەخستەوەو تەشەریان لێدەدان. لە دوای ئەوانەوە چەند ژنێکی عەبا رەش و بە چارشێوو بێ عەبا بەدەم ورتە ورتەوە دەهاتن و ئەو ژنانەی کە لە قەراخ شەقامەکە وێستا بوون و بە دەم تەمەشاوە دوعاونزایان دەکرد. جار جارێ هەندێ لە پیاوو ژنەکان دەیانویست دەستی حاجی ئاغا ماچ بکەن، بەڵام ئەو رێی نەدەدان و رووی هەندێ لە پیاوەکانی رادەمووسی. لە بەرانبەر ئەوانەوە پیاوێکی باڵا بەرزی رەش دەهات، هەرکە یەکێك لە بەڕێکەرەکان بینی، لە کۆمەڵەکە جیا بووەوە، شتێکی بە گوێیدا چرپاندو گەڕاندییەوە. وەختێ گەڕایەوە بە هاوڕێکەی خۆی گوت: "داماوە نەیدەزانی بەو قەدو قەڵافاتەوە بەرخوردی ئەو دەگەڵ موسافیردا باش نیە". لە پڕ یەکێك بە بەیداخێکی کەسکەوە کە دەستێکی مسی بە سەرەوە چەسپا بوو، بە دەنگ‌وئاوازەوە گوتی:
*لە کەربەلای حسەینەوە بۆنی سێو دێ*
*لە توسەوە بۆنی رەزای غەریب دێ*
هێشتا نیوە دێڕی یەکەمی تەواو نەکردبوو کە چەند نەفەرێك کەوتنە شانی و بۆیان سەندەوە. هەرکە چاوشەکە*(چاوش لێرەدا ئەو کەسەیە کە پێش قافڵەی زیارەتچیان دەکەوێتو بە دەنگ و ئاوازەوە ستایشی زیارەتی مەزاری ئیمامان دەکات وخەڵکی هاندەدات بچنە زارەت ..وەرگێڕ) داوای لە خەڵکەکە کرد بۆی بسەننەوەو هاواری کرد:
***دەنگی لێ هەڵبڕە گەر عەیب لە زمانت نیە – سەڵاوات لە شای قوبەی زێڕ حەزرەتی رەزا بدە.***
دەیان کەس هاوسەدا بە گەلی کەوتن:

*سەڵاوات لە یازدە کوڕانی عەلی ئەبی تالیب*

*لە مانگی رووی یەك بە یەکیان سەڵاوات*

هەردوو کوریژگە، فرود وفەیروز بۆ وەی توڕەیی و شادی خۆیان بخۆنەوە هەر ئەوەندەیان لە دەست هات کە لێکدی جیابوونەوە.

مەزندەکەی فەیروز دروست دەرچوو، شێر بوو لە کەیفان هەڵبەزەیەکی کردو خواحافیزی کرد.

فرود کە بە درەنگەوەو بەوپەڕی پەستی و ناڕەحەتی بۆ لای بابی دەچوو، بۆ دڵدانەوەی خۆی گوتی دەڵێی ئایەتی ئاسمانی بۆ هاتووەتە خوارێ.

لەم کاتەدا ئاغا موعەلیم دەگەڵ نێرگزدا بۆ بەدرەقەکردنی حاجی ئاغاو حاجیەخانم گەییە جێ و هەڵبەتە هیچ یەکێك لە دوو کوڕیژگەکە ئەوەیان بۆ نەدرکاند کە لەسەرچی گرێویان کردووەو کیژی ئاغا کە لە کراسێکی سپی قوڵ کورتی سینە چەسپدا لە بووکێکی ئارایشت نەکردوو دەچوو،چاوی حەسرەتی بڕی بووە فرودودەتگوت دوعای خێری بۆ دەخوێنێ.

فرود،نەك لەبەر ئەوەی کە خۆشەویستییەکی ئەم کیژە هەڤدە ساڵانەی لە دڵدا بوو، بەڵکو پتر بۆ ئەوەی کە لە رکابەری و هەڤرکیەکەدا نەدۆڕابێ، خۆی فریو دەدا.تا ئێمە لە خۆراسان دەگەڕێینەوە زەماوەندی ئەم دووە سەرناگرێت.دوای ئەوەش ئاغا موعەلیم لێبڕاوە کیژەکەی بۆ خوێندن بنێرێ بۆ تاران، تا ئەو کاتەش خواگەورەیە.

ژیان لە سەفەراو لە مەشهەدو بەسەربردنی سەعاتان لە نێو ئوتوبوسداو خوتەو بۆڵەو دەحکە کردن دەگەڵ شوفێرو شاگردەکەیداو شەڕی زیارەتچیان دەگەڵ یەکترداو تەمەشاکرنی دەشت و بیابانانی وشك وبرینگ وگەرم ومانەوە لە ژوورێن دوکەڵاوی پڕ لە پشێکە و گەنەو رەنگێن روحئەنگێزو شادی بەخشی گومەزو منارانی خۆش نەخش ونیگارو شەڕودەمەقاڵی حاجی ئاغاو حاجیە خانم لەسەر بێ تامی شۆرباو یەخنی و گۆشتاوی لە بازاڕکڕدراوو دەستگرتنەوەو خەمی ئەو منالاْنەی لە ماڵ ماوەنەتەوە، کە خوا دەزانێ چیان بەسەر هاتووە، ئەمانە ئیدی بەلای فرودەوە تازە نەبوون. زۆری لەم سەفەرانە کردبوو وخۆی بە دنیا دیدەی تەواو دەزانی. تەنانەت نزیك بوو مەزاری حەزرەتی ئیمام حوسەین–یش لە کەربەلا زیارەت بکات. کەچی وێڕای ئەمەش، ئەو چەند سەعاتەی کە لە رێگەی گەڕانەوەدا لە قوم لایاندا، بۆ ئەو بە خاڵێکی وەرچەرخانی ژیان دەژمێردرا.

حاجی ئاغاو حاجیەخانم لە قاوەخانەیەکدا خەریك بوو چایان دەخواردەوەو فرودیان ناردبوو نان و پەنیرو ترێ بۆ نێوەڕۆژەیان بێنێ. قاوەچیەکە کوڕی شێخ محەمەدی دۆستی سەردەمی فەقیاتی حاجی ئاغا بوو. ئەم پیاوە لە شارەکەی واندا برایەکی هەبوو وحاجی ئاغا دەیتوانی هەمیشە لە زیارەتی خۆراساندا لە رێگەی ئەوەوە هەواڵێکی خزمان و دۆستانی بزانێ. لەوێدا بیستی کە شا لە نوتقێکدا لە قوتابخانەی سوپایی لە کاتی دانی کارنامەی دیبلۆم بەو خوێندکارانەی کە بە پلەی ئەفسەری پەیوەندییان بە سوپاوە دەکرد، ئاماژەی بۆ خەتەرێکی گەورە کردبوو کە هەڕەشە لە وڵات دەکات، بۆیە لاوان لەسەریانە ئامادەی هەر جۆرە فیداکارییەك

بىن. حاجى عەلى ئاغاو حاجى ميرزا رەحيم و حسەينى روودبارى نرخى ئازووقەيان بەرز كردبووەوەو خەڵكەكەش بىٚ گوێدان بە نرخان، چەنديان توانيبا دەيان كڕىو عەماريان دەكرد.
كوڕەكەى شێخ محەمەد ئاگادار بوو كە لە شارا قاوداكەوتووە كە گرانى دێت ودەبىٚ بە قات و قڕىو شەڕ دەقەومىٚو تەنانەت دەيزانى كە ئاغا موعەليم بۆ خۆىو بۆ حاجى ئاغاش دانەوێڵە و نيسك و كەشك و پيازێكى زۆرى كڕيوەو بار بار بۆ ماڵى هێناوەتەوە. لە كۆكردنەوەى ئازووقەكەدا بابى فەيروز دەستى هەبووەو خودى فەيروزيش هەميشە بەردەستى ئاغا موعەليم بووە.
لەم هەراو هەنگامەو بگرەو بەردەيەدا ئەوەى بە بيرى فرودا نەدەهات زەماوەندى فەيروز بوو. بەڵام ئەمەش وەسيلەيەك بوو تا رێيەك بۆ دڵى ئاغا موعەليم بكاتەوە. بەمجۆرەش دەشێت خەڵكێك فريو بدرىٚ. يەكەمجار بە ناوى خوێندنو قوتابيەتيەوە رێى خۆى بۆ ئەو ماڵە كردەوە. ئەوەندەى مەرايى كرد تا ئاغاى پايەدار وەعدوبەڵێنى دايە كە كارێكى گرينگى لە قوتابخانەدا وێبدا. ئێستاش داويە لە كەللەى ببىٚ بە زاواشى، جا بە فرود چى؟ رەنگە خێرى پێوە بىٚ،.نارەحەتيەكەى پتر لەبەر دۆڕاندنى گرێوەكە بوو. بۆ ئەوەى خۆى لەم خەيالاتە بە ئازارانە رزگار بكات چوو بۆ تەلەفۆنخانەو تەلەفۆنى بۆ بەدرى كرد، بەم مەبەستەى كە هەواڵێكى تازەى دەستبكەوىٚ. بەدرى نەيدەويست هيچ رازو نهێنييەك بدركێنىٚ. خەمين و دڵتەنگ بوو، كاكى خۆش گەرەك بوو ونەدەويست بيرەنجێنىٚ لىٚ براكەى دەستبەردار نەبوو.
"بۆچى خەمينى؟ بۆ قسان ناكەى. من خۆم هەموو شتێك دەزانم".
"چ دەزانى؟ چ شتێك لە گۆڕىٚ نيە".
"پىٚ بە جەرگى خۆتا بنىٚ، بڵىٚ بزانم چيتە؟"
"دەڵێن بابى هاتووە نێرگز بۆ مەلافەيروز خوازبێنى بكات"
"خۆ ئەمە هەواڵێكى خراپ نيە".
ئەمەى لە كانگاى دڵەوە گوت. پشكەكە بە ناوى ئەوەوە دەرچوو. ئيدى ئەوەيە.
"من نەمگوتووە هەواڵێكى خراپە، مەلا توڕە بووە، چونكە ئاغا موعەليم فەرموويانە حاجيە خانم گەورەى كيژەكەيەتىو دەبىٚ ئەوان رێگە بدەن، جگە لەوەش پرس وراوێژ بە دۆستانو كەسوكار، بە تايبەتى حاجى ئاغا بكەنوپاشان بڕياربدەن".
هەواڵى خوازبێنى نێرگز ئاژاوەو پشێوى نايەوە. فرود پەشێوى بەسيماى دايكييەوە دەبينى. لە سەرەتاوە، لە چاخانەكەدا كاتىٚ كوڕەكەى شێخ محەمەد بە لايانا رەت دەبوو، قسەكەيان دەبڕى. هيچ حەوسەڵەى نەبوو بە ديار قسەى ئەوانەوە دانيشێت. دڵتەنگى حاجى ئاغا بە رواڵەت لە بەرگرانىو پەشێوىو نيگەرانى گشتى بوو فرود گوێى لەم شتانە نەبوو، بيستبووى كە لە ساڵى گرانيدا بابى رۆژێك لەسەر رێگاى خۆيەوە حەوت نەفەرى ژماردبوو كە لە برسانا مردبوونو خەڵكانى برسى هەويرى نانەواخانەكانيان تالان دەكرد. بەڵام ئەو رۆژگارودەورانە گوزەشت. قۆزاخانى روسى ئەو گرفتانەيان نابووەوە. چ پەيوەندييەكى بە ئێستاوەيە.

دایکی لەبەر شتێکی دیکە پەستەو تورە بوو. بە دەم رێوە دەی بۆڵاند:"چما کەسێکی باشترو لە مەلا فەیروز بۆ نێرگز پەیدا نەدەبوو"حاجیە خانم هەرگیز بە زمانی منالەکانەوە فەیروزی بە "مەلا فەیروز" ناو نەبردبوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا مایەی کونجکاوی فرود بوو، و نەیدەزانی دایکی بۆچی ئەوەندە بە پەرۆشەوەیە. دویٚ شەو کاتێ ئەم هەواڵە لەسەر سفرە بڵاوبووەوە حاجییە خانم یەکسەر ڕاچڵەکی.

"ئەیەڕۆ، چیت گۆ؟ فەیروز دەیەوێ نێرگز بخوازێ؟ خودا نەکا. حەدی نەبێ!".

حاجی ئاغا هێدی‌و هێمن، بێ ئەوەی بە ئاستەمیش خۆی شێلو بکات، ئیعترازی لەم پەرچەکردارەی خێزانەکەی گرت.

"چ پەیوەندییەکی بە تۆوەیە؟ فەیروز چ عەیبێکی هەیە؟خۆ نێرگز کیژی شای پەریان نیە".

"ئەم قسەیە چیە؟ یانی دەڵێی ئەم کیژە مێردێکی باشتر لەم کوڕە کە هیچی نیە، پەیدا ناکات؟".

"ئێمە هەقمان چیە بەسەر کاری خەڵکییەوە".

"چۆن هەقمان نیە. بابەکەی بە خۆی دەڵێت من گەورەم کردووەو دەبێ راوێژ بە تۆ بکات. ئاغا موعەلیم بە خۆی چاك زانیویەتی بۆ ئەم وەڵامەی داوەتەوە".

بەلای فرودەوە حاجیە خانم هەمیشە بەسەبروحەوسەڵەو گوێڕایەڵ بوو ومدارای حاجی ئاغای دەکردو هەوڵی دەدا دڵی ڕاگرێ‌و هەرگیز نەی دیتبوو کە دایکی بەم توندییە سێ‌و دوو دەگەڵ بابیا بکات. وەکو شتێك هەموو خەیاڵاتەکانی دەربارەی چارەنووسی نێرگز خەریك بوو پوچەڵ دەبووەوە.

"مەگەر ئاغا موعەلیم ناخوازێ راوێژ بە تۆ کە وەکو برایت، بکات. باشە، تۆ چ دەڵێی؟"

"ژنەکە من چیم هەیە بیڵێم؟ هەر کاتێ پرسی پێکردم، لە دۆست و ئاشنایان پرسیار دەکەم‌و هەر شتێکم زانی پێی دەڵێم".

"ئەمەشی پێ دەڵێی کە دایکی کێوە چووەو مامیان لەسەر چی حەپس کردووە".

"بیبڕەوە ژنەکە، ئەوەندە غەیبەتی خەڵکی مەکە، پێم گوتی تاقیب دەکەم وجوابی لێ دەگێڕمەوە."

"ئەمە سۆراخ‌و تاقیبی نەگەرەکە. من لە جیاتی تۆ بام هەر لێرەوە بروسکەم دەکردو دەمگوت نەخێر، ئەم ئاغایە هاوشانی کیژی تۆ نییە".

ئەم گفتوگۆیە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا. فرود بە وردی گوێی لە قسەکانیان دەگرت‌و ئەزبەری دەکردن. تێ نەدەگەیشت بۆچی دایکی ئەوەندە مکوڕە کە نەیەڵێ ئەم زەماوەندە سەر بگرێ. بە ڕێی چاخانەکەوە هەر بیری لای ئەمە بوو، بۆچوونێك لەمەڕ ئەم زەماوەندە بلێ‌و هەڵوێستێك هەڵبژێرێ، بە خۆی دەگوت ئەمە هەواو هەوەسێکی منداڵانەی فەیروزە . بەم چی؟ بە ئێمە چی؟ بە حاجییە خانم چی؟ پاشان وەبیریا هات ناکا ئەم ماستە موویەکی تێدا بێ‌و ئەمێستا دەبینێ کە بە پەیدا بوونی سەروکەللەی فەیروز ئاواتەکانی لەگینە بە فیڕو بچن. گومانی تیا نیە کە حاجی خانم نێرگزی زۆر خۆشدەویست. کیژی مامۆستاش کە داکی نەبوو، حاجیە خانمی بە دایکی خۆی دەزانی. بەڵام ئەم شین وشەپوڕەی بۆ دەکرد؟خۆ نێرگز دوو ساڵ لەو

گەورەتر بوو. کێ تا ئێستا کیژی لە خۆی گەورەتری خواستووە؟ مەگەر هەر خوا بزانێ حاجیە خانم چ وێردێکی بە گوێی نێرگزدا خوێندووە؟ ژنان هەموو شتێکیان لێ دەوەشێتەوە، ئەوەندە بەسە جارێك لە زاری دەرچووبێ: تۆ دەبێ ببی بە بووکی خۆم، لەوەیە ئەم کێچەی خستبێتە کەوڵیەوە، دەبێ ئەم پشی پشی و مەرایی کاریانەی لەبەر ئەم قسانە بێت.

وای هاتە بەرچاو کە خەریکە میناکی گەورەکان بیردەکاتەوەو موو لە ماستی دەردێنێ. دەڵێی رووبەرووی مەسەلەیەکی ئاڵۆز بووەتەوەو کەوتووەتە سەر دووڕیانێك ولەسەرێتی بە یەکێکیاندا بڕوات و چاو لەویتریان بپۆشێت. ئایا زەوجینی نێرگزو کوڕی بابا ئەوەندە گرنگە کە بیری ئەو مژول بکات. خۆ فەیروز کوڕێکی خراپیش نیە. کاتێ خۆی دەگەڵ ئەودا بەراورد دەکات، دەبینێ کە فەیروز هەندێ سیفەت و سوخەتی هەن کە ئەو نیەتی. لە جیاتی هۆش کەسێکی بە کارەو ئێستا کە داویە لە کەللەی نێرگز بخوازێ، ئامادەیە حەماڵی بۆ ئاغای موعەلیم بکات، بار بار ئازووقە هەڵڕێژێتە عەماری ئاغا موعەلیم وحاجی ئاغاوە. نێرگزیش ئێستا دەتوانێ خۆی ڕابنێ و بڵێ بە ئاماژەیەکی سەری قامك خوازگارم پەیدا کرد،و تۆش، فرود، حیسابی کاری خۆت بکە.

لە پڕێکا ئەم خەیالاتە، لەگەڵ هاڕەی فڕۆکەیەکدا بە ئاسمانی سافاو بەسەر گومەزی زێڕینی حەزرەتی مەعسومەدا،کە پەرە کاغەزانی لێ دەباری، ئاوا بوون. یەکسەر بوون بە دووکەڵ و چوون بە حەوادا. سەرەکان بۆ ئاسمان بەرز بوونەوە، چاوەکان بڕدرانە ئەو تۆپەڵە کاغەزانەی کە لەبەر تیشکی هەتاودا میناکی ستێرانی کاکێشان لە شەوی تاریکدا دەدرەوشانەوە.

لە کوچەو کۆلانەکانەوە، لە دوکان وپەستوو وچخانەکانەوە، لە مزگەوت وحوجرەوە، ژن و پیاو، ئاخوندو تەڵەبە، کاسبکاروعەمەلە، وەستاو کرێکار، عەمامە بەسەرو کڵاو بەسەر ڕژانە سەر شەقامەکان و حەوشەی حەرەمەوە. لە سەلاواتیان دەداو هەرکەسەو هەوڵی دەدا پارچە کاغەزێك بە دەست بێنێ تا بزانێ چ رازو رەمزێك لەم کاغەز بارانەدا پەنهانە.خەڵکی هاواریان دەکرد: "تەیارەکە کاغەز هەڵدەڕێژێ،بە خەتی فەڕەنگی لە باڵەکانی نووسراوە، بە خۆم خوێندمەوە".

یەکێك لە نێو ئاپۆڕاکەوە هاواری کرد: "سەلاوات بدەن" عەمامە کەسێك خۆی هەڵدایە سەر سەکۆی نانەواخانەیەك:

"بە خۆم لە بەغدایە دیوومە، هەوەڵجار کاغەز هەڵدەڕێژێ و پاشان بۆمبا، خەڵکینە بچنەوە بۆ ماڵی خۆتان".

پاسەوانێك لەسەر سەکۆیەکەی راکێشایە خوارێ: "ئێرە بەغدا نیە ئاخوند، بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە".

سێ دانە فڕۆکە بەو دەقەوە کاغەزیان هەڵدەڕشت و تێدەپەڕین. خەڵکەکە یەکەمین کاغەزیان بە دەست هێنا بوو. فرود چەندی هەوڵدا نەیتوانی هیچ شتێك بە دەست بێنێ.کابرایەك کە پەتاتەی کوڵاوی دەفرۆشت، شتەکانی لە عاردی دانا، خۆی هەڵدایە سەر سەکۆیەك و کاغەزێکی چوار گۆشەی لە ئاسماندا قۆزتەوە، بە خۆی پێی نە خوێندرایەوە. فرود تەڕدەست خۆی گەیاندێ، ویستی کاغەزەکەی لە دەست بفڕێنێ، بەری نەدا، فرود توانی خەتە فارسیەکەی وەخوێنێ. ئەوەی بەرچاوی کەوت مەفهوم نەبوو. نەیدەزانی کە مەبەست چیە. بیستبووی کە ئاڵمان و

فەرەنسا شەڕیانە. بەڵام شەڕی ئەو بنی دنیایە بە قوم چی؟ بەیاننامەی هاوپەیمانان چ دەگەیەنێ؟ چییان لە ئێمە گەرەکە؟ فرود بە دەشاهی بەیاننامەیەکی لە منداڵێکی دەرۆزەکەر کڕی و خۆی گەیاندە نانەواخانەیەك. چما نان دەکڕدرا؟ باس باسی شەڕو جەنگ بوو، روسەکان هاتن، ئینگلیزەکان هاتن، سوپا دەگەڵ روس و ئینگلیزان، لە باکوورو باشوور دەجەنگێ. فرود بە نانی رووتەوە بۆ چاخانەکەی کوڕی شێخ محەمەد گەڕایەوە. لە چاخانەکەدا قەرەباڵغییەکی زۆر دەوری حاجی ئاغایان دابوو، داوای روونکردنەوەیان لێدەکرد. حاجی ئاغا هەندێ زاراوەی بۆ خەڵکەکە شەرح دەکرد. چایچی و شاگردەکەی خەڵکەکەیان هێدی دەکردەوە: "بێڵن کاسبیەکان بکەین، جەنگ بێ یان نا، ئێمە لەسەرمانە بۆ شەوێ نانی ژن و منداڵەکانمان بەرینەوە ماڵ. حاجی ئاغا، ئێوە بفەرموون رێمان بدەن چایی بگەیەنینە خەڵکەکە".

بابە کاغەزەکانی دەخوێندەوە، نێوەڕۆك وماناکانی بەراورد دەکردن. خەبەریان هێنا کە برسی و رەش و رووتان هاڕوژاون و وردەفرۆشێکی نزیکی سەحنیان تالانکردووە. هەندێك لە تارانەوە خەبەریان دێنا کە پاسەوانان جلەکانیان داکەندووەو بە تۆی شۆرتێك بە شەقامەکاندا دەگەڕێن. یەکێك بە چاوی خۆی دیتبووی کە کۆمەڵێك ویستوویانە ئەفسەرێك کە بە گالیسکە بۆ ماڵی خۆی رۆییوەتەوە، دارکاری بکەن. لە تاراندا کاغەز باران لە بەیانی زووەوە دەستی پێکردووە.

راست ودرۆ تێکەڵ دەبوو. خەڵکی زیاتر باوەڕیان بە درۆکان دەکرد تا راستیەکان. تا درۆکان گەورەتر بووایە خۆشتر دەکەوتەوە. کەس گوێی لە کەس نەدەگرت. هەر شتێکیان دەبیست چەند دانەیەکی تریان پێوە دەناو دەیانگێڕایەوە. هەر کەسە دەیویست ئەوەی بیستوویەتی بسەلمێنێ و بسەپێنێ. یەکەمجار شاری تارانیان بۆردومان کردووە، هەموو شارەکانی باکوورو باشوور ژێرو ژوور بووە. رادیۆ خەبەری دەدا حکومەت لابراوە. خەڵکی قایل نەدەبوون و دەیانگوت: هەموو حکومەتیەکانیان لە یەك شوێن ئیعدام کردووە. حکومەتی تازە هاتووەتە سەر کارو هەموو ئەوانی دی بێ سەروشوێن بوون. نرخی نان فڕیوە، ئازووقە پەیدا نابێت، هەر فەردە نیسکێك بەلای کەمەوە یەك مەن بەردیان تێکەڵ کردووە. سەگ ساحێبی خۆی ناناسێت. قسەی بێ سەروبەر، بێ ماناو ئاوەژوو دەماو دەمی دەکرد. ئا شێخ محەمەد بە چاوی خۆی دیتبووی کە پەزو ڕانان ملیان بە بیابانەوە ناوەو گورگ بە دویانا. وشەو زاراوەێن ئینزار، ئولتیماتۆم، هاوپەیمانان، بێ لایەنی، داگیرکردن لە مێشکی فرودا دنگدنگ دەزرنگانەوە، مانای ئەو زاراوانە بۆ کوڕیژگەیەکی پانزە ساڵان مەفهوم نەبوو. هێشتا چایەکی نەخواردبووەوە کە داك و بابی کەلوپەلەکانیان بەست وپێیان کردە یەك کەوشەوە کە هەر دەبێ ئەمڕۆکە بەیانی زوو شۆفێرەکە ناچار بکەن و بۆ شارەکەی خۆیان بگەڕێنەوە. حاجی ئاغا لە کوڕەکەی شێخ محەمەدی بیستبوو کە ئەهلی بازاڕ بە تەمان دوکانەکانیان دابخەن. هەموو خەڵکی لە هۆڵی زەخیرەکردنی ئازووقەدان، لە حەرەمدا تەڵەبەکان گوێیان لە هەواڵی رادیۆ بوو بوو، رووس وئینگلیزەکان شارە بێ دیفاعەکانیان تۆپباران کردووە.

حاجیەخانم عەبا رەشەکەی بەسەریا دابوو ولە سوچێکەوە کزکۆڵەی کردبوو.

"حاجی، بۆ ئەوەندە شپرزەی؟ مەگەر چ بووە؟"

"حورمیٚ، چما نابینی شەڕە؟ شەڕ،دەزانی یانی چی؟ روس‌و ئینگلیزان هاتوون‌و گەرەکیانە ئیسلام لە ناو بەرن"

حاجیە خانم وایدەزانی کە جەنگ واتا لوڕەکان ئاژاوەو فەرتەنەیان ناوەتەوەو قۆشەنی دەوڵەتی چووە ئەمن‌و ئاسایش بەرقەراربکات، لەشکران دێن‌و بە ناوەندی شاردا تێدەپەڕن‌و هەقیان بەسەر ژن‌و منداڵی خەڵکییەوە نییە. بۆردومانی شاران کاری فەرەنگیانە. لێرەدا ئەم جۆرە هەواڵانە نیە. حاجی ئاغاش تاقەتی نەبوو حاجیەخانم حاڵی بکات کە ئەم شەڕە شەڕی نێوان کوردو لوڕو قەشقایی نیە دەگەڵ قۆشەنی ئێراندا.

هەر ئاپۆڕای خەڵکی بوو وهێرشی بۆ چاخانەکە دێنا، قەوغایەك بوو دەرزیت هەڵدابا نەدەکەوتە عاردی، تا ناوەندی شەقامەکە عەمەلەو کرێکار،کە لە ڕێگاو باناندا فرۆکانی کاغەز ڕێژیان دیتبو، وەستا بوون تا لە زاری ئایەتوڵلایەکەوە بژنەون چ شتێك روویداوە. دەنگی کوڕەکەی شێخ محەمەدو شاگردەکەی بە هیچ کویٚ ڕانەدەگە یی، خەبەرو هەواڵی درۆو راست وەکو بروسکە بڵاودەبووەنەوە. فرود دەیویست خۆی بگەیەنێتە بابی، پارووە نانێك بخاتە زاری، کەچی پاڵەپەستۆی تاسەمەندانی خەبەروباسان هەڵیدایە قەراخ حەوزۆکەی چاخانەکەوە، پێی لەسەر پاشۆری حەوزۆکەکە خزی و خەریك بوو بکەوێتە ناو حەوزەکەوە، کە گرتیان وهەڵیانکێشایە دەرەوە. حاجی ئاغا هەستا، دەستی کوڕەکەی گرت و خۆی لە دەستی حەشاماتەکە قوتارکرد.

کوڕە، حەپەسا بوو، نەیدەزانی بۆچی تەنانەت بابیشی شەپۆکاوە. لە بابی دەپرسی: ئینزار یانی چی؟ ئولتیماتۆم چیە؟ هاوپەیمانان کێن؟ ئێستا چ دەبێت؟ چیان بەسەر حکومەتی ئێمەوەیە؟ دنیا باشتر دەبێت یان نا؟

حاجی ئاغا بە خۆیشی سەری لە رەوشەکە دەرنەدەکردو هەڵبەتە هیچ وەڵامێکیشی پیٚ نەبوو بۆ کوڕەکەی. خۆیشی نەیدەزانی. تووشی کەسێکی ئاقڵ وزانیار نەبوو بوو تا بزانیٚ لەو دیوی پەردان چ باسە. رادێویشی پیٚ نەبوو تا هەواڵەکان لەسەرچاوەیەکی دروستەوە بژنەویٚ. تا ئێستا جگە لەو پارچە کاغەزانەی کە لە ئاسمانەوە هەڵیاندەڕشت هیچی تری نەبینی بوو. هەموو دڵدانەوەیەکی بۆ کوڕەکەی ئەمە بوو کە بە ئاواتەوە بوو هیچ ئاسیوێك بە شارو ماڵەکەی ئەوان نەکەوتبیٚ.

"دەبیٚ تا زووە خۆمان بگەیەنینەوە ماڵیٚ. چەند رۆژێکی دی نە دەنکە ماشێك و نە لەتکە نۆکێکمان دەست دەکەویٚ، چ جای رۆن‌و برنج".

"رزق‌و رۆزی بە دەستی خودایە حاجی، هەرگیز تۆم بەم جۆرە نەدیووە، خۆ لە برسان نامرین".

فرودیش هەرگیز بابی واهی نەدیتبوو، بەڵام زۆری نەبرد کە بۆی بەدیارکەوت تومەز لەم سێیەمی شەهریوەرەدا(٢٣/٨-٢٢/٩) لاپەڕەیەکی ژیانی پاش و پێش کەوتووەو گۆڕاوە.

چەندی رۆژێکی پیٚ چوو تا ئوتوبوسەکەیان لە قومەوە بەرەو شارەکەی خۆیان جما.

# (٣)

لە زەرق چەند رۆژێکدا شیرازە پچڕا. یەك وڵاتی بە رواڵەت زاکونو رێكو پێكو لە ناوەوە زوڵمزەدەو سەرکوتکرارو خاك بەسەر لەبەر یەك هەڵوەشایەوە. کڵاو لەسەرانی بازاڕ بوون بە عەمامە لەسەر. کرێکاران بێڵو قوڵینگەکانیان نایە سەر شانو هەڵاتن. قۆنتەرانچیان کرێکانیان خوارد، بێکاران کەوتنە دەرۆزە، دزیو تاڵانکردن، چاخانەکان بە درێژایی رێگا داخران. جەندرمان ئونیفورمیان لێ فڕێ دا. شوفێریان کرێیان چەند بەرانبەر زیاد کرد. رێگاوبانان داخرا. والا حەزرەتی پڕ قودرەت قوچانی. ئەو پیاوە ناودارانەی کە چەکمەکانیان دەلستەوە هەر بە هیچیان نەزانی. گوتیان هەموو قاسە جەواهێرو سکە زێڕەکانو مافورەکانی دەگەڵ خۆدا بردووە. لە ئەنجوومەندا کاسەلێسانی دوێنێ، بایان دایەوەو بوون بە شۆڕشگێڕو دژە ئیمپریالیزم. لەشکری سۆڤیەت لە باکووروسەربازانی ئینگلیز لە باشوورەوە پەلاماری ئێرانیان داو ڕابەران لە ترسا هەڵاتن. ئوتومبیلانی سەرانی سوپایی قرقاوڵە ئاسا بەرەو باشوور تاوێر بوونەوە. لۆریو پیکابی پڕ کەلوپەلی دەوڵەمەندان لەلایەكو لۆری سوپایی ئینگلیزی لەلایەکی دییەوە دەهاتنو دەچوون. هێندەیان شول لێ هەڵکێشا کە سەرەك وەزیرانی تازە ناچاربوو لە ئەنجوومەندا بڵێت: بۆ کوێ دەڕۆن؟ ئەمانە دێنو دەچنو هەقیان بەسەر کەسەوە نیە. وەزیرانی بەرپرس هاواریان لێ هەستا ئێمە بێ تەخسیرین. ئاگامان لە هیچ نەبوو، ئامێری جێبەجێ کردن بووین. هەر هەمووی تەخسیرو خەتای سەرکردەی پایەبەرز بوو. ئەگەر ئێمە نەبووایەین یەکێکی دی دەهاتو لە ئێمەی خراتر دەکرد. مەگەر نەتان بینی کە وەزیرانیان ژەهر خوارد دەکردو لە زنداندا خەفەیان دەکردن.

ئەم یادەوەریانە لە مێشکی حاجی ئاغادا دەپەنگانەوەو لوولیان دەخوارد. حەزی دەکرد ئەوانە بۆ کوڕەکەی بگێڕێتەوە، بەڵام ترس ئەوکی دەگوشیو بۆی نەدەهاتنە سەر زاری. ئەی کاشکێ زووتر ئاغا موعەلیم بدینێو بیروبۆچوونی خۆی لەگەڵدا باس بکات. بەڵام قۆناغ بە قۆناغ خاوتر دەبوون. چاخانەکان پڕ بوون. بەنزین دەست نەدەکەوت. لە شارو لە رێگاوبانەکاندا تاقە یەك پاسەوان یان جەندرمە نەدەبینرا. هەموو خزی بوونە ماڵەوە.

فرود هەرکە یەکەمین سەربازی ئینگلیزی بینی دڵی داپژا. ئەمانە دەستە دەستە، پۆل پۆل، فەوج فەوج بە سواری لورییەکانیان کاروانیان وەڕێ خستبوو. خەڵکی بە مانەیان دەگوت "کانوا". ناخۆشترین رووداو بۆ ئەو دیتنی سەربازانی هێندێ بوو کە بە رووتو قووتی لە ڕەخ رووبارەکەی نزیکی شارەکەی وان بەرەڵڵا بوون. فرود ئەمەی بۆ قووت نەدەچوو. ئاخر فرود بابایەکی موسوڵمانی نوێژکەر بوو خەڵکی شارەکەی خۆیانی خۆش گەرەك بوو، وئەوەندەی کوڕێکی پانزە ساڵە ئەقڵی بیبڕێ رێزی رابردووی ئێرانی دەگرت. خۆشی لە چارەی عەرەبان کە هاتبوون ئێرانیان فەتح کردبوو، نە دەهات. ئاقا موعەلیم باسی تورکانی دەکرد کە چۆن هاتبوون و باکوری ئێرانیان داگیرکردبوو. بەڵام هیندیانی ژێر دەستەو بەکرێگیراوی ئینگلیزان بێن و

ئێران داگیربکەن و بە ڕۆژی ڕوناك ڕووت وقووت.... و ... یان بێ شەرمانە بە ژنان نیشان بدەن، ئەمە شتێکی قێزەوەر بوو. ئیدی ئەمە تانەو سووکایەتی بوو، سووکایەتی بە هەمووان.
فرود خۆی دەڵێت کە حورمەتی فرەی بۆ هیند هەیە. ڕێز لە خۆڕاگری و جەنگی هندییەکان لە ڕای ئازادی و خۆیبوون و دیموکراسیدا دەگرێت.دەزانێ کە لە نێو ئەم خەڵکەدا نموونانی وەك گاندی و تاگورو بوز(Bose) هەڵکەوتوون. بەڵام ئەم هیندیە زەبوون و زەلیلانە، ئەم سەربازانی بەکرێگیراوی ئینگلیزانە بێن وڵاتەکەی ئەو داگیربکەن، نا، ئەمەی بەلاوە تازە بوو. دەبێ ئینگلیزان چەندیان دزە کردبێتە ناو ئەم وڵاتە شارستانیە تا شتی واهی مەیسەر ببێ. ئاخر ئەمانە داگیرکەر نەبوون. بە دیتنی ئەم دیمەنە گریان گرتی، کوشندە بوو. هەنگێ هەستیکرد کە چەند وڵاتپارێزو گەل دۆست و بە زاراوەی خەڵکی ئەم سەردەمە ناسیونالیستە.
لە پڕ چاوانی کرایەوە، بە دیدێکی تازە دەیڕوانیە دنیا. جیهان تەنێ باخچەو ئەستێڵ و حاجیە خانم و حاجی ئاغاو مامۆستاو مونیرەو بەدری و قوتابخانەو فەیروزو ئەو کوڕانە نەبوو کە کۆتربازیان دەکرد. نێرگزی بە فیزو دەعیەش نەبوو. لە دەرێی ئەم ئاسۆو ئەم بازنەیەدا گێتییەکی دیکە هەبوو.دنیایەك لە زوڵم و دوو ڕوویی و ساختەچیاتی و بێ نامووسی و دزی و تاڵان و خیانەت و پیاوکوژی و هەزاران نسیبەت و بەڵای دیکە کە تا نهو فرود لێیان بێ ئاگا بوو. گەلەك ڕازو نهێنیان لە ڕۆژنامەو کتێبان و قسەی گەورە ساڵاندا پەنهان بوو کە دەبێ وەدۆزرێن.
ئاغای پایەدار هەر مامۆستاو لە جێی باب نەبوو. لە ژووره پەڕپووتەکەیدا کۆمەڵێك کتێبانی هەبوو کە مرۆڤیان بینادەکرد. کە داوای کتێبێکی دەربارەی سیاسەتی ئینگلیز لە هندا لێکرد، ئاغای پایەدار "قەیرانی هندوستانی" دایەو ئاگاداری کردەوە کە ئەگەر بتەوێ بە باشی لە شت حاڵی بی، دەبێ زمانی ئینگلیزی یان زمانێکی فەڕەنگی دیکە فێر ببی.
ئەوەی ڕاستی بێ ئەم یادگارو بیرەوەری کاغەز هەڵدانە خوارەوەیەو پەلاماردانی ئێران و هندیانی ڕووت و قووتی کەنار ڕووبارەکەو ئەوەی دواتر بەسەریا هات بە ڕادەیەك ڕیشەی لە قوڵایی بوونیاداکوتا کە عومرێك دەست بەرداری نەبوو. تەنیا ئەمەی کە "جەنگە"و "جەنگ وایە"و "جەنگ یاسای خۆی هەیە" قاییلی نەکردو نەدەکردو هێشتاش هەر نایکات.شەڕ ماڵی لاتانە، بەردەفڕکێ، کوتەککاری کاری بێ داك و بابانە. چما خەڵکانی ماقول یەکدی دەکوژن، کاتێ لەوان ڕۆژانەدا لە ڕادیۆوە بیستی کە لە کەنداوی فارسدا کەشتییە ئێرانییەکانیان نقوم کردووەو چەند کەسێکیان، یەك لەوان عەلی خانی خاڵۆزای بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان کە دەریاوان بووە، کوشتووە،بەردەوام لە خۆی دەپرسی ئاخر بۆ دەبێ بهێڵرێ کە زاڵمان مەزڵومان بکوژن. هەزاران پرسیاری لە خۆی هەبوو وپاشان بە درێژایی تەمەن هەوڵی دەدا بەرسڤیان بداتەوە.
لەمە بە دواوە هەرکاتێ ئاغا موعەلیم وبابی پێکڤە ڕۆدەنیشتن و شەترەنجیان دەکردو دەمەتەقێیان دەکردو فرود چایی و قلیانی بۆ دەهێنان، لەبەردەرکە دەوەستاو فرود حەزی دەکرد گوێ لە قسەکانیان بگرێت. بابی پێی خۆش بوو کە دەستبەسەرو کۆنترۆڵی بکات، لێ ئاغا موعەلیم قەناعەتی بە دۆستەکەی دەکرد کە ناکرێ دەگەڵ کوڕێکی عازەبدا وەکو منداڵ ڕەفتار بکات.

سەربازانی ئینگلیزی لە قەراخ شارەکەیان ئۆردوگایان کردبووەوە، زۆریان، بە تایبەتی ئەفسەرەکانیان و چەکدارە هندیەکان بە شەقامەکاندا پیاسەیان دەکرد یان بە ئوتومبیلەکانیانەوە بێ گوێدان بە یاسای هاتووچوو بە توندی بە شەقامەکاندا تێدەپەڕین و لێرەو لەوێ هەواڵ و باسی سەرسەریاتی و هەرزەییان دەبیسترا. هەر لە هەوەڵ ڕۆژەکانەوە خەبەروباسی سەیر دەماو دەمی دەکرد: سەرۆکی ئاسایش هەڵاتووەو کابرایەکی ئینگلیز هاتووەتە شوێنی، هەندێ کەس بە چاوی خۆیان دیتبوویان کە کابرایەکی ئینگلیز دەگەڵ چەند هندیەکدا چووە بۆ ئاسایش. لە مانە خراتر ئەوە بوو کە لە ڕۆژنامانەدا بڵاوبووبووەوە کە کابرایەکی ئینگلیز لە تاراندا ویستوویەتی ژنی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەیەك بە تۆبزی بۆ ماڵی خۆی بەرێتەوە. ریسوا بووبوو. هەواڵەکەیان لە ڕۆژنامانەدا بڵاوکردبووەوە، بەڵام چ دەکرێت. خۆ دەوڵەتی ئێرانی نەیدەتوانی شەڕی روس و ئینگلیز بکات. لە قوتابخانەدا، هەر قوتابییەك کوتەکێکی بۆ خۆی دروست دەکرد، و دەیانویست هەر فەرەنگیەك کە دووی ژنان دەکەوێ لەت و پەت بکەن. ئاغا موعەلیم قەدەغەی کردبوو کە تێلاوکوتەکان بۆ قوتابخانە بێنن: "ئێوە بە کوتەکان دەرەقەتی تۆپ و تفەنگ نایەن. بەرخودان هەقەو کارێکی دروستە بەڵام تاك تاك بێ سوودە، دەوڵەتی ئێمە خەیاڵی شەڕی نیە".

فرود هەر کە ئەوەی هێنایە بەرچاوی خۆی کە لەگینە بابایەکی هیندی رووت و قووت بەشەو و نیوەشەو مونیرەو بەدری و نێرگز بەگیر بێنێ و هەڵیان بداتە ناو جێبەکەیەوە، تەزوویەکی پێدا هات، باشە کە لە تاراندا شتی واهی روو بدات بۆچی لێرەدا، لەم شارەدا روو نەدات. لە پڕ لە حوزوری بابی و مامۆستاکەیدا، بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات کە دەگەڵ چەند مل ئەستورێکی قوتابخانەدا گروپێك دامەزرێنێ و بۆسە بۆ هیندییەکان بنێتەوەو هەر کاتێ یەکێکیان، دەرهەق بە کەسێك ناماقوولییەکی کرد، بە تەواوەتی تەمبێی بکەن.بە خۆی زۆر بەهێز نەبوو بەڵام کەسانێك هەبوون کە بە کەڵکی ئەم کارانە دەهاتن و دەرەقەتی ئەم هیندیە لەڕومردەڵانە دەهاتن. دەبێ پاسەوانی نێرگز بکات، دەبێ هەمووان تێبگەیەنێ کە لە ڕای پاراستنی نامووسی هەمووان‌دا ئامادەیە پەنا وەبەر کاری دەستەجەمی بەرێت. ئەم کارە دەبێ بە دەستەجەمی بکرێ.

قسەی ئاغا موعەلیم زنجیرەی بیرەکانی پچڕی:

"حاجی ئاغا، خەبەروباس یەجگار زۆرە بیستت کە شایان بۆ باشووری ئەفریقا بردووە، دیسان سەرەك وەزیرێك دەستی لە کار کێشاوەتەوەو یەکێکی دی هاتووەتە سەرکار. هیندیەکان لە شارا لە بی بی "ژنان" دەگەڕێن".

لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەنگی مونیرەو نێرگز دەبیسترا، حاجی ئاغا قامکی بۆ زاری بردو گوتی:

"وس، بە دەنگی بەرز قسان مەکە، پێویست ناکا ژنەکان گوێیان لێ بێ‌وبترسن".

"حاجی ئاغا،کار لەوەدا نەماوە. بە پێچەوانەوە، واچاکە هەر هەموو هوشیار ببنەوە تا بتوانن باشتر بەرگری لە خۆبکەن".

ئاغا موعەلیم ئەوجا روویکردە فرود ولێی پرسی:

"کوڕۆ دەزانی بی بی چیە؟"

فرود له خۆشی ئەوەی کە رووی قسان لەوکراوە، ئاهێکی تێگەڕا، زاتی پەیدا کردو بیێ رەچاو کردنی ئەو ئەدەب و نەزاکەتەی کە بابی هەمیشەو بە تایبەتی لە حوزوری خەڵکیدا لێی چاوەڕوان بوو، لە خۆشی حەلیماو خۆی لە مەنجەڵی هاویشت.

"با، من بە خۆم دیتم کە سەربازێکی هیندی دەستی ژنێکی عەبا بەسەری گرتبوو وپێکڤە خۆیان بە ماڵێکا کرد. حاجی ئاغا،حاجیە خانم نابیێ بە تەنیێ بۆ کوچەو بازاڕ بڕوات،هەروەها مونیرەو نێرگز خانمیش. چما ئێوە نازانن؟ بەر لە چەند رۆژێك بە خۆم لە رۆژنامەدا خوێندمەوە کە لە تاران ئەفسەرێکی ئینگلیز کەوتووەتە دوای ژنێکی شیك،ویستویەتی سواری جێبەکەی بکات، ئیدی ژنە هاواری کردووە،خەڵکی گەییوونەتە فریای و یارۆی ئینگلیز سواری جێبەکەی بووەو قوچانویەتی" .

ئاغا موعەلیم بە حەیرمانەوە لێی پرسی:

"تۆ رۆژنامە لە کویێ دێنی؟"

"بابی یەکێك لە هاوپۆلەکانم دوکانی کتێبفرۆشی هەیە، رۆژنامەش دەفرۆشێت، ئەوەندە چووم و سۆراخی رۆژنامەم کرد، ئیدی قەرارمان کرد من بچم رۆژنامەکە لە پۆستەخانە وەربگرم و دانەیەکیشی بۆ خۆم هەڵگرم".

ئاغای پایەدار لە فکران ڕاچوو.حاجی ئاغا دەیویست کوڕەکەی بنێریێ تا بخەویێ. ئەو نەیهێشت.

"حاجی، خۆ پەیوەندی کوڕەکەت بە رەوشی دنیاوە دەبینی؟ خراپ نەبوو ئەگەر لەم شارەی خۆشماندا رۆژنامەیەکمان هەبووایە".

حاجی ئاغاش بیری لەمە کردبووەوە، لەوساوە کە هاوپەیمانان لەشکریان بۆ ئێران ڤڕیێ کردبوو، زۆرجار ئەم پێشنیازەیان بۆ کردبوو، شازادە محەمەد حسەین میرزاش دڵی پێوەیە رۆژنامەیەك دامەزرێنیێ.بە باوەڕی وی ئەم فەرەنگیانە دەبیێ بزانن کە لەم شارەدا خەڵکێك هەن کە زمانێکیان هەس.خەڵکی وەکو ئێمە ناتوانن دوایان بکەون و ماستاوو مەراییان بۆ بکەن. بەڵام ئەگەر رۆژنامەیەك هەبێت دەزانن دەبیێ دەگەڵ کێدا دانوستان بکەن. دکتۆر ئەبو تورابی-ش بۆ ئەو کارە چوو بووە نك حاجی ئاغا، بەڵام هەمووان دەیانزانی کە ئەبوتورابی پێشتر کەین و بەینێکی دەگەڵ فەرماندەدا هەبوو، وبە چ مەعلوم ئەمەشی،دامەزراندنی رۆژنامە، کاری ئەم میوانە نەخوازراوانە نەبیێ. حاجی ئاغا جوابی کردبوو، ئەمە جگە لەوەی رۆژنامە مەسرەف وخەرجی دەویست، نووسینگەو مێز وکورسی و کەسێکی دەویست کە بتوانێت گوتار بنووسێت و پەرسڤی دام ودەزگا حکومەتی و فەرەنگییەکان بداتەوە. بەڕێوەبەری چاپخانەی "تدین"ش لە گرانجانی و تەماعکاریدا لینگەی نەبوو.بەبیێ دەستمایە چ دەکریێ.

"زۆرباشە، تۆ بە خۆت پێشتر ئیمتیازت هەبوو. بەڵام پارەکەی لە کویێ دێنی؟"

"رەنگە خەڵکانێکی پارەدار ئامادەبن مەسرەف وخەرجی بکێشن"

بە نۆرینی فرود ئەمە بیرۆکەیەکی باش بوو، چ باش دەبوو ئەگەر لە شارەکەیاندا رۆژنامەیەك هەبووایە. بێگومان خەڵکێکی زۆر دەیانکڕی. دەیتوانی هەموو هاوپۆلەکانی واداربکات کە رۆژانە سەرو رۆژنامە بکڕن، لەمەش باشتر ئەوەیە کە هەر یەکەیان چەند رۆژنامەیەك وەربگریێ و

بیفرۆشێت. مونیرەو بەدری‌و نێرگزیش دەتوانن لە قوتابخانەکانیاندا رۆژنامەکڕو رۆژنامەفرۆش پەیدا بکەن. هێشتا بیرۆکەکەی تەواو نەکردبوو هاتە مەیدانی کارو گوتی:

"ئاغای پایەدار، تۆ وەرە رۆژنامەیەك دابمەزرێنە. من هەموو کارەکانت بۆ ڕایی دەکەم، هەڵپەو ڕاکە ڕاکەکەی بۆ من".

حاجی ئاغا قسەکەی پێبڕی:

"تۆ بچۆ بەلای دەرس‌و دەورتەوە، با گەورەکان مشوری ئەم کارانە بخۆن".

ئەو شەوق‌و زەوقی دەرس ودەورو خوێندنەی کە تا ئێستا روحی فرودی دەگەشاندەوە، لە زەمانی هاتنی هێزی هاوپەیمانانەوە بۆ ئێران بەرە بەرە لە کزی دەدا. بۆچی خوێندنەوەو هەڵلوشینی کتێب‌و رۆژنامە دەرفەتی دەدا پرسیاری ژمارەو حیساب حەل بکات‌و عەرەبی‌و شەرعیات فێر ببێ. حەزی لەوانەی مێژوو بوو، وئامادە بوو هەندێجار پاش نیوەڕۆ یان شەوان کتێبێك بکاتەوەو ئەوەی ئاغا موعەلیم لە پۆلدا پێی گوتبوون جارێکی دی دەوربکاتەوە. بۆ وانەکانی دی پێویستی بە کۆشش نەبوو. ئەوەی لە پۆلدا گوێی لێدەبوو ئەزبەری دەکردو ئەمەی بەس بوو. ئیدی ئەو زەوقەی جارانی نەما کە هەوڵبدات یەکەمی پۆل بێ‌و لە تاقیکردنەوەی کۆتاییدا بە یەکەمی هەموو شار دەربچێت. خوێندنەوەی "قەیرانی هیندوستان"وفێر بوونی زمانی ئینگلیزی بەلاوە گرینگتر بوو. جاران رۆژ نەبوو چەند سەعاتێك بە موتالاوخوێندنەوەوە رانەبوێرێ: "ئەسکەندەرنامە، سەلیم جەواهری، ئەرسەلاننامە، منیش گریام، رەنجانی داك‌و باب، تەرەزان‌و داستانانی ئێرانی خوێندبووەوە. هەندێجار دەگەڵ نێرگزدا گرێویان دەکرد کە کێ زووتر کتێبێك تەواو دەکات‌و کێ باشتر نێوەڕۆکەکەی بۆ بەدری‌و مونیرە دەگێڕێتەوە. هەموو ئەمانە بۆ ئەوە بوو کە کیژی ئاغا بالادەستی‌و گەورەیی خۆی بە رووی کوڕە دراوسێکەیاندا بدات. هەندێجار پێکڤە قسەیان لەسەر بە هاو بایەخی کتێبێك، بۆ نموونە "پرد وڤیرجینی" دەکرد. ئەنجامی کارەکەیان بە قەرقەشە دەشکایەوە، لێکدی دەتۆران‌و ئەوجا نۆرەی ئاغا موعەلیمە کە ناوبژی بکات. شەڕ لەسەر برناردت ڤوسن–ی قارەمانی پیر بوو نێرگز سوور بوو لە سەر ئەوەی کە ڤیرجینی بە خۆڕایی لە ئیل دوفرانس رۆیی‌و چوو بۆ پاریس، ئەگەر نەڕۆیشتبا لەبەر چاوی خانەوادەکەیدا ئەو مەرگە کارەساتبارەی بە نسیب نەدەبوو. فرود دەیگوت چما بە دەستی خۆی بوو ئیل دوفرانس بە جێ بێڵێ. هەموو کەسێك دەبێ هەوڵبدات پێش بکەوێ، فێر ببێ، پێ بگات‌و باشتر ببێ، ئەگەر ناچاریش بووە دوای چارەنووسی بکەوێ. هێشتا زاراوەی "جەبری مێژوو"ی بەرگوێ نەکەوتبوو. بەلام شتێك لە ناخدا تێوەی دەژەند کە رەوتی رووداوان جڵەو لە دەستی بنیادەم دەسەنێ. ئەگەر روس‌و ئینگلیزان نەهاتبووان‌و هیندیەکان بە گەڵوگونی رووتەوە خۆیان هەڵنەخستبا، بێگومان ئەو دەڕۆیی بۆ خۆراسان‌و بە مەزارو ئارامگەی ئیمام رەزاوە دەچەسپی‌و رۆژانەکەی خۆی دەدا بە زیارەتنامە خوێن تا سەلامەتی حاجی ئاغاوحاجیە خانم لە دەرگای خودا داوابکات. دەبوایە کاغەز لە ئاسمانەوە دابارێ‌و پیاوێك بچێتە سەر سەکۆیەك‌و هاوار بکات: "من بە چاوی خۆم لە بەغدا دیتوومە، هەوەڵجار کاغەز دەخەنە خوارێ‌و پاشان بۆمبا" تا چاوانی ئەو بە رووی دنیایەکدا بکرێتەوە کە تا ئەو دەمە لە ژێر پەردەیەکی

تەماویدا پەنهان بوو. دێن‌و شارانی بێ دیفاع بۆردومان دەکەن‌و کەشتی غەرق دەکەن‌و سەرەك وەزیران گوتەنی: "پێکادان‌و تەق‌و تۆق روو دەدا"، یانی یەکدی دەکوژن‌و ئەم ئاغای وەزیرە رێگە بە نوێنەران نادات کە "چ قسەیەك بکەن". فرود لە خۆی دەپرسێت: "لە کوێوە بۆ کوێیان بکێش کردووین؟".

سالانێك لەوە دوا رۆژێ بە نێرگزی گوت: "سەیرە! سەربوری من‌و تۆ چەند لە چیرۆکی پردو ڤیرجینی دەچێت. هەردووکمان ئاوارە بووین، خۆزیا لە شارەکەی خۆمان دەماین‌و لە هەمان ژینگەی تەنگدا ژیانێکی ئاسوودەمان بەسەر دەبرد".

خوێندنەوەی کتێب بە جێی خۆی‌و هەر نەیسە، بەلام خوێندنەوەی سەر لەبەری رۆژنامەش بە بەشێك لە ئەرك‌و واجب دەژمێردرا، لەسەر نەخشەیەك پێشڕەوی ئالمانان‌و پاشەکشێی سۆڤیەت‌و شکستی ئینگلیزان‌و فەرەنسەویانی بە دەرزیلەیەك نیشانە دەکرد. هەرکاتێ تووشی شارێك با کە لە کتێبی جوگرافیاکەی خۆی نەیدۆزیباوە، دەچووە نك ئاغای پایەدارو لە ئەتڵەسێکی جوگرافیدا کە بە زمانی ئینگلیزی بوو دەیدۆزییەوە. کار گەیی بووە ئەوەی کە بە هۆی پرسیارە بەجێ‌و نابەجێکانی فرودەوە، زانیاری ئاغای پایەدار زیادی دەکرد. نێرگزیش، لەو بەینەدا دەگەییە ئاستێك، واتە بێ ئەوەی خۆی زەحمەت بدات شتێك فێردەبوو.

مێشکی فرود بووبوو بە ئەرشیفخانەی بابەت‌و نێوەڕۆکی رۆژنامان، هەر کەسێك بە دوویدا گەڕابا دەیزانی کە دەتوانێ لەبەر پۆستەخانەدا وەیدۆزێ .بە راسپاردەی ئاغا موعەلیم رێگەی کتێبخانەی شاریشی بۆ کرایەوە. تەنانەت رۆژنامە پەڕپوتەکانی بەر لە شەهریوەریشی(٨/٢٢-٩/٢٢) دەخوێندەوەو هەولیدەدا لە بندێڕەکانیا بابەتە مێژووییەکان بدۆزێتەوە. تەنیا سێ رۆژنامە لە تارانەوە دەهات، هەرسێکیانی دەکڕی، بۆ مالەوەی دەبردنەوە. حاجی ئاغاش بەرە بەرە دەیخوێندنەوە. ئاغا موعەلیم پێدەکەنی‌و نێرگزیش هەولیدەدا لە کوڕە هاوسێکەیان بالاتر بێ. هەستیدەکرد خەریکە درەنگ دەبێت. فرود دوو سال لەو بچووکتر بوو، بەلام لە رووی خوێنەواری و زانیاری گشتی‌و پرسە کۆمەلایەتییەکانەوە خەریك بوو لەوێ تێدەپەڕاند. کوڕی حاجی لەوە دەرچووبوو کە کیژێی نازەنین‌و نازپەروەردە خۆی بەسەردا بنوێنێ، گەورە بووبوو. دەبێ بە چاوی رێزەوە سەیر بکرێ، وکاتێ دەبینی کە هەردووك دەستی لە پشتەوە تێك ئالاندووەو لە حەوشەکەدا دەگەل ئاغا موعەلیمدا پیاسە دەکات‌و گفتوگۆی دەگەل دەکات‌و ئیرادی لێدەگرێت‌و ئاغا موعەلیم لە هەندێ رووەوە هەق بە قوتابیەکەی دەداو تەسلیم دەبێت، سەری بۆ بەرتەری ئەو فرودێنا، هەلبەتە ژێراوژێر نەك بە ئاشکرا، ئەمێستا دەشێت بگوترێ کە خۆشی دەوێ، هەندێجار بە چاوی کڕیاری سەیری دەکردو بە خۆی دەگوت خۆزی دوو سالان لەوە بچووکتر بام.

ئیدی رۆژنامە خوانی لە ناو هەموو خێزانەکەدا بووبوو بە باو. بەدری‌و مونیرەش دەیانخوێندەوە. پەیان بە هەموو شتەکان نەدەبرد، بەلام پێیان خۆش بوو کە رەزاخان بە ئەنجوومەنی گوتووە "تەویلە"، لە دوای شیڤ، کاتێ ئاغای پایەدارو کیژەکەشی لەسەر سفرە بوون‌و رۆژانی هەینی دوای فراڤین هەرکە حاجیە خانم قلیانە سەرزیوەکەو سوراحیە بلورەکەی

دێنـاو لەبـەردەم گـەورەی خێزانەکـە دایـدەنا بـاس‌وخواس دەربـارەی هـەواڵی ڕۆژنامـان دەسـتی پێدەکرد. هەڵبەتە هەواڵی گەرماوگەرم لـە ڕۆژنامەکانـدا بڵاونـەدەبووەوە. ئاغـای پایـەدار دەیزانـی کە پاش هـەڵاتنی فەرماندەی ناوچەکە، بڕێك چەك وتەقەمـەنی کـەوتبووە دەستی عەشایەرو لـە گۆشـەوکەناری شـاردا هەنـدێك خراپـەکاریو تـاڵانو بـڕۆ رووی دابـوو.فرود لـەم جۆرە باسـانەدا گەشـکەی دەکـردو دەگەشـایەوە. بـە خۆیشـی ئێسـتا بۆچـوونی خـۆی هـەبوو، بـێ پـەروا دەری دەبـڕی. حاجیـە خـانم لێـوی دەگەست‌وسـەری دەلەقانـدو خەنـدەو بزەیـەکی پـەنهانی رووی دەگەشانەوەو رووی دەکردە نێرگزوبە ئەسپایی، بە جۆرێ کە ئەوانی دی گوێیان لـێ نەبـێ لێـی دەپرسی: "ئەم شتانە لە کوێ دەزانێ؟ چەند زیرەك وزرینگە؟!".

هەنـدێجار فـەیروزو هەنـدێك لـە دۆسـتانی تـری مینـاکی کـەلهوڕیش لـەم کـۆڕو گەنگەشـەیەدا سەرێکیان دێنایە ناو سەران. ئەوان لە حوزوری گەورەکاندا بێدەنگ دەبوونو تەنیا نێرگز هەوڵی دەدا قسەکانی کوڕە جیرانەکەیان بە زەین بسپێرێت وهەڵگرێتەوە.

تا تۆنی ڕۆژنامەکان توندتر وهێرشکارانەتر بوایە باشتر بوو. ڕۆژنامەیەك لە تارانێ دەرچوو بە نێـو "جـەنگاوەر". چـەند کەسـێك لـە دەوری خڕبـوو بوونـەوە کـە دەیانویسـت گروپێـك یـان دەسـتەیەك، یـا خۆیـان گوتـەنی کۆمەڵەیـەك دامـەزرێنن. وا دەهاتـە بەرچـاو کـە مەبەسـتی هـەموو ئەوانە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، وەرگرتنی شادەتنامەو بوونە پارێزەر نـەبوو. بـەلای کەمـەوە وا دەهاتـە بەرچـاو کـە زۆربـەیان ئـاواتو مـەرامی کۆمەڵایـەتیان هـەبوو، بـە هـەرحاڵ فـرود وای وێنـا دەکـرد. ئەوانـە لـە نووسـینەکانیانو لـەو وتارانـەدا کـە لـە ڕۆژنامـانی تریـان وەردەگـرت تـەنیا هێرشـیان نـەدەکردە سـەر سـەرۆك وەزیـری وەخـت و پیاوەکـانی بـەڵکو هێرشـیان دەکـردە سـەر تێکـڕای دام‌ودەزگـا دەوڵـەتیو کارگێڕیو کۆمەڵایەتیـەکانی بـەر لـە شـەهریوەرو ئـەو کـارە بـە دەستانەیان کە هێشتا لەسەر کاربوونو حیسابیان بۆ دەکرا. فرود لە کوێ بزانێ کە یەك دوو کەسی هەمان گروپ بەسەر شانی هاوڕێکانی خۆدا سەرکەوتوونو بەنانو ئاوێك گەیشتوونو لە گەندەڵی کۆمەڵایەتیدا رۆچوون.بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجی ئەو بوو ئەو ڕۆڵە دژە ئینگلیزە بوو کە لە هەر دێڕێکی ڕۆژنامەکەدا دەخوێنرایەوەو هەڵدەهێنجرا. ئەم لایەنە بە رادەیەك دڵڕفێن بوو کە فرود، کە خەریك بوو کارنامەی شەشەمی ئامادەی وەربگرێت، هاوڕێ دەگەڵ چەند کەسێکی هـاودەورەی خۆیـدا، لەوانـە کـەڵهوڕو یـەك دووەك لـە مامۆسـتاکانی گروپێکیـان بـە نێـوی "جەنگاوەر" لە شارەکەی خۆیاندا دامەزراند.باڵەخانەیەکیان بە کرێ گرتو پەیوەندییان دەگەڵ کـارگێڕانی ڕۆژنامەکـە لـە تارانـدا گـرت وسـەرەتا نێـوی (نوێنەرایـەتی جـەنگاوەر)یـان لـەخۆ نـاو پاشـان تابلۆیـەکیان بەسـەر دەرکـەی باڵەخانەکـەوە هەڵواسـیو ناوەکـەیان کـرد بـە (گروپـی جەنگاوەر). ئەم کارە لە سنووری جەنگ زەدەی شاردا بە ئەندازەیەك دەنگی دایەوە کە سەرۆکی شـارەبانی بـە دەسـتووری مێجـەر راس، فەرمانـدەی گشـتی ئـەو دەڤـەرە داوای لـە دۆسـتانی ئاغـا موعەلیم کرد کە تابلۆکە بێننە خوارێ.

ئێستا کەسێکی دەرچووی شەشەمی ئامادەییو دۆستانی وەکو کەڵهوڕ، ئەوەندەیان هوشیاری هەبوو کە بزانن ئەم کارە دەستوەردانە لە کاروباری وڵاتێك. لە کاتێکدا کە هاوپەیمانان، واتە

ئینگلیـزان و ئـەمریکاییان لـە بانگەشـەو پڕوپاگەندەکانیانـدا خۆیـان بـە پـارێزەرو پشـتیوانی دیموکراسـی و مـافی مـرۆڤ لـە قەڵـەم دەداو بـەوە پاسـاویان بـۆ بـوونی سـەربازانی خـۆ لـە خـاکی وڵاتێکی بێلایەن دێناوە گوایە بەرەنگاربوونەوەی بێدادی و دەستدرێژی و فراوانخوازی ئەڵمانیای نازییـە. "جـەنگاوەران" لێـبڕان ئـەم بێـدادی و پێشـێلکاری مـافی نیشـتمانی و نەتەوەییـە لـە بەیاننامەیەکدا لـە قاوبدەن و نـارەزایی تونـدی خۆیـان دەربـبڕن. شارەبانی بـەم بڕیـارەی زانـی و جارێکی دی سـەرۆکی شارەبانی (دارۆغـە) دۆستانە چوو بۆ ماڵی ئاغای پایـەدارو تکاو داوای لێکرد کە بەر لەم کارەی ئەم لاوە بێ ئەزموونانە بگرێت. هەڵبەتە ئاغای پایـەدار بیستوویەتی کە هاوپـەیمانان لـە تارانیشدا ڕۆژنامەیەکی نیمچە حکومـەتیان بـۆ ماوەی ڕۆژێك لەسـەر هـەواڵێکی بچووك کە زەرەری بۆ پـەزان بـووە، داخستووە. شـەڕەو دەبێ بەرژەوەندییـەکانی سوپا لەبەرچاو بگیرێ. ئاغا موعـەلیم لاری لـەم سیاسـەتی نـە شیش بسـوتێ و نـە کـەباب، نـەبوو و ئامۆژگـاری هاوڕێیانی "جەنگاوەر"ی کە هەموویان لە دۆستانی خۆی بوون کرد کە پابەندی میانڕەوی بن. ئاغـای پایـەدار مامۆسـتای هـەموویان بـوو، و هـیچ چـارێکیان نـەبوو جگـە لـە گوێڕایـەڵی. بـەڵام (جـەنگاوەران) ئـەوەیان بـۆ سـاغ بـووەوە کـە بڕیـاری گروپەکـەیان سـەنگێکی هەیـەو دەبـێ بکەونـە بەهێزکردنی.

ئەم راکەڕاکەیەی فرود لە خانەوادەکەیاند هەراوهەنگامەیـەکی بـەرپاکرد. حـاجی ئاغـا لـە کانگـای دڵیـەوە خۆشـحاڵ بـوو وهەسـتی بـە غـروور وشـانازی دەکـردو چـیتر دڵتـەنگی ئـەوە نـەبوو کـە کوڕەکـەی لـە دەرس ودەورا رەخـاوەتی دەکـات. ئاغـا موعـەلیمیش دڵنیـای دەکـرد کـە فـرود هێشـتاش هـەر لـە قوتابیـە باشـەکانی قوتابخانەکەیـەو گومـان لـەوەدا نیـە کـە لـە تاقیکردنـەوەی سـەری سـاڵ دەردەچێت. بـەڵام حاجیـە خـانم خەبـەری لـە چارەنووسـی جووتـە برایەکـەی کـە پەیوەندیان بە یاخیانەوە کردبوو وگیانی خۆیان خستبووە سەر دەستان و پاشان تەسلیم بوو بوونەوە هـەبوو. حاجیـە خـانم لـە سیاسـەتبازی بێـزار بـوو، وهەرچـەندە لـە سەرانسـەری دەورانـی بیسـت ساڵەی سـوڵتانی زاڵمـدا لـە لایـەنگیری مێردەکـەی ئاگـاداربوو، هـەرگیز مەیـدانی نـەدا کـە هەنگاوێك دژی حکومەتی وەخت هەڵێنێ. ئەمێستا ئەم کوڕیژگە هەژدە ساڵانە خەریکە هەرچـیەك ئـەو بێژاویەتیـە بـە بایـدا بـدات پەنـدوئامۆژگاری، کـاری لـە فـرود نـەدەکرد. پـەنای وەبـەر دوعـاو نوشـتان بـرد – هەڵبەتـە بـە دزی مێردەکەیـەوە– دوعـای کومـەیلی خوێنـد، هێنـدەی "اللهم انی اسألك برحمتك...." خوێند کە مونیرەش ئەزبەری کرد، بێ ئەوەی بزانێ نیگەرانی و پەشێوی داکـی لەبـەر چـیە. کـاتێ سـفرەی حـەزرەتی زەهـرای ڕادەخسـت ئیـدی نـەدەکرا لـە منداڵـەکانی بشـارێتەوە. بـەدری دەیزانـی چ باسـە، شـادو بـە کـەیف بـوو کـە کـاکی سـەرێك بـوو لـە نێـو سـەراندا. هـەروەها هەسـتیدەکرد کـە گفتوگـۆ پـەنهانی و ئاشـکراکانی برایەکـەی دەگـەڵ نێرگـزدا خۆڕایی و بێهودە نیە، موویـەك لـەم ماستەدا هەیـە. ئـەم هاموشـۆ بـێ تـرس و بـێ پەروایـە دەگـەڵ کیژەجیراندا هـیچ پەیوەندییـەکی بـە دڵـداریی گریمانـەیی جووتـە هاوسـێوە نـەبوو. بـەدری کـە چوارده ساڵان بوو وبەرە بەرە مەمکی دەکردو خۆی بە هاوپایـەی براکـەی دەزانـی، لـەوە پەسـت و ناڕەحەت بوو کە کاکی لەسەری نەدەکرد.

ئەرکی هێنانی ژنان،بە تایبەتی نێرگز، بۆ ناو کۆمەڵە بە فرود سپێردرا بوو. ژنانی دیکەش هەبوون کە حەزیان دەکرد دەگەڵ گروپی "جەنگاوەر"دا هاوکاری بکەن، بەڵام لەوە دەترسان کە دەست پێشکەرییان ببێتە مایەی ناوزڕانی خۆیان وماڵباتەکانیان، لە کاتێکا هاوکاری نێرگزی کیژی ئاغا موعەلیمی سەرۆکی پەروەردەو فێرکردنی شار ڕێگەی بۆ ئەوانیش خۆش دەکرد.

نێرگز ئەم ئیمتیازەشی هەبوو کە نەك هەر کیژی ئاغا موعەلیم بوو بەڵکو لە سنووری قوتابخانەو دایەرەی فێرکردن وپەروەردەدا بەخشیکترین کیژ دەژمێردرا. چاوە ڕەش و درشتەکانی، بسكو زوڵفە چڕورەشەکانی، ڕەنگی مسیو مەخمەلی پێستی ڕووی، لە هەموو ئەمانە جوانتر گۆنا گۆشتنەکانی کە تەنانەت فرودی بێ عەلاقەشی هاندەدا نوقورچیان لێ بگرێ، شتەلێك نەبوون کە بینەر حەیرانی ئەم شۆخە نەکەن. بەژنو باڵای بەرزوپتەوی، چەلەنگیوگورج و گۆڵی، قسە خۆشیوپێکەنینە دڵڕفێنەکانی، وبێ باکیو سەربەستی لە گفتوگۆو گەنگەشە دەگەڵ لاواندا لە حوزورو لە غیابی بابیاو بە تایبەتی هەرکاتێ کە فرود لەوێبا مایەی سەرنجی هەموو کەسێك بوو. بەڵام ئەو شتەی کە مایەی سەرنج وخۆشەویستی گەلێك لە دۆستو ئاشنایان بوو پاکی و دروستکاری ئەم کیژەوبێ تەماحی بوو لە لاوە هاوساڵەکانی خۆی، ڕێگەو جورئەتی بە هیچ کەسێك نەدەدا بە چاوی کڕیاری سەیری بکات غافڵ لەوەی کە ئاگرێك لە دڵیا دەسووتا کە دەرفەتی نەدەدا خەڵکانی دی بەهرەیەکی لێوەرگرن.

نێرگز زۆری حەزدەکرد بە مەبەستی چوونە زانستگە بۆ تاران نەڕوات و لەلای فرودو گروپەکە وەمێنێ و بە عەتری بوونی خۆی دڵدارەکەی ئەفسون بکات. ئەم حەزە نەهاتە دی. بابی سوور بوو لەسەر ئەوەی بۆ تارانی بنێرێ، چونکە ئارخایەن بوو کە زانستگە بۆ نەشونمای کیژە چاوو گوێ نەکراوەکەی ئەو ژینگەیەکی گونجاو ولەبارە کە لەوێدا دەتوانێ ئاسانتر بەهرەو تواناکانی خۆی پەروەردە بکات.

خوازگاری فەیروز لە نێرگز هاشوهۆشێك بوو وتەواو. ئەسڵەن بابی هەر نەچوو بووە دەف ئاغای پایەدار. هاتوچۆی ئەو بۆ ماڵی ئاغا موعەلیم ئاسایی بوو. گەلێك لە خوێندکاران بۆ خواستنی کتێب بۆ ماڵی دەهاتن. ئەمە جگە لەوەی کە فەیروز لەوە زیرەکتر بوو خۆ لە جێی خوڕان بدات بەڵام دەمی شڕبوو. لێرەو لەوێ گوتبووی کە دەخوازێ بابی بنێرێتە خوازبێنی. ئەگەرچی کوڕێکی سادە بوو و وادەهاتە بەرچاو کە زوو تەسلیمی ڕووداوان دەبێت ولە هەنبەر تەنگانەدا چۆك دادەدات،بەڵام ئەمە بەڵگەو نیشانەی سستی ئەخلاقیو دەروونی ئەو نەبوو. ڕێدەکەوت کە ڕۆژێك لە هەنبەر تەنگانەیەك سەرفروبێنێ، بەڵام کوڵی نەدەداو جارێکی ترو ڕۆژێکی تر لێدەبڕا کە بە مرادی خۆی بگات. ئاغای پایەدار دەماری دەناسی، نیازی خوازبێنی کیژەکەشی بە گوێ گەیی بووەوە. ئەم شتانەی بە هەواوهەوەسی منالانە دەزانیو بە هەندی نەدەگرت، ئەوەی بە بیرو خەیاڵی ئەم بابەدا نەدەهات دەستوەردان بوو لە شووکردنی کیژەکەی، نەخاسمە لەم تەمەنەیدا.

لەمەش بترازێ هەموو کەس دەیزانی کە بەشداری لە کۆمەڵەداو سەرپەرشتی کۆڕو کۆبوونەوەی ژنان سەقاڵیەکی تازە بوو. هەموو جۆرە خەڵکێك دەهاتە ئەوێندەر، هەم ژنانی عەلمۆدەو مکیاج

کردوو و هەم کارەکەران و خانەزاکانیان کە بە لەچك و چارشێوەوە دەهاتن و دادەنیشتن و ورتەیان نەدەکردو تەنانەت بە سوعبەت وشۆخی خانمەکانیش پێنەدەکەنین. ئەم کارە بۆ نێرگزش تەنیا خۆ نوێنیو سەرگەرمی و کات بەسەر بردن بوو.چۆن دەشیا ئاغای پایەدار ئەوەندە کورتبین بێ کە نەزانێ کیژەکەی بە مەبەستی ڕاکێشانی کوڕەکەی حاجی ئاغا لەم دەرگاو لەو دەرگا دەدات و سەردانی ماڵی کیژە هاوپۆلەکانی دەکات و هەوڵدەدات بیانهێنێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیەوە. پەی بردن بەم خاڵەش قورس نەبوو کە ڕەفتاری فرود بووبوو بە سەر مەشقی کیژەکەی. لەو ساوە کە کەڵکەکەی کتێب خوێندنەوە کەوتە سەری فرود، نێرگزیش لێبڕا کە کتێبان وەخوێنێ. کتێب خوێندنەوەی جارانی مناڵانە بوو نەك جدی. هەڵبەتە مەبەست ومەرام هەرلاسایی و چاولێکەری نەبوو. هەڤرکی و ڕکابەری بوو. کیژێ هەستی دەکرد فرود ڕۆژ بە ڕۆژی پێشی دەداتەوەو نەیدەویست بە خوت وخۆڕایی لەو دوابکەوێ. بەڵام دەبێ حەساو بۆ فاکتەرێکی دیکەش بکرێ. لەم کۆڕوکۆبوونەوەی ژنانەدا بێوەژنێکی خشیکی هەرزەش زۆر خۆنوێنی دەکردو دەیویست پاڵ بە هەر کەسێکەوە کە جیلوەفرۆشی دەکرد بنێ و بە ئانیشکی خۆی ڕێ لە هرقرك بگرێ. نێرگز حەزی لەم درۆودەغەڵبازیانە نەدەکردو هەوڵیدەدا جڵەوی ئەم هەرزەکاریانە بگرێت و کیژانی سەلاروسەنگین نەسڵەمێنەوە. بۆیە خووی دابووە ڕۆژنامەو کتێبان و دەگەڵ کوڕی حاجیدا گفتوگۆو گەنگەشەی دەکردو تا بە خۆی بابەتێکی بە تەواوەتی لە بنج و بناوان نەکردبا وقەناعەتی پێ نەهێنابا،گفتوگۆی لەسەر نەدەکردو ئەوەی لە کۆبوونەوەدا دەری دەبڕی و دەیگوت پایەوڕیشەو سەنگی خۆی هەبوو.

ئەم هەوڵ وتەقەللایە ئاغای پایەداری فریو نەدەدا.هەستی دەکرد کە پەیوەندی نێوان کیژەکەی و کوڕە جیرانەکەیان نە هەمان تۆران و ئاشت بوونەوەی سەردەمی منداڵیەو نە شەوق وزەوقی کۆبوونەوەو کۆبوونەوەکاری. دڵبەندی کیژەکەی بە فرودەوە لە سەرچاوەیەکی ترەوە هەڵدەقوڵێ. بۆ نەء، ئیدی گەنجایەتی و هەزار بەزم وڕەزم. بەڵام ئەم سەرقاڵیانە بۆ فرود گوزەراو ڕەوتەنی بوو. تەبیعەتی جەنگاوەرانەی ئەو عەوداڵی دەریایەك بوو کە مەلەی تیا بکات. ئەم کوێرە ڕێگەیە نەیدەگەیاندە هیچ مەنزڵێك.

کۆمەڵە نەیتوانی نێرگز بە قازانجی خۆی ڕێکبخات، بەڵام سەرکەوتنێکی گەورەتریان دەست کەوت. ئاغا موعەلیم کە لە سەردەمی لاویدا ئیمتیازی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی وەرگرتبوو، و لە زەمانی سەرەك وەزیری سەرداری سوپادا زنجیرە وتارێکی لەمەڕ کۆماریخوازی تیا بڵاوبوو بووەوەو پیاوانی ناوداری ئەو ڕۆژگارەو سیاسەتوانانی شکست خواردوو بەرهەمی خۆیان تێدا بڵاو کردبووەوە، باشترین کەس بوو کە دەیتوانی "جەنگاوەر" بخاتە سەرپێ و ڕای بگرێت بە مەرجێ کە ڕۆژنامەکەی بخاتە ئیختیاری کۆمەڵەوە. ناوی ڕۆژنامەکە، کە جاران هەفتەی دووجار لە ڕۆژانی سێ شەممەو هەینیدا دەردەچوو (پایەدار) بوو وهەر بەم بۆنەیەشەوە بوو کاتێ کە تۆماری ناسنامەو شۆرەت هاتە ئاراوە ئاغا موعەلیم هەمان ناوی بۆ شۆرەتی ماڵباتەکەی هەڵبژارد. بەڵام ئاغا موعەلیم کەمێك لەوە نارەحەت بوو کە ڕۆژنامەکەی بە هەواداری لە کۆماریخوازی ناوبانگی دەرکردبوو. بەڵام ئێستا هیچ کەسێك هەربیریشی لەمە نەدەکردەوەو

تەنانەت ئەو بازرگانەش کە وەکالەتی مەسرەفی ڕۆژنامەکەی بۆ ماوەیەك لە ئەستۆ گرتبوو، ئەم خاڵەی بە هەند نەگرتبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، حەزی لێ بوو، ئەگەر ببێ، ناوێکی دی لە بڵاوکراوەکەی بنێت. بەڵام پاشان کە بینی ئەم کارە زۆری گەرەکەو ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەکێشێت و چاپۆشی لەوە کردو حاجی ئاغا پێی وابوو دەرفەتی لەمە باشتر نارەخسێت. یەکەم پێویستە بەشدارییەکی لە بەربەرەکانی دەسەڵاتی بێگانانددا هەبێ و دووەم یارمەتییەکی ئەم لاوە چالاك و تێکۆشەرە بدات.

کەسانی وەکو فرودو کەلهور لەوە دەرچووبوون کە ڕۆژنامە خوێندنەوە دادیان بدات. خۆزیو خولیای گەورەتریان لە دڵدا پەروەرد دەکرد. فرود پێشتریش گوتارێکی بۆ "جەنگاوەر"ی تاران ناردبوو ولەوێندەر بڵاوبووبووەوە. چەند باش دەبوو ئەگەر ڕۆژنامەیەك لە شارەکەی خۆیاندا هەبوایەو بیتوانیبا لەوێندەر هزرویری خۆی بڵاوبکاتەوە. وای وێنا دەکرد کە بەهرەو زەوقی نقیساری، شاعیری هەیە. شیعرێکی بەم نێوەڕۆك و مانایە "ئاو دەڕوات و بەردان لە بنی روباردا لە جێی خۆ ناجمێن و دەبێ سێڵاوێك هەڵبكات تا ڕایان ماڵێت" نووسی بوو. دەبێ مەبەستی مانەوەی کار بەدەستانی دکتاتۆریەت لە قۆناغی دیموکراسیدا بووبێ. هەوەڵجار دەیویست بۆ ڕۆژنامەی (جەنگاوەر)ی تارانی ڤرێ بکات. پاشان کە لەم ڕۆژنامەیەش نا ئومێد بوو، داینا بۆ ڕۆژنامەی شارەکەی خۆیان.

زۆر بابەتان هەبوو کە دەبوایە لە ڕۆژنامەدا بڵاوببێتەوە. ئاغای پایەدار کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا هەندێ گرفت و مەسەلەێن سیاسی و خیانەتی کاربەدەستانی بەزەین و یادگە سپاردبوو، ئەمێستا کە ترسی دوور خستنەوەو زیندان و سەرکوت و مەرگ وکوشتن لە ئارادا نەبوو، دەی نووسینەوەو هەندێجار لە کۆمەڵەی "جەنگاوەران"دا دەی خستنە بەر باس وگەنگەشە وەکو تەسلیم کردنی قەڵای ئارارات بە ترکان، تالانکردنی سەردار ئیقبال ئەلسوڵتان و کوشتنی، و پێکرانی سەر لەشکر فاتح، دادگایی کردنی ساختەی ناوداران و کوشتنیان، داگیرکردنی دژمنانەی موڵکی زەویداران و دەستدرێژی بۆ سەر دارایی وڵات و دزینی جەواهیراتی پاشایەتی و شتی دیکەش، ئەمانە نهێنی بوون و نەدەگوتران، ئەمێستا دەبووایە پەردەپان لە روو هەڵماڵدرێ.

هەر یەکێك لەم مەسەلانە هەرکە دەکەوتە سەر زار ئیدی وەکو ئاگری ناوپوش بڵاودەبووەوەو لە دەرەوەو لە ماڵەوە، لە مزگەوت و لە قوتابخانە، لە دایەرەو بازاڕ، گفتوگۆیان لەسەر دەکرا. زیاد لە هەموو کەس فرودو هەڤاڵەکانی دێنایە سەر زەوق کە بچن لە کتێبان و کتێبخانانداو لە کۆنە ڕۆژناماندا رازونهێنیان وەدۆزن و خەڵکی لێ وەئاگابێنن. وەك دەڵێن خەڵکی مریشکی چینەکەر نەبوون تا چەند ئەوقات و ڕۆژنامەنووسێك کڵاویان بکەنە سەرو بە فەندەڵ فێڵانی سواو بخەڵەتێن دیارە کە خەڵکانی میناکی فرود کاتێ کە لە کۆبوونەوەکانیاندا ئەم بابەتانەیان بە بەڵگەوە بۆ گوێگران روون دەکردەوە، قەدروحورمەتیان زیادی دەکرد. ڕۆژێك نێرگز بەر لەوەی بۆ تاران بڕوات لە فرودی پرسی:

"شەیتان، تۆ ئەم زانیاریانە لە کوێوە دێنی؟"

"لـە بابتـەوە فێـر دەبم. مـن لـە کـوێ دەزانم کـە سـەردار ئیقبالێـك هـەبووەو ڕەزاخـان هـەموو دارو نەداری تالاًن کردووە"

"باشە بابم بۆ بە منی نالێت"

"بێگومان بە تۆشی دەڵێت، لێ تۆ بە هەندی ناگری"

"بریا دەمتوانی لێرە، لای ئێوە وەمێنم"

"کەواتە بۆ دەڕۆی؟"

"دەڕۆم..."

ئیدی هیچی نەگوت. نیگایەکی چاوانی فرودی کردو ڕەڤی. ئەم مقۆ مقۆودەمگۆو بانگ‌وگازیانـە لـە هـەموو شـوێنێکدا دەبیسـتراو گـەلێك لەوانـەی کـە لـە کارەکانـدا بەشـداربوون ئەمانـەیان بـە سەرمایەیەك بۆ ئایندەی خۆ دەزانیً‌و دەیانویست بۆ پێشڤەچوونی کاری خۆیـان، چ لـە ڕووی وڵاتپارێزیو چ لە ڕووی بەرژەوەندخوازییەوە، بە کاری بێنن. یەك لەوانە ئاغای خـەڕازی بـوو کـە لـە مـاوەی بیست سالًەی دکتاتۆریەتدا لـە نێوان هـەردوو جـەنگ دا سـەروەت‌و سـامانێکی مـۆڵی پێکەوە ناوبوو کەوتە بیری وەکالەت کردن‌و ئامادە بوو لە ڕووی داراییەوە کۆمەکی ئاغا موعـەلیم بکـات‌و تاقـە مـەرجی پایـەدار ئەمـە بـوو کـە ڕۆژنامەکـە لەسـەر هێڵـی دژە ئینگلیـزیو دژە دکتاتۆریەتی خۆی بمێنیً. لەم جۆرە خەڵکانە زۆر بوون، بە تایبەتی کە ئێستا ئاغـای پایـەداری سـەرۆکی پـەروەردەو فێرکـردن، منالًـە مەکتـەبلیان‌و مامۆسـتایان وروٚشـنبیران وکۆمـەڵێك لـە کاسـبکاران و ئـەهلی بـازاڕی لـە دەوری خـۆی خڕکردبـووەو پشـتیوانی حـاجی ئاغاشـی هـەبوو. دەهاتن‌و داوای کۆمەکیان لێدەکرد. لە هەمووان باشتر ئەم ئاغای خەڕازییە بوو کە بە وردەوالًـەو شیً‌و ئاوێنەی چەرچێتی دەستی بە کاسبی کردبوو وهێشتاش لە خۆی نـەگۆڕابوو.چ قەیدیـە کـە لـە ئەنجوومـەنی ئاینـدەدا، وەکـو دەورەی یەکـەمی ئەنجوومـەن، خـەڵکانی مینـاکی ئـەم بـەقالً‌و چەقالاًنە کورسییان پڕبکەنەوەو زوو فریو نەخۆن.

## (٤)

بەبۆنەی سەفەری نێرگز بۆ تاران، لە ماڵی ئاغا موعەلیمدا میوانداریییەك سازكرا كە ماڵی فرودو دۆستانی میناكی كەلهوڕو مونیرەو دوو كەس لە مامۆستایانی گروپی "جەنگاوەر" دەعوەت كرابوون‌و ئامادە بوون. دوو ڕۆژ لەوە پێش حاجیە خانم‌و نێرگزو دوو سێ یەك لە ژنانی دراوسێ كە لە ڕەوزەخوانی گەرەكدا هەمیشە لای سەرەوە بوون كەرەستەی ئەم میوانی‌و بۆنەیەیان فەراهەم كردبوو. شت كڕین و بازاڕكرن لە ئەستۆی گوڵین خانمی ژنی عەلافەكەی سەری كۆڵان بوو كە كیژەكەی هاوپۆلی نێرگز بوو، چێشتلێنان لە عۆیەی حاجیەخانم بوو و كیژە عازەبەكانیش بەردەستیان دەكرد.

هەموویان لە میواندارییەكە ئامادە بوون، پێدەكەنین، بە دەنگی بەرز یەكتریان گازدەكرد، گاڵتەو سوعبەتیان دەكرد، نێرگزیان ماچ دەكرد، خۆزیایان پێدەخواست:

"خەنی لە خۆت، لەم شارە نەگبەتەی ژێر دەستی پت وپیرەژنان رزگاردەبێت".

یەكێكی دی هەڵیدایێ:

"بۆ هەر جێیەك بڕوات هەر دەگەڕێتەوە ئەم وێرانەیە، بەختی ئێمە لە دەبدەبە دەچێت، دەرزییەكی پێدا بكەیت فس دەبێتەوە.

گەورەكان باسی مەسەلەكانی ڕۆژیان دەكرد، پرسیاری كۆمەڵەو گروپی "جەنگاوەر"یان لە فرود و فەیروز دەكرد:

"چ نەخشەیەكتان كێشاوە، چ دەكەن؟"

"فرود، ئاگات لە خۆ بێ، ئەم فەرەنگیانە بەكەم مەگرە. ڕۆژێ داخی خۆیانت پێدەڕێژن"

یەكێكی دی دەیویست لە ڕێگەی ئاماژەكرن بە سەفەری نێرگز بۆ تاران، دەرزییەك بە فرودا بكات‌و لە هەمان كاتدا فەیروزیش بهاڕوژێنێ:

"ئێ فرود، تۆش ساڵەكی دی بۆ زانستگە دەڕۆیت‌و بەڵام فەیروز لێرە دەمێنێ‌و دەبێت بە مامۆستا".

یەكێكی دی لە كەلهوڕی پرسی: "ئەدی تۆ بەگەڵ جماعەت ناكەوی؟"

فرود لەسەر كەلهوڕی كردەوە:

"كەلهوڕ دۆستی منە. من لە هەر شوێنێ بم ئەویش لەوێیە. جارێ كەمێك سەبردەكات، بە چ مەعلوم من لەم كۆمەڵەیە دەمێنمەوە".

حاجی ئاغاو ئاغای پایەدارو محەمەد حسەین میرزاو ردێن چەرمووان لە ژوورێكا لە عاردی دانیشتوون و قلیانیان دەكێشاو تاوڵەیان دەكردو چاییان بۆ خۆ تێدەكردو فستقیان دەخواردو باسیان باسی مەسەلە گشتییە سیاسییەكان بوو. ئاغا موعەلیم ناو بە ناو دەچووە نێو حەوشەكە مێزی پڕ میوەو ئاجیل‌وشەربەتیان ریز كردبوو وزوو دەگەڕایەوە، هەم بەلاوەكان ڕادەگەیی‌و هەم بە پیرە پیاوەكانا.

چەند کەسێك لە میوانەکان لە ئەنجامی جیاوازی نێوان حیزبی تودەو "جەنگاوەر"دا دوو دڵ بوون‌و نەیاندەزانی روو لە کامیان بکەن. لەم کۆڕەدا بوو کە ئاغا موعەلیم مژدەی دەرکردنی رۆژنامەکەی ڕاگەیاند.

ئەم مژدەیە بۆ فرود ئاوێکی خۆشی ساف بوو کە دەیتوانی تا دڵی حەزبکا مەلەی تێدا بکات. بەڵام هەر لە یەکەم ساتەوە، بەر لەوەی کە فرود زەوق‌و خۆشی خۆی دەربڕێ ئاغا موعەلیم تەزاندی:

"فرود، من دەزانم کە تۆ لەخۆشیا پێت عاردی ناگرێ، بەڵام ئەمە بزانە کە تەنیا کاتێ دەتوانێ هاوکاری من بکەیت کە لە دەرس‌و دەورت دوا نەکەوی، دەبیستمەوە کە هەندێجاران خۆت لە دەرس دەدزییەوەو ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە بڕۆیت لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵدا دەرناچیت."

حاجی ئاغا چارەی دا بە یەکا، رەنگ لە رووی نێرگز پەڕی. فرود بە خۆیشی چاوەڕوانی ئەمەی لە ئاغا موعەلیم نەدەکرد. بابی هیچی نەگوت. ئەم بیرخستنەوەو ئاگادارکردنەوەیەی بە کافی دەزانی. نێرگز ئومێدەوار بوو ودڵنیابوو زۆری پێناچێت فرودش دێ بۆ تاران‌و لە وێندەر دەبن بە دۆستی یەکدی‌و چ کۆسپ‌و تەگەرەیەك لە بەردەم پەیوەندییاندا نابێت. ئەدی ئەگەر قەراربێ ئەمساڵ یان ساڵی دواتر دبلۆم وەربگرێت‌و لە رۆژنامەکەدا کاربکات چی؟ فرود چاوەڕوانی ئەم سەرزەنشتە بوو بەڵام نەك لەم کۆڕو بۆنەیەدا. حاجی ئاغا پێشتر لە بڕیارەکەی ئاغا موعەلیم ئاگادار بووبوو، بۆیە چەند شەوێك لەوەپێش، پاش نانی ئێوارێ دەگەڵ کوڕەکەیدا کۆبووبووەوە نەك بە زمانی ئامرێك بەڵکو بە زمانی دۆستێك دەگەڵ کوڕەکەیدا کەوتبووە گفتوگۆ:

"من بەجۆش وخرۆشی تۆ خۆشحاڵم. هەر کارێکت دەوێ بیکە. هەستدەکەم، کاتی خۆت بە خۆڕایی بەفیڕۆ نادەیت. پاشڕەویش نیت. بە خۆت ویست‌و ئیرادەت هەیە. لە دەرسەکانیشتدا خراپ نیت. تەنانەت بە دایکتم گوتبوو کە ژنێکی سیغەت بۆ بێنیێ. ئەو ژوورەی ئەو بەری باخچەکەت بۆ چۆڵ بکات. من لە تەمەنی تۆدا ژنێکی سیغەم هەبوو. تۆ کە ئێستا خولیای نیشتمانپەروەریت سەری کردووە باشتر،بەڵام شتێك هەیە، ئێستا بۆ خوێندن دەرفەتە، چەند ساڵێکی دی زەینی بنیادەم کارناکات..."

حاجی ئاغا یەك دانە سەعاتی خشت لەم بارەیەوە، بەدەم گێڕانەوەی رووداوانی رابردووەوە، باسی ژیانی ئاغا موعەلیم وخۆی‌و تەڵەبەکانی دی کردبوو. فرود ئەو رۆژە زیاتر بۆی دەرکەوتبوو کە بابێکی زاناو باشی هەیەو شایانی رێزوحورمەتە. زیاتر چوو بووە دڵیەوە. دەستی ماچ کردبوو وئارخایەنی کردبوو کە ئەوەندە فێر بووە بتوانێ لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەربچێت. لەبەر ئەمە بوو کە تەڕدەست‌و حازر وەڵام‌و وشك وەڵامی ئاغا موعەلیمی دایەوە:

"من تاقیکردنەوەی کۆتایی دەدەم‌و بێگومان دەریش دەچم".

پاشان دەربارەی ئەو پرس ومەسەلانەی کە پێویستە رۆژنامەکە بیانخاتە روو وئەو هەڵویستەی کە دەبێ هەڵی بژێرێ قسان کرا. هەر کەسەو شتێکی گوت.

"ئێمە هەمیشە دژی دەستوەردانی ئینگلیزان‌و هەموو بێگانانین لە کاروباری ئێران".

"باشە، خۆ ناکۆکی‌و جیاوازی نێوان "تودە"و "جەنگاوەر" پەیوەندی بە ئینگلیزانەوە نیە".

"ئاغا، ئەوە هیچ نیە، شەڕیان لەسەر ئەندام ولایەنگرە، ڕەوتەنیە، لایەنگرانی ڕۆژنامەی دژە فاشیستی هەموویان ئەندامی حیزبن و وەکو بیستراوە "جەنگاوەر"یەکاینش بە تەمان حیزبی "نیشتمان" دامەزرێنن".

"ئێمە لەسەرمانە کاتێ کە نیشتمانپەروەری وانمان بۆ ساغ بووەوە سەیر بکەین بزانین کام دەستە لە کاری خۆدا جدین".

گفتوگۆیەکە درێژەی دەکێشا، فرودیش بە چاولێکەری ئاغا موعەلیم هەر قسەیەك لە زاری ئامادەبووان دەهاتە دەرێ دەیقۆزتەوەو نێوەڕۆکەکەی تاوتوێ و شیدەکردەوە. فەیروز سوعبەت و شۆخی دەگەڵ مونیرەو بەدری دا دەکرد، نێرگز گوێ قولاغ بوو تا بزانێ کوڕە جیران (فرود) چ دەڵێت و چارەنووسی بەکام لادا دەڕوات، هەر لە شارەکەی خۆیاندا دەمێنێتەوە یا بۆ تاران دێت.

ئەوەی کە هەرگیزاو هەرگیز بیری فرودی مژول نەدەکرد، مانەوە لە شار یان چوون بۆ تاران بوو، مەسەلەی مانەوە یان چوون و نەچوونی نێرگزیشی بۆ تاران لا گرینگ و مەبەست نەبوو. بڕوات بۆ زانستگەی تاران یان نەڕوات. چاوبازی فەیروزیش کە هەندێجار بە ئاشکرا هاواری دەکرد و هەوڵی دەدا بە هەر شێوەیەك بووە ڕێیەك لە دڵی نێرگزدا بکاتەوە، ئەوی لە مەبەست و ئارمانجی خۆی سارد نەدەکردەوە. ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی ڕۆژنامەی ((پایەدار)) هەموو ئاواتێکی بوو. بەڵێنی بە ئاغا موعەلیم دابوو کە ڕاکەڕاکەو شەڕە شەق و ئەرکی ڕۆژنامەکە لە ئەستۆ بگرێت.هەڵبەتە ئەمە زۆر زەحمەت بوو، تاقیبی کردبوو، چوونە چاپخانە، وتار بردن، مشتومڕ دەگەڵ پیتچندا، هەڵەچینی و پەڕەبەندی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە، پۆستکردنی، ڕێکخستنی تۆمارو دەفتەرانی هاتوو ودەرچوو و هەزارو یەك شتی دیکە بۆ خۆی سەریەشەو ماندوو بوونێك بوو. گونجاندنی سیاسەتی ڕۆژنامەکە دەگەڵ بەرژەوەندی ئاغای خەرازیدا، هەڵبەتە ئەمەیان لە ئەستۆی ئاغا موعەلیم بوو.

فرود، ڕێبازێکی بۆ بڕینی ئەم ڕێگەیە دۆزییەوە، دەچووە دەرسەروە، بەڵام زیاتر گوتاری بۆ ڕۆژنامەکە دەنووسی. ئەو شیعرەی کە دەربارەی ئاوو بەرد نووسی بووی، لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردەوە. گۆڤارێکی هەفتانە لە تاران بڵاوی کردەوە، و ئەمە بووە مایەی سەرفرازی ئەو.

ئیدی فرود خەریك بوو ناوی دەردەکرد. هەرکە دبلۆمی وەرگرت، بابی بە چەند مەلایەکی شاری ناساند. ئەوانە هانیان دەدا کە بچێتە کۆلیجی مەعقول ومەنقول و ببێ بە مەلا.

هاونشینی و تێکەلاوی دەگەڵ خەڵکانی جۆراوجۆردا ڕۆژ بە ڕۆژ هزرو بیری پتر دەکردەوەو توانای بەرزەفڕییەکی پتری بە ئاوات و ئارەزووەکانی دەبەخشی. بەڵام هەر هەموو ئەم ڕاکەڕاك و شەڕەشەقانە، ئەم پێکادانانە، گەنگەشانە دەگەڵ پیتچنان و چاپخانەچیدا، تینویەتی دەرکەوتن و باڵادەستی ئەو ناشکێنێ. بەرە بەرە بۆی دەرکەوت کە ڕۆژنامەنووسی، نڤیساری و شیعر گوتن و شاعیری بتەوێ و نەتەوێ دەستە خوشکانی شۆڕەت و ناوو پایەخوازین. بەڵام لە کارەکانی ئەودا شتۆکەیەك کە بنیادەم پتر بێنێتە سەر زەوق و بیخاتە سەر ڕێگەی سەرکێشی و گیان فیدایی لە ئارادا نەبوو. شۆڕشگێڕانەترین و توندترین نووسینانیش لە چوار دیواری شارەکەیان هێوەتر نەدەڕۆیی.

بەرە بەرە خەڵکانیشی ناسی. گەلەك لەو كەسانەی كە لە هەوەڵەوە باش و پاك دەهاتنە بەرچاوی بودەڵە دەرچوون. تەنانەت فەڕاشەكەش هەلپەرست و بودەڵە بوو. هەواڵدزیو شۆفاری دەكردو بچووكترین شتی بۆ ئاغای خەرازی دەبرد، مێشی دەكرد بە گامێش. كەللەپوت دەهاتە بەرچاو بەڵام كۆنەكارێكی ئەزموونداری لە ژێرەوە بڕبوو. بە چاكی دەیتوانی خۆی لە گێلی بدات، ئاغای پایەدار ئەمەی لە گفتوگۆ دەگەڵ خاوەن كارەكەدا كەشف كردبوو. ئێستا ئەم داماوە لە پێناوی مانگانەیەكی چەند تمەنیدا دووزمانیو هەواڵدزی دەكرد، بەڵام كەسانێك بە سكاڵاو داواكانیانەوە موراجەعەی رۆژنامەكەیان دەكرد كە جگە لە دەستبڕی هیچ مەبەستێكی تریان نەبوو. هەركە غافڵ بای فێڵێكیان لێدەكردی. هەزارو یەك ئۆینیان لە ژێر سەردا بوو و بە رواڵەتیش جگە لە سەفاو وەفا هیچی تریان نەدەنواند.

فرود لە عەرزی دوو ساڵاندا تێگەیی كە ئەهلی ئەم كارە نییە، بەڵای كەمەوە ژیان لە شارەكەی خۆیاندا بێ سوودە. چیوای نەما بوو دڵنیابێ كە رۆژنامەنووسی زیاتر ریاكارییە تا حەقیقەتجۆیی. ئەمە جگە لەوەی كە گوتارنووسین لە رۆژنامەیەكدا كە تەنیا چەند سەد نوسخەیەكی لێ بڵاودەبووەوەو لەودیوی خەنەكی شاردا هیچ كەسێك ناوی نەژنەوتبوو، تینوویەتی ئەوی نەدەشكاند، لە كاتێكدا بێژەران و نووسەرانی رۆژنامە حیزبییەكان لە سەرانسەری ئێراندا شۆرەت و ناویان دەركردبوو.

رۆژێك فەیروز كە لە رۆژنامەكەدا هاوكاری دەكرد پێی گوت: "ئەم پیرەمێردەت، كە ئەمڕۆ بۆ رۆژنامەكە هاتبوو وكاری دەگەڵ ئاغا موعەلیم دا هەبوو، ناسی؟".

فرود نەی بینی بوو. گەلێك لەم پیرەمێردە بەویقارو رێزدارانە بۆ رۆژنامەكە دەهاتن و هەریەكەیان داوایەكیان هەبوو. زۆربەیان لەو موڵكدارانە بوون كە رەزاشا بە هاودەستی ماموورانی شارەبانی زەویو دێهات و پاوان و لەوەڕگاكانی زەوت كردبوون. دە زندانیان دەخستن، ژن و منداڵەكانیان بێ نان و بێ سەرپەرشت دەكردن، هەڕەشەیان لێدەكردن كە ئەگەر قەواڵەو سەنەدی فرۆش ئیمزا نەكەن، خاوەن موڵكەكان لە زنداندا عەزابكوژو خەفەدەكەن. هەندێ لەم چیرۆكانە كە بە كوشتنی ژن و منداڵ كۆتایی هاتبوو بە رادەیەك دڵتەزێن بوو كە ئاغای پایەدار فرودی بە دووی كارێكدا دەنارد و بە خۆی هەوڵی دەدا هەر جۆرێ بووە داواو سكاڵای ئەوانە بگەیەنێتە گوێی دەوڵەتیان و دڵخۆشییان بداتەوە. بەڵام ئەمە كارێكی زەحمەت بوو. داواچیان مكوڕبوون لەسەر ئەوەی كە وردەكاری كێشەكانیان لە رۆژنامەكەدا بڵاوبێتەوەو سەروەت و دارایییەكانیان بگێڕدرێتەوەو ستەمكاران بە سزای خۆ بگەن. بەڵام ئەم داوایانە جێبەجێ نەدەبوو. تاقە رۆژنامەیەكی خۆماڵی چ توانایەكی هەبوو، وچۆن دەكرا لە چوار بەرپەڕدا هەواڵانی ناوخۆو رەوشی جەنگی جیهانیو بەدكاری سەربازانی هاوپەیمان و داواو سكاڵای ستەم لێكراوان بە وێنەوەو بە دوورو درێژی بڵاوبكاتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبووە مایەی ناڕەحەتی گشتیوخوتەو بۆڵەی دەنایەوە.

فەیروز روونی كردەوە: "نا، ئەمە لەوانە نیە، ئەمە لە ئازادیخوازە كۆنەكانە. لە دایەرەی داراییدا كارێكی هەندێ بێ سەریەشەی هەیە. دەڵێت لە كۆنا دەگەڵ سوسیالیستانی هاوسونحی خۆیدا تێكەڵاویو مامەڵەی هەبووە. هاتبوو كە ئاغا موعەلیم بۆ كۆڕ دەعوەت بكات. بە منیشی گوت:

"تۆش دەتوانی بڵێی. ئێمە هەموو دوو شەمموان و چوار شەموانێك لە ماڵی بەندەدا کۆبوونەوەو کۆڕمان هەیە".
گفتوگۆ دەگەڵ ئاغا موعەلیمدا دروستی ئەم هەواڵەی سەلماند. بەڵام بەڕێوەبەری رۆژنامەکە بە باشی نەدەزانی سەرنجی سەرۆکی شارەبانی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت:
"چما نازانی من هەر هەنگاوێك دەنێم لە هەزار شوێن تۆمار دەکرێت، ئەگینا مێجەر راس چوزانیٚ کە تۆ لە سوچێکا دانیشتوویت و تابلۆیەکت هەڵواسیوەو دەبیٚ تابلۆیەکەت دابگریت. هەر لە ئێستاوە لە هەموو شوێنێکدا پیاوی خۆیان هەیە".
نێرگز لەم رووداوانە بیٚ ئاگا بوو، دەنا بێگومان هەزارو یەك فەندی ژنانەی دەخستە گەڕو نەیدەهێشت درێژە بەم کارە بدات. لەم ساڵانەدا چ ئەو کاتانەی کە نێرگز هێشتا لە شار بوو و چ ئەو کاتەی کە بۆ تاران چوو بوو وخۆی بۆ چوونە زانستگە ئامادە دەکرد، وەك بڵێی کڵاوەکەی حەزرەتی سلێمان لەسەر بنیٚ، لە چەندوچۆنی ژیانی فرود ئاگادار دەبوو.. هەڵبەتە فەیروز لەم خەبەر گوزاریەدا دەوری سەرەکی هەبوو. ئەم کوڕە ئاشقە هێندە سادەو ساکار بوو کە پێی وابوو نامە نووسینی بەردەوامی نێرگز بۆ ئەو بەڵگەو نیشانەی حەزی ئەوە، دەنا کیژێك بەم لەباریە ئەوەندە پەرۆش و کونجکاو نەدەبوو. ئەوی ڕاستی بیٚ فەیروز لە ئامادەکردنی زانیاریانی دروست دەربارەی ئەخلاق و ورەو جدیکاری و هزروکردەوەی فرود درێغی نەدەکرد و هەموو شتێکی دەگەیاندە گوێی خودانکار.
فرود بۆ ماڵی پیرەمێرەکە چوو، لەوێندەر بۆی ئاشکرا بوو کە لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی دا بەشداری کردووە.
کۆمەڵێك لەوێندەر ئامادە بوون، نزیکەی سی نەفەر دەبوون. ژوورێکی چکۆلە بوو. هەموو لە عاردی و لەسەر مافورێکی تاڵکێش دانیشتبوون، چرایەکی نەوتییان هەڵکردبوو. تەنیا یەك کورسیان لەبەر دەرگای ژوورێکدا کە بە رووی هەیوانێکدا دەکرایەوە، دانا بوو، وادیار بوو بۆ ڕیٚ گومکیٚ بوو. ئەگەر کەسێك، پاسەوانێك یان شۆفاروجاسوسێك لە پڕ بهاتبا ژووریٚ، کەسێکی عەمامە بەسەر دەم‌ودەست کۆبوونەوە حیزبییەکەی دەگۆڕی بە کۆڕی پرسەگێڕی. سەری سوڕما لەوەی کە چ خەڵکانێك دەتوانن ببنە پیاوی سیاسەت. چەند نەفەرێك لە ژوورەکەدا جگەرەیان دەکێشا. یەکێکیان کیسە توتن‌وسەبیلەکەی لەسەر عاردی دانابوو. چەرە دووکەڵ ئاسمانی ژوورەکەی گرتبوو. هەموویان خەڵکانی سەنگین، بە ویقاروکۆن و بە تەمەن بوون. فەیروزو فرود لە هەموویان جەوانتر بوون. ئەو پیرەمێردەی کە بۆ نووسینگەی رۆژنامەکە هاتبوو، کۆبوونەوەکەی بەڕێوە دەبرد، پێی سەیر بوو کە چۆن ئەم هەموو تەمەن چل پەنجا ساڵانە بوون بە ئەهلی سیاسەت.گوایە هەر هەمووشیان لەلاویدا خەڵکانێکی سەر پڕجۆش بوون، پاشان کۆڵیان دابوو وبە ئەدەبەوە سیاسەتیان تەڵاق دابوو، و وازیان هێنا بوو، وسەری خۆیان کز کردبوو چ کەسێك قسەی نەدەکرد. گەنگەشەیان لەگەڵ یەکدی نەدەکرد. هیچ بابەتێك لە ئارادا نەبوو. جارجاریٚ کابرای پیرەمێرد رووی دەمی دەکردە یەکێك لە ئامادەبووان و هانی دەدا کورتەیەکی بیرەوەرییەکانی خۆی بگێڕێتەوە. بەڵام یەك شت سەرنجی راکێشاو کارێکی قوڵی لە

ناخی کرد. گوتەکەی شەقڵو لایەنی حیزبیو سیاسی هەبوو. گوتیارەکە هەمان ئەو کەسە بوو کە سەبیلی دەکێشا، لەسەر هەرتك ئەژنۆیان رۆنیشتبوو، گوتی: ئەمڕۆکە دوو دانە سەعات بە دیار بیرکەوە وەستامو قەناعەتم بە بیر هەڵکەنەکە کرد کە ئەمشەو بۆ ئێرە بێت. بە دەست ئاماژەی بۆ لای مش باقر کرد کە لە پاڵ ئەودا لەسەر هەرتك چۆکان لە عاردی رۆنیشتبوو. لەو شەوە بە دواوە ئیدی لەم جۆرە خەڵکانەم لە هیچ کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا نەبینی.

فرود لە خۆی دەپرسی ئایا کۆبوونەوەی سیاسی دەبێ بەم شێوەیە بێ؟ یەکێك قسان دەکاتو ئەوانی دی گوێ دەگرن؟ دەتگوت هەموویان ئەو شەوە بۆ یەکەمین جار پێکڤە کۆبووبوونەوە. قسەکانیان بەلاوە تازە بوو: هەندێك قاییل بوونو سەریان دەلەقاند. هەندێکی دی بزەیەکیان دەنیشتە سەر سیما، جگە لە مش باقری بیرهەڵکەن ئەوانی دی هەموو بازاڕیو وردە فرۆشو بەزازو کاروانسەرادار دەهاتنە بەرچاو. تێکڕا کەم دابێژ یەکیان دەناسی. خەڵکانێکی پابەندو وەفادار دەهاتنە بەرچاو، سادەو بێ وەی. فرود چۆنی زانی کە ئەوانە خەڵکانێکی سافو سادەن؟ دەڵێن ساڵەهای ساڵ سیاسەتیان تەرك کردبوو وکەوتبوونە کاروکاسبی خۆیان، جارەکی دی لەسەر داوای یەکێك لە ردێن سپییان لە دەوری یەکتر کۆبووبوونەوە. فرودوفەیروز بەمجۆرە لە بەینی خۆیانا ئەنجامگیرییان دەکرد.

ئەو پیرەمێرەی کە دەیویست بناغەی کۆمەڵەیەك لەسەر داوای کۆنە هاوکارو هاودەستەکانی کاتی هاتنە سەرکاری رەزاخانی سەرداری سوپا دابمەزرێنێ وەستا سەربلندی پیتچن بوو کە بە قسەی خۆی ئەو مانگرتنی پیتچنەکانی رێك خستبوو. دوای سەرگەردانیو دەربەدەرییەکی فرە کارێکی لە ئیدارەی دارایی شار پەیدا کردبوو وئێستاش جارێکی دی فیلی یادی هندستانی کردبووەوە.وەستا سەربلند کە فرودو فەیروزی لە ماڵەکەی خۆیدا بینی ئومێدێکی پەیدا کرد، چونکە تەسەوری کرد لەم رێگەیەوە دەتوانێ لاوانیش راکێشێت. هەڵبەتە لەمە ناڕەحەت بوو کە بۆچی ئاغا موعەلیم لەگەڵیاندا نیە. کاتێ هۆیەکەی لە فرود پرسی، بەرسڤی دایەوە:

"ئاغا پایەدار بە رۆژەوە ئەوەندە گیرۆدەی کاری پەروەردەو رۆژنامەکەیە کە فریای ئەم جۆرە کارانە ناکەوێ. هەندێجار دەبێ تا نیوە شەو وتارخوانیوهەڵەگیری بکاتو ئەوجا ماندوو مردوو بۆ ماڵ بگەڕێتەوە".

ئەم پیتچنەی جارانو باجگرەی ئێستا،جووتێ چاوی بچووکی تیژی هەبوو، دەگەڵ دەموچاوێکی درێژکۆڵەو کەپویەکی درێژو چەند داوە قژێك بەسەرە سافو لوسەکەیەوە. بە نیگایان دەرونوناخی بنیادەمی دەپشکنیودادەبێژت. پەرسڤەکەی فرودی لە گیان خۆش نەبوو:

"رەنگە هەق بە ئاغای پایەدار بێ. بۆ ئەم کارەی ئێمە دەبێ پیاو سەبروحەوسەڵەی هەبێ، هیچ کارێك بێ پەیگیری بە ئەنجام ناگات. ئەو ئامانجەی ئێمە هەمانە بە ئاسانی نایەتە دەست".

"ئامانجی ئێوە چیە؟" ئەم پرسیارە زمانی فرودی ختوکە دەدا بەڵام زاتی نەکرد دەری ببرێ" وەستا سەربڵند چەندی حەز لێ بوو ئەو دوو لاوە بێنێتە گفتوگۆ. فەیروز شەرمن بوو، عادەتی وابوو گوێ بگرێو ببیستێو هەرچیەك خەڵکانی گەورەتر بیڵێن قەبوڵ بکات. بەڵام فرود دەبوایە لە پێشا کارەکە تاوتوێو لە بنجو بناوان بکات. وای هاتە بەرچاو کە ئەم وەستایە لەو وشکە

دیندارانەیە کە جگە لە گوێڕایەڵی و ملکەچی چیتری لە هاودەستان و ژێر دەستانی خۆی ناوێ.
قسەکانی وایان دەگەیاند: "ئێمە دەبێ هەوەڵجار بەرنامەڕێژی بکەین". پاشان باسی ڕێکخستن و دیسپلین وباوەڕو جدیکاری و ڕازداری و چی وچیتر بکەین. هەموو جارێك زاکونی و گوێڕایەڵی و وەشەو زاراوەێن لەو بابەتە دووبارە دەبوونەوە.

فرود پێی وابوو ئەم کارانەی لە توانادا نەبوو. ڕاستە پێویستە بەو جۆرە کار بکرێ. بەڵام فرود واهی نەخوڵقابوو. تەبیعەتی ئەمەی قەبوڵ نەدەکرد. چیتر سەری بەو کۆڕو کۆمەڵەدا نەکرد. فەیروز بە پێچەوانەوە نەك هەر ئەو کۆمەڵەی تەرك نەکرد، بەڵکو بوو بە حیزبی و دوا چۆڕی جامی شوکرانی هەڵدا. جیاوازی نێوان ئەم دوو دۆست و هاوڕێیە ئەمە بوو کە فەیروز نێرگز گوتەنی "مەلا فەیروز" بوو وفرود لە ڕادەبەدەر سەر ڕاست و فیداکار. یەکەمیان شۆڕەتخواز نەبوو،دەچووە کۆمیتەی خۆی، دەیژنەوت، گوێی دەگرت، باوەڕی وابوو هەرچیەك گەورەکان دەیڵێن ئایەتی خواییە. فرود بە گومان بوو. تەنیا ئەو شتەی کە خۆی دەرکی کردبوو وسوور دەیزانی دروستە، قەبوڵ بوو. فەیروز دەیتوانی بە سەعاتان دانیشێت و گوێ لە پڕوپوچان بگرێ و زار هەڵنەیەنێت. فرود وەکو تەرەقە دەتەقیەوە، دەکەوتە گیانی پڕوپوچ بێژان، ئەوە بوو فەیروز بە سەلامەتی دەرچوو،بە حیزبا پەڕییەوە وەکو چۆن خەڵکانی تۆکمە بەسەر نەخۆشیدا زاڵ دەبن.

بەڵام فرود بنیادەمێك نەبوو کە بتوانێ دوو سەعاتان بە دیار بیرێکەوە دانیشێت تەنیا بۆ ئەوەی زەلامێك قایل بکات لە کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا بەشداری بکات. دەیویست بە وتارێك، نەك بە چەند بەیتە شیعرێك، کۆمەڵێك بێنێتە جموجۆڵ. حیزب بۆ ئەو هیچ جەزبەیەکی نەبوو. لەم ژینگە تەنگەدا کە هەموو یەکتریان دەناسی وحاجی ئاغا لەسەر مینبەرەوە هەژارو بێنەوایانی هاندەدا سەبروحەوسەڵەیان هەبێ و ئیمام جومعەش وەعزی دەربارەی ئازادی وخۆشگوزەرانی گشتی و میللەتدۆستی دادەدا، بەڵێ لەم ژینگە تەنگەدا جێی ئەو نەدەبووەوە، هەروەها سوور بوونی دایکی کە بڕوات دەرس بخوێنێ و ببێ بە مەلاوعەمامە لەسەر بنێ وفەقێیانی بکات، هێندەی دی شپرزەی دەکرد.دایکی هەندێجار بە شۆخی و بەجدی ئاماژەیەکی بۆ نێرگزیش دەکرد:

"چەند کیژێکی چاکە! بەم هەموو دڵگیرییەوە لە هیچ شوێنێك نابینرێ، یەك دووساڵێك لە تۆ گەورەترە، چ قەیدیە. هەرچیەك بێ لە خۆمانە".

ئەم پێشەکیانەی بۆ ئەوە دەگوت تا دوایی لەسەری بڕوات:

"بە هەرحاڵ تۆ مەلا زادەی، هەموو کەس وکارت ئەهلی عیلم و زانست بوونە. ئەگەر ناتەوێ بۆ قوم و کەربەلاو نەجەف بڕۆیت، بۆ تاران بڕۆ، لە زانستگە خۆت ناونووس بکە. ڕۆژنامەنووسی نەبوو بە کار. من هەرچیم هەیە دەیفرۆشم. خەرجی خوێندنەکەت دابین دەکەم. نێرگزیش لەوێندەرە..."

هەنگێ فرود توڕە دەبوو، قسەکەی بە دایکی دەبڕی:

حاجیه خانم، من چم داوه له نێرگز چما خۆم مندالْم؟ بیٚ کۆمەکی تۆش دەتوانم کاری خۆم ڕایی بکەم..."

ئەم قسانەی دەکردو دەشیزانی کە قسەی خۆڕاییە. تیا مابوو چۆنوبە چ جۆریٚ لە پایتەختدا بژی.دەشێت لە رۆژێکدا چەند شیعرێك بڵێت؟ ئەویش لە تاران، شاعیرونووسەر ئەوەندە زۆرن کە کەس حەساوی سەگ بۆ ئەو ناکات.

ئەوسا بە هاندانی حاجی ئاغاو دایکی، ئاغا موعەلیم سەری کردە سەری کە لە میهردا(٢٣/٩-٢٢/١٠) دانشگە دەکرێتەوەو ئەگەر لە ئێستاوە دەست بە کار نەبیٚو بە زووترین کات بۆ تاران نەڕوات ساڵێکی لە کیس دەچێتو بە تۆبزی بۆ سەربازی دەبەنو دەبیٚ دوو ساڵان سەربازی بکات. باشتر وایە خوێندنەکەی بکاتو شادەتنامەیەکی بە دەستەوە بیٚ. هەنگیٚ ئیدی ئەگەر حەزبکات دەتوانیٚ شیعر بڵیٚو یان ببیٚ بە رۆژنامەنووس.

"تا باب و داکت ماون فرسەت بێنەو بڕۆ خوێندنەکەت تەواو بکە".

فرود بە قسەی ئاغا موعەلیمی دەکرد، ئەوەی راستی بیٚ بەڵگەو بۆچوونەکانی قەناعەتبەخش بوون. بۆیە بنەوبارگەی پێچایەوەو تاران خۆت بگرە هاتم.

پاشان هەمووان گوتیان هەر لە هەوەڵەوە ئاگری ئەشقی نێرگز کێشایە تاران. ئەوانەی فرودیان دەناسیو ئاشنای ئەخلاقیاتو نەفس بەرزی ئەو بوون دەیانزانی کە وا نیە. ئەسڵەن نێرگز ئەو جەزبەیەی، کە لە ژینگەی خانەوادەو لە سایەی فەزڵو هونەری ئاغا موعەلیمدا بە دەستی هێنا بوو، نەما بوو. هیچ حەزی لیٚ نەبوو کە ببینیٚ، پەیوەندی دەگەڵ بگریٚ نەبا دووبارە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. بە بۆچوونی خۆی ئێستا لە ژیاندا رێگەیەکی دوزی بووەوە. رۆژنامەنووسی جەزبەیەکی دڵڕفێنی هەبوو. ئەوەی کە خەڵکی لە کانگای دڵیانەوە ئارەزووی دەکەن، ئەوە بخرێتە سەر کاغەز، پەردە لە رووی کێشەو بەڵاکانیان لابدریٚ، ئەمانە کۆمەڵە ئەنگێزەیەك بوون کە لە ناخی دڵیا پەنگیان دەخواردەوە. بێباکی، ڕیسك، دڵەڕاوکیٚ لە بوونیا لانەیان کردبوو، دەیان هێنایە جموجوڵ.

# (٥)

ناونووسی لە زانستگەدا شتێك بوو بۆ رازیکردنی داكو بابی، هەوەڵجار ویستی لە بەشی رۆژنامەنووسیدا ناوی خۆی قەید بکات، تاقیبی کرد، مامۆستایانی باشی نەبوو، لە بەشی مافدا ناوی خۆی نووسی.

لە مانگەکانی هەوەڵەوە وەکو مەکتەبلییەك ئامادەی وانەکانی دەبوو. دەگەڵ خوێندکارە کچ‌و کوڕەکاندا تێکەڵ دەبوو. هاوڕێیەتی دەکردن. لە خۆپیشاندانی خوێندکاریدا بەشداری دەکرد، بەلایەوە گرینگ نەبوو دەگەڵ ئەوانی دیدا هێرش بکاتە سەر مامۆستایانیش. بەرە بەرە خەریك بوو دەبوو بەسەر قافڵەی سەرکێشی. کە ئەوانی دی هەستیان کرد کەسێکی بێباکەو ترس لە مەزەبیا نیە، هەندێکیان هەوڵیان دەدا بیخەنە پێش خۆیان‌و لە دوایەوە هوڕابکێشن. بەڵام فرود لەوە ژیرتر بوو کە بێڵێ بیکەن بە قەڵغانی خۆ. ئەو حەزی لێ بوو خەڵکی پەیڕەوی ئەو بکەن نەك بە پێچەوانەوە. لەم چەند مانگەدا هەستیکرد یەکێکە لەناو هەزاران. ژمارەیەکە لە نێو ژماراندا. خەڵکی ئەو دەجوڵێنن‌و دەڵەکی دەدەن.خودی خۆی نیە. ئەو دەیویست بە خۆی گۆڵ بکات، نەیدەویست ئامێری دەست بێ، دەیویست ریشەو سەرەتاو سەرچاوەی بزووتنەوەیەك بێ. ئەم قسانە لە گفتوگۆیەکی کورتدا دەگەڵ سەر بڵندا فێر بووبوو. کۆمەڵ سەرچاوەی هەر پێشکەوتنێکە. تەبیعەتی ئەوەی قەبوڵ نەدەکرد کە لە نێو کۆمەڵ‌وکۆمەڵگەدا ون بێ.

حەزیدەکرد سەردەستەو رابەرو داینەمۆی کۆمەڵە بێت، دەبێ بزاڤێك بێنێتە ئاراوە. پەیڤێکی دیکەشی هاتەیاد، راپەڕینێك، بزاڤێك تا مەبەست‌و ئامانجێك بێتە دی.

دەڕۆیی‌و دادەنیشت‌و بیری دەکردەوەو خەون‌و خەیاڵەکانی خۆی دەخستەسەر کاغەز.. شیعری دەنووسی‌و بۆ خەڵکانی تری دەخوێندەوەو لەزەتی لەهاندانی ئەوان دەبینی. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کەڵکەڵەو خولیای رۆژنامەنووسی کە چەند مانگێك بوو لە ناخیا مت بووبوو، جارێکی دی بێدار ببێتەوە. سەراپای بوونی داوای خۆنواندنی لێدەکرد.

بە هرەیەك لە ناخیا گینگڵی دەدا کە دەبوایە بگەشێتەوە، بە خەیاڵی خۆی رۆژنامە بۆ ئەو هەموو شتێك بوو، شەوان کە لەو شارە بچووکەدا بە دەستەوەت دەگرت‌و دەتخوێندەوەو دەوری فیکرەکانی خۆت دەکردەوە لەزەت‌و خۆشییەکت پێدا دەهات کە لە هیچ کاتێکی ترا هەستت پێنە دەکرد. نووسین دەگەڵت دەکەوتە قسان، دەی هێنایتە پێکەنین، دەی خستییە گریان، واقی وڕ دەکردی، غروری پێدەبەخشیت‌و دێڕەکان زندوو دەبوونەوە، رۆحیان دەکەوتە بەر، لەبەر چاوت دەرەقسین‌و خونوێنیان دەکرد‌و پرشنگیان دەدا.

فرود کاتێ کە گەییە تاران، یەکڕێ بۆ نووسینگەو بارەگای رۆژنامەی "جەنگاوەر" چوو، هەمان ئەو شوێنەی کە بە خەیاڵی خۆی هەر کە بگاتە ئەوێ هەموو کارگێڕانی رۆژنامەکە، هەموو جەنگاوەران بە رێزەو حورمەتەوە لە بەری هەڵدەستن‌و خودی بەڕێوەبەر تاوەکو بەردەرگا دێتە پێشوازی‌و دەستی دەگرێت‌و بە هەمووانی دەناسێنی:

"ئەمە خاوەنی شیعری ئاوو بەردەو بە تەماین لەمەو دوا هاوکاریمان دەگەڵ بکات‌و بیرو بۆچوونەکانی تەنیا بۆ ئێمە بنووسێت‌و لە رۆژنامەکەی ئێمەدا بلاَوی بکاتەوە".

بەخەیاڵی خۆی هێندەی پاداشت‌و پول وێدەدەن کە دەتوانیٚ ژیانی خوێندکاریی خۆی بەڕێوەبەریٚ‌و پێویستی بە کۆمەك‌و پارەی دایکی نابێت. وای خەیاڵ دەکرد ئەو چەند قەسیدەیەی لە جانتا چەرمیەکەی دەستیا بوون، دەبوونە کلیلی هەر سەرکەوتنێك. دەتوانیٚ زوو بە زوو ئەو شیعروگوتارانەی دەربارەی ستەمکاریەکانی کاربەدەستانی زەوی‌و زاری شاهی لە مازندەران‌و گەیلان کە لە شاردا نووسی بوونی لەم رۆژنامەیەدا بلاَوبکاتەوە. ئەوسا خوێندکاران پەی بە توانای گەورەو بەهرەی پرشنگداری دەبەن‌و ئەویش هەنگیٚ چاری ئەو گروپانە دەکات کە دەیانویست بیکەن بە دەسکەلایەك بۆ پێشکەوتنی خۆیان. رێگا کراوە بوو. ئەمە گۆو ئەوە مەیدان، ئەوە عەرزو ئەوە گەز.

چەندی لە دڵ گران بوو کاتیٚ کە بینی هەر هەموو دام‌ودەزگا بە ناوودەنگەکەی "جەنگاوەر" بریتییە لە دوو ژوور، دوو ژووری پەرپوت تر لە باڵەخانەکەی بارەگای رۆژنامەی "پایەدار" کە ئاغا موعەلیم لەوێدا هەم دەفتەری قوتابیەکانی تەمەشا دەکردو هەم موراجیعانی بەڕێدەکرد. لە ژووری یەکەمدا، پیاوێکی کورتە بالاَی قەمور لە پشت مێزێکەوە کە کاغەزو رۆژنامەی دنیای بەسەرەوە بوو، دانیشتبوو، و یەکسەرو بە زیرەکیەکی زگماکیەوە زانی کە ئەم میوانە تازەیە یەکێکە لەو شاریانەی کە بە هەزاران خۆزی‌و ئاوات‌و ئارەزووەوە بۆ تاران هاتووە، بەلاَم رێگەی گوم کردووە، لە جیاتی بچیٚ بۆ سەرۆکایەتی وەزیران‌و تاقیبی ئیجازەنامە بکات هاتووە بۆ نووسینگەو بەڕێوەبەرایەتی "جەنگاوەر".

پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە ئەو کابرایەی تیا دانیشتبوو روو لە کۆلاَنێك دەکرایەوە کە زڕوزبڵ، کۆزەشکاو، توێکڵە شووتی‌و گندۆرەی دنیای تیا کەڵەکە بووبوو، وبۆن بۆگەنیەکەی سەرداری بیٚ سەر دەکرد. کەچی ئەم داماوە کە لە پشت مێزەکەوە رۆژنامەکانی هەڵدەدایەوەو تەماشا دەکرد هەر مێشیشی میوان نەبوو. لەوەشە دڵی بەو تاقە دارە ئاقاقیایەی ناو حەوشەکە کە گەلاَکانی خەریك بوو دەڕژا، خۆش کردبووبیٚ‌و ئەسڵەن بۆنی نەدەکرد. کترییەکی تەنەکەو تاقە ئیسکانێك بەسەر تەپڵەکێکی سووچێکی ژوورەکەوە بوو. لوولە سوپایەکی خواروخێچ هێندەی دی دیمەنی ژوورەکەی ناشیرین دەکردو، ئەم وەزع‌و دیمەنە نالەبارو ئەم پیاوە نابووتە پڕ بە پێستی یەکتر بوون.

فرود هیچ لەبیری نیە کەچی گوت‌و چی بیست. بەلاَم هێشتاش ئەم قسەیەی کابرای کورتە بالاَی قەموری شیك پۆشی هەر لە یادە کە وەکو ئاوێکی سارد پێیدا رشت. هەرگیز ئەم رستەیەی ئەوی لە یاد ناچێت:

"برالە، بۆ ئێمە هیچ خێرێکی نەداوەتەوە، ئەمجا نۆرەی تۆیە؟"

ئەم حەقیقەتە، ئەم ڕاستیە لە هزرومێشکیدا نەخش بوو ومایەوە. هەڵبەتە قەناعەتی پێی نەکرد، بەلاَم زۆرجار لە ژیانیا ئەم ژینگەیەو ئەم سەروسەکوتەو ئەم گفتوگۆیەو ئەم دەنگ‌و ئاوازی دەهۆڵەی کە لە دوورەوە ئەوەندە خۆشە، بیرکەوتووەتەوە.

له شاروچکەکەی خۆیاندا هەر هیچ نەبێ خەڵکانێکی میناکی ئاغا موعەلیمو ئەو پیرەمێرەی کە دوو سەعات بە دیار بیرێکەوە دادەنیشێت تا مش باقری بیرکەن لەگەڵ خۆدا بێنێ، هەن. بەڵام لەم تارانەدا تومەز مەحەکوپێوەری هەموو شتێك هەر قازانج وزیانە.

بە کورتیەکەی ئەم یەکەمین بەرخوردە دەگەڵ ڕۆژنامەنووسیدا، کاری لە ناخی کرد، بەڵام نەك بەو ڕادەیەی کە لە نڤیساریو شاعیری بێزاری بکات.

بە خۆیشی نەیدەزانی ئەم کوڵەبنە قەمورە چەندی ڕێگە لە ژیانی ئەو گرتو چەندی کۆسپ خستە بەردەم ژیانی. بە هەرحاڵ بواری لێ دا نەخست، تاسەی خۆنوێنی لەوە زیاتر بوو کە لە بازنەکە وەدەرنرێ. ڕۆیی و دەستە جلکێکی زۆر چاکی بۆ خۆی کڕی، نفتو نوێ بووەوە، بۆینباخی بەست، چوو سەروردێنی چاك کرد. لەماڵەوە پانتۆڵەکەی دەبن نوێنەکان ڕادەخست تا دەقی ئوتووەکەی نەشکێ. بەرە بەرە مناڵە ویلایەتی (ویلایەت جگە لە پایتەخت بە هەر شارو بازێڕۆك وگوندێك دەگوترێ.وەرگێڕ)، وەکو ئەفەندیە دیسکۆکانی تارانی لێهات.

چەند ڕۆژنامەیەکی کڕیو لێبڕا لە هەرشوێنێ تابلۆی ڕۆژنامەیەکی بینی سەرێکی لێ بدات. بیانوویەکیشی دۆزییەوە. هاتووە چەند کلێشەیەك کە ئیدی بە کەڵکی وان نەماوە، بۆ ڕۆژنامەی شارەکەیان بکڕێ. یەکەم ڕۆژنامە کە سەرنجی ڕاکێشا، لە تەلارێکی هەندێ ماقولدا بوو بە نێوی "سپێدە". بینایەکی چەند ژووری لە ناوەندی باخچەیەکدا بوو ودرەختانی زەرد هەڵگەڕاو لەبەر تیشکی هەتاودا دیمەنوجیلوەیەکی جوانیان هەبوو، چەند پەنجەرەیەکی گەورە رووەو باخو شەقامەکە دەکرانەوە. پیرەمێردێك لە باخەکەدا خەریکی گوڵەپایزیەکان بوو. چەند سۆرگوڵێك هێشتا خۆنوێنیان دەکرد. قەلەسابونان بەسەر ترۆپکی دارچنارەکانەوە قاڕە قاڕیان دەکرد. ماسیانی سوور لە حەوزێکی تازە ئاوتێکراودا بە کەیفودەماخ دەهاتنو دەچوون. بە دەواندەوری حەوزەکەداو لەسەر گوێسەبانەی دەوری باخچەکەدا گوڵە شەمعدانو ئاوێز ڕەونەقو سەفایەکی پتریان بە باخچەکە دەدا.توتومبیلێکی فۆرد لە پاڵ باخچەکە وەستا بوو و پیاوێکی دەستەباڵا پاکی دەکردەوە. فرود تاقیبی نووسینگەی ڕۆژنامەی "سپێدە"ی لێکرد. یارۆ بە ئامارژەی دەست ڕێی پێ نیشاندا. پیاوێك لە پشت مێزێکەوە ڕۆنیشتبوو ومژولی چەند بەستە ڕۆژنامەیەك بوو، پرسی: "ئەمرێکت هەبوو؟"

فرود سلاوی کردوگوتی: "دەمویست بچمە خزمەتی ئاغای مودور".

"باوەڕ ناکەم ئاغای مودیر کاتی هەبێ پێشتر مەوعیدت وەرگرتبوو؟"

"نە ء، دەمویست چەند کلێشەیەك بۆ ڕۆژنامەی پایەدار قەرز بکەم".

"بە خۆت ڕۆژنامەنووسیت؟"

فرود هێشتا ئەوەندەی جورئەت پەیدا نەکردبوو کە ناوی گەورەوگرانی ڕۆژنامەنووس لە خۆی بنێ، بە دەم مینگەمینگەوە گوتی:

"ئا، بەڵێ، لە ڕۆژنامەدا کارم کردووە".

"دەققەیەك سەبربکە، بەڵکو خانم وەختی هەبێو بتبینێ".

مودور یا خاوەن ئیمتیازو یا هەرناوێکی تری لیٚ دەنەی، ژنێکی سی‌وچەند ساڵە بوو، لە یەکەم نیگاوە بە دیارکەوت کە ئەم خانمە مکیاج کردووە، برۆهەڵگرتووە، یەکێکە لەو رۆشنبیرانەی کە لە هەندەران گەڕاوەتەوەو بۆ مەبەستو ئامانجێك ئەم پۆست و پایەو کورسییەی داگیرکردووە. بۆ چەند دەمێك لە فرودی هەڵڕوانی. لەسەر قەنەفەکە هەڵنەستا، دەستی درێژ کردو گوتی: "فەرموو ئاغا"

بۆ چەند دەققەیەك ئاسمانو رێسمان بێژی کرد، فرودی هێنایە قسە، لە کاروکاسبی پرسی: ئایا ژنی هێناوە، دەزگیرانداره؟ لە کام رۆژنامەو لە کام باژێرۆك‌وشارستاندا کاری کردووە، ئاستی زانیاری وخوێنەواری چیەوچەندە، لە کۆتاییدا پرسی: "چ جۆرە کلێشەیەکت دەویٚ؟"

فرود بیٚ لە رووداما گوتی: "خوێندکاری زانستگەمو دەمەویٚ لە رۆژنامەیەکی سەنگین و بە ئیحتوباردا کاریٚ پەیدا بکەمو دەگەڵ موچەکەمدا پیٚی بژیم". ئەزقەزا مودیرو یان خاوەن ئیمتیاز بە دوای بەردەستێکدا دەگەڕا. خانم پێدەچێت لە گەنجیدا ژنێکی خشیك‌و شەنگوڵ بووبیٚ. بەڵام پیری خەریك بوو دەیدایە سیماو قەدو قەلاَفاتی. بە فەڕاشی بەردەرگاکەو کورسیە زۆرو تاڕادەیەك تازەکانو گڵۆپە جۆراوجۆرەکانەو پەردە رەنگاو رەنگەکانا بۆی دەرکەوت کە لەوەیە لەم باغو خانووەدا نانی ئەو پەیدا نەبیٚ. پێدەچوو ژنێکی دەوڵەمەند، یان کیژی یەکێك لە ئەشرافان بیٚ کە ساڵانێکی لە ئەوروپادا ڕابواردبیٚو شتێکیش فێر بووبیٚو بێهودە هەوەسی رۆژنامەنووسی لە کەللەی دابیٚ. ئەم دامو دەزگایە لە کویٚو دوکانچە پەرپووتەکەی کابرای قەمور لە کویٚ!

فرود چەند هەفتەیەك، بە چاووگوێی کراوەوە لە ژێر چاودێری پیرایە خانم دا کاری کرد. لێرەدا چایو قاوە هەمیشە حازربوو، هەموو جۆرە خەڵکێك کاریان بەم خانمە هەبوو، برایەکەی لە گەورە پیاوان بوو. پاش ئەوەی ماوەیەکی لەو کەش‌و هەوایە دا بەسەربرد، تیٚ گەیی برایەکەی خانم کە هەندێجار دێتە باخچەکەو لەبەر تەلارەکەدا ئوتومبیلەکەی رادەگرێت، تەپڵی وەزارەت لێدەدا. خانم خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەر بوو. جەوادی سوخەنوەر، یەکێك بوو لە نووسەرە ناودارەکانی پایتەخت کە مانگانە مووچەی وەردەگرت، بەڵام جدیکاریو دڵسۆزی ئەو لە کۆکردنەوەو رێکخستنی هەواڵ‌و بابەتانو ڕازانەوەی ستونانی رۆژنامەکەو ئامادە کردنی کەتەلۆك‌و کلێشەو هەڤپەیڤین، ولە هەموو ئەمانەش گرینگتر هەڵبژاردنی ئەو کاریکاتێرانەی کە لە نەیارانی برایەکەی خانمیان دەدا، بیٚ ئەوەی بیانوو بە دەستی دژمن بدات، تەنیا لەبەر خاتری مووچەی مانگانە نەبوو. پێدەچوو بە ئومێدی خواستنی خانمی خاوەن ئیمتیازو چوونە مەجلیس‌و کۆڕی برایەکەی بیٚ.

لێرەدا دوکان‌وبازاڕێکی دی لە گەڕدا بوو. دەهاتن‌ودەڕۆییشتن، فەرمانبەران، بازاڕیو کاسبکاران، خودانکاران، ئەفسەرانی پایەبەرزو بەڕێوەبەرانی گشتی، مامۆستایانو... ئوتومبیل سوارانو هەندێجار پیادەو، هەندێك نیوەشەو لە دەرگا چکۆلەکەی پشت باخەکەوە وەژوور دەکەوتن.

کۆمەدیەکی بچووک، پڕ لە مەشروباتی فەڕەنگی گرانبەهاو پەرداخی جوان جوان بوو، فرودیش بەشێکی لەوانە پێدەبڕا، حەیفێ کە هێشتا فێری مەی خواردنەوە نەبووبوو.

هەرچند، بەیانیو کەڕەتێك، خانم چەند ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزیو فەرەنسی دەگەڵ خۆدا دێناو داخی ئەوەی دەخوارد کە فرود ئینگلیزی باش نازانێو ئامۆژگاری دەکرد هەوڵبدات ئەم زمانە جیهانیە فێر بێ. پیرایە خانم هەموو ڕۆژێ، ئەگەر موراجیع دەرفەتیان بدایە، چەند سەعاتێکی بە خوێندنەوەی پلاڤۆکی بیانیەوە رادەبواردو پاشان بە فارسییەکی شەقو شڕ پاچڤەی دەکردو فرود بە فارسییەکی روونو رەوان دایدەڕشتەوە، پاشان ئاغای سوخەنوەر بۆ ڕۆژنامەی "سپێدە" خانم گوتەنی پێیاندا دەچووەوەو ئامادەی دەکردن.

کار زۆر بوو، هەندێجار فرود تا نیوەشەو لە ڕۆژنامەکەدا دەمایەوە، ئەوسا سەری چاپخانەی دەدا. هەڵبەتە لەم حاڵەتانەدا بە ئوتومبیلەکەی خانمو لەلایەن شوفێرەکەی ئەوەوە بۆ ماڵی وان یان بۆ بارەگاو هەندێجار بۆ ماڵی خۆی دەبرایەوە. بەڵام کە درەنگانێ بۆ نووسینگەو بارەگای ڕۆژنامەکە دەزڤرییەوە دەیبینی چەند ئوتومبیلێك لە باخەکەو لەبەر دەرگادا وەستاونو هەموو گلۆپەکان پێنوشوفێرەکان لە چاخانەکەدا خڕبوونەتەوەو هەندێجار دەنگی پێکەنینو گینگەشەیان دەگاتە باخەکە. لەمو لەو، لە پەیامنێرانی ڕۆژنامەکانی دیکەشی دەبیستەوە کە با بەتو ناوەڕۆکی ئەم ڕۆژنامەیە هەر چەندە لە هەزاروهەندێ نووسخە پتری لێ بڵاونەدەبووەوە، لە کۆڕومەجلیسانولای پیاوانی سیاسیو ڕۆژنامەوانان سەنگو ئیحتوباری هەیە. هەندێجار ئەوەی بەیانی زوو لەم بڵاوکراوەیەدا بڵاودەبووەوە، نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لەلایەن ئاژانسە بیانیەکانەوە بڵاو دەکرایەوە.

خانم هەر زوو بۆی دەرکەوت کە فرود نووسەرێکی سادەوساکارو بێ ئەزموونەو دەشێت بۆ مەبەستو ئامانجی وان بە کەڵك بێ. هانیدا درێژە بە خوێندنی زانستگەی بداتو ڕۆژی چەند سەعاتێکیش کار بۆ ئەوان بکات. ئەو کرێ کەمەی دەیاندایە ژیانی پێ بەڕێوە نەدەبرا. بەڵام فرود شارەزای فەندو فێڵو نهێنییەکانی ڕۆژنامەوانی بوو، فێر بوو چۆن رەفتارو مامەڵە دەگەڵ مەقاماتی دەوڵەتیدا بکات، چۆن شەڕی ئاغایانی بەڕێزو مێملێ لە کۆڵ ئاغای بەڕێوەبەر وخاوەن ئیمتیاز بکاتەوە. لە کوێ دەبێ پارە خەرج بکرێو کاران وەگەڕ بخرێو لە کوێ سەری کیسە توند گرێ بدرێو رەزیلی بکرێ. کاروباری دارایی بە دەستی خودی پیرایە خانم بوو وئینسان هەرگیز هەستی بە تەنگدەستی نەدەکرد. کەسێکی دەستو دڵکراوە بوو، هەندێجار زێدەباری ئەو هەقەی کە بۆ فرود بڕابووەوە، پارەی زیادەشی وێدەدا.

جارێك لە دایەرەی ئینحیسار دزییەکی گەورە کرابوو، بەیانی زوو هێشتا خانم نەگەیی بووە جێ زەنگی تەلەفۆن لێیدا. فرود بە باشی دەنگی برایەکەی خانمی ناسییەوە:

"ئاغای فرود، هەر کە خوشکم تەشریفی هێنا بڵێ با یەکسەر تەلەفۆنم بۆ بکات". هێشتا تەلەفۆنەکەی دانەنابووەوە، خانم وەژوورکەوت،چەند ڕۆژنامەیەکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت، روویکردە فرودوگوتی:

"خەبەری تازە؟"

"هەموو رۆژنامەکان، لەوانە نوچەێن رۆژ، ئەستێرەو ئێوارەی ئەمڕۆ بە دوورو درێژی دەربارەی دزی سیاوەشان لە دایەرەی ئینحیساریان نووسیوە. من خەریك بووم لەبەر رۆشنایی ئەوانە پاشماوەی وتارەکەی دوێنێم سەبارەت بە هەمان بابەت دەنووسی کە ئاغا تەلەفۆنی کرد".
فرود هێشتا لە ژوورەکەی بەڕێوەبەردا بوو کە دانوستان دەگەڵ براکەیدا دەستی پێکرد. یەك دوو کەلیمە قسانیان دەگەڵ یەکدی کردو خانم گۆشیەکەی دانایەوەو گوتی:
"جارێ ئەمڕۆ واز لە وتارەکەی لەمەڕ ئینحیسار بێنە، با بزانین چ دەبێ".
چ دەبێت. ئەو رۆژە فرودیان لە رۆژان زووتر مەرەخەس کرد. فرود شارەزای ئەم حاڵەتانە بوو. کۆبوونەوەی شەوانە گرێ دەدرا، ئاغایان و خانمان دەهاتن و دادەنیشتن و کۆبوونەوەکە بە نۆش نۆش بە زمانی بیانی کۆتایی دەهات و بۆ رۆژی دوایی راگەیەنراوی ئاغای وەزیری دارایی لە پێش هەمووانەوە لە رۆژنامەی "سپێدە"دا بلاودەبووەوەو رایدەگەیاند کە ئاغای سیاوەشان لە هەر جۆرە تۆمەتێك بەدەرە، ئەمانە هەندێك لەو دەرسانە بوو کە فرود لە ماوەی چەند مانگی کارکردنی لە رۆژنامەی (سپێدە)دا فێریان بووبوو.
ئەم گوتارە خودی ئاغای سوخەنوەر نووسی بووی هیچ یەکێك لە کارمەندەکان و بە فرودیشەوە نەیاندەزانی کە کەی ئەم گوتارە دراوە بە رۆژنامەکەو کێ هەڵەچنی کردووە، هەر هەموویان لە رۆژنامەی سپێدەدا خوێندبوویانەوە. دیاربوو کە ئەم ماستە موویەکی تێدایە. سەیر ئەمە بوو کە بلاڤۆکەکانی دیکەش بەردێکیان نایە سەر ئەم باسەو لە تۆ وایە لە دایەرەی تووتندا (ئینحیسار) هەر هیچ شتێك رووی نەداوە. لە هەندێ رۆژنامان‌دا لە دوا لاپەڕەدا باسی شۆرەت و نێوبانگی جۆراوجۆری ئاغای سیاوەشان دەبینرا کە بۆ کڕینی ترومبێل و ئامێرو ئەوزاری یەدەکی کارخانە دەوڵەتیەکان سەفەری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردووەو یان قەرارە بە سەرکونسولی کونسولخانەی ئێران لە دەلهی دابنرێ.
فرود کە بە حوکمی کونجکاوی‌وتاقیبخوازی خۆی فێری ئەوە بوو بوو خۆ لە جێی خوڕان نەدات، لە میانەی قسەکردنیا دەگەڵ سوخەنوەردا یەك دوو جاران ئاماژەی بەم وەشانخانەیە کردبوو و مەبەستیشی ئەمە بوو کە سەردەستەکەی خۆی تێبگەیەنێ ئەوەندەش گێلەپیاو نیە، ئەگەرچی نەزانە بەلام کەودەن‌وگەوج نیە. ئەمە بووە باعیسی ئەوەی کە رۆژێك ئاغای بەشیر کە لە سنووری دایەرەکەدا (بارەگای رۆژنامەکە) هەمووان بە ئاغایان ناودەبرد، لە حوزوری پیرایە خانمدا ئەوی بۆ هۆڵەکە بانگ کردو زۆر بە گەرمی پێشوازی کرد. ئاغای بەشیر لەسەر کورسیەکی کەنار مێزێکی نزم هەستا، دانوییەوەو دەستی بەرەو فرود کە هێشتا چەند شەقاوێك بەینیان بوو درێژ کردو بەرەو قەنەفەیەکی نەرمی کێشاو لە تەنیشت خۆیەوە دای نیشاند.
ئاقای بەشیر پیاوێك بوو بالا بەرز، بەداروبارو قۆز، گورج و چەلەنگ و روو بە خەندە، برۆ چڕوپڕو چاو رەش، رواڵەتێکی ئارام و سەنگینی هەبوو، دەیتوانی بە چەند قسەیەك کەش و هەوایەکی گەرم‌وگوڕ دەگەڵ هاونشینانی خۆیدا فەراهەم بکات:
"زۆرم حەز دەکرد بتناسم، بە بەردەوامی نووسینەکانت دەخوێنمەوەو هەندێ لەو هێماو ئامازانەش کە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و باوەڕە شەخسیەکانی خۆتن، سەرنجیان راکێشاوم".

دەرفەتی نەدەدا کە فرود شتێك بڵێ‌و یان سوپاسی بکات. ئەو پێشخزمەتەی کە چای هێنا عەرزی کرد: "ئاغای بەڕێوەبەری نووسینگە فەرموویان گۆشیەکە هەڵگرن، یەکێك کاری پێتان هەس".

"ببورە ئاغای فرود، مووی لوتە..."

لە تەلەفۆنەکەدا گوتی: "عەرزی بکە تا نیو سەعاتی دی بە خزمەتیان مشەڕەف دەبم". و گۆشییەکەی دانایەوە.

"ببورە ئاغای فرود، من هەڵبەتە ڕێزم بۆ بیروبۆچوونەکات هەیە، خۆشبەختانە ئێمە خەریکین بناغەو پایەی دیموکراتیەتێك دادەڕێژین‌و ئەمەش تەنیا بەوە دێتە دی‌و مەیسەر دەبێ کە فرە هزری‌و ئازادی فەردی‌و دەستەجەمی نەشونما بکات..."

بە بۆچوونی فرد ئەم هەموو ڕاوە ڕێوی‌و پێشەکیانە بۆ ئەمە بوو کە شتێك لە دەمی دەرپەڕێ‌و مەبەستە بنەڕەتیەکەی خۆی بڵێ. فرود لە سەرەتادا هیچی لە درکەو کینایەکانی ئەو هەڵنەهێنجا. بەڵام بە زاراوەی (پرتەقاڵفرۆش) دڵی خەبەری دا کە لە کوێ دەدا، زۆری نەبرد کە ئاشکرا بوو چەند شتان وردەکاتەوە. فرود ڕووبەڕووی نموونەیەکی تەواو عەیاری دەوڵەتڕانانی ئێران بوو. ئەمانە لە ناخ‌و نیهادا بێ ڕەحم‌و زبرو خوێنخۆرو لە رواڵەت‌و ڕوودا ناسك‌و میهرەبانن.درۆی مەسڵەحەت ویردی سەر زاریانە، لە گوتنی ڕاستی فیتنە ئەنگێزیش کۆناکەنەوە. فرود کە دڵنیا بوو لە هەموو وردودرشتێکی کارەکانی ئاگادارە، ترسا:

"من ڕێزم بۆ باوکتان هەیە، بە خزمەتیان نەگەیشتووم، بەڵام لە هەموو شوێنێ یادی بە خێریان دەکرێ.لەپڕ لە جێی خۆی هەستا، دەستی بە گیرفانی چەپی پانتۆڵەکەیدا کرد، بوتڵێکی ئامال زەردی لە کۆمەدیەکی بچووك دەرهێنا. پەرداخێکی بۆ خۆی تێکرد. خوشکەکەی کە رۆژنامەکانی هەڵدەداوە خوڵك کرد، ڕوو لە فرود گوتی:

"تۆ حەزت لێیە بۆتان تێکەم".

فرود وەڵامی دایەوە: "ببورە، من ناخۆمەوە".

"بە هەر حاڵ هەر گاڤێ مەیلت لێ بوو ئەم کۆمەدیە بۆ تۆ کراوەیە".

تەنیا یەك ئاماژەی فرود کە من ئەندامی هیچ گروپ‌و کۆمەڵەیەك نیم، وای لێکرد هەرچی لە دڵدایە هەڵیڕێژێتە ئەو گۆڕە:

"ئاغای فرود من دەزانم تۆ هێشتا ئەندامی هیچ حیزبێك نیت، هێڤیدارم کە هێزو بەهرەو تواناو هۆش‌و گۆشی خۆت لە ڕێگەیەکدا بخەیە کار کە بە قازانجی وڵاتەکەتان بێ. ئێمە لە گەمەکانی زانستگەش بێ ئاگا نین. ئەوەندەی کە من ئاگادارم تۆ تەمەشاڤانێکی بێ لایەنی، بەڵام بێ لایەنی تا سەر نابێت، دەترسم تۆش ڕاکێشنە مەیدان. هەر هەموو ئەم ئاشوب‌و جەنجاڵ‌و ئاژاوەیە لە ژێر سەری ئەم گروپەدایە کە لە زندان هاتوونەتە دەرێ، دەگەڵ ئەو پرتەقاڵ فرۆشانەدا کە ڕوسەکان لە مێژە بۆ ئەم ڕۆژەیان دانابوون.

"ببورە ئاغای بەشیر، من هیچ پەیوەندییەکم بەم حیزبەوە نیە".

"دەزانم ئاغای فرود، بەڵام لە ماوەی ئەم دوو سێ مانگەدا کە پێکەوە کارمان کردووەو من شانازی بە هاوکاری تۆوە دەکەم، ئەوەم لە بۆچوونەکانتەوە هەڵێنجاوە کە خۆیان گوتەنی لایەنگریت. لە شارەکەی خۆشتاندا چالاکیت کردووە".

"جەنابی ئاغای بەشیر، من تەنیا شەوێك لە کۆبوونەوەیەکدا بەشداریم کردووە کە نەمدەزانی شەقڵی حیزبی هەیە"

"ئەوەندە بەسە ئاغای فرود، شەوێك بەسە تا پیاو بۆ هەمیشە گیرۆدە ببێ‌و تێوە بگلێ، ئاغای فرود، من لە جێی بابی تۆم، حەزم لێیە بێ پەردە قسان بکەین، بەندە کەسێکی دیموکراتم، لایەنگری مۆدێرنیتەو پێشکەوتن، بەڵام پێشکەوتن‌و ئازادی‌و عەدالەت تەنیا بۆ چینی بژاردەو خۆشگوزەران بە سوودە نەك بۆ هەمووان. واوەیلا بۆ ئەو ڕۆژەی کە سەرکوێران‌و هەژاران، و دۆستەکانی تۆ گوتەنی پرولیتەکان چاوو گوێ بکەنەوەو کۆسپ‌و لەمپەران بشکێنن، هەر هەموو ئەوەی کە ئێمەی ڕۆشنبیران‌و ئازادیخوازان لە ماوەی ساڵانێکی دووردرێژدا دروستمان کردووە، وردوخاشی دەکەن. هێزێکی گەورە لەم سیسەڵەو چرچەڵە نیوە برسی‌و هۆڤیانەدا پەنهانە، خوانەکا ڕۆژێ لە ڕۆژان بجمێ. ئەمانە تەنیا بۆ ئەوە باشن کە لە هەنبەر دژمنی بیانیدا فەوت و فەنابن‌وبکوژرێن. هەخامەنشیان بەم هێزە دنیای ئەو ڕۆژگارەیان گرت، سەفەویەکان بە هەمان هێز جڵەوی ترکەکانیان گرت‌و نەیانهێشت ئاسیا فەتح بکەن. هەژاریان، نەزانیان، زەبوونی‌و زەلیلیان، گوێڕایەڵیان سەرمایەی ئێمەی منەوەرانە. ئەمانە دەبێ بە دەقی خۆیانەوە وەمێنن، بەسەر مۆری بمێننەوە. بچنە مزگەوت‌و زیارەت، سینگ بکوتن‌و قەمە لە خۆ بدەن، نوێژ بکەن، ڕۆژوو بگرن، عەرەق بخۆنەوەو خۆمار بن، سفرەی حەزرەتی فاتیمە ڕابخەن‌و جنێوی خۆشك‌ودایك بە یەکدی بدەن. خودا نەکات گەداو سواڵکەران ئیحتوبار پەیدا بکەن، تا گەوجتر، خۆپەسندتر، لاسارترو بێعارترو گوێڕایەڵتر بن باشتر، ئا ئەمانەن دۆستەکانی تۆ..."

فرود بە ئامارژەی سەر ئیعترازی لە زاراوەی "دۆستەکانی تۆ" گرت‌و ئاغای بەشیر لە سەری ڕۆیی:

"ببورە، ئەم ئاغایانە هاتوون ئەمانە بێدار بکەنەوە. پیاو دڵی تێك هەڵدێ کە دەژنەوێ فلان پرتەقاڵفرۆش کاندیدی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانە. ئەم ئاغایانە پەند لە مێژووش وەرناگرن.هۆی ناکامی مەشروتەی ئێمە کە ڕەزاخان قوزاقی هێنایە سەرکار ئەمە بوو کە خەڵکانی وەکو صنیع الدوله دەگەڵ بە قاڵ‌وچەقاڵاندا لە دەوری یەك مێز دادەنیشتن‌و گفتوگۆیان دەکرد. ئەگەر هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە بیانکێشایە بەدەم‌و فلقی سەڕاف‌و زەڕابدا، ئەم بیست ساڵە بەرۆکمانە نەدەکەوتە دەستی ئەم پێ پەتی‌و لینگ رووتانە، ئەمە واقیع‌و حەقیقەتە ئاغای فرود. واقیع لە ویستی من‌و تۆ بەهێزترە. هەڵبەتە دەڵێیت: ئەدی دادوەری‌و ئازادی‌و برایەتی‌و یەکسانی‌و یاسا ئەخلاقیەکان بۆ چیە؟ ئەمانە تێکڕا بە مەبەستی کردنەوەی ڕێگەی بەختەوەریە، ئاخر چ دادوەری‌و عەدالەتێك لە نێوان پرتەقاڵفرۆشێکی باکۆیی کە هڕ لە بڕ ناکاتەوەو خەڵکانی وەکو تۆو من بە قەراردەکرێ. گەورەترین خیانەتی ئەم ڕۆشنبیرە چەپانە پێ بحەسن یان نا، ئەمەیە کە نەك هەر زمانی ئەم زەبوون‌و زەلیلانە دەکەنەوە، بەڵکو گەرەکیانە جڵەوی کاروباری

کۆمەڵگەشیان بدەنە دەست.ئەمە چەکێکە کە لە ئەنجامدا دژی خۆیان بەکار دەبرێت. ئازادی، یەکسانی، برایەتی تەنیا بۆ تۆو منە. ئاخر ئەمە چ ئەقڵێکە کە ئێمە ئەمڕۆکە دەردو ڕەنج و بەدبەختی و برسیەتی بکێشین بەو ئومێدەی کە لە ئایندەدا بەهەشتی بەرینمان بۆ فەراهەم دەبێت. بڕوابوون بە ئاینده یانی چی؟ یانی کوێرانە دڵ بە شتێك خۆش بکەی کە بوونی نیەو ڕەنگیشه هەرگیز نەیەتە ئاراوە. ئاخر کێ لە پێغەمبەران سەرکەوتوون و بە ئاوات گەیشتوون تا چەپەکانی ئێمە سەربکەون..."

ئاغای بەشیر پتر لە یەك دانە سەعات قسەی کرد. دوو پەرداخ کۆنیاکی خواردەوە، چاوەکانی سوور هەڵگەڕان، بە ڕادەیەك هاڕوژابوو کە گوپی چەپی جار جاریّ بۆ سەرەوەوە پلی دەدا. پیرایە خانم بەو هەنجەتەی دەخوازێت پێکێك بۆ خۆی تەژی بکات، هەستاو قاپە کۆنیاکەکەی هەڵگرت و ئاماژەی کردیّ کە بەسە.

"زۆرم حەزدەکرد پتر قسانت دەگەڵ بکەم، حەیفیّ کات درەنگە، شەوێك تەشریف دێنیّیە ماڵی بەندەو زیاتر گفتوگۆ دەکەین".

ڕابوو. بە توندی دەستی فرودی گوشی وخودا حافیزی لێکرد، سوار بوو ورۆیی.

فرود بۆی دەرکەوت سەروسەختی دەگەڵ چ کەسانێکە. یەکسەر پەی بە لاوازی خۆی برد. دەبیّ تا زووە سیپاڵی خڕکاتەوەو خۆی دەربازبکات.

لەم ڕۆژنامەیەدا هەرگیز ناوی دەستوەردانی بێگانان لە کاروباری ئێران نەدەبرا. لە تۆ وایە تەنیا ڕوسەکان ئێرانیان داگیرکردووەو هێزی ئینگلیزوئەمریکا هەرگیز پێیان نەناوەتە خاکی وڵاتی ئێمەوە. فرود تەنیا سیّ هەیڤ و دە ڕۆژان لەم ڕۆژنامەیەدا کاری کردو بۆی دەرکەوت کە ڕۆژنامەوانی و پرەنسیپی ئەخلاقی و جیهانیبنی زڕخوشکانێکن کە هیچ کاتێك پێکەوەیان ناکریّ.

ئەمە بۆ فرود شکستێکی دیکە بوو، بەڵام دەوامی زانستگەی هەر دەکرد، شکست؟ نە، ئاقڵ بوو. تیّ گەیی دنیا لە دەستی کێدایە. کاروباری دەوڵەتی چۆن دەشکێتەوەو چۆن کۆتایی دیّ، کیّ جڵەو ڕادەکێشێت و کیّ بەری دەدا. ڕۆژنامەنووس چ دەورێکی هەیە. نابیّ بەبیّ پشتیوانە کار بکریّ. سەرکێشی وگەردنکەشی هیچی لیّ شین نابیّ. ئەمانەی کە لەو سەرانە دانیشتبوون، هەر حیساب بۆ ئەم قسانە ناکەن. قسەی ڕۆژنامەنووسان سەدی بە پولێکی قەڵبە، دەبیّ بڕوات، تالان بکات، بڕفێنیّ و ئەولاتریش. ئەمە پەندێك بوو کە فرود لە خانمی ڕۆژنامەنووس و براکەی و ئاغای سوخەنورەوە فێری بوو.

ناونووس لە کۆلیجی مافدا، بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ، فرودی پتر مەفتون دەکرد. لاوان لەوێندەر ئازادانەتر باسی مەسەلەکانی ڕۆژیان دەکرد. ئاغا موعەلیمێك نەبوو کە لە سەرۆکی شارەبانی و مێجەر ڕاس بترسێت. یارونەیار دەکەوتنە گیانی یەك. هەرکەسەو بە شان و باڵی حیزبێکیدا هەڵدەگوت. هەندێجار کار دەگەییە قەرقەشە. گفتوگۆو باسان لە ماڵەکاندا بەردەوام دەبوو. لەوێدا زیاتر هاوبیران و یاران کۆدەبوونەوە.

رۆژێك فرود له شەقامەكەی پشتی زانستگەوە لە پڕ تووشی نێرگز بوو. بووبوو بە خوێندكاری ساڵی دووەمی پزیشكی. لە جاران خشیكتر بوو، بسكە رەشەكانی بە پشت گوێیدا شانە كردبوو، پەرچەمەكەی بەسەر هەنیەیدا سەمای دەكردو جیلوە فرۆشی دەكرد. پاڵتۆیەكی پایزەی تەنگی مۆدی رۆژ بە ژنی باریك‌و زراڤی هێندەی دی بەرجەستە دەكرد. هەڵوەستەیەكی كرد. لە جوڵە وەستا. وێنای نەدەكرد كە دیتنی كوت‌وپڕی نێرگز بەم رادەیە بەنجی دەكات، هیچ بە بیریا نەهات كە خۆی لێ نەبان بكات‌و بە دووی كاری خۆیدا بڕوات. دەیویست ئاشنایەك، كەسێك پەیدا بكات‌و پیاسەیەكی دەگەڵدا بكات. بەڵام لەسەر شۆستەكە وێستاو دەستی بە دار ئاقاقیایەكەوە گرت‌و چاوەڕوانی كرد تا نێرگز بیدینێ. دڵنیا بوو كە نێرگز هاوڕێكانی بە جێدێڵێ‌و بەگەڵ ئەو دەكەوێ. دەگەڵ دوو كیژی دی‌و كوڕێژگەیەكی چاكەت لەبەری یەخە داخراودا، خەریك بوو بە لای ئەودا رەت بن. لە بەینی خۆیانا گێنگەشەیان بوو، بە دەنگی بەرز قسانیان دەگەڵ یەكدی دەكرد، یەكێكیان بە نێرگزی گوت: "بڕوانە چۆن چاوی بڕیوەتە تۆو دەخوازێ بە نیگاكانی بتخوا."

"كێ دەڵێی؟"

"ئاوڕی پاشەوە بدە، خەریكە بە دووتا دێت".

گوتی: "چەند فزوڵی‌و لاپرەسەنن؟" و ئاوڕی دایەوەو فرودی بینی. لە هاوڕێكانی جیا بووەوەو بەلەز هاتە پێشی‌و دەستی كرد بە قۆڵیداو گوتی: "چەند شیك بووی؟ ئینسان نات ناسێتەوە".

فرود هەستیكرد كە میناكی جاران پەردەیەكیان لە نێواندا نیە. سەراپای حەزو پارێزكارییەكانی رابردووی بیرچوونەوە. ئێستاش هیچ جۆرە هەڤركی‌و ركابەرییەك لە ئارادا نەبوو.

"من شیك بووم؟ تەماشای خۆت كردووە چەند خشیك بوویت."

"ئا.. جوان بووم؟ ئێستا ئەو شتانەش دەبینی؟ وام دەزانی حەز لە من ناكەی".

"كێ قسەی وای كردووە؟ كێ گوتوویەتی من حەز لە تۆ ناكەم؟ ئەگەر حەزم لێت نەكردبا ئەوەندەم ئەزیەت نەدەدای، خۆشیشم ناوێی، بەڵام ئەگەر ماقول بیت‌و نازونوز نەكەی ئامادەم پێكەوە بڕۆین لە كافەیەكدا دانیشین‌و تۆزێك قسان بكەین".

"لوتفی خۆتە.."

"گەرەكتە بۆ كوێ بڕۆین؟"

"هێدی هێدی بە پێیان بڕۆین تا دەگەینە كافەی نادری".

كەوتنە رێ، فرود دەستی ڕاستی خستە ژێر بازووی نێرگزو وێڕای ئەوەی زۆری دڵ پێوە بوو لە نزیكەوە تەمەشای دەموچاوی بكات، زاتی نەكرد، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی هاوڕێكانی چەند هەنگاوێك لە نوای ئەوانەوە دەڕۆیشتن‌و كوڕێژگەكە هەرسا نا ساتێ ئاوڕێكی دەدایەوەو چاودێری دەكردن. بەڵام نێرگز هەر باكی بەو نەبوو هەمیشە لەلاوە نیگای فرودی دەكردو پێدەكەنی‌و هەزار پرسیاری بەسەر زارو لێوەوە بوو ونەیدەزانی لە كوێوە دەست پێبكات. كوڕە جیران خەریك بوو گەورە دەبوو، دەبوو بە پیاو. قات‌و بۆینباخ شێوەیەكی پێ بەخشی بوو كە تەسەور نەدەكرا.

دوو ساڵ گەورەتر بوون ئەو بایەخەی جارانی نەبوو. ئاغای فرود ئێستا بووبوو بە رۆژنامەنووس. دەگەڵ پیاواندا هاتوچۆی هەبوو. لە بەدریو مونیرەی بیستبوو کە حەزناکات لە رۆژنامەی "سپێدە"دا کار بکاتو لە کارێکی دی دەگەڕێ.

نێرگز حەزیدەکرد گرێی دڵی بکاتەوەو هەرچی لە دڵدایە بیڵێ. دەربارەی زانستگە، گێنگەشەی نێوان خوێندکاران، دەربارەی ئەوەی کە هەندێکیان دەیانەوێ بە زۆر بنیادەم لە سیاسەتەوە بگلێنن. بە زۆر رۆژنامە بە بنیادەم دەفرۆشن، سەر دەکەنە سەری بەشەر، لێ زاتی نەکرد. شەیداو شیفتەی ئەو ساتە بوو کە رێکەوت بە نەسیبی کردبوو:

"تۆ لە کەیەوە لە زانستگەی؟"

"لە کوێ دەزانی کە من لە زانستگەم؟"

"دەزانم، مونیرەوبەدریوخەڵکی دیکەش نامەم بۆ دەنووسن. دەزانم کە لە رۆژنامەیەکدا کارت دەکرد، هەندێجار رۆژنامەی "سپێدە"م دەکڕی جارێك ناوی تۆم لە ژێر شیعرێکدا بینی، خەیاڵ نەکەی هەمیشە تاقیبت دەکەم".

نێرگز کەمو زۆر ئاماژەی بەوە نەدا کە نامەونامەکاری دەگەڵ فەیروزیشدا هەیەو زۆربەی زانیاریەکانی لەمەڕ فرود نەك لە مونیرەو بەدری بەڵکو لە فەیروزەوە وەردەگرێت، نێرگز چەندی حەز لێبوو دەگەڵ فرودا باسی فەیروز بکات، دەیویست گلەیی لێبکات بۆچی فەیروز لە سیاسەتەوە دەگلێنی؟ دەترسا بە روویا هەڵشاخیو بڵێ تو هەقت چیەو بۆ خۆت لە کاری خەڵکی هەڵدەقورتێنی؟ چ پەیوەندییەکت بەوەوە هەیە؟ نەیویست ئەو چەند سەعاتەی کە پێکەوە دەبن بشێوێنێ. دیدارەکە دۆستانە دەستی پێکرد، پەرچە کرداری "خەیاڵ نەکەی هەمیشە تاقیبت دەکەم" ئەمە بوو کە پرسی:

"ئەدی بۆ نەهاتیە سۆراغم؟"

"دەترسام دیسان بە رووما هەڵشاخیتو ئەزیەتم بدەی"

"نە بابە، خۆ لەماڵەوە نین تا شەڕبکەین".

هەردووکیان زۆریان پێ بوو کە بە یەکتری بڵێن. بەڵام خەمی ئەوەی کە نەبا یەکدی بڕەنجێنن کردیە کارێك زمانی خۆبگرن. پاش ئەوەی کەمێکیان رێکردو هەر یەکەیان ژێراوژێرو بە دزییەوە نیگایەکی ئەوی تری دەکرد، نێرگز پرسی:

"چۆن لەم رۆژنامەی سپێدەیەدا کارت پەیدا کرد؟"

فرود زمانی کرایەوە:

"رۆژنامەکە هی ژنێك بوو لە هەندەران گەڕابووەوە،ژنێکی میکاچباز بوو..."

نێرگز گوێی لە قسەکانی ئەو نەدەگرت: فرود خەریکە گەورە دەبێ، دەبێتە پیاو، سمێڵی بۆر کردووەتەوە. چەندی حەز دەکرد سەری قامکی پێدا بێنێ تا بزانێ وەکو سمێڵی بابی زبرە یان نا. چاکەتەکەی لێدەهاتو لە تۆ وایە بۆ ئەو دورا بوو. حەیفێ پانتۆڵەکەی تۆزێ کورت بوو و گۆرەویەکانی دانەدەپۆشی. چەند دەقیقەیەك شان بە شانی یەکدی رێیان کردو ئەنجام نێرگز پرسی:

"ئەمساڵ حاجی ئاغا سەفەری نەکرد".
"نە، تۆ لەوێ نەماوی تا چاودێری‌وسەرپەرشتی بەدری‌و مونیرە بکەی".
"ئیدی پێویستیان بە چاودێر نیە، بەدری بۆ خۆی بووە بە کەیبانۆیەکی تەواو."
کەمێك بێدەنگ بوون‌و بەرەو کافەی نادری درێژەیان بەرێی خۆ دا. بەفر توایەوەو دڵان کرانەوە، شەقامەکان قەرەباڵغ بوون‌و کافەکان پڕ لە خەڵکی. سەربازانی بیانی رژابوونە هەموو شوێنێکەوە. ئاوێکی لێڵ رووباری کەنار شەقامەکەی پڕکردبوو.ژنانی بەڕەڵڵا بە دووی مشتەریدا دەگەڕان‌و تا کوچەوکۆڵانەکانیان دەبردن‌و لەوێدا سووکی‌و بەدزییەوە دەیان خستنە تاکسی‌و جێبی سوپاییەوەو بڕۆ.
نێرگز گوتی: "لە کافەی نادری دا جێمان دەست ناکەوێ. ئێرەش شوێنێکی خراپە، کێوە بچین؟".
دنیا خەریك بوو تاریك دەبوو. فرود پێشنیازی کرد:
"با بڕۆین بۆ میوانخانەی قەسر، لەوێ شیڤ بخۆین."
"ئۆ، چیە پارەو مارەیەکت کۆ کردووەتەوە؟ دیارە لە رۆژنامەدا شتێ متێکت دەست دەکەوێ."
"نە، هیچم دەست ناکەوێ، ئیدی ناچم بۆ ئەوێ".
"کەواتە حاجی ئاغا پارەت بۆ دەنێرێ".
"لە کوێ؟ ئەو هەر ئەوەندەی هەیە بیدا بە هەقی سەفەرا، هەموو هۆش‌و گۆشی لای ئەمەیە کەی جەنگ تەواو دەبێ تا دیسان خۆی بگەیەنێتە نەجەف‌و کەربەلا. بە تەمایە دوای جەنگ لە کەربەلاوە سەفەرێك بۆ بەیروت بکات‌ونەفەسێك تازە بکاتەوە.
"چی بکا بەستەزمانە؟"
هەرگیز ئەم جووتە بەو گەرم‌و گوڕیە بە دەم گفتوگۆوە پێکەوەیان نەکرابوو. وەکو دوو دۆستی کۆن دەردەدڵیان بۆ یەکدی کرد. فرود کورتەیەکی لەمەڕ ژیانی خۆی لە رۆژنامەی "سپێدە"دا گێڕایەوە. ئەگەر کەسێکی گێل بوایەو چاووگوێ کراوە نەبووایە، زۆر بە ئاسانی دەیتوانی پارە بە دەست بێنێ. زۆر بە ئاسانی دەیتوانی خانم‌و برایەکەی بخاپێنێ، دەگەڵ ئاغای سوخەنوەردا شەریك بێ‌و بەبار بدزێ. سوودی ئەم چەند مانگە کارە بۆ ئەو سەرباری لایەنە مادیەکەی کە توانی خەرجی چەند مانگێکی ژیانی خۆی دابینبکات ئەمەیە کە تۆزە ئینگلیزیەك فێر بووەو حەزی لێیە ئەم زمانە تەواوبکات. ئاواتی ئەمەیە کە ئینگلیزی‌و فەڕەنسی بە ئەندازەیەك فێر بێ کە بتوانێ کتێبان وەخوێنێ‌و لێی تێبگات.
نێرگز قسەوباسی هێنایەوە سەر پیرایە خانم: "لە کوێ هاتووەتەوە؟ ئەگەر لە هەندەران‌و فەڕەنگ بووە چی خوێندووە؟"
"من ئەمانە نازانم، ئاگاداری هیچ نیم، لە برایەکەیم بیست کە لێی قەوماوە، هەر کەسێك رەنجەڕۆ دەبێ "چەپ" بێ، لەم‌و لەوم پرسی، گوتیان: شووی هەبووەو تەڵاقی وەرگرتووە. دەڵێن بابی لە قوربانیەکانی رەزاخانە. دوای ئەوەی بابی بەرغەزەب کەوتووە لە زینداندا دەرمانخواردیان کردووە. مێردە لەم ژنە جیابووەتەوەو نامەی بۆ ناردووە کە باب‌و باپیرانی ئێمە هەموو

خزمەتگوزاری شاهان بووین‌و ئەمێستا ئەو تەحەمول ناکات کە ناوی پڕ شانازی چەند سەد ساڵەی ماڵباتێك بلەوتێ. زۆر شتی تریان دەگوت کە من لە یادم نین."
"گوایە "چەپ"یشە؟"
"نە بابە، چەپی چی، وڕاستی چی، دێت رۆژنامە فەڕەنسی‌و ئینگلیزییەکان دەخوێنێتەوە، قسان دەگەڵ ئەم‌و ئەودا دەکات‌و سواری ئوتومبیلی برایەکەی دەبێت‌و بۆ ماڵ دەڕواتەوە".
"هەموو کاری رۆژنامەکە تۆ دەتکرد؟"
"نە گیانم. سوخەنوەر هەمەکارە بوو. هەر ریایی‌و مەرایی دەکردو پێدەچوو بە تەمابێ لە رێگەی خواستنی پیرایە خانمەوە شتێك بە شتێك بکات‌ودەوڵەمەند بێ، من‌و ئەوانی دی تەنیا شاگرد بووین. هەندێجار تا نیوەشەو رەنجمان دەدا بەڵکو رۆژنامەکە دەربچێت."
نێرگز، باسی ئەو گرفتانەی دەکرد کە لە ژیانی خوێندکارییدا هەی بوون. کوڕان زۆر رووداون. بۆچی دەتوانێ بەم شێوەو شەکڵەوە بچێتە دەرسەوە یان بچێتە هۆڵی تۆێکارییەوەو بۆن لە خۆی بدات. دەستبەرداری بنیادەم نابن. تەنانەت لە شۆخی‌وسوعبەتی بازاڕی‌و بێ تامیش نا پرینگێنەوە.جگە لەم منالبازاڕەش، کار لە زانکۆدا وەختگیرە، ئینسان هەر رۆژەی رووبەڕووی وەزع‌و حاڵێکی تازە دەبێتەوە. بەر لەوەی ئەم ماڵە تازەیەی پەیدا بکات لەلای خانەوادەی ئاغای ترشیزی بووە. ئاغای ترشیزی ئەمڕۆ مامۆستای زانستگەیەو دەرسی فیقهو عەرەبی دەڵێتەوە. دەگەڵ حاجی ئاغاوبابیا لە قوم تەڵەبایەتی کردووەو دەگەڵ ئەواندا لەلای ئاخوند مەلا شەریف لە نەجەف خوێندنی خۆی تەواوکردووەو بەکالۆریسی لە مەعقول‌ومەنقول-ش وەرگرتووە. بەختی هەبووەو ژنێکی خانەدانی بە نسیب بووەو لە ئەنجامدا توانیویەتی کورسیەکی زانکۆ وەربگرێت‌و پڕ بکاتەوە. خانەوادەیەکی باشن‌و تا ئێستا هەموو کاتێ بەوپەڕی میهرەبانی مامەڵەیان دەگەڵ نێرگز کردووەو لە ژینگەی زانکۆدا یارمەتیان داوە. ژیانی ئەو ئەمەیە.داوای لە هاونشینەکەی کرد کە زیاتر دەربارەی ئایندەی خۆی قسان بکات.
فرود باسی ئەو ئەزموونانەی کرد کە لە ماوەی ئەو چەند مانگەی کارکردنیا لە رۆژنامەی "سپێدە" بە دەستی هێنابوو. دەربارەی رووداوەکانی قۆناغی بیست ساڵەی رابردوو، دەربارەی دانی ئارارات بە ترکان، دەربارەی ئەمەی کە دەرامەتی نەوت دەچێتەوە کیسەی چەکفرۆشان، دەربارەی وشکە ساڵی لەسیستان‌و دەربارەی کەمی بەروبوومی کشتوکاڵی،دەربارەی ئەو سەروەت‌و سامانە مۆڵەی کە هەندێك بە دەستیان هێناوەو دەربارەی ئەم جۆرە بابەتانە نە کەس هیچی دەگوت‌و نە کەسێك بوێی هەبوو لە رۆژنامەکەدا ئاماژەیەکیان بۆ بکات. لەبەر ئەمە فرود نەیتوانی لەبەردەستی ئەمانەدا کاربکات. ئاخر بنیادەم ناتوانێ بەهرەو توانای خۆی بەم ئاسانیە بفرۆشێت.
نێرگز حەزی لەم بابەتە سیاسیانە نەبوو. حەزیدەکرد زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی کوڕە جیرانەکەیان بە دەست بێنێ: لە کوێ دەخوێنێ؟ لە کوێ ماڵی گرتووە؟ دڵی بە خوێندنەکەی خۆشە یان پەشیمانە؟ چ لقێکی هەڵبژاردووە؟ دەیەوێ ببێ بە قازی یان وەکیل، یان ئیداری؟ فرود بە شێوەیەکی کاتی لە ماڵی هاوشارییەکی خۆیدا میوانە. تا ئێستا دوو سێ جار جێی

گۆڕیوە، دەخوازێ ئەگەر رێك بكەوێ لە نزیكی زانستگەدا ژوورێكی بچووك لە ماڵێكا یا حوجرەیەك لە قوتابخانەیەك یا مزگەوتێكا پەیدا بكات. كەلهوڕ لە تارانە، هەندێجار یەكدی دەبینن. هێشتاش هەر حەزی لە رۆژنامەنووسییە بەڵام تانهو هیچ كارێكی نەدۆزیوەتەوە. هەڵسوكەوتی زیاتر دەگەڵ ئەو هاوشاریانەدایە كە لە تارانن. هێشتا دەگەڵ خوێندكارانی تارانی دا ڕانەهاتووەو دۆستایەتی دەگەڵ ئەوانەیاندا كە دەماڵی داك و بابیان دەژین گران تەواو دەبێ. مەجبورنین هەر دراوێك چەند جارێك ئەم دیوو ئەو دیوبكەن ئەوجا خەرجی بكەن. خەڵكانی میناكی فرود دەبێ حیساب بۆ هەر ریاڵێكیان بكەن، نابێ چاو لەوان بكات. كتێبیش زۆر گرانە، ئیدی كتێبخانەكەی ئاغا موعەلیم لەبەردەستدا نیە كە پیاو هەموو كاتێ بتوانێ كتێبێك دەربێنێ و وەیخوێنێ. نازانێ چ كارێك هەڵبژێرێ، زۆربەی خوێندكارانی ماف حەزدەكەن ببنە وەكیل.*(وەكیل ئەو پارێزەرانەن كە بە پارە سەرپەرشتی ئیشی دادخوازان دەكەن...وەرگێڕ). چونكە ئەم لقە پارەی باشی پێ دەردێنرێ. بەڵام فرود ئەهلی ئەم قسانە نیە. چی دەبێ با ببێ. هێشتا بڕیاری نەداوە لە حیزبێكدا یان گروپێكدا بەشداری بكات.

بەكاوەخۆ گەیشتنە میوانخانەكە. فرود بە نەزاكەتەوە كورسیەكەی نێرگزی لە مێزەكە هێنایە دواوە، ئەوی دانیشاندو ئەمجا بە خۆی دانیشت. كیژێ زۆری پێ سەیر بوو، چاوەنۆڕی ئەم جۆرە میهرەبانیە نەبوو لە فرود.

پێكڤە شیویان خوارد، نێرگز پرسی: "حەز دەكەی ناوە ناوە یەكدی بدینین".

"ئەگەر تۆ قاییل بی چ قەیدییە."

لە سوچێكی تری میوانخانەكەدا چەند خوێندكارێك دانیشتبوون و تەماشای ئەوانیان دەكرد. یەكێكیان نێرگزی ناسییەوەو لە دوورەوە، بە چاو وئاماژە سڵاوی لێكرد. ئەوجا هاتە لایانەوەو پرسی: "ئێمە ئەمشەو دەچینە ڕەقسی. دەگەڵمان نایەی؟"

نێرگز سەری لەقاندو رووی كردە فرودوگوتی:

"چی بڵێم؟ زۆریشم حەز لێیە".

"چما ئەهلی سەماو هەڵپەڕكێشی؟"

"جار جار حەزی لێدەكەم، بەڵام زۆرنا، خراپ نیە ئینسان ئەم ژیانەش تاقی بكاتەوە".

"ئێستا ئەمانە ناڵێن ئەم كوڕەت لە كوێ هێنا؟"

"یەكەم هیچ پەیوەندییەكی بەوانەوە نیە، دووەم خوێندكاران ئەوەندەش كۆنەپەرست نین و سێیەم بە هەر هەموویان دەڵێم كە تۆ هاوشاری و كوڕە جیرانی ومن پێویستم بە ئاموچیاری كەس نیەو دەماری هەر هەموویان دەردێنم".

ئەمە تەرزی قسەكردنی كیژێكی نازپەروەردەی ویلایەتی نەبوو،شەخسیەتی پەیدا كردبوو. لە ناو كۆمەڵێك كوڕی هەرزەو رودارا ناچار بوو بەرگری لە خۆی بكات. دەبوا ئەو شوێنەی كە لە ژیاندا پێی سپێردرابوو بپارێزێت. یانی جێی خۆی بكاتەوە. تەرزی ئارایش ونیگای تیژی چاوان و جۆری جل وبەرگ و هەموو ئەداو ئەتوارێكی ژنانەی هی كیژێكی سەربەست و پڕ ورە بوو كە نەك لە هێرش و پەلاماری كەس نەدەترسا بەڵكو خۆڕاگری لە هەنبەر سەختی و دژواریان بە

فەرز دەزانی. ئەم نێرگزە لە چاوی فرودا هەمان کیژە جیرانەکەی جاران نەبوو کە گەورەیی و بالادەستی بەو دەفرۆشت. ئەم نێرگزە بە جۆرێ گۆڕا بوو کە دەبوایە فەریکە خوێندکار لە هەڵس‌وکەوت و رەفتاری خۆدا سڵی لێ بکاتەوە.
کاتێ ئەوی دەگەڵ پیرایە خانمدا بەراورد دەکرد هەستی دەکرد کە ئەم کیژە خشکۆکە لە هەندێ رووەوە لەو زیاترە. هێشتا دەستکاری دەموچاوی نەکردبوو. جوانیە خودادایییەکەی بە دەقی خۆیەوە مابوو. پیرایە خانم دیاربوو کە مکیاجی کردووە، ژێر برۆکانی هەڵگرتووە، ژێر چاوەکانی رەنگاندووە، سەد جۆرە فیڵی کردووە تا خۆی کەڵەگەت بنوێنێ. فرود جگە لە پیرایە خانم ژنێکی تری نەناسی بوو تا دەگەڵ نێرگزی بەراورد بکات.
کیژانی زانکۆیی فرەبوون، هەندێکیانیش یەکجار بە نازونوز بوون، لێ فرود هەرگیز بە چاوی کڕیاری تەمەشای نەکردبوون. بەڵام مەسی ناوێکیان تیا بوو خراپ نەبوو، لێ مەسی لەوانە بوو کە بە دوای مێردێکی دەوڵەمەندا دەگەڕاو ئامادە نەبوو دەگەڵ فرودێکی نەداری ولایەتیدا هەڵکا. لەمانەش بترازێ مەسی نەدەچووە دڵەوە. کەواتە دەمێنێتەوە نێرگزوپیرایە. نێرگز کیژێك بوو تەڕوبڕ، بەڵام پیرایە ژن بوو، فەرهەنگ رەفتەو دنیادیدەو ساردو گەرمی رۆژگار چەشتە. فرود باوەڕی نەدەکرد کە بە سوخەنوەریش رازی بێ.
لە پڕ ڕاچڵەکی، نێرگز کیژی ئاغای پایەدارەو نابێ بە چاوی خراپ سەیری بکات. خوشکیەتی، خوشکی گەورەیەتی، گوناحە، چی گوت؟
"دەماریان دەردێنم؟"
"منیش ئەگەر کەسێك گەڕت پێبکا بابی دەردێنم".
"ئێستا بۆچی چارەت بە یەکا دا.کەس تا ئێستا هیچی پێی نەگوتووم".
فرود هەستی کرد کە لە دنیای خەیاڵەوە بازی داوەتە دنیای واقیع و قسەیەکی کردووە کە نەدەبوو بیکردایە.
قەراریان کرد کە هەردوو هەفتە جارێك لە هەمان میوانخانە یا لەو کافەیەی بەرانبەرا —ئەگەر لێرە شوێنی چۆڵ نەبوو— یەکدی بدینن.
بەڵام ئەم دیدارانە بەو ڕادەیەی کە نێرگز بە تەما بوو،سوودمەند نەکەوتەوە. فرود بیری لە جێیەکی دی بوو.مندالە ویلایەتی هێشتا ئاوی نەبینیووە کەوتۆتە مەلە. (ویلایەتی بە خەڵکانی شارسان یان دێهاتی دەرێی پایتەخت دەگوترێ... وەرگێڕ) دڵی بە کیژێکی دی بە نێوی میهری دا،جۆش و خرۆش و چەلەنگی ئەم کیژە هەندێجار دڵگیرو هەندێجار ناخۆش بوو. لێ دوای مودەتێك بۆی دەرکەوت کە هیچی لێ شین نابێ. خۆی و برایەکەی، پەرویزی کەیتەبار یەکپارچە حیزبی بوون، شەوو رۆژیان لە کۆبوونەوەو قەرارو رۆژنامەوفرۆشی و کار لە یەکێتیی کرێکاراندا دەقەتیا. زۆر بە باشی ئاگایان لە هێڵی شەڕگەی جەنگی ئاڵمان‌وسۆڤیەت بوو. هەر سەرکەوتنێکی سوپای سوور مایەی شادی و خۆشیان بوو. ستالین و حکومەتی سۆڤیەتی جێی خوداو پێغەمبەرو ئاین و مەزەبی گرتبووەوە. کیژێ‌وبراکەی، پەرویزی کەیتەبار لە هەموو شوێنێکا بوون،لە ماڵ و لە زانستگە، لە کۆڕی میوانی و لە تەنیاییدا، باسی سەرکەوتنی

جەماوەری بەرینی خەڵك و سەرکەوتنی بێ چەندو چوونی کرێکاران بەسەر کۆنەپەرستیەت و ئیمپریالیزمدا وێردی سەر زاریان بوو. ئەوی راستی بێ مەیلی فرود بۆ میهری زیاتر شەقڵی ئەفلاتونی هەبوو، ئەوەندە بوو کەڕێی ئەوی (فرود) بۆ یەکێتیی کرێکاران کردەوە کە لەو زەمانەدا لە شەقامی فیردەوسیدا حەوشێکی چکۆڵەیان بەکرێ گرتبوو.

چەند ژوورو ژێر زەمینێك لە دەستە ڕاست ولە دەستە چەپی ئەم حەوشە چکۆڵەیەدا هەبوو پڕ بوون لە خەڵکی. هەموو جۆرە کەسێك لێرەدا دەبینرا. کرێکارانێ کە خولیای ئەوە بوون بە زەبری هاودەستی و یەکێتیی کۆتایی بە وەزع و حاڵی رەنج و زەحمەتی خۆبێنن. یان بەلای کەمەوە ژیانیان باش بکرێ. ماف هەشت سەعات کار لە رۆژدا یەکێك بوو لە ئامانجەکانیان. فەریکە رۆشنبیرانێك کە دەیانویست مەبەست و مەرامێك بە ژیانی خۆ ببەخشن، خەڵکانێکی بێزارو بێتاقەت کە لە شەڕ دەگەڕان، کەسانێکی زیندانیدە کە پێیان وابوو بە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم ڕێگەیەکی تازە بەرەو دنیایەکی تازەو بە ئاراستەی دیموکراتێکدا، و بە قازانجی خەڵکی کراوەتەوە. حەسحەسانێکی ناپەسند کە بە نێو ئاپۆڕاکەدا دەسووڕانەوەو سیماو قیافەتی ئەوانەیان بە زەینی خۆ دەسپارد کە دەنگیان لە هەموو شوێنێك لە هەمووان بەرزترە. سیماو قیافەتی ئەوانەیان دەست نیشان دەکرد کە لە هەمووان دیارتر بوون. شازادەیەکی چاوپروشی کوتوکوێر بە عەینەکێکی رەشەوە هەموو رۆژێ لەوێ دەسوڕایەوە. دوو سێ کەسی سادەوگێلی لە خۆ خڕدەکردەوەو بە بەکارهێنانی چەند وشەیەکی ئینگلیزی کە لە ئەمریکا بەر گوێی کەوتبوون، هەوڵی دەدا تێیان بگەیەنێ کە ئەگەر کرێکاران پەیوەندی بە (یونیون)ەوە بکەن وسەندیکا دامەزرێنن چ دەسکەوتێکیان دەبێت. فەقێیەك (تەڵەبە) عەباو عەمامەکەی بۆخچە ئاسا دەخستە ژێر هەنگڵی و بە کڵاووجبەوە خۆی بە نێو ئاپۆڕاکەدا دەکردو دەیویست بزانێ کرێکاران چۆن رادەکێشرێن. ژنانیش تاك و تەرایەك سەریان دێنایە ناو سەران. ژنێکی تورکزمانی دەموچاوکونج، چەکمەپۆش، هەمیشە بە پەلەپەل بوو لەم ژێر زەمینەوە بۆ ئەو ژوور دەچوو. دەتگوت ئەگەر ئەو نەبێ هەموو دامودەزگاکە دەخەوێ و لە کاردەکەوێ.

حیزبییەکان لێرەو لەوێ کاربەدەست بوون و فامیدەکانیان ئەداوئەتواری مەنسولانیان دەنواند.

ئەم یەکێتییە شوێنێکی بێ دەرودەرگا بوو، هەر کەسێك حەزی کردبا دەیتوانی سەری پێدا بکات. هەردەستەیەك لە سوچێکا لەسەر عاردی و لەسەر کورسی لە حەوشە یان ژوور یان ژێر زەمینەکاندا وەستا بوون یا دانیشتبوون و یەکێك بە فارسی یان تورکی قسەی بۆ دەکردن. زۆربەی ئەوانە کرێکارانی کارخانە، عەمەلەی بیناکاری و هەندێجار تاك و تەرایەکیان ئەفەندیانێك بوون کە بە پارچە کاغەزێکەوە لە پشت مێزێکەوە دادەنیشتن و هەندێجار ناوی ئەو کەسانەیان دەنووسی کە موراجەعەیان دەکردن.. رۆژنامەی "سەرکەوتن" کەناڵی پەیوەندی یەکێتی دەگەڵ کرێکاراندا بوو. میهری و پەرویزی کەیتەبار ڕێگەی فرودیان بۆ ئەم رۆژنامەیە کردەوەو چیوای نەمابوو کە ببێ بە وتارنووسی بەردەوامی ئەم یەکێتیە کە ڕێگەی بۆ حیزب، کە لەو نزیکانەدا خانوویەکی گەورەیان دەخزمەتا بوو، کرایەوە.

ئەو شتەی لە رۆژنامەی سەرکەوتندا سەرنجی ئەم نووسەرە لاوەی راکێشا، پەکپارچەیی هەموو گوتارەکان بوو، هەواڵەکان، وێنەکان، راوبۆچوونەکان دەربارەی سەرکوتکردنی کۆنە پارێزیو لەقاودانی جمو جۆڵی بێگانانو پاراستنی مافی کرێکاران بوو، هەڵبەتە بەو شێوەیەی کە سەرکردەکانیان بە باشیان دەزانی. هەرچەندە فرود دەگەڵ قەزاوەتوداوەریو لێکدانەوەکانی ئەواندا نەبوو، بەڵام ئەمەی خوێندەوە کە هیچ بەرژەوەندیەکی شەخسی لە ئارادا نەبوو وبرا گەورەیەکیش نەبوو کە بەیانی تەلەفۆن بۆ خانمی خوشکی بکات کە بۆ نموونە چ شتێك لەمەڕ دزیەکەی کارگەی تووتن(ئینحیسار) نەنووسێت – ئەو شتەی کە فرودی لەوێ ڕەڤاند ئەمە بوو کە بڕیاران لە پشت پەردەوە دەدران– هەندێجار دەربارەی وتارێکی زەروری سوڵحیان دەگەڵ دەکرد، بەڵام سەبارەت بە ڕاوبۆچوونی بنجبڕ هەمیشە دەگوترا ئەمە بڕیاری حیزبە.
هەندێجار ڕاپۆری کرێکاری کارخانەیەك کە بۆ نموونە لەلایەن سەرکرێکار یان بەڕێوەبەری کارخانەکەوە تەوهین کرابوو، دەکرا بە بڕیار بێ ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی حەقانیەتی داواکە بکرێ. هەنگێ ڕۆشنبیرێك دەگەڵ چەند کرێکارێك دەڕژان بەسەر فروداو هەڕەشەو گوڕەشەیان دەکرد کە دەبێ دار بە ڕۆحی بابی ئەم بەڕێوەبەری کارخانەیدا بدرێ،و وا وابکرێ. فرود گێژ دەبوو، دەستی قەڵەمی نەدەگرت. هەنگێ کابرایەکی حیزبی دەهات،ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتیی کرێکارانو بە قیافەتێکی جدی دەستوری دەدایە گوتارێکی توند دژی بەڕێوەبەری دژەکرێکار بنووسێتو ئەو خاڵانەی، کە ئەو لەسەر پارچە کاغەزێکی نووسیوون، تێ هەڵکێش بکات. هەڵبەتە هەندێجار ڕێدەکەوت کە ئەم گوتارە لە دوا ساتدا لادەبرا یان چاپ نەدەکراو رۆژنامەیەکی ئەنتی حیزبیودژە (کۆمیتە) هەمان هەواڵی بە شێواوی بڵاودەکردەوە.
زۆرجار ئەم جۆرە گرفتانە روودەدەن. هەواڵێك دەربارەی وەزارەتی رێگاوبان بڵاوبووەوە لەزگ بوو ببێتە مایەی ئەوەی فرود بدرێتە دادگا. لەم هەواڵەدا گوترابوو کە بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتخانە دەگەڵ قۆنتەراتچیەکاندا کەینو بەینی هەیەو کارەکان بە بەرتیل دەدات بە هاودەستەکانی خۆی. فرود بە هیچ جۆرێ دەستی لە نووسینی ئەم گوتارەدا نەبوو، بەڵام کاتێ لە مەجلیسێکی خۆمانەدا لە بەڕێوەبەری رۆژنامەکەیان پرسی بوو ئەو هەواڵەیان لە کوێ بە دەست هێنا بوو،ناوێکی فرود هێنرابوو. ئەم گرفتوسەریەشانە هەبوو،بەڵام لە لایەن دۆستانو هاوشاریانەوە هیچ یارمەتیەك نەدەدراو پشتیوانی لێنەدەکرا.ئەوان تەنیا ئیرادگیریان لە باردابوو. نێرگز نیگەرانوخەمباری ئەوە بوو کە ئەم کوڕە بێ ئەزموونو تەجروبەیە بووە بە ئالەتی دەستی کۆمەڵێك کە بە هیچ جۆرێ نایانناسێت.
"وشتر سواری ناشاردرێتەوە".
"یانی دەڵێی چبکەم؟"
"هیچ، خۆت بڕۆ ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئەوانەدا قسە بکە کە سەری داوەکەیان بە دەستەوەیە."
"یانی بچمە ناو حیزبەوە؟"
"تۆ چووی چووی."
"یانی تۆ دەڵێی ببمە حیزبی؟"

"من هیچ نالێم، بەڵام حەزناکەم ببی بە ئالەتی دەست."
کەلهوری ڕایەکی تری هەبوو:
"نابێ پەلە بکات. کەمێ خۆی دووربگرێ تا بزانین چ دەبێ".
پەیوەندی کردن بە حیزبەوە کارێکی ئەستەم نەبوو، حیزب لە هەموو شوێنێ هەبوو، لە زانستگەو خەیابان، لە ئەنجوومەنەکەی میهری و پەرویزی برای، لە دیداری کەلهوڕو هاوشاریەکانیا کە هەندێجار لە حوزوری نێرگزو هەندێجار لە غیابی ئەودا رووی دەدا.
لە کۆلیجی مافدا گینگەشەی نێوان داروەستە ناکۆکەکان دەگەییە ئەوپەڕی توندی، مامۆستاکانیش لەم گینگەشانەدا بەشداریان دەکرد. فرود بۆیە بە نارێك و پێکی دەچووە دەرسەوە چونکە بە سەعاتان سەری خۆی بە موناقەشەی بیانوو بەڵگەکانی لایەنە نەیارو یارەکانەوە دەیەشان.
سەرگەردانیەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ خراتر دەبوو، نەیدەتوانی هەمیشە لە شەڕدابێ و هەڵە نەکات. ئەو وزەیەی لەودا قولپی دەدا بۆ مەفەرێك دەگەڕا، چاپ وبڵاوکردنەوەی شیعروگوتار لە "سەرکەوتن"دا دڵخۆشی نەدەکرد. نێرگز هەقی بوو، سەری پەتەکە لە دەستی کەسانێکی تردا بوو. بە خۆی لە بارەی ئەم قۆناغەی ژیانیەوە دەڵێت: "من خۆم نەبووم، هەنگێ کەسێکی دی بە زمانی منەوە شیعری دەگوت وشتی دەنووسی. نەمدەزانی پەنا بۆ کێ بەرم. نێرگز ئەم قسانەی بە گوێدا نەدەچوو. هاوشارییەکانم هەر یەکەیان سەر بە تاقم و دەستەیەك بوون. میهری، خوێندکاری زانکۆش پێی ڕادەبواردم، جێ ژووانمان دادەناو نەدەهات. ئەگەر بمویستبا ماچی بکەم دەیگوت دەستبزێوی مەکە. ماچی بە خەڵکانی دی دەدا. پتر لە ساڵێك لە شەڕی خۆمدا بووم. هەندێجار لە خەودا شەڕم دەگەڵ خۆمدا دەکرد. ژمارەیەکم ڕاکێشایە ناو حیزب، کەچی خۆم دەمویست سەربەخۆ بم، بە سەربەخۆیی وەمێنم، خۆم بم، ئەگەر بمەوێ ببمە ئەندامی حیزب دەبێ خۆم نابوت بکەم، بسڕمەوە. هەستم دەکرد کە خەریکە نابوت دەبم، نامێنم. بێ ئامانجی سەریەشەی بە دواوەیە. بیرم لە خۆکوژیش کردەوە، نێرگز بە فریام گەیی، بۆ ماڵەکەی خۆی بردم. شەوو ڕۆژێکی تەواو لە ژوورە پەرپووتەکەیدا خەوتم. منی بە تەنێ جێهێشت و ڕۆیی و بوو بە میوانی ماڵی ئاغای ترشیزی.
مەسەلەکە بە مجۆرە بوو: فرود لە بەرخۆیەوە بیری دەکردەوە کاتێ ئینسان قەناعەتی بە ئامانجەکانی حیزبە ئیدی هەموو شتێك تەواوە، یا بەلای کەمەوە گلەیی نییە. دەتوانێ ببێ بە ئەندامی حیزب، دەبێتە ئەندامی حیزب. فرود ماتەڵ مابوو. حیزب وەکو بەردێك بە ئاویدا دەی بەردەوام بازنەی شەپۆلەکانی بەرینتر دەکرد، بەڕادەیەك کە ئیدی ئەوسەری نەدەبینرا. کاتێ کرێکاران لە ڕۆژی یەکەمی ئایاردا خۆپیشاندانیان دەکرد وادەهاتە بەرچاو کە بەلای کەمەوە لە هەرماڵباتێکی ئاکنجی پایتەختدا یەکێك لەم جەژنە گشتییەی کرێکاراندا بەشدارە. دژایەتی حیزب پتر لەلایەن ئەو کەس و ڕۆژنامانەوە بوو کە داغمەی ریسواییان بەنێو چەوانەوە نرابوو. خەڵکانی دی، زۆربەی خەڵکی، یان بێ لایەن بوون یان لەبەر هەندێ هۆ بێدەنگیان هەڵبژارد بوو یا لە دەرفەت و دەلیڤەیەك دەگەڕان تا لە ڕەگ وڕیشەی ڕاپەڕینەکە بدەن. ئەو دەنگە کەمەی کە

حیزبیەکان لە هەڵبژاردنی ١٣٢٢ (١٩٤٣)دا لە تاران هێنایان سەلماندی کە ژمارەی نەیاران لەوە زیاترە کە وێنا دەکرێ. بەڵام لە بەرانبەردا سەروسەدای حیزبی نەیار دیارنەبوو. لە ئەنجوومەندا هەشت دانە نوێنەری حیزب پتر لە سەدو چەند نوێنەری دی سەرنجی گشتییان بۆ خۆ رادەکێشا. هەراو زەنایەکیان نابووەوە کە کەس لە قسەی کەس حاڵی نەدەبوو. ئەوانەی دی باسی شتی بێ سەروبەریان دەکردو ئەمان دەمیان لە سەروەریو حورمەتی ئاسایشو موڵکی بەخشراو، سپاردەی رەزاشایان لە بانکەکانی هەندەران، ریفۆرمی زەویو زار، راگرتنی راوێژکارانی ئەمریکایی، کۆمەکی دارایی دەوڵەتی بۆ حیزبی نەیار بە گوێرەی دەستووری ئینگلیزان،دەکوتا.

سەیر ئەمەیە کە فرود کاتێ بوو بە ئەندامی حیزب کە رووبەرووی پرسێکی دژواربوو، یانی پرسی ناسیونالیزمو یەکێتیی ولاتی ئێران دوای بیست و یەکی ئازەرو(١١/٢٢-١٢/٢) راپەڕینی فیرقە لە ئازربایجان دا، بۆ دۆزینەوەی وەلامێك بۆ ئەم پرسیارە چوو بۆ بنکەو بارەگاکان. با روونتر بیڵێین خۆی بە حیزب سپارد. ئەگەر نەڕۆییبا ئاکامو ئاقیبەتی دیار نەدەبووو. چارەنووس دەوروبەری دەتەنی. دەستوپێی لە کۆتو بەندا بوو. وایدەزانی بە چالاکیو چەلەنگی لە کۆمەڵەوگروپێکدا کە رۆژ بە رۆژ زیاتر لاوانی ولاتی لە خۆ دەگرت، دەتوانێ رێگەیەك بەرەو ژیان بدۆزێتەوە. بەلای کەمەوە خۆی وای بیردەکردەوە. لە هەنبەر ئەم نیعمەتەدا خۆی دەربەرست بە حیزب تەسیلم کرد، وەکو فاوست کە ئومێدو مەرامێکی بەدی کرد،خۆی تەسلیمی مفیستوفلس کرد. لەم سەروبەندەدا رواڵەتبازێك سەرەك وەزیرانی ئێران بوو کە لە پاش کودەتاکەی محەمەد عەلی شا لە باغی شادا بە تیروپشك حوکمی ئیعدامی دەردەکرد. لەو رۆژو رۆژگارەدا فرود ناوی خۆی لە حیزبدا قەید کرد، لە هەمان ئەو رۆژانەدا کە "دیموکراتەکان" لە ئازەربایجاندا دەسەلاتیان گرتبووە دەست،لە هەلومەرجێکی قەیراناوی وادا فرود چووە ریزی حیزبەوە. وەکو ئەوەی کەسێك دەڵەکی دابێ، شڵپ کەوتە دەریایەکی پڕ گێژەنگو شەپۆلانەوە کە یا دەبوا بخنکێ یا دەبوا مەلە بکاتوخۆی بگەیەنێتە کەنار. داوای لە پەرویز کەیتەباری برای میهری کرد، کە فرود لێی دڕدۆنگو بێزار بوو، لە حیزبدا تەزکیەی بکات.

مەسەلەی ناسیونالیزمو ئازربایجان گەرم بوو، هەموو خەڵکی لە خۆیان دەپرسی ئەم کارە بە کوێ دەگات؟ ئەگەر ئازەربایجان لە ئێران جیا ببێتەوە میللەتی ئێران چ قازانجێك دەکات؟ ئەسڵەن بۆچی جیا ببێتەوە؟ ئایا دەوڵەتی سۆڤیەت لە پشت ئەم سیاسەتەوەیە یان قەفقازیەکان؟ ئەگەر باس باسی یەکێتیی میللەتانە بۆچی قەفقاز نەبێت بە بەشێك لە ئێران؟ لایەنگران دەیانگوت بزووتنەوەیەك لە ویلایەتێکدا هاتووەتە ئارا بووەتە مایەی لاوازی حکومەت، مەسەلەکە جیابوونەوە نیە. داوای ئیعتراف کردنە بە مافوخود موختاری کەمینەیەك.فرود دەیویست بزانێ خودی حیزبیەکان چ دەڵێن؟ لە کۆمیتەو بنکەکاندا چۆن باس دەکرێت؟

شان بە شانی ئەم مەسەلەیە، مەسەلەی دکتۆر موسەدەقیش لە ئارادا بوو. هەندێ ئیرادو رەخنە لە سیاسەتی ئەویش دەگیرا، رێچکەو رێبازی سیاسی ئەو بۆ زۆر کەس روون نەبوو.بەڵام بایی ئەوە نەبوو سیاسەتێکی دژمنانەی دەرهەق بگێڕدرێتە بەر. فرود گومانی لە هەقانیەتودروستی

ئەم سیاسەتە هەبوو.دەیویست بزانێ بۆچی رۆژنامە حیزبیەکان هێرشی دەکەنە سەر، ئەم هەموو هەراو زەناو هەرۆگیڤە لە پای چیە. هەمووی چەند رۆژێك لەوەپێش رۆژنامە حیزبیەکان و سەرانی حیزب ئەویان بە یەکێك لە گەورەترین خەڵکانی نیشتمانپەروەرو رەمزی ویستی ئێران و بە یەکێك لە سیاسەتوانانی نیشتمانپەروەرو نەتەوەیی ئێران ناوبردبوو کە دلێرانە بەرەنگاری رژێمی شوومی بیست ساڵە بووەتەوە، ورۆژێك نووسیان کە هەقبینی، پشتیوانی دلاوەرانە لە هەق و خەباتی ئاشکرا دژی کۆنەپەرستیەت، دکتۆر موسەدەقی کردووە بە دکتۆر موسەدەق. کەچی ئێستا لە پڕێکا بە داردەستی کۆنەپەرستان و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم نێو دەبرێ. خەڵکی دیکەش هەموو ئەم رەخنەو ئیرادانەیان لە رابەرانەوە وەردەگرت وگفتوگۆ و مشت ومڕو گێنگەشەیان لەسەر دەکرد. هەرکەسەو لەوی تری دەپرسی: ئایا ئەم رێبازە دەگەڵ سیاسەتی سۆڤیەتدا کە خۆی بە پارێزەری بەرژەوەندی خەڵکی ئێران دەزانێ تێکدەکاتەوە؟ ئایا کەسانێك دزەیان کردووەتە ناو سەرکردایەتی حیزبەوە کە بیانەوێ بە هەر نرخێ بووە ئابڕووی حیزب بەرن و بیکەن بە ئالەت وداردەست. فرود لە کەیتەباری دەپرسی، دەگەڵ کەلهوڕدا موناقەشەی دەکردو دەگەڵ فەیروزدا مشت ومڕی دەکرد، بەڵام لە بارەگادا نەدەکرا بە فەرمی و ئاشکرا گفتوگۆی لە بارەوە بکرێ.

هەر لەو رۆژانەدا بوو کە کرێکارانی نەوتی خوزستانیش مانیان گرتبوو. لابردنی ستاندار، هەڵوەشانەوەی دەزگای سیاسی کۆمپانیای نەوت، جێبەجێکردنی یاسای کاروچاکسانی رەوشی ئابووری، وەك دانی هەقدەستی رۆژی هەینی و زیادەی کارودروستکردنی خانوو لە جێی ئەو کوخانەی کە بە تەنەکەوچینکۆ بۆ خۆیان دروست کردبوو، لە جوملەی داخوازیەکانیان بوو. تیرە عەرەبەکان بە کۆمەکی سەربازان و جەندرمان زۆریان لێکوشتن. وێڕای ئەمەش دەوڵەت ناچاربوو هەندێ لە داواکارییەکانی کرێکاران قەبوڵ بکات.

لە یەکەمین کۆمیتەدا کە ئەم جۆرە مەسەلانەی تیا خرایە روو،کۆڕگێڕەکە مامۆستایەکی زانکۆ بوو. هەموو ئەندامانی کۆمیتەکە،پازدە نەفەر بوون، زۆربەیان خوێنکارو یەکێکیان پیاوێکی ئازەربایجانی بوو کە ئەویش مامۆستا بوو، لە خانوویەکی نزیکی زانستگەدا بەرە بەرە لە ماوەی بیست دەققەدا کۆبوونەوە. پیاوە ئازەربایجانیەکە بەڕێوەبەری کۆڕەکە بوو، فرودی وەکو ئەندامێکی تازە ناساندو پاشان کۆڕگێڕ هەر ئەو بابەتەی کە لە کۆڕی پێشووترا باسی کردبوو و بەڕای زۆربەیان تەواو نەبووبوو، بە دەنگی بەرز، هەڕەشەئامێز، توندو زیاتر سۆزداری تا لۆژیکی دووبارە کردەوە. نە فرودو نە خوێندکارەکەی هاوڕێی و نە پەروێزی کەیتەبار کە فرودی بۆ حیزب پاڵاوتبوو، نایەتە بیریان قسەیەکی گرینگی ئەوتۆی کردبێ کە ئەوان تا ئەو کاتە نەیان زانیبێ. ئایا سەرانی فیرقە لە تەورێزدا بۆ رزگاری ئێران و ئێرانیان لە زوڵم و زۆری دام ودەزگای حوکمڕان خەبات دەکەن، یان لە پشت ئەوانەوە هێزێن دەرەکی یان چەند کەسێك لە پیاوانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بە نیازی فراوانخوازی خۆیان ناوەتەوەو تەنیا دابڕینی ئەم بەشەی خاکی ئێرانیان گەرەکە؟ کرێکاران لە بارتەقای ئەم هەموو کوژراوەدا، لەم مانگرتنەدا چییان پێ براوە؟ ئایا مانگرتنەکە بە بڕیاری حیزب و "شورا" بووە یان خۆسەری ئەنجامدراوە؟ ئایا ئەم ئاکام و

ئەنجامەی لەم مانگرتن و خوێنڕێژیە بە دەست هاتووە، هاوتای ئەو خەسارەت و قوربانیانەیە یان نا؟ ئایا بە جێیە کە حیزب لە وەزع و حاڵێکی ئاوهادا بەشداری لە حکومەتدا بکات یان نا؟
ئەم مامۆستای زانکۆیە لە کوێ دەیتوانی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.کابرا ئەسیرو دیلی هەستەکانی خۆی بوو وراستگۆیانە تەسەوری دەکرد کە هەموو کاروکردەوەو بڕیارەکانی بە باشی و بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێران دەکەوێتەوە.
کاتێ فرودوکەیتەبار لە کۆڕوکۆبوونەوەکە هاتنە دەرێ و هەوای تازەی ئاخروئۆخری شەویان هەڵمژی و بڕیاریان دا بە پێیان بۆ ماڵ بڕۆنەوە، کەسیان قسەیەکیان پێ نەبوو بۆ یەکتری بکەن. فرود چوو بۆ گەڕەکی عەرەبان، لەوێ ژوورێکی بۆ خۆی گرتبوو، وپەرویز چوو بۆ ماڵی خۆیان لەوسەری بازاڕ. کۆمەڵێك خەیاڵ وفیکرو وێناو رەخنەو پرس وهێرش لە مێشك وخەیاڵیدا قوڵپیان دەدا، گێژیان دەخوارد، جیا دەبوونەوە، تێکەڵ دەبوونەوەو سەرەگێژکەیان پێدەخست. ئایا ئەم هەڵوێستەی ئەووکەلهوڕو فەیروزو هاوشاریەکانی دیکەی دەگەڵ ئەو دەرس و پەندانەدا تێك دەکەنەوە کە پایەدار پێی دابوون. ئەگەر بابی ببیستێ کە ئەویش دەگەڵ راپەڕینی فیرقەی دیموکراتدا کە لەلایەن ئازەربایجانیەکانی سۆڤیەتەوە پشتیوانی دەکرێ، هاودەستی کردووە چ دەڵێ؟ دایکی ئامۆژگاری دەکرد کە واز لە رۆژنامەنووسی بێنێ و ببێ بە مەلا، ئایا هەقی نەبوو؟ ئەدی بەدری. هانی دەدا کە بچێتە کۆڕوکۆبوونەوە، لە کاروباری سیاسیدا بەشداری بکات و چالاك بێ، وەستا سەربڵندی پیتچن و باجگر خەوی بە رێکخستن و زەبت و رەبت و باوەڕو خەبات و کۆڵنەدان و هەڤبەندییەوە دەبینی. ئایا ئەمە هەمان ئەو خەتە نیە کە ئەو عەوداڵی بوو. پیاو دەبێ گوێڕایەڵ بێ و رێیەکی دۆزییەوەوگرت تا سەر بەری نەدات. نەگەڕێتەوە.
لە کاتی خواحافیزیدا کەیتەبار بێدەنگیەکەی شکاند:
"تۆ هیچی تازە فێر بووی؟"
"بەندە هیچی تازەم دەست نەکەوت".
بێدەنگ بوون وماوەیەك لە یەکیان ڕوانی. لە تۆ وایە دەیانویست شتێك بە یەکتر بڵێن بەڵام وشەی گونجاویان بۆ نەدەهات. کەیتەبار لە ناوەندی شەقامەکەدا بەردێکی بە نوکی پێی پەرت کردو زیاتر حەواسی لای گەمە بوو تا لای بیروخەیاڵەکانی خۆی و هاوڕێکەی. فرود هەڵوەستەیەکی کردو پرسی:
"جەنابی مامۆستا بۆچی بە خۆڕایی هەڵدەچوو؟ تۆو میهری لە کەیەوە لە حیزبدان؟"
"بۆچی..."
"شتێکم بە بیرا هات، لە کەیەوە؟"
"رەنگە ساڵێك، ساڵێك زیاتر بێ".
"ئەوەی کە لێرەدا دەیبیستی، دەگەڵ لقی قانوندا کە خوێندکاری ئەوێی تێکدەکاتەوە؟".
"سیاسەت هیچ کاتێك دەگەڵ یاسادا تێك ناکاتەوە".
"باشە، با واز لەمە بێنین، تۆ قسەکانی ئەمشەوی یاروت قەبوڵ بوو".

"پێم گوتی نە. هیچی پێ نەبوو. هەر باسی زەبت و رەبت و باوەڕی دەکرد.مەسەلەی ئازەربایجان چ پەیوەندییەکی بە باوەڕەوە هەیە؟"

"وا دیارە هێشتا شاگردی و زۆرت ماوە ببی بە مامۆستا"

"چۆن؟ مەبەستت چیە؟"

"راستت دەوێ دەترسم ئێمەش رۆژێ لە رۆژان وەکو ئەمانەمان لێ بێ، باوەڕمان هەبێ و ئیدی لۆژیك و لێکدانەوە زەروری نەبێ".

هەرواش بوو،فرود ڕاهات لەسەر ئەمەی کە هەندێ حەقیقەتان پشتگوێ بخات و ئەوەی لە بلاڤۆکانی حیزب و لە هەواڵەکانی رادیۆ مۆسکۆوە دەگوترێ بەبێ شیکردنەوەو لێکدانەوە بەڕاست و دروست بزانێ و هیچ رەخنەو ئیرادێك بەڕاست نەزانێ. هەڵبەتە هەندێجار رەخنەی لە رەفتاری ئەم ئەندامی حیزب یا ئەو رابەروسەرکردە دەگرت، بەلام لە بنەڕەتدا وای تەسەور دەکرد – بەلای کەمەوە لەو ساڵانەدا وای تەسەور دەکرد– هەر ئەمەیەو تەواووهیچی تری پێناکرێ.

پاش ئەوەی سێ وەزیری حیزبی لە حکومەت کشانەوەو دوای نزیکەی دوو مانگ بزووتنەوەی ئازەربایجان بە توندی سەرکوتکراو کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی لەلایەن ئاغاو خانانی ناوچەییەوە دەستی پێکردو قەیرانێك کۆڵەکەوپایەکانی حیزبی هەژاند، فرود لە خۆی دەپرسی ئەنجامی ئەم ریسواییەی بە هۆی بەشداری سێ مانگەوە لە کابینەی وەزیراندا، لە کاتێکا کە هەمان حکومەت وکابینەی ئەم حکومەتە زەمینەی هەرەسی ئازەربایجانی خۆشدەکرد، چ بوو؟ هیچ وەلامێکی نەبوو. ئەنجام واکەوتەوە کە میهری بە تەواوەتی خۆی لە حیزب وکاری سیاسی دوورخستەوەو مێردی کردو ئیدی فرود نەی بینییەوە،وکەیتەباریش بابی بۆ ئەمریکای نارد تا لە شەڕی کۆمۆنیستان بە دووربێ.

# (٦)

ڕووداوێکی گرینگ لەم قۆناغەی ژیانیدا هاتە پێشێ کە بە وەرچەرخان دەژمێردرا.

نێرگزوفرود ناو بەناو یەکتریان دەبینی. ڕۆژانی هەینی بۆ نیوەڕۆژە میوانداری یەکیان دەکرد. زیاتر نێرگز ئەوی بۆ ماڵەکەی خۆی دەعوەت دەکرد. پلاووگۆشتاوو ئەو خواردنانەی، کە حاجیەخانم زۆر بەلەزەتی لێدەنان، ئامادە دەکرد. هەمووجارێ لێی دەپرسی حەزت لە چیە بۆت لێبنەم.کفتە، شامی، تەپسی باینجان، شیرەوا، گەنمەکوتراو، سەمەنی-شی دەزانی. هەموو ئەمانە لە حاجیە خانمەوە فێر بووبوو. ئەم ئەداو ڕەفتارەی کیژێ فرودی دێنایە پێکەنین، لە ناخی دڵەوە ناڕەحەت دەبوو. ئەم ئەتوارانە هی ژنێك بوو کە ڕۆڵی دایکی دەبینی نەك بووکە خانێك کە پیاو حەزیدەکرد دەست بە ڕوومەتیا بێنێ، ماچی بکاتو توند لە ئامێزی بگرێ. بە دوو قۆڵی خوشكوبرایانە پێکەوە بوون، قسانیان دەکرد، بیرەوەریانیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. ئەو نامانەیان بۆ یەکتر دەخوێندەوە کە لە کەسوکارەوە بۆیان هاتبوو،پاشان ئەگەر دنیا خۆشبا، نەگەرمونە سارد، پێکڤە دەچوونە گەڕان. سواری ئوتوبوس دەبوونو گەشتێکیان بە شەمیراندا دەکرد. لە هاوینا فەریکە گوێزوچەقالەیان دەکڕیو بەڕێوە دەیان خواردو لە زستاندا خۆیان بە کافەیەکدا دەکردو چاییو قاوەیان دەخواردەوە. هێشتا فێری عەرەق خواردنەوە نەبووبوون. هەوەڵی شەوێ فرود نێرگزی دەگەیاندەوە ماڵێو لێکدی جیادەبوونەوە. ئەم دیدارانە بۆ فرودیش خۆش بوو: بەلەزەتوخۆش، شادی بەخش، وهەم تاڵو بە ئازار. هەموو جارێك فرود زیاتر هەستی دەکرد کە لەم عەیامەدا ئەم نێرگزە هەمان کیژەکەی پێرێ یان خوێندکارە پزیشکییەکەی دوێنێ نیە.لە زانستگەدا هەمان کراسی سادە یا چاکەتو تەنورەی جاری جارانی کە بە بەری تەنگ بووبووەوە لەبەر دەکرد،کەچی لە ڕۆژانی دیداردا بە تەواوەتی خۆی دەڕازانەوە. ڕەشی پشت چاوەکانی، خەتی ناسكو تاقی برۆکانی، سووری لێوەکانی، سینگی کراوەو ئەو گەردنبەندە مروارییەی کە لە جیازیەکەی دایکییەوە بۆی مابووەوە، خۆلاسە هەموو شتێکی بۆ هەر پیاوێك دڵڕفێن بوو. لە هەموو ئەمانە ئەفسوناوی تر ئەو عەتروبۆنو بەرامە مەستکەرە بوو کە لەم ژنەوە دەپرژاو چ لە ماڵو چ لە شەقامەکانی شەمیراندا دەوروبەری خۆی پڕ دەکرد.

جازیبەیەك لە ناخی فرودا دەرهەق بەم بوونەوەرە ناسکە خەریك بوو نوتفەی دەبەست.ئیدی ئەم ژنە جوانو خشیکە بۆ ئەم ئاسایی نەبوو. جاران کاتێ هەردووکیان منداڵ بوون هەموو هۆشو گۆشی لای ئەمە بوو کە چۆن کیژێکی لە خۆی مەزنتر بە ڕاستو بەدرۆ ئازار بدات بە مەرجێ ئازارەکەی لە قسە تێنەپەڕێ. لەوساوە کە مەمکەکانی قوت بووبوونەوەو لێوە ناسکەکانی داوای ماچیان دەکرد. هەندێجار کە دەورانی منداڵیوچەتونیو لاساری خۆیانی بیردەکەوتەوە کە چۆن پێکا هەڵدەگەڕانو دەچوونە سەروکۆڵی یەکتری، جۆرە هەوەسو ئارەزوویەکی تیادا زندوو دەبووەوە کە نەیدەتوانی خۆی لێ ببوێرێ. هەمیشە هەر کاتێ کە لەو جیا دەبووەوە، سیخورمەیەکی لە خۆی دەداو دەیگوت فایدەی ئەم ڕۆژانی هەینییە چیە؟ کە ڕۆژی پێنج شەممە

دەهات، لە ناخەوە هەستی بە تاسەیەك دەكردو بەرەو ئەو دەلەزیو چاك دەیزانی كە یان لە ماڵی ئاغای ترشیزیدا دەیدۆزێتەوە یان لە ڕێگای ماڵەكەی خۆیدا تووشی دەبێ.

فرود ئەگەر ئەم كیژەی لە منداڵییەوە نەناسیبا بێگومان هەوڵیدەدا لە هەمێزی بگرێو ماچی بكات. بێگومان جۆرە ئامادەییەكیش لەلای نێرگز هەبوو. هەندێجار لە پرشنگی چاوو لە ترپەی دڵو بزە سۆزئەنگێزو نازونوزە ژنانەكانیەوە دیاربوو كە ئەشقێكی هەوەسئامێز لە ناخو بوونیەوە دەگڕێو بەرزدەبێتەوە. لەزەینی فرودا شتێك دەنەخشا كە بەخۆیشی زۆر لەوە دوا پەی پێبرد. هەركاتێ لێكدی جیا دەبوونەوە لە خۆی دەپرسی ئاقیبەتو ئاكامی ئەم دیدارانەی ڕۆژانی هەینی بە كوێ دەگات.

هەردووكیان لەم دیدارانەدا یەكتریان لە ژیانی خۆ ئاگادار دەكرد. بە ئاگابوون لەوەی كە لە پۆل داو لە ژینگەی خوێندكاریو لە مامەڵە دەگەڵ پیاوانی دیدا ڕووی دەدا. فرود تەنانەت بێ لە ڕوو دامان ئاماژەیەكیشی بۆ مەیلی جارانی خۆی لەسەر میهری كرد. نێرگز لەمبارەیەوە چ شتێكی نەبوو بیڵێ. نێرگز ڕێگەی دڵی خۆی لە بەردەم هەموو هەوڵێكی خوێندكارەكانو تەنانەت مامۆستاكانیش داخستبوو.

فرود ڕاستگۆیانەو بە دوورودرێژی باسی بە حیزبی بوونی خۆیو، ئەو كێشمانەكێشەی كە لە دەرونیا بۆ دۆزینەوەی چارەیەك بۆ گرفتە كۆمەڵایەتیو سیاسیەكان ڕووی دەدا، دەگێڕایەوە. تاقە كەسێك كە دەیتوانی دەردە دڵی بۆ بكات نێرگز بوو. هیچ ترسێكی نەبوو كە گرێی دڵی خۆی بۆ بكاتەوە.

شكستی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان، دوودڵیو بێ هەڵوێستی حیزب لەم مەسەلەیەدا كە پەیوەندی بە چارەنووسی ئێرانەوە هەبوو، دەركردنی ئابڕوبەرانەی سێ وەزیر لە كابینەی حكومەتو هەڵاتنی هەندێك لە سەرانی حیزب بۆ هەندەران ئیدی لەو نهێنیانە نەبوون كە بتوانرێ دیزە بە دەرخۆنە بكرێن. "لە لایەكەوە دادەنیشنو لە كۆنگرەدا ویژدانی خۆ دەكەن بە حەكەمو بڕیاردەدەن تا حكومەتێكی نیشتمانیو دیموكراتی نەیەتە سەركار بەشداری لە حكومەتدا نەكەنو لەلایەكی ترەوە یەكێك لە شڕودرترین ئاغاو مولكداران تەفرەیان دەداتو سێ وەزارەتخانەیان پێ دەسپێرێتودوای سێ هەیڤان ئابڕویان دەبات. ئاغایان لە تاو كەشكەك دەكەونە مەنجەڵەوە".

نێرگز گوێی دەگرت ومات وبێدەنگ زاری هەڵنەدەهێنا.ئەم دەمساردی و بێ موبالاتیەی ئەو پتر فرودی تووڕە دەكرد:"ئاخر تۆش شتێك بڵێ."

"بۆ تەشەرم لێدەدەی؟ من چیم هەیە تا بیڵێم؟بۆچی هاوارم بەسەرا دەكەی؟ من پێم گوتی بچۆ حیزبەوە؟دەست لەم كارانە هەڵگرە، بڕۆ دەرسی خۆت بخوێنە، زانكۆكەت هواو بكە و بە ژیانی خۆتا ڕابگە..."

فرود قسەكەی پێ بڕی: "بەڵێ، پارە پەیدا بكە، ژن بێنە، منداڵ بخەرەوە، شلەوپلاو بخۆ، ورگت ئەستوور بكە! تۆ ئەمەت گەرەكە ها".

"مەگەر تۆ لە هەموو خەڵکی دنیا زیاتری؟ مەگەر تۆ بالاّتری؟ ژیان ئەوەیە. بەڵێ، من دەڵێم بڕۆ ببە بە بەشەر، وەکو هەموو خەڵکی دنیا، بەلاّم تۆ وادەزانی لە ئاسمان بەربویەوە".

نێرگز لەسەر بۆچوونەکەی خۆی مکوڕبوو، بە تایبەتی پاش پەند وەرگرتن لە کۆبوونەوەکانی ژنانی شارەکەی خۆیان و ڕەفتاری سووکی ئەو بێوەژنە، هەرگیز مەیلی نەچووە سەر ئەوەی کە لە حیزب یان کۆمەڵەی ژنان و یان یەکێتی خوێندکاراندا کاربکات، هەرچەندە بیستبوویەوە کە ئاغا موعەلیمی بابی لە شارەکەی خۆیاندا ڕۆڵێکی سیاسی گرینگی لە ئەستۆ گرتووەو "بەرەی ئازادی" بەڕێوە دەبات.

دوای ساڵ و نیوێك لە مانەوەی فرود لە تاراندا هەردووکیان بڕیاریان دا پێکەوە پشووی هاوین لە شارەکەی خۆیاندا بگوزەرێنن و شادی و خۆشیەکی فرە بۆ داك و بابی خۆ چێبکەن.

## (٧)

حاجی ئاغا ئیدی شانازی به کوڕەکەیەوه دەکرد. به هەموو کەسێکی دەگوت کە فرود چالاکی رامیاری دەکات و شیعروگوتار لە رۆژنامانـدا بلاودەکاتـەوه. ئـەم هەواڵـه گەییـه گـوێی ئیمـام جومعـەی شـاریش. لـه مـەجلیس وکۆڕی زانایانـدا مـانگرتنی کرێکـارانی کۆمپانیـای نـەوت و سـەرکەوتنیان بەسـەر دەوڵـەتی داگیرکـەری ئینگلیـزدا بـه سـەرکەوتنی نیشـتمانی و نەتـەوەیی دادەنرا. نێرگـز ئـەو وتارانـەی کـه فرود لـه رۆژنامانـدا بـلاوی کردبوونـەوه، بـۆ بـابی دەنـارد. ئـەم گوتارانـه بـه زۆری بـه نـاوی خـوازراوەوەو هەنـدێجار بـه نـاوی فـرودەوه بلاودەبووەنـەوه. ئـەم نووسینانه لەلایەن حاجی ئاغاوه بۆ خەڵکانی دیکەش دەخوێنرانەوه. هەندێ چەل رێکەوتبوو کـه حـاجی ئاغـا بڕێـك لـه ڕسـتەکانی ئـەو گوتارانـەی لەسـەر مینبـەرەوه خوێنـدبووەوه. هـەواڵی هاتنەوەی منداڵەکان (فرودو نێرگز) بۆ هـەموو خانەوادەکه مایـەی شادی بوو. حاجیـه خـانم لـه کەیفان لـه پێسـتی خـۆی نـەدەهێوری و نەیـدەزانی چ بکـات. چـەند کەسـێك لـه تەڵەبـەکان (فـەقێ) هاتنه باخچەکه، ئاوی حەوزەکەیان دەرداو ئاوی تازەیان تێکردو ئەگەر بیان زانیبا که فرود به قوربانی قەڵس نابێ مەڕێکیان لەبەر پێیدا دەکوشتەوه. حاجی ئاغا که به تەمابوو لەو رۆژانەدا به زیارەتی نەجەف ئەشرەف مشەڕەف ببێ، ئەم زیارەتەی بۆ بەهاری ئاینده دواخست.

لەبەر دەرگەدا هەرکه فەرزەندەکەی له هەمێزگرت پشتی چەما، گریان لـه ئـەوکی گیرا، فرودو ئاغا موعەلیم بردیانه ژوورەوەو دوای ماوەیـەکی کـەم هاتـەوه سـەرخۆو لـەو میواندارییـه دەسـتەجەمیدا که هەردووك خانەواده به کۆمەکی مونیرەو بەدری سازیان دابوو بەشداری کرد. بەڵام ئەم شادی و خۆشییه هەر زوو گۆڕا به نیگەرانی و دڵەڕاوکەو چیوای نەما بوو ببێ به نەگبەتی و کارەسات.

لـه شارەکەیاندا جەو جۆڵێك بـەرپا بووبوو. لـه تارانـەوه یـەکێکیان بـه نـاوی بەرپرسـی حیزبـەوه ناردبوو، ئـەم لاوه کەسێکی خۆش وکـەم ئاوەز بـوو – نیـوەی بـوونی پـتر دەسـتکرد بـوو. لاسـایی لنینی دەکردەوه. هەندێجاریش سمێڵێکی ئەستوری دادەناو چەکمەی لەپێدەکرد. بـه خـەیاڵی خۆی دەیتوانی بەوه هەموو کرێکاران بکات به مێووڕۆن و نەرم بکات.

ئـەم جـۆره خەڵکانـه پـەروەردەی دەسـتی "شـوار" بـوون. هەنـدێ باوەڕیـان بـه کـاری خـۆ هـەبوو و هەنـدێکی دی فیشـاڵبازو هەوەنتەچـی بـوون. شـەمعی کوڕێـك بـوو کـه لەبەردەسـتی موهاجیرێـك گـەوره بـوو بـوو. لـه منداڵیـدا ژیـانی بابـه شـەلەکەی و دایکـی بـه پڕتەقاڵفرۆشـی، خەربەنـدەیی، چەرچێتی، پینـەدۆزی و پاشـان جگەرەپێچی لـه کارگـەی تووتنـدا دابـین کردبـوو. پێـی وابـوو ئـەم کرێکارانەی ئەندامی "شورا" بورژون –ئەم زاراوەیه لـه بابیـەوه فێـر بووبـوو– وەدەبـێ بـه تـۆبزی و دەنگـه دەنـگ بخرێنـه گـەڕ، مەبەسـتی لـه بـۆرژو چـی بـوو؟ بـه خۆیشـی نەیـدەزانی و تـەنیا کـاتێ رۆشـنبیرانی حیـزب، ئامۆژگاریـان دەکـرد کـه لـه رەفتـاردا نـەرمو نیـانی زیـاتر بـەکار بێنـێ، ئـەم زاراوەیـەی بـەکار دەبـرد. نێرگـز خۆشـی بـەم زاراوەیـەدا چـووبوو وروژێ بـەفرودی گـوت ناکـا خۆتیش بۆرژو بی وبه خۆت نەزانی.

ئەم شەمعییەیان لە تارانەوە ناردبوو تا کرێکاران ڕێك بخات، لە کارخانەی تووتندا کارێکیان بۆ دوزی بووەوە. کەسێکی زیتەڵ وبەکاروکۆشا بوو. بە خۆی دەی بڕی و بە خۆیشی دەیدرو. بڕیاری دەداو جێبەجێی دەکرد،بەڵام دانی بە گوناح و هەڵەی خۆیدا نەدەنا.کە تێشکابا خەڵکانی تری بە کەمتەرخەم دەزانی.دەستەکەی شەمعی خۆیان بە حیزبی دەزانی.لە هەنبەر ئەواندا دەستەیەك لە کۆنە ئازادیخوازان بۆ خۆ حیزبێکیان دامەزراند بوو وخۆیان بە لایەنگری سام میرزاوسوسیالیست دەزانی.(بەرەی ئازادی)ش هەبوو کە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئاغا موعەلیمدا بوو.بەرەی ئازادی پەیوەندی دەگەڵ ڕۆژنامانی "ڕۆژهەلات"و "ئەستێرە"دا کە لە تاران دەردەچوون هەبوو وجێبەجێکردنی دەستوری بە ئامانجی ستراتیژی و سەرەکی خۆی دەزانی و ئاغا موعەلیم هەوڵیدەدا لە ڕۆژنامەی "پایەدار" ڕێگە لە توندڕەوییەکانی خەڵکانی وەکو شەمعی لە شاردا بگرێ و نەیەڵێت کار بگاتە گەنگەشەی ئاشکراو پێکادان لە شەقامەکانا. فرودیش هەوڵیدەدا هەرتك حیزب ئاشت بکاتەوە.

بە هەرحاڵ تا مودەتێك حیزبێك لە سەرووی شار،لە گەڕەکی ئەرستۆکراتەکاندا هەبوو وحیزبێك لە گەڕەکی هەژاروفەقیروفوقەراکان. فرود هێشتا نەگەیی بووە ئەو ئاستەی کە چاوپۆشی لە هەر عەیبێك بکات و وابزانێ کە هەموو شتێك ڕێك وپێکە. لە تارانەوە بەرپرسی شارستانەکان داوای لێکرد خەریکی ڕێکخستنی حیزب بێ تا بەرپرسێك لە مەرکەزەوە دەنێردرێ. یەکەم ریفۆرمێك کە بە خەیاڵیدا هات ئەمە بوو کە ئەو بۆرەپیاوە (ئەوەی لاسایی لینینی دەکردەوە) لە یەکێتییەکە دوور بخاتەوە،چونکە تا ئەم لەم دەزگایە بێ ئەم دوو گروپە ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن و یەك بگرن.ئیدی قسە کورتەکانی ئەو کە "ئەسپی ئازادیمان لە ئازەربایجان ئالیك وجۆ دا دەبێ یەکڕاست و یەك سەڵەف تا کەنداوی فارس نەوەستینەوەو لەوێ ئاوی بدەین" بووبوو بە مەزەی ڕابواردوون و قەشمەری خەڵکی. یارۆ بەمجۆرە دۆزی مللییەتی چارەسەر کردبوو. مەبەستی لەم قسەیە ئەوە بوو کە ڕاپەڕینی ئازەربایجان جگە لە دژایەتی شاو دەربارو کاسەلێس و هاودەستانی، قازانجی خەڵکی ئێران چ ئامانج و مەرامێکی دیکەی نیە. ئەوانەی کە لە سەرووی شارو لە ژێر ئالای ئاغای سەربڵندا خڕبووبوونەوە لە پشت ئەم هەراوزەنایەی ئازەربایجانەوە، جۆش وخرۆشی توندڕەوانی ئازەربایجانی سۆڤیەتیان دەژنەوت کە مەبەستیان جیاکردنەوەی ئەم شتانەوگرێدانی بە ئاقاری باکۆوە بوو.فرود لێبڕا شەمعی لە کەری شەیتان بێنێتە خوارێ و ئەگەر نەتوانێ جوابی بکات. ڕۆژێك یەخەی گرت وبە توندی لەگەڵیا تێگیرا:

"هاوڕێ وەرە با دانیشین و پێکەوە قسان بکەین، بە هەراو زەنا کار ناچێتە پێشێ... تۆ فەرمان لە کێ وەردەگری؟ لە شورا یان لە حیزب؟"

شەمعی دەیویست خۆی لە وەڵامی ئاشکرا بدزێتەوە، کەوتە مینگە مینگ:

"من فەرمان لە کەسەوە وەرناگرم. هەرکارێکم پێ دروست بێ دەیکەم".

"نا، شتی وا نابێ، لە کاروباری حیزبیدا ئێمەدا پابەندی فەرمانە حیزبیەکانین... خۆ شاری بێ حاکم نیە."

"من فەرمان لە شوراوە وەردەگرم".

"کێ بە تۆی گوتووە بازاڕی کوتەك کاری بکەیەوە؟ بە خۆڕایی خەڵکی بە تۆمەتی گرانفرۆشی لە ژێر زەمینان حەپس بکەی. دەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەدا لەسەر ئەوەی منداڵێکی بەدخووی لە دەرس کردووەتە دەرێ بیکەی بە قەرقەشە".
"یانی هەرچییەك ئەربابان بیکەن قەبوڵی بکەین وفزە نەکەین".
"کێ گوتوویەتی هەرچیەك ئەربابان بیکەن قەبوڵ بکەین. بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەربابە؟" ئاخر میرزا حسەینی وردەواڵە فرۆش ئاغایە؟ ئەم شلۆقبازییەی بازاڕ دژی ئاغاو ئەربابان بووە."
"لە تارانیشدا ئیسماعیل ئاغایان حەپس کرد".
"ئەو هەتیوە لاتەی کە ئەو فەرمانەی دا بوو لە شورا دەریان کرد، ئەو سەرمەشقی تۆ بووە؟"
"نەخێر، من لە تاران دەپرسم"
"گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم. ئەگەر دەست لەم ئاژاوەیە هەڵنەگری، یا تۆ لێرە دەبێت یا من. هەر ئێستا ئەم قسەیەم بە شوراش بگەیەنە. منیش شورا ئاگاداردەکەمەوە".
ئەم مشتومڕە بە بەرچاوی ئازەر ئاغای سابونچیو عەلی جابرو چەند کرێکارێکی دیکەو دووان لە قوتابیەکانی ئاغا موعەلیم روویدا. شەمعی خیشی کردو دوای چەند رۆژێك بۆ تاران رۆیی تا بە دەستوراتی تازەوە لە مەرکەزەوە بێتەوە، بەڵام ئیتر نەگەڕایەوە.
لەم وەزع وحاڵەدا بڕیاردرا پاش یەکگرتنی هەردوو گروپەکە میتینگێك بکرێ. قەراربوو بە خۆپیشاندانی جەماوەری کۆنەپەرستان ولاستیکدزان و مۆنۆپۆلیستان، کە خەریکی نانەوەی پیلانێکی گەورە بوون، دەمکوت بکرێن.قاوێکیان بڵاوکردبووەوە کە مامۆستایەك لە پۆلدا گوتوویەتی بەشەر لە تیرەی مەیمونە،دەبێ هەموو مامۆستا حیزبیەکان بە چەپڵەی دەست و هۆیهاوریسوایی شار بەدەربکرێن.
فرود دەگەڵ کردنی ئەم میتینگەدا نەبوو. چونکە دەیزانی لە کاتێکا کە حیزب دەگەڵ دەزگای دەوڵەتیدا لە گفتوگۆدایە خاینان دەستەوئەژنۆ دانەنیشتوون.حاجی ئاغاش لێرەو لەوێ ژنەوتبووی کە خەریکی پیلان نانەوەن. بەڵام ئیدی زەمینەی ئەوە خۆش بووبوو.تارانیش هیچ لاریەکی نەبوو، بەردەوام پێداگری لەسەر پارێزووریایی دەکرد.
دەبوایە میتینگەکە لە سەوز مەیداندا بەرپابکرێ. مزگەوتێکی لێبوو کەس هاتووچۆی نەدەکرد. کیژانی عازەب هاوەنیان دەبردو لە ژێر گومەزەکەیدا دەیانکوتا کە بەختیان بکرێتەوەو مێرد بکەن. ئەم باوە لە مانگی رەمەزان و رۆژانی دوای قەدر دەگێڕدرا. لەبەردەم مزگەوتەکەدا کۆمەڵانی ئەنتی حیزب خڕبووبوونەوەو وەستا بوون. ئیمام جومعەی شار لەم جۆرە پیلانەگێڕیانە کە بە ئۆیینی ئینگلیزانیان دەزانی بێزار بوو. قەناعەت وپارێزکاری و دینداری ئەو لە سەرانسەری شاردا وێردی سەرزار بوو.لە هەموو کارێکدا ئاموچیاری باوەڕدارانی دەکرد ئاگاداربن کە بەفیتی بێگانە نەکەن.بە تەواوەتی خۆی لە سیاسەت دووردەگرت. باوەڕی وابوو کە ئەگەر لە زەمانی محەمەد عەلی شادا لایەنگری لە دوو سەید کردووە، تەختی محەمەد عەلی شای هەڵگێڕاوەتەوە،لە نەزانستە بووە بە داردەست و بە خۆی خاوەنی هیچ بڕیارێك نەبووە.بۆیە پێویستە هەر پیلانێك بەرلەوەی بێگانان بە قازانجی خۆ بیقۆزنەوە خەفە بکرێ.

حاجی ئاغا بۆی روون کردەوە کە ئاژاوەو بەڵایەك بەڕێوەیەو واچاکە بەری لیٚ بگیریٚ. پاشان ئاغا موعەلیم چووە خزمەتی حجە الاسلاموئووسینیٚکی بە خەتی خۆی لێوەرگرت کە هەرگیز نەیگوتووە حیزبیەکان بابیِن یان کافرن. نەفرەت لەو کەسەی کە ئەم قسەیەی کردووە، ئەمە جگە لەوەی ئەو موعەلیمەی کە کوفری دەخرێتە پاڵ لە ئەولادی پێغەمبەرە. ئەگەر کفریشی کردبیٚ و جنێوی بە ئیمامانیش دابیٚ پێویستە بهێنرێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست،حیزب بەم ڕاگەیاندنە خۆی گرتەوەو هاتەوە تایم. ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە باڵەخانەوحەوشەی حیزبدا خڕ دەبوونەوە زیاد دەبوو. هەموو کەسێك ئەم سەرکەوتنەیان بە دەست پێشکەری وچالاکی فرود دەزانی.تاران سوودێکی فرەی لەم ڕووداوە وەرگرت. تاران ئەمەی قۆستەوەو فەرمانیان بە فرود دا کە لە شارەکەی خۆیدا وەمێنیٚ. ناچاریان کرد لە هەمان ڕۆژنامەی "پایەدار"دا کە پێشتر کاری تیا کردبوو، وتار بنووسێت.

خانەوادەکەی بەمە خۆشحاڵ بوون. تەنیا ئاغا موعەلیم نیگەران بوو. بەڵام ئەوەی کە لەم وەزعە تازەیە بێتاقەت بوو ودەری نەدەبڕی نێرگز بوو.

کاتیٚ ویستیان لێکدی جودابینەوە نێرگز ناڕەحەت بوو. گوایە هۆی ناڕەحەتیەکەی ئەمە بوو کە فرود ساڵێك لە خوێندنەکەی دوادەکەویٚ. بەڵام بە بۆچوونی فرود ئەمە کاری لە خوێندنەکەی نەدەکرد.دڵنیا بوو کە هاوین بۆ تاران دەگەڕێتەوەو لە شەهریوەردا(٢٢/٨-٢٢/٩) بەشداری تاقیکردنەوە دەکات وقەرەبووی ئەم دواکەوتنەی دەکاتەوە. خۆی گوتەنی بییەك نەبوو بەم بایانە بلەرزیٚ، نێرگز گوتی:

"نازانم، وێڕای ئەمەش خەممە، خۆیشم نازانم بۆ".

"خەمت نەبیٚ، من دانامێنم."

"نەمگوتووە دادەمێنی، بەڵام خەممە."

"کیٚ چوزانیٚ، شایەت تا چەند هەفتەیەکی دی دیسان بێمەوە بۆ تاران."

نێرگز تاقەتی چوو.دەستی لە نێو دەستی فرود دەرهێناو بەر لەوەی سەری گریانی بکرێتەوە گوتی:

"بڕۆ بابە، بچۆ بەلای کارتەوە، دڵت خۆشە کە مەسئولیەتێکیان وێداوی".

فرود دیسان بۆ ماوەی دوو سیٚ هەیڤان بووەوە بە ڕۆژنامەنووس. بەڵام کاری سەرەکی ئەو کاری ڕێکخستن بوو. ئەرکی ئەوە بوو کرێکاران کۆبکاتەوەو لە یەکێتیی و سەندیکاکاندا ڕێکیان بخات. هەندێجار تا نیوەشەو دەگەڵ خەڵکیدا خەریك بوو. لەوە دڵگیربوو کە دەستی داوەتە کارێك دەرەقەتی نایەت.پێش نەدەکەوت. هەرجاریٚ سووکە سەرکەوتنێکی بەدەست دێنا زەوقی پەیدا دەکرد. بەڵام دڵنیابوو کە ئەگەری سەرکەوتنی زیاتر هەیە. قسە خۆش بوو. بەڵام ئەزموونی بانگەشەکردنی نەبوو. دەیتوانی گیروگرفتی بیسەران بە باشی روون بکاتەوە. کەم روو وشەرمن بوو، زاتی ئەوەی نەبوو کە لە بەرانبەر دنیادیدەو خاوەن ئەزموونانندا قسەی خۆی بسەپێنیٚ. خاوەنکاران دەرەقەتی دەهاتن. پەنای وەبەر ئاغای پایەدار دەبرد. بەهرەی لە دەسەڵاتی حاجی ئاغا وەردەگرت. بەخۆی دەیزانی کە ئەم بیٚ دەسەڵاتیە سیفەتی کەسێکی ڕابەر نیە. کەیفی بەوە

دەهات کە کرێکاران متمانەیان بەو هەبوو وتەنانەت گیروگرفتە خێزانیەکانیشیان بۆ دەگێڕایەوە. متمانەی ئەوان دڵگرمی دەکرد بەڵام لاوازیو بێ توانایییەکەی نەدەشاردەوە. بەردەوام لەبەر خۆیەوە گلەیی دەکرد: "کێیان بۆ سەروکاری ڕێکخستن داناوە، کەسێك کە هیچی لێ نازانێ".
کاتێ لەمبارەیەوە دەگەڵ ئاغا موعەلیمدا قسەی دەکرد، ئیرادەکانی ئەو زیاتر مایەی نائومێدی بوو: "ئەم بێ توانابیە هەر لە تۆدا نیە، لە دامودەزگای سەرێشدا هەیە. ئەوانیش ئەزموونیان نیە. بیست ساڵ حوکمی دیکتاتۆریەت دەرفەتی بە هیچ کەسێك نەداوە کە لە کاروباری سیاسەتوکۆمەڵگەو لە ڕێنوێنیو ڕابەریکردنی خەڵکیدا قاڵ ببێتەوە. هیچ چارێك نیەو بێگومان کەسێکی لە تۆ باشتریان نیە. بەخۆیشیان لە تۆ زیاتر نین. نائومێد مەبە. منیش کە بوومە بەڕێوەبەری پەروەردە، بە بەڕێوەبەریی نەهاتبوومە دنیاوە. مەترسە. خۆت ڕاگرە، فێردەبێ..."
ئەمە بۆ خۆی دڵدانەوەیەك بوو، بەڵام دڵدانەوەیەکی زۆر لاواز.
حیزب یانەیەکی دیکەی لە سەرووی شار بە کرێ گرت. بە خۆی دەگەڵ خاوەن موڵکەکەدا کەوتە دانوستان، خانووەکە هی شازدە محەمەد حسەین میرزا بوو. دەگەڵ سکرتێرەکەیدا سەودای کردو کرێنامەکەی ئیمزا کرد. نەیدەزانی هەقی کرێیەکە لە کوێ بێنێ. ئازەر ئاغا پشتیوانی لێدەکرد: "بە خۆم دەچم بۆ تاران، یەخەیان دەگرموکرێکەیان لێ دەستێنم".
بڕیاردرا کە ئەو هەر لە سەندیکا وەمێنێ. عەمەلەی ڕێگاوبان، شوفێران، نانەواچیان، کرێکارانی چەرمسازیو پیشەوەران راکێشێتە ریزی ڕێکخستنەوە. کرێکارێکی ئازەربایجانی بە نێوی ئازەر ئاغا بەردەستی دەکرد. ئەو دەگەڵ شەمعی دا ئەرزو ئاسمانی فەرق بوو، لە کار نەدەترساو خۆی لێ نە دەدزیەوە. لە عەمراتی بەنایی نەکردبوو، بەڵام بۆ تەعمیری ستارەی سەربانی دیوی جادەکە بە جۆرێ کەرپوچی دادەنا لە تۆ وایە سەد ساڵ خەریکی ئەم کارە بووە. فرود هەرکاتێ ناوی ئەو لە نەوارەکەدا دێنێ دەڵێت: "پیاوێکی شەریفو پابەندو باوەڕدار بە باوەڕی خۆی بوو، بەدبەختانە هڕی لە بڕ نەدەکردەوە، زۆر لەخەمی ئەوەدا بوو فێری خوێنەواری بێ.تۆزێك خوێندنو نووسین فێر بووبوو هەمیشە حەزی لێبوو کتێبانێك وەخوێنێ کە لە ئاستی تێگەیشتنو خوێنەواریەکەی ئەو باڵاتر بوو. ئەم دوو نەفەرە سەندیکاو یەکێتییەکانیان بەڕێوە دەبرد. بە تەواوەتی دەستیان گیرابوو.
فرود نەپەرژا لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا بۆ تاران بڕوات، بەو خەیاڵەی کە لە شەهریوەردا ئیمتیحان دەدا. ئەوەندە پڕکارو مژوڵ بووبوو کە تەنانەت دەرفەتی کتێب خوێندنەوەشی نەبوو. لە کەمترین دەرفەتدا دەبوایە بڵاوکراوانی باش دەگەڵ ئازەر ئاغادا وەخوێنێو بۆی شەرح بکات. چەندین کەڕەت "مانیفێستی" بۆ شەرح وشرۆڤە کرد. ئازەرئاغا هەندێ ڕستەو پەرەگرافی لێ ئەزبەر کرد.
هەردووکیان بە سەعاتان دەگەڵ سەربڵندا گفتوگۆو گەنگەشەیان کرد. ئەم پیاوە کۆنەکارو دنیادیدەیە نەیدەویست منداڵانی تازە کورە پێی رابوێرن. قاییل کردنی ئەو دژوارو ئەستەم بوو. لە ئەنجامدا بڕیاردرا دەستەیەکی هاوبەش بە سەرۆکایەتی سەربڵند، لە هەردك گروپەکە پێك بهێنرێو لە هەموو کارێکدا راوێژ بە یەکتر بکەن. دوای ماوەیەك کۆمیتەی شار لە هەمان

دەستەوە دامەزرا، سەر بڵند پاش دامەزراندنی دەستەکە بە فرودی گوت: "تۆ بەم منداڵیەی خۆتەوە فریوت دام‌وکڵاوت لە سەرنام".
"ئاغای سەربڵند، ئێمە موخلیسی ئێوەین".
لەم رێگەیەوە هەردوو گروپەکە بوون بە یەك‌و سەنگ‌و ئابڕویەکیان بۆ حیزب چێکرد.
خۆلاسە، فرود زانکۆی تەرك کرد تا جەژنی یەکی ئایاری ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦) هاتە پێشێ. چەند کەسێك، لەوانە ئاغا موعەلیم‌و ئازەرئاغا بە نوێنەرایەتی سەندیکا چوون بۆ لای سەرۆکی شارەبانی کە مۆڵەتی خۆپیشاندان وەربگرن.سەرهەنگێك بوو کە چەند رۆژێك بوو لە تارانەوە هاتبوو ومەسئولیەتی پاراستن‌وپاسەوانی شاری لە ئەستۆ گرتبوو، نەیدەتوانی ئەو جۆرە مۆڵەتە بدات:
"ئاسایشی گشتی دەشێوێ. نەیارانیش خۆیان سازداوە. ئەمە بە قازانجی وڵات نیە. خۆپیشاندانی ئێوە شار دەخروشێنێ. باشتر وایە چاوپۆشی بکەن. مەسڵحەت لە مەدایە"و چەند هەنجەتێکی تری لەو بابەتە.
نوێنەرەکان بە قەڵسی‌و عادزی ژڤرینەوە، دانیشتن‌و راوێژیان کرد. ئاغا موعەلیم وای بە باش زانی کە وازبێنن. با دەگەڵ سەرۆکی تازەی شارەبانیدا تێ نەگیرێن. ئازەرئاغا باوەڕی وابوو کە ئەگەر جەژنی یەکی ئایار نەگیرێت ئیدی کرێکاران گوێیان لێناگرن‌و بە قسەیان ناکەن. بڕیاردرا جارێکی دی بۆ شارەبانی بچنەوەو سەرۆك رازی بکەن. ئەمجارەیان فرودیش دەگەڵیاندا رۆیی. گفتوگۆکان توندبوون. فرود هێرشی کرد، ئایا هەمان رەفتاری زبری ئەم لاوە بێ ئەزموونە بووە مایەی ئەوە کە سەرۆکی شارەبانی سنووری بۆ دابنێت‌و تۆڵەی لێ بکاتەوە. دوا قسەی کار بە دەستی دەوڵەت ئەمە بوو: "ئێمە دەستورمان پێدراوە نەیەڵین خۆپیشاندان لە شاردا بکرێ. ئاقیبەتی خراپ دەبێ".
خراپیش بوو، حیزبیەکان پەیوەندیان دەگەڵ مەڵبەندی خۆدا لە تاران، گرت. وەڵامەکە زۆر نادیاروئاڵۆز بوو:"ئاگاداربن، مەسەلەکە ئاڵۆزە".
ئەوجا لەسەر پێشنیازی ئاغای پایەدار قەراردرا ئاپۆڕاکە تەنیا لە هۆڵی سینەماکەدا کۆببنەوەو لەوێ یەکێك باسی کورتە مێژوویەکی یەکی ئایار بکات‌و لە کۆتایی کۆڕەکەدا داواکاریەکانی کرێکاران رابگەیەنرێ. تیروپشك کەوتە سەر فرود. فرود تا نیوەشەو لە کتێبخانە بچووکەکەی حاجی ئاغا دانیشت‌و وتارەکەی خۆی ئامادە دەکرد. نیوەشەو حاجیەخانم هاتە سۆراغی، وایدەزانی نەخۆشە.دوای چەند دەقیقەیەك حاجی ئاغا سەرێکی دا. حەزیدەکرد سەعاتێك بە دوو قۆڵی دەگەڵ کوڕەکەیدا دانیشن. فرود وتارەکەی بۆ بابی خوێندەوە. حاجی ئاغا هەندێك بۆچوونی هەبوو کە دوای گفتوگۆ رەزامەندی لەسەر درا. بابی ئامۆژگاری دەکرد بە جۆرێ وتارەکەی رێکبخات کە نەك هەر کرێکاران‌و حیزبیەکان چەپڵەی بۆ لێدەن‌و بە دڵیان بێ بەڵکو خەڵکی‌و بازاڕیانیش زویر نەبن تا ئەگەر شتێك رووی دا نەچنە ریزی مونافیقانەوە. باب‌و کوڕ مودەتێك لەمبارەیەوە پێکەوە راوێژیان کردو فرود دانی بەوەدا نا کە بە خۆی داواکاری ئەم نوتقە نەبووە بەڵام قەناعەتیان پێکردووە کە قسە کردنی خوێندکارێکی زانکۆیی کە لە تارانەوەو

لەلایەن حیزبەوە هەڵبژێردرابێ و ناردرابێ بۆ خەڵکی کاریگەرترە لە قسەی یەکێکی خەڵکی ئەوێ.
ئاپۆڕاکە پێشوازی فرودیان کرد، چەپڵەیان بۆ کوتا، خرۆشان. دەیانویست بیخەنە سەر دەستان و برژێنە نێو شەقامەکان. دەماودەم بڵاوبووەوە کە ئەم خوێندکارە هاوشاری خۆیانەو چیوای نەماگە ببێ بە قازی. دووریش نیە کە بە پۆستی دادسێنی بۆ شارەکەیان بگەڕێتەوە. هەنگێ کرێکاران دادستێنێکی خۆییان دەبێ و کەس غەدریان لێناکات. بەدری و مونیرە ئەم خەبەرانەیان دەبیست و بۆ خەڵکانی تریان دەگێڕایەوە.
فرود هەستی دەکرد کە خەریکە جڵەوی لە دەست دەردەچێ. بانگێکی دەروونی هاواری لێدەکرد: "ئەگەر ڕابەرە-بەخۆی دەیزانی ئەوە نیە -دەبێ لێرەدا هیمەت بنوێنێ، دەبێ بتوانێ جەماوەری هەوسارپچڕیو بە زەبری زمان ڕامبکات. خەتەرێك بەسەر سەریەوە فرەفڕی بوو. دوا قسەکەی سەرۆکی شارەبانی وەبیرهاتەوە: "من لە پاراستنی تەناهی و ئاسایشی ئەم شارە بەرپرسم، هەر شتێك ببێتە مایەی پەشێوی و ئاژاوەنانەوە لە چاوی تۆی دەزانم." قسەی بۆ نوێنەرانی شاندەکە دەکرد، بەڵام چاوی بڕی بووە فرود.
فرود جارەکی دی چووە پشتی تریبۆنەکە. داوای ئارامی و بێدەنگی لە خەڵکەکە کرد. سوپاسی پێشوازی و جۆش وخرۆشە گەرمەکەیانی کرد. ئەمەی بە تاسەی ئازادی و برایەتی لە قەڵەم دا. باسی ئەوەی کرد کە لەگینە خەڵکانێکی ئاژاوەچیان دەناودا بێ وداوای لێکردن و پێداگری کرد کە دەستە دەستەو بێ هیچ نمایشێك بۆ ماڵی خۆ بڕۆنەوەو بڵاوەی لێبکەن. بە خۆیشی لەبەر دەرگاکەدا وێستا، چاك وخۆشی دەگەڵ کرێکارەکاندا کرد. هەر تاقمێکی بە یەکێك لەوانەی کە جێی متمانەی ئازەرئاغاو سەربڵندو بیرکەنەکەو خۆی و قوتابیانی قوتابخانەکە بوو، سپاردو ڕەوانەی کردن کە لە هیچ شوێنێ نەوەستن و قەرەباڵغی نەکەن و بە خۆڕایی هەڵنەچن و هورانەکێشن و سروود نەڵێن. تا دەرچوونی دوا نەفەر خۆی لەبەر دەرگاکە وەستا بوو. لە دوا ساتدا سەربڵند خەبەری هێنا کە ئاپۆڕاکە خەریکە بەرەو یانەی حیزب دەڕوات. ئیدی چ هەواڵێك لە بڵاوەلێکردن نەبوو. هەرچەند ئازەر ئاغاو ئاغا موعەلیم هەولیاندا کە خەڵکەکە بە ڕێگای جیاوازدا بەڕێبکەن فایدەی نەبوو. ئاپۆڕاکە لافاو ئاسا بەرەو یانەکە وەڕێ کەوتبوو. چەند کەسێك بە چپە دەیانگوت خوێندکارەکە گوتویەتی هەموو بەرەو یانەکە بڕۆن. پاشان ئەم چپەدووە بەرزتروئاشکراتر بوو. بڵندگۆیەك دەستوری دەدا کە بۆ یانەکە بڕۆن.
سەربڵند دەیگوت: "چ بکەین؟"
"دەبێ نەهێڵرێ."
"جا تەنیا بە قسەی تۆ دەکەن، تۆ ڕابەریانی."
"ئاغای سەربڵند، ئێستا کاتی تەشەر نیە. فریاکەون، نەیەڵن شتێك بقەومێ."
بە دوو قۆڵی و بە غار دوای ئاپۆڕاکە کەوتن، هەوڵیان دەدا چەند چەندو دەستە دەستە خەڵکە هاڕوژاوەکە بکێشنە نێو کوچەوکۆڵانەکان. یەکێکیان نارد بۆ لای ئازەرئاغا کە بڵندگۆیەکە لەو کابرایە بسەنێ و خەڵکەکە هێوربکاتەوە. فرود هەرئاشنایەکی دەبینی بۆ لایەکی دەنارد.

دەستوری دەدا، ئەمڕۆ نەهی دەکرد، تەشەری دەدا. هەندێك دەیان ناسی و بە گوێیان دەکرد، هەندێکی دی وجویان نەدەزانی و درێژەیان بە ڕێی خۆ دەدا. سەربڵند ماندوو بووبوو، دەنگی گیرا بوو. ئارەقەی لێدەچۆڕا. توانای غاردانی نەبوو. پالی وەدرەختێکەوە دابوو وبە دەستەسرێکی چڵکن نێوچەوانی دەسڕی. ئاغای پایەداری بینی، گازی کرد. داوای لێکرد بڵاوە بە ئاپۆڕاکە بکات، لەم بەینەدا یەکێك کەوتە هوراکێشان: "بژی یەکی ئایار رۆژی جەژنی کرێکاران." لە پڕ لە لای سەوزمەیدانەوە رمبەیەك هەستا. پاسەوان وجەندرمەکان تەقەیان کردبوو. دەنگی تەقە سات بە سات نزیکتر دەهاتە گوێ. هەموو رووداوەکان لە زەرفی چەند دەققەیەکدا روویدا. فرود کە دەگەڵ یەکەم تەقەدا بە پەلە خۆی گەیاندبووە ریزی پێشەوەی ئاپۆڕاکە سەیری کرد کوڕێکی ١٧- ١٨ ساڵان تفەنگی پاسەوانێکی ڕفاندووەو دەخوازێ تەقە لە هێرشبەرەکان بکات. خۆیشی نازانێ چی بوو. چۆن خۆی گەیاندە ناوەندی ئاپۆڕاکە. چەند کەسێکی دیکەش، یەك لەوانە ئازەر ئاغا دەگەڵیان، هاوار دەکات، داوا لە ئاشنایان دەکات کە بلاوەی لێبکەن. هەندێك لەوانەی کە لە ڕێگەی وتارەکەی هۆلی سینەماکەوە ناسیبویانەوە، بە گوێی دەکەن و خۆ بەلاکۆلانەکاندا دەکەن و ژمارەیەك دەگەڵ خۆدا دەبەن. هەندێکی دی خوێن بەرچاوی گرتبوون وکەڕم کوێرم دەنگی تەقەکانیان دەژنەوت و دەیانویست خۆ بگەیەننە ریزی یەکەم. لەم گێرودارەدا فرود پەلاماری داو تفەنگەکەی لە دەستی گەنجە هاڕوژاوەکە سەندو بە کەماڵی خوێنساردی بە کابرای پاسەوانی دایەوە. لە چاوتروکانێکا دوو سێ کەس لە دەوروبەری ئەودا پەلەخوار بوونەوە.

تەقە پەیتا پەیتا درێژەی پەیدا دەکرد. فرود خۆی دایە پەنا دیوارێك و بینی چەند نەفەرێك پێکران و هەلاتن. لە پڕ هەستی کرد بەردێك وەخالیگەی کەوت. وەك بڵێی دەستێکی غەیبی چنگی پێدا کردو دەموچاوی هەڵگوشی. وای خەیاڵکرد شتێکی ئەوتۆ رووی نەداوەو هیچ نەبووە، فیشەکی بەرنەکەوتووە، بەڵام دەستی تەڕ بوو. خوێن بوو. بە ئارامی بەرەو یانەکە وەڕێ کەوت، ئارامی و خوێنساردیەکەی نائاسایی دەهاتە بەرچاو. مەنگ بوو بوو، پێکەنیناوی دەهاتە بەرچاو. لە خوت و خۆڕایی، بە گەنجی پیر بووبوو. هێشتا بە تەواوەتی نەبوو بوو بە حیزبی، بوو بوو بەڕابەر: "لە یەکی ئایاردا وتار دەدا، جەماوەر دەخرۆشێنێ"و بە خەیاڵی خۆی بووە بە پیاوو دەخوازێ جەماوەری هاڕوژاو فێری سەبروحەوسەڵە بکات."

گاڵتەی بە خۆی دەکرد، جوێنی بە خۆی دەدا، ئەمە عادەتی بوو، لە کاتی نا ئاساییدا قسەی بە خۆی دەگوت و تەشەری لە خۆ دەدا، ئەمە دەڵگەرمی دەکرد.

ترس و سام باڵی بەسەر یانەکەدا کێشا بوو، چەند بریندارێك لەوێندەر بوون و پزیشکێکی دۆستی حیزب بە هاوکاری پەرستارێك بریندارەکانی تیماردەکرد، ئیدی گریان و نالەو دادو بێدادو فریادو جوێن و نەفرەت بوو. فرود غیرەتی نەیهێنا خۆی پیشانی دکتۆرەکە بدا. بەلایا رەت بوو وگوتی: "ئاغای دکتۆر ماندوو نەبی." وەڵامی دایەوە: "خەنی لە خۆت کە هێشتا زندووی، وانە بوایە بەخۆم چاکم دەکردییەوە."

"ئاغای دکتۆر دەتەوێ بەسەری کەچەڵی من خۆت بکەی بە وەستا؟"

فرود بە دوای ئازەرئاغادا دەگەڕا. پێیان گوت لە باڵەخانەکەیە. لەوێندەرەوە هێرشی خەڵکەکە بۆ یانەکە دەبینرا. پاسەوانەکان هەوڵیاندەدا نەیەڵن ئاپۆڕاکە بێتە حەوشەوە. بەڵام ژنان بە گریانەوە بە دوای مێردەکانیانا هاتبوون و سات بە سات ژمارەیان زیادی دەکرد، ئیدی حەشر بوو، ئاپۆڕاکە لە حەوشە چکۆلەکەدا گێژیان دەخوارد. هەندێك لە قەراخ حەوزەکەوە ئاویان بەسەرچاوەی خۆدا دەدا. چەند نەفەرێك یارمەتی دکتۆر "راد"یان دەدا. کراسەکانی خۆیان دادەکەندو زامی زامدارەکانیان پێ دەبەستن. راد چەند نەفەرێکی لەسەر تەختێك و لەسەر زەوی پاڵ خستبوو چاوەڕوان بوو ئوتومبیلێ شتێك پەیدا بکات و بۆ نەخۆشخانەیان ڤرێکا. ئاغای پایەدار خۆی گەیاندە حەوشە، عەودالی ئازەرئاغا و فرود بوو. چوو بۆ باڵەخانەکە، دڵنیایان کرد کە زامەکەی فرود سووکەوتەنیا بازووی راست و خالیگەی روشاوەو زوو چاك دەبێتەوە. چوو تەلەفۆن بکات کە پەرستارو دەواو دەرمان بێت. ئاغای پایەدار چەند قسەیەکی دەگەڵ "راد"دا کردو چوو ئوتومبیلێ شتێك پەیدا بکات کە زامدارەکان بۆ خەستەخانە بنێرن. فرود لەوی بیست کە ئاغای سەربڵند ترساوەو لە ماڵەوە کەوتووە. کە ئاغا موعەلیم رۆیی فرود روویکردە ئازەر ئاغا:

"گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم. مەیکە بە هەراو زەنا. پارچە پەڕۆیەك باش بسوتێنەو بیتەپێنە زامەکەی لای خالیگەمەوە. هیچ نیە، تۆزێك رووشاوە"

پێدەچوو گوللەیەك لەبن دەستیا تیغی کردبێ، یان پارچە ساچمەیەك بەر دەستی کەوتبێ. لارومەتیشی کەمێك رووشا بوو. بەڵام هێندە برینداروخوێناوی لە حەوشەی یانەکەدا زۆر بوو کە کەس نەیدەپەرژایە سەر زامی دەموچاوی ئەو. چاکەتەکەی فرود کون بووبوو، ئازەرئاغا تۆزێکی لێ سووتاندو لە برینەکەی ناو خوێنەکەی وەستانەوە.

پزیشکەکە لەبەر دەرگای ژوورێك مژوڵی برین پێچی بوو. بۆیە هاتبووە ئەوێندەر تا قەرەباڵغییەکە رێی لێنەگرێت. پێیان گوت کە فرودیش پێکراوە.

"با بێتە خوارەوە".

پێیان گوت ئازەر ئاغا خەریکە پارچە دەسوتێنێ و دەیتەپێنێتە زامەکەیەوە. دکتۆر وەڵامی دایەوە: "تەسەورم نەدەکرد ئەوەندە گەوج بێ".

کارەکەی تەواو کردو چوو بۆ باڵەخانەکە، هەرکە چاوی بە ئازەرئاغا کەوت کە خەریکە جارێکی دی پەرۆکۆنە خوێناویەکان دەنێتە سەر برینەکە هاواری کرد:

"برۆ دواوە، ئەم کارانە لە فیلمە کاوبۆکانی ئەمریکاوە فێر بووی. ها."

ئەوسا روویکردە فرود:

"بەڕاستی زۆر کەری، دەزانی چ دەکەی؟"

بە هەرجۆرێ بوو بەو ئەوزارو کەرەستەکەمەوە کە پێی بوو سەر لە نوێ زامەکەی بە دیتۆڵ شت و گوتی:

"یەکسەر خۆت بگەیەنە خەستەخانە تا زامەکەت بە باشی بشۆن، شتێك بدە بە شانتا، ئەگەر تا شەوێ نەمردی بانگم بکە تا بێم و بە دەرزیەك چارت بکەم." ئازەرئاغا هاواری کرد:

"کوڕینە کێ چاکەتێکی زیادی هەیە بیدا بە شانی کاکە فرودا".

یەکێك چاکەتەکەی خۆی دایە. فرود بزەیەکی کردوگوتی:

"دەست خۆش،لە شەوی زاوایەتیەکەتا یەك دەست جلکت بۆ دەکڕم".

"جلکی زاوایەتی بۆ خۆت بکڕە، من دوو کوڕم هەن."

"کەواتە دیارییەکی نایاب بۆ خەتەنە سورانی کوڕەکەت دێنم".

"ئیشەڵڵا".

ئیدی لە حەوشی یانەکەدا دەرزیت هەڵدابا نەدەکەوتە سەر زەوی. ئەوەندەی خەڵك تێ ڕژابوو کە زۆریان چووبوونە سەربان. ئازەرئاغا لە ترسی ئەوەی سەربانەکە نەڕوخێ دەستوری دا کە یەکێك لەبەر قاڵدرمەکەدا بوەستێو نەیەڵێت ئەو خەڵکە بچنە سەربان. فرود نیگایەکی شەقامەکەی کرد، ئاپۆڕاکە هێشتا بڵاوەی نەکردبوو، پاسەوانەکان زاتیان نەدەکرد ڕێ لە ژنەکان بگرن. جەندرمان بەپەلە هاتبوونە کۆمەکیان. یەکێکیان کێشای بە سینەی ژنێکدا، ئازەرئاغا توڕە بوو، هاواری کرد: "خەڵکینە هێرش مەیەنن، ئەمانە هاربوون. هۆی، ئاغا ئەگەر راست دەکەیو پیاوی لە دەستی من بدە". جەندرمەکەش نەیکردە نامەردی، بەڕاستی سێرەی لە سینگی ئەو گرت، راست درۆ؟ مەعلوم نەبوو. دەیویست بیترسێنێت یان لە حاڵی پشمو غەزەبدا بوو وجڵەوی لە دەست بەر بووبوو. ئازەرئاغا سینگی دەرپەڕاندو کۆڵەمستی لەسەر مەمکی گوشی وادەهاتە بەرچاو کە ئامادەیە بەمردنی خۆی تۆڵەی ئەم بێ ڕێزیەی ئەمڕۆ لە نامەردان بسەنێ. جەندرمەکە نیشانەی لێگرتەوە، فرود تەڕدەستو چابوك ئازەرئاغای بۆ لای دەرگای ژوورەکە دەڵەك داو گوللەکە شڵپ بەدیواری هەیوانەکە کەوتو هەموو گەچەکەی هێنایە خوارێ.هەرکە دەنگی گوللەکە بەرزبووەوە ژمارەیەکی دیکە هەڵاتنو هەندێکیش هێرشیان بۆ جەندرمەکە بردو ئەگەر سەرۆکی جەندرمان، سەرهەنگ جەمال بە خۆو جێبەکەیەوە نەگەییشتبایە ئەوێندەر لەوە بوو جەماوەرە توڕەکە کاری جەندرمەکەیان تەواوکردبا. یەکسەر دەستوری دا جەندرمەکە بگرن.

سەرهەنگ جەمال یەکڕاست هاتە باڵەخانەکە، هەرکە چاوی بە فرود کەوت یەکسەر زانی شتێکیەتی: ڕەنگی پەڕی بوو. ئەو چاکەتە دەڵبەی سەرشانی وای دەگەیاند کە ئاسیوێکی پێ گەییوە. زامەکەی دەموچاویشی هاواری دەکرد.

سەرهەنگ جەمال بە فرودی گوت: "بۆچی بە پێچەوانەی دەستوری شارەبانی بە کۆمەڵ لە شەقامەکاندا خۆ پیشاندانتان کرد.."

چەند کەسێك لەوانەی کە لە دەوروبەری سەرهەنگوفرودو ئازەر ئاغادا وەستا بوون خۆیان لە قسەکانی هەڵقورتاند. لە حەوشەکەدا هاتوهاوارێك هەستا کە گوێی بنیادەمی کەڕ دەکرد.

فرود وئازەر ئاغا ئاپۆڕاکەیان هێورکردەوە. بێدەنگی بەرقەراربوو. فرود گوتی:

"جەنابی سەرهەنگ هاتووی ئێمە تاوانبار بکەی یان حەقیقەت بزانی؟"

فزە لە کەسەوە نەهات. سەراپایان بوو بە گوێ.

ئازەر ئاغا وەڵامی دایەوە: "ئێمە بەرەو یانەکە دەچووین پاسەوانەکان کەوتنە تەقە."

فرود رووی له ئازەرئاغا کرد: "وازبێنه. خۆ لێرەدا ئیفاده نادەین. ئەگەر دادگاو دادگاکاری هاته گۆڕێ هەنگێ هەموو شتێك دەڵێین".

سەرهەنگ گوتی:"فەرموونه ئەم ژووره با پێکەوه قسان بکەین".

چەند کتێبێك له تاقی ناو ژوورەکه ریزکرابوو.لبادێك له ژوورەکەدا ڕاخرا بوو. کۆمەڵێك وێنەی سەرانی مەشروتەو سلیمان میرزا به دیوارەکانەوه هەڵواسرابوو. سەرهەنگ بۆ کورسییەك دەگەڕاو نەیدۆزییەوه. ئانیشکی نایه سەر تاقچەیەکی گەچین، پێی چەپی برده دواوه، سەری دانەواندو به دەنگێکی دی، کەمێك خۆمانی گوتی:

"ئاغای فرود من بۆ تاقیق و لێ پرسینەوه نەهاتووم، هاتووم رێ له خوێنڕێژی بگرم، دەستوور به خەڵکەکەتان بدەن تا زووتره بڵاوەی لێبکەن.

کەمێك هێواشتر لەسەری رۆیی: "هاتووم پێتان بڵێم که من هیچ خەتایەکم نیه.من دەستوری تەقه کردنم نەداوه، هەڵبەته دوایی ئاشکرا دەبێت که کێ سەبەبکاری ئەم رووداوه بووه".

فرود گوتی: "یان وەکو هەمیشه هەرگیز ئاشکرا نابێت.جەنابی سەرهەنگ بۆ ئەمه به من دەڵێی، فایدەی چیه، ئایا ئامادەی هەمان قسه له دادگادا بکەیت؟"

"ئەگەر پێویست بکات،دەیکەم. بەڵام بۆیەم به تۆ گوت تا بەلای کەمەوه بزانی که من خەتابار نیم."

کاتێ فرود ناوی سەرهەنگ جەمالی دێنا،خەمێك دەنیشته سەر سیمای. منی نووسەر هەستم پێکردو هۆی ناڕەحەتیەکەیم پرسی. وەڵامەکەی ئەمەیه که به درێژی له نەوارەکەدا (کاسێت) باسی کردووه: "ئیدی ئەم سیمایەم هەرگیز نەبینییەوه.هەر ئەو چەند ساته بوو. پاشان ناویم زۆر خوێندەوه. سەیره حاڵەتی سیمای لەو ساتەوه لەزەینمدا نەخش بوو و تا ماوم له بیرم ناچێتەوه. ناوی دەگەڵ لیستی ناوی ئەفسەرانی تیربارانکراودا هات. دەزانی کامەیانه؟ ئەوەیان که له کاتی تیربارانکردنەکەدا نەیهێشت چاوانی ببەستنەوەو گوتی دەمەوێ ببینم کاتێ که فەرماندەکەتان دواتیر دەهاوێ چۆن دەستی دەلەرزێ. ئەمه هەمان سەرهەنگ جەمال بوو. له چەند ساتێك زیاترم نەبینیوه بەڵام زۆربەی کات له بەرچاومه.."

"سوپاست دەکەم، تا ئێستا چەندین کەس زامدار بوون، دەبێ بۆ خەستەخانه بنێردرێن. یەکێك گولله بەسکی کەوتووه.له ئەنجامدا هەردەبێ ئاشکرا ببێ که کێ سەبەبکاری ئەم شەڕه بووه. خوا بکا کەس نەمرێ. ببوره، من دەبێ بڕۆمو کۆنترۆڵی وەزعەکه بکەم."

"به سواری جێبەکەی من بڕۆو کارەکەت بکه. من لێره دەبم."

فرود سواری جێبەکه بوو. هەرکه کرێکارەکان به سواری جێبەکەیان بینی هێرشیان بۆ برد. ئەفسەرێکی شارەبانی هاواری کرد: "بڵێن کۆمەڵ نەبن دەنا فەرمانی تەقه دەدەم". پاسەوانەکان ئاماده بوون وچیوای نەمابوو که دەستڕێژی گولله هاڕەبکات. له باڵەخانەکەوه سەرهەنگ جەمال دەنگی دان.

"کێ گوتی تەقه بکەن؟"

"سەگبابینه"ی لەبن لێوانەوه گوت به جۆرێ که تەنیا ئەوانەی دەوروبەر گوێیان لێ بوو.

فرود بە سواری جێبەوە داوای لە خەڵکەکە کرد کە بڵاوەی لێبکەن. لەسەر ڕێوە، لە سەوز مەیداندا، لەو کتێبخانەیەی کە بە زۆری نشیمەنی ڕۆشنبیرانی حیزبی بوو، وەستا. لە حاڵ و ئەحواڵی پرسی. پێیان گوت کە ژمارەیەکیان بۆ خەستەخانە بردووە. لەوە دەچێت چەند کوژراوێکیشیمان هەبێ. ژمارەی برینداران یەجگار زۆرە. بە جێبەکە خۆی گەیاندە نەخۆشخانە. هەراوهەنگامەیەك بوو هەر مەپرسە.چەند پزیشك و پەرستارێك لە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆردا بوون. یەکێکی بۆ داودەرمان و سارغی و کەرەستەی برین پێچی نارد،خۆیان هەرچییەکیان هەبوو بەکاریان دێنا.کابرایەکی کەتەی سینگ و بەرۆك گۆشتن لە ڕاڕەوەوکەدا هەناسەی دەرنەدەهات کە بە دەنگی بەرز هاواربکات، هەر دەی قرخاند، کیژێك سەرپۆشەکەی خستبووە سەر زامەکەی تا خوێنەکەی بوەستێتەوە. گوللەیەك سینگی بڕی بوو وپارچەیەکی لە سینگی کابرای کەتە بردبوو. کیژەکە کاتێ بینی کە فرود بۆ لای ئەو دێت سەرپۆشەکەی لەسەر زامەکەی لا بردو پیشانی ئەوی دا، پیاوێکی ناڤسالێ چمکی پانتۆڵەکەی فرودی گرت و گوتی: "ئەمەش لە ڕای تۆ، ئەمەش لە پێناوی ئازادی".

ئەم پیاوە حسەین عەلی شوفێر لۆری بوو کە یەکەمجار لە کۆبوونەوەکەی ماڵی سەربڵندا دیتبووی. قۆناغە تفەنگێکیان بە پشتیا کێشا بوو. لە تاو ئازار دەینالاند. چەند ڕۆژێك حەپسیان کرد. گوتیان لەکاتی ئەنجامی وەزیفەدا پاسەوانێکی تەوهین کردووە،پێی گوتووە نۆکەری بێگانەو هەڕەشەی لێکردووە. لە حیزبا مایەوەو تا ئاخر هەر وەفاداری کرد، تا نا ئومێد بوو و کەوتە دووی کاری خۆی و گەراجی داناو دەوڵەمەند بوو. ئێستاش دۆست و ئاشناکانی هەر هەمان حیزبیەکانی جارانن.

فرود هەستی بە سستی کرد،دەتگوت یەکێك دڵی دەگوشێت. ڕقی هەستا. توڕە بوو. لە دڵی خۆدا سەرزەنشتی خۆی دەکرد. خۆی بە تاوانبار دەزانی. هەڵبەتە تەخسیری ئەو بووە. لە رادەبەدەر متمانەی بە جەماوەری خەڵك کردبوو. تەنیا وتنی ئەمەی کە دەستە دەستەو بێ هیچ نمایشێك بۆ ماڵ بڕۆنەوە بەس نەبوو. ئەوانەی کە خڵتانی خوێن بوون لە کوێ دەیانزانی کە لە پشت پەردەوە چی بووە لە کوێ دەیانزانی کە سەرۆکی شارەبانی خۆ پیشاندانی قەدەغە کردووە، حیزب فەرمانی ڕەچاوکردنی مدارای دەرکردووەو قەرار دراوە کە خەڵکی تەنها لە هۆڵی سینەماکەدا خڕببنەوەو لە شەقامەکاندا خۆپیشاندان نەکەن. بۆچی ئەو وتاری بۆ داون و خرۆشاندونی؟ بۆچی تەنیا بە ئاگادارکردنەوەو بە قسە قەناعەتی کردووە و ئەوەی بە بیردا نەهاتووە کرێکارەکان دەستە دەستە بە ئەندامانی شورا بسپێرێ و بۆ ماڵیان بنێرێتەوە، یان بەلای کەمەوە بۆی روون بکردنایەوە کە بۆچی نابێ قەرەباڵغی لە شارا دروست بکەن. بەڵێ "ڕابەر بازی" زۆر ئاسان دێتە بەرچاو، بەڵام ڕێبەری کردن لە وتاردان پتری گەرەکە.

ئەم قەرقەشە دەرونیە برشتی لێبڕی. لەسەر کورسیەك دانیشت، لە پڕ ڕەنگی سپی بوو وخەریك بوو دەبورایەوە.کە نۆرەی هاتە سەر برینە سووکەکەیان شت و پێچایان.

فرود چۆیەوە ماڵێ، بەو هەنجەتەی کە شەکەتە خۆی لە جێگا هاویشت و زاهیری چ کەسێك نەیزانی چ روویداوە. بەو بیانووەی کە دوێ شەو کەم خەوتووە بۆ فراڤین هەڵنەستا.هەموو

سەریان سوڕما. مونیرەوبەدری لە قوتابخانەدا ژنەفتبوویان کە شار شڵەژاوەو کۆمەڵێك برینداربوون و کوژراون.بەڵام لە کوێ دەیانزانی براکەیان فیشەکی بەرکەوووە.لا رووخەتی روشا بوو، بەڵام هەرکاتێ حاجیە خانم سەری دەدا خۆی دەکردە خەوو جێ زامەکەی دەشاردەوە. هێندە بێ تاقەت وتوانا بووبوو کە بۆ نانخوارنی ئێوارەش هەڵنەستا. حاجی زانی بووی کە کوڕەکەی چی لێ بەسەر هاتووە، بەڵام خۆی لە گێلی دەدا. خوشکەکانی کەوتنە گومانەوەو هەر سا نا ساتێ بە بیانویەکەوە سەری ژوورەکەیان دەداو پێوەبوون بچنە بن‌وبناوانی شتەکە.

بە پێچەوانەی تەسەوری فرودەوە کە ماڵباتەکەی بە پێکرانەکەی نازانن، حاجی ئاغاو ئاغای پایەدار چەند دەقیقەیەك پاش پێکادانەکە پێیان زانی. لە خەستەخانەوە ئاگاداریان کردبوونەوە کە کوڕەکەیان پێکراوە، بەڵام لەبەر دڵی حاجیە خانم، بڕیاریان دابوو شتەکە بە هەند نەگرن و وەیشارن، وپشت گوێی بخەن، بەڵام هەمیشە ئاگادار بوون، حاجی ئاغا، بەدری، کە ئێستا گەورە بووبوو وسەرەدەرێکی دەکرد بە دزیەوە بۆ ژوورەکەی خۆی بانگ دەکردو لە حاڵی فرودی دەپرسی. بەدریش دوو سەرە کاری دەکرد، لەلایەکەوە هەوڵیداو زانی چ بەسەر برایەکەی هاتووەو چ لە حەوشی یانەکەو چ لە خەستەخانە چۆن تیمار کراوەو لەلایەکی ترەوە وای دەنواند کە باوەڕی بەهەموو قسەکانی برایەکەی هەیەو بەمجۆرە دەتوانێ دڵی دایکیان شپرزە نەکات.

جووتە خوشك ئەوەندە هاتن و چوون تا فرود بانگی کردن: "نەکەن هیچ شتێك بە حاجیەخانم و حاجی ئاغا بڵێن، هیچ نیە، بەردێکم وەپشتی کەوتووەو تا سبەی بەیانی چاك دەبێتەوە، بچن شیوەکەم بۆ بێننە ئێرە، بەڵام فزە نەکەن".

بەیانیان فرود لە هەمووان زووتر هەڵدەستا. داك و باب لە ژوورێکدا دەنووستن و مونیرەو بەدری لە ژوورێکی دی. جێگاکەی فرودیان عادەتەن لەو شوێنە ڕادەخست کە شوێنی نوێژو خوێندنەوەو پەزێرایی حاجی ئاغا بوو. جاران هەرسێ منداڵەکە لە یەك ژووردا دەنووستن بەڵام لەوەتای فرود بۆ تاران رۆیی بوو، بووبوو بە خوێندکار، داك و بابیان بە باشیان نەدەزانی هەموویان لە یەك ژووردا بنوون.

لەکاتی نانی بەیانیدا حاجیەخانم سەرنجی چووە سەر کراسە خوێناویەکەی کوڕەکەی. حاجیەخانم کوڕەکەی زۆر خۆشدەویست، لەوە خۆشتری دەویست کە دەری دەبڕی، کەسێکی حازرفرمێسك نەبوو، لە ناوەوە خۆی دەخواردەوە، وێردی سەرزاری ئەمە بوو: "ئیدی قسمەت ئەمەیە،خودا بە خۆی داویەتی، بە خۆیشی دەیباتەوە، پەروەردگار یاری ئیماندارانە، ئەگەر ئەجەلی هاتبا خودا ئەوەندەی ئەزاب نەدەدا. دەبێ پشت بە خوا ببەسترێ". دەیتوانی بە سەعاتان خۆی بخواتەوەو دڵی خۆی بداتەوە. حاجیەخانم دەیویست یەکێك بە دووی پزیشکەکەی ئاشنای خانەوادەوکەیاندا بنێرێ. ئەسپەندەری سووتاند، دوعای خوێند، فووی بە سەراپای کوڕەکەیدا کرد. هێلکە مریشکی شکاند تا بزانێ کێ میوەکەی دڵی بە چاوەوە کردووە. دەستەودامێنی دەرودراوسێیان دەبوو کە فریای بکەون و چارەیەك بدۆزنەوە نەوەك کوڕەکەی ئیفلیج ببێ. ئیدی لەوە دەرچووبوو بشاردرێتەوە. هەموو خەڵکی گەڕەك لە رادیۆوو لە موریدەکانی حاجی ئاغاوە وردودرشتی رووداوەکانی دوێنێیان ژنەوتبوو. ئیمام جومعەش

فەقێیەکی نارد بوو کە هەواڵی کوڕەکەی حاجی بپرسێت. لەم بەینەدا هاتن‌وگوتیان پاسەوانێك لەبەر دەرگایە، یەکێك بوو لە موریدەکانی حاجی ئاغا، دەیویست حاڵی کوڕەکەی بپرسێت. ئەو هەواڵی هێنا کە چەند کەسێکیان لەبەرپرسانی حیزب‌وشورا گرتووە، یەکێك لەوانە ئازەرئاغایەو بە تۆمەتی تەوهین بە مامورو کاربەدەستی دەوڵەت لە کاتی ئەنجامدانی وەزیفەدا. یەکێك لە گیراوەکان فەیروز بوو کە پاسەوانەکە وایدەزانی زاوای ئاغا موعەلیمە. ئەم کوڕە داماوە هیچ خەتایەکی نەکردبوو جگە لەمەی کە ناوی لە ناو دۆستە نزیك‌و هاوکارەکانی فرودا برابوو. بە پێچەوانەوە فەیروز لەو کەسانە بوو کە لە پێش ئەوانی ترەوە ئاگاداری نشێوبوونەوەی جەماوەرەکە بەرەو یانەکەو هوراکێشانی وان بووبوو، و ئەوەندەی لە دەستی هاتبوو هەوڵی دا بوو پێشی ئاپۆڕاکە بگرێ، بەڵام بێ فایدە، کاتێ کە پۆلیس‌و پاسەوان پەلاماری خەڵکەکەیان دا فەیروز یەکێك بوو لەوانەی کە یەکەم کەس بوو دۆنکیان بەرلاقان کەوت، بە شەلە شەل خۆی گەیاندە سەوز مەیدان، وکتێبخانەکە تا زامەکەی لاقی بە دەسرۆکان ببەستن.

فرود وای تەسەور دەکرد چونکە ئەویان بەردەست نەکەوتووە، فەیروزیان بە بارمتە گرتووە تا فرود خۆی تەسلیم بکات. هەواڵی پاسەوانەکە زۆری ناڕەحەت کرد، دەیویست هەستێ‌و بچێ خۆی تەسلیم بە شارەبانی بکات.

پاسەوانەکە کە دەیویست بەمە دڵسۆزی‌و خەمخۆرییەکەی دەرهەق بە مورادەکەی خۆی (حاجی ئاغا) کردبێ، راسپاردەیەکی ئاغای پایەداریشی هێنا بوو: وا چاکە ئاغای فرود ئەمڕۆ دەرنەکەوێ‌و لە ماڵ وەمێنێ. واچاکە ئەگەر دەتوانێ ئەمڕۆکە باسی رووداوەکانی دوێنێ بۆ رۆژنامەی (پایەدار) بنووسێت‌و لە رێگەی کەسێکی متمانە پێکراوەوە بیگەیەنێتە کتێبفرۆشیەکە. ئاغای پایەدار رشای سپاردبوو کە لە گێڕانەوەی رووداوەکەدا ئەدەبیات ڕێسی‌و قەڵەمنوێنی نەکات، رووداوەکە وەکو خۆی، هیچ شاخ‌وباڵێکی لێ نەنێ‌و بە کورتی بنووسێتەوەو هێرش نەکاتە سەر کەس، تاقە وشەیەکی تەوهین ئامێز بە سەرۆکی شارەبانی نەڵێت، دەبێ هەواڵەکە دادگا پەسند بێ‌و دادپرسێکی دادپەروەر بتوانێ هەمان دەق بکات بە بەڵگە.

فرود هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی کە بە گوێی مامۆستاکەی بکات، ئەگەر بەگوێرەی کەیفی دڵی خۆی هەواڵەکەی نوسیبا داستانێکی دەهۆنیەوە کە کار لە دڵی هەر ئینسانێك بکات.

یادێکی حسەین عەلی شوفێری دەکرد کە گوتی: ئەمەش لە ڕای تۆو، ئەمەش لە پێناوی ئازادی. لە بیری چوو ناوی ئیعترفەکەی سەرهەنگ جەمال بێنێ، وچەند باش بوو کە بیری چوو. خۆ ئەگەر ئاماژەیەکیشی بۆ گفتوگۆیەکی سەرهەنگ کردبا، بێگومان ئاغای پایەدار ڕەشی دەکردەوە. گوتارەکەی نووسی‌و دوودڵ بوو لەوەی کە بە بەدری یان مونیرەدا بۆ کتێبفرۆشیەکەی ڤڕێ بکات.

بۆ یەکەمجار فرود سوودی لە بەدری خوشکە بچووکی وەرگرت، یان خۆی گوتەنی ئیستیغلالی کرد. مونیرە ترسنۆك بوو وهەرکاتێ بۆ قوتابخانە نەچووباو ناچار نەبا جلی دەرەوە لەبەر بکات بە عەباوە دەچووە دەرێ. ئەگەر وتارەکەی بە مونیرەدا ناردبا لەوەبوو گومانی لێ بکرێ‌و بێتە گرتن، هەنگێ قوڕەکە خەست تر دەبووەوە،بەڵام بەدری هێشتا منداڵ بوو وکەس گوێی نەدەدایە.

چووە بۆ کتێبفرۆشیەکە تا ڕۆژنامە بۆ بابی بکرێ. پێی گوت: "من ئەم وتارە دەنووسم و تۆ نیوەڕۆ کە لە قوتابخانە دێیەوە بۆ ماڵ، هەرکە نێوەڕۆژەت خوارد، وتارەکەی من دەبەی و دەیدەیە ئاغای پایەدار، لە کتێبفرۆشیەکە چاوەڕوانە، تێ گەییشتی، پارەت وێدەدەم ڕۆژنامەیەکی تاران دەکڕیت و نووسینەکەی من دەدەیە دەست ئاغا موعەلیم.ئەم کارە بۆ کاکی خۆت دەکەی؟".

ئاغای پایەدار تەسەوری دەکرد دەیگرن بەڵام بەردەست نەکەوت. هێشتا خۆر ئاوا نەبووبوو کە وتارەکەی فرود بە وێنەی کرێکارێکی زامدارەوە بڵاوبووەوە. فرود بە خۆی کلێشەکەی لە ڕۆژنامەی "سپێدە" کڕی بوو. نووسەر لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. ئەو گلەییانەی لە بیر چوونەوە کە دوێنێ لەخۆی کردبوو. دیسان هاتەوە سەر ڕابەرایەتی و ڕۆژنامەو گوتار نووسی و شۆڕەت و ڕازیکردنی ئاغا موعەلیم. دڵی بە هەموو شتێك خۆش بوو، بەوەی کە حاجی ئاغا لێی ناڕازی نەبوو، کاتێ حاجیە خانم پێی گوت کوڕەکەی زامدارە گوتی: گەمە فەلاقەی هەیە، سەرشکانی هەیە. ئیمام جومعەش هەواڵی پرسی بوو. هەموو ئەمانە دەیانهێنایە سەر شەوق و زەوق. وتارەکەو وێنەی کرێکارە سەرشکاوەکەی لە ڕۆژنامەکەدا لەسەر لێفە قاوەییەکە، نایە سەر ئەژنۆی و چەندین جار خوێندیەوەو بە تەواوی ژانی برینەکەی لەبیر چوو.تەنیا لە بیری ئازەر ئاغا وفەیروزدا بوو کە چۆن ئەوان وخەڵکەکەی دی لە زیندان ئازاد بکرێن.

دەمەو خۆراوا چاپی دووەمی ڕۆژنامە دوو پەڕەییەکە، جارێکی دی لە بازاڕ نەماوفرۆشرا. ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی نڤیسارییی فرود بوو، بەلای کەمەوە تا ئەو کاتە. شەوێ ئاغا موعەلیم هات بۆ ماڵیان، فرودی ڕاموسی:

"قەڵەمێکی جوان و ڕەوانی سەیرت هەیە، هەر بژی."

دوو سبەی هەمان وتار لە ڕۆژنامەی حیزبدا بڵاوبووەوە.

هێشتا چوار ڕۆژ بەسەر ڕووداوە خوێناویەکەی شارا تێ نەپەری بوو نێرگزیش شپرزەو هەراسان هاتەوە. کاتێ لە دەرگاکەی بەینی هەردوو حەوشەکەوە چاوی بە حاجیە خانم کەوت پەلاماری داو لە باوەشی گرت، سەری بە سینگ وبەرۆکیەوە ناو بە دەم گریانەوە:

"خۆ هیچی لێنەهاتووە؟"

"نە گیانەکەم، هیچی نیە."

"لە کوێیە؟"

"لە ژوورەکەی بابیەتی، بچۆ ژوورەوە، نووستووە."

نێرگز بە ئەسپایی وەژوور کەوت، دوا نیوەڕۆ بوو وفرود خەوی لێکەوتبوو. بێداری نەکردەوە. مودەتێك چاوی بڕیە زامەکەی دەموچاوی. ڕوندکەکانی سڕی، دانەویەوە تا وردتر لێی بڕوانێ. فرود تلێکی دا،کیژێ ڕاپەڕی، ترسا. چیوای نەمابوو دەموچاوی ماچ بکات کە تەکانی فرود وەئاگای هێنایەوە. هەنگێ مونیرەوبەدری هاتن. نێرگز دەگەڵ ئەواندا لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ماوەیەك پێکڤە قسانیان کرد.

جووتە خوشك سووربوون لەسەر ئەوەی وابنوێنن کە ئەوان زووتر لە هەمووان بە پێکرانی براکەیان زانیوە. شتی دیکەشیان پێبوو کە نێرگزی لێ ئاگادار بکەنەوە. حاجیەخانم مەڕێکی کردووە بە نەزر.

"دەزانی کە هێلکە مریشکەکەیان شکاند ناوی کێ دەرچوو؟"

مونیرە ویستی خۆی لە قسەی خوشکەکە بچووکەکەی هەڵقورتێنێ.

"ناوی هەر کێیەکە با ببێ. چما ئێوە باوەڕتان بەم پڕوپوچە هەیە؟"

"نە، حاجیە خانم باوەڕی پێیەتی."

مونیرە گوتی: "ئێستا پێمان بڵێ ناوی کێ دەرچوو".

"حاجیە خانم گوتی ناوی بە کەس نەڵێین."

بەدری خۆی پێنەگیرا: "بە هیچکەس.بە نێرگزیش نەڵێین. من دەیڵێم. ناوی مەلا فەیروز دەرچوو. هەروەها گوتی کە هێلکە مریشکەکەی شکاند رژایە سەر کراسەکەی کاکە.

نێرگز پێکەنین گرتی:

"بەڕاستی ئێوە نهێنی پارێزن!"

"ئەوەندە هەواڵپرس هاتوون مەپرسە. ئەوەندە کاغەزونامە هاتووە، ئەگەر دەزانی خەڵکی ئەم شارە چیان کردووە".

لە نێرگزیان دەپرسی: "ڕاستە کە رۆژنامەکانی تارانیش هەواڵی پێکرانەکەیان بڵاوکردووەتەوە؟"

نێرگز دەبوا هەرچیەکی لە تاران دا لە مبارەیەوە بیست بوو،بگێڕێتەوە. کۆمەڵێك رۆژنامەی دەگەڵ خۆیدا هێنابوو، جووتە خوشك لە دەستیان ڕاڕفاند.دەیانویست دەگەڵ خۆدا بۆ قوتابخانەیان بەرن و پیشانی هەموو کەسێکی بدەن. زیاتر دڵیان بەمە خۆش بوو کە رۆژنامەکان هێرش کردبووە سەر پۆلیس و پاسەوانەکان و ئاشوب و ئاژاوەکەیان بە ئۆینی ژێر سەری وان دەزانی. جۆش و خرۆشی منداڵەکان بە رادەیەك کاریگەربوو کە حاجیە خانمیشی گرتەوە. کیژی ئاغا جارێکی دی سەری بە سینگ وبەرۆکی دایکیانەوە ناو فرمێسکی داباراند.

کاتێ نێرگز چیرۆکی هێلکە مریشکەکەی بۆ فرود گێڕایەوە هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. فەیروزی بەستەزمان چیکردووە تا هەموو تاوانەکە بەسەر ئەودا بدرێ.

نێرگز لە حاڵی ئەوی پرسی:

"ئەگەر ئەمڕۆکە تا ئێستا بەرنەبووبێ بێگومان سبەی بەردەبێ. دادپرسی کەفیلی داوا کردووەو چەندین کەس چوونەتە پێشەوە، وقەرارە هەرکاتێ بەربێ سەرێکی ئاغا موعەلیم بدات".

گفتوگۆی ئازەر ئاغایان دەگەڵ پۆلیسە تەقە کەرەکەدا لێکردبوو بە خوێنی سیاوەش. یارۆ خەبەری دابوو کە سابونچییەکە ئاپۆڕاکەی دنەداوەو ئەو بووەتە مایەی قەرەباڵغی و پێکادان، بەڵام فرود دڵنیا بوو کە ئەویش بەو زووانە بەردەبێ. ئاغای پایەدار لە دەمی سەرهەنگ جەماڵەوە دەیگێڕایەوە کە: "دادپرس قەولی داوە قەراری ئازادی دەربکات".

نزیکەی هەفتەیەك فرود لە ماڵەوە مایەوەو بە درێژایی ئەم ماوەیە نێرگز بە دەوروبەریا دەسوڕایەوە.ئیدی شەرم لێکدی دوور نەدەخستنەوە. بەیانی دەستشۆرەکەی بۆ دێنا تا سەروچاوی بشوات. سابونی بۆ لێدەدا. بە رێکەوت و نەزانستە دوو سێ جاران نەوازشی کوڕە جیرانەکەیانی کرد، بە رادەیەك کە فرود لە دوایەمین رۆژا گوتی:

"نێرگز تۆ کیژێکی زۆر خاسی، زۆرم مەحەبەت دەگەڵ مەکە. دەترسم رەنج بە خەسار بی".

"قسەی هیچ مەکە. خۆ من هیچم لە تۆ نەویستووە، رەنجی چی و خەساری چی؟"

"هەروا بە دەمما هات، ئاخر میهرەبانی تۆ دەبێ سنوورێکی هەبێ".

"بیبڕەوە!" ئەمەی گوت و لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

ئەوی ڕاستی بێ مەحەبەت و میهری نێرگز بۆ فرود بووبوو بە مەسەلەیەکی ئاڵۆز، نە دەیتوانی دڵ دابنێ و نە دەیتوانی دڵداری و دڵبەندی خۆی بۆ بنوێنێ. وای تەسەور دەکرد کە نێرگزی وەکو خوشکێکی خۆی خوشگەرەکە، هەنگێ لە خۆی دەپرسی ئایا ڕاست دەکات کە وەکو خوشکی خۆی خۆشی گەرەکە، ئایا هەمیشە هەروا بووە یان هەر لەم رۆژانەدا کە نەخۆشەو لە جێدا کەوتووە بەم چاوەوە سەیری دەکات. لە تاراندا، رۆژانی هەینی چەندجار رێك دەکەوت کە لەزگ بێ هەواو هەوەس بەسەریا زاڵ بیّ و پەت بپچڕێ و دەست بۆ میوەی نەورەس بەرێ. لەلایەکەوە ناڕەحەت بوو لەوەی کە ئەم کیژە جوانەی لە خۆی تەرەکردووە، ولەلایەکی ترەوە رووی نەدەهات بیلاوێنێ ودڵی بە دەست بێنێ.

بەڵام ئەوەتا هەمدیس سێبەری ئاغای پایەدار، مامۆستاو پەروەردەکارو سەرچاوەی هزرو بیرەکانی، وەکو مەلێك بە دەوری سەری نێرگزدا باڵەفڕێ دەکات. میهرەبانی ئەم کیژە گەیی بووە ئاستێك کە چیتر تەحەمول نەدەکرا. نە دەکرا بیگری و لە هەمێزی بکەی و نە دەشکرا لە خۆتی تەرە بکەی. لەمجۆرە ساتانەدا نێرگز بەسەر جۆش وخرۆشی هەستەکانی خۆیدا زاڵ دەبوو، هەڵدەهات و دەستی لەو هەڵدەگرت و لە کونجی وێرانەی تەنیایی خۆیدا گۆشەگیر دەبوو ودەگژ هەزاران خەیاڵاتی جۆراوجۆر دەچوو ونا ئومێدی و شکستی بە بەشێك لە جەورەکانی عیشق و ڤیان دەزانی. هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە ماشوق لەو بێزارە، بەڵام شەوقی ویساڵیشی بە مەحاڵ دەزانی. لە هەموو شت خراتر ئەمە بوو کە نەیدەتوانی دەردو ئازاری خۆی بۆ هیچ کەسێك ئاشکرا بکات. ئەم زات و بوێریەی نەبوو سەری بنێتە سەر ئەژنۆی حاجیە خانم و رازی دڵی خۆی پێ بڵێ. دایکیشی نەبوو کە ببێ بە هاوڕازی. خوشکێکی نەبوو کە ببێ بە هاودەمی. دۆستێکیشی نەبوو. دۆست وماشوقی هەر فرود بوون. جگە لە گورێزو دوورەپەرێزی چ چارەیەکی هەبوو.

نێرگز دوو سێ رۆژێك بوو کەمتر سەری ژوورەکەی دەدا. بەردەوام لە ماڵەوەو لای حاجیەخانم بوو، تەنانەت بۆ فراڤین وشیڤ و شەوانیش نەدەچووەوە بۆ لای بابی. بەڵام ئەم تۆران و ئاشتیە زۆری نەخایاند.فرود چاك بووەوەو سەرقاڵی کاری خۆی بوو ونێرگز بۆ تاران ژڤرییەوە. کار زۆر بوو، فرود خۆی بە کار سپاردو نێرگزی لە یادبردەوە.

شاندێك لە مەركەزەوە بۆ تاقیق دەربارەی هۆكاری رووداوەكان هاتبوو. یەكێك لە ئەندامانی شاندەكە ئەندامی سەركردایەتیو ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی بوو بە نێوی ئەندازیار عالی كە زۆر زوو بوو بە دۆستو هاوڕێی فرود. هاوكاری دەگەڵ ئەم پیاوەدا، پاش ئەو ئەزموونانەی كە لەم ماوەیەدا دیتبوونی، یەجگار سوودمەند بوو. یەكێك لە نیشانەكانی ئەمە بوو كە ئەم كابرا حیزبیە ئەهلی خۆ دەرخستنو ریا نەبوو. رۆژێ فرود پێی گوت:"خۆشحاڵم كە تۆم ناسیووە. هیڤیدارم تۆزێك شارەزای شێوەی كاری حیزبی ببم."

ئەندازیار عالی پێكەنینی هات.

"ماشەڵڵا! پێت وایە منوخەڵكانی دی لە تۆو خەڵكانی وەكو تۆ شارەزاترین".

وێڕای ئەمەش چالاكی لە سەندیكاو رێكخراوە حیزبیەكاندا دەستی پێكرد. كرێكاران، عەمەلەی رێگاوبان، وردە كاسبكاران، شوفێران دەهاتنو سكاڵای خۆیان دەكرد، لە چارە دەگەڕان. یەكێك كە بەدەمو زمانتر بوو باسی سیاسەتی رۆژی بۆ دەكردن. وەخت ڤرێكرن لە یانەی سەندیكادا بۆ وان جۆرە سەرگەرمیەك بوو.ژنان هێشتا زاتیان نەدەكرد بێنە ئەم كۆڕومەجلیسانە، فرود وئەندازیار عالی هەركاتێ وەختیان هەبوایە سەریان دەدانو هەر بابەتێك زەروریو پێویستبوایە بۆیان شەرح دەكردن.

شەوانە ئەندامانی كۆمیتەی شار لە كافەیەكدا كۆدەبوونەوە. لەوێندەر پێكڤە شیڤیان دەخوارد. فرودیش دەچووە ئەوێندەر، بەڵام مەشروبی نەدەخواردەوە، چونكە زۆربەی كات درەنگانێ بۆ ماڵ دەڕۆییەوەو داكی دەركەی لێدەكردەوەو حەزی نەدەكرد كە حاجیەخانمو حاجی ئاغا بزانن كە بۆنی پیسی لێدێ. لە ماڵی فرودا عادەت وابوو كە هەموو خانەوادەكە بە كۆمەڵ فراڤینو شیڤیان دەخوارد. لە ئەنجامی مەشغەڵەتی سیاسی فرودا ئەم عادەتە شكێنرا. لەوەتای كە ئەندازیار عالی هاتبوو ئەم جووتە بە زۆری رۆژوشەو پێكڤە بوون. هەندێ شەو فرود لە ماڵی یەكێك لە دۆستان دەنووست یان لەو میوانخانەیەدا دەنووست كە ئەندازیار لێی دابەزی بوو. پێشوەختەش خەبەری بە ماڵی خۆیان نەدەدا. نێرگز كە هاوینان دەهاتەوە لای بابی زۆر لەم كارەی فرود دڵگیر بوو. لێ حاجیە خانم دەیزانی چۆن بەدگومانی دڵبەر بڕەوێنێتەوە. ئیدی گومانی لەوە نەمابوو كە كیژی ئاغا حەزی لە كوڕەكەی كردووە.بە كورتیەكەی ئەندازیار ئێستا بە رەقیبو هەڤركی نێرگز دەهاتە ژماردن. ئیدی لێی نەدەپرسی لە كوێ بووی. وەڵامەكەی دیار بوو. دەگەڵ ئەندازیاردا پێكەوەبووین. ئەوەی راستی بێ فرود شەیدای راستگۆییو بێ فیزی ئەو بووبوو.

ئەم ئەندامی كۆمیتەی ناوەندییە پیاوێكی ساغو رێكو راست بوو. هیچ فڕوفێڵێكی نەبوو، بێ پەروا ڕاستییەكانی دەگوت. فرود هەندێجار لە خۆی دەپرسی چۆن ئەم پیاوە بە هەڵوێستە توانیویەتی ئەم هەموو كۆسپو لەمپەرانە ببڕێو بەم هەموو پلەشكاوەدا تێپەڕێو لە لوتكەی حیزبدا بگیرسێتەوە. ئەگەرچی لە كۆمیتەی ناوەندیدا ئەركێكی گرینگی لە ئەستۆ نەبوو، ولە هەر شوێنێكدا خەتەرو مەترسییەك هەبا ئەویان دەنارد، ئەوجاش فرود نەیزانی رازو نهێنی پێشكەوتنو پێشڤەچوونی ئەم پیاوە چی بووە. هەڵبەتە پێشینەی حیزبایەتی هەبوو. لە

ئاڵەماندا، لە کاتی خوێندندا لە ریزی ئەو خوێندکارانە بووە کە لە بڵاڤۆکو چاپەمەنیاندا بە هەردوو زمانی فارسیو ئاڵەمانی پەردەیان لە رووی واقیعی دیکتاتۆریەت هەڵدەدایەوەو رازو نهێنیان ئاشکرا دەکرد. لەوەیە هەر ئەم چالاکیانەی رابردوو وسەنگو سەلاری دەورانی خوێندکاری بۆی بووبێ بە پشتیوانەی ئەم بەرز بوونەوەیەی. بەڵام لەوە ئەرخایەن بوو کە ئەم پیاوە ئەهلی سیاسەتبازیو درۆو دەلەسەو دەغەڵبازی نەبوو. چەنە هەراش نەبوو. بەلای ئەوەوە قسە بە تەنیا نەدەبووە مایەی گوێزانەوەی هزرو هەستان. کۆمەڵێك فاکتەر هەبوون بۆ کاریگەر بوونی قسە، وەکو حەزو ئارەزووی گوێگر، ئارامی یان هەڵچوونو شپرزەیی، حەزی تێگەیشتن لە بابەتەکان، و گەرموگوڕیو کاریگەری بابەت، تەنیا لەم حاڵەتەدا قسە دەچێتە دڵەوەو قەبوڵ دەکرێ.

ئەندازیار عالی جاران سەرۆکی کارخانەی چیمەنتۆ بوو،بەڵام لەوەتای هاتبووە ناو حیزبەوە هیچ دەرامەتێکی نەبوو. هەندێجار لە فیتەرخانەی ترومبیلاندا کارێکیان دەدایەو ژیانی سادەی وی لەم رێگەیەوە بەڕێوە دەچوو. پەیوەندییەکی توندی دەگەڵ مەحمود ئاغای پیتچندا هەبوو. هەندێ کەس وایاندەزانی کوڕی ئەندازیارە. لە ژنی یەکەمیەتی کە مردووە. بە خۆی بۆ فرودی گێڕابووەوە کە ئەم مەحمود ئاغایە منداڵی سەرەڕێیانەو ئەو هەڵیگرتووەتەوەو گەورەی کردووەو وەکو منداڵی خۆی خۆشی دەوێ. ئاغای ئەندازیار لە ژیانی تایبەتی خۆشیا لە هەر شوێنێکا دەستی بڕۆیشتایە یارمەتی هەموو کەسێکی دەدا. لەو چەند مانگەدا کە لە شارەکەی زاگەی فرودا مایەوە قوتابخانەیەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ گەوران کردەوە تا کرێکارانو عەمەلەکان فێری خوێنەواری بن، بە خۆیشی هەر کاتێ توانیبای دەهاتو دەرسی پێدەگوتنەوە.

فرودو ئەندازیار عالی بوون بە دۆست، یانی لە هەندێ بواردا بوون بە هاوبیرو هاوخوو هاودەنگی یەکتر. لە هەندێ بواری دیدا یەکسان نەبوونو زۆربەی کات هەوڵیان دەدا بگەنە یەكو نەدەگەییشتن. ئەم تێکەڵاویە دەگەڵ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیدا دەرکەیەکی دیکەی ژیانی سیاسی لە بەردەم فرودا کردەوە،ئەویش ئەمە بوو کە زوو بە زوو زانی حیزب ئەو یەکە یەکپارچەو یەکگرتووە نیە کە لە دەرێرا خەڵکانێك وێنایان دەکردو بە خەیاڵی کەسانی سادەو ساکاری میناکی فرودا دەهات. لە ژێرەوە هەندێجار بە ئاشکرا دەستەبەندی وەها هەبوو کە وەکو چۆن کرم لە ناوەوە کاکڵی میوە دەخواتو پووکی دەکات، بەو ئاوایە حیزبیان دەخوارد.

هەرکە تەندروستی فرود باش بوو وکاری شورای یەکگرتووی ناوەندی کرێکاران –یەکێتییو سەندیکاکان دوای ئەوەی یەکیان گرت ئەم ناوەیان لێنرا– کەوتە سەر سکەی خۆی، ئەندازیار عالی بۆ مەرکەز گەڕایەوەو قەراریان کرد کە فرودیش پاش یەك هەفتە بۆ وەرگرتنی هاوکاری دارایی بۆ تاران بڕواتو بە هەردووکیان ئەم گرفتە چارەسەربکەن.

ئەوەی کە لە هەمووان پتر بەمە خۆشحاڵ بوو نێرگز بوو کە لە پشووی هاوینەدا چەند رۆژێکی لەنك بابی بەسەر دەبرد. هاوینی ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦) بوو کە لە تاراندا هەندێ بویەرو رووداوی چەرەنووسساز لە گەڵاڵە بووندا بوو.حیزبیەکان گوێیان بە ئاسمانیش نەدەدا. وەعدو بەڵێنی ئەوەیان دەدا کە "تودە دەگاتە لوتکەی شکۆو شانازی". سەرانی حیزب ئەسپی موردایان تاو

دەداو دەمیان لە "بەرنامانی ریفۆرمی" دەکوتاو کابینەی حکومەتیان بە "باشترین و کاراترین کابینە"ی ئەم سالانەی دوایی دەژمارد. چی روویدا بوو؟ سەرەك وەزیران بۆ خاپاندنی ئەوان سێ وەزیری حیزبی خستبووە کابینەکەی خۆیەوە.
ئەندازیار عالی زۆر بە چاکی پەی بەم شتە بردبوو: "کلاومان دەکەنە سەرو دەیانەوێ لە شارسانەکاندا، لە ئەسفەهان و خوزستان بناغەی حیزبمان تێك بدەن". تەنانەت خوێنەرانی رۆژنامە حیزبیەکانیانیش دەزیندان دەخست. ئاغا موعەلیم سەری دەلەقاندو دەیگوت: "هەموو رەنجێکمان خەریکە بە فیڕۆ دەڕوات. حاجی ئاغاش هاواری لێ هەستا بوو: "چۆن دەبێ بەم گورگی باراندیدەیە باوەڕبکرێ". ئاغای سەربلند ئیدی باسی (حیزبی ئێوە)ی دەکرد. بە فرودی دەگوت: "حیزبتان خەریکە نەخشەی ئیمپریالیزم جێبەجێ دەکات." لەم جۆرە تەشەرو ئیعترازانە لە هەموو شوێنێ، لە تاران و لە شارسانەکاندا بەر گوێ دەکەوت، بەلام رابەران لۆکەیان لە گوێی خۆ ئاخنی بوو وهیچیان نەدەبیست.
فرود و نێرگز پێکڤە سەفەریان کرد، لە ئوتوبوسدا، لە تەنیشت یەکەوە جێگەیان گرت و قەراریان کرد بە شێوەیەکی کاتی فرود ئەو چەند رۆژەی کە بە تەمابوو لە تاران وەمێنێ، لە ژوورەکەی نێرگزدا بمێنێتەوەو نێرگز بەو بیانووەی کە هێشتا جێگەی دەست نەکەوتووە بچێتە مالی ئاغای ترشیزی.
ئەندازیار عالی، فرودی بە سوزنبان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە کاروباری دارایی و سەرەداوی هەموو کارە حیزبیەکانی بە فەرمی نا، بەلام بە عەمەلی بەدەست بوو،ناساند.دەسەلاتی ئەم پیاوە لە سەرووی هەموو بریارەکانی کۆمیتەی ناوەندیەوە بوو. لە شەیتانی، دوو بەرەکی و دەستەوبەستە بەندیدا وەستا بوو،لە هەموو شوێنێکدا پیاوی خۆی هەبوو، وخێرا بە هەموو شتێکی دەزانی.دەستی لە کاردا بوو هیچ گرێیەك نەبوو بەسەری قامکی ئەو نەکرێتەوە.
پاش ئەوەی شارەزاو پسپۆڕ کارەکەی تاوتوێ کرد، هەردووکیان سوزنبان و ئەندازیار چەند قسەیەکیان بە ئالمانی دەگەلێ یەکدا کرد، وئەنجام سوزنبان گوتی:
"چەند رۆژێك سەبرمان لێبکەن تا بڕیاری خۆمان بدەین".

# (٨)

فرود لە تاران مایەوە. چەند هەفتە، چەند مانگ، بە یەکجارەکی ئاکنجی بوو. هەموو کاتی خۆی دەگەڵ ئەندازیار عالیدا بەسەر دەبرد. ئەویش هەر کاتێ دەرفەتی هەبوایە هاوڕێ لاوەکەی دەگەڵ خۆدا دەبردو بە خەڵکانی جۆراوجۆری ئاشنا دەکرد.

مانگی ئابانی(٢٣/١٠-٢١/١١) ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦) بوو. دەورانی پەلاماروپاشەکشەی فیرقەو حیزب بوو، شورای کرێکارانیش لە هەرلایەکەوە میوان رووی تێدەکرد. خەڵکانی جۆراوجۆر، ناودارو بێناو. یاریدەدەری سەرەك وەزیران بۆ ئازەربایجان دەڕۆیی. سەرانی فیرقە بە جلکی سوپاییەوە بۆ تاران دەهاتن‌وقەراردادیان دەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دەبەست. میوانداریان بەرپا دەکرد، ئاهەنگیان دەگێڕا. وەعدو بەڵێنی درۆ دەدرا، جڵەوی حیزبیە لە خۆ باییەکان نەدەگیرا. بە هەمان ئەندازەش گروپ‌ودەستە نەیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی هەموو ئەم جرت‌و فرتەیان بە کەف‌وکوڵ دەزانی‌و چاوەڕوانی کارەسات‌وبەڵایەك بوون.

یەکێك لە سەرانی فیرقە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی ئەنجام دابوو.چەند کەسێك لە سەرانی حیزبیش هاتبوون. زۆربەی رۆژنامەنووسەکان خودی حیزبیەکان بوون کە وەکو رۆژنامەنووسانی بەرەی ئازادی بەگوێرەی سیاسەتی رۆژ پرسیاریان دەکرد. فرود پرسیارێکی ناشیانەی کردو لە پڕ هەمووان ئاوڕیان لێدایەوە.

پرسی: "ئەگەر حکومەت هێرشی سوپاییتان بکاتە سەر چ دەکەن؟" هەموو تێگەییشتن کە ناشیە. وەڵامی ئەم پرسیارە نابەجێیەش ئەمە بوو کە هەرکاتێ شتێکی وا هاتە پێشێ بڕیار دەدەین.

کاتێ کە لە کۆڕە رۆژنامەوانیەکە هاتنە دەرێ، خوێندکارێکی هاوڕێی فرود لێی پرسی:"تۆش بوویت بە داورودەستەی سوزنبان وا ئەمڕۆ لێرە پەیدا بووی".

فرود پرسی: "بۆ ئەم کۆڕە داورودەستەی سوزنبان رێکیان خستبوو؟"

"زۆر فەقیری، ئەدی نەت بینی یەك کەس لە داورودەستەی ئەفلاکی ئامادە نەبووبوو."

جڵەوی حیزب لە دەستی ئەم پیاوە بۆش‌و بەتاڵ‌و قسە خۆش‌و زیرەك وبێ ئیمانەدا بوو. فرود ئەوی بە وێرانکەری حیزب دەزانی. تیوری وای دەرست کە لە قوتوی هیچ عەتارێکدا پەیدا نەدەبوو.دەیتوانی رێك پێچەوانەی قسەکانی دوێنێی خۆی،رۆژێکی تر بە زمانێکی شیرینتر دەربڕێ‌و بیسەپێنێ. بە رواڵەت رێك‌وپێك، رووخۆش،بەڵام بەدسروشت، ترسنۆك‌و بودەڵە بوو. هەرگیز لە حیزبدا هیچ مەسئولیەتێکی لە ئەستۆ نەگرت، بەڵام ئەگەر کاروباری دارایی لە دەستی سوزنبان دابوو، ئەوا ئەفلاکی تیوریسینی ئەو هزرو رەوتانە بوو کە رۆژانە لە بڵاوکراوەکانی حیزبدا بڵاودەبووەوە.

فرود زۆر زوو پەی بە ناخ‌و باتینی ئەم پیاوە زمانلوسە برد،لە کاتێکا کە لە هەموو شوێنێك‌و لە سەرانسەری حیزبدا ستایشی زیرەکی‌و هۆشمەندی ئەو دەکرا، فرود لە ناخی خۆیدا جنێوی

بەبێ باری و بودەڵەیی و خۆپەرستی ئەو دەدا. بەلای فرودەوە شورەیی بوو کە موریدو پەیڕەوی سکراب و بودەڵەیەکی واهی بێ.

"پێم بڵێ تۆ لە کام دەستەوباندی؟"

"من یەکێکم لە باندی بێ باندەکان. بە ناهەقیش لێرەم، مەگەر بۆنی شێوانی بارودۆخەکە ناکەی؟"

لەم رۆژانەدا بوو کە دوای جرت و فرتی بێ ئامانی حیزب و فیرقە بایەکی ساردی توند هەڵیکردو ژمارەیەك لە رۆشنبیران قوچانیان و ئەوانەی جاران عەودالی ناوبانگ و شۆرەت و سینگ دەرپەڕاندن بوون،ئێستا بە دووی کونێکا دەگەڕان خۆی تیا وەشێرن.وەزارەتی حەزەرات بە کەڵکیان نەهات.قوڕی سێ مانگ حکومەتایەتی هەر ئەو ۆزەی لێ هەڵدەستا.. دوو هاوشاری فرود هاتنە بن کلێشەیەوە کە وەرە خۆمان قوتاربکەین و ئەو خێرەمان لەوان نەوێ. لێ فرود سەری لە گۆنگڵ و ڕیسك وسەرکێشی و مەترسیان دەخوراو بەو ئاسانییە دەستبەردار نەدەبوو. ئومێدەوار بوو کە یەکگرتنی حیزب دەگەڵ داروەدەستانی دیکەدا بەناوی (حیزبانی ئازادیخواز) "نیشتمانی" ڕێگەی دەرچوون لەم قەیرانە بکاتەوە.

ئەندازیار عالی ئەزموون دیدە، کە سەرگەردانی فیرقەییەکانی لە تاراندا دەبینی هەستی بە سیاسەتی کۆنی کۆنەپارێزانەی ئێران دەکرد کە هەوڵی دەدا دەنگی ناسازی کوندەبو لە خەڵکی بکات بە چەهچەهەی بولبول و بە وەعدو بەڵێنان رەقیب بخاتە چاڵی وەیلەوە. سەرۆکی دەوڵەت بەڵێنی کردنەوەی ئەنجوومەنی دەدا کە لەوێدا هەموو کارە هەڵپەسێردراوەکان رەزامەندی لەسەر بکرێ.

حیزبیەکان،پێیان وابوو لە ئەنجوومەنی ئایندەدا حیزبانی ئازادیخواز، کە یەك لەوان فیرقەییەکان بوو. زۆربەی دەنگەکان بە دەست دێنن وسەردەکەون. چونکە پشتیان بە "نیازپاکی سەرۆکی دەوڵەت بەستبوو،بەلام زۆری درێژە نەکێشا کە هەموو بۆیان دەرکەوت تا مەسەلەی ئازەربایجان چارەسەر نەکرێ هەڵبژاردن ناکرێ و ئەمەش بەبێ هێرشی سوپای شا بۆ سەر ئازەربایجان مەیسەر نابێت. ئەوە بوو کە هەندێك پاشەکشەیان دەکرد. بە دووی کاروژیانی خۆدا دەچوون.

لێ فرود مایەوەو وەکو جاران پەنای وەبەر نێرگز برد.

فرود ئەو شەوە لە ژوورەکەی نێرگزدا خەوی لێنەکەوت، هەرکاتێ جێی نووستنی دەست نەکەوتبا پەنای بۆ ئەم کیژە دەبرد، وکیژێ بە شەرمەزاری دەبوو بە میوانی ناوەختی ترشیزی. لە هەر سوچێکی ئەم پەناگایەدا کۆمەڵێك نیشانانی کیژە جیرانی بەرچاودەکەوت. هەمیشە لە بیری ئەمەدا بوو کە چبکات.

لە نێو جێگاکەدا تلێکی دا، هەستا، کتێبە پزیشکییەکانی نێرگزی کردەوە. بۆنی ئەو لە هەموو شوێنێکەوە دەهات. دەفتەرو کتێبە دەرسیەکانی ئەوی هەڵدەداوە، جلەکانی لە باوڵ دەردێناو تەماشای دەکردن، بەکرەی گرامافۆنی دەخستەسەر. لە پەنجەرەکەوە چاوی دەبڕیە ئاسمانی شین و لە فکران ڕادەچوو. ئەویش بۆنی شێوانی بارودۆخەکەی دەکرد. وەزیرە حیزبیەکان لە کار لادەبرێن، ئەندازیار عالی لەمە دڵنیا بوو. چ بەلایەك بەسەر حیزبدا دێنن، هەر خودا دەیزانی. لەم

وەزعو حاڵەدا خۆ دزینەوەو ڕەڤین نامەردیە. چ وەڵامێكی ئازەرئاغا بداتەوە؟ چۆن سەیری كابرایەكی ناڤساڵ بكات كە گوللە لایەكی سینگی بردبوو؟ زۆر ئاسانە كە پیاو هەڵێتو خۆی لە ئازەر ئاغاو كابرای سینەچاك بدزێتەوە، بەڵام نموونەی ئەمانە لە هەموو شوێنێك هەن. دەمەلاسكەی پیاو دەكەنەوەو ژارخەندەیان كوشندەیە. ئەم (سوزنبان)ـە لە كوێوە پەیدا بوو كە ئەوی لە شاری سانەوە بۆ تاران راكێشاو لە حوزوری فرودا، كە خەریك بوو لە ئاژاوەكەدا تیا بچێ، بە زمانی ئاڵمانی قسان دەكات. ئەم ئەتوارانە تەوهین ئامێز بوو. بۆچی هەقیت لە مستی نەناو تفێكت نەكردە چارەی؟ هۆیەكەی ئاشكرایە، چونكە ئەو بە ناوی خۆیەوە قسەی نەدەكرد.

لە جیاتی حیزب قسەی دەكرد. ئایا بە راستی لە جیاتی حیزب قسەی دەكرد؟ عالی پێی وانەبوو و دەیگوت: ئەمانە هەموو بەكرێگیراون. توتی ئاسا لاسایی دەنگی ئاغاو خاوەنەكانیان دەكەنەوە. ئێستا پیرایە خانم هەر نەیسە بابیان كوشتووە، مێردەكەی لە ترسی ئەوەی نەبادا خزمایەتی دەگەڵ ئەو پیاوەی كە بەر غەزەبو قاری رەزاخان كەوتبوو، ببێتە كۆسپ لە بەردەم پێشكەوتنو دەوڵەمەند بوونیا، تەڵاقی دەدات، و ئەم ژنە ئێستا بە كارتێكەوە دەچێتە شەڕی كۆنەپەرستیەت، ئەدی ئەم سوزنبانو سوزنبان ئاسایانە لەكوێوە سەریان دەرهێناوە.

دێنو دادەنیشنو بەیاننامە دەردەكەن كە تەنیا لە یەك حاڵەتدا، واتە هەر اتێ دەوڵەتێكی ساڵح واتە نیشتمانی راستەقینە بێتە سەركار دەتوانرێ لە حكومەتدا بەشداری بكرێ، كەچی هەنگێ بۆ ماوەی سێ مانگان وەزارەتی ریسوایی دادەمەزرێنن.

ڕۆژێك لە ئەندازیار عالی پرسی: "تۆ كە بە راشكاوی بۆچوونی خۆت بە من دەڵێی بۆچی لە كۆمیتەی ناوەندیدا، قسە لەسەر بەشداری حیزب لە حكومەتو هەموو كارێكی پێچەوانەی بەرژەوەندی ئێراندا ناكەیت..."

"یەكەم من مەكە بە قارەمان، چوزانی كە لە كاتی باسی ئەم مەسەلەیە لە كۆمیتەی ناوەندی، من هەمان باوەڕم هەبووە كە لەم رۆژانەدا بە تۆم گوتووە. بەچییا دیارە كە من ئەو رۆژە دەمتوانی پێشبینی بكەم كە كار بەرەو ئەو ریسواییە دەڕوات. لەمەش بترازێ كەسانی تریش لە كۆمیتەی ناوەندیدا هەبوون كە هاوبیروبۆچوونی من بوون. ئەمە جگە لەوەی ناشێت ئەمڕۆكە هەموو نهێنییەكان لەقاو بدرێ".

"ئەمە قسەی هەلەقو مەلەقە."

"بەڵێ قسەیەكی هەلەقو مەلەقە بەڵام حەقیقەت ئەمەیە. دوو سێ كەسی وەكو سوزنبان لە كۆمیتەی ناوەندیدا بوون، كە بێ چەندوچوونو بلەز مۆری كۆنەپەرستیو فاشیزمیان بە خەڵكییەوە دەناو بەرژەوەندی گشتی ئێرانیان لە جەنگدا بە رووداا دەداینو داری دژایەتیكردنی سۆڤیەتیان هەڵدەبڕێ. جگە لەمانەش، ئێمە هەموومان وامان خەیاڵدەكرد لە ئاستانەی شۆڕشداینو دەسەڵاتی پاشایەتی سەرنگوم دەبێتو بەرەو ئەوە دەچین حكومەتێكی دیموكراسیو نیشتمانی بێتە سەركار...."

دوو دڵی بەڕادەیەك باڵی بەسەر فرودا كێشا بوو كە گومانی لە ئەندازیار عالی-ش دەكرد. لە خۆی دەپرسی: "ئەم ئەندازیار عالییە سەر بە كام باندە، حەیفە كە گوللە لایەكی سینەی

دادڕێت، بۆچی سوزنبان ماتەڵی دەکات؟" ها، بیری کەوتەوە کە جارێك لە مەقەڕدا دەگەڵ کازمی دا تێکگیرا بوو .هەموو دەیانگوت فرود کەسێکی گوێڕایەڵ نیە، هیچ باکی بەوە نەبوو کە لە کۆمیتەی حیزبدا ڕووبەڕووی کازمی، کە دەیویست ببێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بڵێ تۆ بە عاتیفە قسان دەکەی‌و کەسێکی شۆرەت‌وپایەخوازی، تۆ هیچ مەنتیقێکت نیەو من باوەڕم بە قسەکانی تۆ نیە. بۆ نموونە ئەم ئاغایە پێشتر دەمراست‌و پەیڤداری کۆمیتە بووەو دەبوایە دەرسی سیاسی بە فرودو فرود ئاساکان بڵێتەوەو ڕێنوێنیان بکات. تۆ تەمەشای دنیا بکە!؟ نەدەیتوانی خۆی لە شەڕی ئەم شەیتانە ڕزگاربکات. نەشدەیتوانی لە ژوورەکەی نێرگز وەمێنێ. هەرسوچێکی نیشانەیەکی ئەم کیژەی پێوە بوو. دەرودیواری ژوورەکە بۆنی خۆشی ئەوی لێ دەچۆڕێ. پیاو مەست دەکات. بریا شەوێکی دەگەڵ ئەودا بەسەر بردباو ئەوجا بەکاری خۆیەوە ڕۆییشتبا. حەیفە، زۆر حەیفە وای ئەگەر ڕۆژێك گوللەیەك نیوەی دەموچاوی هەڵگرێ یان نیوەی دەمو لێوی، دوورنیە، نا، ئیدی بۆ ئەم ژوورە نایەت. دەبێ لە شارێکی تردا مەسئولیەتێکی پێ بسپێرن. ناتوانێ لە تاراندا بێ‌و لە کاتی ناچاریدا پەنا بۆ ئەو نەبات. بە هەرحاڵ دوور لەم گەڕەکە، دوور لە گەڕەکی زانستگە، ئیدی هەرگیز ئەو نەبینێ. ئەمە ناشێت ونابێ —نێرگز بووە بە بەشێك لە خۆی. ناتوانێ لەخۆیی بکاتەوە،وەکو چۆن ناتوانێ چاوەکانی دەربێنێ. جارێ ئیتر بۆ شارەکەی خۆیان ناڕواتەوە. چونکە بڕیاری حەزەرات لەوێ پەیوەندی بە چارەنووسی ئەوەوە نەبوو، خەڵکانی دی ویستی خۆیان بەسەردا دەسەپاند. بەسەر کۆسپ‌و لەمپەراندا زاڵ دەبوو. تەسلیم نەدەبوو. بەڵام نەیدەتوانی نێرگز لە دڵی خۆی دەربکات. نەیدەتوانی. نەدەکرا دەست بەردار بێ‌و نەدەشکرا چۆك دابدات. هەرگیز ئەوەی بە بیروخەیاڵدا نەهاتبوو کە لەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم کیژە هەموو هۆش‌وحەواسی تێك بدات. ئەم حیزبەو ئەم کیژە دەستیان دابووە دەستی یەك‌و ئەویان لە پەلوپۆ خست

دەچووە زانستگە. بەرێك‌و پێکی لە دەرسەکاندا ئامادە دەبوو. خۆی بە گەنگەشەو موناقەشە دەگەڵ خوێندکاراندا سەرگەرم دەکرد. سەری ماڵی مامۆستا ترشیزی دەدا. بە سەعاتان بە دیار قسەکانی ئەوەوە دادەنیشت‌و داوای ڕاوتەگبیری لێدەکرد. مامۆستا ترشیزی بۆچوونێکی تایبەتی لەمەڕ سیاسەت نەبوو، ئامۆژگاری دەکرد کە خۆی لە شوێنی خوڕان نەدات. بەبێ بوار لە ئاوان نەدات. ئەمە ئاسانترین پەند بوو. کاتێ کە چووە کۆمیتەیەکی زانکۆییەوە کە ئازەربایجان ڕوخا بوو. تورەج خان بەرپرس بوو. ئەو هەمیشە درەنگ تر دەهات بۆ کۆبوونەوە، نیو سەعات لە کاتی کۆبوونەوەی کۆمیتە ڕەت بووبوو وئەو هێشتا تەشریفی نەهێنا بوو.هەموو هەڵچوو بوون. هەموو لە پێستی خۆ هاتبوونە دەرێ. باسی خیانەتیان دەکرد. دەیانویست دژی کۆمیتەی ناوەندی‌و هەموو نەیارانی حیزب بەیان دەربکەن کە خیانەت کراوە. بەڕێوەبەری کۆمیتەکە کەسێکی بێ دەسەڵات بوو. دەرەقەتی ئەم کۆمەڵە هەوساڕپچڕیوە نەدەهات. سەری لە خۆی شێواندبوو، دەیویست بە دەنگی بەرز هێوریان بکاتەوە. ڕاوەستن تا نوێنەری کۆمیتە کە بە خۆی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە بێت. بەڵام کەس بەمە قایل نەبوو، لێرەدا کار پێویست بوو. بە مینگە مینگ هیچ کارێك نەدەکرا. هەرکەسەو هەرچیەکی لەمەڕ ئەمەو ئەوە لە دڵدا بوو

هەڵپڕشت، بوو بە قەوغا. هیچیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی نەهێشتەوە، هەر هەموو عەیبەکانیان، خەتاکانیان، بەرژەوەند پەرستیەکانیانو شۆڕەتو پایەخوازیەکانیان خستنە ئەو گۆڕە. گوتیان سەرەك وەزیران، ئەم پیرە رێوییە کۆنەکارە فریوی دان. چەند پارچە ئێسقانێکی فڕێدانە بەرو کلکی بڕین.بەشداریان لە کابینەی حکومەت بە پایەخوازیو خیانەت لە قەڵەم دا. یەك بە یەك ژماردیان:

دژایەتی دکتۆر مسەدەق خیانەت بوو. سیاسەتی حیزب دەربارەی نەوتی باکور خیانەت بوو. هەوەڵجار دێنو دەڵێن: ئێمە دژی هەر جۆرە ئیمتیازێکین کە بە بێگانان بدرێ، بەڵام هەرکە سەرو کەللەی سۆڤیەتیەکان پەیدا دەبێت، بە جادەکاندا دەکەونە رێپێوانو هورادەکێشن کە بۆ نەوتیان نادەنێ.

هەڵوەشانەوەی حیزب لە تەورێزو پەیوەندی کردنی بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە کە مەعلوم نەبوو سەری داوەکە بە دەستی کێوەیە، خیانەت بوو. بە دامەزراندنی حکومەتی ئیئتیلاف، ڕابەران جەزرەبەیان لە حیزبدا.

هەر یەکێك لەوانەی قسانیان دەکرد لە حەژمەتاندا دەلەرزین،دەنگیان گڕدەبوو، دەماری لاملیان هەڵدەستا. یەکێکیان بە دەم قسەکردنەوە گریان ئەوکی گرتو خەریك بوو ببورێتەوە. ئاویان بە دەموچاویا پرژاند تا هاتەوە سەرخۆی. یەك دوو کەس هەر لەوێدا دەستیان لە حیزب کێشایەوە. ئەوانی دی بە نائومێدی سەریان دەلەقان. کە داخی دڵی خۆیان هەڵرشت، هەنگێ مەسەلەی مەحکوم کردنی هەموو ڕابەران، بە تێکڕایی هاتە پێشێ. خەریك بوون بەیاننامەیان دەردەکرد. بەبۆچوونی فرود ئەم کارە هیچ لایەنێکی حیزبیو رێکخراوەیی نەبوو، ئاخر دەبێ مۆڵەتو دەرفەتی بەرگری بە تاوانبار بدرێ. تازەترین ئەندامی کۆمیتە داوای قسەکردنی کرد: دەبێ دەرفەت بە خەتاکار یان تاوانباریش بدرێ کە قسەی خۆی بکات.لەوەیە هەموو ڕابەرەکان لەو خەتایانەدا کە باستان کرد شەریك نەبووبن. لەوەیە لە ناو ئەوانیشدا کەسانێك بووبن کە هەمان هەڵوێستی ئێمەیان وەرگرتبێ. یانی دەتانەوێ هەموو حیزب بدەن بەیەکا وهەموو ڕابەران بە جارێ مەحکوم دەکەن.بە سۆزی توندڕەوانە واقیعو رووداوانی سیاسی نایەنە هەڵسەنگاندن. با جارێ پشمو غەزەبی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین،ئەوسا ڕاپرسی بکەین و ڕای خۆمان بدەین. ئێمە ئاگاداری پشت پەردان نین. با تورج خان بە خۆی بێت .هاواریان بەسەرا کرد: "ئەگەر دڵی پێوەبا دەمێ بوو هاتبوو."

بەمجۆرە دوو دانە سەعات وەختی کۆمیتە تێپەڕی. زۆربەیان رۆییشتن، تەنیا چەند نەفەرێك کە یەك لەوانە بەڕێوەبەری کۆمیتە بوو، مانەوە. سەعات دەو نیوی شەو بوو تورج خان بە ئوتومبیلی وەزارەت گەییە جێ. چی گوت؟ فرود هیچی لە بیر نیە. تەنیا ئەم وشەیەی لەبیر ماوە "کاتاستروف!" دیسان هەمان ئەداو ئەتوارەکانی جارانی خۆی دووبارە کردەوە. دیپلۆماتی درۆزنی دەملوسی حازرقسەو زارخۆشی ترسنۆكو فیشاڵبازی خۆهەڵکێشو شۆڕەتو پایەخواز. بە هەمان ئوتومبیلی وەزارەت رۆیی وئەو رۆییشتنەی رۆیی ئیدی هەرگیز کەس نەیدیتەوە.

فرود دەگەڵ هاوشاریەکی هاودەورەی خۆیدا بوو بە هاوهۆدە. لە حەوشەیەکدا کە چەند ماڵێکی دیکەشی تیا دەژیا، ژووریکیان بەکرێ گرت و ماڵۆچکەیەکیان پێکەوە نا. ئەوەندە لە بازاڕەوە دوور نەبوو.

هەمان شەوی ١٢ ئازەری(٢٢/١١-٢٢/١٢) ١٣٢٥ کە هێزە دەوڵەتیەکان پەلاماری ئازەربایجانی دیموکراتیان دا، ئەمان بە جووتە وەکو جاران بۆ یانەی حیزب لە شەقامی فیردەوسی دەچوون کە لە پڕ دیتیان کۆمەڵێك لەوێندەر خڕبوونەتەوە. لە مەیدانی سپەدا حیزبیەکان دوو دوو و سێ سێ خەریکی چپە چپ وفسکەفسك بوون. هەموو رووگرژ، پەست و گڕگرتوو. تا لە یانەکە نزیکتر دەبوونەوە ژمارەی گروپانی دوو وسێ نەفەری زیادی دەکرد. سەربازانی چەکدارو پاسەوانان لە سەر شۆستەکان ئێشکیان دەگرت. ئەمن و ئاسایش لە پاڵ خانووەکانەوە تەماشای خەڵکی بێ ئاگایان لە هەموو شتێك دەکرد. هەندێك جارجار تەشەرێکیان دەدا. نزیکی خۆراوا بوو. کاسبکاران دوکانەکانیان داخستبوو ولەبەر دەرگا وەستا بوون و چاوەڕێی رووداوێك بوون. کۆمەڵێکی چەند سەد نەفەری لەبەر یانەکە وەستا بوون و پاسەوانەکان بڵاوەیان پێدەکردن. جاریٚ بە زمانی خۆش "برایان بڵاوەی لێبکەن!" جاریٚ بە توندی: "رۆن رژاوە! رەت بە! رەتبە برا، رەتبە گیانە". تابلۆکەی حیزب نەمابوو، شکاندبوویان، هەندێ پارچەی بە دەستی خەڵکییەوە بوو. دوو سەرباز لەبەر دەرگاو بە نێزەوە بەدیار هەندێك خاشاك و چڵ وچێوەوە، کە لە ئەنجامی شکانی تابلۆکە رژابووە سەر زەوی وەستا بوون و نەیاندەهێشت هیچکەسێك بچێتە ناو حەوشەکە. خەڵکەکە قەرەباڵغیان کردبوو، هەندێ کەس دەگریان.

فرود رووی گەشایەوە، زەوقی سوعبەت وشۆخی گرتی. هاوشاریەکەی لێی پرسی خەڵکی دەگرین، تۆ بۆچی شادی؟ بە دەستی خۆی نەبوو، عادەتی نیە. تەنیا ئەو کەسانە ئاشنای ئەم پەرچە کرداره بوون کە دەیانزانی چۆن خەم و خەفەت وەکو هەڕەیەکی تیژ گۆشتی لەشی دەبڕێ. لە پڕ دەموچاوی دەبوو بە یەکپارچە ددانی سپی، جگە لە ددان چ شتێکی تر لە دەموچاویا نەدەبینرا. دەیتوانی دەگەڵ هەر گرفتێکدا هەڵبکات،بەڵام کاتێ کاردەهاتە سەر شکستی تەواوەتی لە ژیاندا، دەگەییە لە دەستدانی ئاوات و هیوا و ئارەزووەکانی، شپرزە دەبوو. پێدەکەنی تا بەسەر کزەی دڵدا زاڵ بێ.

دەگەڵ هاوشاریەکەیدا بۆ ماڵ چوونەوە. لە رێگە قاپێ عەرەقیان کڕی،لەو عەرەقانەی کە پیاوی بە عاردیدا دەدا. بە خۆیشی نەیزانی چی قەوما. جاران هەمیشە لە شەرابخۆری و مەستی و بەدمەستی دەڕەڤی. هیچ لەزەتێکی لێنەدەبینی، سەری گەرم نەدەکرد، خاو نەدەبووەوە. بێ فایدە بوو، بەڵام ئەمجارە چ بوو کە عەرەقیان کڕی؟

بە دوو قۆڵی لەبەر پەنجەرەکە دانیشتن و تەمەشای ئاسمانی پڕ ئەستێرەیان کردو تا دوا چۆڕی قاپەکەیان بەسەرەوە نا. بۆ یەکەمین جار هەستی بە خاوبوونەوەو سستیەکی خۆشکرد، "هەرگیز هەستم بە خەمی وانەکردبوو، مەگەر ئەو کاتانەی کە سەربازانی هندیم لە دەمی روبارەکەدا بە رووت و قووتی دەبینی، کە لەبەرم گران بوو، سووکایەتی بوو ئەمما سووکایەتی".

هاوشارییەکەی هێشتا لە زانستگەی یوتاوە نامە بۆ فرود دەنێرێ. فرود لە نەوارەکەدا ناوی

نایەنیٚ، دەڵێت: "هەقتان چیە بەسەریەوە، چتان لێی دەوێ؟ رۆیی، کاریشی بەکاری کەسەوە نەبوو. لە پاریسدا دەگەڵ دامو ەزگای ئەمندا هەڵی نەکرد. خوێندنی خۆی کرد. گەڕایەوە ئێران. پۆستێکیان دایە. ئاوی دەگەڵ دۆستانی پاریسیدا کە گەیی بوونە مەشروتەی خۆیان، نەچووە یەك جۆگاوە.بۆ ئەوروپا گەڕایەوەو پاشان بۆ ئەمریکا رۆیی، و ئەمڕۆکە یەکێکە لە زانایانی سوسیولۆجیای دنیا کە لە زانستگەی یوتا دەرس دەڵێتەوەو هێشتاش باوەڕی وایە کە سەرکەوتن بۆ جەماوەرە". ئەو تاقە کەسێکە دەتوانیٚ وێنەیەکی ورد دەربارەی ورەو گۆڕانی روحی و کێشماکێشی دەروونی فرود تا کاتی گرفتاریەکەی بکێشێت. هەرکاتیٚ کە ئەم هاوڕێیەی بیردەکەوێتەوە لە خۆی دەپرسێت کە ئایا ترس و لەرزی ئەو رۆژەی بەر یانەکەو عەرەق خواردنەوەکەو، تەمەشاکردنی ئاسمانی سامالٚ وادار بە هەلاتنی کرد یان هۆش و زیرەکی و ئاوەزو لۆژیك بە رێگەیەکی تریاندا برد. بەردەوام ئەم باسەی دەگەڵ کەلهوڕدا دەکردەوە. ئەم هاوشارییە زیرەك و پڕباوەڕە کە هەرگیز هیچ شکستێکی بەوە نەدەزانی کە چۆك بە مرۆڤ دابدات، ئەو دۆست وهاوڕێیەی بە موڕتەد لە قەڵەم دەدا. زۆر ئاسانە پیاو لە ئەمریکادا خاوەن کورسی و خۆشگوزەرانی و سەنگ و ئیحتوبار بیٚ و دەم لە سەرکەوتنی "جەماوەری مەزن" بکوتیٚ.

فرود هەوڵی دەدا ئاقڵانە داوەری بکات. ئەو زەمانەی کە ئەو هەلات تەنیا قارەمانان دەیانتوانی بەرگری بکەن و خۆڕاگرن. بەڵام ئەو هەرگیز فشەی نەدەکرد کە پیاوی مەیدانە. ئارەزوویەك بوو بەردەمی با کەوت. دبدەبەیەك بوو بە دەرزییەك فش بووەوە. فرود خۆی دەگەڵ ئەودا بەراورد دەکرد. نا، ئەو نەیدەتوانی هەڵێت. ئەوەی بەسەر ئەودا هاتبوو بەسەر ئەو دۆستەیدا نەهاتبوو کە بۆ ئەمریکا هەلاتبوو. رێگەیان لێکدی جیا بووەوە، بەڵام دۆستایەتیەکەیان هێشتا لە ناخیا مابووەوەو نەدەکرا بە ئاسانی ئاوێکی پاك یان پیسی بەسەرا بڕێژیٚ.

فرود نەیتوانی فیزماڵکی بداتیٚ و بۆی دەرچیٚ. ملی بەکارەو نا. لە سەعاتی هەوتەوە تا دەی شەوو هەندێجار تا درەنگتریش دەرسی دەخوێندو موتالای دەکرد. دروشمێکی تازەی هەڵگرت. گرفتاری بێکاری دیلی تێشکانە.

دەیویست هەمیشە سەرکەوتوو بیٚ، لیٚ سەرکەوتن بە دەستیەوە نەدەهات، لەگەڵ ئەمەشدا کۆڵی نەدەدا، کارگەلێکی کرد کە ئەگەر شکست نەبووایە هەرگیز دوویان نەدەکەوت و نەیدەکردن. ئەوجاش بە خۆی دەگوت دەبیٚ حیزب رزگار بکریٚ، هەر چەندە سوزنبان و تورج خان قوچانوویانەو بارگەیان بۆ هەندەران تێکناوە.

لەم سەروبەندەدا چالاکوانانی حیزب کەوتبوونە جموجۆڵ و هەرکەسەو لای خۆیەوە هەوڵی دەدا بە هەر شێوەیەك بووە پێشگیری لە هەرەسی حیزب بکات. کۆبوونەوەیان دەکردو کەوتبوونە فراکسیۆنبازی و خۆیان گوتەنی دەستەی تەنفیزی کاتییان دادەمەزراندو لێرەو لەویٚ لە دەرێی کۆمیتەو بنکە فەرمیەکانی حیزبدا کۆدەبوونەوەو فرود گەوجایەتی وەهای دەکرد کە چیوای نەما بوو ئەوانی دی واتەسەوری بکەن تێکچووە.

دواتر، سالأنێك دواتر كە جەورێكی زۆری لە ژیانا كێشا وای وێنا دەكرد كە ئەگەر ئەوان رۆژانە دەستی بگەیشتبایە نێرگزو بیتوانیبا دەردە دڵی دەگەڵ بكات لەوە بوو هەندێ رووداوان لە ژیانیا روویان نەدابا. لێ نێرگزیش بوونەوەرێك بوو وەكو هەموو ژنانی دی كە چاوەڕوان بوو نازی بكێشن. ئەویش وەكو هەموو كەسێك غرورو عیزەتی نەفسی هەبوو. نە یدەویست كە كوڕە جیرانەكەیان بكەوێتە سەر دەست و پێی و داوای ئاشقێنی لێ بكات .نە، ئەوەندەش بەرزەفڕ نەبوو، بەڵام دەبێ تا كەی بێ موبالاتی ئەو تەحەمول بكات. فرود بێگومان ئاگاداری مەیلی ئەو دەرهەق بە خۆی هەبوو، دەیزانی كە دەرگایماڵەكەی هەمیشە بۆ فرود كراوەیە. باشە نابێ ئەویش جارێك هەواڵی بپرسێت؟ تەنیا ئەو كاتە كە بیستی تابلۆكەی حیزبیان داگرتووەو ژمارەیەكی زۆریان گرتووەو سەرانی حیزب یا هەڵاتوون یا خەریكی هەڵاتنن، سۆراخی ئەوی كرد،بەڵام تازە دێر بووبوو.

كۆمیتەیەكیان بە فرود سپارد، ئەویان كرد بە بەرپرس، فرود لە سستی و رەخاوەت هاتە دەرێ. بازاڕی ناڕەزایی و ئیعتراز گەرم بوو بوو، خەڵكی ترسیان شكا بوو. جموجۆڵێكی بێ وێنەو بێ پێشینە دەبینرا. هەركەس هەرچییەكی لە دڵدا بوایە دەیگوت. گەنگەشەو رەخنە بوو بوو بە پەردەی داپۆشینی هێرشی هەمووان. كەسێك بە ناوی (خەلەج)ەوە سەری قوت كردەوەو توانی لەم هەراو فەرتەنەو پاشاگەردانیەدا شوێنێك بۆ خۆی لە نێو دڵە توڕەكاندا بكاتەوە. ئیرادو ناڕەزاییەكانی جوان بوون، دەچوونە دڵەوە. تێكەڵەیەك بوو لە نیازپاكی و شۆڕەتخوازی و خۆویستی. شیكردنەوەو ناسینی كەسایەتی ئەو ئەستەم بوو. پێكهاتەیەك بوو لە گیانبازی، پەیگیری، دلێری و ئامانج خوازی، شوێنەوارێكی سەرسەختی و خۆپەسندیشی تیا بوو. باكی لەوە نەبوو كە گیانی لەڕای مەبەست و مەرامدا دابنێ. لە هەموو ئەمانە سەیرتر تۆران و ئاشتی خانەدانانەی بوو. قاری دەكرد، دەتۆرا، دەڕۆیی، لەولاوە بە بەڵگەی تازەو قەناعەتبەخشەوە سەری دەردێناوە. ژمارەیەك بە دوایدا دەچوون.. خۆی گران دەگرت و بۆ ماوەیەك دەبووە هەنارە شیرینەی كۆمەڵێك. بنیادەمێك نەبوو كە بتوانێ ماوەیەك دۆست یان دژمنی كەسێك بێ. پیاوێك بوو هۆشن، قسەخۆش، جوان، توڕە. كاتێ كە گەرم دەبوو وجۆشی دەسەند دەمارەكانی دەموچاوی هەڵدەستان. خۆهەڵكێشی ئەو سنورو كەوشەنی نەبوو، لە چاوو زاریەوە دەچۆڕا. ئەم خەسڵەتەی بە ئەندازەیەك زاڵ بوو، كە بە هەموو زیرەكیەكی خۆیەوە نەیدەتوانی بیشارێتەوە.

ئەگەر فرود كەسێكی پاشڕەو بوایە بێگومان دوای ئەو دەكەوت. بەڵام فرود بێزاربوو لەوەی كە بە هەرزانی دوای سەركەوتن بكەوێ. بچێتە سەرحازرەكەی. نا، بە هیچ جۆرێ ئەهلی تەقلید نەبوو. كاتێ كە سەرانی حیزبی هەڵدەسەنگاند بۆی دەردەكەوت كە كەسیان لە كەسیان زیاتر نین. كەشكیش برای دۆیە.رەنگە یەك دوویەكیان جیا بووبن، كە دەبێ پێغەمبەری خودا بووبن یان بووبن بە موجتەهیدی تەواو عەیارو هاتبوون لە ناو حیزبدا، بە كەماڵی بێ فیزی و قەناعەت حزمەتی ئارمانجی خۆیان دەكرد. ئەمانە دەڵەچە نەبوون وفێری كاسەلێسی نەبوون.

بەدبەختانە لە دوو لاوە بووبوون بە نیشانەی تیری كۆنەپەرستیەت و شۆڕشگێڕی. هەم ئەم باندەو هەم ئەو باندە لێیان دەدان و سەركوتیان دەكردن.

لـەم هەلومەرجـە پەشـێوەدا فـرود وای تەسـەور دەكـرد كـە ئـەرك و پـەیامێكی پـێ سـپێردراوە. رەوشێكی پڕ ئاشوب بوو وزنجیرە رووداوێكی گەرمی لە پێش بوو. بەرە بەرە هەستی دەكرد كە زانیـاریی قوتابخانـەیی و زانیـاری لـە بابـەتی كتـێبی (پـردوڤیرجینی) بەشـی ئـەو قەرقەشـەو مشت ومڕو گەنگەشـەیەی كە لـە پێشی دایە ناكات. كەوتـە خوێندنـەوەو موتالا. مێژووی كۆنی ئێـران، مێـژووی شـاهان و شـەڕوجەنگان سـوكنایی پـێ نەدەبەخشـی و تێـری نـەدەكرد. بـاس و سەربوری خەباتی كۆمەلایەتی پتری ڕادەكێشا،هەموو شكستێك مایەی نائومێدی نیە،و زۆر جار شكست بووەتە مایەی بەردەوام بوونی بەرەبەرەی خەبات وسەركەوتنی بەدەست هێنـاوە. چ دوڕو یاقوتێك لـە قولایی ئـەدەبیاتی ئێراندا پـەنهان بـوو كـە دەكرا بدۆزرێتـەوە. شـانامەی فیردەوسـی نەخوێندەوە،بـەلكو بە قووتدان قـووتی دا. بـە وەخـت و ناوەخـت لـە قـالبی بـەحری موتـەقاریب دا شیعری دەگوت. بەرە بەرە شیعرەكانی حـافز ئەفسـوونیان كـرد. بـە ژوورەكەیـدا پیاسـەی دەكـرد، بەدەم سەماو بادان و پێكەنینەوە ئەم شیعرەی دەخوێندەوە:

*رسم عاشق كشی وشێوه شهر اشوبی*

*جامەای بود كه برقامت او دوخته بوو.*

ئەوەندە ئەفسوونی غەزەلەكانی حافز بووبوو كە كەلهوڕ رۆژێك پێی گوت: "ناكا بتـەوێ ببی بە سـۆڤی؟" بـە تاسـەو تامەزرۆییـەوە هەرچییەكی دەسـت دەكـەوت دەیخوێنـدەوە. لـە پڕێكـا بـۆی دەركەوت كە مێشكی ئەم هـەموو زانیاریانـە ناگرێت. بۆیـە لەسـەر پارچـە كاغەزێكدا دەینوسین و دواتر لە نامیلكەیەكدا بە گوێرەی بابەت پۆلینی دەكردن. هەڤدە غـەزەلی حـافزی ئەزبـەركرد. لـەم كتێبخانـەوە بـۆ ئـەو كتێبفرۆشـی دەڕۆیـی. سـەفتەیەك كتـێبی دەبـن هـەنگلی دەنـاو بـۆ مـالێ دەگەڕایەوە. بوو بوو بـە یەخسیرو دیلـی كـەلتووری ئێرانی. لـە پڕ روویكردە هاوچـەرخان. هـەم سیاحەتنامەی ئیبراهیم بێگی دەخوێندەوەو هەم هۆزانێن عەشقی وفەرخی.قولبوونـەوەو رۆچوون بە كتێبانی ماركسیستی دا، ئەوەندەی كە پاچڤەی فارسی كرابوون و بە زمانی ئینگلیزی لەبـەر دەسـتا بـوو، ئـەركێكی جیـاو تایبـەتی بـوو. سـەبارەت بـە هـەر مەسـەلەیەك كـە دەهاتـە پێشـێ بۆچوونێكی هەبوو. ئیدی ئەو رەوش و بارودۆخە بەسەر چووبوو كە بێ چەندوچوون بڕیارەكـانی كۆمیتـەی ناوەنـدی قـەبولێ بكـات. بـاوەڕی بـە حیـزب هـەبوو، ئامانجـەكانی حیزبـی بـە ئامـانجی ئینسـانی دەزانـی وبانگەشـەی بـۆ دەكـرد. دەوری ئـەو روون بـوو، لـە نـاو حیزبـدا پێـداگری و خۆڕاگری كە لە ڕێ دەرنەچن و لە دەرێی حیزبدا سەربازی وگوێڕایەلی.

# (٩)

ئەم وەزعو حاڵە، پێکادانی دیارونادیار لە نێو حیزبێکدا کە خۆی بە حیزبێکی مودرێن لە قەڵەم دەداو ژێراو ژێر هەموو کەوتبوونە گیان یەك، یەك ساڵی رەبەق بەردەوام بوو تا لە ئەنجامدا ئینشیقاقی تێکەوت. چەند کەسێك لە حیزب جیابوونەوە، خەڵکانی دەستی دووەمو سێیەم، هەندێك بە باوەڕونیشتمانپەروەر، بە عزێ خۆسەرو ئاژاوەگێر. حیزب ئێستا پێویستی بەهەر هێزێك هەبوو.بەلای کەمەوە دەستەبەندییەکانی جاران بۆ ماوەیەك نەما، دەستەبەندی دیکە لە قولاییەوە چرۆی دەکرد. جەوانان دژی پیران ڕادەبوون. لەم کەینوبەینەشدا فرود هەر بێ پشتو پەنا بوو وچ کەسێك پشتیوانی لێنەدەکرد.

لەسەر پێشنیازی ئەندازیار عالی بۆ تەورێزیان نارد. ئەوێ دنیایەکی دیکە بوو. مەسەلەی نەتەوەیی لێرەدا بۆ ئەو شێوەیەکی توندتری وەرگرت. لە ئازەربایجاندا کێشەی نەتەوەیی بەزندووترین شێوە بینی. ئەمانە خەڵکانێکی تربوونو هەقی خۆیان بوو بە گوێرەی تایبەتمەندیو دابونەریتی خۆیان بژین. لە هەموو شتێك گرینگتر زمانەکەیانە، ئەگەرچی زمانەکەیان وەکو زمانی خەڵکی ئەودیوی سنوورە، بەلام ناسنامەی نیشتمانیان جیایە. جیابوونەوە لە ئێران هەرگیز نابێت.

لە تەورێزەوە بۆ مەشهەدوگورگانو پاشان بۆ شیرازیان نارد. بەرە بەرە خەریك بوو دەبوو بە پەیکی حیزب، بەلام زوو خۆی دزییەوە. پیاو دەبێ بتوانێ دژی تەنگانەو هەڵەکانی رابردوو بخەبتێ.دەبێ فێری خەبتین ببێ.جا بەرەنجامی ئەم فێربوونە دەشێت مەرگ بێ یان ژیان. یا دەبێ بچیە کەناروخۆ لە هەر مقاوەمەتێك دووربگری یا بەگژ پێل وشەپۆلانا بچیو گیانش دەرباز بکەی. فرود جارێکی دی کەوتبووە سەر دوو ڕیانێك:(زەمانە دەگەڵ تۆدا نەسازێ تۆ دەگەڵ زەمانەدا بسازێ)ی قەبوڵ نەبوو.

لەم زەمانەدا بوو کە نێرگز بە نیگەرانیو پەرۆشەوە لە دووی فرود دەگەڕا.جارێك کە بۆکۆمیتە گەڕایەوە یەکێك لە هاوڕێکانی بۆی گێڕایەوە کە نێرگزی لەبەر دەرگای یانە، لە شەقامی فیردەوسی دیتووەو دڵنیای کردووە کە کوڕەجیرانیان نەگیراوە.

ئەو دوکانەی سیلەی شەقامی ئەسلامبول‌ولالەزار کە بەسەر پێوە شیروچای دەفرۆشت، بووبوو بە پاتۆقو شوێنی کۆمبوونی خوێندکارانی زانکۆ. مامۆستاوخوێندکار،وکارگێڕەکان کە دەفتەری حازروغاییبیان ئیمزا دەکرد، ئیدی باقی رۆژەکە لە کافەو شەقامەکاندا بەرەڵابوون. و ئەهلی کەیفو ڕابواردن دەهاتن بە پێنج ریاڵو یەك تمەن قاوەیەکیان دەخواردەوە. قسانیان دەکرد، قەراری دیداریان دەگەڵ یارانی خۆدا دادەنا یان پێکڤە دەچوونە خوارنگەیەك یا بۆ جێ ژووانی خۆ دەڕۆییشتن. ئەم دوکانە لە هەمان کاتدا مەڵبەندی دیدارو پەیامگەیاندنی خوێندکارانی حیزبیش بوو کە لە رۆژانی قەیرانو تەنگانەدا دەیانتوانی بە ئاسانی دەستوورو بڕیارەکانی کۆمیتە بە هەموو ئەندامان بگەیەنن. لەم رووەوە شوێنێکی سەلامەت بوو، بە تایبەتی چونکە دەوروبەری ئەم کوشکە هەمیشە پڕبوو لە کیژانی خوێندکارو کاربەدەستانی شارەبانی

ئەوێیان بە جۆرە سەیرانگەیەکی مێبازی دەزانی. ئەمە جگە لەوەی دەستووری حیزب وەهابوو کە لەم شوێنەدا بە هیچ جۆرێ موناقەشەوگێنگەشەی حیزبی نەکرێ‌و هەموو پەیامێك لە دەرێی دوکانەکەدا بە خاوەنی خۆی بگەیەنرێ.

لێرەدا بوو کە فرود بۆی بە دیارکەوت یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی زانکۆ کۆمەڵە بیتاقەیەکی هێنابوو دەیویست بە ناوی بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی خوێندکاری بیفرۆشێت. ئەم شتەیان لە کۆمیتەدا خستەڕوو. فرود لە دەرێی دوکانی قاوەفرۆشیەکەدا زۆر ناڕەزایی سەبارەت بەم کارە دەربڕی. کارگەلێك بە ناوی ئەوەوە دەکرێت کە بە هیچ جۆرێك ئاگای لێ نیە. هەنجەتی ئەو ئەمە بوو کە لەلایەکەوە دەڵێن لە ئەنجامی قەیرانی سیاسیدا چالاکی ڕێکخراوەییمان کەمەو لەلایەکی ترەوە لە بیری کۆکردنەوەی پارەداین بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار. ئەمە تەنیا خۆنواندن‌و شۆڕەتخوازیە، دەتانەوێ لەم گۆڤارەدا چ بنووسن؟هەمان ئەو بابەتانەی کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی تردا بڵاویان دەکەنەوە یان شتی تازە؟ دەتانەوێ لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارەوە چ کەسانێك بۆ لای خۆ ڕاکێشن؟ئایا ئەو کۆمەڵەی لە پشت ئەم گۆڤارەوە خۆیان لە بۆسە ناوە خزمەتی خواستەکانی خۆیان مەبەستە یان مەرامێکی سیاسی تریان هەیە؟ هەوەڵجار ئەمانە بە ئاشکرا بڵێن، تاوەکو پاشان بڕیاری لێ بدەین.

فرود بە خۆی مەزەندەیەکی لەلابوو بەڵام دڵنیا نەبوو کە دژی کێ قسان دەکات‌و پاشان تێگەیی دژی کجوری‌وکازمییە. سەعاتێك پتر لەمبارەیەوە قسەی کرد.خەریك بوو کار دەگەییە هێرش‌و جنێودان کە کابرای خودان پێشنیاز ناچار کرد کە ئەمە بڕیاری کۆمیتەی زانکۆیە. فرود دەستبەجێ تەسلیم بوو ویەکەمین کەس بوو کە پیتاکی بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە دا. بەڵام ئیرادی ئەمە بوو کە ئەو بڕیارەی دراوە دەبێ جێبەجێ بکرێ،لەم حاڵەدا پێویست بە موناقەشە نەبوو.

بە هەرحاڵ، گێنگەشەو موناقەشەی ئەم کۆبوونەوەیەش دەردی گرانتر کرد.ئەو دۆسیەی کە باندبازەکان دژی ئەو دروستیان دەکرد رەشتر دەبوو. چەند باش بوو بەر لەوەی رادیۆی مۆسکۆ ڕای بگەیەنێ کە خلج دەستنێژی ئیمپریالیزمە، ئەم پەیوەندی دەگەڵ ئینشیقاقچییەکان بڕی بوو، دەنا هەنووکە داغمەی خیانەت بە تەوێڵی ئەویشەوە نرابوو. لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم خەبەرە گەلێك لە ئینشیقاقچییەکان ناڕەحەت بوون. فرود سەرقاڵ‌ومژولی کارەکانی خۆی بوو. گوێی لە وتی وتی شاگردان نەبوو. کتێبانی دەخوێندەوە، زمان فێردەبوو، شتی دەنووسیەوە، نامەی دەنووسی، حەزی لێ بوو بە نووسین باس‌وموناقەشە لەگەڵ کەسانێکدا بکات. هەرچیەك ناخی ئازار دەدا لەم نامانەدا دەیخستە سەر کاغەز. بۆ ئاغای پایەدار، بۆ بابی‌ودایکی، بۆ مونیرەو بەدری، بۆ فەیروز نامەی دەنووسی. ئەم کاغەزانە مەفەڕودەلیڤەیەك بوون بۆ بەبادانی ئەو بوغزەی یەخەی گرتبوو وهەڕەشەی لێدەکرد کە لە ڕێی دەربکات. ڕاستگۆیانەترین نامەی ئەوانە بوو کە بۆ ئەو دۆستەی کە بۆ ئەمریکا چووبوو دەینووسین. ئەگەر لەو نامانەدا کە بۆ کەسانی تری دەنووسین بە رەمزوکینایە گرفتە دەرونییەکانی خۆی دەردەبڕی، ئەوا لەگەڵ ئەودا بێ پەردە هەموو ناڕەحەتییەکانی خۆی لەمەڕ رەوشی سیاسی حیزب، لەمەڕ کەچرەوی رابەران

وسەرانی حیزب، لەمەڕ ئەو زیانەی کە بزووتنەوەکە لە سۆنگەی هەڵاتنی رابەرانەوە تووشی بوو، لەمەڕ واریقاتەکانی ئازەربایجان و فیرەقە، هەڵدەڕشت. هیچ کۆمەکێکی لەو نەدەویست. دەیزانی ئەوانە لەو دوورەوە هیچیان لە دەست نایەت. لەم نامانەدا بوو کە بێ ئەوەی ناوی نێرگز بێنێ، دانی بە ڤیانی خۆیدا دەنا.ئەو شتەی کە هەرگیز بە زمانیا نەهاتبوو خستیە سەرکاغەز. نووسی کە ئەوی بە هەموو بوونی خۆیەوە خۆشگەرەکە. هەموو شانەکانی بوونی بەندە بەم بوونەوەرەوە. نە توانای ویسالی ئەوی هەیەو نە تاقەتی دووری ئەو. بۆ دۆستە پێوارەکەی (غایب) نووسی: "دەزانم تۆش هیچ کارێکت لە دەست نایەت. ئامۆژگاریم مەکە، هەرچی پەندوعیبرەت هەیە بە خۆم گوتووەو بێفایدەیە. ئەمە کارەساتی ژیانی منە. دەزانم تیا دەچم. هەر هیواو ئاواتێکم لەسەرو دڵدایە، هەمووی بە فیڕۆ دەڕوات. چەندم حەزدەکرد بە دوور لە ڕاکەڕاکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بێ ماشوقەو ئەڤینداری کۆمەڵێك کاری گەورە ئەنجام بدەم...نامەکە تەواو ناکەم. دەترسم نەی خوێنیتەوەو بە پەلەپەل و جەڵەبی وەڵام بدەیەوە. ئەم بەشەیان فەرامۆش بکە. هیوادارم، تکا دەکەم وەڵامم نەدەیەوە..."

چەند بەیانییەك کەوتە وەرزشکرن. حەزی لە مەلە دەکرد، چەند شەوێکیش چووە زۆرخانە. لە مردەڵەیی و بێ جورمی خۆی ناڕەحەتوپەست بوو. نەدەتوانێ میل هەڵگرێ، نە کەبادە، و نە زۆرەبانی بگرێ. دوو سێ کەڕەت کە هەڵبەزو دابەزی دەکرد، هەناسەی تەنگ دەبوو. باشترین سەرگەرمی ئەو هەر کتێب خوێندنەوە بوو.دایکی هەر پارەیەکی بۆ دەنارد دەیدا بە کتێب. زۆربەی کاتی لە کتێبخانەوکتێبفرۆشیان ڕادەبورد. تا زیاتر پەی بە بێ توانایی ولاوازی بە دەنی خۆی دەبرد هەوڵی دەدا زیاتر ناخ ودەروونی بە هێزتربکات.

کۆمیتەیەکی لە ئەستۆ بوو وبەڕێوەی دەبرد. بەرە بەرە پێی بۆ رۆژنامەی حیزبی کرایەوە، جار جارێك وتارەکانی ئەویان بڵاودەکردەوە. مودەتێك هەڵسەنگاندنی فیلمە سینەماییەکانیان پێ سپارد. شیعرێکیشی کە بە چاولێکەری و کاریگەریی شیعرەکانی پەروینی ئیعتیسامی نووسیبووی، بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە لە رۆژنامەکەدا بڵاوبووەوە.ماوەیەك رۆژنامەیەکی هەفتانەی حیزبی لەلایەن ئەوەوە بەڕێوە دەبرا. کارێکی زۆر زەحمەت و ئەستەم بوو، ڕاکەڕاکەیەکی تەواو بوو. کاتی تاقیکردنەوەکانیشی بوو. هەنگێ بەو بیانووەوە هەفتەنامەکەیان لێ وەرگرتەوە بەبێ ئەوەی پێشتر راوێژێکیان دەگەڵ کردبێ.

کاتێ کە بەرپرسی چاپەمەنیەکان هەستی کرد فرود لەم هەڵوێستە نیگەران بووە، بەڵام نایباتە سەر خۆی، گوتی: "هاوڕێیان دەیانویست نامەیەکت بۆ بنووسن و ئاگادارت بکەنەوە کە هاتوچۆت دەگەڵ ئینشیقاقچییەکاندا ببڕی. تۆیان زۆر جار لە دوکانی قاوە فرۆشیەکەدا دەگەڵ ئەواندا دیتووە". فرود هێندە لەم قسە قۆڕانە تورە بوو کە بە پێویستی نەزانی بەرگری و داکۆکی لە خۆی بکات. مەیموون زۆر جوان بوو ئاوڵەشی دەردا. چەند رۆژێك لەوە دواش ئەندازیار عالی دۆزییەوە:

"پێشنیازم بۆ هاوڕێیان کردووە مەسئوولیەتێکت بدەنێ. باست دەکەن"

فرود شەرمی لەو نەدەکرد، هەرچیەکی لە دڵدا بوو پێی گوت:

"هاوڕێ عالی، من رقم لەم لۆتی گەریانەیە. ئەهلی دەستەبەندیش نیم. پێداگرتن لەسەر شتی شەخسی نیشانەی داڕوخانی حیزبی سیاسیە. خەڵکانی وەکو کازمی لای من نرخی پولێکی قەڵبیان نیە. رقیشم لە قسە زلەکانیەتی، هەرگیزیش متمانەو باوەڕم بە ئیمامزادەش نەبووە. دەبێ بزانی لەمانە زیاتر کێ دەربارەی من قسان دەکات؟ چی دەڵێت؟ چما من بۆ ئەوە هاتوومەتە ناو ئەم حیزبە تا گوێڕایەڵی خەڵکانی وەکو کازمی بکەم؟ نا، هاوڕێ عالی هەڵوێستی من لە دوای دووبەرەکیەکەوە روونە، ئەوەی کە من دۆستایەتیم دەگەڵی هەبوو وهەندێجار لە دوکانی قاوە فرۆشیەکە دەمبینی، ئێستا لە ئینشیقاقچیەکان نیە، ئەو لە من ئاقڵتر بوو وبابی بۆ ئەمریکای نارد".

ئەندازیار عالی گوێی دەگرت، هەندێ لە قسەکانی ئەوی دەسەلماند، رەخنەی لە هەندێکیان هەبوو، نابێ وا تەسەور بکەی کە ئەم هەموو گێنگەشەو مشتومڕو دەستەبەندیانە زادەی خۆوستیو خۆنوێنیو شۆڕەتخوازیە. دوو مشک بخەیتە کونێکەوە هەم یاری دەگەڵ یەکدی دەکەنو هەم هەندێجار شەڕو دەعواشیان دەبێ. مرۆڤ یا نابێ بچێتە ناو هیچ دەستەو کۆمەڵەیەکەوە یا دەبێ مەرجەکانی قەبوڵ بکات.دەبێ گوێ بە زۆر ناهەمواریو نا هەنجاریان نەدرێت. ئاو هەمیشە پۆشوپەلاشو ئاوماڵکەی بە سەرەوەیە،چڕە شەپۆلان بەرەو زبڵدانی رادەماڵێت. ئەوەندەش ناسکونازدار مەبە. لە گوڵ ناسکتر بووی. باشە، یەکێك شتێکی گوتووە، بابیڵێ. ئاخر تۆش دەبێ شتێکت گوتبێ کەوا باست دەکەن.بچۆ بە خۆت قسان دەگەڵ کازمیو یان هەر کەرێکی دیکەدا بکە..."

"بچم بڵێم کە لە ئێستا بەدواوە دەبم بە جماعەتی تۆ.. ئەو خورمایەی کە تۆ دەیخۆی ناوکەکەی لە گیرفانی مندایە".

"من کەی قسەی وام کرد، ئێستا تۆش بۆ چەند رۆژێك لە شوێنێکی دی قاوە بخۆرەوە.."

"تۆ بە چیەوە گرتووتە. بەڕاستی ئەمەم لە تۆ چاوەنۆڕ نەدەکرد...یانی لە ناو حیزبدا جگە لە دوکانی قاوەفرۆشیەکە چ شتێکی دیکە نیە، واهاتووی بەمەوە گیرساویتەوە؟"

"باس باسی دوکانی قاوەفرۆشی نیە، باسی ئینشیقاقە."

"یانی هەر لەبەر ئەوەی مۆسکۆ بە نۆکەری ئیمپرایالیزمی داناون ئیدی نابێ ناویان ببرێ؟"

"هاوڕێ ئەمڕۆ قسەت دەگەڵدا ناکرێ، لە کەری شەیتان نایەیتە خوارێ".

ئەندازیار عالی هەوڵی دەدا هێوری بکاتەوە. بەڵام فرود کاتێ هەرچیەکی دەدڵدا بوو هەڵیڕشت، خودا حافیزی کردو یەکڕاست چوو بۆ سۆراغی نێرگز. لەماڵەوە نەبوو. پتر لە دوو سەعات لەو گەڕەکەی ئەودا پیاسەی کرد. لە ماوەی ئەم دوو سەعاتەدا بە تەواوەتی دەگژ خۆیدا چوو، ئاقیبەت شەکەت بوو، لە پاڵ دیوارەکەی بەرانبەر ماڵەکەی نێرگزدا رۆنیشت. یەکێك لە دراوسێکان کە دەیناسی، بۆ ژوورەکەی خۆیی برد. خوێندکارێکی خەڵکی کرمان بوو. فرود خەوی لێکەوت، کاتێ خەبەری بووەوە سەیری کرد نێرگز نەوازشی دەکات، پێکڤە چوونە هۆدەکەی نێرگز.

"دەتەوێ بنوویت یان چایت بۆ دەم بدەم؟"

"نا، ئەحواڵت چۆنە؟"

"تۆ چۆنی؟ چیتە؟"

چی هەبوو بیڵێ؟ بوغزو گریان ئەوکی گرتبوو. حەزیدەکرد بگری بەڵام فرمێسکی نەدەهات، چ بڵێ؟ چی بەم کیژە داماوە بڵێ؟ چ شەرمەزاریو رەزالەتێکە. هەرە باشەکەیان ئەم ئاغای ئەندازیارەیە کەچی پێم دەڵێ برۆم دەگەڵ کازمی دا دانیشمو حیسابی خۆمی دەگەڵدا پاك بکەمەوە. هیچی تر لە من ڕانابینێ. چی بەم کیژە بڵێم؟ دەپرسێت: چیتە؟ چ وەڵامی بدەمەوە؟ بڵێم کابرایەکی بە نازونوز کە تووتی ئاسا دوو کەلیمە دیالکتیکی ئەزبەر کردووە، هاتووە تەحەکوم بە من دەکات، دەیەوێ بە هەڕەشە لە مەیدان وەدەرم بنێ. لەسەرچی؟ گەرەکیە ببێ بە ئەندامی کۆمیتە.مردەشۆر خۆیوکۆمیتەکەی بباتەوە. چی بەم کیژە بڵێم؟ راست دەکات: ئاخر بۆ ئەوەندە نیگەرانم. بۆ ئەوەندە خۆم دەخۆمەوە، لەبەر ئەمەی مەسئولیەتم نادەنێ. ئەمەش بوو بەکار، ئەمەش بوو بە ژیان؟ یەکێك نیە پێم بڵێ پینەدرو برۆ کفنی خۆت بدرو،برۆ تا چاو هەرزانە بمرە، تۆ دەرەقەتی ئەم روو هەڵماڵراوانە نایەی.

بەو دەقەوە، بەواقی وڕەوە دەیڕوانیە نێرگزوهیچ وەڵامێکی پێ نەبوو.لە تاریکی زیاتر هیچی نەدەبینی، دەیویست هەر رابێو بڕوات، لە پڕ ویستی بڵێ: "ئەم هەموو نا پیاویو نامەردیە لە شتێکەوە کە پیاو دڵی پێ خۆشە. بوونو نەبوونی خۆی بۆ تەرخانکردووە، بەمجۆرە دڵرەقانە دەی رەنجێنن."

لە پڕ ئەم گەواڵە بیرە تاریکانە رەوینەوە، چاوی بە دەموچاوی جوانی نێرگز کەوت. چاوەکانی پرشنگیان دا. کیژێ رەنگی دێناودەبرد، لێوە ناسکەکانی شین بووبوونەوە، زاری داچەقی بوو. لەسەر کورسییەکی پاڵ تەختەخەوەکەی دانیشتبوو. هەستا، دەلەرزی، دەستی فرودی گرت، دەستی سارد بوو، موچوڕکی بە پیاودا دێنا:

"دەشتێ بڵێ. تۆ منت کوشت".

بە توندی بەرسڤی دایەوە: "چ بڵێم؟ ئێوە بە دوو قوڵی خەریکن گیانم دەکێشن".

"کام دوو قوڵی؟ من چ گوناحێکم کردووە؟"

"بریا گوناحێکت کردباو من هەرگیز نەم دەبینیت."

نێرگز رووی وەرگێرا، نەیدەویست زەوقو شەوقی زادەوهەڵقوڵاوی ئەم چەند وشەیە، کە ئاوێنەی ڤیانێکی پەنهان بوو، نیشان بدات: "سەبر بگرە، هەر ئێستا چایەکە پێدەگا".

لە وەتاغەکە وەدەرکەوت، رونذك لە چاوانیا قوڵپی دەدا، رونذكی خۆشیو هیوا. بە دەستەسڕ سڕی تا بەسەر گۆنا جوانە هەڵکفاوەکانیا نەڕژێ، بەدەنی لە ئارەقەدا هەڵکشا.بۆ ساتێك چاوەکانی کەوتنە رێشکەوپێشکە. سەرە گێژێ نەبوو، بەڵام شتێکی لەو بابەتە بوو.ترپە ترپی دڵی کەمتر بووەوە.چەند دەقیقەیەك لەسەر زەوی دانیشت. گوڵاوی لە ڕووی دا. ئارەقەکەی سەر هەنیەی هیشك کردەوە.لە جێ خۆی هەستا.دەتگوت لە خۆشیوشادیدا حاڵی بێ حاڵ بوو.بەرە بەرە نیگەرانیەکەی کەمتر بووەوە. هێور بووەوە. بەڵام خوێندکاری پزیشکی زانی کە هەڵچوونو جۆشی دەروونی بەدەنیشی ئازاردەدات. کەیفخۆش بوو. لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری.

حەزیدەکرد بە ئاسمانا بفڕیٚ، چەپڵەبقوتیٚ. جاڕ بداتو بە هەموو کەسێك بڵیٚ چ ڕووداوێکی گرینگ ڕوویداوە.حەزیٚ دەکاتو حەزی لێدەکەن. لە خۆڕا لە ئوتاقەکەی وەدەرکەوت. هەقی بوو دەنا دەستی لە گەردەن دەکرد، ڕایدەمووسی، نەوازشی دەکرد. ئاوەکە گەرم بوو، پەرەمێزەکە خەریك بوو دەستی بسووتێنیٚ. چای دەم دا، بۆ فرود، بۆ نازدارترین کەس، نامە بۆ حاجیەخانم دەنووسێت. لە هەموو کەس لێوەی نزیکترە. دەبیٚ بزانیٚ. ئەگەر لە خەڵکی ترەوە بژنەویٚ دڵگیر دەبیٚ، زویر دەبیٚ.نابیٚ لەزاری بەدریو مونیرەوە ئەمە بژنەویٚ. سینییەکی نەبوو کە چایو قەنددانەکەو شیرینی لەسەر دابنیٚو پاكو پوختە لەبەردەمیا دایبنیٚ. ئێستاکە ئەو شتەکەی درکاندووە، بۆچی ئەمیش نەیدرکێنیٚ، بۆچی پێی نەڵیٚ کە هەر لە منداڵیەوە حەزی لێی بووە، بە قۆزترین پیاوی دنیای دەزانیٚ، لە هەموو کەسێك جوانتر، هۆشمەندتر، زاناتر، وئازاترە.

گوێی لە دەنگی فرود بوو:

"لە کوێی؟ بۆ نایەی؟"

فرود حەزیدەکرد هەموو داخی دڵی هەڵڕێژیٚو باری ویژدانی سووك بکات بەڵام دوو دڵ بوو. ئایا نێرگز هەستی بە هەموو ئازارەکانی ئەو دەکرد؟ ئەدی بۆچی دەستی خۆی داغ کردبوو.بانگێك تێوەی دەژەند کە لە سیاسەت بێزارە. هەمووی خەتای ئەم بێوەژنە سووكو سەلیمە بوو کە ڕێکخراوی ژنانو هەموو کاروچالاکیەکی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو خست. نا، نا. ئەم ژنە تەنیا ئاسودەییو تەندروستی ئەوی دەویستو لە دەردەکانی دیکە حاڵی نەدەبوو. بێهودە بوو کە ئەوەی لە بەینی ئەو وکازمیو ئەندازیار عالی ڕووی دابوو بۆ نێرگز بگێڕێتەوە.

نێرگز دوو ئیستکان چای هێنا، وەرسوڕاو قاپە شیرینەکەی لەسەر تەپڵەکەکە داناو بەخۆیشی لە عاردیو لە بەردەم فرودا دانیشت.

هێشتا بە تەواوەتی دانەنیشتبوو، فرود گوتی: "چ بۆنێکی خۆش دیٚ. عەترت لە خۆ دا؟"

"تۆزیٚ گوڵاوم لەسەرو چاوم دا، بۆ تۆشی بێنم؟"

"کە لە خۆتت داوە بەسە، منیش مەستوشاد دەکات"

"چیە؟ خێرە کە ئەوەندە میرەبان بووی؟ تا ئێستا ئەم ڕووەتم نەدی بوو."

فرود بێدەنگ بوو.

بەڕاست چی ڕوویدا بوو کە بەو ڕادەیە مەیلی میهرەبانی پەیدا کردبوو. ئایا قسەی کابرایەکی میناکی کازمی ئەوەندەی کارتێکردبوو کە دەستەودامێنی کیژێکی وەکو نێرگز ببیٚ. نە، ئەمە نەبوو. کارەکە لە جێیەکی ترەوە لەنگ بوو.دڵبەندیو ئەشقی نێرگز بوو، کازمیوکازمی ئاساکان بوڕی پێنادەن. لەمەش بترازیٚ چەند خۆشە پیاو لە ڕۆژانی ماندویەتیو تەنگانەدا کەسێکی هەبیٚو بتوانیٚ پەنای بۆ بەریٚ. ئەگەر نێرگز نەبووایە لە کام دەرگای دەداو بوخچەی دڵی بۆ کیٚ دەکردەوە؟ ترسودەردو ئازارو زام هاوڕێی هەمیشەیی ئادەمزان، دەبیٚ جڵەوبکرێن. دەبیٚ مل بۆ بنیادەم بدەن نەك بە پێچەوانەوە. نابیٚ ملکەچو گوێڕایەڵی ئەوانە بی. دەبیٚ سوارچاکی لەم تازە کورانەی کە بە مەبەستی یەکە تازی هاتوونەتە مەیدان وەربگیرێتەوە. خەیاڵات وەکو بروسکە بە

مێشكیدا تێدەپەڕین. ئەوەی دەمایەوە بزەی پڕ نازی نێرگز بوو. قەندی بۆ لە كووپەكە كرد، بە مراك چایەكەی بۆ شێوان:

"جارێ چایەكەت وەخۆ، دوایی بڵێ بزانم چ بووە؟ دەیانەوێ بتگرن؟"

"نە."

"ئەگەر بتەوێ خۆت وەشێری، شوێنم هەیە. دەتوانم بتشارمەوە".

ئەم لە خۆ بوردنە فرودی ڕاچڵەكاند. باوەڕی نەدەكرد. كچێك وێڕای ئەوەی بابی چالاكوانێكی هەرە جدی بواری كاری كۆمەڵایەتی بوو، ئەوەندە خۆی لە سیاسەت دووردەگرت. ئێستا هاتبووە ڕەداو لەبەر خاتری ڤیانی خۆی ئامادەبوو دەست بداتە كاری سیاسی.یەكسەر دڵی خۆی هەڵڕشت و هەر هەموو ئەو گرفتانەی كە لەم چەند مانگەی دواییدا، لە ڕۆژی داگرتنی تابلۆی یانەكەوە بۆی هاتبوونە پێشێ، بە وردی بۆ گێڕایەوە. نێرگز كە ناوی كازمی ژنەفت گوتی:

"ئەمە هەمان ئەو خوێڕیە پیاوە نیە كە ژنی دۆستەگیانی بە گیانیەكەی خۆی بەسێ منداڵەوە تەفرە داوەو لە ڕێی دەركردووە؟

"تۆ چوزانی؟"

"كەس هەیە نەزانێ خواجە حافز شیرازیە"

كە فرود دڵی خاڵی كرد هەناسەیەكی ڕەحەتی هەڵكێشا، ئاهێك بوو ئاگرێكی كوژاندەوە. دەتگوت بارێكی قورسیان لەسەر شانی لابردووە. وەكو ماندوویەتیەك كە پاش ڕێكردنێكی زۆر لە چوار پەلی ئینسان بدات وبەرە بەرە لە گیان دەربچێ، بەو ئاوایە بوژایەوە. دەستی نێرگزی گرت و نەوازشی كرد. چایەكەی ڤەخواردو هەستایە سەر پێیان. نێرگز دەرفەتی هێنا، ئەو پرسیارەی دەمێ ساڵ بوو لە دەروونیا گینگڵی دەداو زاتی نەدەكرد دەری بڕێ، لە فرودی كرد:

"بۆ دەست لەم كارە هەڵناگری؟"

"ناتوانم. ناتوانم دەست لەم كارە هەڵگرم، هەروەها لە تۆش"

نێرگز چاوەكانی نوقاند، لێوی گەست ودەیویست لەوێندەر ڕابێ و بڕوا كە فرود دەستی گرت، لێوەكانی بردو بە ئاستەم هەنیەی ماچ كردوگوتی:

"من ناتوانم. شایەت تۆ بتوانی خۆت لە دەستی من ڕزگار بكەی."

"نا، بە دەستی من نیە، داوای ئەمە لە من مەكە، بڕۆ، لەم مەملەكەتە هەڵێ، بڕەڤە كە ئەوانی دی تۆیان بەجێ هێشت و قوچانیان چ بوو؟ تۆی تەنیا باڵ چت پێدەكرێ؟ بڕوانە، زەبیح كە چوو بۆ ئەمریكا بووە بە چ پیاوێك. كێ لە هاوشارییەكانت ماوەتەوە. باسی كەلهوڕو فەیروزم بۆ مەكە...."

نێرگز گوڕی بەستبووەوە، یەكبینە قسەی دەكرد، هەرچیەكی لە دڵدا بوو گوتی: سەیر ئەمە بوو كە فرود تەحەمولی قسەكانی نێرگزی دەكرد. گوێی دەگرت و هەندێجار هەقی بەو دەدا. چما دۆستایەتی هەر دەبێ یەك سەرە بێ. ئەو فەرمان بدات و نێرگز گوێ بگرێت. نێرگز خەریك بوو وەكو پیرایە خانم دەستووری دەدا.

ئەم دیدارە ئەگەرچی ورەی فرودی بەرزکردەوە بەڵام گرێی کارە گرێ خواردووەکەی نەکردەوە. دیسان بڕیاریان دا وەکو جاران هەردوو هەفتە چەلێك، بگرە هەفتەی چەلێك یەکدی بدینن و فرود بەڵێنی دا کە نێرگز لە ڕەوتی کارە کۆمەڵایەتیەکانی ئاگاداربکات.

## (١٠)

لـه دوای دووبەرەكییەكـەوە فـرود ئیـدی چالاكی گـەرموگوڕی نـەما. لـە سـاڵی ١٣٢٦ (١٩٤٧)وە زیاتر سەرگەرمی دەرسەكانی بوو. بەڕێكوپێكی دەوامی زانكۆی دەكرد، خۆی بۆ تاقیكردنەوەی كۆتـایی ئامـادە دەكـرد، ئەمەشـی بـە ئـەركێكی حیزبـی دەزانـی. كـەجوەری كـە سەرپەرشـتی كاروباری خوێندكارانی دەكرد بەناوی ئەندازیار عالییەوە پێی راگەیاند بوو زوو زانكۆكەی تەواو بكات. حیزب لـە دادگـادا پێویستییەكی فرەی بـە قـازیو تـەحقیقكار هەیـە. ئـەو دەمـە زیـاتر لـە چاپەمەنیو لـە رێكخراوەكـانی حیزبـدا كـاری دەكـرد. لـە دوای دوو بەرەكیەكـە هەنـدێجار وەكـو پەیكو تەتەر سوودیان لێوەردەگرت. فلان رۆژنامە یان فیسار بەیاننامە بگەیەنە فلان شار. پاش سـەركەوتكردنی ئەنجومـەنی سـەندیكاكان لـە زسـتاندا دژمنایـەتی دامودەزگـای دەوڵـەتی دەگـەڵ چەپەكاندا ئاشكراتر بوو.كۆنەپەرستیەت لە هـەموو شـوێنێكەوە لـە هێرشـدا بـوو. لـە فلان شـاردا ناكۆكی كەوتووەتە بەینی ئەندامانی كۆمیتەی شارەوە، دەبێ كەسێكی فامیدە بكەوێتە بەینـەوەو هەق بە هەقدار بدات، لە شارێكی دیكەدا چەند كەسێكیان لـە حیزبیـە گـەورەكان گرتـووەو دەبـێ وەكیلـی داكۆكیـان بۆ بگیرێو كار بۆ ئازادكردنیـان بكـرێ. لـە كارخانەیـەكی مازنـدەران، خـاوەن كارخانەكـە بـەفیتی سـتاندار گوشـار دەخاتـە سـەر كرێكارەكـانو چـەند كەسـێكی لـە كرێكـارانی ئەنجوومەن لە كار دەكردووە، دەبێ فریایان بكەوینو یارمـەتیان بدەین. هـەموو حیزبـەكان دەبـێ بێ چەندوچوون ئەم جۆرە ماموریەتانە قەبوڵ بكەن. یەكێك لەوانە فرود بـوو. هێشـتاش مـدارایان دەكرد چونكە دەرچوونی لە تاقیكردنەوەكانی كۆلیژی ماف بە ئەركێكی حیزبی دەژمێردرا.

فرود ماوەیەك پێناوی بەینی رێكخستنی گشتیو شارە جۆراو جۆرەكان بوو. هـەركاتێ لـە تـاران بوایـە بەشـداری كـۆڕو وانـە حیزبیەكانیشـی دەكـرد،بـەڵام ئـەم بـەناو فێركارومامۆسـتایانە ئـەویان رازی نەدەكرد. هەندێكیانی هەر لە بنی قەبوڵ نەبوو، تینوویەتی ئەویان نەدەشكاند. هەركەسێك بیویستایە بە پەیـژەی حیزبـدا سـەربكەوێ، دەبـووە فێركـار، ناوهێنانیـان بـە چ دەچـێ. زۆربـەیان پاشانو یان لە هەندەران لە حیزب دەرچوون.

جـارێكی دی حـەزی خوێندنـەوەو موتـاڵا بەسـەر فـرودا زاڵ بـوو. بەرهـەمی ئـەدەبی نـوێی، چ فارسیو چ وەرگێڕدراو لـە زمـانی بێگانـەوە، بـە قووتـدان قـووت دەدا. پەرۆشـی فێربـوونی زیـاتر بوو. پاش قەیرانی حیزب، هەیئەتی تەنفیزی تازەش هیچ سـەركەوتنێكی بـە دەسـت نـەهێنا، لـەم لاو لـەولا دەنگـی نـارەزایی بـەرزبووەوە. ئەوانـەی كـە هیچیـان پـێ نـەبڕابوو كەوتنـە جـمو جـۆڵ. بیانوویان دەگرت. لە رۆژنامە حیزبیەكانیشدا بە گۆشەوكینایە ئیرادیان لە كاری رابـەرانی حیـزب دەگرت. كۆمەڵە رۆشنبیرێك لـە دەوری یـەك خڕبوونـەوەو نـاوی خۆیـان نـا پێشـەنگان. ناوەكانیـان گـرینگ نیـە. شـتاقیان لـە حیزبـدا نـەمان. زۆربـەی ئەمانـە بـۆ نـانو ئاوێـك هـاتبوون. یـەكێكیان گوتەنی: كەس نازانێ هێز بەكام لادا دەڕوات، هەندێجار لەوەیە لەبن دەستمانەوە دەرپەڕێو پێی نـەزانین. گـرینگترین ئـەوزاری سـەركەوتن بـە پەیـژەی پێشـكەوتندا، لـە نـاو حیزبـا توانـای سوخەنڕانی بوو. هەركەسێك بیتوانیبا رونتر مەبەستو مەرامی خۆی دەربڕێ، ئاسانتر دەیتوانی

بەشێك لە هێزو دەسەڵات بۆ خۆی بپچڕێ.جاران لە زەمانی سەرەتاکانی دامەزراندنی حیزبدا، پێشینەی خەڵکی لە زیندان وتاراوگە، دلێری و دلاوەری لە خەباتدا دژی کارگوزارانی زوڵم و گەندەڵی، سەرمایەی پێشکەوتن بوو.ئەو دەوروزەمانە بەسەر چووبوو. ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵدا باو بوو، کەین و بەین بوو دەگەڵ مەڵبەندەکانی زۆروزێڕدا، دوو زمانی وفیتنەچیاتی و درۆ دەلەسان خەریك بوو درزەی دەکردە ناو حیزبەوە. ئەو کەسانەی کە بە زمانی لوس و فیشاڵ و جۆش وخرۆش و دڵسۆزی و فیداکاری رواڵەتی کاریان لە خەڵکانی سادە دەکرد. دەیانتوانی تەنانەت سەنگ و ئیحتوباری خەڵکە کارامەو ئەزموندارەکانی دوێنێش پوچەڵ بکەنەوەو بیسڕنەوە، وهیچ کەسێك نەیدەپرسی کە لە ژێر پەردەی ئەو وشە درەوشاوەو دڵگیرانەوە چ مەبەست ومەرامێك پەنهانە. زۆربەی ئەمانە کاتێ کە دەستیان دەکەوتە روو بۆی دەردەچوون و هەر ئاوڕێکی پاشەوەیانیش نەدەدایەوە. پاشان هەر هەموو ئەمانە لە بەرەی کۆنەپەرستیەتدا بە ئاوات ومەرامی خۆیان گەییشتن: یەکێك لە ئینگلتەرادا بوو بە مامۆستای زانکۆ، یەکێك بوو بە بەڕێوەبەری گشتی بانق، یەکێکی دی بوو بە یاریدەدەری وەزیرو ئەوانی دیش هەریەکەو بەدزی و فزیەك گەییشتن.

لە کۆمیتەدا باس هاتە سەر بایەخەخی مارکسیستی (دەبێ چ بکرێ؟). فرود هەمدیس دەنگی لێ هەڵبڕی. تاقەتی لە چاوڕاو چووبوو.خودی ئەم پرسیارەی بەلاوە چاوڕاو وچەنەبازی بوو. دەستی هەڵبڕی و گوتی بێهودەیە. ئەسڵەن ئەم پێشەنگ و پێشڕەوە چیە. هەر ئەم هەیئەتی تەنفیزیە خۆی لە خۆیدا کارێکی گەوجانەیە، ئەم بەیاننامەیەی ئەوان کە هەمووی پاڕانەوەیە، ببورن... خواردنە، داوای بەخشینە. ئێمە نەمانزانی، گوناحمان کرد، راستە کە کۆمیتەی ناوەندی کاری قوڕی زۆر کردووە، بەڵام ئەمە زوڕنا ژەندنی نەگەرەکە. وادەزانن کە کاتێ گوتتان... مان خوارد، ئیدی کۆنەپەرستیەت لە گوناهانتان خۆش دەبێ؟ کودەتایان کردووە. هەقی ئەوەیان نەبوو هەیئەتێکی تەنفیزی تازە بێننە سەرکار. تەنیا حیزب، حیزب ئەم هەقەی هەیە ئەویش بە گوێرەی پەیڕەووپڕۆگرام. ئێستا ئەم ئاغایانە هاتوون بەم نامیلکەیە لاوازیەکانی خۆیان وەشێرن. بەم نامیلکەیە گەرەکیانە ئەو دوو سێ کەسەی غەیرەز خۆیان کە لە هەیئەتی تەنفیزیەکەدا ماونەتەوە وەدەربنەن و خۆیان بچنە شوێنیان. ناوی مارکسیستی–شی لێ دەنەن. لە پۆلی دەرسیشدا کەوتە گیانیان. دەرسەکە دەربارەی ئابوری بوو، گوێگرانیان فێری کەچە خوێنەواری ناو حوجران و ئەو شتانە دەکرد. نەزانی و گێلی و نەزانینکاری خەریك بوو بەسەر هەموو کاروبارەکاندا زاڵ دەبوو.

فرود رۆژێك لە جادەدا تووشی ئیبراهیم بوو،دکتۆرای دەرچووی ئینگلستان بوو.ویستی زمانی تاقی بکاتەوەو قسەی لێ دەربێنێ:"گریمان کە ئەویش یەکێکە لە دەستەی پێشەنگان، چ بکات باشە؟".

چەند رۆژێك بوو کە بەستنی دووەمین کۆنگرەی حیزب بەڕێوەبوو.دەیانویست ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە قازانجی ناڕازییەکان زیادبکەن. قەراربوو کە سەردەستەی گروپبەندیەکان چەند کورسییەك وەربگرن. خەڵکانی میناکی کەجوەری و کازمی دانی خۆیان تیژ کردبوو.

چالاکوانانی پێشەنگانیش بە تەمابوون خەڵکانی خۆیان بخزێننە ناو هەیئەتی تەنفیزییەوە.
سین و جیمی فرود دەگەڵ دکتۆری ئابوریدا لەم بوارەدا بوو.
"کۆمیتەی ناوەندی پێویستە لە پێشەنگان دروست ببێ".
"یانی لە تۆو دۆستەکانت"
"بە گاڵەی دەم ناتوانی لە مەیدان دەرم بکەی. یانی پێت وایە من لە کەبیری خراترم کە عەینەکی رەش لە چاو دەکات تا خۆی وەشێری؟"
"بە خۆڕایی هێرش مەکە سەر خەڵکی پڕباوەڕ. هەمان ئەو کەسەی کە زات ناکەی نێوی بێنی دەدانە ساڵ لە زنداندا شەق و تێهەڵدانی خواردووەو هەرگیز لە بەردەم ئاژان و پۆلیس و قوزاقاندا سەری شۆڕنەکردووە. پێم بڵێ تۆ چەند رۆژ بەرگەی ژیانێکی وەها دەگری. رەنگە کەبیری بە ئەندازەی تۆی نەخوێندبێ، بەڵام کێ دەڵێ باوەڕی لە تۆ مکوم تر نیە. ئێستا باواز لە مانە بێنین، بڵێ بزانم تۆ چ کەسانێکت پێ پەسندە؟
"تورج خان کە تۆ لە من باشتری دەناسیت، ئەگەر لە فەڕەنسا بمایەو خەریکی پۆکەربازی خۆی بایە باشتر بوو، کەجوەری و کازمی لە خۆمانن. ئەویان با بڕوا دووی شانۆو کاری شانۆیی خۆی بکەوێ، ئەوانی دی پێویستە هێدی هێدی کەناربخرێن".
"ئەوجا هێدی هێدی پێشەنگان بێنە سەرکار".
خۆشبەختانە کارەکە نەکەوتە دەستی ئەو حەزرەتانە. کجوری وکازمی لەوە زیرەکتر بوون کە تازە بە دەورانڕەسان لە پێش خۆیانەوە دابنەن.

# (١١)

ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو تا ڕووداوەکانی بەهمەنی(٢١/١-٢/١٩) ١٣٢٧ (١٩٤٨) هاتە ئاراوە. یەکێك تەقەی لە شا کردو کەپوی ڕوشاندو گوتیان کابرای تەقەکەر ئەندامی حیزب بووەو ئێستاو ئەوسا مەعلوم نەبوو، بەلای کەمەوە بۆ خەڵکانی وەك فرود بەدیارنەکەوت کە ئاخۆ حیزب یان لقێکی حیزبو یان کەسێکی حیزبی لەم ڕووداوەدا کە بووە مایەی قەدەغەکردنو هەڵوەشانەوەی فەرمی حیزب لەلایەن دەوڵەتەوە، هەبووە یان دووراو دوور بەشدارییان تێدا کردووە.دەوڵەت بە بیانووی هەوڵی کوشتنی شا، بەیاننامەیەکی پەسندکردو نا قانونیەتی حیزبی ڕاگەیاند.گرتنو ڕەشبگیر دەستی پێکرد. حەوت سەرکردەو سەدان ئەندامی حیزب دەستگیرکرانو دوای ماوەیەك دادگاییان دەستی پێکرد.

حیزب لە ژێر پەردەی "کۆمەڵەی خەبات دژی ئیمپریالیزم" سەری لە قاوغو پەنهانکاری خۆی هێنایە دەرێ. مەسەلەی سەرەکی ئەم قۆناغە خەباتی خەڵکی ئێران بوو بە ڕابەرایەتی دکتۆر موسەدەق لە ڕای خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزو ئێران. فرود لەبەر خۆوە بیری دەکردەوە، لەلایەکەوە نوێنەریان لە پەرلەماندا بە فەرمیو بە ئاشکرا دژایەتی هەرجۆرە ئیمتیازێك دەکات کە بە دەوڵەتانی بێگانە بدرێت، ودڵنیایە کە بە کۆمەکی خەڵکیو سەرمایەی خۆماڵی دەتوانرێت هەموو بەرژەوەندیەکانی سامانی وڵات دەربهێنرێ،کەچی ئێستا دەنگی خەڵك بەرز بووەتەوەو بە ڕابەرایەتی دکتۆر موسەدەق خۆماڵیکردنی سەنعەتی نەوتیان دەوێت، ئاغایانیش کەوتوونەتە بڕوبیانوی پوچ. پیاو نازانێ بە کام سازیان هەڵپەڕێ.

حیزب دووچاری دوودڵیەکی سەیر بووبوو، متمانەی بە موسەدەق نەبوو.ئەوی وەکو هەموو پیاوانی دەوڵەت بەداردەستی ئیمپریالیزمو پارێزەری کۆمپانیا گەورەکانی نەوت دەزانی. خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی قەبوڵ بوو بەڵام نەك بە دەستی موسەدەقو "بەرەی نیشتمانی" کە هەموویانی بە دەسەندەخۆری ئیمپریالیزم دەژمارد. ئەم دوودڵیو سەر لێشێوانە ژمارەیەکی زۆری لە حیزبیەکان ناڕەحەت دەکرد. لەم وەزعوحاڵە هەستیارەدا دەبووایە خەڵکانێکی لێزانو کارامە، زانا، بە ورەو نەترس جڵەوی کاروبارەکان بگرنە دەست، کەچی سەرێکی بچووك بە هەیکەلی گەورەی حیزبەوە چەسپی بوو کە بووبوو بە بەردونەیدەوێرا تاقە هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵێنێ نەبا زاراوەی "تودە- نەوتی" بە باڵادا بڕێ، غافڵ بوو لەمەی کە دژایەتی کردنی هەنگاوەکانی موسەدەقو "بەرەی نیشتمانی" بە پێچەوانەوە، لایەنگرانی خۆماڵیکردنی نەوتی وادارەکرد کە ئەو تۆمەتیان بدەنە پاڵ".

ئەوو چەند کەسێك لە دۆستانو هاوشاریەکانی میناکی کەلهوڕو برزۆو شارنشینو زۆری تر کە ئەم شل کردنو توندکردنەی سەرانیان پێ قەبوڵ نەبوو، نامەیان دەنووسی، ئیعترازیان دەگرت،و داوای ڕونکردنەوەی خۆپیشاندانە لێکدا لێکداکانی حیزبیان دەکرد کە بە زۆری دژی موسەدەقو "بەرەی نیشتمانی" دەشکایەوە، بەڵام ئەوانەی سەرێ(سەرکردایەتی) باکیان بەم قسانە نەبوو، گوێیان نەدەگرت، و شیوەنیان بۆ هەریسەکە بوو.دژی دکتۆر مەسەدەقو بەرەی نیشتمانی

خۆپیشاندانیان دەکردو داوایان دەکرد کە ئیمتیازی نەوت بدرێ بە سۆڤیەت. ئەلهەق پیاو هەقی بوو لە خۆی بپرسێت: کێ ئەم دەورەی لە سەرکردایەتی حیزبدا دەگێڕا.
دوو سێ مانگێك بەر لە رووداوەکەی بەهمەن، سەرکردایەتی حیزب خۆی بۆ خەباتی نهێنی ئامادە دەکرد. قەراربوو شانەی نهێنی دابمەزرێ، رۆژێك یەکێك لە دۆستەکانی فرود پێی راگەیاند کە پێویستە بەسەرپەرشتی کەسێك کە پاشان هەر لەو رۆژانەدا دەسگیریان کرد، لە شانەیەکی سێ کەسیدا بەشداری بکات. زەبت‌ورەبت‌و زاکونی شانەکان شێوابوو وبەم ئاسانیە نەدەهاتەوە تایم وڕێك نەدەخرانەوە. ئەو ڕابەرانەی کە مابوونەوە دەستە دەستە دەڕەڤین. نا، ئەم وەسفە دروست نیە،چەند کەسێك لەوانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر بوو،بەگوێرەی پلان‌و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی دەبوایە لە ئێران وەدەرکەون. بەبۆچوونی فرود ئەمە بڕیارێکی نا دروست بوو. ترس یان مەسڵەحەت وای دەخواست؟ بە هەر حاڵ کارەکان کەوتنە دەستی یەك دوو کەسی بودەڵەو بێباشارو دوو سێ کەسی دڵسۆزو لە خۆبردوو وچەند نەفەرێك کە پاشان کەوتنە هاوکاری دەگەڵ دامودەزگا دەوڵەتیەکان‌و جاسوسی ئەوان بوون‌و خەڵکانی شایستەیان بە دەمەوە دەدا. لە رێکخراوە تازەکەدا تەنیا خەڵکانی لە خۆبردوو جێی باوەڕبوون‌و دەکرا بە چالاکوان‌و دڵسۆزی حیزب بێنە ژماردن.ئێستا ئیدی هەر ئەندامێکی حیزب وەکو سەربازێك بوو کە دبوایە بەوپەڕی نهێنی‌و بێ چەندوچوون دەستوورو فرمانە حیزبیەکان جێبەجێبکات. دژواری‌و ترسناکی‌و شلۆقی بارودۆخەکە ئەو زەبت‌ورەبت‌و زاکونیەی دەویست. تەقەکردن لە سەرۆك وەزیرانی وەخت‌و کوشتنی سەلماندی کە ئەم دژواریانە گەییوەتە قۆناغێکی توند.ئەم پیاوە کە سوپاسالارێکی زیرەك‌وکارامەو لێزان بوو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کێشەی نەوت بە جۆرێ چارەسەربکات کە هەم بەرژەوەندی دەوڵەتی ئینگلیز بپارێزێ‌و هەم بەشێکی پتر بەر ئێران بکەوێ.
مانگرتنی کرێکاران لە بەندەری مەعشورو ئابادانیش لە مانگەکانی هەوەڵی ساڵی ١٣٣٠ (١٩٥١)و رەزامەندی پەرلەمان لەسەر سەرۆك وەزیریی موسەدەقیش نەبووە دەرسێك بۆ سەرکردایەتی. ئەوانە سواری کەری خۆیان بووبوون‌و بە کوێرە رێدا تاویان دەدا.
فرود ئێستا زانکۆی تەواوکردبوو ودەیتوانی لە دادگادا پۆستێکی ئابڕومەندانە بۆ خۆی پەیدا بکات، بەڵام بە خۆی چاك دەیزانی ئەوومێزی فەرمانبەریان نەوتووە. حەزی لە هەڵپەهەڵپ‌و ڕاکەڕاك بوو.لە خەتەروسەریەشان دەگەڕا.جا ئێستا کە خەتەروسەریەشە بە ئاسمانا دەسوڕایەوەو لە هەر پەناو پاسارێکدا بۆ چالاکوانان لە بۆسەدا بوو، دەیوست بکەوێتە کاری نهێنی‌و ئەرك‌و راسپاردەی حیزبی ئەنجام بدات.
کارێکی عەنتیکەیان پێ سپارد، دەبێ لە شارێکی دەڤەری مازندەران دا، دەبێ لە رۆژی یەکی ئایاردا بەیاننامەی ئەنجومەنی یەکگرتوو بڵاوبێتەوە. ئەم خۆنواندنە رەونەقێکی تایبەتی بە جەژنەکە دەدا. کارتۆنێکی گەورەی شیرینی کڕی‌و بەیاننامەکانی خستە ژێری. کارتۆنێك نوقڵی نەباتیشی خستە سەری. بە پەتێکی گەورە هەرتك کارتۆنەکەی پێکڤە بەست بوو. لە رێگەدا هەرسا نا ساتێ سەری کارتۆنەکەی دەکردەوەو دەنکێ نەباتی دەزاری داویشت. لە رێگەی

ڕەشتەوە بەرەو مازندەران ڕۆیی. موفەتیشان لە هەموو شوێنێ هەر لە تاقیبی تلیاکی قاچاغدا بوون. شار بە شار خەڵکەکەیان دەپشکنی.سەری کارتۆنانیان دەکردەوە، قەراربوو لە بابل دا بەیاننامەکان بدرێت بە دەرمانخانەیەك. لەوێ دوو دەرمانخانە بەیەك ناوەوە هەبوون. هەندێ لە پەیکەکان لە بەینی ئەم دوو دەرمانخانەیەدا سەریان لێ تێکدەچوو. بە هەڵە دەچوونە لای ئەوەیان کە هەو نەبوو. ئەوەبوو کاتێ فرود ناونیشانی نهێنی خۆی بۆ هەڵدا،دەرمانسازەکە وەلامی دایەوە: من نیم، ئەوی ترە!

فرود یەکسەر بۆی دەرکەوت کە کاری نهێنی دەگەڵ مجێزی ئەودا تێکناکاتەوە. بۆیە لە کاری نهێنی کشایەوەو چونکە زانکۆی تەواوکردبوو سەربازی دەیگرتەوە،وبە جلی سەربازییەوە بە پایەی ئەفسەرە وەزیفە کاری حیزبی دەکرد.لە دەرێی تاراندا خەڵکی ڕێك دەخست، ورەی بەرز دەکردنەوەو هیواو ئومێدی دەدانێ. حیزب هێشتا زندووە. ورەی خەڵکانی دوودڵی بەرز دەکردەوە. جلکی مەدەنی لەبەر دەکردو پەیڤداری کۆمیتەیەکی دەئەستۆ دەگرت.ڕۆژنامەکان پڕ بووبوون لە نەفرەتنامە. فرود تا ئەوەندەی لە توانادا بوو پێشگیری لە ناردنی ئەم نەفرەت نامەو جوێننامانەی بە سەرانی حیزب ،دەکرد. یان لە توندوتیژیانی کەم دەکردەوە.

لەم ساڵەدا شکستی حیزب بە هەندێ سەرکەوتنان لە بواری چاپەمەنیاندا وەکو ڕۆژنامانی نهێنی و هەڵاتنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە زیندان، قەرەبووکرایەوە.

فرود لە مەسەلەی نەوت وحکومەتی موسەدەقدا شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبوو. نەیدەتوانی قەناعەت بە خۆی بکات. نەیدەزانی چ بەرسڤێکی خەڵکی بداتەوە. لە ئەنجامدا هەمان پەرلەمان کە پڕبوو لە دەستنێژانی ئیمپریالیزم، قانونی دەست کێشانەوەی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی پەسند کردو قانوونەکە بە ڕەزامەندی کابینەی دەوڵەت و کۆمیسیۆنی نەوت خەریك بوو جێبەجێ دەکرا. ئیدی لە هەموو لایەکەوە بوو بە مقۆمقۆ کە ئەمە گەمەیە، کاکەو برالەی خۆیانە، ئەم کابینەیە جێی باوەڕ نیە.

فرود نامەیەکی لە بابیەوە پێ گەیی، نووسەری ئەم حیکایەتە ئەو نامەیەی دیتووە:

".... لەو نامانەوە کە کیژەکەی ئاغا بۆ جەنابی ئاغای پایەداری دەنووسێت، واتێدەگەم کە بە زۆری لە سەفەردای، ئیشەڵلا زەرەر بە خوێندنەکەت ناگەیەنێ. ئەدی بۆ جارجارێ سەری دایکت نادەی. هیچ ئاگات لەوە؟ شەوو ڕۆژ لە خەمی تۆدایە، نازانی بە چ تاسەیەکەوە نامەکانی کیژی ئاغا دەخوێنێتەوە، بەو ئومێدەی کە لە حاڵو ئەحواڵی تۆ ئاگادار بێ... وەزع و حاڵ ئیشەڵلا روو لە باشیە، ئەگەر مونافقین دەستبەرداری فەندەڵ فێڵان بن. هەڵبەتە نابێ ئەوە لە بیربکرێ کە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بەم ئاسانیە دەست لە بەرژەوەندیانی خۆی هەڵناگرێ. دەڵێن "تودە- نەوتی" تەگەرە دەخاتە کاری موسەدەقەوە، دڵنیام کە تۆ یەك لەوان نیت.. جەنابی ئاغای پایەدار هەمیشە ئەحواڵپرستە. لە ناخی دڵەوە دڵگرانە کە تۆ نامەی بۆ نانێری. خێرە، چ بووە؟ دەیفەرموو کە پێوەیە واز لە "بەرەی ئازادی" بێنێ، چونکە چیتر ئامانجەکانی ئەم بەرەیە دەگەڵ مەبەست و مەرامەکانی ئەو تێکناکاتەوە، ئێمە هەمووومان پێمان ناخۆشە.."

ئەمە یەکەمجار بوو بابی لە ژێر پەردەوە تۆمەتی کارشکێنی لە مەسەلەیەکی نیشتمانیدا دەدایە پاڵی. کاغەزەکەی لە ڕێگەی نێرگزەوە پێ گەیی بوو. خۆشبەختانە نێرگز پەی بەم ئاماژەیە نەبردبوو.فرود زۆری لە دڵ گران بوو. ئەوەندەی لا ناخۆش بوو کە لە بڕیارەکەی خۆی کە قەرار بوو چەند ساتێك دەگەڵ نێرگزدا بەسەر بەرێ، ژێوان بووەوەو زوو ڕۆیی.

تا سەرەتاکانی ساڵی ۱۳۳۰(۱۹۵۱) ئەفسەر وەزیفە بوو.هەرکە مەرەخەس بوو لە ڕێگەی کەلهوڕەوە،کە هێشتا پەیوەندییەکی پچڕی پچڕی دەگەڵ حیزبدا هەبوو،جوابی نارد کە ئامادەی کارکردنە،خۆی خستە خزمەتی حیزبەوە.

قۆناغێکی تازەی ژیانی حیزبی دەستی پێکرد.پەیوەندییان دەگەڵدا گرت. سوودیان لە ئەزموونی ئەو وەکو پەیكوەمەیلو ئارەزووی لە ڕادەبەدەری سەفەری شاران. وەرگرت. نێرگز لەلایەکەوە، ڕەنگە لە ڕێگەی فەیروزەوە بووبێ،بەم بڕیارەی زانی.ئێستا وەکو جاران بە ڕێكوپێکی یەکتریان نەدەبینی.سەفەری بۆ دەرێی تاران ڕێگەی دیداری بەردەوامو ڕێكوپێکی نەدەدان.

مونیرەوبەدری بە قەستی دیدەنی برایەکەیان بۆ تاران هاتبوون.چونکە نەیاندۆزییەوە چوونە لای نێرگزو نێرگز توانی فرود بدۆزێتەوە. ڕۆژێکی هەینی بوو، بە سێ قۆڵی خۆشیان پێکڤە گوزەراند. ئەو هاوکاریە کەمەی کە حیزب بە چالاکوانانی دەدا بەشی ئاهەنگودەعوەتکاری نەدەکرد.هەر چواریان میوانی جووتە خۆشك بوون. ئێستا هەردووکیان بوو بوون بە فێرکار، مووچەیان وەردەگرتو دەیانتوانی سەفەری تاران بکەن. ئارەزوو مەیلی سەفەر لە بابەوە بۆ کچەکان سیرایەتی کردبوو.مونیرە خشکۆك بوو،خۆی ناسی بوو وسەری لە دڵداری دەخوراو هەندێ شتی لە خۆستیەکانی خۆی دەگێڕایەوەو بە کوڵ پێدەکەنی. بەڵام بەدری لە بیرێکی دیکەدا بوو.دەیویست بزانێ برایەکەی لە تاراندا چ دەکات.خۆ ئێستا حیزب لە ئارادا نیە بە چ کارێکەوە مژولە.کونجکاوی دەکرد. حەری لە باسی مەسەلەی نەوت بوو، بە کلیلی هەموو کێشەکانی ئێرانی دەزانی، پرسیاری لە برایەکەی دەکرد. ڕای ئەوو حیزبی هەڵوەشاوە دەربارەی خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوت چیە؟ ئایا جێبەجێ دەکرێ؟ ئایا بیستوویەتی کە خەڵکی بازاڕ دەربارەی سیاسەتی حیزب دەرهەق بە نەوتوموسەدەق چ دەڵێن؟

فرود چاوی ئەبڵەق بوو بوون. زەق زەق دەیڕوانیە ئەوو هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو.

نێرگز بە واقیوڕەوە دەیڕوانیە بەدریوچاوەڕوانی بەرسڤی فرود بوو. منیرە هەر پێدەکەنی:

"کاکۆ، بۆ وەڵام نادەیەوە؟ باش لێی هەڵپێچاوی. پێی وایە تۆش حاجی ئاغایتو ئاگات لە مەحموودی بێ زەواد نیە".

بایەخدانی نائاسایی بەدری بەپرسێن سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ فرود شتێکی تازە بوو. پرسی نەوتو بزووتنەوەی نیشتمانی بە ڕێبەرایەتی دکتۆر موسەدەق خەریك بوو لە ناخی کۆمەڵگەی ئێراندا ڕیشە دابکوتێ. بۆیە هیچ مایەی سەرسامی نەبوو کە پیاوانی کەناری هەڵدێری سیاسەت، خەڵکانێکی وەکو حاجی ئاغاو ئیمام جومعە سەرکەوتنی موسەدەقیان دەویست، بەڵام کونجکاوی کیژێکی وەکو بەدری مایەی سەرسامی بوو.پرسیارەکانی بەدری نیشانەی کاریگەریی دەرێی ژینگەی خانەوادەیان لە خۆ گرتبوو.لەم چەند قسەیەی مونیرەوە دیاربوو کە

ئەم جووتە خوشکە بە دوو سێ ساڵ جیاوازی تەمەنەوە بە دوو ئاراستەی پێچەوانەی یەکتر دەڕۆن.کاتێ کە لە بۆچوون و ڕەئی حیزبی لەمەڕ هەڵوەشانەوەی ئیمتیازی خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی دەپرسی، مەبەستی ئەوە بوو بڵێ لە خۆپیشاندانەکانی حیزب دژی کارەکانی بەرەی نیشتمانی ناڕازیە. فرود لەلایەکەوە خۆشحاڵ بوو کە دەگەڵ بەدری خوشکیدا هەڤڕەئییە. چەند سەعاتێك بیری کردەوەو پاش تێفکرینێکی فرە هەستیکرد پێویستە شکردنەوەو بۆچوونی خۆی لەمەڕ خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی ئێران وئینگلیز بە خوشکە گەورەکەی بڵێت.هەنگێ بە خۆی دەتوانێ دەربارەی بڕیارەکانی حیزب داوەری بکات.

فرود وای بۆ دەچوو کە خوشکەکەی دەگەڵ حیزبێك یان گروپێکی سیاسیدا کە لەو سەروبەندەدا بە شێوەیەکی پەراگەندە لێرەو لەوێ سەریان قوت کردبووەوە، پەیوەندی هەیە، کام گروپ یان ڕێکخراو؟ مەزەندەی نەدەچووە سەری.

کاتێ نێرگزوفرود بە تەنیا مانەوە، کیژێ نیگەرانی و ناڕەحەتی خۆی دەربڕی: "دەزانی خەریکی ئەم کیژەش دێنییە ناوناوان؟"

هەرگیز بەم توندیە قسەی دەگەڵ نەکردبوو،شەڕ بوو، لەسەرچیش، لەسەر مەسەلەیەکی سیاسی. دەتگوت حیزبی بە ڕەقیبی خۆی دەزانی، کۆمەڵێك کە کاری ئەوینی ئەوی پەك دەخست.

"من لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هەمووی لە چەند سەعاتێك پترم ئەو نەدیتووە."

"تۆو حیزبەکەت، وادەزانی نازانم دیسان تێ هەڵچوویتەوە؟ هەرگیز لە بیری کەسی تردا نین. ڕاستە تۆ پیاوی و لە خەتەرو ریسکان ناترسیت و گوللەشت پێبکەوێ باکت نیە. هەر نەبێ بیرێك لەم کیژە داماوەش بکەوە، بابە پیرودایکە داماوەکەت لەبیربێ. پیرەمێرد لە بەیانیەوە تا ئێوارە لێوی دەجولێ و وێرد دەخوێنێ کە تۆ سەلامەت بی وئاسیوێکت نەگاتێ".

فرود کڕ بووبوو وگوێی دەگرت، تا ڕادەیەك هەق بە نێرگز بوو. هەندێ لە قسەکانی دەچوونە دڵەوە. بەڵام چۆن ئێستا وازبێنێ؟ نەیدەتوانی، تەحەمولی ئەوەی نەدەکرد بڵێن ترسا، لە هەوەڵیشەوە هەر قەلەزراوبوو، وئێستا کە دەرفەتی بۆ هەڵکەوت قووچانی. لە پڕ ناڕەحەت و نیگەران بوو، چ وەڵامێکی خەڵکی بداتەوە؟ کجوری و کازمی هیچ، ئەمانە مەعلوم نیە سبەینێ بە چ ڕەنگێ خۆیان دەڕەنگێنن. هیچ دوورنیە بەو زرینگی و کارکردەیی و سیواتەوە کە هەیانە سبەینێ سەنگەر بگۆڕن وفرودو کەلهوڕو بزرزۆ بەر تفەنگان بدەن.

ئەم دنیای دونە هەمیشە پڕبووە لەو جۆرە کەسانە. بەڵام چ جوابێکی ئەوانە بداتەوە کە بە خۆی هانی داون و هێناونیە ریزی حیزبەوەو هەنووکە یا لە زینداندا یان لە وێرانەیەکی تەنگ و تاردا دەژین؟ لوول بوو.هەناسەی تەنگ بوو. هاوارێکی وەهای بەسەر نێرگزدا کرد کە کیژێ لە جێی خۆی ڕاپەڕی:

"چ بکەم؟ دەڵێی چی؟ ئاخر من هەقم چیە کە بەدری خەریکە دەبێ بە سیاسی؟ من پێم گوتووە؟ من کەی ئەو دەبینم؟"

گیروگرفتەکانی خۆی کەم بوو، ئاماژەکانی بابی بەس نەبوو، نامە پڕ لە هێرشەکانی دۆستە ئەمریکانشینەکەی کە پەکپارچە سەرزەنشت و سەرکۆنە کردن بوو وردوخاشی نەدەکرد، هەموو

ئـەم دەردانـە کـەم بـوو مەسـەلەی بەدریشـی هـاتبووە سـەر. ئـەو گوشـارەی کـە کۆمەڵگـەو گەندەڵیـەکانی کۆمەڵگـە بۆیـان هێنابوو،خسـتییە باوەشـی حیزبـەوە،کارێکی ناچـاری... ڤیـان و خۆشەویستی نێرگز بەڵایەك بوو وبەسەریا نازڵ بووبوو. بەڵام فرود هیچ دەستێکی لە بە سیاسی بوونی بەدری دا نەبوو. ئێستا ئەمەش بووبوو بە سەرباری دەردو رەنجەکانی. ئەگەر دوو کەلیمە قسانی بە تەنیایی دەگەڵ بەدری دا کردبوو، لەبەر ئەمە بوو دەیویست خۆشکەکەی تێبگەیەنێ کە ئەویش مرۆڤەو تێدەگات و دەزانێ کە پێویستە چ بکرێ و لە چ دوورە پەرێز بێ. کەچی نێرگز، بە خەیاڵی خاوی خۆی کە ئەو خوشکەکەی بۆ بەردەوامبوون لەسەر رێگەیەك هانداوە کە نەدەبوایە لەسەر ئەو رێگەیە بڕوات،سەرزەنشت دەکرد.
کۆنترۆڵی لە دەست دابوو.نەیتوانی جڵەوی خۆی بگرێت: "نێرگز گیان، تۆ پەناگەی منی، من خۆم هەزارو یەك گیروگرفتم هەیە، بۆ ئەوەش نەهاتووم بۆ لای تۆ کە سەرزەنشتم بکەی."
ئەمە یەکەمجاری بوو کە بە کیژی ئاغای گوت "نێرگز گیان".کیژە دڵی داخورپا، دەستی لە ملی فرود وەرێناوماچی کرد.
فرود هەستا،دانی بە جەرگی خۆیدا نا، دەستی نێرگزی ماچکردو رۆیی.رۆیی تا بە تەنیاو دەگەڵ خۆیدا بیربکاتەوە، لە قوڵایی ویژدانیەوە چارەسەرێك بۆ ئەو مەتەڵ ولەگەزەی کە ژیانی بەرەو گێژەنگ وگێژاوان دەبرد،وەدۆزێ. ئایا عاشق وشەیدای نێرگز بوو؟ هەق نەبوو ئەمە بە زمان بڵێ، نەیدەتوانی درۆ دەگەڵ خۆیدا بکات. بەڵام پێویست بوو دان بە خۆیدا بگرێ و لغاوی خۆپەرستی راکێشێت و زێدەگاڤی نەکات وسنوور نەبەزێنێ. ئەمە سەرێکی مەسەلەکەیە. بەڵام مەحەبەت و ڤیان دوو سەری هەیە.
دڵسۆزی ومیهرەبانی روو لە زیادی نێرگز سەرێکی دیکەی بوو. بۆیە حەزی نەدەکرد بەدری لە سیاسەتەوە بگلێ چونکە ئەووخوشکەکەیی ومالْباتەکەیانی خۆش دەوێن. ئەم باوەڕەشی نەبوو کە خەڵکانی وەکو فرودو کەلهوڕو فەیروزو بەدری لەم دنیایەدا کارێکیان لە دەست دێ.بە قەناعەتی ئەو،ئەمانە خۆیان دەخەڵەتاند. باوەڕ، بریتی نییە لە دڵبەندی بە شتێکەوەو بوونی دەرەکی نیەو لەوەیە رۆژێ لە رۆژان بوونی دەرەکی پەیدابکات. رووەکێك نیە کە لە خۆیەوە لە دڵ و دەرووندا بڕوێت وچەکەرە بکات و مرۆڤ فێری زنجیرە لە خۆبوردەییەك بکات کە ئەقڵ قەبوڵی ناکات. نەیدەویست دڵی نێرگز بشکێنێ، نەیدەتوانی. هێزێك بەرەو ئەم بوونەوەرە ناسکەی رادەکێشا. ئایا دەیتوانی بڵێ کە ئەوی خۆش دەوێ،دەی پەرستێ و بێ ئەو ناتوانێ بژی؟ دەیزانی کە زاتی ئەم کارەی نیە، ئەسڵەن ئەو پیاوی ژنداری نەبوو. حەیف بوو ئەم کیژە ماشوقەیەکی چەند رۆژی بێ وپاشان بەرەڵڵای بکات. کەوتە بیری ئەوەی کە شوویەکی بۆ بدۆزێتەوە. ساڵێکی دی دەبێت بە پزیشك، کێ حەز ناکا کیژێ بخوازێ خوێنەوار، پزیشك، دەتوانێ بە تەنیا ژیانی خۆی و خانەوادەکەی بەڕێوەبەرێ. فەیروز هێشتا چاوی لە دوای نێرگزە. لە بیری نەچووەتەوە. ئێستا بووەتە موعەلیم و مانگی چەند سەد تمەنێك مووچە وەردەگرێت. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی حەسوودیو بەغیلی بە فەیروز دەبرد. نە، ئەمە بۆ شانی نێرگز سوکایەتی بوو، مەلا فەیروز شایستەی نێرگز نیە. ئێستا تۆ پزیشکی ودکتۆرییەکەی بخە ئەو

لاوه. ئەم جووتە وەکو بەفرو هەتاون، بەفرەکە دەتوێتەوەو دەبێ بە ئاوو هەتاوەکەش گەرمی خۆی لە دەست دەدا، کە لە یەکدی دوورن ئەمیان پرشنگ دەداو ئەویان دەبێ بە سەهۆڵ.
ئێستا کێشەی بەدریش خەریکە دەبێ بە سەرباری گیروگرفتەکانی دیکەی.مەیموون زۆر جوان بوو ئاوەڵەشی دەردا. ڕێوی بە کونەوە نەدەچوو هەژگشیان لە کلکی بەست.
وازهێنان لە حیزب مەحاڵە. ئێستا ئەو وەختەیە کە جیاوازی مەرد لە نامەرد دەردەکەوێ. تاقە کەسێك کە دەکرا راوێژی دەگەڵ بکرێ ئەندازیار عالی بوو کە ئەویش غەیب بووبوو. ئەوی بۆ نەدەدۆزرایەوە. قاوداکەوتبوو کە (ئەهرامی)یان گرتووە. بۆ ئەم پیرەمێردە زیندان باشتربوو لەوەی کە هەمیشە لە نیگەرانیدا بژی.
فرود لە خۆی دەپرسی ئایا بە ڕاستی تواناوئامادەیی کاری نهێنی نیە؟ چۆنە ریش‌وسمێڵ دابنێ‌و خۆی بگۆڕێ،بۆ ئەم کارە دروست نەبووبوو. بەڵام ئەمە هەنجەت‌وبیانوو نەبوو بۆ وازهێنان.کەواتە دەبێ وەمێنێ مل بە گۆنگلانەوە بنێ. ئەمە قسمەتی ژیانی ئەو بوو. کاتێ کە بەشیان دابەش دەکرد، لەمە پتری بە نسیب نەبووبوو.
فرود قیروسیای لێکرد. قەناعەتی کرد کە تەنیا کار،کاری سەخت‌و دژوارو پڕ لە سەریەشە دەتوانێ لە کەچرەوی دووربخاتەوە.
بۆ شارانی کرێکارییان نارد، مودەتێك لە بیهشەهر مایەوە، ماوەیەکی لە قەزوین بەسەر برد، لەوێندەر موعەلیمێکی زماندرێژی زمانلوسی ماستاوچی فشەکەر مەنسول بوو.کار نەدەچووە پێشێ. ئەویان راسپارد کە لۆسەکان بخاتە کار. لە چاو ئەو ماموریەت‌و مەسئولیەتانەدا کە بە کەسانی وەکو ئەو دەسپێردران ئەم جۆرە ماموریەتە لە شان‌و شەوکەوتی ئەو کەمتر بوو. گوێی لەم جۆرە شتانە نەبوو. ئەو ڕستەیەکی لە کتێبێکدا خوێندبووەوەو ئەوەی کردبوو بە دروشمی خۆی: "لاواز ئەو کەسەیە کە بەرگەی گیروگرفتی رۆژگار نەگرێ، بەهێز ئەو کەسەیە بەسەریا زاڵ دەبێ".
هەوت هەشت هەیڤانی لە شارانی جۆراوجۆردا بە مانگانەیەك کە بەزەحمەت نانەسکی تیادەبوو، گوزەراند. ئیدی نەیدەویست بە پارەی دایکی بژی. شەوانی بە بەڕەو جاجم‌و لباد، لە هەر شوێنێ سەربانێکی دەست کەوتبا، بەسەر دەبرد. خواردنی رۆژانەی لە نان‌و ماست‌و ئاروو پەنیرو ترێ تێنەدەپەڕی. بە دەگمەن دەیتوانی لە کەبابخانەیەك نانی سەنگەکی‌وکەباب‌و سەوزە بۆ "ماڵ"، ئەگەر "ماڵێکی" هەبوایە، بباتەوە. زۆرجار لە ژێر بەفرو باراندا شەوی لە کوخێکدا رۆژ دەکردەوە. هەر ماوە نا ماوەیەکیش لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دی، لە ئاواییەکەوە بۆ ئاواییەکی دی باروبارگەی لێکدەنا. لە نیوەشەودا لورە لوڕی چەقەڵان تێکەڵ بە سەگوەڕی کسۆکانی گوند دەبوو، ولە دەنگ‌و هەرای وان لە خەو رادەپەڕی. هەمیشە لە ترس‌ولەرزی ئەوە دابوو کە پۆلیس‌وجەندرمە بەسەر کوختەکەیدا دابارن‌و بیگرن. هەندێجار وا رێدەکەوت کە دوو سێ رۆژی دوا بە دوای یەك لە چەند سەعاتێك پتر خەوی لێنەدەکەوت. هەستی دەکرد سستی‌و لەقی دەرونی جەستەشی سست‌و بێ هێز دەکات. بێ خەوییەکەی تەنیا ئەنجامی بارگرژی

دەروونی نەبوو. وای دەهاتە بەرچاو کە کەم خۆراکیو قەناعەتکردن بە نانو پەنیرو تەڕەش عەزابی دەدا.
هەندێ ڕووداوان دەهاتنە ئارا کە پێویستی دەکرد فرود بە تەواوی خۆی بۆ مقاوەمەتو بەرگری ئامادە بکات. ئەوەشی دەکرد، بۆنموونە کاتێ کە کرێکارانی کارخانەی چیتسازی، کە نزیکەی سێ هەزار کەسێك دەبوون، مانیانگرت، هەمیشە هەشت کەسیان لەسەرانی مانگرتنەکە دەستگیر کرد.پێکادان بووبوو، فرود دەبوا لە حەشارگەکەی خۆیەوە، بە کاری هەموویاندا ڕابگات. مەڵبەندی ئیدارەی مانگرتنەکە لە حەوشەیەکدا بوو دەوراندەوری هۆدەبوو. درەختێکی داماوی بێ دەسەڵات لە حەوشەدا بوو کە تاكوتەرایەك نارنجی پێوە شۆڕ بووبووەوە. هەر ڕۆژەی دانەیەکیان دەکەوتە سەر زەوی یان لێدەکرایەوە. فرود ئاوی نارنجی لە چایەکەی دەکردو هەڵی دەقوڕاند. دڵخۆشی خۆی دەدایەوە کە ڤیتامینی تیایە، ڕێدەکەوت کە لە ژێر میچی سفالپۆشی سوانەی کوخێکدا چەند کۆترێك لێی دەبوون بە مووی لوتو لە یەکبینە دەیان گماندو خەویان لێ حەرام دەکرد، خاوەنی ماڵەکە دەورێکی وەکو دەوری کوێخای دەبینی، دنیا یەجگار گەرمو نمدار وشەدار بوو، شەوان جل بە لەشی بنیادەمەوە دەنووسان، فرود دەگەڵ خێزانێکدا لە دوو ژووری ژێر دالانێکی سفالپۆشدا دەخەوت. بە ڕۆژەوە کونوکلاورۆژنەو دەلاقەی ژوورەکەی بە حەسیرو پەڕۆ دادەپۆشی تا نەبینرێ.
هاوسێکەی حەسحەس بوو. کە دەهاتەوە ماڵێ خۆی دەکردە نەخۆش تا بتوانێت بەرۆژەوە لە ماڵ بێو پارێزگاری فرود بکات. فرود نەخۆش کەوتبوو. ژنی حەسحەسەکە گوڵی زوانە گاو باویلکەی لە ئاودا بۆ دەکوڵاندو دەرخواردی دەدا. پاشان "کوێخا" دەگەڵ جەندرمەکاندا نزیك بووەوەو نزیك بوو فرود بە دەستەوە بدات. هەرگیز وێنای نەدەکرد کە ئەم کوڕە ڕێوەڵەو مردەڵەیە دەستی لە مانگرتنەکەدا هەبێ. پێی وابوو لە منداڵە خانەدانانی شارییەو بۆ ڕابواردنی هاوین هاتووەتە هاوینگە.
مانگرتنەکە هەموو هۆشوگۆشی داگیرکردبوو، سەرکەوتنی کرێکارانی چیتسازی، سەرکەوتنی خودی ئەو بوو، هەموو هەر لە هەوڵو کۆششدا بوون، ژنانو کیژان، تەنانەت منداڵانیش، ڕابەریکرنی مانگرتنەکە کارێکی ئەستەم بوو. سەندیکاو یەکێتییەك لە ئارادا نەبوو. مانگرتنەکەیان خۆ بەخۆیی بوو،دەبوایە بەجۆرێ ئاراستە بکرایە کە بە ئەنجام بگەیشتایە. هەموو شەوێك دەگەڵ سێ چوار نەفەر لە سەردەستەکان لە شوێنێکی دوور لە چاو کۆ دەبوونەوەو قسەوباسیان دەکرد. گرفتی گەورە زمان بوو، کرێکارەکان بە زۆری دێهاتیانی مازندەرانی بوون کە فارسی باش حاڵی نەدەبوون. هەر یەکەیان داوایەکیان لە خودان کارخانەکە هەبوو. یەکێك باسی هەشت سەعات کاری دەکرد، یەکێکی تر جێی نەبوو.یا دەبێ تا کوختەکەی خۆی دوو سێ فەرسەخان بە پێیان بیکوتێو لەوێندەر بخەوێ یا لە چایخانەیەکدا بکەوێو کرێ بدات. زیادەکرێ، دەواودەرمانی خۆڕایی، تەندروستیش بەشێك بوون لە داواکانیان. فرود بە هەزار هێماوئاماژە تێی دەگەیاندن کە پێویستە داواکاریەکانیان بخەنە سەر کاغەزوهەموویان هەر هەمان شت داوابکەن. لەمە زیاتر هیچی تر نەدەکرا. نەدەبوو ڕێگە بدات کە کرێکارەکان بە

خۆڕایی بهاڕوژێن. زاراوەی "پروفکاتور" بوو بووە وێردی سەر زمانیان. ژنەکانیشیان پێویستە پشتیوانیان لێبکەن بەڵام زیادەڕۆیی قەدەغەیە. ئەمە کاری شەوانیان بوو. داوای لە خەڵکی دەکرد کە ئارام بن. بەڵام هەموو ڕۆژەکەی بە نیگەرانی دەبردە سەر. پێکادانێك روو نەدات و کەسێك بکوژرێ. ڕووداوەکانی ڕۆژی یەکی ئایاری شارەکەی خۆیانی هەر لە یادبوو. لەمە دەترسا. ئەمە ناخی بوو. کەچی بەرواڵەت خۆی ئارام‌وخوێنسارد نیشان دەدا. جارجارێ کە دەرفەتی دەبوو تا نزیکی کارخانەکە دەڕۆیی و منداڵان خەبەریان بۆ دێنا کە لە ناو کارگەکاندا چ ڕوویداوە. لەبەر ڕۆشنایی گوتەکانی واندا هەندێ شتی تۆمار دەکرد تا ئەگەر پێویستی کرد تێهەڵکێشی قسەو گوتارەکانی خۆی بکات. کابرای حەسحەس داوای لە کرێنشینەکەی خۆی کرد کە ماڵەکەی بۆ چۆڵبکات.دڵی خەبەری دابوو کە خاوەن خانووەکە بۆنی شتێکی کردووە. ناچار چووە کوختەیەکی دی کە هی کرێکارێکی کارخانەی چیتسازی بوو. ئەویشیان گرت... ئێوارەی هەمان ڕۆژ ژنی کرێکارەکەشیان گرت. تەنیا موحتەرەم، منداڵە چوار ساڵەکەی لە ماڵ مایەوە، ئەم کچە بوو بوو بە سەرچاوەی شادی و خۆشی فرود، بەڵام سەریەشەشی هەبوو، گەمەی دەگەڵ دەکرد، ختوکەی دەدا، نوقوڵی بۆ دەکڕی. یەکێك لە کرێکارەکان هەموو شەوێك خۆراکی بۆ دێنا. شۆردن و تەڕو وشك کردنی منداڵەکەی بە پیرەژنێك ئەسپاردبوو کە کوڕەکەیان دەستگیر کردبوو. فرود بوکەڵەی بۆ دەدروو. یاری حەمزەل، چاوشارکێ، حەمامۆکێی دەگەڵ دەکرد. ئەوەندەی کەیف بەم وازییە منداڵانەیە دەهات لە تۆ وایە هەر یەك دوو ساڵێك لە موحتەرەم گەورەترە. تریقانەوەی منداڵەکە کەیفی سازدەکرد. هەموو بیری لای ئەمە بوو کە ئەگەر دایکی نەیاتەوە ئەم منداڵە لە کوێ بخەوێنێ، بە کێی بسپێرێت، هەڵبەتە یەکێك لە کەسوکاری منداڵەکە هەردێ، ئەمە جگە لەوەی کە دایکیشی دەگەڕێتەوە. بەم ئاسانییەش ژنانی کرێکاران ناگرن. بە زۆری لە حەوشێدا گەمەی دەکردو چاوی بڕی بووە دەرگاو چاوەڕوانی دایکی بوو. ڕۆژێك لە پڕ غاریدایە ژوورەوەو لە هۆڕژنی گریانیدا: "ئا گیان دەخوازن من بگلن."
فرود یەکسەر زانی کە مەبەستیان ئەوە نەك منالێکی چوار ساڵە. یەکسەر خۆی کۆکردەوە، لە هۆدەکە وەدەرکەوت... پاسەوانەکە بینی. فریا نەکەوت کاغەزەکانی لە مەقلییەکە بخات و بیان سووتێنێ. دانی بەو ژنە دراوسێیەی کە لەبەر دەرکەکە جەندرمەکەی کەلاخست و وەژوور کەوت، ئەویش لە ژێر چارشێوی نوێژەکەیدا شاردنیەوە .پاسەوانەکە هاواری کرد: ئاغا کارم بە تۆ هەبوو، فەرموو وەرنەدەرێ. ناوی فرودی دەزانی. دەرکەوت کە کەسێك، شایەت "کوێخا" خەبەری لێداوە. ئەفسەرێك و دوو مامور لەبەر دەرکە وەستا بوون. یەکێکیان بە ئەفسەرەکەی گوت کە کۆمەڵێك کاغەزی دا بەو ژنە دێهاتییە
" با بڕۆین، مۆڵەتی تەحەڕییان نەداوینەتێ، بڕیارە تەنیا خۆی بگرین".
فرود بە عادەتەکەی خۆی کەوتە قەشمەریبازی: "وا دەزانن، شمری زیلجەوشەنیان یەخسیر کردووە، لە فەتحی خەیبەریش گرینگترە، هەڵبەتە سەرو دەرەجەتان دەدەنێ".
ئەفسەرەکە گوێی بە قەشمەریبازیەکانی نەدا، تەنانەت کە یەکێك لە مامورەکان دەیویست لە ڕقا کەلەپچەی لە دەست بکات، ئەفسەرەکە نەیهێشت.

ئەم قەشمەریبازەیە لە زیندانیشدا بەردەوام بوو. لە شوێنێکیان قایمکرد کە لە تەویلە دەچوو. بۆنی بۆگەنیو پیسی سەرداری بێسەر دەکرد، چەند کەسێك لەوێندەر لە عاردەکە گینگڵیان دەدا، یەکێکیان بەردەوام هێڵنجی دەدا، پیاوێك لە سووچێکدا دەمیزت، جوانکەیەك هاواری کرد: "سەگ دایك چما ئێرە ئەدەبخانەیە؟"

"دەمت داخە، بێم دەمت دادەڕم، ئەدی چ بکەم. دەتەوێ تووشی میزگیران بم."

پاسەوانەکە لە پشت دەرگاکەوە هاواری لێکردن: "ئەگەر بکەونە گیان یەك دێم هەمووتان لە سووچی ڕەشچاڵان توند دەکەم."

فرود نیو سەعاتێك لە هاوزندانەکانی خۆی ورد بووەوەو ڕاما. دوو نەفری دیکەش کەسەرو سیماو وەزعوحاڵیان باشتربوو لە وێندەر بوون، هەرکە دەنگی پێی پاسەوانەکە بەرز دەبووەوە، دەڕۆییشتنو تکاو رجایان لێدەکرد کە ئاخۆ راسپاردەکەیانی بە ئاجودانەکە گەیاندووە یان نا، وەڵامەکەی چ بوو. لە درزی دەرگاکەوە شتێکیان-ش دەنایە دەستی."

"سەڵاوات بدەن، ئێرە جێی شەڕ نیە. ئێ ڕاست دەکات، ئێرە جێی ئەم کارانە نیە، سمێڵی ئاجانەکەت چەورکردبا، دەی بردیتە دەرەوە."

"یانی بۆ میزکردنیش بەرتیل بدەم، رەحمەت لە باوکت".

کابرایەکی سمێڵ بابڕ، پشتیوپاڵانی حەماڵییەکەی لە عاردی دانا بوو،وپشتی پێوە دابوو و دەیناڵاند. فرود لێی پرسی:

"چیتە، بۆ دەناڵی؟"

چەند کەسێك پێکڤەوە وەڵامیان دایەوە: "ئاغا وێڵی کە، هیچی نیە، ئێمە تا ئێستا جگە لە ناڵو نك هیچی ترمان لێی نەدیوە.

فرود سەرەتا بە زەمزەمەو نەرمە گۆرانیانوپاشان بە چەقەنە لێدان کەشو هەوایەکی تازەی هێنایە ئاراوە، بە دەنگی بەرز سترانی دەگوت، ئاوازی تورکی، شێوەی قەفقازی وەردەگرت، بەشێوەی لەزگیان دەڕەقسی.

پیاوێکی تەمەن ٣٥- ٤٠ ساڵە لای دەرگاکەوە بوو وکتێبێکی بە دەستەوە بوو.جاری دەیکردەوەو جاریَ دایدەخستو لێوەکانی دەجولاند.خەریك بوو شتێکی ئەزبەردەکرد. فرود چووە لایەوە، تەمەشایەکی کتێبەکەی کرد. ئەم پیاوەیان لە بیهشار گرتبوو، بەر لە مانگرتنەکە. دە رۆژ بوو بێ هیچ پرسوجۆیەك لە حەپسا بوو.

"ئەگەر گەرەکتە کتێبێکی دیکەشم هەیە. وێتدەدەم بەڵام کارت بە کاری منەوە نەبێت."

فرود کتێبەکەی لە دەستی وەرگرت، لە خورجینێکی دەرهێنا. بەختەتو ڕێنووسی سیریل بوو، و کتێبی فێر بوونی زمانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو. فرود مژولیەکی تازەی دۆزییەوە. دەستی بە فێر بوونی تورکی کرد. رۆژنامەشیان بۆ کرێکارە بیهشاریەکە دێنا. لە کوێوە بە دەستی دەگەیی، دانی پێدا نەنا. رۆژنامەی "مژدە" بوو، رۆژنامەی سەر بە شورای کرێکاران. بۆ کرێکارانی بێ سیواتی دەخوێندەوەو بابەتەکانی بۆ شرۆڤە دەکردن. ئەووسێ کرێکاری تریان بۆ دادگا برد. پاش هەفتەیەك بۆرە پیاگێك تاقیقی دەگەڵ کرد: "چ کارەی؟ ئەم رۆژنامانە چیە؟"

به تۆی کراسێکی چڵکنو پانتۆڵێکی چرچ ولۆچو بیٚ ئوتو بوو. کابرای موحەقیق بۆی دیاری نەکرا کە دەگەڵ کێدایە، بۆ نموونە دەیویست چاوترسێنی بکات، تەشەری لێدا:
"دەست لە گیرفانت دەربێنە."
فرود وەڵامی دایەوە: "کاری خۆت بکە، چت داوە لە پانتۆڵی من؟"
"ئەگەر فزولی بکەی دەڵێم حەپست بکەن."
"ترحێو. تۆ یەك هەفتەیە بە خۆڕایی منت حەپس کردووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی قانونە، شکاتت لێدەکەم. من خۆم دەرچووی قانونم".
ئەمە بەس بوو، یارۆ کە زانی فرود کەسێکی سەرسەختەو کوڵ نادات، وازی هێنا. هەڵبەتە لە دەسەڵاتیا نەبوو کە فرود وئەوانی دیکە حوکم بدات، قەراری تەوقیفی دەرکردن وبو زندانی ساری ناردن.
شەوی دەگەڵ کێوەلییەكو کەسێکا کە حوکمی حەپسی پێنج ساڵ درابوو، گوزەراند. کابرایەکی سی ساڵەش لەوێندەربوو کە گوێی بە شۆخیو سوعبەتەکانی فرود نەدەداو هەمیشە سەری بەسەر کتێبێکدا شۆڕکردبووەوە کە هەوڵیدەدا بیشارێتەوە تا پاسەوانەکە نەیبینیٚ. هەرسا نا ساتیٚ دەستی بە گیرفانیا دەکردومستێك ناوکەی دەردێنا. یەك دوو دانەی داویشتە دەمییەوەو هێندە مەعلانانە دەیشکاندو توێکڵەکەی تف دەکردەوە لە تۆ وایە مەکینەیەکیان بۆ ئەم کارە لە ژێر زمانیا داناوە. لەسەر کۆنە پەتۆیەکی سەر سەکۆیەك دانیشتبوو. دەوروبەری پڕ بوو لە تۆکڵی ناوکە.چاوی لەسەر کتێبەکە هەڵنەدەگرت. تەنیا سەری لەسەرێڕا بۆ خوار دەجوڵاندو وای دەجوڵاندو وای دەنواند دنیاو هەموو شتێکی دنیای بەر کلکان داوەو هەرگیز بە خەیاڵیا نایەت کە لە ڕەشچاڵێکیان پەستاوتووەو خودا دەزانیٚ چەندی تیادا دەهێڵنەوە. فرود چەندین جار ویستی سەری قسەی دەگەڵدا بکاتەوە، هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا.
نزیکەی پازدە ڕۆژێك لە زندانی ساری دا گلیان دایەوە. ڕۆژێك کابرای کتێبخوێن لێی پرسی:
"تۆ دەڵێی خوێنەواریت هەیە؟"
"بۆ؟ خوێنەواریەکی کەمم هەیە".
"کەواتە وەرە با پێکەوە ئەم کتێبەی من بخوێنینەوە".
"چۆنە تازە بە بیرتدا هات قسە دەگەڵ مندا بکەی. دەترسای ئەگەر زووتر قسەت دەگەڵ کردبام شتێك دەبوو؟"
کتێبەکە هی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوو کە وەزارەتی مەعاریف بۆ قوتابیانی چاپ کردبوو. فرود بۆ ئەوەی بچێتە بنجوبناوانی کارەکە لێی پرسی: "بۆچی دەتەویٚ فێری خوێنەواری ببی؟"
کابرا سەری لەم پرسیارە سوڕما، وەڵامی نەدایەوە.
فرود لەسەری ڕۆیی: "فایدەی چیە؟"
"رادەبوێری؟"
لە ڕێگەی تاران قسەی لێدەرهێنا کە گوایە لەسەر پارچە زەوییەك دەگەڵ ئاغاکەیدا بووە بە شەڕیو بە بێڵ سەری خاوەن زەویەکەی شکاندووەو ئێستا بۆ زیندانی تارانی دەگوازنەوە تا

مودەت‌وسالانی حەپسییەکەی لەوێندەر بقەتێنێ. گەرەکیەتی خوێندن‌ونووسین فێر بێ تا تۆڵەی خۆی بکاتەوە.
کابرا سەری سوڕ دەما لەمەی کە کەسێك بەو هەموو شۆخیبازی‌و فشقیاتەوە، هەرکە دادەنیشت‌و دەرس بەو دەڵێتەوە ئەوەندە سەختگیروجدی دەبێت، پێی گوت:
"پیاو باوەڕ ناکات تۆ هەمان کەس بی کە هەڵدەتیزێنی‌و دەرەقسی‌و دەمەلاسکەی پاسەوانان‌و ئەفسەران دەکەیەوەو پرسیاری بێ سەروبەر دەکەی".
فرود بەرسڤی دایەوە: "چ قەیدییە، شۆخی‌وحەنەکان بە جێی خۆی، و جدیەتیش بەجێی خۆی".
دادگای زندانی ساری حوکمی دوو هەیڤیان دا. هەمووی چەند رۆژێکی مابوو دوو مانگە حەپسی یەکەی تەواو بکات. بەڵام ئەم شوێنە گۆڕکێ‌و زیندانەو زیندان کردنە بە دڵی ئەو بوو. داوای تەمیزی کرد، چونکە دەیزانی کە دادگای پاشتر دەبێ لە مەرکەز دابنرێ.
کابرای فێرخوازو دزێکیان کە دەیانگوت ماڵی شارداری بڕیوە دەگەڵ فرودا بە جەندرمەیەك سپارد کە لە تاران تەحویلی دادگایان بدات. کابرای جەندرمە کەلەپچەی لە دەست کردن. هەرکە لە شار وەدەرکەوتن سەروپێنج تمەنی لە هەردوو زندانیەکە وەرگرت‌و دەستی کردنەوە. دە تمەنی لە ئاغای دزە وەرگرت. ئەم پارەیە ئەفسەرێکی پۆلیس (جەندرمە) بە دزییەوە بە کابرای فێرخوازی دابوو تا بیکەنە خەرجی رێگەیان. هەرکە گەیینە ئاقاری تاران، کابرای جەندرمە هەمدیس کەلەپچەی کردنەوەو وەکو چۆن لە شارەبانی ساری وەری گرتبوون بەو ئاوایە بە زندانی سپاردن‌و وەسڵی وەرگرت.
هێشتا بە تەواوەتی لە پاسەکە دانەبەزی بوو لەبەردەرگای زیندانی کاتیدا نێرگزوحاجیەخانمی بینی. دایکی دەگریاو لە شەرمەزاریدا توند رووی خۆی گرتبوو. مامورەکان سەرباری ئەو ئەسکەناسەی کە نێرگز خستبوویە دەستیانەوە نەیانهێشت تەنانەت بۆ چەند دەققەیەکیش چەند قسەیەك پێکڤە بکەن.
چەند پاسەوانێك خۆیان خستە نێوان فرودو دایکییەوە کە دەستەکانی بەرەو فرزەندەکەی درێژ کردبوو، هەر ئەوەندەی گوێ لێ بوو کە نێرگز مژدەی دەدایەو دڵنیای دەکرد کە تا چەند رۆژێکی دی ئازاد دەبێت.
کە جیابوونەوە هەستیکرد نێرگز خەریکە دەبورێتەوەو دەکەوێتەوە سەر زەوی. فرودو هاوڕێکانیان بۆ زیندانەکەی ژێر دادگا برد.
هەمان ئەو رۆژە بوو کە نوێنەری تایبەتی سەرەك کۆماری ئەمریکا بۆ چارەسەری ناکۆکی نێوان ئێران‌و ئینگلیز بە کۆمەڵێك پێشنیازەوە بۆ ئێران هاتبوو. میتینگێکی گەورە سازکرا بوو، ئاپۆرەی خەڵکی لە شەقامەکاندا جمەی دەهات. لەوە دەچوو چەند کەسێك لە دارودەستەکەی موسەدەق، ئەوانەی بە ئومێدی پشتیوانی ئەمریکا بوون لە قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی ئێران، بەشداری کێشماکێشەکەی نێوان ئێران‌وئینگلیز بن.

ناردنی گەورە سەرمایەدارێك كە كانە خەڵوزەكانی خۆی لە پۆلەندا، دوای شۆڕشی ئەم وڵاتە لە دەست دابوو، ئیدی گومانی لەلای كەس نەهێشتەوە كە نەوتخۆرانی دنیای نوێش (ئەمریكا) ئەم شینەیان بۆ خۆ دەكرد، بەشی كلاوێكیان لەم لبادە دەویست.هەمان رۆژ، یەكێك لە دۆستەكانی فرود بە نێوی خشوع فیشەكی بەركەوت و بە ناچاری پێیان بڕییەوە. چەند كەسێكی دیكەش كوژران و برینداربوون. لەو قەفەزەدا كە ئەو شەوە فرودیان تێ پەستاوت، جێگەی ئەم جۆرە بابەت و شتانە نەبوو. فرود ئەو شەوەی دەگەڵ لەشكرێك لە ئەسپێی درشت و نزیكی سی و چەند نەفەرێك دزو پیاوكوژو قەڵبكارو تۆمەتبار بە كارێن داوێن پیسی، لەوانە رەمەزانی بێ میشك، ئەسغەر جگەرچی، قەمەكێش، یەكەڵەچاوو جگێنبازدا گوزەراند. ئەمانە دزەكەی لەمەڕ ساریان ناسییەوە. هێشتا نەگەیی بووە جێ شۆخی و فشقیات و تەشەران دەستی پێكرد. چەند نەفەرێك كە دیار بوو لە كۆنە دۆستانی بوون بەرەو پیری چوون، ماچ و موچ كرا. سێ لچ، كە پیاوێكی ناقسالی سمێڵ بابڕی ردێن تۆپ وسینەتوكن، بە ئەسپایی، بەڵام بە دەنگێك كە فرود گوێی لێ بێ گوتی: "ئەم منداڵە جوانەت لە كوێ دزیوە؟" بەڵام "منداڵە جوانەكە" خۆی لە سالوزی دا. ئەوسا رووی كردە قەمەكێش كە سەرۆكی هەموویان بوو، گوتی: "بالاخان، سمێڵی بۆركردووەتەوە بەڵام شتێكی خراپ نیە. كە جێگەیان بۆ هێنا پێیان بڵێم لە تەنیشت تۆوە جێی بۆ دانەن".

دزەكەی ساری گوتی: "دەمت داخە، سیاسیە."

هەموو كڕوكپ بوون، ناویان لێنا مەخمەلی.

پرسوجۆی تەواویان لە فرود كرد كە ئایا تازەكارە، خەڵكی چ گەڕەكێكە، وچۆنی لێدەداو بە چ تاوانێك گیراوە؟ ئەم پرسوجۆیە زۆری نەخایاندو كابرای سێ لچ گوتی: "مەخمەلی هیچی نەكردووە، كیژۆڵەیەكی چواردە ساڵەی بێ بن كردووە". هەموو لە قاقای پێكەنینیان داو فرودیش پێكەنی و بەمە وای نیشاندا كە سێ لچ زۆریش سەرچیغ نەچووە. كار تەواوبوو. سفرەیەكیان راخست، لە شیری چۆلەكەوە تا روحی بنیادەمی لەسەر بوو. پلاو، چلوكەباب، شلە، مریشكی برژاو، ماست و مرەبا و چەندین جۆری ترشیات و پیازو چەند بوتڵە عارەقێك كە لە ژێر دۆشەك و لێفانەوە دەردێنران.

ئەمە یەكەمجار بوو كە فرود لە زندانێكی راستەقینەدا بژی، وێڕای شەكەتی رێگاو ئازاری گۆزینگ وكەمەری، خەوی لێنەكەوت. تەنیا ئەسپێكان ئازاریان نەدەدا. گوشارێك دڵی ناڕەحەت دەكرد كە تا ئەو كاتە تازە بوو بەلایەوە. هەركە تلێكی دەداو چاوی دەچووە خەو خەوی بە نێرگزەوە دەبینی كە بەسەر عاردیەوە پان بووەتەوەو مارو مێروانی موزیر كەوتبوونە گیانی. سیماوقیافەتی نێرگزودایكی ئاوێتەی یەكتر بووبوون و هەردووكیان بە چوار دەست و پێوە بۆ ئەو دەگەڕان بەڵام نەیاندەتوانی ئەو بدۆزنەوە. دەمەلاسكەی كازمی بە دەموچاوە درێژ كۆڵەكەیەوە كە لە ئاوێنەیەكی شكاودا درێژو درێژتر دەبووەو جۆلانەی دەكرد، پێكەنینەكەی دڵی دادەخورپاند. بابی دەبینی كە بە عاردیدا دەخزی و نەیدەتوانی دەستی ئاغای پایەدار بگرێت. پەیكەرانی ناقۆڵاو نارێك و پێك بە ناو یەكا لوولیان دەخوارد، ئاوێتەی یەكدی دەبوون. لێكدی جودا دەبوونەوەو هەندێجار یەكێكیان گرتكێكی لە گۆشتی لەشی ئەو دەپچڕی. هاواری

دەكرد. لە خەو ڕادەپەڕی. یەكێك تەكانی دەدا تا بێداری بكاتەوە. هەنگێ ژانی كەمەرو پێی ئازاری دەدا. دوای چەند دەقیقەیەك دیسان خەوی لێكەوتەوە. وەك بڵێی هەمان ئەو ڕووداوانەی چەند چركەیەك لەوەپێش دیسان لێی دووبارە دەبوونەوە، هەمدیس یەكێك بێداری كردەوەو گوتی: "مەخمەلی چیتە؟ وازبێنە با بخەوین."

بەیانی بۆ لای دادسێنیان نارد، لە هەمان قاتی سەرەوەی زیندانی كاتی دابوو. دیسان دەیانویست بۆ هەمان قاوشی دزەكانی دوێ شەوی ببەن. فرود ئیعترازی گرت. بۆ قاوشێكی تریان نارد. ئەوێ تایبەت بوو بە دزانی موحتەرەم، چەند كەسێكی حیزبیش لەوێندەر بوون، ڕۆژنامەی حیزبشیان هەبوو، شوێنێكی پاك بوو، ڕێك و پێك. قەولیان بە حیزبیەكان دابوو كە بۆ زندانی قەسریان ڤڕێدەكەن.

شڕوشیتاڵیان بەستبوو وچاوەڕانی ڕۆییشتن بوون. هەمووی چەند سەعاتێك لەوێندەر نەمایەوەو هێشتا هاوزندانیەكانی نەناسی بوون كە فەڕاشەكە هاواری كرد: "فرود مەرەخەس".

فرود باوەڕی نەدەكرد، گوێی قولاغ كرد، ئایا ئەویان گاز كرد؟ هەروا زوو! ئەو حیزبیانەی دیكەی كە لەوێ بوون، هەستان، فەڕاشەكەیان دەناسی، گازیان كرد، كاغەزەكەیان لە دەستی سەند، ناوی فرودی لەسەر نووسرا بوو. شتی وا چۆن دەبێت؟ تا ئێستا شتی وا ڕووی نەداوە. هەندێك گومانیان لێی پەیدا كرد. ئەوانەی دی ئامۆژگاریان كرد خۆی گێل بكات، دەیانەوێ بیدزن، بە خۆیشی دوو دڵ بوو. قسەكەی نێرگز لە گوێیدا زرینگایەوە: "تا چەند ڕۆژێكی دی ئازاد دەبیت". زاتی وەبەر خۆی نا، بەسەر خەیاڵاتدا زاڵ بوو، دەگەڵ فەڕاشەكەدا بۆ نووسینگەو ئۆفیسی زندانەكە ڕۆیی.

لەوێ نووسراوێكیان پێنیشان داو گوتیان: "بەربووی، ئیمزای بكە، بڕۆ. برایەكەت لێرە بوو. كەفیلی بۆ هێنا بووی، ئێستا دەتوانی بڕۆی."

نە برای هەبوو، نەیدەتوانی ئامادەبێ، دڵی خەبەری دا. پاشان دەركەوت حیزبیەكانی دادگا لە ڕێگەی ئەو ئەفسەرەی شارەبانیەوە كە گوێی بە قەشمەریبازیەكانی ئەو نەدا بوو وكەلەپچەی لە دەست نەكرد بوو —و وادیارە دەبێ حزیبی بووبێ– لە گرتنەكەی ئاگادار بووبوون. لە ڕۆژنامەی حیزبیشدا گوتارێكی ناڕەزایی بڵاوبووبووەوە كە پۆلیس وجاندارمری بەبێ حوكمی دادگا ڕۆشنبیران لە زندان داوێن و دەیانكەن بە هاوزندانی دزان. وەختێ فرود لە یەكێك لە وەكیلانی دادگای پرسی كە كێ بووە بە كەفیلی، گوتی: "بڕۆ بەلای كاری خۆتەوە، كەفیلەكەت دوای ئیمزا كردنی كەفالەتنامەكە سەكتەی كردومرد."

هەمان ڕۆژ جارێكی دی لەلایەن حیزبەوە پەیوەندی پێوە كراو خەبەریان دایە كە تا چوار ڕۆژی دی مەسئولیەتێكی تازەی پێدەسپێردرێ، سوپاسیان كرد لەسەر ئەوەی كە مانگرتنی كرێكارانی چیتسازی بەسەركەوتووی كۆتایی هاتووەو هەر هەمان شەو بۆ ماڵی نێرگز چوو. بە دوورو درێژی بۆی گێڕایەوە كە چۆن لە ڕێگەی كەلهوڕەوە زانیویەتی كە لە بیهشاردا گیراوە:

"قەدری كەلهوڕ بگرە، ئەگەر لەم دنیایەدا دۆستێكت هەبێ هەر كەلهوڕە".

فرود ویستی كیژی ئاغا هێوربكاتەوەو بیكات بەسوعبەت:

"ئێ، یانی دۆستی ترم نیه؟ ئەدی تۆ چیت؟"
"مەیکە بە سوعبەت، هەر ئەوبوو کە هەموو دامودەزگای حیزبی دا بە یەکدا. لاقێکی لە ڕۆژنامە بوو، ولاقێکی لای وەکیلی دادگا. چما ئەمڕۆ کەس فریای کەس دەکەوێ. کەس کەسی بۆ دەدۆزرێتەوە. هێندە سەرقاڵی مەسەلەی نەوت‌وهاتووچۆی ئەمریکاییەکانن کە ناتوانن فریای تاقە یەك ئەندامی زندانی خۆیان بکەون. هێندە هات‌وچوو تا سەرەداوی کارەکەی دۆزییەوە، کوڕێکی یەجگار باشە."
"گەرەکتە پێی بڵێم بێتە خوازبێنیت؟"
"بەزاتی خودا یەك قسەی تری وات لە زاردەرچێ، هەڵدەستم‌و دەڕۆم، ئەمە تۆ چەند بێ حەیای؟ چما من داوای مێردم لە تۆ کردووە کە بەردەوام بەرووميا دەدەی، من خۆم مێردی خۆم دەدۆزمەوە. خەڵکانی دیکەش هەن کە لە بێ ئیشیدا مێردم بۆ هەڵدەبژێرن. ئەم قسانە قسەی جدی بوون.فرودی خستە بیرکردنەوەوە، باسکی نێرگزی گرت.
دەستی نەوازش کردوگوتی: "وات لێهاتووە سوعبەتیش نازانی، وازبێنە، پێم بڵێ بزانم کێ کەفالەتی کردم؟"
"چوزانم، ناویان بە کەس نەگوت، کەفالەتی دەهەزار تمەنی دا."
"یانی نرخی من بە تمەن ئەوەندەیە."
نێرگز پێکەنین گرتی: "لەوەیە کەمتریش بێ. هەستا. دەبێ هەر ئێستا بچین بۆ ماڵی ئاغای ترشیزی."
"درەنگ نیە؟"
"وا زوو نانوون، دنیاش فێنکەو دەتوانین خێرا بڕۆین."
پێکڤە بۆ دیتنی دایکی بۆ ماڵی ئاغای ترشیزی رۆییشتن. مامۆستای زانکۆ زۆری مەحەبەت‌و لوتف دەگەڵدا کردو شیعرێکی بۆ خوێندەوە: "شێر لە زنجیر شەرم ناکات." بە دوورودرێژی لە وەزع‌و حاڵی ئەوی لە زیندانی ساری‌و زیندانی کاتی لە تاران، پرسی. شامێکی خۆشیان پێکەوە خوارد. ئەم جووتە لە حەوشەدا قسانیان دەکرد. لەسەر تەختێك رۆنیشتبوون. نێرگز چوو بووە ژوورەوە تا زەینی حاجیەخانم بۆ دیداری کوڕەکەی ئامادەبکات.
حاجیەخانم لاواز بوو بوو، چاوەکانی بە قوڵاچوو بوون، هەرکە کوڕەکەی بینی گیانی وەبەرکەوتەوە. لەسەر بەرماڵ دانیشتبوو وتەزبێحاتی دەکرد. لە جێی خۆی ڕاپەڕی‌و باوەشی پێداکردو یەکەم قسەی ئەمە بوو: "ئەگەر یەك جاری دی بگیرێی بابت دەمرێت‌و گوناحی لە ئەستۆی تۆیە، ئیدی تاقەتی چووە، ئەوەندەی رۆژوو گرتووە هێزی لەبەر براوە، بە قەد دنیا حەزیدەکرد بێ تۆ بدینێ بەڵام نەکرا. تا دوا سات هەردوو دڵ بوو. ئەوەندەی هێز نیە کە کە چەند سەعاتێك لە ئوتوبوس دا دانیشێت.
حاجیەخانم هەر تەمەشای فرزەندەکەی دەکردو سەری دەلەقاند. یەکبینە لێی دەپرسی: "چیت کردبوو؟ بۆچی گرتبوویانیت؟ ئاخر تۆ چکارەی مەملەکەتی تا بچیتە حەپسەوە؟ خوا مەرگ،

کوڕەکەم بووە بە داسكو و دەرزی. هیچ لە خەمی ئەم کیژەشدا نیت، بینیت ئەو ڕۆژە چ حاڵێکی بەسەر هات؟..."
فرود هیچ بەرسڤێکی نەبوو، نیگای بڕی بووە ئەو گوڵە داودییە سپی سوور زەردانەی کە لەبەر ئاوێنەیەکدا لە ئینجانەیان نابوو، ڕوومەتی نابوو بە ڕوومەتی دایکییەوەو نەوازشی دەکرد. جارجارێکیش بە گۆشەی چاو نیگایەکی نێرگزی دەکردو بە شەرمەوە ڕووی وەردەگێڕا.
"نێرگز چیت بەسەر هات بوو؟"
"هیچ نەبوو، گوشاری خوێنم دابەزی بوو، هەندێجار سەرم گێژ دەخوات".
خەریك بوو دوا ساڵی پزیشکی تەواو دەکردودەیتوانی هەزارو یەك نەخۆشی بۆ خۆی دروست بکات، نەخۆشی قورس، سووك.
حاجیەخانم هەڵیدایێ:
"ئەم قسانە چیە، هەمووی هی خەفەتە، تۆ نازانی ئێمە هەمووومان حاڵمان بە دەست تۆوە چ حاڵێکە. نیگەران و دڵتەنگین، بابت نارەحەتە، ئەم کیژە هەمیشە لە خەمو خەیاڵی تۆدایە".
خانم ترشیزی وەژوورکەوت، لەو ژنانە بوو کە سەری بۆ سیاسەت دەیەشا. ئەوەندەی دەربارەی کوڕی حاجی عەلی ئەسغەری واعیز بیستبوو هەر مەپرسە. ئێستاکە بووبوو بە پیاو دەیویست بیدینێ. گوتارەکانیشی دەخوێندەوە. زۆر شادمان بوو بەوەی کە ناسیویەتی. ڕوویکردە حاجیەخانم:
"حاجیەخانم ئیدی گریانی بۆچیە؟ ئێمە هەموو شانازی بەوە دەکەین کە ئێوە کوڕێکی وا دلێرتان هەیە."
کەمێك دڵخۆشی دانەوە، هاتبوو فرود دەعوەت بکات کە بۆ شیڤ میوانی ئەوان بێ.
حاجیە خانم فرمێسکەکانی سڕی. برایەکەی خانم ترشیزی-ش حیزبی بوو وکەم دابێژێك سەری لە ناو سەراندا بوو. حەزیدەکرد گوێی لە قسەو گفتوگۆی دایكو کوڕ بێ‌و ئەوجا باسی لە خۆبوردەیی براکەی بکات. لێ گریانی دایكو هاتنی نێرگز بوونە کۆسپ‌و نەیانهێشت ئاواتەکەی بێتەدی. زۆریشی حەزدەکرد بزانێ کە کاری ئەم کوڕوکچە بەرەو کوێ دەکشێ. حاجیە خانم لە سیر تا پیازی پەیوەندی نێوان ئەم جووتەی بۆ زڕخوشکەکەی گێڕابووەوەو هەموو ئاشناکانیان ئومێدەواربوون پاش ئەم خۆشبەختیەی کە بە نسیبی ئەم ماڵباتە بووە، زەماوەندی وان سەر بگرێ، بە تایبەتی کە حاجی ئاغا، ترشیزی ئاغا گوتەنی دوا ڕۆژانی تەمەنی بەڕێدەکرد. ئەو خەمو خەفەتەی کە لە ژوورەکەدا باڵەفڕەی دەکرد ڕێگەی خانم ترشیزی نەدا پتر لەوێندەر وەمێنێ:
"ببوورن، من دەبێ بچم بەلای شیڤەوە."
هەستاو ڕۆیی، کە هەرخۆیان مانەوە، حاجیەخانم سەری قسەی بەلای بابەتە دڵخوازەکەی خۆیدا بادایەوە:
"ئەم داماوە چ تاوانێکی کردووە وا تووش بووە؟" مەبەستی لە نێرگز بوو.

فرود سورو هەڵگەڕا، خوێن زایە سەروچاوی، ترپە ترپی دڵی خۆی دەژنەوت. ڕەنگی گۆڕا. لەلای دایکیەوە هەستا. لەسەر کورسییەك لە نزیکی نێرگزەوە ڕۆنیشت، بە ڕادەیەك لێی نزیك بوو کە دەیتوانی دەستی بگرێتو نەوازشی بکات بەڵام جڵەوی خۆی گرت. لە پڕ بە توندی سەری بە ڕاستو بە چەپدا بادا، چاوەکانی نوقاندنو چرچ ولۆچ کەوتە دەموچاوی. موچوڕکی پێدا هات. هەستا، بە دەوری مێزەکەدا کەوتە ڕێ. وێنەیەکی گەورەی ئاغای ترشیزی بە جلکی مامۆستای زانکۆوە، سەرنجی ڕاکێشا. وەستاو ماوەیەك سەیری کرد. دایکی لەسەر گلەیی خۆی بەردەوام بوو.

"ئەوە چیتانە؟"

بەخۆیشی نەیدەزانی دەست بە فشقیات بکات یان خۆی جدی بنوێنێ. بە هەرحاڵ دەبوایە ئەم دوو ژنە هێوربکاتەوە. ئەوجا کەوتە فشقیاتبازی: "ئەوە چیتانە؟ مەگەر دنیا ڕوخاوە؟ بۆ خۆم چووموو چەند ڕۆژێك لە مازندەران ئاوی فێنکم خواردەوە. چوار هەفتە زندانی ئەم هەموو شینو شەپۆڕەی ناوێ. ئەگەر دەزانن چ خەڵکانێکی ڕێكو پێك لەوێ بوون، هەمیشە بۆ خۆ خەریکی قسەی خۆشو پێکەنینو سوڕوچەقەنەو هەڵپەڕکێ بووین. لەوانەوە فێری سەماو هەڵپەڕکێی "لەزگی"ش بووم. خانم گیان دەتەوێ گۆرانیەکی تورکیت بۆ بڵێم؟"

نێرگز ئاشنای ئەم ڕووەی فرود بوو.هەر هەستاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

"کچەکە گیان، بێ زەحمەت چایەك بۆ ئەوو قلیانێکیش بۆ من بێنە"

هەرکە نێرگز لە ژوورەکە وەدەرکەوت، حاجیە خانم بە ئەسپایی کەوتە تکاو پاڕانەوە:

"کوڕم، ئەگەر کاری ئەم کیژە یەك لایی نەکەیەوە لە دەستت دەردەچێت".

"کاری چیو یەك لایی چی؟"

"من نازانم. بەڵام پێت دەڵێم. دیسان پێی فەیروز بۆ ماڵی ئاغا موعەلیم کراوەتەوە. وازی لە کارەکانی هێناوەو لە پەروەردە ئیشی وەرگرتووە.

"وازی لە کارەکانی هێناوە." ئەمە زەنگێك بوو، یەکسەر تێگەیی بەری دنیا بە کوێوەیە. یانی وازی لە حیزب هێناوە. بیری جۆراوجۆر لە مێشکیدا گێژی دەخواردو دەهاتودەچوو. یەکێکی دیکەش قووچانی. یەکێکی تریش خۆی دەربازکرد. هەموویان هەمان شتیش لەو چاوەڕوان دەکەن. هەموویان کێن؟ ئاغا موعەلیم هەرگیز تەکلیفی وای لێ نەکردبوو، باوکیشی نا. مامۆستا ترشیزی-ش ئامۆژگاری نەکرد بۆ خۆی ئاقڵ بێ. دەرچووەکەی ئینگلیزیش بۆ لەندەن گەڕایەوە. ئازەرئاغا کێوە دەچێت؟

وشە بە وشەی قسەکانی دایکی دەژنەوت. هەر هەموو گلەیی بوو لەو:

"تۆ گوێ ناگری کە من چ دەڵێم. چاوت لە گوڵەکانە".

"بڵێم چی؟"

دایکی وەڵامی گەرەك بوو، فرود چ وەڵامێکی نەبوو:

"ئەگەر لە خەمی خۆتا نیت لە خەمی ئێمەدا بە. بیر لە ئێمە بکەوە، بابت خەریکە دەمرێت، دارو بارەکەی جارانی نیە. کە چەند ڕۆژێك خەبەری لە تۆ نابێ، ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێت، کە بیستی لە

رۆژی ٢٣ تیردا(٢٢/٦-٢٢/٧)، فیشەکیان بە خشوعەوە نا، نیوە سەکتەیەکی کرد، ئەگەر ئاغای راد فریای نەکەوتبووایە دەمرد. دکتۆر گوتوویەتی نابێ ناڕەحەتی بکەن. رەحمەت لە بابی فەیروز کە فریامان کەوت. بڕۆ بۆ ئێرە، بڕۆ بۆ ئەوێ، دەرمان بکڕە، بڕۆ بۆ تاقیگە، پەیامی دکتۆر بێنە. خوێن‌ومیز فەحس بکە، ئێستا من هیچ، قیروسیا لە من، مرۆڤ هەر یەك گیانی هەیە، خودا داویەتی،خودا خۆیشی دەیباتەوە. بیر لە خوشکەکانیشت ناکەیتەوە. ئاخر تۆ لە دوای بابت‌و ئاغا موعەلیم گەورەی خێزانەکەمانی. بەدری بەگوێی عەبدەل بەشەر ناکات،شمریش دەرەقەتی نایەت."

"ئاخر ئەم قسانە بە من چی؟"

"ئەم دنیایە سەیری لێهاتووە؟ چەند ساڵە کێژەی ئەفسوون کردووەو ئێستا دەڵێ ئەم قسانە پەیوەندی بە منەوە چیە؟

ئەم رستەیەی دوایی زۆر بە جددی بوو:

"ئەدی پەیوەندی بە کێوە هەیە؟"

دەنگی دایکە گڕبوو. ئاو بە کەپوویدا دەهاتە خوارێ، بە دەستەسڕ سڕی:

"ئاخر منیش پیر بووم. حەزدەکەم ژن بێنی. ئەو بەدریەش داویە لە کەڵلەی‌و خەریکە وەکو تۆ دەربەدەرو ئاوارە دەبێ. نێرگز لەو خراتر، جگە لە تۆ هیچی تری لە کەڵلەدا نیە".

"چیتان لەم دەوێ؟"

"ئەگەر ناتەوێ بیخوازی بۆچی ئەوەندە ئەزیەتی دەدەی؟ گوشاری خوێن چیە؟ ئیدی تاقەتی چووە، تەحەمول ناکات، لە پڕ غەیب دەبیت‌و کەس نازانێ لە کوێی. مردووی یان ماوی؟ ئەم کیژە دەرس‌و مەرسی بەجێدێڵێ. لێرەو لەوێ، لای ئاشناو بێگانە بە دووی تۆدا دەگەڕێ. دەگەڕێیتەوە، چەند رۆژێك میهرەبانی، رووت خۆشە، هەمدیس لە کەڵلەت دەداتەوە. خەریکە گیانی دەکێشی."

"چی لێ بکەم".

"هەر مەی بینە، پێی بڵێ با بڕوا شوو بکات. خەریکە دەمرێت".

فرود دەیزانی کە گەلێك لەم قسانە ڕاستە، بەڵام ئەو چ بکات؟

"خانم گیان تۆ چت لە من دەوێ؟"

"تۆ چت لە من دەوێ؟"

"چم لێکردون؟"

"ماوتە کاولی بکەی؟ خەریکە گیانمان دەکێشی، خەریکە ئە و کیژە شێت دەکەی، خەریکە بابت دەکوژیت. خوشکەکەت وەکو خۆت لێکردووە، هەر ئەوەنەت دەزانی بە دوو قۆڵی دەکەوتنە فسکە فسك، ئاقیبەتەکەی هەر ئەمەیە. گوایە هێشتا ماوتە کاولی بکەی."

زۆر شتی لە دڵدا بوو بیڵێ. هێشتا پێی لە دەرکە وەدەر نەنابوو، رووبەڕووی نەخۆشی باوکەو روندکی چاوانی دایکی‌و لاواز بوونی نێرگز بووەوە. ئەگەر زاتی کردبا هەر ئەو ساتە کە کیژی ئاغا بە سینییەك چاوە وەژوورکەوت پێی دەگوت بڕۆ شوو بە مەلا فەیروز بکە. ببە بە ژنی ئەو.

ئیدی بۆ خۆی بوە بە فەرمانبەری دایەرە. چیە دەتەوێ مێردەکەت وەزیرو وەکیل بێ؟ بەڵام ئەو زاتەی نەبوو.بە خۆیشی دەیزانی کە ئەمەی لە کانگەی دڵەوە پێ خۆش نەبوو.
چیوای نەما بوو لە کەللەی بدات، لەوێ بڕوات، بێ خواحافیزی، بێ هیچ شتێك، یەکڕاست بڕوات بۆ لای حیزبیەکانو بە تەواوەتی خۆی وەشێرێو ئیدی هیچ کەسێك نەبینێ، نە دایکی، نە باوکی، نە نێرگزو نە مونیرەو نە بەدری. کە ناوی بەدری بە خەیاڵدا هات داچڵەکی، دایکی بە دەم خوتەوبۆڵەو گلەییوگازاندەوە دوو سێ جارێك ناوی بەدری بردبوو. گوتەکانی حاجیەخانمی لە زەینی خۆدا دووبارە کردەوە:"بەدریش داویە لە کەللەی، خوشکەکەشت وەکو خۆت پەروەردە کرد" دەبێ شتێك روویدابێ واهەموو لە خەمی ئەودان. هەر بۆ رێگومکێ پرسی:
"بۆچی مونیرەو بەدریتان لەگەڵ خۆدا نەهێنا؟"
"پیف، هەر یەکەیان خەیالی لە شوێنێکە. چما بە گوێی بابیشیان دەکەن؟ مونیرە حەزی لێ بوو لەگەڵماندا بێت، بەڵام دەکرێ بابت بە تەنێ بەجێ بێڵین؟"
"ئەدی بەدری بۆ نەهات؟"
حاجیەخانم وەڵامی دایەوە: "چوزانم."
نێرگز هەڵیدایێ:
"حاجیە خانم، پێی بڵێ بەڵکو جڵەوی بگرێ. بەدری رێك وەکو تۆیە. هەمیشەی خوا سەری وەبان کتێبانەوەیە. شتی وەها دەخوێنێتەوە کە خەڵکی ئاسایی بە هیچ کلۆجێ سەری لێ دەرناکات.کوڕان دێنێتە ماڵەوە، بەردەوام دەگەڵ ئەوانەدا دانیشتووەو گەنگەشەو موناقەشەیان دەگەڵ دەکات. بە گوێی هیچ کەسێکیش ناکات. حاجی ئاغاش زۆری خاتردەگرێ. رووی داوەتێو سیوای بووەتەوە. شەوانیش درەنگ بۆ ماڵ دێتەوە. دەڵێ کۆبوونەوەم هەبوو. ئەگەر ساڵێکی تری بەسەرابڕوات دەشێت هەردووکتان لە یەك عەرەبانە ببەسترێن. خودا دەزانێ لە کوێ دەوەستنەوە، هاوبیری ئێوەش نیە، بەڵێ".
حاجیەخانم سەری دەلەقاندو لەبن لێوانەوە دی پرتاند: "کوڕم بوو بۆ ددان، کیژم بوو بۆ مێردان، بە خۆم مامەوە رەزیلوسەرگەردان".
فرود رووی گرژ بوو. بۆ دەمێك چاوانی نوقاند. یەك دنیا هزرێن جۆراو جۆر خەیاڵدانیان پڕکرد. پیاو تا دێ دەگەڵ نەگبەتیەکدا ڕابێ، بەڵایەکی دی رووی تێدەکات،.ئێستا پێویست بوو سەفەرێکی شارەکەی خۆیان بکات، نەك هەر بۆ دیدەنی بابە پیرەکەی بەڵکو بۆ ئەوەش تاقیبێکی بەدری بکات کە وادیارە منەی دۆزینەوەی رێگەی خۆی لە ژیاندا دەکات یان دۆزیویەتیەوە. حەزیدەکرد تەنێ ئەوەندەی تێبگەیەنێ کە بنیادەم لەم جیهانە بە ئاشوبەدا رووبەڕووی چ مەترسیگەلێکە. هەرگیز نیازی ئەوەی نەبوو لەو رێگەیەی کە گرتوویەتێ بەر یان دۆزیویەتیەوە، ژێوانی بکاتەوە. تەنیا حەزیدەکرد تێی بگەیەنێ کە چ تەڵەو داوانێك لەوەیە لەسەر رێگەی بێ. دەیویست گفتوگۆی خۆی دەگەڵ ئاغای بەشیردا کە پاش تەقە کردن لە شا وەزارەتی ناوخۆی لە ئەستۆ گرتبوو بۆ بگێڕێتەوە. چۆن لە شوێنێکەوە جەزرەبەی وێدەکەوێ کە هەرگیز تەسەوری ناکات، باسی ئەو کوێخا خوێڕییەی کە بە هیوای توڕەهاتو هیچو پوچ خەبەری لەوولە

کرێکارەکان دەدا، باسی ئەو سنوورومەرجانەی بۆ بگێڕێتەوە کە سەرۆکی شارەبانی بۆی دانا بوو، باسی خۆپەرستی و دەسەلاتخوازی خەڵکانی وەکو کازمییەکانی بۆ بکات کە بۆ دەسڕۆکەیەك قەیسەریەك دەستوتێنن. باسی زەبوونی و بێدەسەلاتی خەڵکانی وەکو ئەفلاکی بۆ بکات کە درۆی گەورە ڕتوش دەکات و بە نرخی ڕاستی بە خەڵکی دەفرۆشێت، نە بەری هەیەو نە پشت.

فرود دوو دانە رۆژی تەواوی دەگەڵ دایکیا ڕابوارد.نێرگزیش شەوانە دەهاتە لایان. باسی بەرودوایان هەر ئەم جۆرە قسانە بوو.

پاشان حیزبییەکان هاتن و بردیان. نوێنەری سەر کۆماری ئەمریکا داوای دامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەشی ئینگلیزی و ئەمریکایی و ئێرانی کردبوو.دەبێ بڕۆن و ئیعترازبگرن. دەبێ ئەم ریسە بکەنەوە بە خوری. خوێندکارانی زانکۆ خەریك بوو خۆیان بۆ خۆپیشاندانێکی گەورە تەیاردەکرد. پێویستییەکی زۆر بە خەڵکانی قسەزان هەبوو. دەبوایە یەکێك بۆچوونی حیزب بۆ بێژەرەکان روون بکاتەوەو دیاری بکات،دەورێك بە فرودیش درا. پرسی نەوت شەقڵێکی گشتی و نیشتمانی وەرگرتبوو.

ئەو شتە عەنتیکەیەی کە بەلای فرودەوە تازە بوو ئەمە بوو کە حاجی ئاغاش لایەنگری لە خەبتینی کیژەکەی دەکردو لە چالاکی سیاسی کوڕەکەشی ناڕازی نەبوو.

رۆژی سێیەم دایکیان ئامادەی سەفەرکرد. بلیتیان بۆ کڕی و گەیاندیانە گەراج و سواری ئوتوبوسیان کردو فرود قەولوبەڵێنی بە حاجیەخانم دا کە ئاگای لە خۆی بیّ و پارێز بکات و نەیەڵێ گیرۆدە ببیّ و بەڵێنی دا هەرکە دەرفەتی بۆ رەخسا بچێتە دیدەنی بابی.دوا قسەکانی دایکی میناکی وەسێت بوو:

"هەرچم هەیە هی تۆو بەدریە، مونیرە بەم زووانە شوودەکات. بگەڕێوە لای خۆمان، ئیمام جومعە دەتوانیّ لە دادگادا شوێنێکت بۆ بدۆزێتەوە کە بە کەڵکی کاری تۆ بێت. تۆی خۆش گەرەکە. هەمیشە هەواڵت لە حاجی ئاغا دەپرسێت.من ئەوەندەم هەیە کە ماڵوحاڵت بۆ دابینبکەم. بەڵکو ئاواتەکەی منیش بێتە دی. دڵنیام کە تۆ دەتوانی بەدری بێنێتەوە سەر ئەقڵ. ئێمە هیچمان لە دەست نایەت: نە من و نە باوکی و نە ئاغا موعەلیم. رۆژێك بە بابتی گوتووە کە هیچی لە باردا نیە، هەڵخەڵەتاووگومڕایە..."

دوا قسەی حاجیە خانم، بەر لەوەی پیّ بخاتە ئوتوبوسەکەوە، لە حاڵێکا دەستی لە ملی فرود وەرینا بوو وئایەتەل کورسی دەخوێندو فووی بەسەرو چاویدا دەکرد، ئەمە بوو: "کاری ئەم کیژەش یەك لایی بکەوە. ژنی لەمە باشترت دەست ناکەویّ. لە دەستت دەچیّ".

کە بە دوو قۆڵی مانەوە نێرگز پرسی:

"ئێستا دەتەویّ بچیە کویّ؟"

جێگەی نەبوو، شتومەکەکانی، بەر لەوەی بۆ مازندەران بڕوات، بە کەڵهور سپاردبوو. لەبەر ئەمە دەبوایە هەوەڵجار بڕوات ئەو بدۆزێتەوە، بەڵکو شەویّ لەلای ئەو بنویّ. زۆر بەمە خۆشحاڵ نەبوو. کەلهوڕ ژنی هێنا بوو وفرود حەزی نەدەکرد ژیانی ئارامی ئەو بشڵەقێنیّ. حەوشێکی

چکۆڵەی جوانیان هەبوو.دەکرا ئەو لە حەوشەدا بنویٚو ژنو مێردەش بچنە سەربان. ژنەکەی کەلهور لە دوکانێکی گوڵفرۆشیدا کاری دەکردو گوڵی جوانی لەم چوار بستە خانووەدا ڕوواندبوو.بەیانیان بۆنی گوڵ پیاوی مەست دەکرد.مێردە دەبوایە بەیانی زووەکی هەستیٚو بەر لە هەتاوکەوتن بچیٚ بۆ چاپخانەو فریای کارەکەی بکەویٚو فرود حەزی نەدەکرد دوو سیٚ سەعاتان بە تەنیٚ دەگەڵ ئەم ژنەدا وەمێنیٚ.

"هێشتا هیچ شوێنێکم پەیدا نەکردووە".

"با بڕۆین لە ژوورەکەی مندا وەمێنە.من دەچمە لای خانم ترشیزی.پێیان ناخۆش نییە."

"نە،نابیٚ."

"بۆ؟"

"مەگەر نازانی خەڵکی چ دەڵێن؟ خەڵکی دەڵێن تۆ دەتەویٚ شووبکەی‌و من کۆسپم لەسەر ڕێگەی ژیانی تۆ."

"کیٚ دەیەویٚ شووبکات؟"

"دایکم دەڵێت فەیروز بەردەرکەی ئێوەی گرتووەو دەستبەردار نیە"

"خۆ یەك لایەنە نابیٚ، من ساڵێکی دی ئیمتیحانەکەم دەدەم، وکیٚ دەڵێت کە من بۆ شارەکەی خۆم دەگەڕێمەوە کە عیادە بکەمەوە؟ من هەرگیز بە تەمای شتی وانیم".

نێرگز گیان، منو تۆ بە کەڵکی یەکدی نایەین، ژیانی منو تۆ پێکەوە ناگونجیٚ. من تۆم خۆش گەرەکە، زۆریشم خۆش دەویٚی بەڵام ناخوازم ئاشقی تۆبم.ژیانی من لە دەستی خۆمدا نیە. دەبینی چ چارەنووسێکم بە نسیب بووە؟ ئێستا چەند ڕۆژێکە ئازادمو هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵدەکێشم.

خوێندکاران خەریکە خۆیان بۆ خۆپیشاندانێکی گەورە دژی نەخشەی داگیرکردنی ئێران کە ئەم دەلاڵی نەوتە دەگەڵ خۆیدا هێناویە، ئامادە دەکەن. چەند ڕۆژێك لەمە پێش بینیت کە خوا دەزانیٚ چەند کەس کوژران. کیٚ دەڵیٚ هەفتەی داهاتوو من دەمێنم. ژیانی من لە مۆلەقدایە. من ناتوانم خۆم لە نێوان تۆوکاردا دابەش بکەم، یا ئەمەو یا ئەوەش عەمەلی نیە."

"ئەمانە هەمووی قسەی موفتە".

نێرگز توڕە بوو بوو. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە کە ئەم کوڕە قەت نابیٚ بە پیاو. پێی وابوو ئێستاکیٚ کە ئەم حیزبە وای لێقەوماوە بەلای کەمەوە دەرسی لە ژیان وەرگرتووە، بەڵام وا نەبوو.بەوپەڕی بیٚ پەروایی، وەك ئەوەی دەگەڵ کوڕێکی منداڵدا قسان بکات، هێرشی کردە سەری:

"گەرەکتە چ بڵێی؟ قسەی دڵت بکە."

ئازای لەشی دەلەرزی، دەموچاوی وەکو گەچ سپی بووبوو.

فرود ترسا:

"چیتە؟"

"هیچم نیە،گوشاری خوێنە، قسەی خۆت بکە."

"بۆ شوو ناکەیت؟"
"تۆ هەقت چە کە من بۆچی شوو ناکەم. خۆ تۆ منت خۆش ناوێ، مەگەر بابی منی؟"
ئەمە گفتوگۆیەکی ئاسایی نەبوو. تەشەربوو، عەینی وەکو گەورەیەك کە ئەمر بە یەکێکی لە خۆی بچووکتر بکات.
"لە ناوەندی ئەم کۆڵانەدا شەڕم دەگەڵ مەکە، من خراپم نەگوتووە، خێری تۆم دەوێ".
"مـن وامـدەزانی تـۆ بەشـەری، بـە قسـەی خـۆت ئـازادی ژنانـت دەوێ. گوایـە سوسیالیسـت و کۆمۆنیستی. بـەڵام سـەیر دەکـەم ئـەقڵ و ڕەفتارو ئاکارت لـە فام و هەسـتی بابایـەکی جاهیـل تـێ ناپەڕێ. لە هەمووشت باشتر ئەمەیە کە هەرگیز یەکتر نەبینین، تـۆ بـۆ خـۆت، مـن بـۆ خـۆم. لەسـەر ئەم چوار ریانە لێکدی جیا دەبینەوە".
فرود لە سیلەی شەقامەکە وەستا. دەستی نێرگزی گرت، ساردونماوی بوو.
مەبەستی ئەمە بوو کە پێکڤە لە سوارە ڕێیەکە بپەڕنەوەو بچنە ئەوبـەری شـەقامەکە ،بـەڵام دەسـتە ساردەکانی ئەو ژێوانی کردەوە.
"سەبر بکە، تەکسییەك دەگرین. من دەتگەیەنمەوە ماڵەکەت".
لـە مـاڵی ترشـیزییەوە تـا ماڵەکـەی نێرگـز نزیکـەی پـازدە بیسـت دەققە ڕێ بـوو. هـەردووکیان بـە بێدەنگی ڕۆنیشتبوون و هێور بوونەوە. لە کـاتی سـواربوونی تاکسـییەکەدا فـرود گـوتی: "ببـوورە نێرگز،داوای بوردن دەکەم".
کچە وەڵامی دایەوە:"قەیدی نیە".
لەسەری کۆڵانەکەدا، پێش ئەوەی بگەنە ماڵەوە، هەردووکیان لە تاکسییەکە دابەزین.
فـرود دەسـتی نێرگـزی گوشـی بـەڵام هـیچ کاردانەوەیـەکی لـە کـیژێ نـەبینی. دەسـتە نەرمەکـەی جوڵەی نەکرد.
"هێشتا لێم زویری؟ خۆ من داوای بوردنم کرد"
هەنگێ نێرگزیش دەستی فرودی گوشی و زەردەخەنەیەکی کرد:
"ئەدی تۆ نایەیتە ژوورەوە؟"
"نا، من دەبێ بڕۆم وشوێن و مەکانێ بۆ خۆم فەراهەم بکەم".
"ئەدی یەکتر نابینینەوە؟"
فرود هیچ وەڵامێکی پێ نـەبوو. نەیـدەزانی چ بلـێ، چـی بکـات، چ بڕیارێـك بدات وخـەڵکانی دی چ بڕیارێك دەربارەی ئەو دەدەن. ژمارەی کۆشیاران ڕۆژ بـە ڕۆژ کـەمتر دەبوو وئێسـتا هـەرحیزبییـەك دەبوایە بەمزی کەمتروکاری زۆرتر رازی ببێ.
نێرگزی گەیاندە ماڵەوە، خوا حافیزی لێکردو خۆی لەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیـە گێـل کـرد کـە ئـەم کیژەی پێوە دەتلایەوە. بەلای کەمەوە وای نواند کە نەیدیتوە.
هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەمەی کە خۆی لە گونگوڵ و گۆبەنی ڕووداوەکاندا غـەرق بکـات. چـوو بـە سـۆراخی کـەلهوڕەوە. تـازە لـە کـار گـەڕابووەوە. دەسـتەکانی هێشـتا بـە مەرەکـەبی ڕەشـی چاپخانەوە بوو. لە قەراخ حەوزەکە وێستا بوو. سابوونی لە سەروچاوی دەخست. هەرکە چاوی

به فرود کەوت. بەرەو پیری چوو وبە دەستی سابوناوییەوە دەموچاوی گرت‌وماچی کرد. ماچ بۆ ئێستا نەبێ بۆ کەی باشە. زۆری نەبرد برزۆو دوو نەفەری تریش هاتن. ئیدی مەجلیسەکەیان مەجلیس بوو. هەرسێکیان حیزبی وشورایی بوون. لە سووچێکی حەوشەدا، لە دەم باخچە پڕ گوڵەکە، مریەم قالیچەیەکی ڕاخستبوو. دۆغرەمەی دروست دەکرد. کەلهوڕ خەریك بوو دەست‌و دەموچاوی هیشك دەکردەوە: "کوڕی باش، ئەمەش بوو بە شەرتی برادەری، بەخشکەیی لێی دەدەی‌و دەڕۆی، برزۆ ڕابە هەڕە قاپێ عارەقی دیکەش بکڕەو بێنەی."

مەشروبەکە کەیفی کۆککردن. بەسەریا ڕژان:

"چیە کردووتە بە ڕۆژی خۆت؟ دوو ڕۆژ چووە ئاوی ساردی خواردووتەوە بزانە چ کەش‌و فشێك دەکات".

کەلهوڕ کەوتە گیانی، چەند مستێکی مزری بە سینگیا کێشا.

یەك دوو سیخورمەی مستەهەق، لەوە قورستر کە فرودی ڕێوەڵەو بێ جورم بەرگەی بگرێ.

"بێ غیرەت، کاشکێ کەوتبایتە دەستی ئەمنەکانی هرسینی کە هەر سا نا ساتێ بە خەڵکەکەیان دەگوت داغتان دەکەین، بابتان دەردێنین، فەلاقەتان دەکەین، دە دانە ڕۆژ لەوێندەر بووین. نیواو نیوی لەشمان توایەوە.چەند ڕۆژ لەوێ بووی کە ئەوەندە بۆت بە پەرۆش بوون؟"

ئەمانە هەمووی سوعبەت بوو. هیچ کەسێکیان ناوی خشوعی نەبرد کە دەبوا بەیەك لاقەوە بڕژی. ئاگایان لە مردنی ئەوانی دیکەش هەبوو. دەتگوت بە دزییەوە، بێ ئەوەی ناوی هیچ قەرارێك بێنن، بێ ئەوەی بەخۆ بزانن بەڵێنیان دابوو ناوی قوربانیانی نەوت نەیەنن.هەموو دەیانزانی کە ئەم سەنعەتە زوحاکێکە دەبێ هەموو ڕۆژێك بە مێشکی دوو مرۆڤ مارەکانی سەرشانی بەخێو بکرێن. ئیدی نەوتەو بەشەرخۆرە.

"دەتوخوا دەمتان داخەن، مەگەر من پێم گوتون بەرگری بکەن. خۆتان لە ئاژاوەی خۆزستانەوە دێن. ئێستاش کە بە دڵتان نیە، هەستن بڕۆن بۆ بیهشارو ساری. من لێرە دەمێنم‌و بۆ خۆم کەیف دەکەم. ماڵتان هەیە، ژیانتان هەیە، ژنتان هەیە، هەڵبەتە منداڵیش دەخەنەوە. ئەگەر لە مردن دەگەڕێن بڕۆن بۆ کوردستان".

فرود لە هەمان ماڵ مایەوە، کەلهوڕ تەنیا ژوورو لەتێکی هەبوو، هۆدەیەك کە خۆی ژنەکەی زستانان تیای دەخەوتن‌و پەستووگەنجینەیەك دەگەڵ حەوشۆکەیەکی پڕ لە گوڵ‌و شخەڵ‌و بنچکان کە لە هاویناندا دەکرا بە موبەق. گەنجینەکە ڕێك لەسەر حەوزەکە بوو، چەند پشیلەیەك ڕۆژ تا ئێوارێ بە هێڤی ڕاوە مشك لەوێندەر دەخولانەوە، کەل‌وپەلی ژوورەکە بریتی بوو لە لبادێك‌و شەربەیەکی ئاوو سەندوقێك کە بە تیماج روو پۆش کرابوو، بڕێك شڕەو شیتاڵ لە گەنجینەکەدا فڕێ درا بوو.

"هیچ شتێکی بە کەڵك نایەت، هەر هەمووی بە ڕۆژەوە کە ئێمە لەماڵەوە نین بسووتێنەو فڕێی بدە سەر زبڵدانی سەرکۆڵانەکە. کاغەزوماغەزەکانیش بسوتێنە. مشکشی لێ نیە، پشیلە دوایان بڕیونەتەوە، دەتوانی تا ئەو ڕۆژەی نەکەوتوویە زیندان، لەم کۆشکەدا بمێنییەوە. ژنەکەم ئێوارێ لە گوڵفرۆشیەکە دەگەڕێتەوە. بە درێژایی ڕۆژ بە تەنیای، بۆ خۆت دانیشتەو بە کەیفی دڵی خۆت

پلان دابنه. خراپ سەیری مریەم بکەی سفرەتلیشت دەکەم. بیٚ غیرەتانە درۆ دەکەن. هەمان ئەو بەلاْیەت بەسەر دیٚنم کە ئەمنەکانی هرسینی دەیانویست بەسەر منیا بیٚنن. نا، بۆچی بتکوژم. یەکراست دەرۆم بە نیٚرگز دەلیٚم. با، بەخۆی گیانت لە کونە لوتتەوە دەربیٚنیٚ."

"واز بیٚنە بابە، چت داوە لە نیٚرگز، لیٚگەریٚ داماوە با فریای دەردی خۆی بکەویٚ".

سوعبەتەکەیان بوو بە جدی، هەردووکیان بیٚدەنگ بوون. مالّەکەی کەلهوڕ، حەشارگەیەکی لەبار بوو،دەگەلّ ژیانی قەلەندەرانەی فرودا دەگونجا. هاوسەرەکەی کەلهوڕیش بە ڕۆژەوە لە مالّ نەبوو، بۆیە هەر کاتیٚ بیویستبایە دەیتوانی ئەو شڕوشیتالّەی لە سەفەردا پیٚویستی نەبا، لە گەنجینەکەی دابنیٚو بە خەیالّی رەحەتو ئاسودە بەدوای کاری خۆیدا بڕوات.

فرود بە خۆیشی نەیدەزانی چەندی پیٚچوو تا لە پاش کۆمەلیٚك ماموریەتی جیاواز لەم شارو لەو شار، وزۆربەی کات لە باکوورو رۆژاوای ئیٚران، خۆی لە ئەنجوومەنی جووتیاراندا بینییەوەو پاشان لە کۆمیتەی پیٚنجدا –کۆمیتەی شار– کۆمیتەی ئاقاری تاراندا گیرسایەوە.کارکردن لە گوندەکانی دەوروبەری تاران، هەلّس‌وکەوت‌و مشت‌ومڕ دەگەلّ جووتیاراندا، بەهرەو دەسکەوتیٚك بوو کە بەو بڕا. ئەمە دنیایەکی تازەی پڕئەزموون بوو.

بەرنامەی حیزب دەربارەی کاری جووتیاری وەکو چیٚشتی مجیٚور بوو، تامی هەموو شتیٚکی دەدا تەنیا چیٚشت نەبیٚ. لەسەر کاغەز "ریفۆرمی زەوی" بوو، کەچی لە مەیدانی پراتیکدا جووتیاریانیان لە ئاغاو خانان تیژ دەکرد، باسی چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە زەوی‌و زارو زەرعات‌وکشتکاری‌و ریفۆرمی وەزع‌و حالّی جووتیاران دەکرا، بەلاّم چۆن؟ نە فرود ئەمەی دەزانی‌و نە ئەنجوومەنی جوتیاران. جووتیٚران لە هەندیٚ گوندانـدا نە گایان هەبوو نە هەوجاڕ، ئەوپەڕی بیٚلیٚکیان هەبوو یان نا، کەچی دەشیانویست چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە زەوی‌و زار چاك بکەن. بۆ نموونە دەبوایە بانکی کشتوکالّی کۆمەکی دارایی جوتیاران بکات تا پەرە بە کشتوکالّ بدەن. ئەمانە هەمووی لەسەر کاغەز دلّگیر بوو بەلاّم بە کردەوە هیچ شتیٚك بەجووتیاران نەدەگەیی. ئەنجام ئەمە بوو کە ئاغاوخانان گوشاری بیٚتریان دەخستە سەر جووتیارانی کۆلّ نەدەر، لەسەر مالّ‌و حالّی خۆ لانەوازو ئاوارەیان دەکردن‌و نامەردانە پیاوکوژانی بەکریٚ گیراویان تیٚ بەردەدان‌و لە کیٚووبیابانـدا دەیانکوشتن. ئەوەی لەم بەرنامەیەدا ناوی نەدەبرا هەلّوەشاندنەوەی پرەنسیپ‌و بنەمای مولّکایەتی فیودالّی بوو. تەنیا کەمکردنەوەی هیٚزی ئاغاو دانی بەهرەیەکی زیادە لە دەرامەتی زەوی بە جووتیاران بە ئامانج دەهاتە ژماردن. چاکسازی وەزع‌و حالّی جووتیاران، چاکسازی کاروباری ئاودیٚری‌و بەکارهیٚنانی تراکتۆرو مەکینان لە جوملەی بەندەکانی بەرنامەی حیزب بوو بیٚ ئەوەی زەمینەیان بۆ خۆش کرابیٚ. بۆیە بیٚ ئاگایی‌و نەزانی جووتیاران دەبووە مایەی ئەوەی کە دژی هیٚنانی هەر جۆرە تەکنەلۆژیایەك بوون‌و بە هەموو هیٚزو توانایەکیانەوە هەولّی شکاندنیان دەدا. ئاژاوەو ناکۆکی‌و دووبەرەکی لە گوندەکاندا بووە مایەی ئەوەی کە مولّکداران‌وخانان‌و نویٚنەرانیان لە ئەنجوومەندا گشت لە گشت دەست تیٚکەلّ بکەن‌و یەك دەنگ‌ویەکڕیزوکۆك‌و تەبا دژی رەش‌و رووت‌وجەماوەر پیلان بگیٚڕن.

فرود لەم قۆناغەدا پەی بە خاڵێکی تازەی ژیانی خەڵکی ئێران برد کە ڕەگی لە قوڵایی مێژوودا داکوتابوو. هەر گۆڕانێکی پایەدار لە ئێراندا پێویستە لەم سەرچاوەیەوە هەڵبقوڵێ دەنا سەرڤە سەرڤەو ڕەوتەنی دەبێت. پاشان هەر هەموو ئەم ئەزموونانە بە قازانجی ئەو شکانەوەو نامەی دکتۆراکەی لەم بوارەدا نووسی. هەڵبەتە شاراوە نیە کە ئەم دەسکەوتە بەروبومی نەویستراوی بەدخوازیەکانی زادەی دەستەبەندییەکانی ناوخۆی حیزب بوو کە بەنسیبی ئەو بوو. بەرپرسی کاروباری جووتیاران پیاوێکی پیرو نەخۆش بوو بە نێوی ئەهرامی. پیاوێکی خۆشباوەڕی ناوەنجی فامی جددیو بێ جمو جوڵ بوو کە زاتی ئەوەی نەبوو لە حەشارگەکەی وەدەربکەوێ.ئەوەی لەودا نەبوو وحەزی لێنەدەکرد مەسەلەی جووتیاری بوو. کاری خۆی دەکرد، بە ئەرکی خۆی دەزانی، ئەنجامەکەی چاك بوایە یان خراپ هەقی بەسەرەوە نەبوو. کارەکانی تا ئەوەندەی ئەقڵی پێی ڕادەگەیی بە گوێرەی ویژدانو پێویستی وەزعو حاڵەکان دیاری دەکرد.بۆ نموونە کاتێ کە فرودیان بەو سپارد، پەی بە ئەنگێزەی ئەسڵی ئەم رووداوە نەبرد.پاشان بیستییەوە کە گوایە لە کۆڵ خۆیان کردووەتەوەو بۆ ئەوێیان هەواڵە کردووە. ڕۆژێك لێی پرسی: "فرود، تۆ چیت کردووە وا بۆ ئەم لقەیان هەڵداوی؟" فرود کە پێشینەیەکی زەینی لەمەڕ مەسەلەکە هەبوو، دەمو دەست وەڵامی دایەوە: "بە ئەسپی شام گوتووە بارگیر".و پێکەنی. ئەهرامیش پێکەنی. ئەوەی ڕاستی بێ جێی فرود گوندی نەبوو. ئەو دەیویست لە نێو خوێندکاراندا بێ. لەوێدا دەکرا سوودی باشتر لە تواناو زانیاریو دەمتەڕیو پشتکاری ئەو وەربگیرێ.کاتی موسەدەق ئیستیقالەی دا حکومەتێکی تر هاتە سەرکارو ڕووداوەکانی سییەمی تیر(٢٢/٦-٢٢/٧) قەومانو بیستی کە شەهرنشین کوژراوەو چەند کەسێك لە ئاشناکانی بریندا بوون،کاتێ کە خەبەریان دایە ژنێکی هاوشاری ئەو پێی کەوتووەتە ژێر تانکەوەو پلیشاوەتەوەو هیچ مەعلوم نیە بژی یان نا، هەوڵیدا خۆی بگەیەنێتە تارانو پڕ بەدڵ حەزیدەکرد گیانی خۆی بەخت بکات. لە کۆمیتەی خوێندکارانا ئەویان قەبوڵ نەدەکرد چونکە کوێرانە گوێڕایەڵ بوو. لە ژینگەی خوێندکاریدا لەم بێ تەکلیفییە ڕزگاردەبوو. کاتێ خۆی گەیاندە تاران ئاو لە ئاشان کەوتبوو. موسەدەق جارێکی دی بووەوە بە سەرەك وەزیرانو دیسان خەڵکانی فرود ئاسا نەیان دەتوانی بزانن کە سیاسەتی حیزب دەگەڵ موسەدەقدایە یان دژیەتی.

بە هەرحاڵ کار لە دێهاتی دەوروبەری تاران بۆ فرود زانستگەیەك بوو بۆ خۆیو لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی قوڵ لە گەنجینەکەی کەلهوڕو لە بیابانانی پانو بەریندو بنجۆڕیو وردبوونەوە لە کتێبانی مێژوو وفایلو دۆسیەی دادگاو ئەو سکاڵانامانەی دەدرانە دادگاو لەو فایلانەدا بەرچاو دەکەوتن کردیانە کارێك بیر لە چارەسەری مەسەلەو کێشەی جووتیاران بکاتەوە.

لە هەمان سەروبەندا، لە ئەنجامی ئیعترازی بەرپرسان لە سەرکردایەتی، بڕیاردرا کە یاریدەدەرانی کۆمیتەکان لەلایەن خودی ئەندامەکانەوە بێنە هەڵبژاردن، چونکە تا ئەم سەرو بەندە بەرپرسان بەزۆری بێ زانیاری تەواو لە وەزعو حاڵەکەو بەبێ زانیاری تەواو دەربارەی توانای چالاکوانان ئەرکو پۆستەکانیان دیاری دەکرد. لە لقی جووتیاریدا فرود بە یاریدەدەر هاتە هەڵبژاردنو ئەمە گەورەترین مەسئولیەت بوو کە بە کەسێکی وەکو فرود سپێردرا.

باشیەکەی ئەمە بوو کە شارەزای تەبیعەتی ئەهرامی بوو بوو، دەستەکەی کەشف کردبوو و دەیزانی چۆن دەگەڵیا بسازێ و هەڵبکات و ماڵی بکات، کارەکانی بەو دەکرد و بە خۆیشی دەکەوتە بنجۆڕی و وردکردنەوەی مەسەلەی جووتیاری. قەناعەتی بە ئەهرامی هێنابوو کە چارەسەری مەسەلەو کێشەی جووتیاری خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی گەرەکە. دەبێ بچیە قوڵایی مێژووی ئێران، دەبێ هۆکاری جەنگە تیرەیی و خێڵەکییەکان بدۆزرێنەوە. دەبێ لە خودی جووتیاراندا تاقیب بکرێ. ئەم بەرنامە حیزبیە دەشێت لە چەند کۆبوونەوەیەکدا بۆ جووتیاران باس بکرێ. تێدەگەن یان نا، مەسەلەیەك نیە. بۆ خۆیان هەست دەکەن کە وەزع و حاڵی ئێستایان لە تاقەت بەدەرەو دەبێ بێتە گۆڕین. ئێمە دەبێ کارمان موتالاو لێکۆڵینەوە بێ. بەلای کەمەوە ئەهرامی قاییل ببێ کارولێکۆڵینەوە بکەن. ئەوانی دی دەشێت لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند بنێردرێن. ئەو هەقی خۆیەتی ئەوەی دەی بینی و دەی بیستێ و ئەنجامی چالاکیان چ ئەرێنی و چ نەرێنی بنووسێتەوەو تەتەڵەو گێژەوبێژەی بکات. لەگینە ئەمە بۆ ئایندە ببێ بە بەرنامەی کار. ئەوەندەی گوت و گوتەوە تا بەرپرسی شورای قاییل کردو ئەوانی دیکەش بوون بە هاودەنگی.

هەمیشە یەك دوو هەفتە لە گوندی بوو. پاشان بە جانتایەك کتێب و کاغەزەوە بۆ شار دەگەڕایەوە. دەیتوانی بە سەعاتان دەگەڵ پیرەمێرداندا هەڵس و کەوت بکات،گوێ لە دەردە دڵی وان بگرێ،خواردنیان دەگەڵدا بخوات، سەبیلی وان بکێشێت، لە کوختی ئەواندا بخەوێ و بە کردەوە بەشداری لە خەباتی ئەواندا بکات. خەڵکانێك بوون کەللە ڕەق، لەشیان بۆنی ئارەقەو پەینی لێدەهات،دەموچاویان تاوەسووت وپڕ چرچ و لۆچ بوو، هەرکە هۆگرت دەبوون، سەرت لەوەی سوڕدەما کە ئەمانە بێ ئەوەی باسی نیشتمانپەروەری بکەن،چەندە وڵاتی خۆیان خۆشدەویێت. ئەمانە ئەمریکاییەکانیان بە کافر دەزانی. بێ دین لە زاری ئەواندا بە مانای کەسێك بوو کە دژمنی ئێران بێ.

فرود ئەو فیلمە ئەمریکاییانەی، کە بە وانیان نیشان دەدا، بۆ شی دەکردنەوەو سەیر لەمەدا بوو کە چۆن هەندێجار گوندییەکان، سەرباری سوودی هەنووکەیی و ڕۆژانەی خۆیان دژی هەندێ ئیجرائاتی کە پێی بیانیانی بۆ دەڤەرو قەڵەمڕەوی ئەوان دەکردەوە، دەوەستانەوەو لە هیچ زیان گەیاندنێك بە ئەوزارو ئامێرو ئەنجامی چالاکییەکانی بیانیان نەدەپرینگانەوە. بۆ نموونە ئەو مریشك وجووجکانەیان نەدەکڕی کە لە دەواجنی ئەمریکاییەکاندا بەرهەم دەهێنران و بە تۆوی کوفرو خوا نەناسیان دەژمارد.

ساڵانی مەسئولیەت لە کۆمیتەی جووتیاری بۆ ئەو تەنیا چالاکی حیزبی نەبوو، بەڵکو بەدەست هێنانی زانیاری و زانست و پیادەکردنی یاساو ڕێساو بڕیاردانی نووسراوو گونجاندنی دەگەڵ واقیعی گوندو سایکۆلۆجیەتی جووتیارو ئاستی نزمی ژیان وبژێوی خەڵکیشدا، لایەنێکی کاری ئەو بوو. بە ڕادەیەك چووبووە ئەم دەریا بێ سنووروکەنارەوە کە شەڕو دەعوای حەیدەری و نیعمەتی یە حیزبیەکان لە کن ئەو نرخی پولێکی قەڵبیان نەبوو.

# (١٢)

**رووداوەکانی ٢٥- ٢٨ مورداد(٨/٢٢-٧/٢٣) دنیای تاقیب و جاسوسیەتی شلەقاند.**

**دایکی بۆ دیدەنی ئەو هاتبوو بۆ تاران و لە ماڵی مامۆستا ترشیزی لای دابوو. لە راستیا هاتبوو جلکی بووکێنی بۆ مونیرە هەڵبگرێ. دوکانی برنج فرۆشیەکەی کەناری خەندەقی فرۆشتبوو تا جیازی کیژەکەی پێ فەراهەم بکات. لاقێکی لە بازار بوو یەکێکی لای خەیات و زەڕنگەرو شیرینی فرۆش و پێڵاودروو بوو،بۆ دڵدانەوەی کوڕەکەی دەمی لێك نەدەنا کە "خوا ئەوەم دەگەڵ بکات، رۆژێ بێ جلکی زەماوەندت لەبەر بکەم".**

**لە هەموو ئەم هەڵپەهەڵپ و هاتووچۆیانەدا نێرگز هاوڕێ و هاودەمی دایکە بوو، ئەوەندە شادو بە کەیف و بە دەماخ بوو لە تۆ وایە دەگەڵ حاجیەخانمدا جیازی خۆی فەراهەم دەکات.**

**فرود لەم رۆژانەدا هەرکاتێ بۆی رەخسابا دەچووە دیدەنی ئاغای ترشیزی. مامۆستا پیاوێکی ژیرو بیناو نەرمونیان بوو، پێشبینی رووداوانی دەکرد، بۆیە زۆر بە پارێز بوو وهەمیشە دووبارەی دەکردەوە:**

**"ئێوە گەنجن و هەقی ڕەوای خۆتانە راپەڕن، دەست بوەشێنن، تەنانەت وێرانیش بکەن تا پاشان بتوانن خۆتان دروست بکەن. هەرکاتێ وێرانتان کرد ئاوەدان کردنەوەشتان لە یادبێت. ئێمە ئیتر بە بەرمانەوە نەماوە، ئێمەش گەنج بووین، بەڵام هەرگیز گەنجایەتیمان نەکردووە"، زۆر جار دووبارەی دەکردەوە: "ئەگەر جارێکیش شکان مەترسن، چۆك دامەدەن و بەر لە ئێوارێ رابنەوە، تەڕو تازە خۆ ئامادە بکەن وبخەبتن، دوای شکستانی پەی دەرپەریش هەر ئازادن، ئازادتر دەبن، کۆڵەمستتان توندتر دەبێت و هێرش و پەلامارتان کاریگەرتر." دەتگوت ئەم ڕستەیەی لە شوێنێکدا خوێندبووەوەو هەموو کاتێ گەمەی بە هەمان ئەم وشانە دەکرد. دەستودڵ کراوەو تێر بوو،حەزیدەکرد پەزێرایی وخزمەتی ژن و منداڵەکانی حاجی عەلی ئەسغەری واعیز بکات. بە رژان و پژانی ئەوان ناڕەحەت نەدەبوو، بە تایبەتی کە خانم ترشیزی فرودی خۆش دەویست و لە بەرچاوی مێردەکەی ستایشی خوێنەواری وکتێبدۆستی و خوێندنەوەو سەرکێشی و هەڵپەو سەرکەوتن وشکستەکانی دەکرد.**

**مەلیحە ترشیزی خزمایەتیەکی دووری دەگەڵ ماڵباتی ئاغای بەشیردا هەبوو. پیرایە خانمی بە منداڵی دیتبوو وپاش ئەوەی بۆ هەندەران رۆیی ئیدی هەرگیز یەکیان نەبینییەوە. بەڵام ئاغای بەشیری دەناسی وبە هێماو ئاماژە لە فرودی دەگەیاند کە ئەگەر رۆژێ لە رۆژان لە کارەکەیدا تووشی گرفتێك بوو،بەخۆی دەچێت بۆ لای ئاغای وەزیری ناوخۆ بۆی چارە دەکات. "ناڵێم بە گوێم دەکات بەڵام لەوەیە شەرموحەیا بیگرێ و چارەیەك بکات".**

**فرود بە نەزاکەتەوە پەرسڤی دایەوە: "هیوادارم هەرگیز پێویستم بەم زەحمەت و لوتفەی مەلیحە خانم نەبێ".**

**رۆژی ٢٥ مورداد کاتێ هەواڵی هەڵاتنی شا لە شاردا بڵاوبووەوە، نیگەرانیەکی سەیر فرودی گرت، باوەڕکەردەنی نەبوو. مەسەلە رۆیشتنی سەرەك وەزیرێك و هاتنە سەرکاری یەکێکی دی**

نەبوو. مەسەلەکە نەوت بوو. کێشەکە بەم شێوەیە چارە نەدەکرا، هەواڵی راستودرۆ بروسکە ئاسا لە شاردا بڵاودەبووەوە: فەرمانی لابردنی موسەدەقو دانانی سەرەك وەزیرێکی دیکە.ئەمەیان موسەدەق لە وەزارەت دەری کردبوو ودەبوایە دادگایی بکرێ، بەڵام مودەتێك لە شەمێران خۆی شاردبووەوەو ئەمێستا سەری قوت کردبووەوە. گوتیان یەکێك لە مەلایانی هەوادارى موسەدەق خیانەتی لێکردووەو ئەمە ئاکامی دەسیسەکانی ئەو بووە. هەزارویەك هەواڵی ڕاستو درۆ بە ئاسماندا دەفڕیو بڵاودەبووەوە. هەر هەموو ئەو شتانەی لە زەرق ئەم دوو سێ هەیڤەی دواییدا لە رۆژنامانی ئاشکراو نهێنی حیزبو لە چاپەمەنی موسەدەقیو ئەنتی موسەدەقی دا، چ راستو چ درۆ بڵاوبووبووەوە، کەوتبووە سەرزارانودەماو دەمی دەکرد. هەموو ئەم نەگبەتیانەیان بە ئاینو ئۆینی دایکی شاو ئەشرەف خوشکی شا دەزانی. ئەمانە کەینو بەینیان دەگەڵ جاسوسانی ئەمریکاییدا هەبوو وپیلانگێڕییان دەکرد. ئاخر بۆچی سەرەك وەزیران ئەو سەر لەشکرانەی کە پاش سێیەمی تیرگیران، ئازاد کرد؟ بۆچی ئەمانە دادگایی نەکران؟ هەوادارانی موسەدەق دەیانپرسی: "ئاخر بە چ هێزێ؟ بەرەی نیشتمانی بە خۆیان ناکۆكو ناتەبان.سەربازی خەتاکاری نیشتمان ئێستا هاوکاری سەرلەشکرانە. ئاخوند ،سەرۆکی ئەنجوومەن دژی تازەکردنەوەی دەسەڵاتەکانی موسەدەقە. ئەم پیرەمێرە بە تەنیا چی بکات؟" "بەڵێ، کە خۆی بە ئەمریکاییەکانەوە هەڵواسێ بە پەنگ دەبێ". "ئێوە هەر یەخەی ئەمریکاییەکان دەگرن. دەبە شورەوییەکان بڵێن بۆچی زێڕەکانی ئێران نادەنەوە. بۆچی پشتیوانی لە حیزب دەکەن؟"، "پشتیوانی چی؟ ئەوانە سیاسەتیان دەربارەی نەوت سەبرو چاوەڕوانیەو موسەدەق بە دژە ئیمپریالیست دەزانن. ئەوە حیزبیەکانن خۆیان کردووە بە دایەنی دڵسۆزتر لە دایك،بە کوچکی گەرمتر لە ئاگر. ئیدی کار لە مەراییو ماستاوساردکردنەوەش تێپەڕیوە، کارگەیووەتە... لیسی".

فرود لەم گروپە جیا دەبێتەوە، دەگەڵ کەلهوڕو برزۆدا بەرەو شوێنێکی دی دەڕۆن. لە سۆراخی حیزبیەکاندا بوون. لە بەینی خۆیاندا هەرچەند نەفەرێكو لایەنگری گروپێك بوون. ئەم گروپە نەیارانی خۆیان بە تروتسکیست، ئوپورتۆنیست، خوردەبۆرژوا ناو دەبرد. هەرکەسێك بچووکترین رەخنەوگلەیی لە سیاسەتی سۆڤیەت هەبوایە بە خایەنو ناپاك ناودەبرا. دووبەرەکی دەستەی جێبەجێکردنو دژمنایەتی نێوان رێکخراوی لاوانوحیزبیان بە سەرچاوەی زەبوونی حیزب لەم رۆژەدا دەزانی. یەکێك لە ئەفسەرانی حیزبی کە بە جلکی مەدەنیەوە خۆی بەنێو ئاپۆڕاکەدا کردبوو، هانی دەدان کە سەبریان هەبێو پەلە نەکەن. حیزب ئامادەیە، حیزب چەکدارەو لە کاتی خۆیدا دێتە مەیدان. فرود گوێی دەگرتو باوەڕی نەدەکرد. یانی بەم سەرگەردانیو سەر لێ شێواویەی "سەرێ" راپەڕین دەکرێ. ئەگەر وابوایە بۆچی پەیوەندیان بەویشەوە نەکردووە کە یەك ساڵی خشت سەربازی کردووە. ئەفسەرە حیزبیەکە رایگەیاند کە رۆژی نۆیەمی ئەسفەند(٢٠/٢-٢٠/٣)، کاتێ شا دەیویست هەڵێت، براوخوشکەکەی شا نەخشەی کوشتنی موسەدەقیان کێشا بوو وئەگەر وریایی رێکخراو نەبوایە ئەمڕۆکە وەزعێکی ترمان دەبوو. ئەو دەیزانی کە برایەکەی شا کەرەستەیەکی فرەی جەنگی خستبووە بەردەستی

بەختیاریەکانو ئەمەش بووە بایسی ئەوەی کە زاهدی-یان دەستگیری کرد. لێیان دەپرسی: "چۆن نەتان توانی پێشگیری لە کوشتنی سەرۆك شارەبانییەکەی موسەدەق بکەن؟"لێرەدا ئەقڵی بە هیپ کویێ ڕانەدەگەیی.
زۆربەی ئەو کەسانەی کە ڕۆژی ٢٥ مورداد لە شەقامەکانی نادریو بەهارستانو بازاڕدا دڵتەنگو نیگەران بوون هەستیان دەکرد کە پیلانو نەخشەی دژمنانی موسەدەق هێشتا جێبەجێ نەکراوە، پیلانەکانی شاو خوشكوبراکەیو مورتەدەکانی بەرەی نیشتمانیو سەرلەشکران هێشتا پراکتیزە نەبووە. ڕاپرسیو ریفراندۆمەکەی ڕۆژی ١٢ مورداد وداوای هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەن دوا جەزرەبە بوو کە موسەدەقیەکان لە شایان دا بەڵام خۆیان بۆ هێرشی بەرانبەر ئامادە نەکرد. ڕۆژنامە حیزبیەکان هۆشداریان دەدا بەڵام وەکو دوایی دەرکەوت ڕێکخراوی سوپایی حیزب هیچ زانیارییەکی لەو بارەیەوە نەبوو کە حیزب چۆن دەیەوێ کودەتاکە تێك بشکێنێو پوچەڵی بکاتەوە.
ڕۆژی ١٧ مورداد هەراوهەنگامەکە خەریك بوو دەگەییە لوتکە. فرود هەرگیز هەستی بەمجۆرە شڵەژانە نەکردبوو.دڵی خۆش بوو. هەڵبەتە دەبێ ئەوانەی سەرێ شتێکیان زانی بێ، بڕیارێکیان دابێ. نا، ئەمە بە خۆڕایی نیە. فرود وەکو مریشکی سەربڕاو هەڵبەزودابەزی دەکرد. بە شارا دەگەڕا. لەم شەقامەوە بۆ ئەو شەقام. حیزبیەکانوخەڵکیو کاسبکاران وبازاڕییانوکرێکارانو مەلایان لە مەیدانی سوپا، شەقامی فیردەوسی، نادری، لە بەردەم ئەنجوومەندا کۆمەڵ کۆمەڵ لە دەوری یەکدی وەستا بوون، بە دەنگی بەرز گفتوگۆیان دەکرد. شەڕیان دەبوو. لایەنگری موسەدەق، لایەنگری شا. لۆریانی پڕ لە سەرباز وەکو بروسکە بە شەقامەکانا تێدەپەڕین. کۆمەڵێکی گۆپاڵ بەدەست لە کۆڵانوپەناوپەسێوانەوە ئامادەی هێرشو پەلامار بوون. حیزبیەکان لە یەکتریان دەپرسی کەس ئاگادارە؟ چ فەرمانودەستورێك هەیە. دەبێ تەسلیم بن؟ بەرپرسانی دەستەوسانوداماو خۆیان دەدزییەوە. وەکو مەڕی گێژ هەر سەریان دەلەقاند. هەموو تیا مابوون. تاكو تەرایەکیان هاندەدا کە نابێ بڵاوەی لێبکەن. هەموو سەریان لێ شێوا بوو. بەرەییەکان گلەییان دەکرد. جنێویان بە حیزبیەکان دەدا، فرودوکەلهوڕو ژنەکەی هیچ چارێکیان نەبوو بێجگە لەوەی خۆیان لە گێلی بدەن. فرود دەی پرتاندو دەی بۆڵاند: هەموو خەڵکیمان لە خۆ ڕەواندەوە، هەموو خەڵکیمان لە خۆکرد. ئەم خۆپیشاندانە دژی موسەدەق چ ئاکامێکی بوو. ئێستا نۆرەی ئەوەیە گوێمان لە جنێوان بێو فزە نەکەین. هەموو وەکو مشکی لە ئاو هەڵکشاو چوونەتە کونەوە.
ئاپۆڕاوخۆنوێنی سەربازان سات بە سات زۆرتردەبوو. لۆریانی پڕ لە خەڵکانی کاسەلێسو دەسەندەخۆر هاواریان دەکردو هورایان دەکێشا با بژی شا. خەڵکانی دەوروبەریش بە هاوارو هوراکێشانی با بژی موسەدەق وەڵامیان دەدانەوە.
کۆمەڵە ڕووداوێك بەڕێوە بوو. فرود بڕیاری خۆی دا. هاتنە دەرەوەی دایکیو نێرگزو مونیرەی لەم ڕۆژانەدا، قەدەغە کرد. کەس بۆی نەبوو پێ لە دەرکەی حەوشی مالی ترشیزی بێنێتە دەرێ.

حاجیەخانم دەی پرتاند: "ئەیەڕۆ، ئەدی چ لە جیازی کچەکەم بکەم؟ هەزارو یەك کارم هەیە، ئاخوندو میوانانمان بۆ هەفتەی ئاینده دەعوەت کردووە".

"هەر ئەوەیە کە گوتم: ئەم رۆژانە کەس لە ماڵ ناچێتە دەریّ".

هەرگیز بەم توندییە قسەی دەگەڵ دایکیدا نەکردبوو.

ئاغای ترشیزی قسەکانی ئەوی دەسەلماند. بە دیار رادیۆوە دانیشتبوو وگوێی لە دەنگو باسان دەگرت. زۆربەی کات ژنێك گۆرانی دەگوت. هەواڵەکان بەر لەوەی لە رادیۆوە بڵاوببنەوە خانم ترشیزی لە رێگەی تەلەفۆنەوە وەری دەگرتن. گەڕانەوەی شا لە رۆمەوە بۆ تاران، دەستگیری موسەدەق‌و موخالفین لە خەبەرو باسە گەرمەکان بوو.

لە بازاڕدا خەڵکی دوکانیان داخست، هەر هەواڵێکی درۆش ڕاست دەهاتە بەرچاو. کاتیّ خانم ترشیزی لە تەلەفۆنەوە بیستی کە ژمارەیەك شادوخۆشحاڵ لە دوای تانکەوە کەوتوونەتە گیان خەڵکی داماو، هەنگیّ فرمانەکەی فرودی کە هیچ کەس نابیّ بچێتە دەرەوە سەلماند. نێرگز حەپەسابوو، واقی وڕما بوو. ئەم رووەی فرودی نەبینی بوو. وەکو ئاغا موعەلیم فەرمانی بە شاگردەکانی دەداو جێبەجێکردنی فەرمانەکەی بە پێویست دەزانی. خانم ترشیزی بەردەوام دەیپرسی باشە حیزبی ئێوە ئێستا چ دەکات؟ هەمووان هەمان پرسیاریان دەکرد.

حیزب چوو بووە خەڵوەتەوە، چلەی گرتبوو. راوێژ دەکەن، خەریکن بڕیار دەدەن. فرودوکەلهوڕو برزۆ شەویّ تا بەیانی نەخەوتن. رادیۆی تاران خەبەروباسی خۆی بڵاودەکردەوە، لە تۆ وایە هیچ شتێك رووی نەداوە. دوا نیوەڕۆی ٢٧ مورداد ئاغای ترشیزی خەبەری گرت کە شار خەریکە دەقڵیشێتەوە. فرود خۆی گەیاندە ماڵی ئاغای ترشیزی‌ولە نێرگزی خوڕی:

"نایەڵیت حاجیەخانم لە ماڵ وەدەرکەویّ."

"ئەدی تۆ بۆ کویّ دەچیت؟"

"دەڕۆم بزانم چ باسە".

"مەڕۆ، مەڕۆ، ئێمە دەترسین."

دەستی کردە ملی فرود. سەروچاوی بەوەوە نووساند. لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو. وەکو بی نێو ئاو دەلەرزی.

"مەترسە، مەترسە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە".

بە خۆیشی ترسی لیّ نیشتبوو. بە ئەسپایی، بەڵام یەك دڵو یەك بڕیار، خۆی لە باوەشی نێرگز دەرکێشاو رۆیی.

شار لە مەیدانی تۆپخانەوە تا شەقامی نادری یەکپارچە حەشامات بوو.کۆمەڵێك داربەدەست نەعرەتەیان دەکێشا. وتیان هێشتا هەتاو لە شەقامەکانی نەدا بوو، گەرما باڵی نەکردبووەوە ئاژاوەچی ونۆکەرانی دەوڵەتی بە شەقامەکانا غاریان دەدا. چەقۆکێشان کەوتبوونە گیانی خەڵکی. هەموو غاریان دەدا. هەندێك لەبەر دوکانەکانی خۆیانا ئێشکیان دەگرت، بە واقی وڕەوە لەبەر موغازەکانی خۆیاندا دەیانڕوانیە غاردەران، کوتەك بە دەستان، هوراکێشان‌و پاسەوانانی حۆڵو پەرپوت ولە هەموو شتیّ بیّ ئاگا کە عەبایان لە شان کردبوو وکڵاویان لەسەر نابوو.

تـەمی تـرس، حـیرەت و سەرسـامی، بـێ ئاگـایی و سسـتی لـە چـارەیان نیشـتبوو. ترومبێلانـی خسوسی خۆی لە شەقامە سەرەکییەکان نەدەدا، خۆیان دەتەپاندە لاکۆڵانەکانەوە.
دەوڵەت بە تەما بوو ئەنجوومەنی سەڵتەنەتی پێکبێنێ، ئەمریکاییەکان ئیعترافیان بە حکومەتی موسەدەق نەدەکرد.
حیـزب لـە بەیاننامەیەکـدا داوای رژێمـی کۆمـاری دەکـرد. لـە بەهارسـتاندا چەقۆکێشـان دەگـەڵ وەکیـل باشـیاندا رۆژنامـە چەپی و موسـەدەقیەکانیان تـاڵان دەکـرد. فەرمانـداری سـوپایی تـا دوا ساتیش نەیویست داوای کۆمەك لە جەماوەری خەڵك بکات. دەست لەسەر دەست دانیشتبوو و تەمەشای دەکرد.
فرود کەلهوڕی دۆزییەوە.
"مەگەر نازانی ئەمڕۆ سەعات نۆ مەوعیدمان هەیە."
"لە کوێ بزانم؟"
قاو بڵاوبووەتەوە کە حیـزب دەگـەڵ حکومەتدا پەیوەندی هەیـە. سـەعات بـە سـەعات خەبـەران بـە دکتۆر موسەدەق دەگەیەنێ. دەستوور هاتووە کە حیزبیەکان شەقامەکان چۆڵبکەن و بکەونە پاك کردنـەوەی ماڵـەکانی خۆیـان لـە بەڵگەنامـەودیکۆمێنتانی حیزبـی. پاشـان دەسـتورێك هـات کـە سـەعات سـێ هێـرش بـۆ سـەر کۆنەپەرسـتیەت دەسـت پێدەکات و دەبێ هـەموو دەسـت بـەکارین. دەسـت بـە چ کارێـك بکـەن؟ سـات بـە سـات ژمـارەی بـێ مێشـك و لاتـو لـەوێران زیـادی دەکـرد. دروشمـانی "ئێمـە شـا پەرسـتین" دەگـەڵ دروشمـانی موسـەدەقی و دروشمانی حیزبیـدا تێکـەڵ دەبوون. کتێبفرۆشییەکان تالان دەکران. موغازەداران و کاسبکارانی بازاڕ دوکانەکانیان داخست. پاس وئوتومبیلەکانی شار لە ترسانا ناچاربوون لایتەکانیان پێبکەن.
فـرود نزیکـی سـەعات نۆ (رابیتەکـەی) خـۆی دۆزییـەوە. چـاوەڕێ بـوون دەسـتور بێـت بـەڵام هـیچ دەسـتورێك نـەهات. بـەرە بـەرە کۆڵانـەکان پڕبـوون لـە حیزبیـەکان، قـەراربوو لەلایـەن حیزبیـەکی گـەورەوە لەوێـدا دەسـتورێکیان پێبگـات. لـەم کـۆڵان بـۆ ئـەو کـۆڵان، لـەم شـەقام بـۆ ئـەو شـەقام رۆییشتن، غاریان دا، گێژیان خوارد، پیاسەیان کرد، نـە هـیچ کەسـێك هـات و نەهیچ دەسـتورێك گەیی.
بـەرە بـەرە دەنگـی با بژی وبا بمـرێ بـەرزتر دەبـووەوە. نـاوی موسـەدەق بـەرگوێ دەکـەوت. بـەڵام ناوەکـەی تـر ئاشـنا نەدەهاتـە گـوێ. حیزبیـەکان رۆییشـتن و گەڕانـەوە. بـوو بـە سـەعات دەو هیچکەسێك نەهات. لە پڕ سەربازان بە نێزەوە لەبەر ماڵی موسـەدەقدا ریزیان بەست.دەتگوت لـە دووی یەکێك دەگەڕێن.خەڵکیان دەستگیر دەکرد. لە پاس وجێبیـان دەپەسـتاوتن، لێیـان دەدان و دەیـانبردن. دەوروبـەری نیـوەڕۆ فـرود بـۆ مـاڵی ترشـیزی گەڕایـەوە. حاجیـەخانم دەگـەڵ خـانم و کارەکەری ماڵەکەدا لەسەر قاڵدرمەکانی ناو حەوشەدا کزکۆڵەیان کردبوو. پێیان وابوو گوێیـان لـە دەنگی تۆپ بووە. رادیۆ گۆرانی خۆش وشادی بڵاودەکردەوە.
بەڵام لە حیزبدا وەکو فرود لـە نەوارەکەدا (کاسێت) دەیگێڕێتەوە: "نـەیانتوانی بوو کۆببنـەوە. کارەکـە کـەوتبووە دەسـتی ژنـان. عـەبایان بەسـەرا دەداو دەچـوون بـۆ مـاڵی خزمـە خانـەدان و

دەوڵەمەندەکانیان. تەلەفۆنیان بۆ عەیالی وەزیرانی موسەدەق دەکرد کە حیزب ئامادەیە پشتیوانیان لێبکات، پەنایان بدات و بیانپارێزێت. بە قوربان و سەدەقەیان دەبوون. ئامادەن بڕژێنە ناو جادەوشەقامەکان، سەربازان چەك بکەن.

کار لە دەستی سەرکردایەتی ورابەرانەوە کەوتبووە دەستی خانمانی بەڕێز. ئەوان خەریك بوون ڕێیان بۆ حیزب دادەنا. ئەم بێ وبڕۆیە درێژەی کێشا تا کار لە کار ترازا. گورگ هات و پەزەکانی برد.

هەڵبەزودابەز تەواوبوو. لە راستەوە لێیان دا بۆ چەپ، لە چەپەوە لێیان دا بۆ راست. لە رۆژانی دواییدا رازەکان کەشف بوون. هیچ کەسێك نەیگوتبوو کە سەربازانی هێرشبەر ماڵی موسەدەق بپشکنن و داماڵە چەکی بکەن.دروشمی کۆمارخوازی بێ پرسی حیزب بەرزکرابووەوە. نەخێر، بەرپرسی تاران خراپ حاڵی بووبوو. ئەم جۆرە بیروبیرکردنەوەیە لە ئارادا نەبووە. هەرگیز بیری وا نەبووە، ئەفسەرانی حیزبی بە خۆڕایی لە نێو ئاپۆڕاکەدا خۆیان نواندووە. هیچ کەسێك دەستووری وای نەدابوونێ، نەخانمان و نە خەڵکانی دیکە، قال وقیلێکی باش هەڵایسا. جا چ شتێك نەگوترا، چ قسەیەك ما نەیکەن. نەیاندەویست دان بەوەدا بنەن کە حیزب چەند سەد ئەفسەرێکی دەستخەڕۆ کردووە. بەڵام خەتایەکە کەوتە ئەستۆی موسەدەق و بەرەی نیشتمانی. هیچ یەکێك لە دوو دەستەکەی ناو کۆمیتەدا، نە کەجوەری و نە ئەوانی دی دانانیان بە نا مەسئولیەت و بێتوانایی خۆدا نەنا. کاتێ فرود لە ئەندازیار عالی پرسی: "ڕاستە گوایە چەند کەسێك لەو رابەرانەی کە بۆ مۆسکۆ هەڵاتبوون مکوڕبوون لەسەر ئەوەی بۆ ئێران بگەڕێنەوەو کۆمیتە بە بیانووی ئەوە کە ئێمە ناتوانین زامنی گیانیان بین، نەیان هێشتبوو بگەڕێنەوە، وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، وایە."

"بۆچی؟"

"چونکە هەر دەستەیەك دەترسا نەبادا بە گەڕانەوەی چەند کەسێك لە هەڵاتووەکان، دەستەی بەرانبەر بەهێزتر ببێ ودەسەڵات بکەوێتە دەستی وان."

ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەونیشانەیەکی تێشکان وئیفلاسی حیزب بوو.لە ئاغای ئەندازیاری پرسی: "ئێوە چەندین مانگ هۆشداریتان دا، داوای بەرگریتان لە ئەندامان دەکردو دەتانویست کە ئەندامان بە هەموو هێزی خۆوە بە کۆمەکی هەر هەموو ئیمکاناتەکانەوە لە پێناوی پوچەڵ کردنەوەی پیلانی دژمناندا بێتە مەیدانی خەبات. خۆتان چۆن ئامادە بوون. ئایا دەستورتان بە رێکخراوی ئەفسەران دا کە ڕاپەڕین بەرپا بکەن؟"

"نە."

"بۆ؟"

"دەترساین سەری پەتەکە لە دەست ئێمە دەرچێت، چونکە نەمان دەویست دژی موسەدەق ڕاپەڕین و نەمان دەیویست بەبێ رەزامەندی ئەو لەسەر ڕاپەڕین، دەست بەکاربین"

"یانی دوای بورژوازی کەوتن وجڵەوەکەتان بەدەستی خانمان سپارد".

ژمارەیـەك لـە حیزبیـەكان لێـڕان بـە یـەكجارەكی وازبێـنن‌و خـەریكی كاروژیـانی خـۆ بـبن. زۆر كەسیش وازیان هێناو ئەو خێڕەیان لە حیزب نەویست. هەندێكی دی لە نۆشداروی پاش مردنـی زۆراب دەگـەڕان. بێهـودە دەگـەڕان. خـەڵكانێك هـەبوون هـەر حـەزیان دەكـرد وا خوبنـوێنن كـە چـەپڕەون.ئیـدی راگـرتنی كادرەكـان وەخـت بـەفیڕۆ دان بوو،دەبووایـە حیزبێكـی شۆڕشـگێڕ دابمـەزرێنرێ.دەی وەرەوە سـەر هـەمان تـاس‌و هـەمان حـەمام. ئەمانـە پێیـان وابـوو كـە پێویسـتە تەنیا بژاردەكان بۆ جەنگی چەكدارانە ئامادە بكرێن.

سەرلێشـێواوی رابەرایـەتی لـە رادە دەرچـوو.دوای رووداوەكـە كەوتنـە بـیری جـەنگی پـارتیزانی. مەشقی بەرگری چەكدارانەیان بە ئەندامان دەكرد. لێرەو لـەوێ چـەكیان كـۆدەكردەوە. بۆمبایـان دروستدەكرد، ئەویش زۆر ناشیانە. لەم چالاكیەدا ئەفسـەرێك بریندار بوو ودەستیان بڕییـەوە، لـە ماڵەكانی شەمیراندا عەماریان دروستكرد، بە بێوەژنانی خاوەن بـاخ‌و زەوییـەكانیان نـەدەگوت كـە بۆچی لـە ماڵەكانیانـدا بینـا دروسـت دەكـەن. ژنـانی بـێ ئاگـا لـە مـەحموودی بـێ زەوادیـان بـۆ لای ئەم‌و ئەو دەنـاردو داوای كۆمەكی داراییان دەكرد، تكاو ڕجایـان دەكـرد كـە خـانوو وموڵكـەكانیان بـدەن بـەحیزب. بـە خـەیاڵی خۆیـان سـەركردایەتیان دامـەزراند، بریتـی بـوو لـە ڕابـەرانی حیـزب‌و چەند ئەفسەرێكی رێكخراوی سوپایی.كاتێ خەڵكانێكی ساویلكەی میناكی برزۆ لێیان دەپرسین كە پێویسـتە لـە كوێـوە شـەڕی پارتیزانی دەست پێبكرێ، مینگـە مینگێكیـان دەكـردو وەڵامێكـی لامسـەرلاییان دەدایـەوە، ئەمـەیان بـە بەشـێك لـە نهێنی دەژمـارد. ئـەوەی راسـتی بـێ بـە خۆشـیان نەیاندەزانی.

پەشـێوی‌و پاشاگەردانیەك بـوو ئەوسـەری دیارنـەبوو. خـەڵكیان بـۆ شـارەكان نـارد. چـوونە لای سەرۆكی شارسانەكان(ویلایەتەكان).داوای كۆمەكیان لێكردن بۆ راپەڕین. لە خۆ دزینەوەی ئەوان نەترسـان. شـپرزە نـەبوون. دەیانویسـت فـرود بـۆ شـارەكەی خـۆی بنێـرن. ئیمـام جومعـەی شـارەكەیان دەیتـوانی خـەڵكی بـۆ بـەرگری‌و مقاوەمـەت پەیت‌وتـەیار بكـات. پاشـان دەسـتبەردار بـوون. هـەر مەبەسـتی وایـان نـەبوو. تـەنیا كـەجوەری بـوو كـە هـاتبوو بـە خـەیاڵیا كـە دەشـێت شۆڕشـێكی گشـتی بـەرپابكرێت. هـەرگیز ئـەوەی بـە بیردا نـەهات كـە دژمنـەكانیان تـەنیا شـای زامـدارو پیـاوانی سـلۆكی ئێـران نـین، بـەڵكو هـەموو دامودەزگـا جاسوسـی‌و دیبلۆماسـیەكانی ئەمریكا‌و ئینگلیز خۆیـان بـۆ نـابودی حیـزب تەیاردەكـەن. هێشتا هـەر چاویان لـە گرتنی كـۆڕی گشـتی‌و خۆپیشـاندانی ناوچـەیی‌ومانگرتن‌و بڵاوكردنـەوەی شـەونامەو دروشـم نووسـی بـوو. حاڵەتی نیمچە ئاشكرایی حیزب بەردەوام بوو. دەیانویست خـەڵكی هۆشیار بكـەنەوە. یـەك بـەرە پێك بێنن، رووداوەكان ئاراستە بكەن، هەر هەمان قسە سواوو پواوەكانی جاران دەكرانەوە. دەبـێ لە خوارەوە، لـە قەواعیدەوە یـەك بـەرە دابمـەزرێ: لـە كارخانـەو قوتابخانانـەوە. رابەرایـەتی دەبـێ جدی‌و یەك بڕیارو یەك هەڵوێست بێ، تیۆری‌و پراتیك یەك بخرێن. لـە تـۆ وایـە هـیچ شـتێك رووی نەداوەو حیزب‌و رابەرایەتی(سەركردایەتی) حیزب لە گیانەڵلادا نیە.

فەرتەنـەو هەراوهەنگامـە هەڵگیرسـا. رازی‌ونـاڕازی، شـەری چـەكداری گـۆڕا بـە شـەڕی دڕۆینـەی مەسـڵەحەت. گوایـە بـە حیسـابی خۆیـان دەیانویسـت ئابڕویـان نەچـێت‌و شـەرم‌و نەنگییـەكانی

ڕۆژانی ٢٥- ٢٨ی مورداد به ڕواڵەت یان بە ڕاستی ڕاستی قەرەبووبکەنەوە. ئەمەیان دەزانی - ڕەنگە نەشیان زانیبا- کە ئەگەر دەستی لێبدەن خراتر دەبێ.چەند نەفەرێك داوایان کرد نامە بۆ کۆمیتەی مەرکەزی -ئەگەر کۆمیتەی مەرکەزی مابێ- بنووسن. زراوتان نەتۆقێ. شپرزە مەبن، نەپەشۆکێن. بۆچی... و ... تان تێکەڵ بووە، خۆتان زەردمەکەن، ئێمە دەتان پارێزین، پیشتیوانیتان لێدەکەین..

هەنگێ نامیلکەی ٢٨ی مورداد دەرچوو، بەڵام بە چ ناوەڕۆکێك؟ مایەی سەرسامی بوو. لە کۆمیتەکەی فرود هەر هەموو، بەیەك دەنگ کردیان بە هەراوناڕەزایی. یەکپارچە ناکۆکیو لێکدژی بوو، هەرگیز وەڵامی ئەم حەپەسانو بێ سەروبەریو پەرێشانیو نازانمکارییەی نەدەدایەوە. مەبەست ئەمە بوو کە هەر هەموو هەڵەکانی (ڕابەرانی حیزب)، و خەمساردیەکانیانو ناکۆکیو ناتەبایی ناوخۆی ئەم دوازدە ساڵەیان پەردەپۆش بکەنو بە ترساندنو تۆقاندنی ڕەخنەگرانو ئیرادگران ڕێگە لە هەر ڕەخنەیەکی بونیادنەر بگیرێ. تاقمی کەجوەریو -کازمی دەیانویست هۆی شکستەکە بخەنە ئەستۆی ئەهرامیودکتۆر خەندە.

نێرگز پێی وابوو پاش ئەم شکستە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە لە فرود تێبگات. نە، نێرگز لە بیری خۆیدا نەبوو، لە خەمی خۆیدا نەبوو. ڤیانی ئەو گەیی بووە قۆناغێك کە ئیدی خۆی لەبیر بردبووەوە. ئیدی لە حاڵوبارێکا نەبوو کە ئەوی تەنیا لەبەر خاتری خۆیو بۆ قازانجی خۆی بوێ. خۆشبەختی فرود بووبوو بە ئارمانجی ژیانی. ئامادە بوو لەبەر خاتری بەختەوەری فرود چاوپۆشی لێبکات. خۆی فیدابکات. وێڕای ئەمەی هەندێجار لە خۆی دەپرسی بۆچی ئەم کوڕەی، کە ئێژی زەڕەیەك مەحەبەتی لە دڵودەروونا نیە، خۆشدەوێ؟ ئایا ئەوی میناکی برایەکی بچووك خۆشدەویست؟ چەندی حەزدەکرد وا بووایە، وەڵامی خۆی داباوە: بەڵێ، بەڵام نەیدەتوانی خۆی فریوبدات.. فرود ماشوقی بوو. ڕێك کەوتبوو لە خەودا نەوازشی کردبوو، لە حاڵێکا کە ئارەقەیەکی سارد دەنیشتە سەر هەنیەی، هەرگیز زاتی نەکردبوو، هەرگیز هەستێکی ئیجباری لا بێدار نەبووبووەوەو واداری نەکردبوو کە لێو بە لێوییەوە بنێ. ئاخر ئەمە چ سڕو جەزبەیەکە خەریکە فەوتوفەنای دەکات؟ بوونی فرودی لەلا عەزیز بووبوو. دەبوایە فریای ئەو بکەوێ، ئەو ڕزگاربکات، هەموو شوێنێ هەرخەتەروترسناك بوو.

زۆر شتان لە هەگبەی دڵیا کەڵەکە بووبوو کە بەوی بڵێ: لەبەر خاتری ئەم حیزبەت بوو ئەم هەموو بەڵایەت بەسەر مندا هانی؟ ئەوەندەت خەمساردی دەرهەق بە من کرد. بە هەفتەو بە مانگان داتە کێووبیابانان هەر بۆ ئەوەی تۆ نەبینم، منت بە نیگەرانیو دڵتەنگی سپارد. ئەم هەموو دڵ سوتاندنەی من لە پای چی؟ خۆشت دەوێم؟ ئەسڵەن تۆ جگە لە خۆت کەسی ترت خۆشدەوێ؟ نە دیتتو نە تێگەیشتی کە من نەخۆشم؟ نابینی خەریکە زەمینگیرم دەکەی؟ مەگەر هەر خۆم بزانم چیمە. تۆ ئەوەندەش بێهۆش نیت، خۆت لە گێلی دەدەی. بیرێك لە دایكوبابیشت بکەوە. چما ئەم قسانەی بە گوێدا دەچوو؟ ئەوەندە خەمساردو بێموبالاتە گوێی لە هیچ نیە،و زۆر شتی دیکەش هەبوو کە ڕووی نەدەهات بیڵێ، دڵی نەدەهات سەرزەنشتی بکات. نابێ تیغی زوبان لە خەڵکی شکست خواردوو بدرێ. لە کێردی تیژ بە ئازارترە. چی بکات؟ ئەوی دەویستو

باری دڵی خۆی نەدەبردو نەیدەتوانی وازی لیٚ بێنیٚ. فرود لە کویٚ بە حاڵی نێرگزی دەزانی. ئەو هێشتا قەناعەتی وابوو کە پەیامێکی پێسپێردراوەو مەحکومە بەوەی دوا چۆڕی جامی شوکران هەڵدا. ئەم وشەی "پەیامە" نێرگزی دەهری دەکرد، پەیامی چی؟ ئەمانە کە بە پشتیوانی دەوڵەتی سەرکەوتووی سۆڤیەت‌ودەزگای بانگەشەیی سۆڤیەت پشت قایمن ئیدی تۆ ئەم پەیام‌و پەیامداریەت لە چیە، تاقە سوارەوتەنیاباڵ هەموو کەس دژتە، تەنانەت هاوشاری‌و هاوقوتابخانەو هاودەورەکانی زانکۆشت لەگەڵتا نین، ئیدی تۆ گەرەکتە چ ئەرك‌و پەیامێك ئەنجامبدەی؟ بە چ زمانێك ئەم زەبوونی‌و بێهودەییەی تێبگەیەنیٚ؟

لە دوای ۲۸ مورداد کەس لە خۆی ئەمین نەبوو. بیٚ حیساب خەڵکیان دەگرت، لێیان دەدان، ئەشکەنجەیان دەدان‌و نهێنیان ئاشکرا دەکرد. لە زانستگەدا، بە تایبەتی لە کۆلیجی پزیشکیدا دەرس‌و دەوام نەما، خوێندکارانی ناڕازی‌و دژ هاواریان دەکرد: "خاکتان بەسەر، بیٚ غیرەتانە، حەیاتان چوو!".

نێرگز بە هەڵەداوان لە دووی فرود دەگەڕاو دڵی ترپە ترپ لێی دەداو لە هەموو کەس‌و نا کەسێك لە هەمان حیزبە هەڵخەڵەتاوەکانی دەپرسی کە ئایا ئەویان نەدیتووە؟ کاتیٚ کە ئەوی ئاوارەو سەرگەردان، لە یەکێك لە کۆڵانەکانی نزیکی زانستگەدا دۆزییەوە یەکەمین قسەی دەگەڵیدا ئەمە بوو:

"هەر دەتگوت حیزبەکەم، حیزبەکەم، ئەمە حیزبەکەت بوو؟ من کە هەرگیز دەگەڵ ئێوەدا نەبووم‌و نابم. ئەمڕۆ بەهۆی ئێوەوە شەرمەزاربووم".

فرود ئەم تەشەرەی لەبەر گران بوو.

لە نامەیەکدا کە دواتر حاجی ئاغا ناردبووی نووسرابوو:

"تومەز هەق بە موسەدەق بووەو تودە نەوتی..."

لەم گێروداروکێشماکێشەدا خەڵکانی ئیفلیج کەر، رەنگە پیلانگێڕو ئاژاوەچیش سەریان قوت کردەوە. بیٚ پەروایانی تریان بۆ خراپکاری هاندەدا دەبیٚ ئەم حیزبە تێکبدریٚ، دەبیٚ بگۆڕدریٚ. ئەم حیزبە لە خەڵکانی ترەوە دەستوور وەردەگریٚ. دەبیٚ حیزبێکی کۆمۆنیست دابمەزرێنریٚ، سەربەخۆ ودوور لە هەر بەرنامەیەك کە خەڵکی بۆی دابنیٚ. یان بە پێچەوانەوە، پێویستە حیزبێکی کۆمۆنیستی وەها بێتە دامەزراندن کە هەنگاو بە هەنگاو پەیڕەوی لینین بکات‌و هیچ خاترخوایی‌و سازشتێکی لە مەزەبا نەبێت.

چەندین مانگ لەسەر نامیلکەی (۲۸ مورداد) کە بەرەنجامی خۆویستی‌و باڵاخوازی مێشکێکی ئاڵۆز بوو ودەربارەی نامیلکەی (تەعلیماتی) کە یەکێك لە لاوەکان نووسی بووی، گەنگەشەو مشت‌ومڕو گفتوگۆ کرا. هەردوولا گوتەێن ستالین‌و ماویان بۆ یەکتر دێنایەوەو هەرکاتیٚ بە بەڵگە هیچیان بە هیچ نەکردبا، جنێوو تۆمەتیش بەکار دەهێنرا. بە بۆچوونی فرود ئەم نامیلکەی (تەعلیماتی)یە کە شیکردنەوەیەك بوو دەربارەی هۆیەکانی شکستی رابەرایەتی حیزب لە ۲۸ی مورداد جدیتر، واقیع بینانە تر بوو، هەڵبەتە لە خۆویستی‌و بیٚ ئەزموونی تازە بە دەوران گەییشتووەکان خاڵی نەبوو کە هەموو شتێکی سالٚمەندانیان رەفز دەکردو پێیان وابوو بیٚ

گوێـدان بـە رابـردوو دەکرێـت نەخشـەیەکی نـوێ دابڕێـژرێ. نەیانهێشـت ئـەم نامیلکـە زۆر بڵاوببێتـەوە. بـەڵام دوایـی هـەر خۆیـان دانیـان بـەوەدا نـا کـە بـە هـۆی هەڵـەکانی رۆژی ٢٨ی مورداده‌وه چ لە ناو کۆمەڵگەداو چ لەلای ئەندامانی حیزب متمانە بە رابەرایەتی حیزب لەق بووە. ئەم بیرانە مێشکی فرودیان مژوڵ دەکرد نەك دڵی سوتاوی نێرگز. هەرکاتێ لـەم بوارەدا کـەوتبا تەنگانەو ئاو لە دووی بێڵی نەچووبا پەنای وەبەر ئەو دەبردو بە ئومێد بوو دڵخۆشی بداتەوە.

لـە هەنبـەر ئـەم سـەرگەردانیو بێکـاریو پەشـۆکاویەدا، پۆلیسودەزگاکـانی سـوپا بـە تونـدی پـەلاماری نـەیارانی رژێمیـان دەدا. دەیـانگرتن، ئەشکەنجەیان دەدان، سەرسەریوچەقۆکێشـانیان بەردەدایە گیان حیزبیەکان، دەیانترساندن،و ترسو خۆفیان بڵاودەکردەوە، لە پڕ دەڕژان بەسـەر ماڵی خـەڵکی دا، لەسـەر بانانـەوە بـەبێ پـەروا خۆیـان هەڵدەدایـە حەوشـەی ماڵانـەوە. دەربەسـت نـەبوون ئەگـەر چـەند بێگونـاهێکیش بکـوژن. قـانونو دادوەریو داد قسـەی بـەلاش بـوو. قـانون شەلاق بوو و قۆناغە تفەنگوجنێوی پیس وەکیل باشیان بوو. هەرکەسێك لـە زینـداندا خـۆڕاگری کردبا گیـانی خـۆی لـە دەسـت دەدا. زەبوونـانوبۆڕخواردووان بـەڵێنی ئـەخلاقیان دەدا. نـەفرەت نامـەیان دەنووسـی، پاکانـەیان دەنووسـی. حیزبیـان بـە دەزگـای جاسووسـیو ئـامێری دەسـتی بێگانان ناودەبردو دەژمارد. گوتاریان لە ستایشی شاو دەربـاردا دەنووسـیو درێـژەیان بـە ژیـانی خۆ دەداو بە نانو ئاوێك دەگەیيشتنو لـە زانسـتگەدا کورسـیان بـۆ تـەرخان دەکـراو لـە دایـەرەدا خانوو ئوتومبیلو سلفەی مانگانە.

لـەم گێژەنگوسـەرەگێژکە گشـتییەداو لـە نـاو ئـەم گێـژاوی کەساسـیو زەبـوونیو بـێ شـەرمیەدا ژمارەی بنیادەمانێ کە ئەقڵو رێبەرییان بکات لە پەنجەی دەست تێ نەدەپەڕی. فرود لە خۆی دەپرسـی: ئایـا تـۆ مـەردی ئـەم مەیدانـەی؟ تۆ کـەری ئـەم بـارەی؟ بـە شـەقامەکاندا دەسووڕایەوە، شـوێنێکی نـەبوو تـا دانیشـێتو بـە شـێنەیی حـوکمی خـۆی بـدات. لەبـەر جامخانـە گـەورەکانی شەقامەکاندا دەوێستاو تەمەشای سەروسیمای خۆی دەکرد. ئێسکی گۆناکـانی دەرپـۆقی بـوون. لاواز بـوو بـوو، چـرچو لـۆچ کـەوتبووە هەنیـەی. لـە زەرق چـەند سـاتێکدا شـریتی دوازدە سـاڵی تەمەنی لێدایەوە. ئایا ئـەوەی بەسـەری هـاتبوو هەڵبـژاردەی ئـارەزوو وتەبیعـەتی خـۆی بـووە یـان خەڵکانی دیکەو رووداوەکانو کەمۆکەیەك خۆویستی رۆژیان بەم رۆژگارە گەیاندبوو؟ خۆ ئێستا هـیچ شـتێکی دی نـەماوە؟ ماتـەڵی چیە؟ بۆچـی ئەوانـەی پـێڵاوی خۆیـان لـێ هەڵکێشـاو هـەڵاتن ناگەڕێنـەوە. دوانـزە سـاڵ لـەوە پـێش بـە دەسـتی خـۆی نـەبوو، ئـەدی ئێسـتا؟ دانیشـتنو وتـنو وتنەوەی ئەوەی کە چارەنووس وای کردبوو، ئەمەشیان عوزر لە قەباحـەت خراتـرە. وەکـو ئـەوەی حیسابدارێك لەو سەرەوە دانیشتبێو هیچ کاری نـەبێ جگـە لـەوەی ئـەوە بنووسـێتو تۆماربکـات کـە چـی بەسـەر بنیادەمـدا دێت؟ ئایا خـۆی ویسـتبووی کـە شـەوێك هـاودەم دەگـەڵ بـێ مێشـكو یەکەڵە چاوەکاندا دانیشێتو گوێی لە تەشەربازی ئەوان بگرێو ناوێکی نەرموناسکی لـێ بنـەن. خـەڵکانێك هـەبوون کـە بـە گۆشـەوکینایە یـان ڕێكو ڕاسـت پێیـان دەگـوت کـە چ مەترسـیگەلێکی لەبەردەمـە. بـابی،دایکی، ئاغـای پایـەدار، ئاغـای بەشـیر، کـە ئـەمڕۆ وەزیـری ناوخۆیـە، بێگومـان

خەڵكی بە هەموو لایەكەدا ناردووە تا ئەو دەستگیربكەن. چ گوناح و تاوانێكی كردووە تا بیگرن. بەلای كەمەوە بەگوێی گەورەكانی نەكردووە.
دەستێكی تەكان دەداو ئەم وەهەمو خەیاڵاتانەی لە خۆی دووردەخستەوە. خەریكە تووشی ماخولیاو ئەسپەك دەبم. ئیدی رێیەكە گرتوومەتە بەرو دەبێ بڕۆم. ترسی لێنیشتووەو بە خۆڕایی هەزارو یەك بیانووی هیچ و بێ بنج و بناوان (بیانووە جولەكانە) لە خۆی و ژیانی خۆی دەگرێت. فرود دەیتوانی لە ناخی ناخدا گەشبینانە بیربكاتەوەو ئامانجێك بۆ خۆی دیاری بكات و ملی رێگە بگرێ و بڕوات. لە جووتیارەكانیەوە فێری سەرسەختی بووبوو. لەوپەڕی ناخۆشی و تەنگانەو بێ دەرەتانی و مەینەتیدا بیری دەكردەوەو شیعری دەگوت و دەنووسی. ئەنجامی بیركردنەوەكانی خۆی لە قاڵبی رۆژانە یاداشتەكانی و لە شیعرەكانیا دادەڕشت و بەرجەستە دەكرد. ئەوانەی بە دەنگی بەرز بۆ خۆی دەخوێندەوەو خۆی بە جۆرێ تەڵقین دەدا وەك بڵێی حەقیقەتی دۆزیوەتەوەو چیوای نەماوە بە مەبەست و مەرام بگات. بەڵام خەیاڵات دەستبەرداری نەدەبوو. هەركە لە چاخانەیەك دادەنیشت و داوای چایەكی دەكرد، وێنەی جۆراوجۆر، پچڕ پچڕو شپرێو هوڕوژمیان بۆ دێناو دەیان ترساند. ئەوەندەی بەس بوو كە مێزێك لەكەیەكی پێوە بێ و یان پێشخزمەتەكە درەنگ بێت، ئیدی حەواسی پەرت دەبوو، بیركردنەوە لە شێوەی كلافە دەزووی ئاڵۆسكاودا سەری دەكرایەوە. وای لێهاتبوو گومانی لە ناسنامەی خۆی پەیداكردبوو. چ جۆرە بنیادەمێكە؟ پەیگیروخۆڕاگر یان دوو دڵ و ڕاڕا؟ ئامانجێكی لە ژیاندا هەیە یان لە دووی خۆویستی و پایەخوازو نێوبانگە؟ هەموو ئەم نەخش و نیگارانە وێنەی نێرگزیان تەڵخ دەكرد. رووداوانی رابردوو دەگەڵ خەیاڵاتی خاووكاڵدا تێك دەئاڵان، قەوارەی جۆراوجۆریان وەردەگرت، مەحوودەبوونەوە، دەتوانەوە، دەبوون بە ئاو، وەكو هەور لە حەوادا تێك دەئاڵان.
نەك هەر فرود، بەڵكو هەر هەموویان بەلای كەمەوە پاشماوەكانی حیزب لەوپەڕی شپرزەیی و سەرگەردانیدا دەژیان. جاسووسانیش حەزیان نەدەكرد حیزب لە نێوبچێت. هێشتا هەموو سەركردەكان نەگیرابوون. پێویست بوو هەوەڵجار ئەوان پاكسازی بكرێن و لەناوببرێن.
ئابڕوچووان هاتن وهەمدیس بە ناوی بەخۆداچوونەوەو چارەسەری گیروگرفتەكان كۆبوونەوەی گشتیان سازدا، لە هەموو رێكخراوە جۆراوجۆرەكانەوە، لاوان، جووتیاران، تەنانەت خانمان مكیاج كردووش بە ناوی رێكخراوی ژنانەوە بەشداریان كرد. چیوای نەمابوو كە هەموویان بگیرێن. جاسوس و شۆڤارو هەواڵدزو دوو زمان لە هەموو شوێنێك دەسوڕانەوە، بە قیافەت و هەئیەتی جۆراوجۆرەوە، شۆڕشگێڕ، چەپڕەو، لایەنگری وەشەنكارانی ناملیكەی (٢٨ی مورداد)و ناملیكـــــــــــــــەی (عـــــــــــــــــــــــــــــەلیماتی).
جارێك فرودیان دەگەڵ دەستەیەكدا كە لە مەیدانی تەجریشدا خڕ بوو بوونەوە گرت و بە غەڵەت بەریان دا. بووبوو بە فەرتەنە. حكومەت لە شەقام وكۆڵان، لە بنكەو لە كارخانان ئەوەندەی خەڵكی دەگرت كە وردودرشتی لێكدی جیا نەدەكردەوە. هەروا بە خۆڕایی ئەویان خستە حەپسەوەو پاش ئەوەی هەندێ درۆو راستی دایە دەم یەكەوە بەرەڵایان كرد.

بەڵام لە پێشا قژیان هەڵپاچی و سەریان کەچەڵ و ناشیرینیان کردو کاتێ خۆی بە نێرگز نیشان دا، نێرگز خەریك بوو لەبەر پێکەنین ژان بکات. بۆ ماوەی چەند رۆژێك رووی کردبایە هەر کۆڕو مەجلیسێك دەبووە مایەی شادی و پێکەنینی خەڵکەکە. تەنانەت ئەهرامی-ش کە گرژی و مۆنی بە دەموچاوییەوە نەقش بووبوو، بزەیەکی هاتێ. ئەم بزەیە زیاتر ڕقی هەستان. هەق بوو تەمەشایەکی خۆی بکات. هەرچوار دەوری پاکەتە حەب و شووشە دەرمان وپەرداخە ئاو بوو. هەرکە دەجولایەوە شوێنێکی دەیزریکاندو دەیدایە ژان. هەندێجار نەیدەتوانی لە جێی خۆی ببزوێ، هاواری پشت و هاواری لاقی بوو. دایمە چاوەڕێ بوو هەواڵێکی ژن و منداڵەکانی بزانێ. ئەم داماوانەش لە بیری نەگبەتی و بەدبەختی خۆیاندا بوون. بە هەزار گیانەهاری دەیانتوانی خۆراك ودەرمانێکی بۆ بنێرن. چارەنووسی جووتیارانی ئێرانیان بە دەستی ئەم داماوە سپارد بوو. هەرکاتێ دەگەڵ ئەندازیار عالی دا دەربارەی ئەم پیرەمێرە قسان بکرایە تەنیا سەری دەلەقاندو ئەگەر مەست بوایە دەیگوت: "کارەکان باش دەڕۆن. بەو زووانە ئێمەش دەگرن و هەنگێ هەموو کاروبارەکان دەکەوێتە دەستی ئێوەگەل، ئەم بێ سەرو بەری و پەشێوی ڕێکخراوەییە نامێنێ".

تاقە قازانجی حیزبیەکان لەم ئاشوب وپەشێویە ئەمە بوو کە جاسوسێك، کە خەریك بوو لە سەری سەرەوە جێی بۆ خۆی دەکردەوە، ناسراو ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاژیرێك بوو بۆ هەمووان کە زیاتر بە پارێزبن. هەموو ئەو کەسانەی کە لە گوریسی ڕەش وسپی دەترسان کەوتنە ئەم بیرەی کە ناکا فرودیش لە چەشەکانی شارەبانی بێ، ئازادیان کردووە تا شوێن پێی هەڵگرن. بەرە بەرە مقۆ مقۆ،وپێکادانەکان نیشتنەوە. کەس نە گوێی بە قسەی خەڵکانی میناکی کەجوەری دەداو نە بە نووسین و قەڵەمبازی گروپی موخالیف. بەلای فرودەوە هەر هەموو ئەم گەمەو کایانە نیشانەی بێ زاکونی و لێك ترازان و هەرەس بوو. هەموو بێتاقەت بووبوون. ماندوو بووبوون. نەك هەر شکستی سیاسی بەڵکو شەڕی مندالانەی نێوان پیروپاتاڵ و لاوانی شۆڕەت و ناوبانگخواز هەمووانی لە پەلوپۆ خستبوو.

ئەندازیار عالی گوتەنی کار لەم کارانە ترازا بوو. بە هیچ جۆرێ ڕاستگۆیی و دروستکاری لە نێو ئەندامان‌دا نەمابوو. لە هەر لایەکەوە بای بهاتبا لەوێندەرەوە شەنیان دەکرد. هەموو رۆژێك ژمارەیەك لە کۆشیارانی حیزب دەستگیردەکران. مەحموود ناوێك چالاکوانە چەلەنگ و وریاکانی دەستەبژێر دەکردوخەبەری لێدەدان. هیچ کەسێك لە کۆمیتەی جووتیاران نەما بوو، جگە لە ئەهرامی و یەکێکی دی ئیدی هەموویان گرتبوون. ڕەشبینی ونائومێدی تەواو بلاوبووەوە. هەر هەموو لە یەکتر بە گومان بووبوون. کۆنە حیسابان پاك دەکرایەوە. مەسئولیەتی کۆمیتەی جووتیاران بە تەواوەتی و بە فەرمی بە فرود سپێردرا. چ مەسئولیەتێك؟ لە هەموو شت گرینگتر پاراستنی گیانی ئەم پیرەمێرە نەخۆشەشیان خستە عۆیەی ئەو. دەبوایە هەر ماوە نا ماوەیەك ماڵێك بۆ ئەووهاوکارەکانی ئامادە بکات. لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تریان بگوازێتەوە، کاتێ کە لە جێدا دەکەوت -ئەم کارە زۆرجار دووبارە دەبووەوە- دەبوا پزیشکێکی حیزبی بۆ ببات.

ئەم پیرەمێرە زۆریش بوێرو بەورە نەبوو.نەك هەر لەوە دەترسا کە دەستگیر بکرێ، بەڵکو زیاتر لەوە دەترسا کە خۆراك‌و دەواو دەرمانەکانی لە کاتی پێویستدا پێنەگات. نەشی دەتوانی هەموو شتێك بخوات. هەموو خواردنێکی دەبوایە بێ خوێ بوایە. فرود نەیدەزانی ئایا لەوەتای کەوتووەتە ژیانی ژێرزەمینی ئەوەندە پارێزدەکات یان لە ژیانی ئازادیشدا هەمیشە نەخۆش بووەو ناچاربووە هەر فریای دەرمان‌و خۆراك بکەوێ. لە خۆی دەپرسی باشە کەسێکی تەندروست ترو هوشیارتریان دەست نەکەوتووە کە بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژێرن؟ ژیان‌و رابردووی ئەم پیرە نەخۆشە بۆ فرود بووبوو بە مەسەلەیەکی ئاڵۆز، خوێندنی پزیشکی لە تاران تەواو کردبوو وبووبوو بە پزیشك. دوای چەند ماوەیەك کە کەوتە مالیجەی نەخۆشان بۆی دەرکەوت کە هەر لە بن ناکاتەوە.زەین کوێری‌و راستگۆیی‌و پارێزکاریەکەی واداریان کرد بۆ فەرەنسا بڕوات‌و لە ئەوروپا فێری لقی پزیشکی ببێ. لە ئەوروپادا ئەوەندە لە وەزعی ئێران‌و بە تایبەتی لە خوێندنی پزیشکی‌وماموستاکانی نائومێد بوو، کە پەیوەندی بە بزاڤی خوێندکارانەوە کردو بە گوێرەی تواناو ئەوەندەی لە باریابوو بەشداری چالاکییەکانی دژ بە رژێمی رەزا شای کرد. بەم پێشینەیەوە بۆ ئێران هاتەوەو هەر زوو گیراو چەندین ساڵ لە زینداندا مایەوەو ئەمە بۆی بوو بە سەرمایەیەك تا بۆ کۆمیتەی مەرکەزی حیزب هەڵبژێردرێ. نەگبەتی ژیانی ئەم پیاوە لەوەدا بوو کە دەستی دەدایە کارگەلێکەوە کە بۆ ئەو کارانە نەخوڵقابوو.ئەم ئەهرامییە نە پزیشك بوو ونە حیزبی‌و نە دیپلۆمات. پیاوێك بوو راستگۆ، وەفادار، بە باوەڕ، هەر خوا دەیزانی ئەم کارەی بەرەو کوێی دەبات. ئەمە نەگبەتی‌و کارەساتی ژیانی بوو، ودەبووایە ئەم شەربەتە تاڵە بنۆشێت.

فرود سەرباری تەنیایی‌و شەکەتی‌و دوودڵی ئەو رۆژگارەی خۆی، دەبوایە مشوری ژیانی ئەویش بخوات، زۆرجار لە خۆی دەپرسی: ئایا بە خۆم ئەم گرفتاریەم هەڵبژاردووە یان بەسەرمدا سەپێنراوە؟ ئەو بە خۆی پێویستی بە کۆمەك بوو، وکەچی دەبوایە کۆمەکی کەسێکی تر بکات. پێدەچوو لەو رۆژگارەدا هەست بەوە بکات کە ژیان پێویستی بە پشتیوانێکەو ئەو داژداریەی لە نێرگزدا دەبینی، رەنگە هەر بۆ ئەو رۆژانە ئەوەی بە بیردا هاتبێ کە خۆی لەم تالوکەیە دوور بخاتەوە، بەڵام بە نەعرەتەیەك ئەم شەیتانە دڵڕەقەی لە خۆی دوورخستەوەو بە مکوڕبوونێکی زیاترەوە کەوتە کاری خۆی. رۆژێك ئەهرامی کاتێ کە خەریك بوون مەسئولیەتی کۆمیتەی جووتیارانیان بەو دەدا لێی پرسی: "لە سەرەوە کێ دەگەڵتا ناکۆکە؟" ئایا ئەم پرسیارە لە بارودۆخی پاش ٢٨ی مورداد خۆی لە خۆیدا هەنجەت‌و بیانوویەك نەبوو بۆ ئەوەی بە تەواوەتی خۆی دووربخاتەوە؟ نا، کاردانەوەی ئەمە بوو کە ئەگەر نەتوانێ کارێك بۆ حیزب بکات بەلای کەمەوە دەتوانێ گیانی خۆی قوتاربکات، لە وەڵاما گوتی:

"ئەم قسانە چیە دەیکەی؟"

"دەخوازن کۆمیتەی جووتیاران هەڵوەشێننەوە، تا ئێستا من رێم نەداون".

فورد نەیگوت باشتر، پێکڤە بە دووی کاروژیانی خۆ دەکەوین، بە پێچەوانەوە هانی دا:

"ئێمە بەمجۆرە درێژە بە چالاکی خۆ دەدەین. لەوەیە پێشکەوتنیش بە دەست بێنین."

ماڵە دوو ژوورییەکەی کەلهوڕ لەوە بچووکتر بوو کە جێی فرودی لێ ببێتەوە. ئەم خانووە کەوتبووە نزیکی سەرچاوەوە، لە بن بەستی ئاشتیدا بوو، وەهی کابرایەکی ئاخوند بوو کە ئاشنایەتی دەگەڵ حیزبییەکاندا هەبوو وهەوڵی دەدا لە ڕای خودا ڕێنوێنیان بکات. لێیان بە گومان نەبوو وبە کافری نەدەزانین. هەرکەسێك بێ جێو ڕێ بوایە یان لە شارسانەوە بهاتباو دۆستو ئاشنای نەبووایە بۆ چەندین مانگ بارگەی لەم دوو ژوورەدا دەخست. هاوڕێیان ناویان نابوو "ئوتێل پالاس". فرودش شەوانێکی لەم ماڵەدا ڕۆژ کردبووەوە. پاش ئەوەی خانەوادەی برزۆ، کە دوای دزی بانکەکان لە ئێران دەرچوو بوو، هاتنە تارانو بەرێو شوێنەکەیان زانی، ڕۆژێك چەند سەرباز دەگەڵ ئەفسەرێکدا بەسەر ئەو ماڵەدا ڕژانو شتومەکەکانی برزۆیان برد. هیچی نەبوو جگە لە برێ کتێبو سێتارێك کە هەندێجار هاوشاریەکانی خۆی پێ سەرگەرم دەکردن. خاوەن خانووە داماوەکەشیان دوو سێ ڕۆژێك حەپس کردو پاشان ئازادیان کرد. کاتێ کە ئازاد بوو هاوڕێیان بەسەریا ڕژان: مەگەر بە خۆت نەتدەگوت مل بۆ ئەمری واقیع بدەو ڕوو گرژ مەکە. ئیدی چیت دەوێ؟ چما نازانی لە مەسەلەی ملداندا دەبێ بگەیتە قۆناغێك کە حەوت تەبەقەی دۆزەخ لە چاوی ڕاستدا تەحەمول بکەیو گلەیی نەکەی کە بۆچی لەوە خراپتریان نەنایە چاوی چەپت؟

لەو ماڵەدا ئیدی کەس لە خۆی ئەمین نەبوو. هەموو پەرتوبڵاو بوونەوە، هەرکەسەو پەنای بۆ کوختە وێرانەیەك برد. فرود دوو نەفەر لەوانەی بۆ ماڵەکەی کەلهوڕ هێناو لە پەستۆکەدا جێی کردنەوەو بۆ خۆی ئاوارە بوو وهەر شەوەی لە شوێنێك بەسەر دەبرد. تەنانەت شەوێك لە مزگەوتدا نووست. پەتۆیەکی دەگەڵ خۆیدا بردو دای بە خۆیداو تا بەیانی لە نێوان خەوو بێداریدا، لە نێو هەراو زەنای ئاوارانو سەرمادا گینگڵی دا. لە داڵانی مزگەوتدا جێگەکەی لە کوختە شێدارەکانی مازندەران خراپتر نەبوو. شەوێکیشی لە پەناگاکەی ئەهرامی بەسەربرد، چونکە نەیدەویست وەزع لەم پیرەمێردە تێك بدات لێبڕا کە لەوێش نەمێنێ. چوو بۆ لای نێرگز. کیژێ خەریك بوو ئیمتیحانی کۆتایی ساڵی دەداو دەیتوانی کتێبەکانی لە جانتایەك بنێو بۆ چەند شەوێك بچێتە ماڵی ئاغای ترشیزی.

بە ڕێکەوت لەو کۆڵانەدا کە نێرگز کرێچی بوو،خانوویەکی چکۆڵەی دوو ژووری چۆڵ بوو. حەوزو باخچەو چەند بنچە گوڵەباخێکی هەبوو. پەستۆیەكو کەلوپەلێکی کەمی هەبوو. خانووەکە هی پیاوێك بوو بە ناوی ئاغا جەلال کە شوفێری بازرگانێك بوو کە دراوسێی دیوار بە دیواری ئەم خانووە بوو. ئەم دوو ژووروحەوشەیە لە کۆنا کاتێ کە باوانی ئاغا لە جیاتی ئۆتومبیل ئەسپوگالیسکەیان هەبووە، تەویلە بووە،وچونکە پێویستیان پێی نەبووە بە نرخێکی هەرزان داویانە بە ئاغا جەلالو ئەویش دوو ژووری تیا دروست کردووەو بە تەما بوو لە کرێی ئەم خانووە پارە کۆبکاتەوەو ژنی پێ بێنێ. بە خۆی ئەگەر پێویست بوایە دەیتوانی شەوان لەو پەستۆیەدا بەسەربەرێت.

ئەم شوفێرە پیاوێکی شەریف،جوامێر، دروستکارو فیداکارو کەمێك بێ پەروا بوو. ئاغا جەلال ئەندامی حیزب بوو وئامادە بوو ئەم دوو ژوورە بدات بە هاوڕێکەی. ڕۆژی ٢٨ی مورداد کاتێ

سەیری کرد رابەرایەتی حیزب هیچ دەنگو دەستووریکیان نیە بە خۆی دەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەیویست بە تێلا بکەوێتە وێزەی ئەو سەرسەریانەی کە کەوتبوونە گیانی خەڵکی. زۆر منەتباری فرود بوو کە ئەو ڕۆژە نەگیرا بوو یان نە کوژرابوو. لەبەر ئەمە ڕێزی دەگرتو بە گوێی دەکرد. لە دوای خۆپیشاندانەکە بە دوو قۆڵی چەند سەعاتێك لە باخی میللیدا پیاسەیان کردو زۆر شتیان باس کردو ئاغا جەلال باسی ژیانی خۆی گێڕایەوە: ئاغای پیاوێکی خراپ نیە، کاری بە کاری منەوە نیەو کاتێ کە لە نووسینگەو ئۆفیسەکەی لە بازاڕ دەگەڕێتەوە ئیدی ئەو ئازادە. کاتێ کە نیازی سەفەری بە ترومبێل هەبێ پێشوەختە ئەو ئاگاداردەکاتەوەو دەبێ خۆیو ئوتومبیلەکە بۆ سەفەری چەند ڕۆژە ئامادە بکات. پاشان باس هاتە سەر جێگەوماڵومەزڵو فرود دانی بەوەدا نا کە مەزڵێکی جێگیرو هەمیشەیی نیەو هەندێجار بێ جێگەو ڕێگەشە.

"وەرە با بڕۆین من ژوورێکت دەدەمێ".

"نا، ئاخر... شتەکە بەو ئاسانیەش نیە."

"تێ گەییشتم، کاری نهێنی دەکەی، قەیدی نیە. منیش لەو کارەدام."

ئەوە بوو کە بە دوو قۆڵی بۆ ماڵە تازەسازەکەی ئاقا جەلال چوون. فرود شڕوشیتاڵەکانی خۆی بۆ ئەم ماڵە گواستەوە.

دۆستایەتی ئەم دوو هاوڕێ حیزبیە لە ڕۆژی ٢٨ی مورداوە دەستی پێکرد، بەڵام متمانەی نێوانیان لە تۆ وایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەهای ساڵان. هەردووکیان ڕێك کەوتن هەرکاتێ یەکێکیان دەچێتە دەرێ کلیلەکە لە درزی دەرگاوە بخاتە حەوشەکەی نێرگزەوە.

پاککردنەوەو خاوێن کردنەوەی ماڵەکەش نێرگز لە ئەستۆی گرت. ئاغا جەلال دەیویست ژن بێنێو ڕازی بوو ژوورێك بدات بە هاوڕێکەیو ژوورەکەی تریش بۆ کەلوپەلو شتومەکەکانی خۆی تەرخان بکات. ڕوحی سەرکێشی ئەم پیاوە بیست ساڵانە، سەرنجی فرودی ڕادەکێشا.کەچە سیواتێکی هەبوو وسوودی لە گفتوگۆی فرود وەردەگرتو هەوڵی دەدا شتێك فێر بێو زانیاری خۆی زیادبکات. هەندێجار فرود شیعرێکی بۆ دەخوێندەوەو ئاغا جەلال ئەزبەری دەکرد.لەو زەمانە بە دواوە هەرکاتێ کەسێکی خەڵکی ماڵەکە یان ماڵی ئاغا شەوانە لە کاتی بێکاریدا بەلای ماڵەکەی ئەودا ڕەت بووایە، گوێی لە دەنگی دەبوو کە بە ئاوازەوە ئەم بەیتانەی دەگوت:

که ئاڵا سەرنگون بوو لەشکر پەریشان دەبێ

پێ کە خزی هیچ ئومێدێکت بە هەواداران نەبێ

لە خەزاندا بانگێکی ئەفسووس لە عەندەلیبان هەڵنەستا

کە وەرەق هەڵگەڕایەوە چاوت لە یارمەتی یاران نەبێ.

بەمجۆرە دەیویست ئەو نائومێدیەی کە لە ئەنجامی ڕووداوە حەیابەرەکانی ٢٨ی مورداوە بەسەریا زاڵ بوو، لە خۆی بڕەوێنێتەوە. وێڕای ئەمەش سڵ نەکردنەوەو سەرەڕۆییەکی کردیە کارێك چەند هەفتەیەك دوای ڕووداوەکانی ٢٨ی مورداد گومانیان لێ پەیدا کرد.چونکە لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حیزبدا لە خۆپیشاندانەکاندا گومانی ئەوەیان کردبوو کە

بەیاننامەکانیان لە ئوتومبیلەکەی ئەوا دەرهێناوە. چەند سەربازێك دەگەڵ ئەفسەرێکدا رژابوونە ناو ئەم حەوشە دوو ژوورییەو چەندی گەڕان هیچیان نەدۆزییەوە،جگە لە دیوانەکەی سائیب کە لەبەر خاتری ئەزبەرکردنی ئەو شیعرانەی سەریٚ بۆ خۆیی کڕی بوو.

هەمان رۆژ نێرگز خۆی بۆ تاقیکردنەوە ئامادە کردبوو. ئیدی لەو خوێندکارە هەژارە نەدەچوو کە دارونەداری خەرجی کتێبانو هەندێجار سەرفی فرود بکات. بۆ بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆتایی خۆی تەواو رازاندبووەوە. لە ژنێکی بە ورە دەچوو کە عەزمی جەزم کردبوو کە بە مەبەستی پاراستنی دڵدارەکەی هەموو هێزوتوانای خۆی بخاتە کار.ماموروکاربەدەستان کە بۆ تەحەڕی ماڵەکەی ئاغا جەلال هاتن سەیریان کرد کە دەرگاکەی قفڵەولەمو لەویان زانی کە کلیلی دەرگای ماڵەکە لە جەم نێرگزە. چوون بۆ لای، ئەویش دەگەڵ سوپاییەکاندا دەرگای ماڵەکەی کردەوەو ژوورەکانی پێنیشاندان:

"ئەم دوو ژوورە هی هاوشارییەکی منە، ئاغا جەلال هەندێجار لەم پەستۆوەدا دەخەویٚ".

نێرگز توانی بە شۆخیونازو عیشوەی ژنانە بە جۆریٚ ئەفسەرە لاوەکە مژول بکات کە پێی باش بوو هەرچی زووترە پایدۆسی لێبکاتو ژوورەکەی فرود هەر تەفتیش نەکات. لەبەر دەرگاکە وەستا بوو، هەرکاتیٚ مامورەکان پرپاسکەیەکیان دەکردەوە یان شمەکی ناو ژوورەکەیان ژێرو بان دەکردو هیچیان نەدەدۆزییەوە تریقو هۆڕ پێدەکەنیو گاڵتەی پێدەکردن. هەرکە ئەوانە رۆییشتن ئیدی توانای نەبوو خۆی بەپێوە رابگریٚ. لە قەراخ ئەستێڵەکە رۆنیشت، لە ئارەقەدا هەڵکشابوو.بە تۆبزی خۆی گەیاندە ماڵەوە.گوشاری خوێن لە پێی خست، بورایەوەو نەیتوانی بچێتە تاقیکردنەوەوە. فرود کە بەم هەواڵەی زانی پێی سەیر نەبوو،بەڵام نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەم بورانەوەیە دووبارە دەبووەوەو لەوە بوو بۆ هەمیشە کار لە تەندروستی بکات. هەمان ئەو حاڵەتەی کە رۆژیٚ پاش تەماشای فیلمێك لە سینەمادا تووشی بووبوو، کە هاتبوونە دەریٚ ئازای بەدەنی دەلەرزی، رەنگی بووبوو بە جاوی سپی. درۆی نەدەکرد، نازونوزی لیٚ نەدەهات. دیار بوو کە بەدەنی لاواز بووەو گەرمای سینەماکە حاڵی تێك داوە. کە دکتۆرێك هاتە سەریو فەحسێکی باشی کرد ئیدی ئەوە دەرکەوت هەرکاتیٚ هەموو هێزی خۆی دەخاتە کار تا بەسەر ترسو نائومێدیەکدا زاڵ بیٚ یان بەرگەی شادیو نیگەرانیەك بگریٚ، دوای ماوەیەکی کەم تووشی ئەم حاڵەتی خاو بوونەوەو سەرەگێژکەو بورانەوەیە دەبێت. دەبیٚ ئاگاداربن کە تووشی ئەم جۆرە ناڕەحەتیانە نەبێت.

نێرگز بە خۆیشی ئەمەی دەزانی، بەڵام دوای دڵە خورپەونیگەرانی ئەم حاڵەتەی لێدەهاتو بە دەستی خۆی نەبوو. هەموو نیشانەکانی دەزانی. شتی دەربارە خوێندبوونەوە. لە پاش رووداوەکەی سینەمایەکە دەگەڵ دکتۆرە چارەسازەکەیدا گفتوگۆی لەسەرکردبوو.دەیزانی کاتیٚ کە نەبزی خاو دەبێتەوە چ بکات، چ حەبێك بخوات. وێڕای هەموو ئەمەش هەندێجار وا رێدەکەوت هەستی دەکرد دڵی خەریکە لە لێدان دەکەوێت. ئەم حاڵەتە جاریٚ چەند دەقیقەیەکی دەخایاندو هەندێجار زیاتر. کاتیٚ کە لەبەر دەرگاکە وەستا بوو بە قسەو نازوعیشوە ئەفسەرەکەی دەخڵافاند نەیدەتوانی لەوێندەر بڕوات، یان لەبەردەم مامورەکاندا حەب بخوات.

ناچار بوو لەویٚ بوەستیٚو رووی خۆش بەوان نیشان بدات. کەس نەبوو بلٌیٚ کە نێرگز کیژێکی بە نازونوزە. بە پێچەوانەوە ساردیو گەرمی رۆژگاری چەشتبوو. بنیادەمێك بوو سەروکاری دەگەلٌ نەخۆشاندا هەبوو. ژنانێك موراجەعەیان دەکرد کە دەیانگوت هەرگیز رووی پیاویان نەدیتووەو لە حەماماولەسەر سینی مس دانیشتوونو ئاوس بوون.لە رەفتاری خوێندکارانی پزیشکیدا شتی وای بەسەر هاتبوو کە ناگێردرێتەوەو ناوترێ. ئێستا دوای چەندین سالٌ تێکەلاٌوی دەگەلٌ کوڕانی لاسار، یان شۆخیو سوعبەت کەرانەیاندا، بەستەزمانو شەرمن نەدەهاتە بەرچاو. بەپێچەوانەوە چاك دەیزانی قسان بکاتو گویٚ بگریٚو پیٚ بکەنیٚو خەلٌکانی بێنێتە پێکەنین. خۆ ئەگەر پێویستی کردباو ناچاربا دەست ولاقیشی بەکار دەبردو دەیتوانی بۆکسو شاپیش بوەشێنیٚ. لە هەمان کاتدا لە ئەداو ئەتواری مندالاٌنەو هەرزەکارانەش بێزار بوو. بە تایبەتی لەو ساوە کە بووبوو بە نیمچە پزیشك ولە نەخۆشخانەیەکی سەد تەختیدا کاری پەیدا کرد، دەبوایە بە ناچاری سەنگینوبە هەیبەتو جدیو زانا بنوێنیٚ.

سەرپەرشتی ئەم خانووەش بارێکی قورس بوو بەسەر شانی خانم پزیشکەوە. خەلٌکانێك شەوانو نیوە شەوان دەهاتنە ئەوێندەرو دەیانویست سەریٚ بکەنە سەرسەرین کە نێرگز هەرگیز نەیدەناسین، تەنیا نیشانانی زارەکیان لە فرودو کەلهوڕەوە دێناو ئەویش قەناعەتی دەکردو کلیلەکەی دەدانیٚ. فەیروزیش هەرکاتیٚ رێی کەوتبا تارانو دەرفەتی بۆ رەخسابا بە مەبەستی هەوالٌپرسیو سەردان سەرێکی ئەم مالٌەی دەدا. فرود زۆربەی کات لە سەفەرا بوو. فەیروز هەر کاتیٚ دلٌنیا بوایە یان بیدیبا یان بیستبای کە رەقیبەکەی لە جەم نێرگز نیە، لە دەرکەی دەدا، ئەحوالٌێکی دەپرسی،دیارییەکی دێناو وەك دەلٌێن کلکێکی دەلەقاندودەڕۆیی، چونکە لە ناخو دلٌدا هێشتا بە تەمابوو کە ئاقیبەت ئەم کیژە مل دەداتو شووی پێدەکاتو ئەلٌقەی ئەو زنجیرەی کە بیٚ ویستی خۆی ژیانی رام کردبوو، ناپچڕێت. بە بۆچوونی فرود، ئومێدەواری فەیروز تەنیا خۆشخەیالٌی بوو. ئەگەر کەسێك لە ناکاودا خەبەری پێدابا ئەم دوو نەفەرە رێك کەوتوون زەمینو زەمان لەبەر چاوی هەرەسی دێنا. ئاخر دوای ناچاری، سەرگەردانی، شەکەتیوماندوویەتی، کاتیٚ کە هەمووان بە مشت دەویان دەکوتایەوەو بە شاپان بەردەبوونە قەبرغەی، پەنا بۆ کیٚ ببات؟

دوو مەیلی لێکدژ لە تاوێرێکەوە بۆ تاوێرێکیان هەلٌدەدا: پێی باشە نێرگز دلٌ بە کەسێکی تر، ئەگەر فەیروزیش بیٚ بدات، بەلاٌم هەرکاتیٚ ئەو، فرودی شکست خواردە پەنایەکی بویٚ،شوێنی لە نك ئەم کیژە ببێتەوە.

خودا دەزانیٚ نێرگز بۆچی روو بەم مەلا فەیروزە دەدات؟ ئایا گەرەکیە داخ بەو بدات؟ یان مەبەستێکی هەیە. سووکە بەغیلیو حەسودیەك لەم بیرکردنەوانەدا پەنهان بوو.نێرگز هەر رۆژەو بە جۆریٚ هاتوچۆی دەگەلٌ فەیروزدا لێکدەدایەوە. هەندێجار دەیگوت: "چی لێبکات؟ هاوڕێی مندالٌیە. ناتوانم دەرگای مالٌەکەمی لە رووا دابخەم. هەوالٌی شارەکەیان، باوکی، حاجیەخانمو بەدریو مونیرەی بۆ دەهێنا.دەکرا بە سەعاتان دەگەلٌیا دابنیشێتو قسەو باسان بکەن. هێشتا هەر چەندە لە حیزبدا نیە دەگەلٌ شەمعیو ئازەرئاغاو هاوپۆلە حیزبیەکانیدا دۆستوبرادەرە.

باسی زیان‌و کاروباری ئەوانە دەبێتە مایەی دڵخۆشی بنیادەم. ئەمە جگە لەوەی فەیروز ئێستا بۆ خۆی بووە بە پیاوێکی سیاسی‌و دەشێت لەوەوە پەی بە هەندێ شتی زەمانە ببرێ. هیچ قسەیەك لەمەڕ فرود نەدەکرا."

واقیع بە ئاراستەیەکی دیدا دەڕۆیی، رووداوە سیاسیەکان، کە ژیانی خەڵکانی ئاشقە سیاسەتی هەر رۆژەی بە ئاراستەیەکدا دەبرد، هەرساتەی بە شێوەیەك دەردەکەوت. نێرگز دەیویست پەی بە شەپۆلە سیاسیەکانی پشت پەردە بەرێت. فەیروز بۆ ئەم شتە باش بوو. لەو شتانەوە کە لە رۆژنامەکاندا بلاودەکرانەوە، بە تایبەتی لەوساوە کە چەقۆکێشانی سەرسەری کاروباری حکومەتایەتیان کۆنترۆڵ کردبوو وبە یارمەتی‌و هاوکاری شارەزایانی ئەمریکایی‌و ئیسرائیلی پەرەیان بە چالاکی خۆ دەدا،خەڵکی ئاسایی شتێکی ئەوتۆیان بۆ بەدیار نەدەکەوت. بەڵام ئەو کونجکاویەی نێرگز بە هیچ کلۆجێ نیشانەی دڵبەندی بە خودی سیاسەتەوە نەبوو،چونکە کارگێڕانی سیاسەت جێگەی باوەڕومتمانە نەبوون‌و بە قسەکانیان زیاتر حەقیقەتەکانیان دەشاردەوە. ئەوی ڕاستی بێ کونجکاویەکەی پتر بۆ پەی بردن بە ئاکارو ئەتواری فرود بوو کە هیچ شتێکی دەربارەی هۆکاری گۆڕانە رواڵەتیەکانی نەدەگوت‌ودەرنەدەبڕی.

هەڵپەی فرود ماناوچەمکێکی تایبەتی هەبوو. وای لێهاتبوو بنیادەم سەری لە هیچ کارێکی دەرنەدەکرد. بە ئەسپایی بێ، بە ئەسپایی بڕۆ، دوور بڕۆوسەلامەت وەرە. شەو دەهاتەوە ماڵی ئاغا جەلال‌و لەوێندەر دەمایەوەو نێرگزی ئاگادار نەدەکرد. دەتگوت ئەم کوڕە بە تەواوەتی ئەقڵی خۆی لە دەست داوە. نێرگز لە خەڵکانی میناکی کەلهوڕو فەیروزی دەبیست کە فرود لە هەوڵ‌و هاتوچۆدایە. لە زەمانی دەستگیری موسەدەقەوە دیاربوو کە شتێکی نهێنی لە ئارادایەو ئەمەش بە ئاشکرا لە پەریشانی‌و نیگەرانی‌وپەشێوی فرودا دەبینرا.

هەفتەکانی پاش ۲۸ی مورداد فرودوهاوڕێکانی یەجگار مژول‌وسەرقاڵ بوون، پێدەچوو خۆ بۆ کارێکی گەورە ئامادەبکەن. فرود هەندێجار تا نیوە شەو بۆ ماڵ نەدەگەڕایەوە. سەفتە سەفتە کاغەزوشەونامانی دێنایەوەو کەسانی تر دەهاتن‌وئەو کاغەزو شەونامانەیان بۆ شوێنی دی دەبرد. لە نیوەی مانگی مهردا(۲۳/۹–۲۲/۱۰) بازاڕ داخراو لە شوێنانی جیاوازی شاردا گروپانی چەند سەد نەفەری بە قازانجی موسەدەق‌و دژی حکومەت‌و دەوڵەت خۆپیشاندانیان دەکرد. بەیاننامەیان بلاودەکردەوە. ئەم هاتوچۆی شەوانەیە بەڕادەیەك دووبارە بووەوە کە دراوسێکان پێیان زانی. تەنانەت بە گوێی ئاغای کاکی شۆفێریش گەییشتەوە کە ئاغای جەلال جارێك بەبێ مۆڵەتی ئەو بە ئوتومبیلەکەی ئەوی کاغەزوشەونامانی بۆ شوێنێکی دی گواستوەتەوە، ئەگەر خاوەنی خانوەکە بە خۆی لەلایەنگرانی موسەدەق نەبوایە بێگومان نانی ئاغا جەلال دەبڕا.ئەم هەراو جەنجاڵە گەییە ڕادەیەك کە فرود ناچاربوو ئەو ژوورە چۆڵ بکات‌و کرێی دوو سێ مانگی کەوتە ئەستۆی نێرگز کە دەیتوانی بە موچەی پزیشکییەکەی لە نەخۆشخانەدا دابینی بکات. دوای مانگێك دادگایی موسەدەق دەستی پێکرد. حیزب دەیویست ریسواییەکانی رابردووی قەرەبوو بکاتەوە.

له هەمووی خراتر ڕووداوەکەی نیوەی ئازەر(۲۲/۱۱-۲۲/۱) بوو لە زانستگەدا کە چیوای نەمابوو فرود بە یەکجارەکی تیا بچێت. لە پۆلی دەرسی زانستگەدا تەقە لە خوێندکاران کراو سێ کەس کوژران. یەکێکیان مەحمود ئاغا، زڕکوڕی ئەندازیار عالی بوو. لە لایەنگرانی موسەدەق بوو و فرود هەوڵی لەگەڵ دەدا کە بیهێنێتە ریزی حیزبەوە. کە هەواڵی مردنی ئەوی ژنەوت ئیدی نەیتوانی خۆی بگرێ‌و چوو بۆ ماڵەکەی نێرگز. رووی گرژ کردبوو، لە سوچێکدا دەستەوئەژنۆ دانیشت،دەستی بۆ چای‌و شیرینی نەبرد. ئەوسا وەکو منداڵێکی دارکاریکراو کەوتە فرمێسک رشتن، کەوتە هۆڕژنی گریانێ‌و کاتێ کە داخی دڵی هەڵڕشت ئەوجا کەوتە گێڕانەوەی سەربورەکە:

"دەمناسی، کاشکێ هەر نەمدیبا."

بە دەم قسانەوە هەنسکی هەڵدەدا، نێرگز دەستی بەسەروملیا دێناو دەیویست هێوری بکاتەوە. هەنگێ سەری نایە سەر باوەشی نێرگزو خەو بردیەوە. کیژێ سەری خستە سەر سەرینێک‌و پەتۆیەکی پێدادا.

هەموو هەفتەو هەموو رۆژێک خەبەری خراپتر دەهات: "یەکێک لە زینداندا خۆی سووتاندووە، یەکێکی دی لە ژێر ئەشکەنجەدا مردووەو جەنازەکەیان لە جاجرود (روباری جاج) دۆزیوەتەوە. لە زیندانی رەشت دا پێنج کەس کوژراون. لە زیندانەکانی تاراندا مان لە نانخواردن گیراوە، کار بەدەستانی دەوڵەتی دەست ناپارێزن. هەموو خەڵکیان خەفە کردووە، کەس زاتی قسەکردنی نەبوو. کارکەوتبووە دەستی کۆمەڵە قوزاقێکی بێ حەیاو حورمەت‌و چەند بێگانەپەرست‌و پارەپەرستێک.گروپ‌و دەستەکانی دیکەش دەمیان داخست‌ولاکەوتن. وەزیران‌و وەکیلانی موسەدەقیان دەستگیردەکرد، بە جۆرێ خەڵکانی کارامەیان دەمکوت کرد کە هەموویان چوونەوە قاوغەکەی خۆیان.تەنیا یەک دوو کەسێک کاریان بە دەست بوو، ئەوانیش پێکڤە نەدەسازان. ئەمیان دەیویست ئەویان بتارێنێ‌و هەموو دەسەڵاتێک لەم شاری مردووانەدا بگرێتە دەستی خۆی. مەیدان چۆڵ بوو. تاڵان‌وبڕۆ دەستی پێکرد، ئیدی رۆژ رۆژی فڕان فڕان بوو وهەموو کەس تاڵانی دەکرد. خۆماڵی‌وبێگانە، باربار، کەشتی کەشتی، بێگانە بە کۆمەکی خۆماڵی‌و خۆماڵی بە قازانجی خۆی،و شا لەسەرووی هەمووانەوە بوو. زانستگەکان لە تاران‌و لە شارسانەکاندا کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی سوپاییانەوە. سەرانی دام‌ودەزگا زانستی‌ومامۆستایان دەبوایە گوێڕایەڵی فەرمانی سەربازان بن. جاسووسانی شارەبانی‌و سوپا لە کارخانەو کارگەو زانستگەو دایەرەکاندا گوێ قوڵاغ رادەوەستان تا ناڕازیان بگرن‌و لە زندانیان بپەستن. کۆنە حیسابان پاک دەکرایەوە. ژیلەمۆ لە ژێر خۆڵەمێش دەمایەوەو هیچ دوکەڵێک هەڵنەدەستا.

# (١٣)

لەم بەینەداو لە میانەی ئەم گێرودارەدا قەراردادی نەوت دەگەڵ کونسەرسیومدا ئیمزا کرا. بەڵام ئیمزای قەراردادەکە، هەر قەراردادێکی رووت نەبوو، زنجیرە پێشەکییەکی هەبووئەویش ئامادەکردنی گەورەترین کارەسات بوو کە لە حیزب رووی دا. هێشتا چەند هەفتەیەك بەسەر ئیمزای پەیمانەکەدا تێنەپەڕی بوو کە ڕێکخراوی سوپایی حیزب کەشف بوو. چیرۆکی دەستگیری شەش سەد پیاوی کارامەوچەکدارو فەرماندە هەر لە چیرۆکی منداڵانو حیکایەتەکانی کلیلەودیمنە دەچوو. حسەینی ناوێك بە یەك جانتا کتێبو بەڵگەنامەوە لەسەر جادە دەگرنو ئەوەندەی ئەشکەنجە دەدەن تا هەرچی زانیارییەکی لەلایە دەیخاتە دەستی حکومەتەوە. هەر هەموو حەشارگەکانی ڕێکخراوی سوپاییو دەفتەرچەی رەمزی چاپخانەکان دەکەونە دەستی مامورانی فەرماندەیی سوپاییو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەك لە دوای یەك دەستگیر دەکرێن. ژمارەیەك هەڵدێنو دەڕەڤنو بیستوحەوت کەسیان تیرباران دەکرێنو چەند کەسێکیش بە پتر لە بیست ساڵ زندانی حوکم دەدرێن.

ڕابەران دوای چەند سەعاتێك، لە دەستگیری حسەینی ئاگاداردەبن. یەکێك لە کارەکانی سەرانی حیزب ئەمەیە کە پەیوەندییەك دەگەڵ حسەینیدا بگرن، بەڵام لەم ماوەیەدا ئەفسەرانی لاو کەبێ پەناو ڕێوشوێن دەبن روو دەکەنە حەشارگەکانی دیکەو دەگیرێن. سەیر ئەمەیە کە یەکێك لە ڕابەران کۆمەڵێك بەڵگەنامە لە خاوەن پلەیەکی هەڵاتوو وەردەگرێتو پاش چەند رۆژێك کە فەرمانداری یەکێك ئازاد دەکات، ڕابەران پێی نازاننو بەڵگەنامەکان جارێکی تر بۆ ڕێکخراو دەگەڕێننەوەو سەر لە نوێ لە هەمان حەشارگەدا درێژە بەکار دەدەنەوە. ئاغایان تەسەوریان دەکرد بە مۆڵەتدانی حسەینی کە پاکانە بنووسێتو ئازاد ببێ ئیدی خەتریان لەسەر نامێنێ.خەمساردیو بێ موبالاتی بە ڕادەیەك بوو کە ڕاپۆری ئەفسەرێکی سەر بە ڕێکخراوی سوپایی بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەربارەی وەزعی میزاجیو دەروونی حسەینی دە زینداندا چەند رۆژێك دەستاو دەست دەکاتو ئاقیبەت دەگاتە فەرمانداری سوپایی.حسەینی بێ موبالاتوخەمسارد کە بە ئاشکرا دەژیاو شەوو رۆژ لە دەلاکخانەیەك کەوتبوو دەگەڵ بەرپرسی رەمزدا کە دەبوا چالاکیوهەڵسو کەوتی سەدی سەد نهێنی بێ لە یەك ماڵدا دەژیاو تەنانەت لەو کاتەشا کە دەستگیر دەکرێ هەر مژولی کەشفی رەمز بووە. هەر بەوەندەوە نەوەستا بوون، بەڵکو ئەو ئەفسەرانەشیان، کە دەیانتوانی خۆبشارنەوە، یان هەڵبێنو گیانی خۆ رزگار بکەن، هاندەدا کە خۆ نەشارنەوە. کەجوەری دڵنیای دەکردن کە "تا ژمارەی دەستگیرکراوان پتر بێت سزایان سووکتر دەبێت". ئەم بێ باشاریەی ڕابەرایەتی، ناکۆکی، بێ ئەزنوونی، ترسنۆکی، بێ شەخسیەتیە، بووە مایەی ئەوەی کە لە ماوەی چەند رۆژێکدا حەوت جانتا بەڵگەنامە لە ڕێکخراوێکی سیاسی نهێنیو یەك لۆری کتێب بێتەگرتن.

ئاغای بەشیر، وەزیری ناوخۆی کودەتای ٢٨ی مورداد لە میوانییەکی خانەوادەییدا بە خانم ترشیزی گوت:

"ئەم دۆستانەی تۆ زۆر غافڵو بێ ئاگان".
"دۆستانی من؟ مەبەستت کیهانە؟"
"تۆش خەریکە دەبیت بە سیاسەتوانێکی دوو ئاتەشە، پێویست ناکا لای من خۆت لە گێلی بدەی. دۆستانی تۆ، بۆ نموونە ئاغای فرود"
"ئاغای فرود، ڕاست دەڵێی، بەڵام نەفەرێك ناکاتە دۆستان."
"یەك دوو کەسیش لە خزمەکانت لە حیزبدان. هیوادارم پەیوەندییان بەم ئەفسەرانەوە نەبێت. بە هەرحاڵ ئەم زاتانە فرە غافڵن، ئەمانە بە هیچ جۆرێ پەیان بەوە نەبرد کە لە دوای ٢٨ی مورادادەوە قۆناغو دەورانێکی تازە لەم وڵاتەدا دەستی پێکردووە. پێ مەکەنە، پاشان دەزانی کە چ دەڵێم. ئەمانە هێشتا نازانن کە چ وەسایلێکمان لەبەر دەستدایە تا مووان لە ماست دەربێنین. ئەمانە پەیان بە ماهیەتی حکومەتی تازە نەبردووە. شتەکەیان بەبێ موبالاتی گرتووە. من سەبارەت بە کەسایەتی هەندێك لە ئەفسەرە دەستگیرکراوەکان هیچ ناڵێم، بەڵام ئەوانەی کە رابەرایەتیان دەکردن بەڕاستی منداڵوترسنۆکن".
"چۆن؟"
"خانم ترشیزی، ئێستا کاتی ئەوە نییە کە هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە، شەش سەدو چەند ئەفسەرێك بوون، دەیانتوانی لە نیوەشەودا بەیەك سەعات کەلانتەری (پۆلیسخانە) بگرنو ئەم حسەینییە رزگار بکەن. کاشکێ دەت توانی ئیعترافی هەندێك لەم ستوانو سەروانانە بخوێنیتەوە تا بزانی چ پەشێویو پاشاگەردانیەك بووە. با واز لەمە بێنین، خودا ئەم مەملەکەتەمانی لەم شەڕە رزگارکرد، با بڕۆین پێکێك پێکڤە بخۆینەوە."
ئاغای بەشیر دەستی خستە ژێر بازووی خانم ترشیزیو گوتی:
"هەرچەندە باوەڕناکەم بەڵام ئەگەر پەیوەندیت دەگەڵ ئاغای فرودو خانەوادەکەیدا هەیە، لە زمانی منەوە پێی بڵێ هێشتا نەچووە بچێت، باشتر وایە تا کار لە کار نەترازاوە، تا درەنگ نەبووە دەست لەم کارانە هەڵگرێت. رای بسپێرە بێ بۆ لای من. کوڕێکی یەجگار هۆشمەندو بە تواناو پڕ بە هرەیە. ئامۆژگاری دەکەمو ئەگەر گیروگرفتێکی هەیە بۆی چارەسەر دەکەمو نایەڵم هیچی بۆ ببێ".
خانم ترشیزی هەر هەموو ئەم گفتوگۆیەی بۆ فرود گێڕایەوە، فرود گوێی دەگرتو نەیدەزانی چۆن وەڵام بداتەوە. بێدەنگی لێکردو هیچی نەگوت.
خانم ترشیزی پرسی: "دەچیت بۆ لای ئاغای بەشیر؟ ژمارەی تەلەفۆنەکەی خۆی لە وەزارەتخانە داومەتی".
فرود وەڵامی نەدایەوە، هەر ئەمەی مابوو کە بڕوات بۆ لای ئاغای بەشیرو عوزرخوایی بۆ بکات.
ئەمە گەورەترین جەزرەبە بوو کە لە فرود کەوت. دەتگوت گورزێکیان بەسەریدا کێشاوە. وشك بوو بوو، ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیی، گیرانی ئەفسەرانی حیزبی دەنگی دایەوە، لە چاپەمەنیان، لە مەجلیسان، لە کۆڕو کۆبوونەوان، لە هەموو شوێنی باس باسی ئەم بەڵایە بوو. ئەندامانو هەودارانی حیزب، زاتیان نەدەکرد رۆژنامە بکڕن، بخوێننەوە، میلی رادیۆ با بدەن،

لەگەڵ کەسێکدا ئەو باسە بکەن. فرود گوتەنی: "ئیدی حیزب تێکچوو، ئەوەی مابووەوە دوکانێك بوو بۆ ورتکەخۆران‌و کاسەلێسان. چەند کەسێکی خۆشباوەڕیش پێیان وابوو هێشتا دەشێت مردوویەك زندوو بکرێتەوە. ئەوانی دیکە وەك ئەوەی دژمنێك قۆشەنی بێگانە دابێتی بەسەریاو تالانی کردبێت، ئەمێستا لە پەنای ئەم پاشاگەردانیەوە پاشماوەکەیان دەڕفاندو دەدزی."

چەند کەسێکی دیکەش کە هێشتا لەسەری سەرەوە هەڵدەسوڕان، هەڵاتن، ئەو هەڵاتنەی هەڵاتن تا ئێستاش نەوەستاونەتەوە.کەجوەری‌و داروەدستەکەشی یەکگرتوو نەبوون. ئەم پیاوە تاقە کەسێك بوو کە بۆ رزگارکردنی خۆی پەنای وەبەر چەك برد. تەقەی لەو مامورانە کرد کە تاقیبیان دەکرد، وتوانی هەڵێت. سێ کەس لە لیژنەی تەنفیزی، کە یەکێکیان ئەندازیار عالی بوو، گیران. تەنیا کابرای پیرەمێردی نەخۆش‌و یەك دوو تارمایی دوای لەشکر کە گروپی لاوان لە زەواقیان نابوون، دەگەڵ دوو سێ کەسی گومان لێکراودا کە دیار نەبوو لە کەیەوە بوو بوون بە دەسەندەخۆر، مابوونەوە.

چەند ئابڕوی حیزب‌و حیزبیەکان زیاتر دەتکاو فرود شەرمەزارتر دەبوو، نێرگز زیاتر میهرەبانی دەنواند.دەتگوت پەتێکیان لە ملی فرود گرێداوەو بە دوو دەستان ئەمسەرو ئەوسەری رادەکێشن. سەرێکی لە دەستی چالاکی سیاسیدا بوو وسەرەکەی تری لە دەستی ڤیانی نێرگزدا بوو. هەر کاتێ یەکێکیان دەستی شل دەکرد، ئەویتریان توندتر رایدەکێشا. بە هەرحاڵ بوونی فرود یەخسیری ئەم دوو هێزە بوو. رەنگە ئەگەر ئەو پیرەمێردەیان بەو نەسپاردبوایە، بیتوانیبا ئاسانتر خۆی رزگاربکات. بەڵام ئایا ئەو بەڕاستی بیری لە رزگاری خۆی دەکردەوە؟

تیربارانکردنی پۆلی یەکەمی ئەفسەران کارەساتێکی ترسناك بوو. ئەمانە کەسانێك بوون کە ئیعترافیان نەکردبوو وسەرشۆڕی وروخان‌و خیانەتیان قەبوڵ نەکردبوو. پڕکردنەوەی پاکانەو نەفرەتنامە بۆ ئەشکەنجەچیان مەحەك بوو. هەرکەسێك نەچووبایە ژێر بارو بەرگری بکردایە دەچووە پێشوازی مەرگ. یەکێك لەم ئیعدامکراوانە سروش، لە هاوڕێ نزیکەکانی کەلهوڕ بوو. لاوێکی جوانخاس،کەڵەگەت، رەزا سووك، قژ پڕی قژ ڕەش، کەم دوو وبتەوباوەڕ بوو. ئەم سروشە، دەگەڵ هیچکەسێکدا،تەنانەت دەگەڵ کەلهوڕو فرودیشدا کە چەند جارێك دیتبووی، باسی سیاسی نەدەکرد. هەمیشە گوێی دەگرت. هیچکەسێك لە دۆستانی کەلهوڕیش نەیاندەزانی کە لە رێکخراوی سوپایی دایە. دوای مردنی، دوا وتەکانی بووبوو بە وێردی سەر زاران: "هاوڕێیان رێگاکەمان دروستە، هەقە، هەڵەکان بە نیشانەی نەهەقی‌و نادروستی رێگاکەمان مەزانن، بە خەبات‌و یەکێتی خۆتان قەرەبووی بکەنەوە، تۆڵەی ئێمە بسەننەوە".

پاشان کە فرود دەستگیرکرا، یەکێك لەو کاغەزانەی کە لە گیرفانیا پێی گیرا هەمان ئەو گوتانەی سروش بوو.

چەند مانگێك پاش دەستگیر کردنی ئەفسەران‌و سەرەتای تیرباران کردنیان، فەیروزیش کە چەند مانگێکی دە زیندانادا بەسەر بردبوو و"نەفرەتنامە"ی نووسی بوو وبەردرا بوو، دەگەڵ ئاغا موعەلیمدا بۆ تاران هات. بابی نێرگز کە لە ماڵی ئاغای ترشیزی لایدا بوو، دوو مەبەستی لەم سەفەرەی هەبوو. یەکەمیان کە کیژەکەی بووبوو بە پزیشك بۆ شارەکەی خۆی بگەڕێنێتەوە.

لەویٚ تیمارخانە هەیە، نەخۆشخانە دەکاتەوەو قازانجی نێرگزو خەڵکی شارەکەش لەمەدایە کە یەکێك لە رۆڵەکانی خۆیان کە هەر هەموویان چاکی دەناسن، خەریکی چارەسەرو پەرستاری ئەوان بێت. ئەمە جگە لەوەی ئاغا موعەلیم، بەڕێوەبەری پەروەردەی شارسان، پیربووەو بەو زووانە خانەنشین دەبێت و هەقی خۆیەتی و شایستەی ئەوەیە کە دوا ساڵەکانی تەمەنی بەلای کیژەکەیەوە بگوزەرێنیٚ. بەڵام مەبەستی دووەمی بەگۆشەو کینایە لە فرود گەیاند،بووکیٚ دەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لیٚ بیٚ:

"یانی رەوایە نێرگز ئێستاکیٚ، دوای شەش ساڵو هەندێك لە خوازبێنی، فەیروز جواب بکات."

هەر نەبیٚ ئەو قەولی بەم کارمەندەی خۆی داوە هەرکاتیٚ کیژەکەی خوێندنی تەواو کردو کارێکی پەیدا کرد دەربارەی زەماوەندی وان بڕیاربدات، نا، قەولی نەداوەتیٚ، بەڵام وای لیٚ گەیاندووە. ئێستاش فەیروز پیاوێکە ساردیو گەرمی رۆژگاری چەشتووە، کارامە بووەو زیندانی دیتووەو شایستەی ئەوەیە کە نێرگز جوابێکی بداتەوە. ئا یان نا.

دیسان دوو دڵی بەلانسی فرودی تێك دا. بێگومان ئاغا موعەلیم بە تەمابوو کە فرود لە پێناوی فەیروزدا بکەوێتە بەینەوە، یانی بە دەستی خۆی کێردەکە بە دڵی خۆیدا بکات. بڕوات بە نێرگز بڵیٚ باوکی دەستوری داوە واز لەو بێنیٚو ببیٚ بە هاوسەرو هاودەمی مەلا فەیروز. فرود ساڵانێك بوو نەیتوانی بوو ئەو ئەرکەی کە لە ئەستۆی خۆی گرتبوو، ئەنجام بدات، نەیتوانی بوو ئەرکەکەی سەرشانی خۆی ئەنجام بدات،کەچی ئێستا یەکێکی دیکەش هاتووەو گوشاری خستووەتە سەرو داوای کاری لێدەکات. چاکتر وایە خەڵکانێکی دیکە ئەم کێردەی بەدڵدا بکەن. بۆچی ئەنجامدانی ئەم کارەیان لەو گەرەکە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەمە رەسمودابی سەدەکانی ئاقینە کە باب شوو بۆ کیژەکەی هەڵبژێرێت. نا، ئەمە نیشانەی سەرپێچی لە دەستوری ئاغا موعەلیم نەبوو. ئاخر دەکریٚ لەوپەڕی تەنگانەو تەنیاییدا، لە ساتو وەختێکدا کە هەر کەسە بۆ پشت وپەنایەك دەگەڕا، دەستبەرداری ئەم کیژە ببێت. دڵی خەبەری دابوو کە رۆژگارێکی ترسناکتر چاوەڕوانیەتی. هەستێکی ئالۆز لە ناخیا هەڵدەقولا. ئیدی ئەو توانایەی ساڵانی پێشووی نەما بوو کە بەسەر وەهمو خەیاڵاتدا زاڵ ببیٚ. لە رۆژانی پڕ چالاکیو خەبتیندا شەو کە لە کوخێکداو هەندێجار لە مزگەوتێکا یان لە تەویلەیەکدا سەری لەسەر سەرین دادەنا، وەکو گا لێی دەکەوت و بە چاوی کراوەوە دەخەوت و سوبحازوو تەندروست و بە دەماخ رادەبوو و بە شنگ وتاقەتێکی تازەوە ئامادەی کار دەبووەوە. لەوساوە کە مەحمود ئاغاو برزۆو سروش کوژرا بوونو نەما بوون، قیافەت و روخساریان بەشێوەی جۆراوجۆر دووی دەکەوتنو لێی نەدەبوونەوە. لە خەو رادەپەڕی. ئازای بەدەنی لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو. لە سەرما لەرز دەیگرت، ئەو چەند دەقیقەیەی کە نێرگزی دەبینی، پێکەنینەکەی روح ئەنگێز بوو، وشادی وخۆشحاڵی دەکرد، لە هەر هەموو خۆشیەکی ژیان تەنیا ئەمەی بۆ مابووەوە، کەچی هەموو فاکتەرو هۆکارەکانی یەکیان گرتبوو تا ئەوەشی لیٚ بسەنن. خەیاڵات دەستی لیٚ هەڵنەدەگرت. خۆی گورج دەکردەوە، تەشەری لە خۆ دەدا، خۆی سەرکۆنە دەکرد... هەوڵی دەدا ئەرێنیو نەرێنی ئامـاژەو گۆشەوکینایەکانی ئاغا موعەلیم تاوتویٚ بکات، هەڵسەنگێنیٚ. بێگومان مەبەستی

سەرۆکی پەروەردەی کۆنە ساڵ لەم هێماو ئاماژانە ئەمە نەبوو کە نێرگز ناچار بە شووکرن بکات، بەڵکو زیاتر ئاماژە بوو بۆ فرود کە ماوەیەك لابکەوێ تا ئەو جووتە بە خۆیان لەم بابەتە بکۆڵنەوەو ئەو رێیە بگرن کە چارەنووس بۆی دیاریکردوون.
قەرار درا فەیروز پایزی ساڵی ١٣٣٣ ماوەی پشووەکەی لە تاران بەسەر بەرێت و فرود لە دوای دەستگیرو ئیعدام کردنی گروپی ئەفسەرەکان ماوەیەك بە تەواوەتی بشارنەوە. پاشان گەییە ئەم ئەنجامەی کە باشترین شت بۆ خۆبرزکردن ئەمەیە کە بۆ شارەکەی خۆیان بڕواتەوەو سەرێکی داك و بابی بدات و دیدەنیەکی خانەوادەکەیان بکات. فرود یەجگار پەرۆشی بابی بوو.
بەڵام دڵە خورپەونیگەرانی تاقەتبەر، هەڵپەهەڵی گیانپڕوکێن، بێ خەوی بەردەوام، تەحەمولی نامەردیانی جۆراوجۆرو ئیعدامی ئەفسەران کە هەندێکیانی بە خاوخێزانەوە دەناسی، نەخۆشی خست و لە جێدا کەوت. لە هەوەڵەوە هەر سووکە باپەڕێك بوو کە لێی کرد بە دەردە باریکەو هیچ چارێکی نەما جگە لەوەی بە تەواوەتی خۆی بەنێرگز بسپێرێت، چونکە قاچاخ بوو نەیدەتوانی لە خەستەخانە وەمێنێ.
جارەکی دی ژوورەکەی ئاغا جەلالی شوفێری ئاوەدان کردەوەو بوو بە نەخۆشی دکتۆر نێرگز خانم. مەحەبەت، نەوازش و دڵسۆزی و لوتف و پەرستاری و پزیشکی لە ئەندازە دەرچوو، هاولف دەگەڵ دڵڕفێنی،غەممازی، نازو نەوازش و ئاقیبەت راموسان و دەست لەملان.
ئاخر چ کەسێك دەتوانی خۆی لە هەنبەر ئەم هەموو میهرو سۆزەدا بگرێ؟ بەردیش بێ دەبێ بەئاو چ جای کەسێکی بەدبەختی شکست خواردووی بێ بەری لە تام و لەزەتی کەمترین شادی و خۆشی، وتاتوانیویەتی نەفسکوژی کردووە.
ئەم دەورەی بوژانەوەیە هەرگیز لە یادی فرود دەرنەچوو. خۆشترین رۆژانی ژیانی ئەو ئەم دوو سێ دەقیقە پاڵدانەوەیە بوو. ژیان هەمووی ئازارو رەنج و هەڵپەو بەدبەختی و یان گەرمی و ساردی و دڵداخورپان نیە. تەبیعەت لەزەت و خۆشیەکی فرەی خستووەتە بەردەستی مرۆڤ. و چەند بە ئاسانی دەتوانرێ بەهەشت لەم دنیایەدا بکرێ بە دۆزەخ. نێرگز گوڵێك بوو بۆنخۆش، شایەدێکی شیرینکارو دەست رەنگین، هەر پێویستییەکی دێنایە دی. هەر هەڵس وکەوت و رەفتارێکی ،جوانیەکی نفت و نوێی بڵاودەکردەوە. هەر هەودایەکی زوڵفی، هەر پێچێکی پەرچەمی سەر هەنیەی داوێك بوو کە بنیادەمی یەخسیر دەکرد. هەر هالاوێکی هەناسەی پیاوی مەست دەکرد و غەرقی خەونانی شیرینی دەکرد.
نێرگز پێدەکەنی، چاوەکانی لێك دەنان و لەبن لێوانەوەو نەرم نەرم دەیگوت: ماڵەکەمی، ماڵی خۆمی. هەمیشە خۆشم ویستووی. هەرگیز دەستبەردارت نابم. هەرکارێکت گەرەکە بیکە، ئەسیری منی، منیش ئەسیری تۆم. پێکەوە بەستراوین، وابەستەی یەکترین. هەمیشە خۆشم ویستووی.. شەرمی لەوە نەبوو ئەم قسانە بڵێت و بڵێتەوە.
ئەم شیرینی وحەزومەزە تاڵیەکیشی دەگەڵدا بوو، ئەویش بوونی فەیروز بوو. ئەو فەیروزەی کە دەیتوانی هەموو رۆژێك بۆ تاران بێت و بە هەق تف بکاتە چارەی و بە نامەردی ناوبەرێت. ئەمە یەك، دوو ئەو بەڵێنە ناڕاستەوخۆیە بوو کە بە باوکە مەعنەویەکەی، بە ئاغا موعەلیمی دابوو، بەو

کەسەی کە لە رووی سەرمایەی رۆشنبیری خۆیەوە، قەرزارباری ئەو بوو. چ هەڤدژیەکە! ئەم فەرمانە ساردوسڕو ئەقڵیەتە وشکە لە کوێو ئەم هەموو سۆزو گودازو ڤیانە لە کوێ! لەوە بوو گەیاندنی ئەم پەیامە بە جۆرە نامەردیو رەتکردنەوەیەکی ئەشق و ڤیانی خۆی وەربگرێت. ئایا جورئەتو هەقی ئەوەی هەیە کە ئێستا لەم بەهەشتی جوانیو جەمالو کەمالەدا پەیامی باب بە کیژێ بگەیەنێ. چەند رۆژێك پاش ئەم واریقاتە غەیب بوو. پابەندی قسەی خۆی بوو، بۆ ماڵی نێرگز نەچووەوە. لە شار وەدەرنەکەوت، لە تاران مایەوە. لەلای ئەمو ئەو دەمایەوە. ژیانی لە کتێبخانەومزگەوتو کتێبفرۆشیدا بەسەردەبرد، لە بیری ئەمەدا بوو کە چۆن، بە چ زمانێك، بە چ شێوەیەك پەیامی باب بە کیژەکەی بگەیەنێت. هەموو رۆژێ چەندین سەعات لە شەقامان، لە دەشتو بیابانەکانی دەوروبەری شەمیران، لە چیدەرو پەس قەڵاو ئەویندا پیاسەی دەکردو بەگژ خۆیدا دەچوو.

ئەنجام هیچ چارەیەکی نەما. بەر لەوەی بۆ سەردانی بابو داکی بڕوات ناچاربوو دەرگای قسە بکاتەوە. هێشتا پێشەکیەکەی تەواو نەکرد بوو نێرگز قسەکەی پێ بڕیو هەڵیدایێ:

"گەرەکتە چ بڵێی؟ من هەموو شتێك دەزانم."

"لە کوێ؟"

"ئەوەی کە تۆ گوێت لێ بووەو ئاماژەیان بۆ کردووی کە بە من-ی بڵێی، من لەوەش زیاتر دەزانم."

"ئێ."

"ئێو ئێ، من هەرگیز نامەوێ شووبکەم، تێ گەییشتی چ دەڵێم؟ دەمەوێ ئاوێکی پاکیش بەدەستی تۆدا بکەم، بەڕاشکاوی جوابت بکەم."

"یانی نامەوێ ناچارت بکەمو واخەیاڵ بکەی چونکە ئێستا یەکترمان خۆش دەوێ، ئیللاوبیللا هەر دەبێ بمخوازیتو ببێ بە مێردی ئیجباری من".

چەند جوان ڤیانو ئەشقی خۆی دەردەبڕی! ئەم قسانە لە زاری کیژی ئاغا، هاوشارسانی فرود، کە لە ژینگەی ماڵی ئاغا موعەلیمو لە ژێر دەستی حاجیەخانم گەورە بووبوو، نە دەهاتە دەرێ. ئایا زانستگە بەو جۆرەی پەروەردە کردبوو؟ یان زانستی پزیشکی ئەم ماجوومەی هەڵشێلا بوو و رووبەڕووی واقیعی ژیانی کردبووەوە؟ ئەشق و ڤیان گۆساخودلێری کردووە، بلا ژیان سیقالی بداتەوە، قاڵی بکاتەوە، هەنگێ ئەم کاژە خوازراوە لادەچێتو کرۆکی ئەسڵی بەدیار دەکەوێ. دەیویست لە خۆی بپرسێت باشە شتی وەها دەبێت؟

هەر چەندە دەنگی دەرنەهات، بەڵام لە تۆ وایە نێرگز ناخی خوێندەوەو چاوەڕوانی پرسیارێکی لەو جۆرە بوو کە گوتی: "ئا، هەڵبەتە دەبێت. من پزیشکمو هەموو هەفتەو هەموو رۆژو هەموو سەعاتێك لە نەخۆشخانەدا دەبینم کە موراجەعەی منو خەڵکانی وەکو من دەکەن تا دەواو دەرمانیان بکەین."

بە راشکاوییەکی ئەوتۆ قسەی دەکرد کە لە تۆ وایە زانایەکەو دەگەڵ قوتابیەکی خۆیدا باسو موناقەشە دەکاتو هەرگیز دلبەرێك نیە کە خەریکە دەگەڵ دڵدارەکەیدا گفتوگۆ دەکات.

"ئەوەی تۆ دەیڵێی مایەی نارەحەتیە."

"چ شتێك مایەی نارەحەتیە؟ ئەمەی کە من نامەوێ شووبکەم یان ئەمەی نامەوێ ببم بە ژنی مەلا فەیروز یان ئەمەی کە تۆ ناخوازی یان ناتوانی ببی بە مێردی من؟"

"هیچ شتێکی ترت بە خەیاڵدا نەهات کە بەرووميا بدەیەوە؟"

حەقیقەتێکی تاڵ لە پشت ئەم وشانەوە بوو. فرود لەخۆی دەپرسی دەیەوێ یان ناتوانێ؟ خۆشی دەویست، زۆریشی خۆشدەویست، شەیداوئاشقی بوو، هەموو ئەمانە راستە، بەڵام بۆچی نەدەچووە ژێربار؟ بۆچی بڕیاری نەدەدا کە بە یەکجاری دەگەڵ ئەودا بژی؟ ئایا ئەمە نیشانەی بێ باشاری نەبوو؟ چالاکی کۆمەڵایەتی، شەرم لە ئاشنایانو کەسوکار کە پەیمانی شکاندو رۆیی. ئایا هەموو ئەمانە قسەی قۆڕنەبوو؟ ئەم پرسیارە بێ وەڵامانە عومرێکی تەواو ئازاریان دا. خەنی لەوانەی کە ئەقڵیان پارسەنگی دەوێ، بە نەزانی دێنە دنیاو بە نەزانی تر لە دنیا دەر دەچن.

دیارە کە هیچی تری نەبوو. پرسیارەکەی بێ سەروبەر بوو، بەڵام خۆ وەڵامی دیکەش هەبوون. بۆچی نابێ زەماوەند دەگەڵ ئەودا بکات؟ چما هاورێ حیزبیەکانی دی ژنومنداڵیان نیە؟ چۆن هەموویان بە ژنەکانیان ڕادەگەن. کاشکێ دەیتوانی دەگەڵ ئەندازیار عالیدا قسان بکات. قسە قەڵبەکانی ئەوانی دی بێ بایەخ بوون. دەزانێ کە ئەوانە چ دەڵێن. دەڵێن: ئەگەر هاورێو هاوکارو هاوخەباتی تۆیە دەبێت دەگەڵ تۆدا بسازێو بسووتێ. چما ئەوانەی کە گیرۆدەی زندانو ئەشکەنجەو دوورخستنەوەو تاراوگە بوون ژنیان نیە؟ چما ژنانی ئەفسەران دلێرانە سکاڵای خۆیان نەگەیاندە گوێی بەرپرسانی دەوڵەت؟ لەبەردەم ئەنجوومەندا خۆپیشاندانیان نەکرد؟ چما نێرگز لەوانە زیاترە، لەوانە نازدارترە؟ هەنگێ سێو دوویەکی دڵی خۆی دەکردو دەیگوت: ئەم ساویلکانە هەر خۆیان مەبەستە، هیچ حیسابێك بۆ بەرانبەر ناکەن، بە تەنێ دەچن بۆ لای قازی، ئەوی بە تەنێ بچێ بۆ لای قازی دەگەڕێتەوە رازی. مەسەلەکە نێرگز نیە. باس باسی نێرگز نیە. باسی خودی منە، باسی فرودە کە وەکو قاقەزقوشیەکی دەستی منداڵێك هەڵدراوەو وا دەزانێ بە خۆی بەراستو بە چەپدا دەفرێ، بە ویستی خۆی تەقڵە لێدەداو بە ئارەزووی خۆی راست بە حەوادا دەچێت. دەبێ بەمن، بە فرود بگوترێ: دەبێ چ بکات؟ نێرگز بە خۆی وەڵامەکەی دایەوە:

"ئەمانە هەمووی ئەو شتانەیە کە خۆت لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بە منت گوتووە. بیرت دێ پێما هەڵشاخای ...".

"من هەرگیز بە تۆیا هەڵنەشاخاوم..."

"تۆ هەندێجار بە خۆت نازانی کە هێرش دەکەی. لە بیرت چووەتەوە کە رۆژێ پێما هەڵشاخایت کە من ناتوانم دەستبەرداری حیزبەکەم ببمو ئاوی ئێمە بە جۆگەیەکدا ناڕواتو ئێمە ناتوانین پێکەوەت بسازێینو ئەمجۆرە شتانە. ئێستا کە حیزبەکەتان، کەوتووەتە فەلاکەتو گیانەڵڵا هێشتا هەر وازناهێنێ. من دەزانم کە سەرت بۆ ئەم کارانە دێشێت. حیزبیش نەبێ، مەشغەڵەتێکی دیکە بۆ خۆت دەدۆزیەوە. بەڕاستی هەق بە تۆیە. خەڵکانێك هەن کە هەرگیز

بەختەوەر نابن،مەگەر مانایەکی دیکە بۆ چەمکی (بەختەوەری) داتاشین. ئێمە ناتوانین پێکەوە بژین.منیش ئەمە دەسەلمێنم. ئێستا تۆ دەڵێی من چاوپۆشی لە ماف ئینسانیو مرۆڤانی خۆم بکەم؟ تۆ هەرگیز دانت بەوەدا نەنا کە منت خۆش گەرەکە. من بە پێچەوانەوە تێم گەیاندیت خۆشم دەوێی، شەیداتم، ئامادەم هەموو شتێکی خۆم فیدای تۆ بکەم، تەنانەت ئەو شتەش کە شەرەفو حەیاو حەیسیەتی ژنی پێ دەگوترێ. من هەستم کردو دڵنیا بووم کە دەتەوێم، ئیدی چ پێویستییەکمان بە چەند وشەیەکە. من ئەمەم بەلاوە گرینگە کە کەسێکم خۆش دەوێ کە لێم بێزار نیە."

فرود تاسابوو، زاری نەدەکرایەوە. زەینو مێشکی کاری نەدەکرد. ئەوەی دەبوا بگوترێ ئەم گوتبووی.دوای چەند ساتێکی بێدەنگی، دیسان نێرگز دەستی بە قسان کردەوە: "هیچ مەڵێ، بە چاوانتا دیارە کە قسەکانی من دەسەلمێنی، زەحمەت مەکێشە. بە خۆم وەڵامی بابم دەدەمەوە، وەڵامی مەلا فەیروزیش هەر خۆم دەیدەمەوە..."

"نا، نا. ئەمە لێگەڕە بۆ من. نامەوێ وا تەسەوربکات کە عومرێکە من کۆسپی سەر رێگەی بەختەوەری ئەو بوومە."

"چی پێ دەڵێی؟"

"خۆیشم نازانم."

"تۆ هەرگیز ناتوانی یەك بڕیار بی. ئەوە منم کە دەستەجڵەوم لە دەستدایە. تۆ گەمۆکەی دەستانی،لە کوێت دانەن لەوێ دەخولێیەوە."

خەریك بوو تووڕە ببێ بەڵام زاری هەڵنەینا. لە چاوەکانیاو لەو گرژیەی بە تەوێڵییەوە دەرکەوت، ئاشکرا بوو. لە سەری ڕۆیی:

"بە بابم دەڵێم کە لە تاران دەمێنمەوە، تۆ لە هەرکوێ بی ئەوێ جێی منە، من دەزانم کە تۆ پێویستت بە کۆمەكو پشتیوان هەیەو جگە لە من کەسی ترت نیە".

زۆری بیرکردەوە، دوا ڕستەیەك کە بەزمانیا هات ئەمە بوو:

"دەزانی خەریکە خۆت دەخەیە تالوکەوە؟"

"ئەو رۆژەی کە کراسە خوێناویەکەی تۆم بینی، لەمە دڵنیا بووم."

"زۆر پڕکێشی دەکەی. لەلای تۆ من کەسێکی ترسنۆکم."

"کەس ناتوانێ لە پێستی خۆی بێتە دەرێ."

فرود لە خەتەردا بوو. ئیدی لە دەسڕەسی هەموو کەسێکدا بوو، تەڕو وشك پێکەوە دەسووتان. چ کەسێك لە رابەران نەمابوو، سەردەستەی ئەفسەرانیش گیرا، هەرچەندە تا دوا سات بەرگری لەخۆی کرد. خۆی بەدەستەوە نەدا، دژمن بەسەریا زاڵ بوو. ئامادە نەبوو لە ئێران دەربچێ. گوشاریان لێکرد کە شوێنەکەی بگۆڕێ. گوتیان: ئەوەندەت ئەشکەنجە دەدەن کە بەرگە نەگریت. وەڵامەکەت روونو رەوان، بێ پێچو پەنا بوو. ئیدی هیچ نهێنییەك نەماوە کە نەمەوێ کەشفی بکەم، هەڵی ماڵم. نەك هەر حسەینی هەموو شتێکی گوتووەو براوەتەوە، بەڵکو شوڤارو خەفیەکان دزەیان کردووەتە ناو پاشماوەکانی حیزبەوە، تەنانەت یەکێك لە پاشماوەکانی کۆمیتە

کە لە لقەکانی تاراندا کاری دەکرد پەی بە حەشارگەکەی ئەو بردووەو لەبەر ئەمە لێرە بۆ شوێنێکی تر گواستویەتیەوە. ئەو متمانەی بە هیچکەسێکی دی نیە. بەچ مەعلوم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بیگەیەننە مەرز رێگایەکی کورتتر ناگرنە بەرو تەحویلی فەرماندارى سوپایی نادەن. بە هەرحاڵ فرود کە ئێستا لە قۆناغە باڵاکانی حیزبدا کاری دەکردو تەنیا یەك دوو کەسی لە پێش مابوو کە بگاتە پلەی سەرۆکی رێکخراو، هەستی دەکرد کە رۆژ بە رۆژ دەوروبەری چۆڵتر دەبێ. خەریکە بە تاقی تەنیا هەرخۆی دەمێنێتەوە. لەوەیە ئەمڕۆو سبەی دەستگیر بکرێ. هەنگێ بە گفتوگۆکانی خۆیدا چووەوە. وشە بە وشەی هەڵسەنگاند، هەموو ساتێك وێنەی ژنێکی ئاقڵی دەهاتە بەرچاو، فرود رۆژانێکی زۆر بیری لەم گفتوگۆیە کردەوە. خەتەری نزیكو گفتوگۆ دەگەڵ نێرگزدا زۆری مژول دەکرد. پاشانیش هەمیشە تاپۆو شەبەنگی نێرگزی بەم ئازایەتی و لە خۆبوردەییەوە دەبینی. خاڵێکی بۆ یەك لایی بووەوە: ئەم ئافرەتە لەسەر ویستو بڕیاری خۆی مکوڕەو بەم ئاسانیە ناتوانێ دەستی لێ هەڵگرێت یا خۆی لێ رزگاربکات. مەگەر کارەساتێکی گەورەتر بڕۆی پێبدات.

# (١٤)

ئەو رووداوەی کە بڕیارەکەی ئەوی خاودەکردەوە خەریك بوو فەراهەم دەبوو.ئەو بیرەی کە هەمیشە ئەزابی دەداو ئێستا بە ئاشکرا ناخی دەپشکنی ئەمە بوو کە: "ئایا بێدەنگیو خەمساردیو بێ موبالاتی دەرهەق بە تاوان دەکاتە شەریك بوون لە تاوان یان نا". ئەو رۆژەی کە چووە حیزبەوە ئەم بیرە هەندێجار ژێراو ژێر لە ناخیا سەری هەڵدەداو هەڵدەپلا، کەچی ئێستاکێ ئەو پرسیارە هەموو کاتێ دووبارە دەبووەوە. جا ئەگەر ئەم تێفکرینە حەقیقەتێکی پەنامەکی تێدا بوو، ئەوا لە چوارچێوە گشتییەکەیدا بۆ کاروبارە کۆمەڵایەتیەکانو بۆ ژیانی فەردیو شەخیش هەر وابوو. یان پێویست بوو سەبارەت بە پەیوەندی خۆی دەگەڵ نێرگزو پەیوەندی نێوان نێرگزو فەیروز بێ هەڵوێست بێتو لێگەڕێ چ دەبێ با ببێو تەنیا تەمەشاڤان بێو تەواو یان پێویستە دەست بە کاربێت، وەهەرچەندە خەتەرێك هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ بکات، و رێگە لە رووداني تاوانو بەلایان بگرێت؟ بەڵام ئەم رێگەگرتنە لە کارەساتو تاوان جورئەتی دەویستو فرود پێی وابوو پیاوی ئەم کارە نیەو ناتوانێت حەقیقەتو راستی لە فەیروز بگەیەنێ.

بڕیاری دا بەتەنێ بچێتە دیدەنی بابو دایکیو بەر لەوەی فرود بێ بۆ تارانو کاری زەماوەندەکەی خۆی یەکلایی بکاتەوە. مەسەلەکەی دەگەڵدا باس بکاتو حەقیقەتەکەی بۆ ئاشکرا بکات. بەڵام شتێکی دیکە رووی داو بووە مایەی ئەوە کە ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکرێت.

هەمیشە هەر وابوو. هەرکاتێ بڕیارێکی لە ژیانی خۆیدا دەدا، وبۆ نموونە دەیویست یەك هەڵوێست بێ، هێزێك، نەناسراوێك، دۆستو ئاشنایەك بەردێکی هەڵدەدا بەر سەری ئەو دەکەوتو لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دووری دەخستەوە. فرود لەخۆی دەپرسی: بە ڕاستی وایە؟ ئایا ئەم تەسەورە پووچە کە خەڵکانی دی دەبنە کۆسپی سەر رێگەی هەوڵو تەقەلای ئەو یان هەق بە نێرگزە کە دەیگوت تۆ گەمەی دەستانیو بۆ هەرکوێت هەڵدەن لەوێندەر دەخولێیتەوە.

دایکی نامەی بۆ نووسی کە ئاهەنگی زەماوەندی مونیرە بەڕێوەیە. مونیرە خوشکی بچووك بوو. نازدار، شادو زیتەڵو زرینگ. فرود لە بیریەتی کە ساوابوو لە بووکەڵە دەچوو.دایکی بە بەدری نەدەسپارد. دەترسا کە تاقەتی سەرپەرشیتی ئەم کیژە دوو ساڵە شیرەخۆرەیەی نەبێت. فرود ئەو منداڵە چکۆڵە قۆنداغە کراوەی بە هەردوو دەست هەڵدەگرتو لێوە ناسکەکانی دەکردەوەو پێدەکەنیو قامکە ناسکەکانی دەخستە سەرو رووی برایەکەی. کچەکان کە گەورەتر بوون، هەر کاتێ بەدری ئەزیەتی مونیرەی دابا، مونیرە پەنای وەبەر برایەکەیان دەبرد.حاجی ئاغاش ئەم دوا بەرەیەی زۆر خۆش دەویست. هەندێجار گاڵ گاڵی لە گیرفانە گەورەکەی دەردەهێناو دەیکردە دەمی منداڵەکەوە. لەم ساڵانەی دواییدا بەدری چەند گرژومۆنتر، مەنگتروبێدەنگتر دەبوو،مونیرە شەنگوڵ وزیتەڵترو چالاکتر دەبوو. بۆیە بەلای هەموو ئەندامانی خێزانەکەوە ئاسایی بوو کە خوشکی بچووکتر زووتر شووبکات نەك بەدری کە هەموو شتێکی لە بیروخەیاڵدا بوو تەنیا شوو کردن نەبێت.

نێرگزو فرود دەعوەتکراون کە هەفتەیەك لـە مەفتـەنی خۆدا بەسـەربەرن. فـەیروزیش سـەفەرەکەی خۆی دوادەخاتو هەمووان دەتوانن لە زەماوەندەکەدا پێکەوەبن.لـە نامەکـەی ئاغـا موعەلیمـدا بـۆ نێرگز، نـاوێکی فـەیروزیش برابـوو، دەگـەڵ تێبینیو بیرخستنەوەیەکدا کـە ئـەم لاوەش بەهیوایـە ئارەزووەکەی بێتە دی. لە نامەکەی حاجی ئاغادا بۆ فرود ئـەم حـەزو ئـارەزووە روونتر بـەیان کـرا بوو.حاجی ئاغا نووسی بووی: "ئەمە یـەکێك لـە ئارەزووەکانم بوو کـە بـەر لـە سـەفەری قیامـەت منالـەکانم پـێ بگەیـەنمو لـە خـەمیان بڕەخسـێنم... مـونیرە مێـردی دڵخـوازی خـۆی دۆزیوەتـەوە. دڵنیـام پیـاوێکی دینـدارو موسـوڵمانەو ئـابڕوی ماڵباتەکـەمان دەپارێزێـت.ئاغـاش-واتـا ئاغـا موعەلیم- بە هیوایە کاری خێری نێرگزو فەیروزیش سەربگرێ. ئیشەڵڵاوتەعالا..."
فرود تیا مابوو. هەموو لەزەتیان لە نیعمەتێك دەبرد کە تەنیا لە خەیاڵی خاوی ئەواندا بەرجەستە دەبوو. لە هەورو باو ئاو کۆشکیان دروست دەکردو هـەرگیز ئـەوەیان بـە بیردا نـەدەهات کـە ئـەم خەیاڵە جوانانە هیچی لە وڕێنەی بێ خەبەران کەمتر نیە. لە بێ خەبەران کەشکەك سڵاوات. سەیر ئەمەیـە خـەڵکانێك کـە پێیـان بـە لێـوار قەبرەوەیـە دڵخۆشـن بـەوەی کـە بەشـووکردنو ژن هێنـانی منداڵـەکانیان شـوێنەوارێك لـەم دنیایـەدا بـەجێ دەهێڵن، لـە دنیایەکدا کـە دەبـێ بـەجێ بهێڵـرێ. ئەوان لە چ خەیاڵێکدانو فرود لە چ بیرێك؟ ئاش لە خەیاڵێو ئاشەوان لە خەیاڵێ؟
زەماوەنـدی مـونیرە بەرزاییـەك بـوو کـە فـرود دەیتـوانی لـەوێوە وەزعـی خانەوادەکـەیانو خـۆی بـدێنێو تەمەشا بکات. بـابی پـیر بووبـوو. شـەوقو زەوقـی سـەفەر وەکـو جـاران نـەی دەبزوانـد. دایکی لە کەیفوخۆشیدا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. کێژێکی بە شوو دەداتو بەدریش لەسـەر بەختانـە، ئەمسـاڵ یـا سـاڵێکی تـرە ژیـانی خـۆی دیـاری دەکـات. هـیچ خـەمێکی نیـە. هێشـتا ئەوەندەیان موڵكو ماڵ هەیە کە بیانفرۆشێت وشتێك بۆ بەدریش پێکەوە بنێت. نیگـەرانی دایکـە تـەنیا نێرگـز بـوو. ئیرادەی خوایـە. بـە قسـمەتی فـرود نـەبوو، فـەیروزیش کـوڕێکی خـراپ نیـە. دەتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێ، جێی ناشوکری نیە. کە بیری لە فرود دەکردەوە ناخی دڵی دەلـەرزی. شەوو نیوەشەو کە لە خەو رادەپـەڕی. حـاجی ئاغـا لەسـەر بـەرماڵ دانیشـتبوو و وێـردو قورعـانی دەخوێنـد. عەباکـەی بەسـەرا دەداو دەچـوو چـای دەم دەداو پیاڵەیـەکی بـۆ خـۆیو یـەکێکی بـۆ حاجی ئاغا تێدەکرد. بە ئەسپایی، لە بن لێوانەوە دەیپرسی: "حـاجی فـرود دەسـت لـە کارەکـانی هەڵناگرێت..." حاجی لێوەکانی دەکەوتنە تەتەڵەو لەسەر دوعا خوێندنی خـۆی بـەردەوام دەبـوو. رووی دەکردە ئاسمانودەیگوت: "هەرچیەك خوا بیـەوێ..." مـونیرە هـەر هـەموو ئـەم شـتانەی بـۆ برایەکەی، وزیاتر بۆ نێرگز دەنووسی.
بـەم بـیرو خەیالاتـەوە فـرود هـاوڕێ دەگـەڵ نێرگـزدا بـۆ شـارەکەی خۆیـان سـەفەری کـرد. ئـەو نەخشەیەی کە دایناوبوو لـە زەرفـی یـەك دوو رۆژدا فـەیروز بـە تـەنیا بگـرێو مەسـەلەکەی لـێ حـاڵی بکات، هەڵوەشایەوە، ریسەکەی بووەوە بە خوری، بەڵام چاوپۆشی لێنەکرد. هەر بە ئومێد بوو کە دەرفـەتێك بڕەخسـێت تـا لـە هـەموو شـتێکی ئاگاداربکاتـەوە. دیداری پیرەباب کە تـەنیا پێسـتو ئێسقانەکەی مابووەوە،ودیداری دایکە کە لـە گـەرمـەی هـەوڵو تەقەلادا بـوو ئاهـەنگی زەماوەنـدی کیژەکـەی لـە سەرانسـەری شـاردا دەنگ بداتـەوەو باسـی شـکۆو دەسو دڵتێـری ساڵەهای سـاڵی

بنەماڵەی حاجی ئاغای واعیز بۆ هەموو کەسێك بکات. بۆ فرود، وەکو هەمووان چاوەنۆڕیان دەکرد، ئەوەندە خۆش نەبوو. مونیرە جوانتری دەنواندو وەکو گوڵە بەهارە جیلوەو جوانی دەفروشتو لەگەڵ هەمووانـدا چاكوخۆشـی دەکردوشادیو چالاکی فەراهەم دەکرد، وبەدری کیژێکی خۆش هەیکەلوسەنگینو هوشیار بوو، وهەندێجار توڕە دەهاتە بەرچاو،ودەتگوت چاوەڕوانە کە دوای ریسوایی حیزب خوشكو برایەتیە ساردەکەیان روو لە دۆستایەتیو خۆشی بکاتەوە. ئێستا لە کەمینایە تا بزانێ پاش ئەم شکانەی بەسەری هاتووە روو لە کوێ دەکات. ئایا دەشێت بهێنرێتە ریزی خەباتی چریکییەوە؟ فرود دڵنیابوو لەم چەند رۆژەدا دەرفەتێك دەدۆزێتەوە کە دەگەڵ خوشکە گەورەکەیدا قسان بکاتو بزانێت چی لە هەگبەدایە. ئەمە بۆ رۆژانی دواتر هەڵدەگرێت. چونکە جارێ مێشکی بە گفتوگۆ دەگەڵ فەیروزدا مژول بوو. هەموو ساتێك ئەوەی بە بیردا دەهات کە بەو زووانە ئەو ساتە دێت کە دەبێت حەقیقەت بە فەیروز، دۆستی چەندین ساڵەو هاورێی دوێنێی حیزبی، بڵێت. ئەم لاوە دانی بەوەدا ناوە کە لەوەتای (پاکانە)م نووسیوە لە ماڵباتو کەسو کاری خۆم دابڕاومو بێکەس بووم. کاتێ کە نوقڵو نەباتو دراوی زیویان بەسەر بوكو زاوادا هەڵدەدا، فرود چاوی بڕی بووە چارەی گەشو رووی خۆشی فەیروز کە لە دنیای خەیاڵدا لە چەند رۆژی داهاتوودا خۆی لە حاڵەتێکی وا خۆشدا دەبینییەوە.فرود شەرمی لە خۆی دەکرد کە شولەی هەلایساوی چەند رۆژەی هەوەسی ئەو، دۆستە دێرینەکەی لەم خۆشیە مەحروم کردووە.

ئایا راستە کە خۆشیولەزەتی چەند رۆژەی ئەوان فەیروزی سادەی لەم خۆشیە بێ بەش کردبوو؟ ئایا ئەگەر ئەو رووداوە نەهاتبایە پێشێ دەستی لە نێرگز هەڵدەگرت؟ دەیتوانی دەستبەرداری بێ؟ ئەم کێشماکێشو وەلامە پوچانە کە وەهمو خەیالات بەسەریا دەسەپاند هەرگیز دڵی ئەویان چۆڵ نەدەکرد. تاقە نیگایەکی کوڕی ژنانومۆمی کوڕەکە،ودڵگیرترینیان، واتە نێرگز، پێچەوانەی ئەوەی دەسەلماند. خەم بەرۆکی دڵی بەر نەدەدا، بە تایبەتی ئێستا کە تامی لەزەتی شیرینی چەشتووە چتۆ دەتوانێ دەست لە نێرگز هەڵگرێت. هیچ کەسێك هەقی ئەوەی نیە گلەیی لێبکات کە لە پێناوی هەوەسبازیدا، کیژێکی بێگەردی لە رێ دەرکردووەو پشت گوێی خستووە.نا، ئێستا دەبێ مەردومەردانە بوەستێو بجەنگێ.پێویستە هەردوو یار بگەیەنێتە مەنزڵو مەبەست، هەم یاری ئەشقو ڤیانو هەم هەوڵو تەقەللا لە ڕای زاڵ بوون بەسەر لەمپەرو کۆسپانوگەییشتن بە ئامانج. مەسەلە حیزبو رابەران وکەجوەریو ئەندازیار عالی نیە، مەسەلە جەنگە دژ بە گەندەڵی زوڵمو زۆرو بێگانە پەرستی. رێگەیەکی دیکەش هەیە، ژمارە تەلەفۆنی ئاغای بەشیرو زەبوونیو زیللەت چارەسەری ئەم مەتەڵو لەگەزە بوو.

لەماوەی چەند رۆژی مانەوەی لە نێو کەسوکارومالباتو لە ناو هەراوهەنگامەی رێورەسمو دابو نەریتی مارەبڕینو زەماوەندو میواندارییدا گیروگرفتی دیکەش فرودیان ئەزیەت دەدا. بە درێژایی یەك هەفتە، عەوداڵی ساتێك بوو کە بتوانێ سەعاتێك بە تەنێ بەدری بدینێو رازو نیازی دەگەڵ دا بکاتو ئەوەی لێ دەربێنێ کە چ شتێك خوشکە گەورەکەی ئازار دەداتو بۆچی حەز لە چارەی زاوای تازە، کە باوکی سەرۆكوخاوەنی کارخانەی چنینەو پێویە کارگەیەکی

خمگەریشی بخاتە سەر، ناکاتودەگەڵیا ناسازیّ؟ بۆچی لە خوشکە چکۆڵەکەی کە ئەوەندە یەکتریان خۆش دەویست، دڕدۆنگەو بە گۆشەو کینایە سەرزەنشتی دەکاتو سواری ئەو ترومبێلەی کە بردوونی بۆ ماڵی زاوا نەبووەو بە تاکسی یەکێك لە هاوڕێیانی خۆی بۆ ماڵی زاوا چووە؟.

حاجیە خانم قاری دەخواردو فرودی لەم سەگ ئاکاریەی کیژەکەی دەگەیاندو مکوڕبوو لەسەر ئەوەی کە خوشکە چکۆڵەکەی نسحەت بکات، نە با بەینی ئەم دوو خوشکە لەسەر سیاسەت تێك بچێت.

گرفتوناڕەحەتی سێیەم، ناڕەحەتیەکی خۆشوناخۆش بوو. نێرگز نەیدەتوانی، بیّ هەڵوێست بێتو میهرو سۆزی بیّ پایانی خۆی لەبەرچاوی دۆستو ئاشنا هەوساربکات. کیژانی هاوسونحی ئەو هەر زوو پەیان بە چۆنیەتی وەزعوحاڵەکە برد. نێرگز دەربەستی ئەوە نەبوو کە هەموو دنیا پەی بە دڵداریەکەی بەرن. جلەوی نازوعیشوەکانی بەر بووبوو، ونیازی رام بوونیان نەبوو، هەرفرسەتێکی بۆ هەڵدەکەوت فرودی ماچ دەکرد، نەوازشی دەکرد، سەری بە سینگو بەرۆکی خۆیەوە دەقرساندو بیّ پەروا داوای ئەشقو ڤیانی ئەوی دەکرد.خۆدزینەوەی فرود بێهودە بوو. لەزەتەکە بە ئەندازەیەك دەجۆشا کە جگە لە تەسلیم بوونو قاییل بوون چ چارەیەکی نەبوو.

ئەم سیانە دەستیان دابووە دەستی یەکترو دووچاری دوودڵییان دەکرد لەوەی بڕیارەکەی خۆی جێبەجیّ بکات. کەسێك پەتێکی لە گەردنی کردبوو، و هەر ساتە لە جەمسەرێکەوە بۆ جەمسەریکی تری پەرت دەکرد. دەڕۆیی، قۆڵی بە قۆڵی فەیروزدا دەکردو بەرەو سووچێکی دەبرد.لەپڕ چاوی بە چارەوسیمای شادوشادی ئەنگێزی نێرگز دەکەوتو خەیاڵ هەڵیدەگرتو فەیروز نەیدەزانی ئەم میهرو لوتفەی هاوڕیّ حیزبیەکەی جارانی چتۆ لێکبداتەوە.

فرود هەرساتەی وێنەیەکی تازەی فەیروزی لە مێشکی خۆدا دەکێشا: پیاوێکە سادە، بە ئاسانی دەتوانیّ دەست لە حیزب هەڵبگریّ، بە ئاسانی دەتوانیّ کیژێك هەڵبژێریّو عومرێکی لەگەڵدا بەسەر بەرێت، زۆر ئاسانە کە پیاو کیژی مامۆستایەکەی خۆی بخوازیّ، هیچ ڤیانو ئەڤینداریەك لە ئاردا نیە، ئەڤینو ئاشقێنی لەو نەقڵوحیکایەتانەدا هەیە کە خەڵکان بۆیان گێڕاوینەتەوە، شازادەو پەریان دڵ دەدەنو دڵ دەبەن.

رۆژێکی دی کە ئەوی لەبەر خێراوەکەی پێش گەراجەکەدا دەبینی، لە هەمان ئەو شوێنەی کە رۆژێك گریۆیان تیا کرد، فەیروزی بە پیاوێکی دی دەهاتە بەرچاو، پیاوێکە ئەهلی کارو قاڵبووی رۆژگار، کەسێکە واقیع بینو خەیاڵپرێسی بە مێشکدا ناچێت. هەر لە منداڵیەوە نێرگزی خۆش ویستووە. غیرەتی قەبوڵ ناکات کە فرود دەیەویّ نێرگزی لە دەست دەربێنیّ، چ شتێکی لەو کەمترە. کە بابی دراوسێی ئاغا موعەلیمە، ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە ئەو زیاترە. ئەگەر ئەو چووەتە زیندان ئەمیش حەپسی کێشاوە، راستە گوللەی بەر نەکەوتووە، چما بنیادەم دەبیّ بریندار ببیّ ئەوجا بگاتە مەبەستی؟ کەواتە مەسەلەکە رکابەرییەو ئاشقێنیو دڵداری نیە.

جارێکی دی فرود، فەیروزی بە شایستە نەدەزانی، با بڕوات لە هەمان گوندەکەی بابی بژی. بۆچی هەر ژن بێنێ. بۆ خۆی چەند کیژێکی تەڕو ناسك سیغە بکات، پاشان کە تێر بوو وچەند منداڵێکی خستەوە ژنێکی بە چەند مانگاوپەزو ئەسپو هێسترەوە، لە گوندەکەی خۆیدا دەست دەکەوێ کە لەگەڵیا بژی. نێرگز بە کەڵکی ئەو نایەت، لە ڕۆژی سێیەمەوە تێك دەگیرێنو ژیانیان دەبێ بە دۆزەخ.
لەم توڕەهاتانەی پێکەوە دەڕستو نەیدەزانی رووبەڕووی کام فەیروز ببێتەوە.ئەنجام دەرفەتێك رەخساو توانی بە تەنێ بیدینێ، بۆ فراڤین دەعوەتی میوانخانەیەکی کرد. "قسەیەکی پێیە کە پێویستە دوور لە ئەغیار پێی بڵێ." ئەو شەوە قەراربوو هەموو خانەوادەی حاجی ئاغا لە ماڵی ئاغا موعەلیم میوان بن. دەیانویست دەعوەتێك سازبکەن. هەرمەپرسە نێرگز ئەم میوانداریو زیافەتەی بە چ زەوقو شەوقێکەوە ئامادە دەکرد. کاتێ بیستی کە فرود، فەیروزی بۆ فراڤین دەعوەت کردووە لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. چ شتێك لەمە باشترە، دۆستایەتیو رەفاقەتی نێوان ئەوو مەلا فەیروز دەمێنێو ئەشقو ڤیانی ئەویش چ زەرەرێك نایەنێ. هەرکە بینی فرود جلکی نوێی لەبەرکردووەو خەریکە دەگەڵ فەیروزدا لە ماڵ وەدەردەکەوێ چووە بەر دەرگاکەی نێو هەردوو حەوشەکەو هاواری کرد: "درەنگ نەیەتەوە، ئاشو پلاوەکەمان سارد دەبێتەوە" ئەوجا بێ هیچ ترسێك دەستی بۆ هەڵبڕیو ماچێکی هەوایی بۆ نارد.
حاجیە خانم کە لە پشت پەردەی ژوورەکەوە ئەم ئاشقێنییە بێ پەروایییەی بینی بزەیەکی کردو لەبەر خۆوە گوتی:"ئەڵلاهو ئەکبەر لە دەست ئەم کیژە."
جووتە دۆستوئاشنای دێرین لە خوارنگەی "زندەدل"دا لە سووچێکدا لە پاڵ پەنجەرەیەکدا رۆنیشتن. فرود هەوەڵجار داوای قاپێك ڤۆدگای کرد. فەیروز نەیهێشت: "دەتەوێ چ بکەی؟ من دوای نیوەڕۆ دەبێ سەرێکی قوتابخانە بدەم".
فرود دەیویست بەزەبری ڤۆدگا زات وەبەر خۆی بنێ تابتوانێ ئەوەی ژێر بەڕەی بۆ بخاتە سەر بەڕە،بەلام دوای هەڵدانی دوو پیاڵە بیرێکی بۆ هات:
بۆچی نێرگز تاوانبار بکات؟ بە پێچەوانەوە، هەموو تاوانەکان لە ئەستۆی خۆی دەگرێتو وادەنوێنێ کە نێرگز ئاگاو خەبەری لەم دڵبەندیە نیە، ئەوە کە حەزی لەم کچە جیرانە کردووەو ناتوانێ دەستبەرداری بێت". تەنانەت دەیویست رێكو رەوان بڵێت کە ئەو نێرگزی گومڕا کردووەو لە رێی دەرکردووە، بەلام زاتی ئەمەی نەبوو.
ئایا بەڕاستی هەموو خەتایەکان لە ئەستۆی کیژێ بوو؟ نێرگز کە بۆ تاران چوو، وچووە زانستگە، سەرقاڵ بووبوو.خەریکی دەرسوخوێندن بوو.هاتوچۆی دەگەڵ خوێندکارانی هاوشاریی خۆیدا هەبوو.نامەو نامەکاری دەگەڵ بەدریو مونیرەدا دەکرد. نامەکانی پڕبوون لە دڵبەندی بە دنیای تازەوە، بە کێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتی خوێندکاران، بە خەباتیان دژی داموو دەزگای دەوڵەتی. ئەم رووداوو واریقاتانەی یەکە بە یەکە بۆ بابی دەنووسی. خۆ ئەگەر جار جارێك هەواڵێکی فرودی لە بەدریو مونیرە پرسیبا، ئەمە کارێکی ئاسایی بوو. ئەمانە پێکەوە گەورە بووبوون، لە یەك ماڵدا دەژیان. ئەڤینداریەك لە ئارادا نەبوو. فرود کە لەرێی دەرکرد، ئەو

ڕۆژەی کە بۆ یەکەمجار نێرگزی دەگەڵ چەند خوێندکارێکدا لە خەیاباندا بینی، دڵی کەوتە تەپەتەپو لێدان. ئەو کاتە ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی هەر هەفتەیەك یان دوو هەفتە جارێك یەکدی بدینن، چەندی پێ خۆش بوو کە پێنج شەممەو هەینی دەهات. گەڕانوپیاسەی شەمیران، کڕینی لولە کەباب لە دەستگێڕان، خواردنی قاژە کاڵەکانی ژێر دارودرەختان چەند بەلەزەتو خۆش بوو.خۆ ئەگەر باس بێتە سەر لە ڕێ دەرکردنو خەڵەتاندن، ئەوا دەبێ ئەو لە هەوەڵەوە هەر هەموو مەسئولیەتێك لە ئەستۆ بگرێ. ئەمە حەقیقەتەکەیە. ئەو کەمتەرخەمی ئەسڵییەو پێویستە دان بەمەدا بنێو بە فەیروزی بڵێ.

باسی هەموو شتێك کرا. باسی قوتابخانەو قوتابیان کە زۆربەیان فرزەندانی کۆنە ئاشنایانن، باسی گیرانو "پاکانە" نووسینو باسی ئەوەی کە لەوەتای ئازادبووە هاوڕێیان بە گومانەوە سەیری دەکەنو تەشەری لێدەدەنو تەریقی دەکەنەوە، بەڵام ئەوی نایباتە سەرخۆیو وا دەنوێنێ کە دەگەڵ ئەویان نیە.

کەمێك جورئەتو نەفس بەرزی گەرەکە کە پیاو گوناحی کەسانی دی لە ئەستۆ بگرێو لە کەمێك شەرمەزاری نەترسێت. لە جەوهەروماهیەتی فرودا ئەم سستییە قەبوڵ نەبوو. ئاخر بۆچی درۆ بکات؟ دیسان بەنیازی هەڵخەڵەتاندنی هاوڕێکەیەتی؟ ئایا بەڕاستی سووك کردنی دەردی فەیروزی لەبەرچاو گرتووە کە دەیەوێ درۆی دەگەڵدا بکات؟ یان دەیەوێ خۆی بە جوامێرو کەڵەمێرو گەورە لە قەڵەم بدات؟ ئەم سێ ودووی دڵە، لە کاتێکا کە فەیروز لە پەستاو بێ پسانەوە قسەی دەکرد، بروسکەئاسا مژۆلیان دەکرد. دیسان لە خۆی دەپرسییەوە کێ گوناحبارە؟ فرود یان نێرگز؟ "ڕاستت دەوێ من تەنیا لەبەر خاتری نێرگز ئەو تورەهاتەم نووسی. هەڕەشەیان لێکردم کە ئێسكو پروسکە رزیوەکەشت لەم کونە نابەیتە دەرێ. پاشان بیستمەوە گەورەکان خۆیان دەربازکردووەو ڕۆییون. ئەوانی دیکەش کە گیران، خۆت باشتر دەزانی. دەرکەوت سەییدی هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە شۆڤاروجاسووس بووە. هێشتا نەگەیی بووە ناو زندان لە ئێمەیان جیا کردەوە. لێکۆڵینەوەیان دەگەڵ هەر کەسێکدا دەکرد، هەرکە خۆی لە گێلی دەدا یەکسەر ئیعترافەکانی (سەییدی)یان دەخستە بەردەمی. لەم دواییەدا دەنگی ئەویان بە کاسێت لێدەدایەوە..."

لەیەکبینە لەم جۆرە ڕووداوانەی دەگێڕایەوە، هەر هەموو ئەم شتانەش زەمینە خۆشکردن بوو بۆ ئەوەی کە نووسینی (پاکانە)کەی لەبەر خاتری نێرگز بووە. فرود گوێی لە ڕووداوانی زیندان، لە فیداکاریو قارەمانێتی ئەمو ترسنۆکی ئەو نەبوو.بەڵام ئەم گوتەیەی فەیروز، ودووبارە کردنەوەی ئەم خاڵەی کە تەنیاو تەنیا لەبەر خاتری نێرگز ئەم زەبوونیو شەرمەزاریەی قەبوڵ کردووەو خۆی نەجات داوە، وەکو تیرێکی ژەهراوی کاری تێکرد. لەزگ بوو لەسەر فراڤینەکە هەستێتو هەڵێت. پیاڵەیەکی دیکەی هەڵداوقیروسیای لێکرد:

"دەزانی؟ من دەمویست شتێك بە تۆ بڵێم. هەڵبەتە پێویستە هەر لە بەینی منو تۆدا بمێنێو کەسێکی تر پێی نەزانێ، قەولم دەدەیە؟"

"هەر حوکمی ئیعدامی من نەبێت، بەڵێ ئامادەم".

"دەمویست دەربارەی نێرگز قسەت دەگەڵ بکەم".
ئەو شتەی کە بە بیری فەیروزدا نەدەهات ئەمە بوو کە دۆستە دێرینەکەیو هاوڕێ حیزبیەکەی جارانی، کە قەناعەتی پێ هێنا بوو تەنیا لەبەر خاتری نێرگز (پاکانە)ی نووسیوەو بەربووە، چەند رۆژێك بەر لە زەماوەند بێتو دەربارەی بووکەکەی قسەی دەگەڵ بکات. بیری لە هەزارو یەك شت کردبووەوە. دەربارەی رێورەسمی مارەبڕین، دەربارەی جیازی، مارەیی، ماڵو ژیان، نیشتەجێ بوون لە تاران یان لە شارسان، پەیامێك لە ئاغا موعەلیمەوە، دەربارەی سادەیی پڕشکۆی بووکێ، دەربارەی ئەمەی کە هەندێ لە خزمو کەسوکاری بە تاوانی کڕینو فرۆشتنی کاڵای قاچاغ ماوەیەکیان لە زینداندا بەسەربردووەو دەربارەی ئەمەی کە دایکی بە گەنجی بابی بەجێهێشتووەو لە کوچەی قەرەجانو نزیکی (ئاب منگل) دیتویانەو هەزاران شتی دی، بەڵام دەربارەی خودی نێرگز هەرگیز...
"نازانم دەتەوێ چ بڵێی، هەرچیت هەیە بیڵێ."
دەنگی لەرزی، دەتگوت هەستی کرد دەیەوێ چ بڵێ.
"تۆ هێشتا سووری لەسەر ئەوەی کە دەگەڵ نێرگزدا زەماوەند بکەی؟"
"ئەمە شتێکی تازە نیە. هەموو شار دەیزانن کە من وام نیازە، بابیشی ئاگادارە".
"ئەمانە راستن بەڵام دەزانی کە منیش خۆشم دەوێ".
چاوانی فەیروز ئەبڵەق بوون. سەری لەسەر قاپە خواردنەکە بەرزکردەوە، هەوەڵجار باوەڕی نەکرد. باوەڕی نەدەکرد لە دۆستەکەیەوە کە ئەوەندە رێزی دەگرتو لە قوتابخانەو لە پۆل دا ئەوی رەمزو نیشانەی راستگۆییو بوێری وبەهرەداری دانا بوو، گاڵتەوشۆخیەکی وا بێ تام، ئەویش چەند رۆژێك بەر لە رێورەسمی مارەبڕین، بژنەوێ. بۆچی دەیەوێ دڵی عاجزبکات. خەریك بوو بە چەقۆوچەتاڵ گۆشتەکەی خۆی دەبڕی کە لە ناکاودا دستی بەر پیاڵەی قۆدگاکە کەوتو لەسەر مێزەکە قلپ بووەوەو کەوتە سەرعاردیو شکاو بە پانتۆڵە رەشەکەیدا رژا.
فەیروز چاوەکانی نیمچە نوقانێك نوقاندو نیگایەکی ژێراو ژێری بەرانبەرەکەی کرد. تەنیا لە یەك دەمدا شتانێکی لە سیمای حەریفەکەیدا بینی کە هەرگیز نەی دیتبوو: دژمنایەتی، رکابەری، ناجنسیو ناڕەسەنی،کەمیو نزمیو بێ شەرمی. ئەگەر خۆی نەگرتبا دەیگوت: تف لە چارەت! بە راستی نامەردی، تازە بە تازە دێیتو ئەم قسەیە دەکەی؟بە خۆت دەبینیو دەزانی کە من لە دەرگای ئەم ماڵە دەدەم، هەر کارێکم لە دەست بێت دەیکەم، بە هەزار زمان لە کیژێو لە باوکیو لە حاجیە خانم دەگەیەنم کە دەمەوێ دەگەڵ ئەم ماڵباتەدا خزمایەتی بکەم، خۆم بە یەکێك لەوان دەزانم، بە هەر فێڵێك بووە دەمەوێ رێگەیەك بۆ دڵی نێرگز بکەمەوە. هەموو کەسێك لەم شارەدا دەزانێ کە خۆم ناوزەد کردووە، خوازبێنی کەرم، هەموو کەسێك بە زاوای ئاغای پایەدارم دەزانێ، ئەدی تۆ چۆن نەتزانی؟ ئەم هەموو ماوەیە خۆت لە گێلی دا. یەجگار سووکی،فرە بێ ئابڕوی.لە هەوەڵەوە پەیوەندیت دەگەڵ ئەم کیژەدا هەبووەو بە منت رابواردووە، بە ریشی من پێکەنیوی. دەیتوانی چ بڵێ. بە عەمراتی پیاوی وا دوو روو، وا نامەردی نەدی بوو.

زمانی بەسترا، ددانەکانی کلیل درابوون. هەرچی کردو کۆشا نەیتوانی قسەیەکی تر بڵێ. تەنیا ئەوەندەی بەزاردا هات کە:
"تۆ رۆژێك بە منت گوت، کە بە هیچ جۆرێ چاوت لێی نیە".
فرود تەزوویەکی بە پشتدا هات، نەیزانی تەزووی خەجاڵەتی و شەرمەزاری بوو یان بەزەیی و دڵ پێ سووتان. جوێنی بە خۆی دا: بۆچی زاتی نەکرد راستی بڵێت؟ چەندین ساڵە کە نێرگز شیفقەی ئەوە، دڵ برینداری ئەوەو، ئەو، کە فرودە، هەموو کاتێ هەوڵی داوە ئەم کیژە لەو بیرە ژێوان بکاتەوە. بەڵام لە دوا ئەنجامدا هەست و سۆز بەسەر هۆش و ئەقڵدا زاڵ بووەو تەحەمولی نەکردووەو بێ ئەوەی بەخۆی بیەوێت گیرۆدەی تان و پۆی ئەشقێکی کوشندە بووەو ئێستاش هەرگیزاو هەرگیز نازانێ کە ئاخۆ دەتوانێ رۆژێ لە رۆژان بڕیاربدات دەگەڵ ژنێکدا بژی کە دەشێت لە رۆژان بڕیار بدات دەگەڵ ژنێکدا بژی کە دەشێت رەئی و ویستی ئەو پوچەڵ بکاتەوە.
نا، نەیدەتوانی ئەم حەقیقەتە بڵێ. هێندەی لە توانایدا بوو درۆی دەگەڵ خۆیدا کرد: ئەمە ژنێك نیە کە دەگەڵ فەیروزدا بسازێت. هەڤژینیان سەرناگرێ و ئاقیبەت لێکدی جیادەبنەوە. ئەگەر بیزانیبا کە ئەم دووە پێکڤە بەختەوەردەبن، دەم و دەست دانی بە جەرگی خۆیدا دەناو لەم شارەو لەم وڵاتە دەڕۆیی و بۆ ئەوانی چۆڵ دەکرد. دڵنیا نیە. بەپێچەوانەوە هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە ئەو جووتە پێکەوەیان ناکرێ ولە ژیاندا بەختەوەرنابن.
فرود چاوی بڕی بووە پانتۆڵە تەڕەکەی فەیروزو چونکە ئەو درۆ شاخدارەی کردبوو لە تەریقی دا ئارەقەی دەردەدا. چاوەڕوان بوو رەقیبەکەی شتێك بڵێت. بێدەنگی ترسناك بوو، تەحەمول نەدەکرا. ئەگەر چەند ساتێکی دیکە بێدەنگی بەردەوام بوایە رادەپەڕی و یەخەی فەیروزی دەگرت و هاواری دەکرد: بۆچی جنێوم پێ نادەی؟ بۆچی دارکاریم ناکەی؟ بۆچی دانیشتوویت و قەبوڵی دەکەی بەو جۆرە بە درۆیان و دەغەڵبازی فریوت بدەم؟ ئاخر شتێك بڵێ، پەرچە کردارێك بنوێنە. بەڵام فەیروز هێدی وهێمن دانیشتبوو، بۆیە فرود لەسەری رۆیی:
"لەم مەسەلەیەدا نێرگز بە تەواوەتی بێ گوناحە. ئاگای لە مەحمودی بێ زەواد نیە. بە هیچ جۆرێ ئاگاداری ئەوە نیە کە من ئەوم خۆش گەرەکە. بە تەواوەتی بێ ئاگایە".
مودەتێکە کە نایبینێ. بە رێکەوت لە گەراجدا تووشی یەکتر بوون و پێکەوە بۆ زەماوەندەکەی مونیرە هاتن. کە لە تاراندا ماوەتەوەو لە نەخۆشخانەدا کاری وەرگرتووە بە هیچ کلۆجێ لەبەر خاتری ئەو نیە. لەوەشە دوای یەك دوو ساڵێك بۆ شارەکەی خۆیان بگەڕێتەوەو لێرە خزمەت بکات. بە هەرحاڵ مانەوەی نێرگز لە تاراندا هیچ پەیوەندیەکی بە حەزی فرودەوە نیە. ئەم دوو مەسەلەیە بە تەواوەتی لێکدی جیان.
خەریك بوو بەرە بەرە درۆو راستی تێکەڵ بە یەکدی دەکرد:
"چەندین ساڵە دەگەڵ خۆما لە کێشەدام. هەرجارێ کە تۆم دەبینی دەمویست پێتی بڵێم بەڵام شەرم دەیگرتم. کاتێ کە دەستگیریان کردیت دەمویست بێم بۆ زندان و ئەم ئەشق و ڤیانەی خۆمت پێ بڵێم، کەچی بە خۆم دەگوت خۆ نێرگز بە هیچ جۆرێ منی خۆش ناوێ ئیدی بۆچی بە خۆڕایی دڵی هاوڕێی چەندین ساڵەم بیەشێنم؟ بەڵام ئێستا بۆچی بە چەند رۆژێك بەر لە

ڕێـوڕەسمی مـارەبڕین، دڵـداریی خۆمـت پـێ دەڵـێم، خۆشـم نـازانم.. ئەگـەر بـزانم، نێرگـزو تـۆ بەختەوەردەبن، لە سبەینێ زووتر نیە دەستی هەردووکتان دەنێو دەستی یەکتر دەنەمو بە خۆم لەم وڵاتە دەڕۆم. دایکم ئامادەیە باخچەکەی سەرێ بفرۆشێت، خەرجی سەفەرم بۆ دابینبکاتو بۆ هەندەرانم بنێرێ. من ئامادەم چاوپۆشی لە ئەڤینی خۆم بکەم بەو مەرجەی بەختەوەری تۆ دابین ببێ.."

لە ناکاو بینی کە خەریکە قسەی بێ سەروبەرو هەڤدژ دەکات. لە پێشا دەم لە دڵداریو ئاشقێنی دەکوتێو پاشان دەگاتە ئەمەی کە نێرگز بە ژنی فەیروز نابێت. قسەکەی بڕی. پارویەك گۆشتو پلاوی خستە دەمیەوە، فەیروز چاوی بڕی بووە ئەوو دەستی دەلەرزی.

پتر لـە دوو سـەعاتان لـە خوارنگەکـەدا مانـەوە. شـتاقیان فراڤینەکـەیان بەدڵـەوە نەنووسا.لـە پـڕ فەیروز هەستاو بە بیانووی ئەمەی کە دەبێ دوای نیوەڕۆ سەرێکی قوتابخانە بدات، بەبێ خوا حافیزیو بێ ئەوەی تەوقە دەگەڵ فرودا، کە دەعوەتی کردبوو، بکات، ڕۆیی. شەوێش نەهاتە میوانی ئاغا موعەلیمو لە ئاهەنگو ڕێورەسمی زەماوەندەکەدا بەشداری نەکرد.سەفەری کردو نەزانرا بۆ کوێ بارەگەی تێك ناوە.

نێرگز حاڵی بوو چ باسە.حاجیەخانم کە بینی فرود بە تەنیا گەڕاوەتەوە دڵی خەبەری دا. مونیرە تووڕە بوو وئەوەی پەی پێبرد بوو بۆ زاوای تازەی گێڕایەوە. لەزگ بوو زەماوەندەکە تێك بچێت حاجی ئاغا کەوتە بەینەوەو خێرا دەقی مارەبڕینەکەی خوێند.

بۆ سبەینێ هەموو دەیانزانی چ شتێك رووی داوە.کەس ئاگاداری وردەکارییەکان نەبوو،هەموو دەیانگوت فەیروز بە تەما بووە کە لە ڕۆژانەدا ئاهەنگی زەماوەندی ئەویش بگێڕدرێ کەچی سەیری کردووە هەڵیان خەڵەتاندووە وجوابیان کردووە. تەنیا بەدری بوو کە دوو ڕۆژ لەوەدوا، هێشتا بە تەواوی لە خەو رانەبووبوو کە چاوی بە براکەی کەوت، مۆڕەیەکی لێکردو بەڕەقی گوتی: "لە نێو ئێوەدا باوە کە ژنی یەکدی لە ڕێ دەرکەنو بخەڵەتێنن، ها؟"

فرود زۆری لەبەر گران بوو. چاوەڕوانی ئەمە نەبوو لە خوشکی چکۆڵەی، لە خوشکێك کە چەند ساڵە لە خەمیا بووەو زۆری خۆش دەویست. بێلێکدانەوەو لە ژێر کاریگەری سۆزی ناسکدا تاوانێکی زۆر نابەجێی دەدایە پاڵی. فرود هیچی نەگوت، وەڵامێکی نەبوو، وەکو جاران قسەکەی بە شۆخیو سوعبەت وەرگرت. پێکەنیو لاسایی کردەوە.

ئەمە یەکێك بوو لەو پەلانەی کە تەپڵی سەری بنیادەمی دەشکاند. ئەوەی لە فرودا نەبوو مێبازی بوو. دەگەڵ زۆربەی ژنانی هاوڕێکانیدا دۆست بوو، هاوڕێ بوو، سوعبەتو گاڵتەی دەگەڵ دەکردن، بەڵام میناکی خوشکی خۆی وابوون، هەرگیز بەچاوی خراپ تەمەشای نەکردبوون. کەچی ئێستا ئەم خوشکە چکۆڵەیەی، ئەم کیژە نازدارە، دێتو ئەو جۆرە تۆمەتەی دەداتە پاڵ. گریمان یەکێك لە ناو حیزبدا ژنی هاوڕێیەکی خۆی بە چەند منداڵەوە خەڵەتاندووە، ئایا دەشێت ئەمە بکرێتە بەڵگە کە یەك کەس کۆمەڵێك بەدناوبکات. ئەم کیژە نازدارو نازپەروەردەیە لەگەڵ چ کەسانێکدا ئاشنایەتیو هاتوچۆی پەیدا کردووە؟"

"ئێ، خانمی چکۆلە، چیترت هەیە بیسرەوێنیتە کاکت؟ کەسەکت دەوێ یا خرکە بەرد؟"

دانەویەوەو لە باخچەکەدا چنگێ گڵی هەڵگرت و لە دەستیا گوشی و چۆڕاندیەوەو لە خوشکەکەی نزیك بووەوە. دەیویست لە دەموچاوی هەڵسوێ، پێکەنین بەدری گرت و بە ڕاکە خۆی گەیاندە قەراخ حەوزەکەو ئاوپرژێنی براکەی کردو تەڕی کرد. ئێستا نۆرەی بەدری بوو کە سەرکەوتووانە پێدەکەنی و گاڵتەی بە براکەی دەکردو بە قاقا هەموو خەڵکی ماڵەکەی ئاگادار کردەوەو تا دەنگی سەلاواتی حاجی ئاغا بەرزنەبووەوە خۆشك وبرا دانەسەکنین.

حاجیەخانم، سفرەو سەماوەری بەیانی ڕادەخست ، لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد. ئازای بەدەنی دەلەرزی دانی بە لێوی خۆیدا نابوو، ناکا غەیب بوونی لە ناکاوی فەیروز ببێتە مایەی دژمنایەتی خوشك و برا. لە سەروسیمای دوێ شەوی ئاغای پایەدارەوە هەستی کردبوو کە ئەویش پەی بە مەسەلەکە بردووە. هیچ لەم کیژە سەرکێشە دوورنەبوو کە دوێ شەو هەموو شتێك بە بابی بڵێ. ئاغای پایەدار خاوەن ماڵ ومیوان بوو، ونەیدەتوانی لەبەرخاتری نەهاتنی یەك میوان، خۆشی وشادییەکە لە هەمووان تاڵ بکات. لە پشت پەنجەرەکەوە پەی بە توڕەیی کیژەکەی برد،بەلام کاتێ کە جووتە براو خوشکی بینی پێکەوە پێکەنین وکەوتنە سوعبەت و شۆخیان، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا، خۆشحاڵ بوو ولەبەر پەنجەرەکە لاکەوت.

فرود قۆڵی بە قۆڵی بەدریدا کرد، پێکەوە هاتنە ژوورەکە، سفرەی چایی بەرقەراربوو، بەلام هێشتا هیچ کەسێك نەهاتبووە ژوورەوە. هەڵبەتە تا حاجی ئاغا لە نوێژودوعا نەبوایەتەوە چ کەسێك نەدەهاتە ژوورەوەو لە دەوری سەماوەرەکە دانەدەنیشت، مەگەر حاجی میوانی هەبوایە. ئێستا حەوشەکە چۆڵ بوو، حاجیەخانم کەمێك غەمین دەهاتە بەرچاو، چونکە یەکێك لە کیژەکانی ئیدی دەنگ و چەقەچەقی لەم ماڵە دەبڕاو ماڵەکە کڕوکپ دەبوو. بۆیە شەڕە ئاوی سەر حەوزەکەو شۆخیبازی و لاقرتێی ئەوانی بە نوقڵانەی خێر لێکدایەوەو هیچ گلەییەکی لەوە نەبوو کە بە پێچەوانەی دابی باوەوە کوڕوکچەکەی بەر لە وەژوورکەوتنی حاجی ئاغا لە دەوری سەماوەرەکە دانیشتوون و ڕازونیاز دەکەن. حاجیەخانم کە گومانی دەکرد ڕازو نیازو چپە چپەکەیان دەربارەی نەهاتن و ڕۆیشتنی بێ خواحافیزی فەیروزە، لێیان نەچووە پێشەوە. لەوەشە دەربارەی پەیوەندی فرودو نێرگز بێ. وای بە باش زانی کە بە تەنێ جێیان بهێڵێ. قسەی جووتە خوشك و برا تەنیا دەربارەی ئەو بابەتانە نەبوو. فرود لە هەزارویەك ئاشی لێدەکردو حەزی دەکرد خوشکەکەی بێنێتە قسان.

ئەمە شتێکی بەڵگە نەویست بوو کە نەك هەر لە ناو حیزب و لە دەرێی حیزبدا، بەڵکو لە ناو کۆڕی ژنانی سەر بە حیزب و ڕێکخراوی ژنانیشدا تۆران و ئاشت بوونەوەی ژن و مێردێك و تەلاق وەرگرتن و هاتوچۆو ئاشقێنی ژنێکی تەلاقدراو دەگەڵ یەکێك لە (ڕابەران)دا دەنگی دابووەوە. خەڵکانێکی یارو نەیاری ئەم دەستە یان ئەو دەستە ئەم جۆرە نا هەمواریانەیان لە قاودەداو بۆ ڕیسواکردنی حەریفی خۆ مێشێکیان دەکرد بە گامێشێك تا پاکی وبێگەردی و داوێنپاکی درۆینەی خۆیان بنوێنن. بێگومان ئەم جۆرە قاوە نادروستە بەرگوێی بەدریش کەوتبوو. بەلام سەرچاوەی خەبەرەکە پیاوێکی ماقول نەبووە، بەپێچەوانەوە دەبێ کەسێك بووبێ کە تەنیا لە عەیب وعارو کەم وکوڕی مرۆڤانی گەڕابێ، کە ئەم کەمو کوڕیانە لە هەر گروپێکدا، ئەگەر زۆربەیان

ئیمام جەعفەری سادقیش بن، روو دەدەن. فرود نەیدەویست لە سنووری خانەوادەکەیاندا ئەم باسە بکات. نەدەبوو دەرفەتی خوشکە دوابەرەکەی بدات خۆی بە سەربەخۆو کارامە بزانیٚ، خۆی بە هاوترازوهاوتای کەسێك بزانیٚ کە چەندین ساڵە لە ناوکاری سیاسیدایە. تەنیا بەم شێوەیە دەشیا، ئەگەر بکرابوایە، بەدری لەو مەترسیانە بپارێزیٚ کە هەڕەشەیان لە ژیانی دەکرد.

ئەم دەرفەتە دوو سیٚ رۆژێك نەڕەخسا. کۆتایی رێورەسمی زەماوەندەکە،گفتوگۆیانی جۆراوجۆر، بیٚو بڕۆ، شت گوێزانەوە،گواستنەوە، ومیوان کە هەموو رۆژ بۆ دیداری کوڕی حاجی دەهاتنو دەچوون –باری سەرەکی ئەم تەشریفاتە دەکەوتە سەرشانی بەدری– نەیهێشت خوشكو برا بۆ سەعاتێك پێکەوە بە تەنیٚ دانیشن.

هۆی سەرەکی مانەوەی دوو سیٚ رۆژەی فرود لە دوای رێوڕەسمی زەماوەندەکە ئەمە بوو کە حاجی ئاغا حەزیدەکرد کوڕەکەی بە ئیمام جومعەی شار بناسێنیٚ: "من هەقم بەسەر هەڵسوکەوتی تۆوە نیە، هەرکەسەو بە دینی خۆی. موسوڵمانی هەزار جۆری هەیە.حەزدەکەم کە حوجەتول ئیسلام جارێك تۆ بدێنیٚ. لەوساوە کە گوللەت بەرکەوت هەرکاتیٚ دەچووومە خزمەتی هەواڵی دەپرسیت. هیچ زەرەرێکت لێنادا. بەڵام جەنابی بەدیتنی تۆ خۆشحاڵ دەبیت، عەمر درێژ بی کوڕم".

فرود خۆی ئامادەکرد کە خۆشحاڵی حاجی ئاغا فەراهەم بکات، وبە خزمەتی ئیمام جومعە موشەڕەف بوو.

# (١٥)

دوا رۆژی مانەوەی نێرگز بوو کە فرودو بەدریو ئاغا موعەلیم، گەیاندیانە گەراج. ئیدی بۆ هەموو خێزانەکە دەرکەوتبوو کە خزمایەتی نێوان هەردوو ماڵباتەکە، بەتایبەتی کە کیژێ بوو بوو بە پزیشكوكوڕەش بەو زووانە لە دادگادا کارێکی پەیدا دەکرد، سەردەگرێت.

کاتێ نێرگز سواری پاس بوو، وبە دەست ماچێکی بۆ بەرێکەرانی، کە هەڵبەتە فرودیشی دەگرتەوە، هەڵدا، ئیدی ئاغا موعەلیم چوو بەلای کاری خۆیەوەو جووتە خوشكوبرا بە تەنێ مانەوە. بەدری سەری قسەی کردەوە:

"کاکە تۆ کەی دەگەڕێیتەوە؟"

"قەرار بوو ئەمڕۆ بگەڕێمەوە.بەڵام حاجی ئاغام بە مەسڵەحەتی زانی یەك دوو رۆژی دی وەمێنمو پاشان بڕۆم".

"باشتر.. راستت دەوێ حەزم دەکرد قسەت دەگەڵ بکەم."

"ئۆیف، منیش حەزم دەکرد... ئێستا باشترین دەرفەتە حەزدەکەی پیاسە بکەین یان لە شوێنێك دانیشین؟"

هەوەڵی پایز بوو. گەڵاڕێزان هێشتا تەواو نەبووبوو. درەختان بە هەزارویەك رەنگ خۆیان دەنواند.دنیا گەرم بوو، بەڵام ئەو بایە فێنکەی لەسەر چیایە بەفرگرتووەکانەوە دەهات، دڵی فێنك دەکردەوە. ئاپۆڕای خەڵکی بەلەز بە کوچەو شەقامەکاندا تێدەپەڕین. دەنگی بۆقی عەرەبانچیانو ئاوازی زبری خەربەندان کە بە زەبری نەقیزە حەیواناتیان دەڕانیو خەڵکانێك بە جلو بەرگو سەروبەستی جۆراوجۆرو دەمەتەقێی شێوەزاری جیاوازەوە دەبینرانو هەندێجار پاسەوانێك کەسێکی دەخەڵەتاندو پارەیەکی لێدەسەند.فرود بە دیتنی پاسەوانەکە بیری کردەوە. واچاکە بەم زەقیە لە رێگا گشتییەکاندا خۆی نیشان نەدا، بە تایبەتی کە لە ئاغا موعەلیمی بیستبوو کە لەو هەفتانەی دواییەدا چەند کەسێکیان لەکادیرانی حیزب گرتبوو.

فرود گالیسکەیەکی راگرت، هەردووکیان سوار بوونو چوون بۆ دەرێی شارو لە باخەکانی دەرێی شاردا کەوتنە پیاسە. پرسیارو وەڵام لەلایەن بەدرییەوە دەستی پێکرد:

"ئێ کاکە، ئێستا کە حیزبتان هەڵوەشاوەتەوەو هەموو گیراونو خۆشبەختانە تۆ ئازادی، ئیدی لە چ دەترسیتو بۆچی خۆت دەشاریتەوە؟"

فرود وەستا، روویکردە خوشکەکەی. چاوەکانی ئەبلەق بووبوون، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە ئەمە خوشکە چکولەکەیەتی کە قسان دەگەڵ ئەودا دەکات. ئەو حوکمو قەزاوەتانەی کە بە هیچ جۆرێك لە کیژۆڵەیەکی نازپەروەردەی شەنگوڵ نەدەوەشایەوە، ناچاریان کرد کە لە عەرزی چەند سانیەیەکدا قۆناغێکی دە ساڵە کە گۆڕانێکی لە بوونی مرۆڤانیدا بەگەڵ کەوتبوو بێنێتەوە بەرچاوی خۆی. نا، ئەم ئەو بەدریە نەبوو کە دەیناسیو تەسەوری دەکرد.

بەدری بچکۆلە، خاڵێکی جوانی بە ئەندازەی ریاڵێکی زەردی لە پشت گوێ هاتبوو، براکەیو خوشکە گەورەکەی ئەزیەتیان دەداو دەستیان دەخستە سەر ئەم خاڵەو بەدری چکۆڵەش دەی

قیژانـدو دەمەلاسـکەی دەکردنـەوەو زمـانی دەردێنـاو نوقورچـی لـە نەرمـەی گـوێی خوشـکە گەورەکەی دەگرت، بەڵام باری برا گەورەکەی نەدەبرد.

بـــەدری لـــە مـــاوەی ئـــەم دە ســـاڵ دووریـــەدا چـــەندێ گـــۆڕا بـــوو! داینا بوو کە دەیەوێ دەگەڵ خوشکەکەیدا وەکو هاوتایەکی خۆی گفتوگۆ بکات، بەڵام باوەڕی نەدەکرد بەم ڕادەیە گۆڕابێ:

"بەدری تۆ حوکمی وەها دەدەی کە من نازانم لە قوتوی کام عەتارەوە دەری دێنی. پێرێ گوتت فریودانو لە ڕێ دەرکردنی ژنانی هاوڕێیان لە ناو حیزبدا باوە، ئەمڕۆ دەڵێی کە حیزب هەڵوەشاوەتەوەو هەرەسی هێناوە. ئەم قسانە لە کوێوە دەردێنی؟"

لە هەوەڵەوە بوو بە جەنگی مەغلوبە. پێدەچوو بەدری ئەم قسانەی هەروا لە خۆڕاو بێ بیرکردنەوەو بە هەوانتە نەگوتبێ. خێرا هاتە وەڵامو ئەو جەزرەبەیەی کە وێی کەوتبوو، ڕەتکردەوە:

"کاکە، خۆت لە گێلی مەدە. نەهەقمە؟ کازمی ژنی هاوڕێکە بە سێ دانە منداڵەوە فریو نەدا؟"

"باشە، ئەگەر یەکێك لە ناو حیزبدا گوناحێکی وای کردبێ، ئەمە دەکاتە ئەوەی کە ئەم کارە لە ناو حیزبدا باوی باوە؟"

"من هەر ناوی ئەم یەکە دەزانم. باشە ئەو شتانەی کە بە ناوی "کەپل" دروستیان کردبوو وا نەبووە. خوا دەزانێ چی ڕوویداوە. ئێستا ئەمە هیچ، گرینگ نیە. یانی حیزبتان هەڵنەوەشاوەتەوە، هەرەسی نەهێناوە؟"

"کێ ئەم پڕوپاگەندەیەی کردووە؟ کێ تۆی بەم ڕادەیە گومڕاکردووە؟"

"هەڵنەوەشاوەتەوە؟ یانی درۆیە کە هەموو لێیان داوەو ڕۆییشتون؟"

"باشە، ڕۆییشتوون، بەپێی بڕیارێکی دەستەجەمی ڕۆییون، دەگەڕێنەوە"

"نە بابا، بەڕاستی دەگەڕێنەوە؟ ئەوانەی تا ئێستا ڕۆییشتوون گەڕاونەتەوە؟ زەڕە، حیسابی، ئاخوندوف؟ جوان گەڕانەوە. کە فێری خەوی سەر دۆشەکی پەڕی قوو ونەرم بوون ئیدی بۆچی دەگەڕێنەوە. بەڵێ، دەگەڕێنەوە، وەکو غەوغایی کە بێتوهەمووان بە دەستەوە بدات".

ئەم ناوانەی لە کوێوە هێنابوو؟ مێژووی چل پەنجا ساڵەی حیزبی لە دەستدا بوو وتیر لە دوی تیری دەهاویشت. ئەم کیژە هێشتا بۆنی شیری خاوی لە زار دێو قسەی لە خۆی گەورەتر دەکات. نەیدەزانی وەکو کاتی منداڵیان بکێشێت بەسەرو چاویا یان نەوازشی بکاتو ماچی بکات کە بەم خێراییە پێگەییوەو گەورە بووە.

مێشکی فرود جام بوو، لاڵ بوو. چڵەدارێکی وشکی لە عاردی هەڵگرت، شکاندی، پارچەیەکی لێ خستە بەینی ددانەکانیو هەوڵیدا بیشکێنێ بەڵام نەیتوانی، تویکڵەکەی لێکردەوە تۆزێکی جوویو تفی کردەوە. سەیری کرد ئەم کیژە مێشکی پڕە لە خەیاڵات. تووشی کەسێك بووە سیخناخی کردووە لە ڕقو کینە دەرهەق بە هەرچیەك کە حیزبیە، بووە بەیەکپارچە تەرەقەو باروت کە لەوەیە لە هەر ساتێکدا بتەقێتەوە:

"باشـه، ئـەم زانیاریانـەت لـە کـوێ بەدەسـت هێنـاوە؟ ئەمانـە راسـت نـین. دیـارە تـۆ کەسـێکت دۆزیوەتەوە کە کردوتی بە هەنبانەیەکی وەهم‌وخەیاڵات. ئەگەر باوەڕت بە کاکی خۆت هەیە بەو کەسـەم بناسـێنە کـە ئـەم زانیاریـە بـێ سـەروبەرانەی بردۆتـە مێشـکی تـۆوە تـا پێکـەوە دانیشـین‌و قسـان بکـەین‌و هـەموو شـتەکان بـە یـەکتر بڵـێین، هـەنگێ لەوەیـە بگەینـە حەقیقـەت‌و چارەسـەرێك وەدۆزین"

"یانی من هیچ نیم، بەشەر نیم. بۆچی کاتێ کە خۆت چوویتە ریزی حیزبەوە، تەمەنت لە من زیاتر بوو؟"

ئەمە قسەیەکی ناخۆش بوو، وەك بڵێی خۆشکی نازپەروەردە، بچوکترین رێزوحورمەتی بۆ ئەم برایـەی کـە گوللـەی بەرکـەوتبوو وزنـدانی چەشـتبوو،دانەنا بـوو. بـەدریش لای نـاخۆش بـوو کـە ئەوی بە شایستەی موناقەشەو باس‌و راگۆڕینـەوە نـەدەزانی‌و وای وێنـادەکرد کەسـێکی تـری لـە پشتەوەیەو خوشکەکەی بۆچوونی ئەو کەسە کاوێژودووبارە دەکاتەوە.

"نەمدەویست باسی ئەم شتانە بکەم. چونکە دەزانم تۆ رەئی تایبەت بە خۆت نیە. مەبەستم ئەوەبوو زیاتر سەبارەت بە نێرگز گفتوگۆت دەگەڵ بکەم".

سەیرە! ئەم کیژەیان تەواو دژی حیزب‌و هەرچی حیزبیە پڕکردووە. ئەمە ئیدی ئیهانەیە نەگاڵتە، "دەزانم کە تۆ رەئی تایبەت بە خۆت نیە." چەند بیری کردەوە، نەیتوانی پەی بەوە بەرێ کە کێ ئەم خوشکەی وا ئاگرداوە. ئێستا گریمان ئەم قسەیە راستییەکیشی تێدا بێ، بەڵام گوتنی بەم شێوازە زۆر قورسەو تەحەمول ناکرێ.

"بە تۆچی؟ تۆش بووی بە لاپرەسەن‌وفزولی؟"

"بە خۆت دەزانی‌و من ئەرخایەنم کە تۆ نایهێنی. وازی لێ بێنە. بە هەر فێڵ‌و دەهۆیەك بوو پولـت بـە فـەیروزەوە نـاو دوورت خسـتەوە، خـۆت‌و ئـەم کـوڕەت بەدبـەخت کـرد، ئیـدی مەبـە بایسـی بەدناوی ئەم کیژە. دەمویست تەنیا ئەمەت پێ بڵێم. لەم جۆرە ژنانە لە ناو حیزبتانا زۆرن. دووی ئەوانە بکەوە، بۆچی مەردمازاری دەکەی؟"

"لاپرەسـەنی بەسـە، بێدەنگ. خەریکـە پـێ لـە بـەرەی خـۆت درێـژتر دەکـەی. قسـەیەك مەکـە کـە سبەینێ ژێوان ببیتەوە. بیر لەو کیژە بکەوە کە پێی لە ژێر تانکدا پلیشایەوە. چتۆ زات دەکەی قسـە بـە کەسـانێ بڵـێی کـە هـەرگیز نـەت دیتـوون‌و تاقـە قسـەیەکت دەگـەڵ نـەکردوون؟ تـۆ لـەوە منـاڵتری دەربـارەی ژنـانی فیـداکاری حیـزب قـەزاوەت بکـەی. تـۆ تـەنیا باسـی هـەرزەو ئـەتوار فرۆشەکانیانت بیستووە. ئەمانە قسەی خەڵکانی دییە کە تۆ کاوێژیان دەکەیەوە".

بەدری چیتری نەگوت. لەزگ بوو بگری.

فرود، وای بە چاك زانی کە دەم داخات. گفتوگۆی زیاتر دەگەڵ ئەم کیژە هاروهاج‌و لاسارەدا لەوە بوو کارەکە خراتربکات. بەرەو شار گەڕانەوە، لە رێگەدا گالیسکەیەکیان تووش بوو، سوار بوون‌و بۆ ماڵ هاتنەوە.

درەنـگ بـوو بـوو حاجی‌وحاجیـەخانم بـۆ نیـوەڕۆژە دانیشـتبوون‌و چـاوەڕوانیان دەکـرد کـە منداڵەکانیان وەژوورکەوتن.

فرود له یەك دوو رۆژ پتر له شارەكەیان نەمایەوە. بیانوویەكی دۆزییەوە كە دەگەڵ خوشكەكەیدا ئاشت ببێتەوەو لە كاتی خواحافیزیدا یەكتریان ماچ كرد.
بەدری بە گوێی براكەیدا چپاند:
"كاكە، لەو قسەیەم دەربارەی ژنان پەشیمانم، ببوورە."
فرود دەستی بە رووی بەدریدا هێناو بە پێكەنینێكی پڕ لە شادییەوە سوپاسی كردو گوتی:
"جارێكی دیكە بۆ زەماوەندی تۆ دێمەوە بۆ ئێرە."
روندك لە چاوانی حاجیەخانم وەریوگوتی:
"هەموو ئاواتێكی باوكی ئەمەیە. من ئەوەندەم بە بەرەوە نەماوە، نابێ ئەمە درێژا بكێشێت."
فرود گومانی لەوە هەبوو كە ئایا دوای ئاشت بوونەوەكەیان دڵی بە تەواوەتی پاك بووەتەوە یان نا، بەڵام سەبارەت بە خۆی لەمە دڵنیا بوو كە هەرگیز ئەم پیاسەو گەڕانەی ناو كوچەو كوڵانەكانی قەراخ شاری لەبیرناچێت. هەركاتێ خەبەرێكی لە بەدری دەزانی ئەم پرسیارەی وەیاد دەهاتەوە:
"بۆچی كاتێ خۆت پەیوەندیت بە حیزبەوە كرد لەمن گەورەتر بوویت؟" ئایا مەبەستی ئەمەیە كە ئەویش، یانی بەدری-یش، لە هەمان تەمەنو ساڵدا پەیوەندی بە گروپو كۆمەڵەیەكەوە كردووە؟ بۆچی ئەو رۆژە لەمە حاڵی نەبوو؟
زێدەباری ئەمەش سەری لەم پێشبینیومەزەندە پێغەمبەرانەیەی خوشكەكەی سوڕما بوو:
"من ئەرخایەنم كە تۆ ئەو كیژە ناهێنی، وازی لێ بێنە".
دەبێ ئەم قسانە لە بنجو بناوان بكات. دیارە دایكی لە كەسێكی بیستووە كە ئەو كەسە لە یەكێكی دیكەو ئەو یەكە لە كەسی چوارەمو چوارەم لە پێنجەمی بیستووەو ئەنجام سەرچاوەی خەبەرەكە تەنیا مەزەندەیەك بووە بەم نێوەڕۆكە كە فرود هەرگیز ئاشقی شەیداودڵبرینی نێرگز نیە. پەیوەندیان خوشكو برایانەو خوێندكارانە بووەو فەیروز زۆر چاك ئاگادارە كە نێرگز شەڕ بە فرود دەفرۆشێت ودەستبەردار نابێت.و ئەمانە هیچ نیازێكی زەماوەندیان نیە.نە لەگەڵ فرود نە لەگەڵ فەیروز،وئەم كوڕە بەم خووە ناشیرینەی بە خۆڕایی خۆی كردووەتە بنشێتە خۆشەی ژێر دانانو بریا بە خۆڕایی نەدەتۆراو دەهاتە زەماوەندەكەو بە زمانی خۆش نێرگزی دێنایە ڕەدا. ئەم كارە قۆڕە بە زەرەری خۆی شكایەوەوكارێكی زۆر خراپ بوو.
كاتی حاجیە خانم دەردە دڵی خۆی كرد، دەستی لە ملی كوڕەكەی وەرێناو روومەتی ماچ كردو گوتی:
"حەزم دەكرد ئێوە ببنە ژنومێرد، بەڵام تازە ئیدی دڵم خۆشە، بە خۆتان دەزانن. خودا یارو یاوەرتان بێت. تۆ خۆت راست بڕۆ، بە تاقە كەلیمەیەك وەڵام بدەوە، دەتەوێ بیهێنی یان نان؟"
"نازانم دایكە، نازانم. خۆیشم نازانم."
ئەم بێ هەڵوێستییە كردیە كارێك كە كاتێ فرود بۆ تاران گەڕایەوە، چەند رۆژێك نەچوو بە سۆراخی نێرگزەوە. "دەی هێنی یا نایهێنی؟" بۆ ساتێك بەرۆكی بەرنەدەدا.

بەرە بەرە بۆی دەرکەوت کە حەقیقەت شتێکی ئامادەوپوختەو هەمیشەییونەگۆڕ نیە، تەنیا لە ئەنجامی ڕەوتو ڕەوشێکی درێژخایەنەوە گەڵاڵە دەبێتو دێتە دیو ئەوەی لە یەك ئانو ساتو هەڵوەستەدا بە ئەقڵ دێت نیمچە حەقیقەتەو پاژێکە لە حەقیقەت.
ئیدی باس باسی زەماوەند نەبوو. ئەوانی دی هەرگیز ڕاستگۆیانە ڕووبەڕووی نێرگز نەبوو بوونەوەو روحیان بێ ئاگا بوو لەوەی کە ئەم کیژە خەیاڵی شووکردنی نیە. فرود لە خۆی دەپرسی: ئایا ئەم ئیدیعایە حەقیقەتە یان نیمچە حەقیقەت؟ کیژێك لە وەزعو حاڵێکی تایبەتی داو لە بەرانبەر پرشنگی ئەشقو ئارەزوودا شتێکی گوتووە، ئایا دەکرێ ئەمە بە جدی وەربگرێو بە خودی حەقیقەت، بە حەقیقەتی تەواو بزانرێ؟ زۆر لە گینە لە هەلومەرجێکی دیکەدا پێچەوانەی ئەم حەقیقەتە بڵێ.
ئەو چەند ڕۆژە دووریە، یارمەتی دا کە خوێنساردانە بیر لە خۆیو نێرگزو فەیروز بکاتەوەو ئاقڵانە داوەری بکات. تەنانەت کاتێ کە بیستییەوە فەیروز ماوەی پشووەکەی لە تاراندا بەسەر دەباتو کەوتووەتە بادەنۆشیو بەدمەستیو لە هەموو شوێنێك هەر باسی ئابڕومەندیو مەردایەتیو مەردیو ڕەندی فرود دەکات، هێشتا هەر دەیویست خۆی لە نێرگز دووربگرێ، بەڵام ویستن لە کوێو توانین لە کوێ، زۆریان بەینە. چەندین ڕۆژ، شەوانی لەم ماڵە هاوڕێ یا لەو ماڵە دۆست رادەبوارد. هەندێجار لەسەر لباد دەخەوت، جاری واهەبوو ژنو مێردێك لێکدی جیا دەبوونەوە تا سووچێك، گۆشەیەك بۆ ئەو بکەنەوە. سەر لە نوێ دەستی بە ژیانی ماڵ بەکۆڵی کردەوە. نەیدەتوانی بچێتەلای نێرگزوتەسلیم بە ڤیانی شێتانەو پڕجۆشوخرۆشی ئەو نەبێت.
بڕیاردان لە دڵی خۆدا زۆر ئاسان بوو.دەکرا هەزارویەك بیانوو بدۆزرێتەوە کە بۆچی دەبێ لەم کێژەی کە ئەوی کۆتو زنجیری خۆی کردووە، دوور بکەوێتەوە. ڕاستە لەزەتێکی لەو دتیووە، بەڵام ئەمە مانای وانیە کە ببێ بە غوڵامی ئەڵقە لە گوێی ئەو. چۆن پیاو دەتوانێ عومرێك دەگەڵ ژنێکدا بەسەر بەرێ کە نازانێ ئاخۆ دەتوانێ دەگەڵیا هەڵبکات یان نا؟ بەڵام کاتێ ئەو کاتە خۆشو بەلەزەتانەی بیردەکەوتەوە کە دەگەڵ ئەویدا گوزەراند بوو، وبیری دەکردەوە کە ئیدی لەو خۆشیانە بێ بەری دەبێ لەرزی لێدەهات. بەڵام هەندێك سۆنگەش هەبوون کە نەیاندەهێشت بڕیارەکەی خۆی جێبەجێ بکات. لە هەمووی دژوارتر ئەو گوشارە بوو کە بوونی فەیروز لێی دەکرد. بۆ خەڵکی وەکو فرود ناسینی ژنانی جوان کارێکی ئاسان بوو. بە خۆی دەیزانی کە کاتێ کەمێك دەستی بە خۆیدا دەهێنا ژنان بە چاوی کڕیاری سەیریان دەکرد، بەڵام ئایا فەیروزیش بەهرەیەکی لەو بابەتەی هەبوو؟ئایا ڕەوای هەق بوو لەبەر خاتری ژنێك با ئەو ژنە یەکێکی وەکو نێرگزیش بێ، پیاوێکی بێ فڕوفێڵو بێ شێلوبیلەی میناکی فەیروز دووچاری بەدمەستیو نەگبەتی بکرێ؟ سەرباری ئەو بەدناویەی کە لەم ویساڵە دەکەوتەوە، قسەکەی بەدری لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە: هەڵخەڵەتاندنو لە ڕێ دەرکردنی ژنی هاوڕێ.. بەدریو خەڵکانی دی لە کوێ دەیانزانی ئەوەی ئەمی خستووەتە داوەوە –ئەگەر داوێك لە ئارادا بێ– ئەو عیشوەگەرە کامبەخشەیە نەك بە پێچەوانەوە.

# (١٦)

لە گەرمەی ئەم گێروداره‌دا ئاگادارکرایەوە کە ئەو کەسەی قەراری دیداری دەگەڵیا هەبوو، گیراوە. پێیان ڕاگەیاند دەبێ تا زووە خۆی وەشێرێ.هاوڕێیان لە غیابی ئەودا پیرەمێرە نەخۆشەکەیان بۆ جێیەکی دی گواستووەتەوە. کەواتە دەستگیرکردنی ئەویش نزیک بووەتەوەو کاری ئەمڕۆو سبەیە. هەوەڵین شتێك کە بەبیریا هات ئەوە بوو کە کاغەزو بەڵگەنامە ئەمانەتیەکان بگەیەنێتە شوێنێکی دی. ژوورەکەی ئاغا جەلال چیتر شوێنی ئەم جۆرە کاغەزانە نەبوو. ئەمەی کردە بیانووی ئەوەی کە بچێ بە سۆراخی ئەو دڵبەرەوە کە گیان و ڕوحی داوای دەکرد.

ئەرێ، ڕاستە، ئێستا دڵنیابوو نێرگزی دەوێ، ئایا ئەمە تەنیا جازیبەی سێکسی بوو، یان میهرو دڵۆڤانی و مەحەبەتێك بوو کە چەندین ساڵ بوو لە ناخیا دەجۆشاو ئێستا خەریك بوو بەرە بەرە نەشونمای دەکردو بەسەریا زاڵ دەبوو.

هەموو شتەکان یەکیان گرتبووەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی ئەو بخەنە تەنگانەوە.

ڕابیتکی تازەیان بۆ دیاری کرد. ئەم پیاوە ئەگەرچی بە باوەڕو سەدی سەد جێگەی متمانە بوو، بەڵام ئەبلەو بێهۆش و فەرامۆشکارو هەندێجار بە رادەیەك گێل بوو کە پیاو نەیدەزانی بە قسەکانی پێبکەنێ یان خەفەت بخوات. کارە حیزبیەکان شەق وشلۆق بوو. فرود دەچووە ژوانگە، ڕابیتەکەی دەبینی، بەڵام چ شتێك ڕووی دەدا، لە ڕوودانا بوو، ئەنجوومەنی ڕابەرایەتی چ دەکات، ئەمانەی لێ مەعلوم نەدەبوو. ڕۆژێك لە ڕۆژنامەدا خوێندییەوە کە هەر هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیان گرتووە. هەرچەند ڕۆژێك جارێ کۆمەڵێك لەمجۆرە هەواڵانە بڵاودەبووەوە. کابرای ڕابیت دەبوایە ڕاستی یان درۆی ئەم دەمگۆو بانگەشانە لە بنج و بناوان بکات. ڕابیتەکەی ئەو ئاگای لە مەحمودی بێ زەواد نەبوو. دوای دوو هەفتە کە ئەهرامی و ئەندازیار عالی و یەکێك لەبەر دەستەکانیان بە نێوی سەید هاشمی گرت، ئەوجا فرود زانی کە کار گەییووەتە سەر دەستگیری سەرانی حیزب، پەشێوی و پاشاگەردانیەکی تەواوبوو. کەس فریای کەس نەدەکەوت. هەر ئەم پاشاگەردانی و پەشێویە بووبووە مایەی ئەوەی کە مامورانی دەوڵەتی باشترین کادیرو چالاکوانان، خۆیان گوتەنی شناسایی کەن ولێیان بگەڕێن تا لە کاتی پێویستدا بیانگرن.هەر هەمان ڕۆژی گرتنەکەی سەید هاشمی خەبەریان بە فرود دا کە یەکێك لەو شوفێرانەی کە هاتوچۆی بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەکرد، جاسووس دەرچووە، کادیرانی دەستەبژێر کردووەو خەبەری لێداون. ئەو زەمانە ڕۆیی کە نوێنەرێکی حیزب لە کۆڕو کۆبوونەواندا هورای دەکێشا: ئەگەر متمانەتان بە هۆشمەندی و زیرەکی شۆڕشگێڕان نیە، ئەوا لە گێلی و نەزانی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان دڵنیابن. ئێستا حکومەتی سوپایی و شارەبانی و یارو یاوەرانی بێگانەیان لە حیزب باڵادەست تر بووبوون و کارتی براوەترو تازەتریان بەکاردەهێنا. بۆ نموونە دەچوونە جێ ژوانەکانیان، کەسیان نەدەگرت، تەنیا هەردوو لایەنەکەیان دەخستە ژێر چاودێری و بەم شێوەیە چەند تۆڕێکیان شناسایی دەکرد و لە کاتی پێویستدا لاوازترین لایەنیان دەخستە خزمەتی خۆو مامورێکی ئەمنیان بەگەڵ دەخستن.

لەم وەزع‌و حاڵەدا فرود دڵنیا بوو کە یەکێك لە رابیتەکانی ئەویش هاوکاری دەگەڵ دام‌و دەزگای دەوڵـەتی دا دەکـات. لەبـەر ئەمـە چـیتر نەچـووە ژوانگـەو هەرچـۆنێ بـوو کەسـێکی دۆزیـەوە کـە تەسەوری دەکرد لە ئاستێکی باڵای نزیکی سەرکردایەتی حیزبدا کاردەکات، لـە رێگـەی ئـەوەوە نامەیەکی نووسی‌و پاشماوەی سەرکردایەتی ئاگادارکردەوە کە چیتر بەم شێوەیە کاری حیزبی ناکات‌و لەمە بەدواوە هەرکارێکی بەڕاست زانی دەیکات، چونکە بە بۆچۆنی ئەو شتێك نـەمابوو ناوی رابەرایەتی بێ‌و ئەگەر کەسێك بێت‌و جێی ئەوان بگرێتەوە دەبێ خۆی بناسێنێ‌و چۆنیەتی کاری خۆی بە چالاکوانان‌و کادیرانی جێباوەڕ بڵێت. لەسەرێ ڕا دەستووریان بە فرود وکابرایەك بە نێوی هۆشیار دا کە بە دوو قۆڵی خەریکی ئامادەکردنی چاپخانەیەك بن تا ئەگەر چاپخانە ئەسڵیەکە کەشف بوو، شتێکیان بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکان لەبەردەستدا بێ.

دوای چـەند هەفتەیـەك لـە ڕاکـەڕاك‌و هەڵپـە هـەڵپ‌و سـەرگەردانی فـرود چـوو بـۆ نـك نێرگـز. کـە دەرکەی حەساری کردەوە، دەنگێکی بێگانەی لە ژوورەکەی نێرگزەوە بەرگوێ کەوت. لـەم کـات‌و سـاتەی رۆژدا نەدەبوایـە نێرگـز لـە مـاڵ بـێ! سـەعات نزیکـەی حـەوتی پـاش نیـوەڕۆ بـوو، ونێرگـز هەندێجاران پاش نیوەڕۆیان تا هەوەڵی شەوێ ئیشکی دەگرت‌و لە دوای سەعات هەشت بۆ مـاڵ دەهاتـەوە. فـرود گـوێی هەڵخسـت، گـوێی لـێ بـوو کـە بـاس باسـی دەرمـان‌و خـواردن‌و پشـوو وئیسراحەتی تەواوە.لە نیگەرانیدا بە پڕتاو وەژوورکەوت. نێرگز فریاکەوت‌و بە "کاکە" بانگی کردو وەکو برای خۆی بەو دوو پزیشکە هاوکارەی کە لەسـەرکارەوە بـۆ ماڵـەوەیان هێنـا بـووەوە، ناسـاندی. دیـار بـوو کـە لـەو چـەند رۆژەی دوای گەڕانـەوەی لـە سـەفەرەکەی گوشـاری خـوێنی بـە تەواوەتی دابەزیوەو گەییووەتە سەر شەش‌و ژانەسەرێکی بەترەڤ گرتووەو لە خۆی چووەو دوای کەمێك ئیسراحەت بێ ئەوەی بە هیچ کەسێك بڵـێ خـۆی دەرمـانکردووەو کەوتووەتـەوە کـارو هـەر ئـەو رۆژە بـەدەم کـارەوە کـەوتووە، وهاوکارەکـانی بـە بێهۆشـی بـۆ ماڵـەوەیان هێناوەتـەوە. ئیسـراحەتی تـەواو وخـواردنی سـووك وەکـو چارەسـەری کـاتی تـا سـبەی بـەیانی بـۆ دادەنـەن‌و سبەینێ دێنەوەو دەواو دەرمانی تازەی بۆ دادەنەن.

ئەو دە رۆژەی کە لە فرود رۆیی بەنسیبی هیچ کافرێك نەبێ. وەکو سەگی پێ سووتاو پێیەکی لـە گەڕان بە دوای هۆشیار، ڕابیتە تازەکەی‌و ئامادەکردنی چاپخانەو کاغەزو مەرەکەب‌و پیتـان بـوو و پێیەکی لە رێگەی نەخۆشخانەو ئەجزاخانە بوو. هەر جارێ کە ناچار دەبوو بە رۆژی روناك لـە ماڵ وەدەرکەوێ، بە جۆرێك قیافەتی خۆی دەگۆڕی، جلکێکی دی لەبەر دەکرد، عەینـەکی لـە چاو دەکرد، بە کڵاووعەباوە دەڕۆیی، رۆژێ نوکەرێکی زەمیلە بەدەست بـوو، و رۆژێکـی دی کابرایـەك بوو بە دیزداشەی عەرەبی‌و چەفیەی کەسك‌و نەعلەوە. خۆیشی پێکەنینی بە خۆی دەهات. دڵنیا بوو کە بەم قەشمەربازیانـە لـە چنگی فەرمانداری سوپایی دەرباز نابێت، شـەوو رۆژ پەرسـتاری دەکرد. خواردنی لێدەنا، دەرمانی ئامادە دەکرد، کاروباری ماڵەوەی دەکردو ئاغا جەلال کە لەبەر دەرکـەی مـاڵی ئـەرباب وەسـتا بـوو، کۆمـەکی دەکـرد. بـاقی کاتەکـە بـەدیار تەختەکـەی نێرگزەوە دانیشـتبوو ونێرگـزی دەلاوانـدو ماچـی دەکـردو بۆنی دەکـردو دڵـی دەدایـەوەو دەرمـانی دەکـردو هـەوڵی دەدا قـەرەبووی هـەموو رابـردووی بـۆ بکاتـەوەو خـۆی بـە هـاودەم‌و یـارو ئاشـق‌و دڵـداری

بنوێنێ. ئەوەی ڕاستی بێ لەم ڕۆژانەدا بۆی دەرکەوت کە تا چ ڕادەیەك بەم کیژەوە پەیوەستەو داوێك پێکەوەی گرێ داون کە بەم ئاسانیە ناپچڕێت. ئێستا مەسەلەکە ئەشق و ئاشقێنی و خۆشەویستی بوو. ئەم وشانەی بە وتن نەدەوت، لە ناخی دڵەوە هەستی بە ناڕەحەتی و پەشێویەك دەکرد،دەتگوت خەریکە کەسێکی ئازیز دەدۆڕێنێ.
ڕۆژی دوایی یەکێك لە هاوکارەکانی نێرگز دەگەڵ پزیشکێکی پیردا هاتن بۆ لای نێرگز، فەحسی کردو دەستووری پێویستی بە فرود دا. نەخۆش نابێت سەری لەسەرسەرین بێ، ئەگەر جارێکی شتی وا ڕوویدایەوە با هەموو دوگمەکانی ژێر کراسەکەی بکاتەوە، شتێکی بۆنداری وەکو سرکەو ئەو شتانە بۆن بکات و بە پێی توانا بە هۆی حەمامی گەرمەوە لە ماڵەوە یان بە هۆی کومپرس یان ئەو دەرمانانەی کە بۆی دەنووسێت هاتوچۆی خوێنەکەی خێرا بکات. کە وەهۆش هاتەوە چای یان کەمێك کۆنیاکی بداتێ و... هتد.
پزیشکەکە دەستوری دا کە نێرگز هەفتەیەك یان دوو ڕۆژ لە ماڵەوە ئیسراحەت بکات و خۆی لە هیچ کارێکی پڕ زەحمەت و قورس نەدات.
بەمجۆرە دوای چەند ڕۆژێك نێرگز حاڵی چاك بوو وئاسایی بووەوە، وئێستا تاقەتی عیشوەو نازفرۆشی هەبوو، ولەزەتی لە پەرستاری و چاودێری فرود دەکرد.
دە ڕۆژی تەواو فرود ئامانی نەبوو. ئەوەندەی دەیتوانی لە ماڵ دەمایەوە. هەموو خواستێکی دلبەری جێبەجێ دەکرد.خواردنی باشی بۆ ئامادە دەکرد، بە خۆی لێی دەنا، ماچی دەکرد، نەوازشتی دەکرد، نازی دەکێشا و هەموو شتێکی لە کاتی بێ ئیشیدا دەخستە بەردەستی. ئیدی تامی ڤیانی چەشتبوو وئامادەبوو دژوارترین مەشەقەت تەحەمول بکات تا دەمێك دەگەڵ ئەوداو لە هەمێزی ئەودا بەسەربەرێت.
دوو هەفتە لەم ماڵەدا بەدیار نێرگزەوە مایەوە، خەریك بوو بگیرێت. ماڵە کۆنەکەیان، واتە ئەو ماڵەی کە بەر لەوەی بگوازێتەوە بۆ لای نێرگز، تیایا بوو، تەحەڕی کرد، چونکە کەسیان تیا نەدۆزییەوە گروبانێکیان لەوێ دانا تا هەرکەسێك چووە ئەو ماڵە دەمودەست بیگرن. دەبوایە پەردەی پەنجەرەکە نیوە کراوە بوایە بەلام وانەبوو. ژنە نیگابانەکە بە سیمای خەمینەوە چەند جارێك بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەت بوو. فرود دڵی خەبەری دا، خۆی بە ماڵدا کردو بەمجۆرە دڵنیا بوو کە پیاوانی فەرمانداری سوپایی لەو دەوروبەرە دان و خۆیان لە بۆسەداوەو دەبێ تا دەتوانێ پارێزبکات. گوێ مەدەیە! بۆ نێرگزە، نێرگز ئەوە دێنێ کە پیاو لە پێناویا بژی.
ئێستا زەروری بوو کە مەسەلەی پەیوەندییەکی ئاسانترومکومتر – بۆ نموونە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە– دەگەڵ سەرێ ڕا باس بکرێ. لەبەر ئەمە مکوڕ بوو کە کۆبوونەوەی بەرپرسان بکرێت. هاتن و چوون، قسەیان کردو گوێیان گرت، موناقەشەیان کردو فرودو هاوڕێیانی هاوڕەئی ئەو پێیان داگرت و ئەنجام ئەوو هەندێکی تریان بۆ کۆبوونەوە بانگکرد.
قەرار بوو ئەم کۆبوونەوەیە دوو ڕۆژ بخایەنێ. نێرگز چاك بوو بووەوەو دەچووە سەرکارەکەی، کە بیستی فرود دوو ڕۆژان نایەتەوە کردی بە بۆڵەبۆڵ و هەراو هەنگامە. هەڕەشەی دەکرد کە دیسان

دەبوڕێتەوەو کەسی بە دیارەوە نابێت. فرود ناچار سوێندی بۆ خوارد کە لە هەوەڵین دەرفەتدا بگەڕێتەوە بۆ لای و ئەگەر بکرێ بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە بکات.

لە ڕۆژی دیاریکراودا هەموو ئامادەبوون، لە هەموو شوێنێکەوە هاتبوون، لە باشوورو تاران و ئازربایجانەوە. حەوت کەس بەشداریان کرد، لەوانە تەقەوی و تەرازویی و فرود.

کۆبوونەوەکە سێ شەو وڕۆژ درێژەی کێشا. باس وگفتوگۆ لەسەر بەرنامەی سیاسی لە سایەی وەزع و حاڵی تازە، بەرنامەی ڕێکخستن، لە سنووری ئەو چالاکوان و کادیرانەی کە هێشتا لەبەر دەستا بوون، ولە هەموو ئەوانە گرنگتر مانەوەی خوسرەو بوو لە ئێرانا کە نەیدەویست وڵاتی خۆی بە جێی بێڵێ. هەمووان جگە لە تەقەوی پێیان وابوو کە پێویستە لە ئێران دەربچێت. ئیدی پێویست بە مانەوەی ئەو نیە. ناتوانێ کاری ڕێکخستن ئەنجام بدات و پاراستنی ئەو بەشێك لە کات و چالاکی ئەو هاوڕێیانەی کە ماونەتەوە دەگرێت. بە هەرحاڵ مانەوەی ئەو لە ئێراندا زەرەری حیزبە. تەقەوی دژی ئەم بۆچوونە بوو. بەڵام سەرسەختانە پێی دادەگرت کە ئەم باسە بێفایدەیە چونکە ئەو بە خۆی سەرسەختانە بەرگری دەکات و ناخوازێ لە ئێران بچێتە دەرێ. کەس نەیدەزانی ئایا ئەمە راستە یان نا. کۆمیتەی مەرکەزیش پێشتر داوایەکی واهی لێ کردبوو بەڵام خوسرەو ناچێتە ژێر بارومل نادات.

کۆبوونەوەی ڕۆژی دووەمیش تەواوبوو. شەو هەموویان لە هەمانماڵدا دەمانەوە، ڕۆژی دواتر تەقەوی بە بیانووی ئەوە کە دەبێ بۆ کارێکی بە پەلەی ڕێکخراوەیی تەلەفۆن بکات. لە کۆبوونەوەکە وەدەرکەوت. بەڵام کە ئەو کەوتە بیری ئەوەی بۆ دڵدانەوەی نێرگز تەلەفۆن بکات و داوای مۆڵەتی کرد، ڕێگەیان نەدا... لە باری ئەمنی و تەناهییەوە ئەم کارە دروست نەبوو.ئەوسا بیری کەوتەوە کە تەقەویش نەدەبوایە بەم بیانووەوە لە ماڵەکە بچێتە دەرێ. گومانێکی سەیری کەوتە دڵ و دەروون: ئایا چووە مامورانی ئاسایش لەم کارەیان ئاگادار بکاتەوە؟ لەو ساتەوە ئیدی خۆی بە دەستی قەزاو قەدەر سپاردو بێ ئەوەی بیەڵێت ئەوانی دی پەی بەو وەزع و حاڵەی بەرن، لە گفتوگۆکانی دواترا بە ناچاری و بێ تاقەتی بەشداری کرد. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی چاوەڕوانە مامورانی دەوڵەتی لە هەر ئان وساتێکدا بڕژێنە ماڵەکەوەو دەستگیریان بکەن. ئایا تەقەوی بە شوێنی چاپخانەکەو کرێکارەکان و بە چاپخانە کاتیەکەو حەشارگەو خەڵوەتخانەکەی خوسرەو دەزانێ؟ ئایا دەشێت بە بایسی کەشف بوونی پاشماوەی هاوڕێیان حیزب بژمێردرێت؟ پاش تەواو بوونی کۆبوونەوە کاتێ فرود لەو ماڵە وەدەرکەوت بە گومان و واز وازیەوە چاوی بەدەوروبەردا گێڕا تا بزانێ ئایا هیچ کەسێك شوێن پێی هەڵدەگرێ یان نا. وادیار بوو مامورانی دەوڵەتی لێبڕا بوون هەموویان لەیەك شوێندا دەستگیربکەن.هەرواش دەرچوو، وهەموو ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە جگە لە تەقەوی و ترازویی، کە سەفەری هەندەرانی کردبوو، دەستگیرکران.

لە دوای کۆبوونەوەکەوە، ئیدی هەندێجار سەری شەوان بە پارێزێکی زۆرەوە سەرێکی ماڵەکەی نێرگزی دەدا، دەواودەرمان و خواردنی نێرگزی فەراهەم دەکردو ئەگەر لە ماڵ بوایە سەعاتێکی دەگەڵدا بەسەر دەبردو بۆ خەوتن بۆ جێیەکی دی دەڕۆیی، بە تایبەتی کە ئاغا جەلال ئاگاداری

کردبووەوە بەیانیەك کە ئاغای بۆ سەفەر بردووە، ئەفسەرێکی لە جێبێکدا دیتوە کە لەسەر چوار ریانەکە وەستاوەو چاودێری ئەو کەسانەی کردووە کە بەم چوار ڕیانەدا تێدەپەڕین. نێرگزیش ئاگای لەمە هەبوو وهەرجارێ فرود درەنگ بۆ ماڵ هاتباوە ترسی لێدەنیشت.
"سبەی شەو هەر دەبێ لێرە وەمێنی. ئەگەر ببورێمەوە بە تەنیا چ بکەم؟"
"ترست نەبێ، دێمەوە."
ئەم قسەیە بە دەمی ئاسان بوو بەڵام ترسێکی بێ پێشینە ئازای بەدەنی دێنایە لەرزە. بۆ هەر شوێنێ چووبا، لە هەرشوێنێ کەسێکی دیبا کە بە جۆرێ سەیری دەکات، تەزوویەکی بە پشتا دەهات. پاشان زات وغیرەتی وەبەرخۆی دەنا.خۆی بەو ترسنۆکەش نەدەزانی. شەوان لە خشەخشی گەڵاو با ڕادەپەڕی. زوعف و بورانەوەکەی نێرگز بیروخەیاڵیان بەر نەدەدا. تیا مابوو ئایا ئەم ترسەی لەبەرگیانی خۆیەتی یان لە بەرخاتری نێرگزە؟

# (١٧)

دوو هــەیڤ پــاش ئــەو کۆبوونــەوە ســێ شــەووڕۆژییە، فــرودو هــاوڕێ ڕابیتەکــەی، هوشــیار دەســتگیرکران. لــە کوچــەوکۆڵانەکانی ناوەڕاســتی شــاردا پیاســەیان دەکــرد. دنیــا تاریــك بــوو. یەکەمجار زانیاریان دەگەڵ یەکدی گۆڕیەوەو پاشان دەربارەی ئەو ئەوراقانەی کە دەبوایە تا یەك هەفتــەی دی ئامــادە بکرایــە قســەیان کــرد. گوتارەکــان دەبووایــە لەلایــەن تەقــەوی‌و فــرودەوە بنووسرێن. فرود بە ڕاشکاوی نەیگوت کە باوەڕی بە تەقەوی نیە. تەنیا ئاماژەیەکی بۆ کرد، بێ ئەوەی دڵنیا بێ کە هوشیار لە مەبەستی حاڵی بووە یان نا.

"بیستت کە سەید هاشمی، ئەهرامی‌وئەندازیار عالی-یان پێکەوە گرتووەو سەید هاشمی ئێستا لە زینداندا هەمە کارەیە. لە هەموو شوێنێك هەیەو لە هەموو شتێك ئاگادارە؟"

لە ڕاستیا فرود تا دڵنیا نەبووایە هەقی نەبوو، تەنیا بەقەرێنەومەزەندە، هیچ کەسێك تاوانبار بکات.

لە ناکاو جێبێك لە کۆڵانەکەدا بەلەز بەلای ئەواندا ڕەت بوو، فرود هەستی کرد کە سەرنشینەکەی ڕووی بــەلای ئەوانــدا وەرگێڕابــوو. ئــەم خەیاڵــە لــە یــەك دەم پــتری نەخایانــدو جووتــە هــاوڕێ بــە خەیاڵی ئاسوودە دەربارەی ئەو گوتارە قسەیان دەکرد کە قەراربوو فرود بۆ چاپکردن لە چاپخانە تازەکەدا بینوسوێت. لە ڕەشتدا پێنج کەسیان لە زندانیانی سیاسی کوشتبوو هەموو زندانیانی سیاســی دژی ئەمــە مانیــان گرتبــوو، جــا بــە مەبەســتی پشــتیوانی لــەم مانگرتنــە دەبوایــە خــەڵکی ئاگادار بکرێنەوە وخانەوادەی زیندانیەکان هانبدرێن کە پشتیوانی لە کەسوکارە زندانیەکانیان بکەن.

فــرود دەیویســت لــە هوشــیار بپرســێت بۆچــی تەقــەوی بــە خــۆی کــە شــارەزاترە ئــەم گوتــارە نانووسێت. ئەمجارەیان هوشیاریش هەستیکرد کە جێبێك هێواش هێواش بە دوایاندا دەهات. جێبەکە بەلایانا تێپەڕی‌وهێشتا نەگەیی بووە سێ ڕیانەکە وەستا. تیشکی بەهێزی لایتــەکانی پێشەوەی جێبەکە هێشتا لەوان ڕەت نەبووبوو سەرانسەری کۆڵانەکەی ڕوناك کردەوە.

فرود جێبەکەی ناسییەوە، هەمان جێبەکەی تۆزێ لەمە پێشتربوو، جووتە هاوڕێ لە جێبەکە ڕەت بوون. هوشیار ئاوڕی دایەوە تا تەمەشایەکیان بکات، بەڵام تیشکی گڵۆپەکە دای لە چاوی. فرود ئانیشکێکی لە کەلەکەی داوگوتی:

"تەمەشای چ دەکەی؟ با بگەڕێینەوەو هەڵێین."

هوشیار ترسی لێ نیشتبوو، بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

"نا، بەڵکو بۆ ئێمە نەهاتبن. لەوەیە بیانەوێ بمیزن."

"من دەگەڕێمەوە."

لەلای سێ ڕیانەکەوە پیاوو ژنێك خۆیان بە کۆڵانەکەدا کرد، هەرکە دیتیان لایتی جێبەکە هەموو شــوێنێکی ڕونــاك کردووەتــەوە گەڕانــەوە، ژنێکــی هــەرزەی ســووك کــە لای ســێ ڕیانەکــەوە دەهــات لەبەر ڕوناکییەکەدا سینگ‌وبەرۆکی بۆ کردنەوەو بە عیشوەوە بەرەو ڕوویان هات.

دەرۆزەکەرێك بەدەم ناڵەوپاڕانەوەوە دوعای چوونە بەهەشتی بۆ خەڵکی دەکردو داوای کۆمەکی دەکرد، پشیلەیەك لەسەربانی نزمی خانوویەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە.

هوشیار گوتی:

"بوەستە، بەڵکو هەقیان بەسەر ئێمەوە نەبێت."

فرود گەڕایەوە. دەیویست پێ وەغارێوە بنێ کە جێبەکە لایتەکانی کوژاندەوەو لە یەك شەقاوی ئەوانەوە پیاوێك لە جێبەکەوە خۆی هەڵدایە خوارێو تێی خوڕین. پیاوێکی قەڵەوو کەتە بوو. هوشیار لە پاڵ دیوارەکەدا وەستا بوو وفرود ناوەندی شەقامەکەی گرتبوو ودەیویست بەلای چەپی جێبەکەدا ڕەتبێ، دەنگەکە دووبارەی کردەوە:

"ئاغا لەگەڵ تۆمە فەرموو سەرکەوە، یەك دەقیقە تا فەرمانداری سوپایی بچین. لەگەڵ تۆشمە."

مەبەستی فرود بوو. یەکسەر ئەوەی بە بیردا هات کە ئەگەر چەکی پێ بوایە بەرگری لە خۆی دەکرد. چ کەرێتییەکە، پیاو بە ناچاریودەسەوسان دەبێ تەسلیم بێ.

پیاوە ورگنەکە لە نیومەتری ئەوداو بەرانبەری وەستا بوو ودەستەکانی بە هەردوولادا بڵاوکردبووەوەو گوتی:

"بە هەردووکتان دەڵێم، ئەگەر بە زمانی خۆش مل نەدەن دەتوانم بە زمانێکی دیکەش تێتان بگەیەنم."

بە دەستی چەپ، پاینی چاکەتەکەی بەرزکردەوەو حەوت تیرێکی،کە بریقەیەکی دایەوە، نیشان دان.

لە چاوتروکانێکدا هەر هەموو ئەو بیرانەی کە چەندین مانگ بوو مێشکیان مژول کردبوو بە بەرچاویا تێپەڕین:

"پێویستە لە کاتی گرتندا پیاو چەکی پێ بوو لە هەنبەر مامورانی دەوڵەتیدا بەرگری بکات".

نەحلەتی لە خۆی کرد کە بۆچی لە مەسەلەی پەیداکردنی چەکدا ئەوەندە بێ موبالاتیو خەمساردی کردووە. پێی وانەبوو بەو زووانە بگیرێت. ئەوپەڕی گەوجێتی بوو کە پیاو بەو ئاوایە بە خوتوخۆڕایی بگیرێت، بە تایبەتی لە وەزعوحاڵێکا کە هەرکەسێکی ئاسایی بە ئەندازەی یەك کادری چالاك بایەخی هەیەو دەتوانێ کۆمەك بە مانەوەی حیزب بکات. پاشان بە خێرایی ئەوەی بە مێشکا تێپەڕی کە:ئیدی چارەنووسوتەگبیری چاپخانەکە بە چی دەبێ؟ ئەو هەموو ئەزیەتەمان کێشا، ژارۆ نێرگز...

شوفێرەکەش دابەزی بوو.مامورە قەڵەوەکە باسکی هوشیاری گرتو لە دەستی ڕاستەوە سواری کرد. شوفێرەکە لە دەستی چەپەوە فرودی هەڵدایە ناو جێبەکەوە. ترومبیلەکە کەوتە ڕێ. کەس ورتەی لێوە نەهات. فرود هێشتا هەر لە بیری هەڵاتندا بوو، خۆی دندە دەدا: "دەبێ هەڵێی، هەڵێی." بە خەیاڵی خۆی ئەگەر ئەم وشەیە لە مێشکی خۆیدا دووبارە بکاتەوە هوشیاریش گوێی لێ دەبێت. وەکو ئەوەی وێرد بخوێنێ لێوەکانی دەجولان، بەڵام دەنگی دەرنەدەهات. لە سێ ڕیانەکە تێپەڕینو بە سەمتی ڕاستدا پێچیان کردەوە. هەرکاتێ ئوتومبیلێك لە بەرانبەریانەوە دەهاتو بۆ چەند دەمێك رووی هەردوو دیلەکەی روناك دەکردەوە فرود هەوڵی

دەدا بەجوڵەی چاوو برۆ هوشیار تێبگەیەنیٚ کە هەر یەکەیان لەلایەکەوە خۆ لە جێبەکە هەڵداتە خواریٚ. پێی وابوو لە ڕێگەی گشتیدا تەقە ناکەن. فرود ئەم خەیالانەی بۆ خۆی دەکردو پێی وابوو کە هوشیار لە جوڵەی چاوو برۆی ئەودا، بیری ئەو دەخوێنێتەوەو دەگەڵ ئەودا هاورەئیە. بەلام ئاخر چۆن دەکریٚ لە جێبێکەوە کە لە هەڕەتی ڕۆیشتندایە خۆ هەڵداتە خواریٚ؟ ئەگەر شوێنێکی شکا چ بکات؟ بۆ نە ء ،دەکریٚ دەرگا بکەیەوەو بازبدەی. هەموو کارێك دەکریٚ، پیاو دەبیٚ جورئەتی هەبیٚ. هەنگیٚ ئەم دوو بابایە شپرزە دەبن‌و هوشیاریش دەرفەتیان لیٚ دێنیٚو خۆی بە ماڵێکا دەکات‌و هەڵدێت. گریمان یەکێکیانش گیرایەوە خۆ ئەویتریان ڕزگاری دەبیٚ. رنجی ئەم چەند هەفتەیەش کە دەگەڵ چاپخانەکەدا دراوە بە فیڕۆناڕوات. ئەگەر ئەو نەگیرێتەوە خۆی دەگەیەنێتە جەم نێرگس، هوشیاریش دەتوانیٚ خۆی بگەیەنێتە نێرگز، بەلام نا، چونکە ئەو نێرگز ناناسێت. ئەم وشانە بە شێوەی جۆراوجۆر لە مێشکی دا دووبارە دەبوونەوە: هەلاتن، چاپخانە، نێرگز، هوشیار، هەندێجار لە شپرزەییدا ریزی وشەکان تێك دەچوو: چاپخانە، هەلاتن، نێرگز، هوشیار.

قولێکی لە قۆڵی هوشیار دا. بوو بوو بە بەرد. هیچ پەرچە کردارێکی نەنواند، مەسخ بووبوو. ترس بە تەواوەتی لە هۆش‌وحەواسی خستبوو.ئەو شتەی کە لەم کاتەدا فرود هەستی پێنەدەکرد ترس بوو. هەلاتن، هەلاتن. ئەفسوون بووبوو. لە پێچێکی ترا، لەبەر روناکی گڵۆپەکە، کردنەوەی دەرگای جێبەکەو خۆ هەڵدانە ناوەندەی شەقامەکە. ئەم کارە دەبێت لە زەرڤ چەند سانیەیەکدا ئەنجام بدریٚ. هەنگیٚ هەلاتن، هەلاتن‌و لە کۆلانێکی تەنگەبەردا لە ماڵێکا، لەسەربانێکا خۆشاردنەوە، دەبیٚ لە چەند ساتێکدا بەلەزو پێش ئەوەی کابرای قەڵەو بتوانیٚ حەوت تیرەکەی سواربکات، خۆی گوم بکات.

دەرگاکە دەکرێتەوە، ئەمە کارێکی قورس نیە. لە چاوتروکانێکدا گەیینە سەر چوار ڕیانێك، لە شەقامێکی لاوەکیەوە گەییشتنە شەقامی سوپا، شاپور، کە گەیینە نزیکی چوار ڕیانی کۆلیج، ترافیکەکە خەریك بوو سوور دەبوو، چیوای بۆ دیوای سەفارەت نەمابوو، وەکو ئەوەی یەکێك دەستی بۆ دەسکی دەرگای جێبەکە بردبیٚ، ئایا فرود بە خۆی ئەمەی کرد؟ نازانێت. بە هەر حالٚ، دەرگاکە کرایەوە، لەو ساتەدا کە ترافیکەکە سور بوو فرود خۆی هەڵدایە دەریٚ. هەر هەموو ئەم کارانە لە یەك ساتدا، لە چاوتروکانێکا روویان دا. دەتگوت یەکێك بە گوێیدا دەچپاند: نەمگوت دەبیٚ؟ ئەوە نیە بوو. کەچی پێشتر کاتیٚ کابرای قەڵەوی کەتە تێیخوڕی ئاغا دەگەڵ تۆمە، فرود لە دڵی خۆیدا گوتی: "تەواو، هەموو شتێك تەواو، دنیا ئاخر بوو، ئیدی هیچ شتێك لە ئارادا نیە، ژیان تەواو بوو. بروسکەیەك، هەورە تریشقەیەك، بایەکی توندو تیژ بوو ورۆیی."

بەلام وانە بوو. فرود ئیدی لە جێبەکەداو دیلی کابرای دەمانچە بەدەست نەبوو. ئازاد بوو... بەرەو کۆلانەکەی بەرانبەر غاری دا. کوێرە کولاّن بوو. دەرنەدەچوو. ئا، ئەمە چ نەگەبەتیەکە، پێشبینی هەموو شتێکی کردبوو تەنیا کۆلانی بنبەست نەبیٚ. تاقە دەرگایەك نەکرابووەوە. یەك دەرگا کەتیبەی ئاسنی پێوە نەبوو کە بتوانیٚ پێیا هەڵزنیٚو سەربکەویٚو خۆی هەڵداتە ناو حەوشەیەکەوە یان باخێکەوە. هیچ دوکانێك نەکرابووەوە کە بتوانیٚ خۆی پێدا بکات. نە دارێك،

نە دەوەنێك، نە كۆمە گلێك كە بتوانێ خۆی لە پەنادا تاقەت بكات. بەردیان گرتووەو سەگیان بەڕەڵڵا كردووە. هیچ چارەیەك نەبوو، دەبێ بگەڕێتەوە. هێشتا زووە. قەیدی نیە، ئەوان دوو كەسن. هوشیار ئەم ساتی شپرزەیی و پەریشانییەی شوفێرەكە دەقۆزێتەوە، ئەو بە سەلامەتی خۆی دەرباز دەكات، بێگومان هەڵدێ. زۆر باشە، چاپخانەكە رزگاری بوو. رۆژنامەكە دەردەچێت. كێ گوتارەكە دەنووسێ؟

تەقەوی؟ كە ئەم جاسووسەی بیركەوتەوە وشك بوو. یەكێكی تر دەینووسێت. هوشیار یەكێك هەر دەدۆزێتەوە كە گوتارەكە بنووسێت. شوفێرەكە ناتوانێ چاودێری دوو نەفەر بكات. سەری بەگێژەوە چوو.هەستی كرد بیری بەسەر تێكڕای وەزعوحاڵەكاندا زاڵ نیە، شوفێرەكە ماموری چاودێری نەبوو.چاودێرەكە دەمانچەی بە قەدەوە بوو، شوفێرەكە كاری خۆیوچاودێری كاری خۆی دەكرد.

كۆڵانەكە دەرنەدەچوو، ناچار گەڕایەوە، بەڵام هوشیاری بینی كە هێدیوهێمن لە جێبەكەدا دانیشتبوو، ئاسوودە، بێ خەمو خەیاڵ، دەتگوت هیچ رووی نەدابوو. ترومپایەكی بەنزین لە رۆژاوای كوێرە كۆڵانەكە، لەوبەری شەقامەكە بوو. فرود سەیری كرد كابرای قەڵەوی ورگن دەمانچە بەدەست لەو نزیك دەبێتەوە. چاكەتەكەی لەبەری داكەند. بە سەروچاوی كابرای چاودێریدا داو لە سەروچاوی ئاڵا: "چاكەتەكەی لا نەدەدا، دەی پشكنێ بەڵكو بەڵگەنامەیەكی بە دەست بكەوێ. لەوەیە پارەیەكی چنگ بكەوێ. ئەوەش نیە كە هیچ خەمو خەیاڵو مەبەستو مەرامێكی نەبێت تەنێ دەستگیركردنی فرود نەبێ. ئەویش ژیانی خۆی هەیە. دەبێ بیر لە سبەینێی خۆی بكاتەوە". بەو دەقەوە غاری دەدا، بۆ كوێ؟ هیچ شتێكی لە بیر نیە. گوێی لە دەنگێك بوو، گرم، فیشەكێك لە ئاسمانا تەقی، ئەو هەقی چیە، ئەو دەبێ رابكات. تەنیا راكردنو بەس. خۆ بەر ئەو نەكەوت. تەقەی ئاسمانی بوو. ئەوەندە نامەرد نیە كە سەری ئەوی كردبێ بە نیشانە. وەك بڵێی وركە بەردێك بەر پشتەملی كەوت. گەرم داهات وەكو ئەو ساچمەیەی كە لە شارەكەی خۆیاندا دەموچاوی روشاند. هەر بە ئەندازەی چزە زەرگەتەیەك هەستی پێكرد. فیشەك نەبوو. دیسان دەنگی گرمەیەك هات. بە ئاسمانا تەقە دەكات. ئەمەیان بە تەواوەتی دەنگی گولله بوو. لە پڕ هەستی كرد بەردێكی نوك تیژ بەرپشتی كەوت. بەڵام هێشتا دەتوانێ رابكات، خاو بووەوە، وەك ئەوەی ئارەقێكی باشی خواردبێتەوەو لە دنیای هوشیاریو بێهۆشیدایە. تەسەوراتی منالانە، وێنەیەك كە حاجی ئاغا دەربارەی خوداو ئاسمانو بەهەشتو دۆزەخ بۆی كێشا بوو، لە خەیاڵیدا زندوو بوونەوە. ئەو، فرودی بەندەی بێ گوناحی خودا، خەریكە بۆ ئاسمان دەفڕێ. كێشی نیە. چەقی قورسایی دەوری نیە، سەیر ئەمە بوو كە هێشتا دەتوانێ غاربدات. خەریكە غاردەدا، بەڵام لاقەكانی خەریك بوون لە كار دەكەوتن، كۆنترۆڵی لاقەكانی لە دەستی خۆیدا نەبوو. دەجوڵان، بەڵام بە ئارەزووی خۆیان. فرود بە خۆی گوت: "ئێ، ئەمەش كۆتایی كار! ئەرێ بەڕاست ئەو رۆژە ئەو پیاوە چی پێگوت: "ئەمەش لەسەر تۆ."

پەیكەری نێرگزی هاتە بەرچاو كە بوراوەتەوەو لە عاریدی كەوتووە. فرود كەوت. نەیتوانی لە جێی خۆی بجوڵێت. لە عاردی پان بووبووەوە. سەیری كرد لینجاوێكی خەستو غەلیز لە پشتی

دەچکێ.دەستی بۆ گیرفانی برد کە دەستەسڕێك دەربێنێ. ئەی وای کلیلێکی بە دەستەوە هات. ئیدی نەیتوانی مشتی بکاتەوە. کلیلی چاپخانەکە بوو.جا وەرە کەر لەو قوڕەی دەربێنە. لە دوورەوە دەنگە دەنگی جماعەتێکی هاتە گوێ. یەکێك هاواری دەکرد: بۆ تەقەت لێکرد؟ خۆ کوشتت. هیچی تر حاڵی نەبوو. غەڵبە غەڵبەکە لە دوورەوە دەگەییە گوێی. جارجار دەنگێکی بەرزتری دەژنەوت، بەڵام تێی نەدەگەیی. غەڵبە غەڵب بوو، عەینی ئەو دەنگانەی کە لە بینەو جلکەنکی گەرماوی ژنانەوە دێتەگوێ. دەنگی سووکی جریوە جریوی چۆلەکانی حەوشەکەی خۆیان لەکاتی بەیانیدا، لەو کاتانەدا کە وێردوسەڵاواتی حاجی ئاغا دەهاتە گوێ، بەڵام زۆر هێواشتر، وهێواشتر دەبووە تا ئەو ڕادەیەی کە فرود ئیدی گوێی لە هیچ نەما. وەك بڵێی خەو بردیەوە.

سواری شتێکیان کرد. بە مەزەندەی خۆی گوێی لە ناوی نەخۆشخانەی ژمارە دووش بوو. ئەوەی دێتە بیری ئەمەیە کە ماوەیەکی پێچوو تا گواستیانەوە. کلیلەکەی لە دەستا نەبوو.

پێدەچێت لەو ئوتومبیلەدا کە سواری بووبوو، لە بەینی دۆشەکەکەو پشتییەکەدا شاردبوویەوە. دەنگێك گوتی: "بێ بڕۆین." نەیدەتوانی بجوڵێ، یەکێك گوتی: خۆ تۆ دەتتوانی وەکو واشە بۆی دەربچی ئێستا بۆ وات لێهات؟ دەیویست پێبکەنێ بەڵام ماسولکەکانی دەمی بۆ پێکەنین نەدەکرانەوە. دوبارە هەستی کرد کە کلیلەکە لە ناو دەستیایە. وادیارە دەبێ شوفێری تاکسییەکە یان کەسێکی تر پێی دابێتەوە.

توڕە بوو. "ئەم کلیلە نەحلەتیە ئاخری سەرم بە فەتارەتێکا دەدات. ئاقیبەت سەرم دەخوات".

ئەوانەی لەباوەشیان کرد،بە قاڵدرمەکاندا سەریان خستو لەسەر تەختێك دایان نا، زۆری هەوڵدا بزانێ چی لێدەکەن.کەواتە مەعلومە کە هێشتا زندووە. هێشتا نەمردووە. بە زەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشاو دەگەڵ هەر هەناسەیەکدا زاری تەژی خوێن دەبوو.

کە لەسەر تەختەکەیان خەواند هەستی کرد پایەکی خەریکە دەئاوسێو گوشاری پێڵاوەکەی ئازاری دەدا.دوگمەکانیان کردەوە. شتێك مەچەکی دەگەست، ئەم گەستنە لە ناکاودا نەما، ئەها بیری کەوتەوە سەعاتەکەیان لە دەستی داکەند. باشە نازانن کە فرود پێویستی بەم سەعاتەیە، ئەدی چۆن بچێت بۆ ژوانگە؟ چیتری لە بیر نیە، با ئاماژەیەکی تری هەرگیز لە بیر ناچێت.

شەبەنگوتارمایی پیرەمێرێکی پۆڕسپی بینی کە بە دەست ئارەقەی دەموچاوو هەنیەی ئەوی دەسڕیو گوتی:

"ئێرە فەرمانداری سوپایی نیە. خەمت نەبێ"، پرسی: "نێوت چیە؟" فرود بە نیاز نەبوو نێوی خۆی بڵێ، دوای چەند ساتە وەختێك یەکێك ناوە نهێنییەکەی ئەوی گوت.وئەوجا خۆشی ناساند: "منیش سەرهەنگ وەجاهەتم، لە فەرمانداری سوپایی."

پیرەمێرە پۆڕسپیەکەیان بە تیمسار گازدەکرد. فرود زاری کردەوە شتێك بڵێ بەڵام نەیتوانی. تیمسار گوێی بردە پێشەوە. لە وشەی "بەنج" حاڵی بوو.

بە هەر شێوەیەك بوو تێیگەیاند کە بەنجی بکەن چونکە چیتر خۆی لەبەر ئێش و ئازار ناگرێت.

لەم دوو سێ ڕۆژە بێهۆشیەدا وێنەی وا دەهاتنە بەرچاوی زۆر ئاڵۆزتر بوون لە خەونی ئاجڕو باجڕ. ئەوەی ئەو دەیبینی لاسایی کردنەوەی ژیان بوو.سیمایانی ئاشنا نمایشیان دەکرد. هەموو لە هەیکەلەکانی کتێبی ئەمیر ئەرسەلان دەچوون. شاخیان هەبوو وچنگ و قامکیان یەکپارچە نینۆکی درێژ بوو. کەڵبەو شفرەی بەراز، گۆنایان بریندرا وخوێناوی، پێکەنینی ناشیرین، چەقۆو قەمەو کێردو سەرەنێزە لە هەموو لایەکەوە بەگوێ‌و چاووزارو سینگ و ڕانی ئەوا دەچوون. گۆشتی لەشیان هەڵدەدڕی‌و دەیان پچڕی. فرود نەیدەتوانی ئاه هەڵکێشێت‌و بناڵێنێ، دەستی درێژ دەکرد کە ئەوانە بەر شەقەزللە بدات، بازووی لە حەوادا وشك دەبوو ولە کار دەکەوت. یەکێك تورِی دەدا، لە ئاسمانی بێ سەرەتاو بێ کۆتاییدا، بە سەعاتان لە نێوان ئەرزو ئاسماندا خۆی بە مۆلەقی‌و هەڵواسراوی دەبینی. هاوڕێ‌ودۆستانی دوێنێ پێی پێدەکەنین. لە هەمووان ژەهراوی تر چاوانی دەرپۆقیوی فەیروز بوو. دەتگوت دەمامکێکی تۆخی لەسەر کردووەو بەردەوام لە میوانخانەکەدا، پاش ئەوەی گوێی لە باسی ڤیانی ئەو دەربارەی نێرگز بوو، مۆرەی لێدەکرد. نێرگز بەردەوام لە حاڵی زوعف و بورانەوەدا بوو.مژێکی چڕ دەوری تەنی بوو، دەستی پێی نەدەگەیی. تەمەشای زەماوەندی باب ودایکی دەکرد کە مونیرەو بەدری دەیان ڕازاندنەوە. حەوزەکەی ماڵەوەیان پڕ لە ئاگر بوو. گڕوبڵێسە تا سەربان بەرز دەبوونەوە، بەدری گەمەی بەم ئاگرە دەکرد. کۆمەڵێك هیولاودێو ودرنجی بە شاخانی لە زار دەرچوو، و چاوانی لە چاڵی قوڵداو بە ڕەنگی درێو بە قامکانی ڕەق‌و تەق‌و مردەڵەو نینۆکانی تیژ دڵی ئەویان هەڵدەدڕی، بە خەیاڵی خۆی دادو بێدادو هاواری دەکرد، بەڵام کەس گوێی لێ نەدەبوو. سێ دانە دێوی گورزبەدەست لە سێ لاوە دەوریان دابوو. مارێك لەسەر تەختەکەی لوولی دەخوارد،فرود دەترسا، خۆی گرمۆڵە دەکرد، بەڵام جوڵەی دەست‌ولاقی لە کۆنترۆڵی ئەودا نەبوو. لە خۆی دەپرسی مەرگ ئەمەیە؟ هەندێجار هەر هەموو ئەم هەیکەل‌و تارماییانە دەخزانە ناو یەکەوە، بڵاودەبوونەوە، لێکدی جیا دەبوونەوەو لە ناکاودا هەر هەموویان بە کۆمەڵ‌و تاك تاك هەڵیان دەکوتایە سەر ئەو.چنگیان دەخستە ناو سینگی‌و هەموو شتێکیان هەڵدەدڕی. ئەوسا ئیدی هیچی نەدەبینی، هەستی بە هیچ نەدەکرد، خەوی لێدەکەوت، لە ئازاری پشت یەشە خەبەری دەبووەوە. شوڕەشوڕ خوێن لە زاریەوە دەڕژا. هیچکەس فریای نەدەکەوت‌و بە هانایەوە نەدەچوو.چۆن ئەم هەموو خەڵکە جۆراوجۆرەی دەورووی بەری هاواری هاناخوازی ئەویان نەدەژنەوت؟ ڕەنگە ئەوانیش هیچ دەسەڵاتێکیان نەمابێ.

هەندێجار یەکێکی سپی پۆش شتێکی پێدەگوت بەڵام سێ دێو بە گورزەکانیانەوە دەیانتاراند. هەر کە سپی پۆشەکە زاری دەکردەوە، بێدەنگیان دەکرد، خەفەیان دەکرد.

ڕۆژی سێیەم هەستیدەکرد دەتوانێ چاوانی بکاتەوە. دوو سەرباز بە تفەنگەوە لە هەردوو لای تەختە خەوەکەیەوە وەستابوون. چ ژوورێکی گەورە بوو، سەربازێکیش لە پاینی تەختەکەیەوە وەستا بوو. بە خەیاڵی خۆی نوکتەیەکی گوت بەڵام نە کەس بە نوکتەکەی پێکەنی‌و نەخۆیشی پێکەنی.

پەرستارێکی گەنجی خشیك و شووش وباریك هەرکە بینی فرود چاوەکانی کردەوە، ڕۆیی و دەگەڵ کەسێکی دیدا هاتەوە. دکتۆر جلکی سوپایی لەبەربوو. کە سەربازەکانی بینی لێی پرسین ئێوە پاسەوانی ئەم ....ن؟ دەیویست بڵێ ئەم "جەنازەیەن" سەیری کرد چاوانی فرود کراوەن، هەڵوەستەیەکی کردو وشەی "جەنازە"ی بە جۆرێ درکاند کە فرود گوێی لێنەبێت. نەخۆشە بریندارەکە لە پزیشکەکەی پرسی: "دکتۆر پەراسووم شکاوە؟"

پزیشکەکە وەڵامی دایەوە: "ڕەحمەت لە باوکت، سیپەلاکت کون بووەو ئەحواڵی پەراسووت دەپرسیت؟"

سەری لە حەپەسانی فرود سوڕ نەما، دڵخۆشی دایەوە:

"هی نیە، لە خەتەر خەلەسیوی."

فرود بزەیەکی کرد، دکتۆرەکەش بۆی سەندەوە، گوتی:

"بە سەلامەتی دەرچووی." سارغی و شاشەکانی سەر سینگ وسکی تەفتیش کرد.

فرود پرسی: "هەموو سینگ و ورگم پارچە پارچە بووە؟

"مەترسە، هێشتا جێی چەند گوللەیەك ماوە. بە هەرحاڵ ئیتر ناتوانیێ لە پێشبڕکێی جوانیدا بەشداری بکەی".

پزیشکەکە تەماشایەکی لولەی گلۆکۆزەکەی کردو پاشان چەند دەستورێکی بە پەرستارەکە داو ڕۆیی.

ئەفسەرێکی خوێنتاڵ هات. هەرکە بینی چاوانی نەخۆشەکە کراوەیە فەرمانی دا:

"گوێتان لێ بوو؟ کەس بۆی نیە قسان دەگەڵ ئەم زیندانیە بریندارەدا بکات. هەر کاتێ شتێکی داوا کرد بەسەرجۆخەکە بڵێن و ئەو پەرستارەکە گازدەکات".

زۆری هەڕوگیڤ کرد.فرود ئێستا هەموو شتێکی دەزانی. مێشکی کاری دەکرد، وشەی پەرت و بڵاو وەکو وردە کاغەزان کە بکەوێتە سەر زەوی خۆبەخۆ جێیان بۆ خۆ دەکردەوە: زندانیەکی ترسناکە، فەرمانی سەرهەنگ وەجاهەتە، سەرۆکی حیزبە. ئیدی هەر سیفەت و پلەو پایە بوو لەو گۆڕە دەیان دایە پاڵ فرود. لە هەندێك لە وشەکان بە باشی حاڵی نەدەبوو، بە خۆی جێی بۆ دەکردنەوە.

ئەفسەرەکە بە جۆرێ حوکمی دەکرد لە تۆ وایە دەیەوێ یەك بە تالیۆنی تەواو بۆ مەیدانی جەنگ بنێرێ. سەرجۆخەکە بە موو لەم فەرمانەی لانەدەدا، پەرستارە خشیکەکە هات و شتێکی لە فرود پرسی، سەرجۆخەکە تێیخوڕی. پەرستارەکە کە شریتێکی مەیلەو سپی بە دەستەوە بوو لەسەر مێزی کەنار تەختەکەی داناو بە دەنگێك کە فرودیش گوێی لێ بوو، هاواری کرد گوتی:

"کەواتە خۆت وەرە ئەم ورگە پینە بکە". ئەوجا خەریك بوو بڕوات.

سەرجۆخەکە کەوتە نەرمکێشی:

"من چ بکەم؟ من وەزیفەی خۆم ئەنجام دەدەم."

"منیش وەزیفەی خۆم ئەنجام دەدەم."

فرود بۆ پشتیوانی لە پەرستارەکە لێی پرسی:

"ئاخر بۆچی ورگت وا پارچە پارچە کردم؟"
"ئەدی دەتویست چی لەم هەموو خوێنەی کە ڕژاوەتە دڵو هەناوتەوە، بکەین؟"
ئیدی قۆرخەکە شکا، نەخۆشەکانی دیکەیش جورئەتیان پەیدا کرد. دەهاتنو بەلای ئەودا رەت دەبوون. بۆ نموونە قسەیان دەگەڵ خۆدا دەکرد، بەلاّم مەبەستیان فرود بوو. یەکێك بە یەکێکی دی دەگوت:
"تەمەشای ئەمە، دوای سێ ڕۆژ دەپرسێت کە چ بەڵایەکیان بەسەری هێناوە".
یەکێکی دی دەیگوت: "کاشکێ ئەم هەموو خوێنەی لەبەر ئەو ڕۆییوە دەیاندا بە من. بۆ خۆم قوتو قەڵەو دەبووم".
سێیەم: "ئەی وەڵلا، ئەی ئافەرین بۆ خۆت، زۆر پیاوی."
یەکێك لە دوورەوە شتێکی گوت فرود تێی نەگەیی. لە گروبان یان سەرجۆخەکەی پرسی: "چ دەڵێت؟"
سەرجۆخەکە وەڵامی نەدایەوە، یەکێکی دی کە لە تەنیشت ئەو خەوتبوو وسەروگوێلاکیان بەستبوو وەڵامی دایەوە:
"ئێستا ئێوە چیتانە، وازبێنن بزانین دەمرێ یا دەمێنێ".
فرود گوتی: "پێی بڵێ پیاوی خراپ هیچی لێنایەت."
سەرجۆخەکە خۆی لە گێلی دەداو شتەکەی نەدەبردە سەرخۆی. تەنانەت ڕووشی وەردەگێڕاو دەیویست سوێند بخوات کە هیچی نەدیتووەو نەبیستووە. دوو سەربازەکەی تریان هەموو ڕۆژێ دەگۆڕی.
فرود،ڕۆژانی هەوەڵ هەستی بە ئازار نەدەکرد، گوێی هەڵدەخست تا قسەیەك لە یەکێ بژنەوێ، حەزی لە پزیشکە سوپاییەکە دەکرد. هەردووکیان ئەهلی سوعبەتوشۆخی بوونو تەعلیقیان لێکدی دەدا. ڕۆژێك لە فرودی پرسی:
"لە کوێ مەشقی خۆ فڕێدانت لە جێبی لە حاڵی حەرکەتا کردبوو؟"
"مەشقی ناوێ. ئێستاش بمخەرە ناو جێبێكو بزانە چتۆ دەفڕم."
"کوڵش نادەی."
" برا گەورەی."
ڕۆژی دوو جاران سەری دەدا. هەموو جارێك دڵی دەدایەوە، ورەی بەرز دەکردەوەو زاتی دەخستە بەری. دوای چەند ڕۆژێك بۆ ژوورێکی تریان برد. هەموو جۆرە خەڵکێکی تیا بوو. ئەو کەسانەیان بۆ ئەوێ دەگواستەوە کە ئیدی پێویستیان بە نەشتەرگەری نەبوو. خۆشحاڵ بوون کە بە سەلامەتی دەرچوون. هەرکە فرودیان بۆ ئەو ژوورە گەورە هەتاوگیرە کە پەنجەرەکانی بەسەر باخدا دەکرایەوە هێنا، چەند کەسێك گوتیان: عزرائیل یەکێکی دیکەشی جەواب کردووەو قەبوڵی نەکردووە. لێ کە بینیان دوو نیگابانی نێزە بەدەستی دەگەڵدایە بێدەنگ بوون، لە جێی خۆ دانیشتنو ورتەیان لە خۆبڕی.

هاوسێکەی سەربازێك بوو سەروچاوی پڕبوو لە زامو برینان. تەقریبەن ئازای لەشیان سارغی پێچ کردبوو. تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە بوون. هەرکە لە ماوەی چەند ڕۆژێکا ترسی شکاو کابرای سەرجۆخەش ڕام بوو، چیرۆك و بەسەرهاتی خۆی بۆ فرود گێڕایەوە. هەموو هاو ژوورەکانی لە سەرگوزەشتەکەی ئاگادار بوون، بەڵام کاتێ کە سەرجۆخەکەش لە قاقای پێکەنینی داو شادی بۆ هەمووان سیرایەتی کرد، هەر هەموو نەخۆشەکان خەریك بوو لە پێکەنیندا شەقیان دەبرد.

چیرۆکەکە، چیرۆکی ئاسایی ژنێکی ناڤسالی، پیرە ئەفسەرێك بوو دەگەڵ موڕاسیلەکەیدا:

"زۆر پیر نەبوو بەڵام مەمکەکانی چرچ، عەینی هەرمێ سیسەی باڕن و سمت و کەفەلی شل بوو بوو.ئاخر من تازە ژنم هێنا بوو. ئەم پیرەژنە قامکە تووتەی ژنەکەی خۆمی نەدەهێنا.جارێك ناچار بوومو تەواو. پاشان دلم تێك هەلهات. نەچوومە ژێربار. ئەم رمۆزنە پەتەڕییە هەڕەشەی لێکردم. بۆی تێچاندم. گوتی نیازی خراپم دەربارەی هەبووە"

خستیانە زندانەوە. بەسەرهاتەکەی لە ئینزیباتخانەدا بۆ سەربازەکانی دی گێڕایەوەو بە جارێ لە تام دەرچوو. چەند مانگێك خستیانە زندانەوە. بیستییەوە کە نەوبووکەکەی لە ماڵ دەردەچێ. لە تووڕەییاندا خۆی بە ئاووئاگردا دەدا. قسەی دەکردو خەڵکەکەی دێنایە پێکەنین و دەیپرسی:

"من نالێم تۆ بڵێ، کێ بێتر ئەوێندەری دەخورا، من یان ئەو پیرە عفریتە پەتەڕییە؟"

مودەتێك ژنێکی کارامەی ئەزموندار پەرستاری فرودی دەکردو هەمان پزیشکی گەنج مالیجەی دەکرد. ڕۆژێك دیسان کیژە خشیکەکە پەیدا بووەوە.یەجگار جوان بوو. فرود متمانەی پێ پەیدا کرد،هەم بە ئەوو هەم بە سەرجۆخەکە کە ئێستا لەسەر تەپلەکێك لەبەر دەرکە دادەنیشت و هەقی بەسەر ئەوەوە نەبوو و تەنیا چاودێری ئەفسەرو خوێنتاڵەکەی دەکرد.

ڕۆژێك کیژە پەرستارەکە پاکەتێ نوقولی نایە ژێر بالیفەکەی فرود، ئەویش زاتی نایە بەر خۆی کە داوایەکی لێ بکات:

"دەتوانی ڕاسپاردەیەکم بۆ بگەیەنیتە کەسێك؟"

"وای، نە، من شارەزای ئەم کارە سیاسیانە نیم، نایکەم، زۆرخاترتم لەلا ئازیزە بەڵام داوای ئەم شــــــــــــتانە لــــــــــــــــــە مــــــــــــــــــن مەکــــــــــــــــــە."

"ڕاسپاردەی سیاسی نیە، دەمەوێ بۆ نێرگزی خوشکم بنووسم لە کوێم و بێ بە سۆراخمەوە".

"بەڕاستتە؟"

"بە گیانی تۆ."

"بۆچی سوێند بە گیانی من دەخۆی؟ سوێند بە گیانی خوشکەکەت بخۆ."

"بەگیانی ئەو خوشکەم."

پەرستارەکە کاری خۆی کردو ڕۆیی.

هەرئەوەندە نێرگز بزانێت کە زندووە بەسە. گومانی تیا نەبوو کە نەیدەتوانی بۆ نەخۆشخانە بێت. وێڕای ئەمەش هەندێجار وای بە خەیاڵدا دەهات کە هاتووەتە بەردەرگاو نایەڵن ئەو بدینێ. بەڵام فرود دەنگی دەژنەوت. لە نێوان خەووبێداریدا، لە دنیای هوشیاری وبێهۆشیدا.

ڕۆژی دوایی کیژێ شادو روو بە پێکەنین گەڕایەوەو کورتە نامە کراوەکەی فرودی دەگەڵ خۆیدا برد. قەرار بوو نامەکە بە کەلهوڕ بگەیەنێ‌و ئەویش بیدات بە نێرگز.دوای دوو ڕۆژان سەروسەکوتی پەرستارەکە پەیدابووەوە.

"ئەم دۆستانەی تۆ چەند ترسنۆکن؟ هەوەڵجار خۆیان لە گێلی دا، کە بە هیچ جۆرێ کەسێك بە نێوی فرود ناناسن. پێم گوتن بابە، ئەو داماوە گوللەی بەرکەوتووەو خەریکە دەمرێت‌و کەچی ئێوە دەترسن ئەم کاغەزە بە خوشکەکەی بگەیەنن؟" هەنگێ ژنەکەی هەڵیدایەو گوتی لێرەی دانێ، بەڵکو بیدۆزینەوە.

کەلهوڕو ژنەکەی بە باشیان نەزانی بینێرن بۆ لای نێرگز، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویان کردبووەوە کە یەکێك لە چوارڕیانی کولیجدا لەلایەن نادیارێکەوە تەقەی لێکراوەو زامدار بووەو گروبانێکی سوپایی خۆی لێکردووە بە خاوەن‌و یەکسەر زامارەکەی بۆ نەخۆشخانەی سوپا بردووە.هەموو وێنایان دەکرد کە فرود مردووە یان دەمرێت، نێرگزیش. بەڵام دوای چوار ڕۆژ، یەکێك لە هاوشارییەکانیان کە لە نەخۆشخانەی ناقبری کاری دەکرد گێڕابوویەوە کە یەکێك لە دکتۆرەکانی پێی گوتووە ئێوە چ بەشەرێکن؟ گوللەی قوڕقوشمیش کارتان تێناکات ئەگەر دڵ‌و سیپەلاکیشتان دواودەر بکات. نێرگزیش ئەم قسانەی بیستبوو. نێرگز لە هەموو دەرکەیەکی دابوو بەو ئومێدەی بتوانێ فرود بدۆزێتەوە، چوو بووە شارەبانی، پەنای وەبەر ئاغای ترشیزی بردبوو، لە فەرمانداری سوپایی پاڕابووەوە، سەری نەخۆشخانەی دابوو، داوای یارمەتی لە حاجی ئاغاو حاجیەخانمیش کە سەراسیمەو سەرگەردان بۆ تاران هاتبوون، کردبوو، بەڵام بێ هودە. ئەنجام حاجی ئاغا چووە نك یەکێك لە مەلایەکانی تاران‌و ئەویش نامەیەکی دایە بۆ کابرایەکی بەختیاری دەسترۆ، وئاقیبەت توانی شەربەت‌و شیرینی‌و کراس‌و پیجامەو قورئانێکی بەر باخەڵ بۆ کوڕەکەی بنێرێ، بەڵام وێڕای هەموو هەوڵ‌و تەقەلایەك ڕێگەی دیداریان بە خانەوادەکەی نەدا. ئەو شتانەشی کە ناردبوویان دوای چەند دەقیقەیەك لە زینداندا درا بە فرود.

ڕۆژی چوارەم بوو کە فەیروز هاتە عیادەتی. خۆی بوو: بە باڵاپۆشێکی سپییەوە لەگەڵ پزیشکی سوپادا بوو. هەوەڵجار باوەڕی نەدەکرد. چاوەکانی نوقاند، قەناعەتی وابوو کە خەون دەبینێ. بەڵام نا،خۆی بوو، فەیروزی ڕەندو بەئەمەك کە تەنیا لەبەر خاتری نێرگز (پاکانەی) نووسی بوو وئازاد بووبوو. کیژێ ناردبووی تا حاڵی ڕەقیبەکەی بزانێ، فرود چاوەکانی کردنەوە. خۆی بوو، فەیروز بوو. شەلاڵی ئارەقە بوو. تەریقی ئەوە بوو کە بۆچی ئەو ڕۆژە درۆی دەگەڵ کردبوو ودڵی شکاندبوو. دوای ماوەیەکی زۆر یەکتریان دیتەوە. هەردووکیان چاویان بڕییە یەکتر بەڵام متەقیان نەکرد، هیچیان بە یەکتر نەوت، لە دکتۆرەکەی پرسی:

"چۆنە؟"

گوێی لە وەڵامەکە بوو:

"بە سەلامەتی دەرچوو،مەگەر من بیکوژم."

هەرسێکیان پێکەنین. ئەو دووانە ڕۆییشتن. فرود سەری بۆ لای وان وەرگێڕاو مودەتێك نیگای کردن. فەیروز لەبەر دەرگاکەوە جارێکی دی تەمەشای کردەوەو لە پشت دەرگاکەوە ون بوو. ئەم

دیداره خۆشیەکی خستە دڵیەوە. ئەم کیژە داماوە تەنانەت پەنای وەبەر فەیروزیش بردبوو کە هەواڵێکی ئەوی بۆ بزانێ. نێرگز چۆنی توانی بوو فەیروز بۆ نەخۆشخانەی سوپا بنێرێ؟ خۆی رێك خستەوە. ئیدی ئەمانە هەموویان پزیشکن کێ دەڵێ ئەم ستوانە لاوە یەکێك نەبووە لە هاوپۆلەکانی نێرگز؟ ئافەرین بۆ جورئەتی فەیروز، ئافەرین بۆ دڵداری نێرگز.

چەند ئازاری جەستەیی کەم دەبووەوە، بیرەوەرییە خۆشەکانی نێرگزی لەلا بەرجەستەتر دەبوون.

بەرە بەرە خەریك بوو دەگەڵ ئەو ژینگەیەدا ڕادەهات. سەرجۆخەکە (گروبان) بووبوو بە بنیادەمێکی بێ وەی، ئەو پیاوەی جاران نەبوو. سەلامەتی و رزگاری ئەوی بەلاوە گرینگ بوو بوو. حاڵی بوو کە فرود ئەوەندەش ترسناك و جەربەزە نیەو بەم هەموو زامەوە ئەو توانایەی نیە لە نەخۆشخانە هەڵێت. دەگەڵ فرودا نەرم بووبوو.

هێشتا لە خەوا ترس و سەرسامی دەستبەرداری نەدەبوو، لە خەون و کابوسانی شەوانەدا هەر جارە بە شێوەیەکی تازە نێرگزی دەهاتە بەرچاو: بە جلکی کچۆڵەیەکەوە کە گەورەیی بەسەر ئەوو خوشکەکەیدا دەکرد، وەکو خوێندکارێك کە ئاشقێنی دەگەڵ ئەو دەکردو دڵی دەبرد.یان لە حاڵەتی زوعوف و بورانەوەداو لە جێگەدا بە دەم لەزەتی ماچ و موچەوە دەی بینی و لە هەموو شوێنێك و لە هەموو حاڵەتێکدا کۆمەڵێك دێوودرنجی رەزا قورس بە دەوریا دەسوڕانەوە، دەڕەقسین، دەمەلاسکەیان دەکردەوە، نوقورچیان دەگرت، تەشەریان دەداو فرود و نێرگزیان ئازار دەدا.

کە ئەم خەوە ناخۆشانەی دەبینی هاواری دەکرد. دەیقیژاندو سەربازە سەروتەن سوتاوەکە بە هاواریەوە دەچوو، پەرستارەکە دەهات و دکتۆر حەبێکی دەرخوارد دەداو ئارامی دەکردەوە، تا زیاتر دەهاتەوە سەرخۆ، خەڵکایی دیکەش دەچوون بەلایەوە، قسەیان دەگەڵ دەکرد، میوەو شیرینیان بۆ دێنا. یەکێك لە تەندروستی سوپاوە سەرێکی فرودی داو نەیزانی لەبەرچی لوتفێکی زۆری لەگەڵ کرد. بوو بە خۆمانەش.

رۆژێك لەو سەربازەی، کە کاتێ گوێی لە چیرۆکی پێکرانەکەی ئەو بوو رونداك لە چاوانی بارین، پرسی: دەتوانی نامەیەك بگەیەنیتە نێرگز. سەربازەکە رووی وەرگێڕا، تەمەشایەکی دەورووبەری خۆی کرد، بەدەم چاودێری سەرجۆخەکەوە، بە چاو ئاماژەی کرد کە ئامادەیەو نامەکە دەبات. فرود ئیتر ئەوی نەدیتەوە، نەیزانی ئاخۆ قسەکەی بردە سەر یان نا.

ئەم سەربازە نەخۆش و زندانە سیاسیانەی کە لە نەخۆشخانەی سوپا مالیجە دەکران خەڵکانێکی جۆراو جۆر بوون. هەندێك لێی دەترسان و پێیان وابوو فرود کافرەو چونکە گوناهو خەتای کردووە دەبێ سزا بدرێ. ئەو سیاسیانەی کە نەیان دەناسی خۆیان لێدەپاراست. هەندێکی دی بە پێچەوانەوە، چ سەربازو چ سیاسی، یەجگار دلۆڤان و میهرەبان بوون، چایان بۆ دێنا، یارمەتیان دەدا تا چەند هەنگاوێك ڕێ بکات. هەرکاتێ ئازاری هەبوایە یان تای لێ بهاتبایە یەکتریان ئاگادار دەکردەوە کە بێدەنگ بن. فرود خەریك بوو هەستی دەکرد کە ئەوانی دی بە جۆرە قارەمانێکی دەزانن و حەزیان دەکرد ئەم قارەمانە سەلامەت بێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا سینگ

دەرپەڕاندن‌و لافوگەزاف بوو بەرانبەر بە بەرپرسان، بەڵام لەسەر حیسابی کەسێکی تر بوو. ئەوانە کە بە خۆیان زات‌و شەهامەتیان نەبوو لە هەنبەر بێدادی‌و زوڵم‌و زۆری بەرپرسان سەربەرزبکەنەوە بەوە خۆشحاڵ دەبوون کە کەسێکی بەهێزتر، بە وەرەتر لە وان، دلێرترو بوێرتر لە خۆیان پەیدا ببێ تا تۆڵە لە زاڵمان بسێنێ. هانیان دەدا بەرگری بکات. چەپڵەیان بۆ هەر سەرکەوتنێکی لێدەداو وایان تەسەوردەکرد خۆیان‌و تۆڵە دەستێنن.کاتێ ئێش‌وئازار بەسەر فرودا زاڵ دەبوو، هەستیان بە شکست دەکرد.

ڕۆژێ بە رادەیەك سكی دایە ئازار کە بە پێچەوانەی هەمیشەوە کەوتە ناڵەناڵ. هەموو پیان سەیر بوو، یەکە پیاو نابێ بناڵێنێ، ناڵە دەگاتە زاری‌و بە تکاو پاڕانەوە دەشکێتەوە. ئارەقە لە لەشیەوە هەڵدەقولا. فرود کەوتە بیری ئەو ئەشکەنجانەی کە بێگومان لە پێشی بوو. بە مێشکی دا هات کە ئازاری لەمە توندتر نیە. ئەوجا تا گرتی، تایەکەی هێندە توندبوو کە هەمیشە وڕێنەی دەکرد. لە دنیای بێهۆشیدا دیسان قیافەتی پەرستارە خشیکەکەی هاتە بەرچاو. حەبی دەدایە، دەرزی لێدەداو دەستی بە هەنیەیدا دێناو ئاقیبەت دوای چەندین سەعات تایەکەی هێنایە خوارێ.

ئەم بەڵایە نزیکەی دوو هەفتە بەردەوام بوو. خەریك بوو حاڵی باشتر دەبوو. هەمان پزیشکی هاوڕێی تیمسار دکتۆر پەیدا بووەوە:

"ئاغای فرود، خودا لە نوێ عومری دایتەوە."

"سوپاسی لوتفتان دەکەم تیمسار، لە نێوچەوانم نووسراوە کە بەلای کەمەوە هەشتا ساڵ عومر دەکەم."

"بە مەرجێ کە لە جێبەوە خۆت هەڵنەدەی."

ئەم خۆ هەڵدانە لە جێبەوە بووبوو بە ماڵ بەسەر فرودەوە. هیچ کەسێك ناوی پێکرانەکەی نەدەبرد.

نزیکەی چوار هەفتە لە نەخۆشخانەدا هێشتیانەوە. هەندێجار تای لێدەهات بەڵام هۆیەکەی هەوکردنی هەندێ لە زامەکانی بوو.

ڕۆژێك هاتن تا بیگوازنەوە بۆ فەرمانداری سوپایی. فرود ئەم هەواڵەی لە سەرجۆخەکە بیست:

"خۆت بکە بە نەخۆش،دەیانەوێ بۆ زیندانت ببەن."

چۆنی خۆی بکات بە نەخۆش. خۆ جگە لە چنگێ پێست‌وئێسقان هیچی تری نەماوەتەوە. چاوەکانی بە قولاچوون، مەچەکی دەستی، لە مەچەکی دەستی منداڵیەتی مونیرە باریکتر بوو بوو.سەرجۆخەکە دەیویست وەرەی بەرزبکاتەوە. دەیبینی هەمیشە شەکەت‌وماندووە، بۆ شکانی ئازار مۆرفینی لێدەدەن‌و زۆربەی کات لە حاڵی خەووبێهوشییە، بەلەنگازە دەیویست هاوسۆزی‌و هاوخەمی دەگەڵ بکات. بەپێچەوانەوە، فرود پێی خۆش بوو بۆ زیندانی فەرمانداری ببرێ. بەو وەزع‌و حاڵەیەوە ئەشکەنجە نەدەدرا. پەلەپیتکەیەکی لێبدەن هەڵا لنگەوقوچ دەبێت. خۆ ئەگەر بیانویستایە شەوێ میرغەزەبێکیان دەنارده سەری‌و دەیان خنکاند. ئەمە کارێکی زەحمەت نەبوو، بەپێچەوانەوە ڕەنگە لە زینداندا ئەو ئومێدەی هەبێ کە نێرگز بێتە دیدەنی. تکای لە

سەرجۆخوکە کرد کە دەلاکەکەی بۆ گازبکات تا بیٚ سەری بتاشیٚت. یەکیٚك لە نەخۆشەکانی ئەویٚندەر بە مقەست‌ومەکینە قژە رەشەکەی ئەوی بە تەواوەتی قات قات کردو بەڕاستی لەرەنگ‌و رووی خست.
کاتیٚ پەرستارە خشیکەکە بەو شیٚوەی بینی داچلەکی:
"وای، ئەمە بۆ وات لە خۆت کردووە؟"
"بو جوان نیم؟ حەزم لیٚناکەی؟"
"بنیادەم دەبیٚ دلی پاك بیٚ."
"ناڕەحەت مەبە، لەو شویٚنەدا کە منی بۆ دەبەن بەلاّی لەمە خراتر بەسەر بنیادەما دیٚنن. من خۆم دەست پیٚشکەریم کرد تا زەحمەتی وان کەم بکەمەوە."
فرود حەزی لیٚ بوو کەمیٚك سەربکاتە سەر ئەم جوانە بەلاّم تازە درەنگ بوو. ماموورانی فەرماندار‌ی سوپایی هاتبوون. پزیشکی سوپا ڕازی نەدەبوو کە بیگوازنەوە. ئەو ناوەی کە فەرماندار‌ی سوپایی ناردبووی دەگەلٚ ئەو ناوەی کە لە نەخۆشخانەدا تۆمارکرابوو تیٚکی نەدەکردەوە. هاتن‌و چوون‌و تەلەفۆنیان کردو وەسلیان وەرگرت‌و نووسراویان وەرگرت‌و کۆبوونەوەیان کردو لە نووسینگەی زینداندا ناوە نهیٚنییەکەیان بە ناوە راستەقینەکە گۆڕی. ماموورانی فەرمانداری بەلیٚنیان بە پزیشکی سوپا دا کە ئەگەر فرود لە زینداندا تای لیٚهات‌و گوشاری خویٚنی بەرز بووەوە دووبارە بۆ خەستەخانەی بگەڕیٚننەوە.
"لەوەشە پرسکار بە یەکجارەکی مەرەخەسی بکات".
شڕو شیتالّەکەیان هیٚنا. هیچی نەبوو جگە لە کراس‌و پانتۆلیٚك. سەعاتەکەی نەمابوو. ئەو چەند دە تمەنیەش کە لە گیرفانیا بوو سەگخۆر کرابوو. هەمدیس مەسەلەی کلیلەکە هاتە پیٚشیٚ. خستییە بن تەختە خەوەکەیەوە. خوداحافیزی لە هاوڕیٚکانی کرد، سکرتیٚرەکەی جەنابی سەرهەنگ هەستاو لە هەمیٚزی گرت، دەمی وەپەنا گویٚی فرودەوە ناو بە چپە پیٚی گوت:
"وەکو من نەبی ها، خۆت نەخەیە ئاگرەوە ها، پیاوبە، تۆلەی من بستیٚنە".
فرود لەرزی لیٚهات، چاوانی کەوتنە ریٚشکەوپیٚشکە، لەزگ بوو لەسەر تەختەکەی سەربازە نیوە سووتەکە دابنیشیٚت، دانی بە خۆدا گرت. نە دەکرا دەموچاوی ماچ بکات‌و نە دەستی بگوشیٚت‌و نە بازووی بگریٚت. چاوی بڕییە چاوی‌و بۆ چەند ساتیٚك لیٚی راماو هیچی نەگوت، خەریك بوو لە دەرکەی هۆلەکە وەدەربکەویٚ کە پەرستارە خشیکەکە هات،کلیلەکەی ویٚداو گوتی:
"ئەمە هی تۆیە."
بە تۆی کراسیٚك سەرمای بوو. مانگی ئازەر(٢٢/١١-١٢/٢٢) بوو.
کەلەپچەیان لە دەستی کرد. سواری ئوتومبیٚلیٚکی بارییان کرد، ئەو سەرجۆخەیەی کە ئەوی تەحویل دابوو هات خواحافیزی لیٚبکات. فرود کلیلەکەی خستە مستی ئەوەوە تا توڕی بداتە ناو روباری کەناری شەقامەکە. ئایا ئاو بردی‌و لە سیانی دا نوقم کرد یان هیٚشتا هەر لەویٚندەرە؟
فرودیان بۆ زندانی زرەهی بردو تەسلیم بە گروبان ساغریان کرد. ئەم ساغرە کابرایەك بوو بالاّبەرز، بەداروبار، گەنم رەنگ، رووگرژو مۆن، بە شیٚوەزاری مەمقانیان.. لە دەسالیدا لە

گوندەکەی خۆیان هەڵاتبوو. لە تاراندا لەبەردەستی ئاخوندێکدا کە پاشان بووبوو بە مەحزەردار، خانە شاگردی دەکرد. لەلای ئەو کەمێك خوێندن و نووسین فێر بووبوو. هەموو کارێکی کردبوو. پینەدۆزی، سەرۆپێ فرۆشی، نۆکەری لە ماڵی سەروانێکی سوپایی، جارێکیش بۆ ماوەی چەند رۆژێك کەوتبووە زیندان. پاش تەواوکردنی ماوەی سەربازی خۆی لە سوپادا مابووەوەو ئێستا ئەگەرچی بە رواڵەت هەر گوروبانێکی سادەبوو بەڵام لە زندانی زرەهیدا هەمە کارە بوو ولەوێدا بەبێ ئیزنی ئەو هیچ شتێك نەدەکرا.

کاتێ چاوی بە فرود کەوت هەرهەموو ئەو وێنایانەی کە بە گوێرەی راپۆرو هەواڵ و دەستورەکان لە خەیاڵیا نەخش بووبوو سڕایەوە. بە چ کەسێکی ترسناکیان بەو ناساند بوو؟ مێردەکێکی لە بەردەما وێستا بوو باریك وبنیس کە بە تۆی کراسە خوێناویەکەی و ئێسك و پەراسووە دەرپۆقیو و رەنگە زەردو لێوە شینەکانیەوە لە تۆ وایە چەلیپایەکەو چەند جلە کۆنەیەکیان پێوە هەڵواسیوە.لە هەموو ئەمانە خراتر ئەو بزە بێ تامە بوو کە وەکو پینەیەکی ناشیرین وزەق بە سیمایەوە چەسپی بوو.دەستکردبوو ولێی نەدەهات. کاتێ ئەمری پێکرد: "پێشم کەوە." بە خۆیشی نەیدەزیانی هەنووکە زاندانیان و نیگابانەکانی دی کە پێیان گوترابوو زندانیەکی هاروهاجی ترسناك دێت کە کەس بۆی نیە تەمەشای بکات چ جای ئەوە کە قسەیەکی دەگەڵ بکات، چ دەڵێن. هەڵبەتە گاڵتەی پێدەکەن. بەرەو روو چ کەسێك زاتی نەدەکرد رووبەرووی ئەو قەشمەری بکات بەڵام بێگومان چەند رۆژێك لە پاشملەیان دەگوت وپێدەکەنین.

فرودیان بردە ئینفرادی یەکەم. گروبان ساغر لەبەردەرکەی سالولەکەدا وێستاو سەیرێکی کردو بینی خەریکە لەسەرمانا هەڵدەلەرزێ. تورە بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: "قوت و قەڵەوەکان بۆ خۆ گل دەدەنەوە، لات ولەوێرەکان، مردەلۆکەکان بۆ ئێمە دەنێرن. تەماشای بکە، چنگێ پێست و ئێسقانە یەك تۆزیلکە گۆشتی پێوە نیە." ئەوجا رۆیی ئەمری بە سەرجۆخەکە کرد دوو دانە پەتۆی بداتێ.

فرودنیگایەکی دەوروبەری خۆی کرد. لە هەوەڵەوە دالانێك بوو کە کریدۆرو ڕاڕەویان پێدەگوت. بە دەستە راستدا چەند تاکژوورییەك هەبوو، ئەو شوێنەی کە فرودیان تیا حەپس کرد سالولێکی بچکۆلەی رووت بوو کە بە حەوشەکەوە چەسپا بوو. دوای چەند دەقیقەیەك بۆ ژوورێکی دوورتری ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەیان برد، ئێرە زۆر سارد نەبوو. سەرجۆخەکە پەتۆیەکی دی بۆ هێنا .ئێسقانەکانی هێشتا هەر تەقەتەقیان دەکرد. کەمێك جموجۆڵی کرد، سەیری کرد هێزی نیە. خۆی بە دوو پەتۆکە داپۆشی. تا ماوەیەك جگە لە سەرجۆخەکەو ساغر کەسی تری نەدەبینی. ویستی بۆ ئەدەبخانە بڕوات سەیری کرد دەرکە داخراوە. سەربازێکی دەگەڵ هات، لەبەردەرکە لەسەری وەستا. لەپڕ لەوسەری ڕاڕەوەکەوە سەروسەکوتی ئەندازیار عالی پەیدا بوو: "ئۆه، تەواو کەسیرە بووی؟"

فرود وەڵامی دایەوە:"بە پێچەوانەوە زۆریش باشم."

لەو سەری ڕاڕەوەکەوە هاوڕێیانی دی، زندانیانی سیاسی کە بە زۆری حیزبیەکان بوونو هەندێ تاوانباری ئاساییانیش لە نێودا بوو دەبینران. ئەوانە مۆڵەتو جورئەتیان نەبوو لەو نزیک ببنەوە. هەر یەکێك لەوانە کە بۆ ئاودەست دەچوون دەبوایە بە بەرسالولەکەی ئەودا ڕەتبن.
کاتێ فرودیان بۆ ژوورەکەی گەڕاندەوە بە ئاشکرا خۆشحاڵ دیار بوو. ئیدی تەنیا نەبوو. هێشتا چەند دەقیقەیەك تێنەپەڕی بوو لە کونی دەرگا داخراوەکەوە چاوانێکی ئاشنای بینی کە سەدای پێکەنینی لە چەند سەد سەد شەقاوی ئەوەوە دەگەییە گوێ. ناسییەوە. فرود بیستبووی کە گوایە ئەو هەموو ئیعترافێکی کردووەو ناوی زۆر کەسی داوەو پاشان مەرەخەس بووە. بە هەرحاڵ هێشتا لە زنداندا بوو. هاوڕێیان ناویان نابوو دکتۆر خەندە(پێکەنین). بینی کە بە شەوکڵاوو پیجامەو ڕۆبەوە پێ بە عاردیدا ڕادەکێشێ، لە حاڵو ئەحواڵی پرسی. وای هاتە بەرچاو کە ئەمانە، واتە نموونانی وەك دکتۆرخەندەو ئەندازیار عالی ئازادنو گروبان ساغر نەك هیچی لەگەڵیان نیە، بەڵکو زۆریش لەگەڵیاندا ڕێکەو هەندێ ئازادییان هەیە کە ئەوانی تر لێی بێ بەرین.
سەعاتێك تێنەپەڕی بوو کە ساغر دووبارە سەرێکی سالولەکەی دا:
"تۆ هیچت نیە؟ بە رووتو قووتی هاتویتە دنیا؟"
وێڕای ئەم قسە زبرەش، فرود هەستی دەکرد کە دڵێکی مرۆڤانی لەم بوونەوەرە زلهۆرتە ناقۆڵایەدا هەیەو هەر ئەمەش هەردووکیانی لێکدی نزیك دەکردەوە.
فرود لە وەڵامی پرسیاری گروبانەکەدا،لێوی لەبەریەك هەڵێنانو ددانەکانی دەرخست وەکو ئەوەی بیەوێ پێبکەنێ.ساغریش خەریك بوو پێکەنین دەیگرت.
ڕۆییو دوای چەند دەقیقەیەك چاکەتێکی دەڵبو فلچەیەكو کراسێکی سوپایی بۆ هێناو گوتی:
"بـــــــــــــــرۆ کراســــــــــــــــەکەت بشــــــــــــــــۆ.
بۆ دەستشۆرەکەیان برد. باشە خوێن بە ئاوی رووت پاك دەبێتەوە؟
پێی گوت: "تا کراسەکەت پاك نەشۆری لێرە نایەیتە دەرێ."
و دەرگای دەستشۆرەکەی قفڵ داو ڕۆیی. ئەمەش بۆ فرود بوو بە مەشغەڵەتێك.پەتۆکەی توند لە لاقوله تەری خۆیەوە هاڵاندو هێندەی چنگ‌ودەست لە کراسەکەیەوە نا تا ڕەنگی ڕەشی خوێنە وشکەوە بووەکەی لێ بووەوەو گۆڕا بە شین. کراسەکەی لەبەر کردەوەو سەرجۆخەکە کە لە کونی دەرگاکەوە چاودێری دەکرد، دەرگاکەی کردەوەو بۆ سالولەکەی خۆیی بردەوە. فرود سەیری کرد کە هاوڕێیان سفرەیەکی شاهانەیان بۆ ڕازاندوەتەوەو نیوەڕۆژەیەکی ئەشرافانەیان بۆ هێناوە.
فرود هەموو پاش نیوەڕۆکەی بە بێهۆشی گوزەراندو شەوێکی ئاسودەی بردە سەر، تەنیا جار جارێ سەرما خەبەری دەکردەوە. بەو خەیاڵەی کە جارێکی دی لە ناو هاوڕێیاندایە هەستی بە ئاسودەیی کرد. خەریك بوو دڵنیادەبوو کە ئیدی بێ سەروشوێنی ناکەن.
سارەزی بۆ قاوەڵتی نانوکەرەو مرەباو کێکیان بۆ هێنا. پاشان کاتێ لە ئینفرادیەوە بۆ عمومیان برد زانی کە هاوڕێیان هەرچیان هەبووە پێشکەش بەویان کردووەو بە خۆیان بە جیرەی زندان

قەناعەتیان کردووە. وا بڵاوبووبووەوە کە فرود ئەوەندە بێهێز بووە ئەگەر بە خواردن و دەرمان نە هێنرێتەوە سەرخۆ دەمرێ.
دەمەو ئێوارێ نیگابانەکە گۆڕاو سەربازێکی دی بوو بە ماموری سالولەکەی (ئینفرادی) ئەو. هەر کە هاتە سەرپۆستەکەی خۆی درزێکی خستە دەرگاکەو گوتی:
"موخلیسم. لەمەی پترم لە دەست نایەت. ئەگەر بە دەستی من بوایە، رێم دەدای بچیتە هەوا خۆریش."
فرود وای هاتە بەرچاو کە ئەم سەربازەی لە شوێنێك دیتووە، نەك بە جلی سوپاییەوە. هەر چەندە سەری هێناو سەری برد، نەیدۆزییەوە. لێی پرسی:
"دەڵێی یەکترمان لە شوێنێك دیتووەو یەك دەناسین."
"نا، من تۆ ناناسم. پێیان گوتووم کە تۆ گوللەت بەرکەوتووەو دەبێ زۆر ئاگام لێت بێ."
فرود باوەڕی نەکرد. دڵنیا بوو کە لە شوێنێکدا ئەوی دیتووەو هەنووکە ئەم سەربازە بە مەسڵەحەتی نازانێ خۆی بناسێنێ. هەنگێ سوپاسی کردوگوتی:
"نا، بە تەمای شتی وا نیم لێت."
بە هاتنی ئەم سەربازە وەزعوحاڵەکە گۆڕاو ئەندازیار عالی هاتە ژوورەکەی: "ئارەق دەخۆیتەوە؟ کەواتە هەستە بڕۆین."
لە تەنیشت سالولەکەی فرودەوە، لە حوجرەیەکی دیدا کابرایەکی تورك زمان دادەنیشت. دەیانگوت ئوتومبیل فرۆشی هەبووە. هاوڕێیان پێیان دەگوت باکۆیی، دەیانگوت سەردەستەی کەسانێك بووە کە دەیانویست شا لە ناوبەرن و لە جێی ئەو ئەم پیاوە لەسەر تەخت دابنەن. ئاژاوەچیەکی بەلەنگاز بوو کە رەنگە بەدەم بەدمەستییەوە بەرزەفڕی کردبێ و قسەی لە خۆی گەورەتری کردبێ. هەرهەموو ئەو کەسانەی کە وەکو خەڵکانی یاخی دەگەڵ ئەودا گیرابوون، سێ نەفەر بوون، ئەو سیانە بوون کە لە مەیخانەیەکدا ئارەقی دوو ئاتەشەیان بە سڵامەتی ئەو خواردبووەوە.لەم جۆرە خەڵکانە لە زندانی زرەهی وقزل قەڵا زۆر بوون. ئەندازیار عالی هەندێك لەوانەی بە فرود دەناساندن، کاتێ دەهاتن و بە بەر سالولەکەی ئەودا رەت دەبوون تا بۆ ئاودەست بڕۆن بە گوێرەی ناوەکانیان یان بەپێی ئەو تاوانانەی دابوویانە پاڵیان دەی ناساندن، لەگەڵ هەندێ رووکردنەوەی وەك: لە قسەکردن لەگەڵیا وریا بە، بە پارێزەوە قسەی دەگەڵ بکە. زۆر سەر مەخە سەر ساغر، ئەم یارۆیە هاوڕێیەکی باش بووە بەڵام ئێستا ئەقڵی پارسەنگی دەوێ. ئەوەیان هەموو لەشی جێ داغ و سوزناژنە. ئەو کەچەڵەیان بۆ هەواڵدزی بۆ زندانی زرەهی ناردووە. ئەهرامی بە تەواوەتی ورەی بەرداوەو هیچی بە بەرەوە نەماوە.
بەو زووانە دکتۆر خەندە مەرەخەس دەکەن. یاسا رێی ئیعدامی خەڵکانی لەو تەمەنە نادات. سبەی یا دوو سبەی من لە نێودەبەن. ئێوەی دەستی دووش درەنگ یان زوو پێتان ڕادەگەن و رەهاتان دەگەن، ولەم جۆرە شتانە.
لە ژوورەکەی ئەندازیار عالیدا چەندین سەعات قسەیان کرد. فرود تەنیا یەك پێك ئارەقی خواردەوە، لەزەتی لێ نەبینی، لە دوو پێك پتری پێ نەدەبرا. ئەندازیار عالی ئەو رۆژانەی

بیرکەوتـەوە کـە لـە ویلاتـەدا مایـەوە. بـە سـوعبەتەوە لێـی پرسـی هێشـتاش لـە دایکـت دەترسـی عەرەق بخۆیتەوە؟ ئەوەندەش مفت نیە.من بە سلامەتی تۆ دەخۆمەوە. فرود بەسەرهاتی خۆی بۆ دۆستە دێرینەکەی گێڕایەوەو باسی ئەشقی خۆی بۆ کرد. راوێژی بەو کرد کە چ رێگەیەك دەگەڵ نێرگزدا بگرێتە بەر. ئایا دەکرێ ژنێك چەندین ساڵ بەدەم چاوەڕوانییەوە بێڵێتەوە؟ ئەگەر نا چ بکات؟ نەیدەتوانی دەستبەرداری بێ، زۆری خۆش دەوێ. تا نەگیرابوو باوەڕی نەدەکرد کە ئەشق و ڤیان تا ئەم ڕادەیە دەست و پێ گیربێ.

ئەندازیار عالی هەرگیز ئەم لاوە شۆڕشگێڕەی بەم زەبوونییە نەبینی بوو. بیری لەوە دەکردەوە کە چ ئامۆژگارییەکی کەسێك بکات کە تاقە بستێك لە مەرگەوە دوورە. باشتر وایە جڵەوی بۆ شل بکات قسان بکات تا دڵی خۆی خاڵی بکات.

پەیتا پەیتا پرسیاری لێدەکرد، هەوڵی دەدا گۆشەیەك لە ژیانی تایبەتی ئەو بخاتە بەرتیشکان. نێرگز چ کارەیە؟ لە چ خانەوادەیەکە؟ چ دەکات؟ ئایا لەوەتای ئەم گیراوە ئەو هیچ سۆراخێکی کردووە؟ تەسەوری چ دەکات؟ ئایا هاتنی فەیروز بۆ خەستەخانەی سوپایی نیشانەی خۆشەویستی نێرگز بۆ ئەو بووە یان نیشانەی کونجکاوی رەقیبێك بوو کە ئومێدێکی تازەی لا پەیدا بووبێ. فرود باسی داك و بابی کردو ئەنجام قسە هاتە سەر بەدری کە هەڵوێستێکی دژمنانەی دەربارەی حیزب وەرگرتووە، سەرباری ئەوەی کە بەدڵ برایەکەی خۆش دەوێ، هەرگیز ناتوانرێ باسی حیزب و هەقانیەتی حیزبی دەگەڵدا بکرێ.

"بە مەزەندەی من پەیوەندی دەگەڵ گروپێکدا پەیداکردووە کە خۆشییان بە حیزبدا نایەت"

"لەگینە، وادیارە هەندێ رەوت و بزاڤان بەڕێوەیەو لە حاڵی خۆ رێکخستندایە، کە ئەندامەکانی باوەڕیان بە خەباتی ئاشتیانە نیە. دیارە ئەمانە گروپ ودەستەی جیاوازوپەراگەندەن، وبە هەموو جیاوازیەکی بیروبۆچوونیانەوە لە یەك شتدا یەك دەگرنەوە: واخەیاڵ دەکەن کە ئێران لە ئاستانەی شۆڕشدایەو تەنیا شۆڕشی چەکداری دامودەزگای ستەمکاری پێ لە ناو دەبرێ. ئەمانە حیزبیەکان بە بۆرژوا زەدە ناودەبەن و بەڕاست یان بە هەڵە تاوان وگوناحی ئەم وەزع و حاڵەی ئێستا بە ملی ئێمەدا دەدەن.. بیانووشیان ئەمەیە کە ئەگەر ئێمە لە ٢٨ی مورداداا دەستەو ئەژنۆ دانە نەنیشتبایین ئەم سەرکوتکاریەی ئەمرۆ بەسەر وڵاتا زاڵ نەدەبوو.من چەند هاوڕێیەکی سەر بەم گروپانەم لە زیندانی کاتیدا دیتوون. خەڵکانی وڕەبەرزو باشن. بۆ نەگبەتی بێ تەجروبەن و هەریەکەیان لە ئاوازێ دەخوێنێ:

هەندێکیان مەیلی مارکسیستیان هەیەو خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانن و هەندێکی تریان بە ئوسوڵی ئیسلامییەوە پابەندن و دۆزو مەسەلەکان لە گۆشەنیگای هزری ئاینییەوە شیدەکەنەوە بەڵام هەندێ قسەش بەگەڵ گەنگەشەو شیکردنەوەکانی خۆیان دەخەن کە بە خەیاڵی خۆیان لە هزری مارکسیستی و سوسیالیستیان وەرگرتوون.

فرود پرسی: "گوتت هەندێکیان کوڕی باشن. تۆ بە شێوەیەکی گشتی رات دەربارەی ئەم گروپانە یان بزووتنەوەیە کە لە حاڵی لە دایك بووندایە. چیە؟"

ئەندازیار عالی وەڵامی دایەوە: "راوبۆچوونی من شەرت نیە. بڵێم چی باش یان خراپ ئەگەر مەبەستو مەرامی ئەم گروپانە پراکتیزە بکرێ‌ودەست بە چالاکی چریکی، ویان وەکو دەوڵەتیەکان دەڵێن خەرابکاری یان تیرۆریستی بکەن دەبێ دان بەوەدا بنەم کە کارەکانی ئەوان بە زەرورەت ئەنجامی کارە نیوەچڵەکانو بێ غیرەتیەکانی ئێمەیە.ئێمە هەوڵمان دا ئیعترازو نارەزایی خەڵکی بەرانبەر بە زوڵم‌وملهوڕی‌وگەندەڵی و پیاوکوژی بخەینە سەرسکەی بزووتنەوەیەکی ئاشتی ئامێز، ئێستا ئەوان هەر هەموو ئیمکاناتەکانیان گرتووەتە دەست. کارکەوتووەتە دەستی ئەوان. با ئەم بابەتانە هەڵگرین بۆ دوایی. با باسی نێرگز بکەین. هیچ پەلە مەکە، پێم گوتی ئێوەگەل زۆر ناهێڵنەوە، دڵنیام کە تۆ لە دوو ساڵ پتر حوکم نادەن.وەستاوەتە سەر ئەوەی کە خزمانو کەسوکارت چەند دەستیان دەڕوات. دەزانی کە هوشیاریان بەرداوە. پێت وا نیە کە ئەو خەبـــــــــــــــەری لـــــــــــــــــێ دابیـــــــــــــــــت؟

"باوەڕ ناکەم. نازانم بۆچی وا زوو ئازادیان کرد."

"بە هەرحاڵ بۆچوونی من ئەمەیە کە بەم زووانە دەربارەی نێرگز بڕیار مەدە."

"ئەدی تۆ بۆ ژنەکەت تەلاق دا؟

"من وەکو تۆ نیم، جیاوازم. من لە سەرووی شەست ساڵەوەم. ئەو پەڕەکەی پێنج ساڵێك کەمتر یا زیاتر لە ژیانم ماوە.گرینگ نیە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەمانە پێویستیان بە قوربانیە، من دەکوژن. باشتر با ئەم ژیانە نەنگینە زووتر تەواو ببێ."

"ئەوەندەی من ئاگادارم ژیانی تۆ ئەوەندە نەنگین نیە. نەمبیستووە کە تۆ کەسێکت بەدەستەوە دابێ، نە کەسێكو نە شتێك."

"ژیانی ئێمە نەنگینە. ئەم هەراو هوریایە لەسەر هیچ، ئەم ریسواییەی ئێمە ناومانەتەوە سنووری نیە..."

ئەندازیار عالی پێکی دووەمی هەڵداو فرودیش ئەوەی لە بن پەرداخەکەیدا مابوو هەڵیدا. ئەندازیار هەستا:

"بەسە. لە ئاخرو ئۆخری شەودا ساغر دیسان سەرێك دەداتەوە. ئەگەر ئێمە پێکەوە بدینێ باری من نابات بەڵام بۆ تۆ خراپ دەبێ. بە جۆرێ رەفتار بکە کە دەگەڵتا خراپ نەبێ، پیاوێکی سپڵەو خوێری نیە، بەڵام زوو دەڕەنجێ، ئاگات لە خۆت بێ"، هێشتا لێکدی جودا نەبوو بوونەوە فرود پرسی:

"بە چیا دەڵێی هوشیار خەبەری لە من داوە؟"

"بەوەدا کە دەگەڵ تۆدا گرتیان‌ودوای چەند رۆژێك مەرەخەسیان کرد."

"نا، لەبەر ئەمەیە کە هوشیار خزمانی ئاخوندو مەلایانی کەللە زلی هەن کە لێیان دەترسن."

"سەیرە! خۆیشی نە سەلکی سیر بوو نە قنچکی پیاز، چی لێبکەن، هیچ لە تۆش ناکەن. رەنگە ئەگەر خۆت لە جێبەکەوە هەڵنەدابا تۆشیان بە ساقەسەری ئەو ئازاد کردبا، ئەگەرچی هوشیار یەکێك نەبوو لەو کەسانەی کە لە کۆبوونەوەی راوێژکاریی بەرپرساندا بەشداریان کرد. هەڵبەتە جیاوازی بەینی ئەووتۆ زۆرە."

ئەو شەوە فرود تووشی تەنگە نەفەسی بوو. هەناسەی دەرنەدەچوو، بە تۆبزی دەیتوانی هەناسە بخوات، یەك دووجارێك لە خەستەخانەشدا ئەم حاڵەتەی لێ هابتوو. پێیان گوتبوو هەستێت و دانیشێت و بە قووڵی هەناسە هەڵكێشێت ئیدی تەنگە نەفەسیەكەی دەڕەوێتەوە. هەمان دەستووری ئەنجام دا بەڵام خەوی زڕا، شەوێ تا بەیانی نەخەوت. بەیانی كاتێ ساغر بینی كە دەستی بۆ تاشتەكەی نەردبووە ورەنگی زرەد هەڵگەڕاوە دڵی پێی سووتا، وای خەیاڵ كرد دەترسێت كە بۆ تەحقیقی ببەن. ویستی دڵخۆشی بداتەوە:

"تۆ گیانت لەبەر نیە تا ئازارت بدەن. مەترسە."

هەر كاتێ لە نیوە شەو بە دواوە ئوتومبیلێك بە پشت سەربازخانەكەدا ڕەت دەبوو وای دەزانی هاتوون ئەو بۆ لای پرسكار ببەن. دڵدانەوەكەی ساغریش دادی نەدا. چاوەڕوانی چ بێ؟ بۆچی مدارای حاڵی ئەو بكەن؟ لە دڵی خۆیدا خۆی ئامادە دەكرد كە چ وەڵامێك بداتەوە. هیچ كەسێكی لەوانەی كە هێشتا نەگیرابوون نەدەناسی. بەڵام باشە كێیان گرتبوو؟ كێیان جاسووسی بۆ دەزگای زانیاری دەكات؟ دەبێ خۆی لە گێلی بدات، هیچ چارەیەك نیە. ئەمەش عەمەلی نیە. مەگەر ڕۆژێ ئەندازیار عالی پێی نەگوتبوو گێلییەتی لە سیماو قیافەتی تۆ نایەت، بە خۆڕایی خۆت لە گێلی مەدە. چەندین شەو بەمجۆرە ڕابورد، پاشان بەرە بەرە ڕاهات. خەویشی لێدەكەوت.بەڵام هەمیشە خەوی ترسناك وهەندێجار خەوی خۆشی دەبینی. نێرگزی بە شێوەی جۆراوجۆر دەهاتە خەو. یان بازوكا بە دەست دەركەی زینداكەی دەشكاند یان بە نەشتەری نەشتەرگەری و باڵاپۆشی سپیەوە سینەی ئەوی هەڵدەدڕی. شەوان هاواری دەكرد، بەیانی دكتۆرێكی سوپایی هاتە دیدەنی. فەحسی كرد. زندانیەكان بۆڵەبۆڵیان بوو كە نەخۆشێكی مردەڵەیان بە قەستی كوشت خستووەتە زندانی زرەهی و شەوانە بە نەعرەتەو هاوار خەویان لێ حەرام دەكات. ساغر لە ترسی ئاژاوە نانەوەی زندانیەكان، ورەنگیشە لە رووی دڵسۆزییەوە خەبەری دابوو، وئیدی پزیشكێكی سوپاییان بۆ عیادەتی فرود ناردبوو.هەمووجار پزیشك یارێكیشی دەگەڵ دەهات. پیاوێكی باش بوو، هەم خۆی و هەم یاریدەدرەكەی كە هەرگیز تەمەشای فرودی نەدەكرد،و ئەركی خۆی ئەنجام دەدا. پزیشكەكە ڕۆژی یەك جار سەری دەداو یاریدەدەرەكە ڕۆژی دووجار، بەیانیان دەگەڵ پزیشكەكەداو عەسران بە تەنیا، بە مەبەستی وەگوڕهێنانەوەی فرود، حەبی ئازار شكێنی دەدایە. هەندێجاریش شتێكی لە گیرفانی خۆی دەردێناو لێی دەدا. فرود لەلای پزیشك یارەكە سكاڵای كرد كە بۆ هەواخۆری نابەن. پزیشكەكە دەستوری هەواخۆری داو ئەمە گروبان ساغری لی هاڕوژاند.ڕووی لێ وەرگێڕا. بە تەوسەوە پێی گوت: "بۆچی بە خۆمت نەگوت؟" فرود لە كوێ دەیزانی كە ئەو هەقی هەیە مۆڵەتی هەواخۆری بەزیندانیەك بدات كە هێشتا تەحقیقی دەگەڵ نەكراوە.ئەمجارەیان بە سەلامەتی تێپەڕی، پەیوەندی ئاسایی دەگەڵ خودانی زیندانیدا تێك نەچوو. ڕۆژێ هاوڕێیان دەگەڵ سەربازە نیگابانەكەدا ڕێككەوتن، فرودیان بۆ ژوورەكەی دكتۆر خەندە برد. فرود ئەوی دەناسی بەڵام هەرگیز زاری لە زاری نەگەڕابوو. چونكە بیستبووی كە ئەم ئاغای دكتۆرە لە ژێر ئەشكەنجەدا ئیعتراف كردووەو ئێستا كەسوكارەكەی كەوتوونەتە هەڵەداوان و لە هەموو دەرگایەك دەدەن كە

عەفوی شاهی بۆ وەربگرن.حەزی لێنەدەکرد بەڵام رقیشی لێی نەبوو.زەبوونیو لاوازی ئەم لە رابەرەکانی دی بێتر بوو. زۆربەیان ئیعترافیان کردبوو، یەکێك بەمجۆرەو یەکێکی دی بە جۆرێکی تر. وێڕای هەموو ئەم شتانە حەزی نەدەکرد بە تەنێ لەگەڵ ئەودا لە یەك ژوورا وەمێنێ، پێدەچوو دکتۆر (خەندە) لە یەکەم ساتەوە هەستی بەم ترسو دوو دڵییەی فرود کردبێو یەکسەر پەیوەندی هاوڕێیانەی گۆڕی بە رەفتاری بابایەکی پزیشك لەگەڵ نەخۆشەکەیدا. پێی گوت:

"جلەکانت دابکەنەو لەسەر تەختەکە دانیشە."

هەرکە فرود کراسەکەی لەبەر خۆی داکەند دکتۆر خەندە گوتی:

"ئەوە چیە، تۆ یەکپارچە ئێسقانی. تۆزقاڵە گۆشتێکت پێوە نەماوە."

فرود چیرۆکی پێکرانی خۆی بە دوورودرێژی، بێ هیچ موجامەلەیەکی ئاسایی بۆ گێڕایەوە، و دکتۆر لەسەرسامیا دەمی داچەقی بوو:

"پەحن خۆ ئەگەر دارێك بە سینگی پیاودا بکەنو دیواودەر کونی بکەن دەمرێت."

"ئەرێ دکتۆر. بەلام ئەوەی بە پشتی منیاندا کرد، دارێکی پیس نەبوو، گوللەیەکی گڕداری پاكو خاوێنو تەعقیم کراو بوو".

نەیتوانی جڵەوی پێکەنینی خۆی بگرێو دەنگی پێکەنینی دکتۆریش گەییە ئەو سەری راڕەوەکە.

دکتۆر ئەوەی دەست نیشان کرد کە ئەم نەخۆشە هێشتا چاك نەبووەتەوە. نەخۆشخانە بە خۆڕایی ئیزنیان داوە، هێشتا دەکۆکێت، وشکە کۆکەیەك کە بە دڵی هیچ دکتورێك نیە.

ئەوجا لەسەری رۆیی:

"تۆ بێگومان دەبێ دڵت لەلایەکی ترت بێ، دەنا هیچ ماقول نیە فیشەك بەر سیپەلاك بکەوێو دڵ نەپێکێ."

پزیشکە سوپاییەکەش هەمان شتی گوتبوو، بۆیە ئەشیعەی دڵیان گرتو سەیریان کرد ساغو سەلامەت لە جێی خۆیەتی. هەنگێ مەزەندەی ئەوەیان لێدا کە فرود لە کاتی تەقەکەدا ترساوەو دڵی کرژ بووەتەوە یان شتێکی نا ئاسایی لە بونیادی بەدەنیدا هەیە کە دەمو دەست گیانی بە ئیزراعیل نەداوە.

گروبان ساغری ئەمەی بۆ فرود کردبوو بە کراسەکەی عوسمان وهەمیشە دەیگوت:

"تۆ هیچ شتێکت وەکو هی ئادەمیزاد نیە، دەنا دەبوایە هەنووکە لە ژێرخاکدا بڕزیتایە."

ساغر شتێکی دیکەشی دەستکەوتبوو کە پێی رابوێرێ. فرود بە حوزوری ساغر قسەی دەگەڵ پزیشکە سوپاییەکەدا کردبوو گوتبووی بە گومانە لەوەی کە بە دەمانچە تەقەیان لێ کردبێو کابرای مامور بە چەکێکی دی تەقەی لێکردووە. ئیدی ساغر لەو رۆژەوە هەمیشە لێی نەدەبڕییەوەو دووبارەی دەکردەوە:

"بەڵێ، چونکە دەمانچە نەبوو بۆیە نەمردی، تەنیا گوللەی دەمانچە پێت دەوێرێو دەتکوژێت. باش بوو ئەمەم زانی، خەبەر دەدەم کە بە دەمانچە بتکوژن."

بە کورتی، دکتۆر خەندەو پزیشکە سوپاییەکە ڕێککەوتن، ئەوە بوو هەرکاتێ پزیشکەکە و هاوکارەکەی دەهاتنە عیادەتی فرود، شەربەتی مقەویان لە جانتاکانیان دەردێناو بە دزییەوە دەیاندایەو هەر ئەمەش بووە بایسی ئەوە کە فرود کەمێك بوژایەوەو ڕەنگ‌و رووی هەڵێنایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بێ خەوی شەوانە، دادو فریاد بەدەم خەوەوە، ناڕەزایی زندانیەکان، میهرەبانی پزیشکە سوپاییەکەو بێگومان راپۆرەکانی گروبان ساغریش بوونە هۆی ئەوە کە فرودیان بۆ (بوژانگە) گواستەوە بەو شەرتەی کە قسە دەگەڵ کەسدا نەکات. دیار بوو ئەو کەسەی کە ئەم دەستورە گەوجانەیەی دابوو هەرگیز (بوژانگە)ی نەدیتبوو، دەنا دەستوری وای دەرنەدەکرد. چما دەکرێ دەگەڵ کۆمەڵێکدا بژی‌و قسەیان دەگەڵ نەکەی؟

"بوژانگە" شوێنی پیاوانی بە حورمەتی سیاسی بوو، یەکێك لەوانە سەرهەنگێك بوو کە نەزانرا چۆن دزییەکەی شەقڵی سیاسی وەرگرتبوو. ئێستا سەید هاشمی-یش کە دەیانگوت "خزمەتگوزارە" بە یەکێك لەو پیاوانە دەژمێردرا.(خزمەتگوزار) بەو مانایە بوو کە تاوانبار یان تۆمەتبار لەگەڵ کاری حیزبیدا ماموریەتی دەوڵەتی خۆی ئەنجام دەدا یان دوای دەستگیر کردنی هاوکاری دەگەڵ دەوڵەتدا دەکرد. یەکێکی تریان یەکێك بوو لە سەرۆك خێڵەکان، پیاوێکی بە سیوات، بەماریفەت‌و دەم‌وزار خۆش، ئیدی جوامێرێکی تەواوبوو.

مانگێك تێپەڕی‌و رۆژێك لە رۆژنامەکاندا هەواڵێك بڵاوبووەوە کە پاشماوەی سەرانی حیزبیشیان دەستگیرکردووەو ئیدی کەس نەماوە. ئەمانە دوا ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزین.ناوی فرودیش لە لیستی ئەو ناوانەدا دەبینرا.هەموو دەوریان دابوو:

"ئێمە نەماندەزانی کە تۆ ئەوەندە گەورەی، بۆچی لێت دەشاردینەوە؟"

فرود، حسەینیشی، کە لە ڕێگەی ئەوەوە خەتی سوپایی حیزب کەشف بوو بوو، لەوێدا بینی، لە سوچێکدا کزکۆڵەی کرد بوو وقسەی دەگەڵ هیچ کەسێکدا نەدەکرد. بە ردێنی تاشراووچاوانی بە قوڵاچووەوە دەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد. دەنگی نەدەبیسترا، لێوەکانی دەجوڵان. ئەگەر شتێکی ویستبا بە سەید هاشمی دەگوت‌و ئەو بۆی پەیدا دەکرد. سەید هاشمی وەك ئەوە بوو نەبای دیبێ‌و نە باران، وەکو داری شمشاد قیت‌وقوت ڕێی دەکردو هەمیشە بە دەماخ‌و چالاك بوو، لە تۆ وایە هیچ دەسکەگوڵێکی بە ئاوا نەداوە. هەموو نیگابانەکان گوێڕایەڵیان دەکرد. تەنانەت ئەمری بە ساغریش دەکردو ئەویش بە کەماڵی خوێنساردی بە گوێی دەکرد.

سبەینێ هاتن،فرودیان بردە ناو حەسارو وێنەیان گرت، چاکەتێکی کۆنی لەبەر دابوو، باریك‌و بنێس، لەڕو لاواز، زامەکەی لاملی چڵکی کردبوو، ئیدی قەدوقەڵافاتی لەوە نابودتر پەیدا نەدەبوو. وێنەکەیان دەگەڵ وێنەی دوو کەسی دیدا کە تازە گیرابوون‌و فرود لە گرتنیان بێ ئاگابوو، لە رۆژناماندا بڵاوکردەوە. مەگەر خوا بزانێ چ شتگەلێکیان دابوونە پاڵ: مانگرتن، ئاگر بەردان، تەقاندنەوەی عەماران، رابواردن‌و هەرزەیی‌و بەرەڵڵایی‌و تا حەزبکەی کارێن باوەڕ نەکردەنی.درۆوبوختانەکان هێندە زەق بوون کە تەنانەت ساغریش پێی هەرس نەکرا. هەڵبەتە خەڵکانێکیش هەبوون کە باوەڕیان بەم درۆ شاخدارانە هەبوو، بۆ نموونە سەرهەنگە دزەکە کە لەو رۆژە بە دواوە لە هەر شوێنێکدا فرودی دەبینی رووی وەردەگێڕا.

فرود هێشتا هەر شەوانە خەوی دەزڕا، گینگڵی دەدا، بەڵام ئەو بیرەی لاسڕایەوە کە لەگینە ئەشکەنجەی بدەن. چونکە بە پەلەپیتکەیەك دەمرد.
رۆژێ نووسراوێکیان بۆ هێنا، بە خەتێکی نا ئاشناو بێ ئیمزا، دەگەڵ پەتۆیەکدا، بۆنی خۆشی پەتۆکە ئاشنا بوو، بەم بۆنەدا دەیزانی کە کێ ناردوویەتی. جارێکی دی بوژایەوە، گیانی تێ گەڕا، دڵخۆشی خۆی دەدایەوە. نابێ چۆك دابدا، دەبێ راست ڕاوەستێ، دەبێ بژی. نێرگز هێشتا ماوە، ڤیانی نێرگز گیانبەخشە. پایەداری، پایەداری، و پایەداریو خۆڕاگری. شەو پەتۆکەی بە خۆیدا دەدا، هەمان بۆنی بەسەردا دەهات کە لە بەدەنی گەرموسینگو بەرۆکی پڕ لەزەتی نێرگز دەچۆڕا. چ خۆشیەك؟ چ کەیفێك؟ ئاه، ژیان چەند خۆشە، دووریو ویساڵ جمك بوون. کاتێ پەتۆکەی توند لە خۆوە دەپێچا هەستی دەکرد یارە نازەنینەکەی لە هەمێز گرتووە، ئەمە هەر لەزەتێکی بەدەنی رەوتەنی نەبوو، لە زەتێکی مەعنەوی بەردەوام بوو.
نیشانەیەك لە نێرگزەوە ئومێدی ژیانی لادروست کرد. هەق بە ئەندازیار عالی بوو. هەر نەبێ چەند کراسێکی لەو زیاتر کۆن کردووە. دنیای زایاتر دیتووەو ئەزموونی زیاترە. نابێ کۆڵ بدا، نابێ نەترە بەربدات. بیەوێ ونەیەوێ هەر بەر دەبێ. دوو ساڵ یان پێنج ساڵ، ئیدی زیاتر یا کەمتر.
هوشیاریشیان ئازاد کرد. چ جیاوازیەك لە بەینی ئەووهوشیاردایە؟ ئاخر چ گوناحێکی دەدەنە پاڵ؟ چی کردووە؟ دزی کردووە؟ پیاوی کوشتووە؟ بوختانی بۆ کەسێك کردووە؟ ئەو وتارانەی کە نووسیوونی هەمووی بە بەڵگەوەیە. جنێوی بە کەس نەداوە، شیعرەکانی، نیشانەی دڵسۆزیوهەقانیەتی ئەوە...
لە پڕ زنجیرەی بیرەکانی پچڕا. سەیری کرد خەریکە بێ مانا دەبێ.چما لەسەر ئەم جۆرە تاوانانە کەس دەخەنە زندانەوە. ئەم پەتۆ بۆنخۆشە فرودی پیس گۆڕی بوو، بووبوو بە کەسێکی دی.
مەیلی سوعبەتی بوژایەوە، هەنووکە دەیویست بەخۆی ڕابوێرێ، خۆی بخەڵەتێنێ. پەتۆکەی بە کۆڵیا دەداو رێیدەکرد. بە بێداری خەونی دەبینی، لە خەویا وێنەو دیمەنانی جۆراوجۆری دەبینی، بە تەنێ لە سوچێکا رۆدەنیشت، یان لە حەسارەکەدا پیاسەی دەکردو جگە لە نێرگز هیچی تری نەدەبینی. نازونیونازو عیشوەو غەمزەی ئەو شادیو خۆشی دەهێنا. دەیتوانی چاوانی بنوقێنێو لەزەت ببینێ. گرژیو مۆنیو زبری نیگابانەکانش کاریان تێنەدەکرد. ئەگەر کەسێك بەدخوویەکی کردبا بەدەمیەوە دەگرژیەوە، پێدەکەنی، نەك بەو مەبەستەی تووڕەیان بکات بەڵکو بەو نیازەی هێوریان بکاتەوە. هەموو نیگابانەکانیش سڵیان لێدەکردەوە، بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە کە دووجار گوللەی بەرکەوتووەو نەمردووە. بگرە رێزیان دەگرتو نازیان دەکێشا.
ئەو زەمانەی کە نیگابانانی بوغزنیان بە نیازی ئەزێتو ئازاردانی زندانیانی سیاسی بۆ زندانی زرەهی دەنارد بەسەر چووبوو. ئێستا ئەو رۆژگارە بوو کە لەم زندانەدا خەڵکیان بە ورچەکۆڵە دەترساند، بە تایبەتی ژنان. جا هێندەیان داستانان لەمەڕ ئەم ورچە گێڕابووەوە بە جارێ وەکو ریسوایی لە دەرێولە ناوەوە دەنگی دابووەوە، بۆیە ناچار کوشتیان.

نیگابانی تازە سەربازی ئاسایی بوون و ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام دەدا. هەمیشە ئاگاداری ئەوە بوون کە لە زندانەکەدا هیچ هەراوئاژاوەیەك روو نەدات ودزە نەکاتە دەرێ.
ئەم پەتۆ بۆن خۆشە بوو بە تویشوی سەفەری فرود. دوای چەند رۆژێك خۆشی وشادیەکی دیکەشی وەنسیب بوو.
گروبانێکی کەلەڕەقی هێڕ خەبەری بۆ هێنا کە دایکی هاتووە:
"تەنیا پێنج دەقیقە، سەلام و عەلەیك و تەواو!"
فرودیان بۆ لای دایکی، بۆ بەردەرگا برد. مەڵێ حاجیە خانم بڵێ شێرەژن. بە دەنگی بەرز دەحکەی دەگەڵ سەربازە نێزە بەدەستەکە دەکرد: کوڕەکەی رەشیدە، لەحەپس ناترسێت، شێر باکی بە زنجیر نیە. پێت وایە بەو ئاسانیە بۆ ئێرە هاتووم. هەرچیم زانیوە بە سەرکردەکەتانم گوت: وادەزانی لە حەپس و داغ و سوزناژن دەترسم؟ کوڕەکەتان گرتووم خۆیشم بگرن.
هەرکە چاوی بە فرود کەوت لە دووری حەوت هەشت هەنگاوییەوە خۆی بەرەو پیری هەڵدا، فرود لە ئاسمان دایکی گرتەوە، دەنا مەعلوم تەختی عاردی بووبوو. لە هەمێزی گرت لێوەکانی توند نوقاند بوون تا روندك لە چاوانی نەڕژێ و لەبەردەم ئەو سەربازەدا کە ئەوەندە بە سەریا فشی بوو زەبوونی نەنوێنێ. لێکدالێکدا دەیپرسی: چ کەم و کوڕییەکی هەیە؟ چی گەرەکە بۆی بنێرێ؟ فراقین و شیوی باشە، کوڕم بە جارێ بووی بە داسك ودەرزی، هەر پێست و ئێسقانی رووتی.
ئەو گروبانەی کە ئەوی هێنابوو، دەگەڵ سەربازە نێزە بە دەستەکەی بەردەرگادا ڕازی قسەی دامەزراندبوو. مۆڵەتی پێنج دەقیقەکەی لە بیرچووەوە. دایك وکوڕی بە حاڵی خۆیانەوە هێلا. دایکە دەنگوباسی ماڵ خۆیانی بۆ دەگێڕایەوە.
خوشکەکەی هەواڵی دەستگیری فرودی لە ڕادیووە ژنەوتبوو، بەڵام بە و وبە حاجی ئاغای نەگوتبوو. ئەو فەقیانەش کە دەچوونە جەم حاجی ئاغا شتاقیان باسیان نەکردبوو تا وێنەکەی لە رۆژنامەدا بڵاوبووەوە. فەیروز دانی بەوەدا نا کە بە خۆی فرودی دیتووەو لە خەتر خەلەسیوەو هیچی مەترسیەك لە ئارادا نیە. ئیمام جومعە هاتە دیدەنی حاجی ئاغاو خەبەری سەلامەتی تۆی دایە. بە کۆمەکی ئیمام جومعە توانی بوویان بێنە دیدەنی ئەو. نێرگز لەبەر دەرگای سەربازخانەکە وێستاوە، نەیانهێشت بێتە ژوورەوە. بە ئەسپایی شووشە گوڵاوێکی بچووکی لە بن کراسەکەیەوە لە بەرۆکی دەرهێنا. نێرگز سڵاوی هەبوو. خوشکەکانی باشن، مونیرە دووگیانە. بەدری بە گوێی هیچ کەسێك ناکات. ئەوەی لە بیروخەیاڵیا نەبێ شووکردنە. چووەتەوە سەر برایەکەی دایمە سەری لە نێو کتێب و کاغەزانە. هاتووچۆی کەسانێك دەکات کە بە دڵی ئێمە نین. بابی نازداری کردووە. بەدری دیسان پێی فەیروزی بۆ ماڵی ئاغا موعەلیم کردووەتەوە. دێتە ماڵی ئێمەش، ئێمە مەمنونی ئەوین چونکە هەمیشە خەبەرێکی تۆمان– نازانم لە کوێی بوو– بۆ دێنێ. هەندێجار نێرگزیش دەبینێ. نیگەرانی بەدریشە. دەترسێت بە هەمان رێگای برایەکەیدا بڕوات. ئەمەش ئاخرو ئاقیبەتی ئێمە.

هەر گوتی وگوتی. گروبانەکە یەك دووجار ئاوڕی دایەوەو بە نیگایەکی پاڕانەوە ئامێز تەمەشای کردن، فرود تەمەشایەکی سەعاتەکەی دایکی کرد، نیو سەعاتێك بوری بوو. ماچی کردودوعا خوازی لێکرد:

سلاوم بە نێرگز بگەیەنە."

چوارده هەیڤ و هەندێك بەسەر گرتنەکەی فرودا رۆیی بوو وهێشتا تەحقیقیان دەگەڵ نەکردبوو. وادیارە راسپاردەی ئیمام جومعە بۆ دانی دیدار بەو،فەرماندارى سوپایی لەمکارە وەئاگا هێنایەوە.بەڵام بەر لە ئەنجامدانی تەحقیقەکە رێکەوتێ هاتە پێشێ کە کەس تەسەوری نەدەکرد. سەرتیپێك هاتبوو کە بە خەیاڵی خۆی ورەی زندانیان تاقی بکاتەوە. سەرگورد سەرۆکی زندانیشی،کە کەمتر دەردەکەوت، لەگەڵدا بوو. سەرتیپ لە چەند نەفەرێکی رێکی پرسی بوو: پەشیمانی؟ هەریەکەو بە جۆرێ وەڵامی نەرێی دابووەوە: یەکێك وەڵامی دابووەوە پەشیمانم لەو کارەی کە نەمکردووە. دووەم گوتبووی خەریکە بیری لێدەکەمەوە. سێیەم کە فرود بوو هەوەڵجار ویستبووی بڵێ تۆ هەقت چیە؟ پاشان بیری کردبووەوە چ پێویستە لە خۆیی بهاڕوژێنی؟ تەنیا بەسەر ئاماژەیەکی کرد بوو کە نە ء. کە لە نەفەری چوارەم دەپرسێت ئەدی تۆ؟ وەڵامی دایەوە "نازانم" ئیدی بە جارێ دەهری بوو وهاواری کرد یەکێك نیە پەشیمان بووبێتەوە. پیرەمێرێکی شۆخیبازی شورای مەرکەزی دەستی هەڵبڕی و گوتی: من. سەرتیپ هاتەوە سەرخۆ،خۆشحاڵ بوو:

"بەس نیە یەکێکی بە شەرەفتان تیایە"وئەوجا رووی کردە فرودو گوتی: "نەك وەکو ئەم ئەحمەقە."

ئەو کەسەی کە لە لای فرودەوە وێستا بوو بە ئەسپایی بە گوێیدا چپاند:

"نامەرد ناوی تۆ لە کوێ دەزانی؟"

سەرتیپەکە لە کابرای شورایی شۆخیبازی پرسی:

"تۆ چ کارە بووی؟"

"شوفێرم."

"چیت کردووە."

"پەشیمانم."

"لە چی؟"

"نازانم بەڵام پەشیمانم."

گوتنی ئەم قسەیەو رێژنەی پێکەنینی خەڵکەکە یەکێ بوو.سەرگورد سەرۆکی زیندان توڕەبوو. نەیدەزانی لە داخا چبکات. سەرتیپ خراپ توڕە بوو. بە دەم خوتەو بۆڵەوە گەڕایەوەو قوچاندی. گوتیان فەرماندارى سوپایی لەسەر ئەم گۆساخیەی زندانیەکان فرە توڕە بووەو دیسان سەختگیری و توندوتیژی دەست پێدەکاتەوە.دوو سێ رۆژ دوای ئەم رووداوە سەرهەنگ وەجاهەت فرودی بانگکرد.ئیدی ئاگاداری هەموو شتێکی بوو.

وەجاهەت پیاوێکی توندە تەبیعەت بوو، ئەم توندیە لە هەموو شتێکیدا رەنگی دەدایەوە، لە جوڵەی لۆچەکانی تەوێڵیدا، لە گۆناکانیا، لە لێوی ژێرینیدا، ولە چاوەکانیا کە هەمیشە زیتە زیتیان بوو.بۆ دەمێك تویتکەی نەدەگرت. لەسەر کورسیەکەی دادەنیشت،هەڵدەستا. لاقی لەسەر تەپڵەکێك دادەناو بەو قوڵەدارەی کە بە دەستیەوە بوو هەندێجار دەیکێشا بە کورسیەکەیداو هەندێجار بەسەر ئەژنۆی خۆیدا. ئەوجا لەسەر مێزەکە دادەنیشت. ئەژنۆیەکی بە هەردوو دەستان توند لە باوەش دەگرت وهەنگێ بە قامکەکانی داردەستەکەی هەڵدەسوڕاند. وێڕای ئەمەش هەوڵیدەدا بە هێمنی قسان بکات. پرسیارەکانی بە زۆری ورد بوون مەگەر کاتێ خوێن بەرچاوی بگرتبایە قسەی پەرت وبلاوی بکردایە.

لە فرودی گەیاندبوو کە هاودۆزەکانی هەموو شتێکیان گوتووە. هاوکاریان دەگەڵ کێ هەبووە، چۆن دەگەڵ پاشماوەی تۆڕوخەتەکاندا پەیوەندیان کردبووەوە، چۆن چاپخانەکەیان ئامادە کردبوو، لە کام فرۆشگا کڕی بوویان، تەنانەت بە نیاز بوون چ کەسانێك بۆ هەندەران ڤڕێ بکەن تا پەیوەندی دەگەڵ دەزگای رابەرایەتیدا بگرن. یەك مانگی رەبەق هاوکارانی فرودیان لە سیا چاڵاندا پەستاوتبوو وهەڕەشەی مەرگیان لێکردبوون، ئەشکەنجەیان دابوون، بە بەرچاویانەوە سووکایەتیان بە ژنەکانیان کردبوو، وخۆلاسە هیچ شتێك نەبوو کە فەرماندەیی سوپایی نەیزانن.

کاتێ فرود لە ژووری ئەفسەری نیگابانیدا برایە بەردەم سەرهەنگ وەجاهەت کوڕە دە ساڵانەکەشی لەوێ بوو. بۆ ترساندن قوڵە دارەکەی بە مێزو کورسیەکەیدا دەکێشا. چەندین جار دۆسیەیەکی کردەوەو پەڕەکانی هەڵدایەوە، پێدەکەنی، دەستی بە هەنیەیدا دێنا، نیگایەکی کوڕەکەی دەکرد، بزەیەکی دەکرد.

فرود لە بیری ئەوەدا بوو کە بۆچی کوڕەکەی دەگەڵ خۆیدا هێناوە، لە هۆی ئەمە دەگەڕا. لەگینە هێنانی کوڕەکەی بۆ هێورکردنەوەی ئەعسابی خۆ بووبێ تا زیاد هەڵنەچێت و ئەم سیسەڵە مردەڵە زەردوڵەیە نەکوژێت. جارێك دەستی دکتۆر خەندەی بە کورسیەکەوە شکاند بوو وهەموو دنیا پێیان زانی بوو. فرود ترسی لێنیشت. کۆکە گرتی، کۆکەیەکی وشك، وای هاتە بەرچاو کە سەرهەنگو وەجاهەت بە خۆیشی دەترسێت، لەبەر ئەمە کوڕە دە ساڵانەکەی هێناوە. ترس پیاو بەرەو کاری خراپ دەبات.

سەرهەنگ چەند جارێك گەرووسینەی ساف کرد، لە جێی خۆی هەستا، هات لە بەرانبەر فرودا وەستا.چاوی بڕیە چاوی ئەوودەستی بە قسەی قۆڕ کرد. خاینان، وەتەنفرۆشان دژمنی دین و وەلات. ئیدی تەشەر لە دووی تەشەر، هەڕەشەوگوڕەشە. کوڕەکەی هێشتا روو لە پەنجەرەکەو پشت لە بابی و زیندانیەکە وەستابوو. سەرهەنگ دووبارە چووەوە سەر دۆسیەکە.

"هەموو شتێك لێرەدا هەیە. تۆ تەنیا ئەوەندەت لەسەرە قسەکانی ئەوانی دی تەسدیق بکەی."

هەڵوەستەیەکی کرد. ئەمە فرودی خستە بیرکردنەوەو تێفکرینەوە، ئەندازیار عالی پێی گوتبوو: ئەگەر راست بێ کە دایکت بە ڕاسپێری ئیمام جومعە بۆ دیدەنیت هاتبێ مدارایەکی زۆرت دەکەن. ئاگات لە خۆ بێ. مقاوەمەت بکەو دان بە خۆتا بگرە. فرود دڵی خۆش بوو. دەڵێن خنکاو

پەلاماری پوشیش دەدات.ناشێت دەستپارێزی ئەم زاڵمەش لە سۆنگەی دەخالەتی ئیمام جومعەوە بێ. هەر بۆیەش کوڕەکەی دەگەڵ خۆیدا هێناوە.
سەرهەنگ وەجاهەت دەستی پێکرد:
"خۆت ماندوو مەکە. ئێمە هەموو شتێك دەزانین. هاوڕێکانت دانیان بە هەموو شتێکدا ناوە. هەموو شتێکیان بە نووسین نوسیووە. ئەهرامی وەکو بولبول لە چەهچەهەی داوە. تەنیا تەسدیقی قسەکانی وانمان لە تۆ دەوێ. ئەوەی راستی بێ تەنیا بۆ داخستنی دۆسیەکەتە. تۆ دەبێ شەرحی ئەو شەبەکەیەی کە بەڕێوەت دەبرد بنووسێت. وەرە."
"من هیچ شەبەکەیەکم نەبوو."
بە جارێ دەهری بوو، ئیمانی لە کەللەدا نەما. با تۆمەکەی(دارەقوڵە) هەڵبڕی کە بەسەری فرودیا بکێشێت. کوڕەکەی ئاوڕی لای ئەوانی دایەوە، ترسا بوو. سەرهەنگ بە ئەسپایی دارەقوڵەکەی هێنایەوە خوارێ. گروبان ساغری، کە لە پشت دەرگاکەوە وەستابوو نارد بە دوای زندانیەکدا. دووبارە دانیشتەوەو کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دۆسیەکە. یەکێك وەژوورکەوت کە فرود نەیدەناسی.
سەرهەنگ لێی پرسی:
"ئەمە شەبەکەی نەبووە؟"
زندانیەکە گوتی: "روونی دەکەمەوە."
"روونکردنەوەی چی؟ ئەم دایك... حەواسی زۆر پەرتە، وڕێنە دەکات، بڕۆ بیری خۆت بکەوە، ئەگەر گیانی خۆت خۆش دەوێ یان ناتەوێ ئێسكو پروسکە رزیوەکەت لێرە ببەنە دەرێ بڕیاری خۆت بدە.
فرود بۆی دەرکەوت کە جگە لە دەست شکاندن، شەلاقو تێلاکێشان بە دەموچاوی خەڵکیدا چ کارێکی تری لە دەست نایەت.
فرودیان گەڕاندەوە، ساغر لە رێگەدا هەستیکرد کە خەریکە دەتلیسێتەوە. ژێر باڵی گرت. کاتێ چووە زیندانەکەوە هەناسەی لەبەر نەمابوو، هەموو بەسەریا رژان. وایانزانی دیسان سەرهەنگ سەرودەستانی شکاندووە. سەید هاشمی لە هەمووان زووتر گەییە دیار فرود. هەستیکرد هیچی نیەو تەنیا تۆزێ بوراوەتەوە.
ئەم سەید هاشمییە هەندێ کاری دەکرد کە پیاو نەیدەزانی مەبەستی چیە. ئایا بەڕاستی دڵی بە حاڵی هاوڕێ حیزبیەکەی دەسووتا یان دەیویست یەکسەر خەبەر بە سەر گەورەکانی خۆی، بەسەرهەنگ وەجاهەت یان کەسێکی دی بدات کە هیچ شتێك نەقەوماوە، زیندانیە ئەشکەنجە دراوەکە لە دەستو پێیان نەکەوتووەو مەرگ چاوەڕوانی نیە.
هەموو لە یەکتریان دەپرسی کە ئەم سەید هاشمییە چ قوماشێکە. جیاوازی زۆر بوو لە گەڵ حوسەینیدا کە دوو دانە هەفتە لەبەر هەموو جۆرە ئەشکەنجەو گوشارێکدا خۆی گرتو پاشان بەو ئومێدەی لەو ماوەیەدا (رابەرایەتی) بەڵگەنامەو قەواڵەکانی رێکخراوی سوپاییان بۆ

شوێنێکی تر گواستبێتەوە هەندێ ئیعترافاتی کردبوو..سەید هاشمی کە مێشی میوان نەبوو و لە حیزبەوە بیگرە تا رێکخراوی سوپایی و رێکخراوی لاوان، گاڵتەی بە هەر هەمووی دەکرد.
بەڕاستیش دوای خواردنی چەند دڵۆپە دەرمانێك و چەند سەعاتێك ئیسراحەت، کاتێ دکتۆر خەندە نەبزی فرودی گرت، هەمووانی دڵنیا کرد کە هیچی نیە.
رووداوەکەی سەرتیپ روانکاو بە خێر گەڕا. سەید هاشمی لە هەموو جێیەك گوتبووی ئەگەر لە قزڵ قەڵا دەبوون بەم وشکییە دەرباز نەدەبوون. لەوێ بایەکی تری دەهات. هەمووان دەبوا ریز بن: ئێمە پەشیمانین، ئێمە پەشیمانین و دوعای خێر بۆ گیانی باوکی تاجدار بکەن کە عومری دووبارەی پێ کەرەم کردوونەتەوە.
دەربارەی پرس و جۆیەکەی لەمەڕ فرود سەید گوتبووی:
"تەنیا حەزی کردووە بزانێ تۆ چ جانەوەرێکی دەنا جەنابی سەرهەنگ تەنیا دەگەڵ (ڕابەران)دا پرس و جۆ دەکات نەك دەگەڵ دەستی دوو وسێیەکاندا.
بەڵام مەسەلەکە لە ڕاستیدا ئەمە بوو کە فەرمانداری سوپایی دەبوایە دوکانەکەی بپێچێتەوەو هەموو کاروبارێکی تاوانباران و تۆمەتبارانی سیاسی بە دەزگای ئاسایش بسپێردرێت.
رۆژی دوایی، کۆتایی عومری حوکمڕانی فەرمانداری سوپایی بوو. کابرایەکیان بە نێوی "هنگامی" کرد بە بەرپرسی پرسوجۆ دەگەڵ فرودا. ئەمە هەمان ئەو کەسە بوو کە چاپخانەکەی حیزبی کەشف کردبوو.ئەم بۆرە پیاوە بابایەکی دەرەجەداربوو، لە بری ئەو خزمەتەی،واتە کەشفکردنی چاپخانەکە، کردبوویان بە ئەفسەرو لەو زەمانەدا پلەی سەروانی هەبوو. لەگەڵ ئەمەشا هێشتا لە قاڵبی دەرەجەداری دەرنەچوو بوو وجنێوی سەر بە کۆلکەی دەدا. بەلای ئەوەوە هەواڵە کردنی کێر بۆ قوزی داك وخوشك ئاو خواردنەوە بوو.
لە بەیانیەوە تا سەعات دەی شەو فرودی خستە ژێر تەحقیق وپرسوجۆوە، زاتی نەبوو دەست بۆ کوتەك ببات چونکە فرود هەرچەندە کەمێك بوژابووەوەو رەنگ و روویەکی هەڵێنا بووەوە، بەڵام بەرگەی مشتو شەق و شەلاق خواردنی نەدەگرت چ جای ئەشکەنجە کە هەر نەدەکرا ناویشی ببرێ. هەنگامی کاتێ کە نەیدەتوانی بە پرسیار حەریفەکەی تەنگەتاوبکات، جنێوی دەدا، جنێوی تا بڵێی سووك وبازاڕی. فرود هەموو شتێکی بە شۆخی و گاڵتە دەگرت. هەندێجار نەسیحەتیشی دەکرد:
"جەنابی سەروان، ئەم قسانە لە شان وشەوکەتی تۆ ناوەشێتەوە"
"تۆ زۆر چاوقایمی ها، بەڵام خەیاڵت تەخت بێ، وردوخاشت دەکەم. بابت پێ نیشان دەدەم. من گەورە گەورەکانتانم پان وپلیش کردەوە، تۆ بە تڕی ئەوانیش نابی".
جارێکی دی ئەهرامی بە رووا دایەوە:
"وەکو بولبول دەیخوێند. هەرچییەکی لە دڵ و دەروونا بوو هەڵیرشتە دەرێ."
ئیدی سووکایەتی و قسەی بێ سەروبەر گرینگ نەبوو وزۆر بە هەندی نەدەگرت. دەیزانی هەموو شتێك گوتراوە. بەڕاستیش هیچ نهێنییەك نەما بوو، هەموو ئیعترافیان کردبوو، تول وتەفسیلی هەموو کارەکانیان لە بەردەستدابوو. هاوڕێیان شتی وایان گوتبوو کە نەك فرود ،روحی فرودیش

لێی بێ خەبەر بوو. دەزگا تەنانەت لە پەیوەندییە نهێنییەکان دەگەڵ حیزبانی دیکەشدا ئاگادار بوو. هەرئەندامێکی (ڕابەرایەتی) خەتای دەخستە ئەستۆی ئەندامێکی تر. هەڵبەتە نەیان دەتوانی لەمجۆرە زانیاریانە لە فرود بە دەست بێنن. دوایی دەرکەوت ئەوەی هاوڕێیان دەربارەی چالاکیەکانی فرودیان نووسی بوو. لە یازدە بەرپەڕاندا کۆکراوەتەوە.

ئەوسا فرود سەربهوردی ژیانی خۆی لەوساوە کە لە ناوەندی دەرچوو ولە چالاکیە سیاسیەکانی دوای شەهریوەردا(٢٢/٨-٢٢/٩) بەشداری کرد تا کاتی گرتنەکەی نووسی. لە پێنج شەش لاپەڕەیەك پتر دەرنەچوو، لەبەر رۆشنایی ئەو نووسینەدا پرسیار دەستی پێکرد. لە هەر شوێنێکدا شتێکی نامەفهوم بۆ سەروان دەهاتە پێشێ، پرسیار بارانی دەکرد. ئەگەر وەڵامەکە دەگەڵ پرسیارەکەدا تێکی نەکردباوە، بە جوێن و قسەی ناشیرین قەرەبوو دەکرایەوە. ئەم پرسوجۆیە لە سەعات هەشتی بەیانیەوە تا دەی شەو درێژەی کێشا. دوو سێ چەل کۆڵەمستی گوشی کە دەم و کاژێرەی وردوخاش بکات بەڵام جڵەوی خۆی دەگرت، هەموو هاوڕێیان دەیانگوت کە مدارای کردوویت دەبێ لە چاوی ساغری بزانی و هەڵبەتە راسپاردەکەی ئیمام جومعەش دەوری هەبووە.

هەمان ڕۆژ ڕۆڵی فەرماندەیی فەرمانداری سوپایی کۆتایی هات و لە ڕۆژی دواترەوە کاروباری زندانیانی زرەهی و زندانەکانی دیکە بە دامودەزگای ئەمن سپێردرا.

ژیانی فرود لەمە بەدواوە ئەوەندەی بۆ زینداینیەکی سیاسی لە وڵاتێکا کە زۆر وزێڕ حوکمڕانە بلوێ، رەوتێکی ئاسایی وەرگرت. تێکڕا نزیکەی هەژدە هەیڤ لە زرەهیدا مایەوە. وەزع و حاڵێکی هەبوو کە تەحەمول دەکرا. هاوڕێیان جیرەی خۆیان وەردەگرت و بەوە خواردنیان بۆ هەمووان لێدەنا. بنیادەم دەگەڵ هەموو شتێکدا ڕادێت: دەگەڵ پیاوەتی و زبری گروبان ساغر، دەگەڵ لێدان و جنێوی سەروان هەنگامی و دەگەڵ دڵڕەقی و بەدخوویی سەرهەنگ وەجاهەت دا. فرود تەنانەت بەوەش راهاتبوو کە قسە دەگەڵ رابەرانی بەزیوو بە جاسووس بوودا بکات، و دەردو ئازارو برسێتی و کێم و زوخاوی زامەکەی بناگوێی تەحەمول بکات.

تەنانەت خەریك بوو لە دەست دانی نێرگزیشی بەلاوە ئاسایی دەبوو. شەوانە هەندێجار کە زەروئاسا خۆی لوول دەدا، بۆنی خۆشی بەدەنی ئەم کیژە دڵڕفێنە سەراپای گرژ دەکرد، جارێ نەبوو کە دەمەو بەیان لە نێوان خەو وبێداریدا جیلوەیەکی شێوەو روخساری ئەم دلبەرەی لەبەرچاو بەرجەستە نەبێ و سەراپای رۆژەکە بە یادی ئەوەوە نەگەیەنێتە شەو.

ژیان لە زیندان، سووکایەتی، عەزابی ویژدان و زام و برین و کێمان پایەدارتر بوو. لە دوای تەحقیق بۆ زیندانی گشتیان گواستەوە. زندانەوانەکان رەفتاری ئاساییان دەگەڵدا دەکرد، ئەویش ناچاربوو بە سازی ئەوان هەڵپەڕێ. لە کارێن گشتیدا، پاککردنەوە، ئاودەست شۆرین، گسکداندا بەشداری بکات و بێ چەندوچوون گوێڕایەڵی وردە فەرمایشتەکانی گروبان و سەرجۆخە بێت.

زندانیەکان بە خۆیان چێشتیان لێدەنا، یارمەتیان لە کەسوکاریان وەردەگرت و جیرەی حکومەتیش تا ڕادەیەك بەشی دەکرد. بە ئەلکول وسپرتۆی سوپا عارەقیان دروست دەکرد،

دەگەڵ ئاڵوباڵو یان ئاوی ئاڵوباڵودا تێکەڵیان دەکرد، گژنیژەیان پێوە دەکرد تا بۆن وبەرامە تیژەکەی بڕوات. جا ئەم ئەلکول وسپرتۆیە ئەم سەرجۆخە یان ئەو گروبان بە قاچاخی دەیان هێنایە ناو زیندان و بە گرانیان دەفرۆشت.

شەوی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٣٦(١٩٥٧) ئاهەنگێکی شایشتەیان بەرپاکرد. هەمووان، هەر چیەکیان هەبوو، هەرچییەك کەسوکار بۆی هێنابوون، هەر هەموویان لەسەر یەك کەڵەکە کردو جەژنێکی تەواویان سازکرد. گروبان ساغریش بە تەواوەتی خۆی بەردا، زندانەکەی بە گروبانێك سپاردو بە خۆی رۆیی، فەرمانی دا کە دەرگا لە کەس نەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر فەرماندەی لەشـــکریش هـــات دەرگـــای لێنەکاتـــەوە، نەیـــەڵێت کـــەس وەژوور بکـــەوێ: "حاڵی بووی چیم گوت؟ ئێرە زندانە. تەنیا بە فەرمانی من دەرگا دەکەیەوە."

ئەوە شەوە زیندانیەکان هەر خۆیان بوون، لە هەزارویەك ئاشیان کردو کۆیان نەکردەوە. پێکەنین، دەمەلاسکەیان کردەوەو دنیایان دایە بەرکلکان. یەکێك لە خۆشیەکانیان ئەوە بوو نمایشێکیان فەراهەم کرد کە لە نمایشەکەدا یەکێك لە شۆڕشگێڕە بەزیوەکانیان ناچارکرد کە ئیعتراف بکات و دان بە ریسوایی و نەنگیەکانی خۆیدا بنێ.

شەش کەس قاییل بوون بە درۆ دان بە گوناهانی خۆدا بنەن و وابنوێنن کە خەبەر بۆ ساغری دەبەن. وایان کرد. هەریەکەو چەند شتێکی درۆو راستیان بە یەکەوە ناو رتووشێکیان کردو حاشایان لەوە نەکرد کە لە رۆژانی تەنگانەدا بۆ وەرگرتنی جیرەی زیاتر هەندێ زانیاریان دەربارەی رەفتاری قەدەغەی زاندانیانی سیاسی بەگوێی ساغری گەیاندووە. یەك دوو نەفەر لەمەشیان تێ پەڕاندو خۆیان بەجاسووسی چەندین ساڵ لەوەپێشی شارەبانی و روکنی دووەم و فەرمانداری سوپایی ناساند. ژینگەی دەستکردی دۆستانە. نەشئەی عارەق وپێکەنین و بەزم و رەزم و بەڵێن و پابەندی هەموو ئەوانەی لە کۆبوونەوەی شەش نەفەری بەشدار بووبوون و سەرباری جاسووسی، ئەمەی دواییان مەجبور کرد ئیعتراف بکات و باسی خۆی بکات و بەڵێن بدات کە چیتر وانەکات. ئەم سوعبەتە سەر بە قوڕی دێنایە پێکەنین، هەر هەموو خەریك بوو لە پێکەنینا دەبورنەوە، وەختێ رۆژی دوایی ئەمە بە ساغر گەییشەتەوە هەر بۆ ڕێ گومکێ هەر شەش نەفەرەکەی دە سیاچاڵ پەستاوت و بە خۆیشی لە شادی و بەزمەکەیاندا بەشداری کرد.

بەمجۆرە جەژنی نەورۆزی ساڵی١٣٣٦ بەرپاکرا. بەڵام خۆشی و ئاسوودەییەکە هەر یەك شەو بوو، ئەویش لە دنیای مەستیدا. زیندانی زرەهی شوێنێك نەبوو کە بنیادەم بتوانێ رۆژی بەلای کەمەوە چەند سەعاتێك، ئەگەر لە خەویشدا بێ، لە ترس و واهیمە بەدوور بێ. بەلای کەمەوە سووکایەتی بەردەوام بوو. پیاو کە دەی بینی ئەندازیار عالی گسك بە دەست خەریکە ئاودەست پاك دەکاتەوە – ئەگەرچی ئەمە بە کارێکی ئاسایی دەژمێردرا– و نیگابانێك بە دیاریەوە قونکە جگەرەکەی فڕێ دەداو بە تەمابوو گسك دەرەکە بگەڕێتەوەو بیماڵێت، نەیدەتوانێ بێ گوێدان وبە خەیاڵی ئاسوودە بەلایا تێپەڕێ.

رۆژگار بەمجۆرە دەبووری،تا رۆژێك ئەهرامیان بۆ هەڤپەڤین لە رادیۆو تەلەفزیۆن بردو لە گەڕانەوەدا نوسخەیەکیان لە کتێبی (رەوتی کۆمونیزم" دابوویە، و دەگەڵ خۆیدا بۆ زیندانی هێنا

بوو. فرود هەرگیز ئەو رۆژە لە بیرناکات، فرود ئەو رۆژەی لەبیر نەکردووە. لە نەوارەکەدا دەقاو دەق وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە:

"مـن، ئاژاوەچـیەتی، خۆهەڵکێشـی، لووتبـەرزی، نەژنـەوی و بـەدخوویی هەنـدێ لـە ڕابـەران و ئەندامانی حیزبم بە تەجروبە بینی بوو. ترس و سستی و بودەڵەیی و پەشۆکان و شپرزە بوون و سەر لێشێوان لەو خەسڵەتە مرۆڤانیانەن کە لەگینە هەرکەسێك بە گوێرەی باری دەروونی و ورەی شەخسی و کۆمەلایەتی خۆی لە وەزع و حاڵێکی تایبەتیدا تووشیان ببێ. بەڵام نزمی وکمی و بێ موبالاتی وخەمساردی لە هەنبەر ناشیرینی و دزێوی و شانازی کردن بە نامەردیەوە ئەمە شتێکە کە مرۆڤ بۆ پایەی حەیوانی دادەبەزێنێ".

ئەهرامی هێشتا کتێبی (ڕەوتی کۆمۆنیزم)ەکەی بە تەواوی دەرنەهێنابوو کە سەید هاشمی پڕی دایەو کتێبەکەی لە دەستی ڕاڕفاندو هیچ گوێی بەوەنەدا کە هەر هەموو بیست، بیست و پێنج نەفەرە حیزبی و غەیرە حیزبیەکان حەز بە خوێندنەوەو یان بەلای کەمەوە تەمەشاکردنی کتێبەکە دەکەن، کتێبەکەی پەڕە بە پەڕە هەڵدەدایەوەو لەسەر هەندێك بەرپەڕان هەڵوەستەی دەکرد و ئەم بەشانەی لە گوتەی کەسانێك کە دەیزانی بەلای هەمووانەوە خۆشە، دەخوێندەوەو لە قاقای پێکەنینی دەدا. ئەم پێکەنینە بێ شەرمانەیە مایەی نەفرەت و بێزاری بوو. گوێی بە جنێوە سووکەکانی هەندێ لە گوێگرانیش نەدەدا. هەندێ بەشی ئیعترافات و بەڵگەو نیشانەکانی زەبوونی ئەهرامی و دکتۆر خەندەی بەدەنگی بەرز دەخوێندەوەو بە ئاشکرا دەیویست لەم ڕێگەیەوە بیسەلمێنێ کە ئەگەر ئەو شاگردی خەڵکانی میناکی سەروان هەنگامی و سەرهەنگ وەجاهەتی قەبوڵ کردووە، نەك هەر کارێکی ناشیرین و دزێوی نەکردووە، بەڵکو پێی سەربەرزیشە. ئیدی هیچ کەسێك گومانی لەلا نەما کە ئەم کتێبەو کتێبێکی دیکەی لەو جۆرە لەلایەن ئەوو هاوڕێکانیەوە نووسراوە. تەنانەت ئەزبەری بوو کە ئەهرامی لەکام لاپەڕەدا نهێنی درکاندووە. ودکتۆر خەندە لە چ لاپەڕەیەکدا کەوتووەتە بەرگری لە خۆی. گوتەکانی ئەندازیار عالی بەلای فرودەوە یەجگار جوان بوون. هەمووی لە دوو لاپەڕە زیاتر نەدەبوو، ولە هەموو شوێنێکدا بەرگری لە کارەکانی حیزب کردبوو، کەچی چەندین لاپەڕەیان بۆ ئەهرامی ودکتۆر خەندە تەرخان کردبوو. ئەمیان لە هەر شوێنێکدا توانی بووی خۆی دزی بووەوەو ئەویان کاری گەیاندبووە ئاستێك کە ئیدی مایەی شەرمەزاری بوو. فرود بە رادەیەك لەم ئیعترافاتە پەست و ناڕەحەت بوو کە نەیتوانی جڵەوی خۆی بگرێ‌وپێی نەڵێ: "کارێکی خراپت کرد، بۆچی خەڵکانی ترت تووش کرد؟ باشە، گریمان حیزبێکی هاوباوەڕ کۆمەك و هاوکارییەکی دەگەڵ ئێوەدا کرد بێ، هەقە کەسێکی وەکو تۆ بێت ئەم نهێنییە لە قاوبدات، کەشف بکات؟" چ پەرسڤێکی پێ بوو؟ جگە لەمەی بڵێ بە خۆیان هەموو شتێکیان دەزانی. خەلەج، دانی بەمانەدا نابوو. فرود شەوانە لە تەنیشت ئەوەوە دەنووست. دۆشەکێکی پانی هەبوو جێی دوو نەفەری دەگرت. هەوای ژێردار چنارەکە گەرم بوو. فرود خەوی لێنەدەکەوت هەر تاوە نا تاوێ نیگەرانیەکی ویژدانی بەرۆکی دەگرت، رەگی ئەم عەزاب و نیگەرانیە بتەوێ و نەتەوێ دەچووەوە

سەر نێرگز. جا ئێستا کە کار گەییوەتە ئێرە بۆچی دەبێ چەندین ساڵ لەم زیندانەدا بمێنێتەوە؟
گریمان کە ئەو، فرودی کوڕی حاجی عەلی ئەسغەری واعیزو حاجیەخانم، لە ڕای شۆرەتو پایەدا ئەمەی کردووە. نا، فرود ئەمەی قبوڵ نەبوو. ئەگەر شتەکە هەر شۆرەتو پایەخوازی بوایە زۆر ڕێگەی تر بۆ گەییشتن بەم ئامانجە هەبوو. بەکالۆریسی ماف، کار لە دادگا، ئیشکەری، بەهرەی شیعری، قەڵەمی ڕەوانوهەزار هونەری دیکەی هەبوو ودەیتوانی بە نەردەوانی تەرەقیدا سەر بکەوێ. بۆچی دەبێ لە کوختان،لە تەویلاندا بژی، گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوەو شەوان، وەکو منداڵان، بە تەنیا لە نێو جێگاکەیدا هۆن هۆن بگری؟ نا، مەسەلەکە هەر خۆویستی و شۆرەتو پایەخوازی نەبوو. بۆچی نەیدەزانی کە لە حیزبدا نە نوقوڵ دەبەشنەوەو نە ڕۆن ڕژاوە؟ ئێستا ئەو تاوانی کردووە، بە قسەی سەروان هەنگامی وسەرهەنگ وەجاهەت تاوانی کردووە، خەتای کردووە، ئیدی تەخسیری نێرگز چیە؟ هیچ چارێك نیە، هیچ مەفەرێك نیە، کەواتە باشتر وایە ئاوێکی پاك بە دەستی ئەم کیژەدا بکاتو ئیزنی بدات.خۆلاسە ئەو شەوە فرود خەوی لێنەکەوتو سەیری کرد ئەهرامیش هەر تل دەدا، دەگەڵ خۆیدا، بێ ئەوەی دەنگی دەربێ، قسەی دەکرد. هەردووکیان لە جێگاکانیاندا دانیشتنو کەوتنە قسان. ئەم پیرەمێرە گریان گرتی. دوای ماوەیەك مەرەخەسیان کرد لێ چەند هەیڤەکی بە سەرانەبوری کە دڵی لە کار وەستاو لەبەر دەرکەی حەوشی ماڵەکەی خۆیدا تەختی عاردی بوو.
یەك ساڵی خشت بەمجۆرە بوری تا ئەوە بوو سەرگوزەشتەی سەرکردەی یاخیەکان هاتە ئاراوە. ڕاست بوو درۆ بوو، خوا دەیزانێ. گوتیان یەخەی سەربازێکی گرتووەو ویستویەتی تەعەدای لێبکات. ئەم ڕووداوە بۆ دەزگای ئەمن، ڕاگەیاندنی خەتەر بوو. کردیان بە هەراو زەنا کە سیاسەکان تێرو پڕو ئیسراحەتن، چاویان سوورە بووە، هاربوون.
بڕیارێکی تازەیان دەربارە دەرکردن. گواستیاننەوە بۆ زندانی قزل قەڵا.
ئەو ڕۆژگارە کە ناوی قزل قەڵات دەبرد خۆ بە خۆ ڕەنگت زەرد دەبوو. ئەو کەسانەی کە بۆ ئەم حەپسخانەیە دەبران ئیدی گەڕانەوەیان نەبوو. یا تیرباران دەکران، یا دەمردنو یان دینودێوانە دەبوون. بەلای کەمەوە تەسەوری خەڵکی وابوو. دەکرا نموونە بۆ هەرسێ حاڵەتەکە بهێنرێتەوە. لە هەمووی خراپتر ملکەچی تەواو بوو بۆ واقیعو مەرجەکانی ئەم قەڵا دەرگا داخراوە. پیاوی دەکرد بە گیانلەبەرانی بەستەزمان.
لەماوەی چەند سەعاتێکدا هەموویان بۆ گواستنەوە ئامادەکردن. دەستوریان دا هەمووان شڕو شیتاڵیان کۆبکەنەوە. گەلێك لەو کەلوپەلانەیان، کە بەلای زندانەوانەکانەوە زیادە بوون، لێ سەندن.
ساغر وەستا بوو، وپەستو خەمین لێی دەڕوانین، دەتگوت دەیەوێ پێیان بڵێ لەوێ کەسێکی وەکو من نیە کە شۆخیبازی وسوعبەتان قەبوڵ بکات. قەیدی نیە بڕۆن تا قەدری من بزانن.
هەر ئەو دەمە لەبەر دەرگای زنداندا ڕۆتینیاتی ترساندنو شەڕی ئەعسابو حەقارەت پێکردن دەستی پێکرد. کەلوپەلان دەگەڕان. چ گەڕانێك؟ گیرفانی بنیادەمیان هەڵدەتەکان. هەندێجار

پیاویان رووت دەکردەوە. قامکیان بە (کونی ...) دەکرد. بیانوویان ئەمە بوو کە لەبەر ئەمنیەت ئەمە دەکەن. بەڵام نیازوئامانجیان سەرکوتکردنی ورەی زیندانی بوو.فرود کە بیستییەوە دەبێ لە ریزا بوەستن و بە دەنگی بەرزو لەبەر چاوی هەمووان دوعا بکەن و لە دەرگای پەروەردگار بپاڕێنەوە کە تاج و تەخت بپارێزێ و پاکانە پڕ بکەنەوە ئەژنۆکانی شل بوون. بە بەرچاوی ساغرەوە کە چاودێری زندانیەکانی دەکرد تا شتێك نەبەن کە ببێتە مایەی مەسئول بوونی ئەو، دانیشت و خەریك بوو دەبورایەوە. ساغر سەربازێکی بە دووی پەرستارەکەدا نارد، دووپاتی کردەوە کە هەمان ئەو پەرستارە بێنێ کە فرود دەناسێت ودەرمانی دەکات. نزیکەی نیو سەعاتێکی پێ چوو. ساغر سەری دەکێشایە هەموو شوێنێك بەڵام چاوێکی هەر لە فرود بوو کە وەکو تۆپەڵە بەدبەختییەك لەسەر عاردەکەو لە پاڵ پەتۆکەیدا گرمۆڵە بووبوو. پەرستارەکە هات و چەند قەترەیەکی دڵۆپاندە دەمیەوە.وحاڵی هێنایەوە جێ. کە چاوانی کرانەوە، سەرگروبانەکە بە میهرو مەحەبەتەوە گوتی:

"ئێستا بەم دوا دواییە لێرە مەمرە، جاری لێرە بڕۆ کوێت پێ خۆش بوو لەوێندەر بمرە."

خراپترین شتی زیندانی قزل قەڵا ئەمە بوو کە پەیوەندی نێوان زندانیان و خێزان و کەسوکارەکانیان دەبڕا یان بەلای کەمەوە سست دەبوو. فرود لە رێگەدا لە هەموو کەسێکی دەپرسی چ بکەین؟ چارچیە، تەگبیر؟ هیچ وەڵامێکی دەست نەدەکەوت، هەموو هەر دەیانگوت با بڕۆین بزانین چ دەبێ.هەرچی دەبێ با ببێ. ئەم وەڵامانە پیاوی لە ژیان بێزاردەکرد. وەکو ئەوەی سەراپای لە ئەستێلێکی سەهۆڵاو هەڵکێشن ئازای گیانی سڕدەکرد.

بە هەرحاڵ بەر لەوەی بۆ ئەم زندانە بڕۆن هەموو ترساو، شپرزەو ماندوو لە خۆ بێزار بووبوون. لە ناو زندانەکەدا وەزع وحاڵ لەمەش تاقەت بەرتر بوو.

لە دەرگایەکی گەورەوە وەژوورکەوتن، ژێر تاقێك بوو کە بەدەستی ڕاستدا دەچووەوە سەر نیمچە هۆڵێك.دوایی کردیان بە دوو بەشەوە بەشێکیان نیگابانی بوو.پێشتر وەکو چایخانە بەکار دەهێنرا. پاشان بەشەکەی تریان بۆ خوسرەو تەرخان کرد. دوو دانە ملهوڕ، یەکێکیان کورتە باڵایەکی سینگ و بازووکوتراو بوو، وئەویتریان کابرایەکی هێڕی لامل بوو کە هاوشاری فرود دەرچوو، ئەمانە لاسایی چەقۆکێش و سەرسەریانیان دەکردەوە. یەکێکیان بە تاوانی قاچاخی چەك گیرا بوو وئەویتریان گوایە یەکێك بوو لەو تاقمەی کە بە تەمابوون کودەتا لە سەڵتەنەت بکەن. هەردووکیان داهۆڵی سەرخەرمان بوون. ئەمانەیان لەوێندەر دانا بوو کە تازە هاتووان بترسێنن. بەڵام بە پێچەوانەی هەیبەتی رواڵەتیان خەڵکێکی بێ وەی بوون. هاوڕێیان یەکێکیان ناونابوو رۆستەم سەوڵەت و ئەویتریان ئەفەندیە قوونە. ئەمانە تەنیا لە موبەق وچاخانەدا کاریان دەکردو بە شاگردو خوڵامی سەرۆك زیندان حەساودەکران.

زیندانیانی "زرەهی"یان لە چوار هۆدان پەستاوت کە وێدەچوو پێشتر عەماری چەك بووبن. هەر هۆدەیەو سەرۆکێکی هەبوو، سەرۆکی ئەو ژوورەی کە فرودی تێخرابوو (وارژۆ)ی ناوبوو کە هاوکاری دەگەڵ زیندانەوانەکاندا دەکرد. ئەم پیاوە چل ساڵانە کە لە تەمەنی سی ساڵیدا پەیوەندی بە حیزبەوە کردبوو، میکرۆبێك بوو لەو گۆڕە. لەوانە بوو لە رووی هۆش و زیرەکی و

بەکارییەوە بۆڕی بە چەندین کەجوەری و کازمی دەدا. زیندان بەم دەردەی بردبوو. هەمیشە دەمەلاسکەی ئەمو ئەوی دەکردەوە. قسەی وای دەکرد نەسەری هەبوو نە بن. بە هەموو کەسێك، بە دۆستو بە دژمن جنێوی دەدا.کە هەموو جلوپەلاسەکانیان هێنایە ژوورەوە نەڕاندنی: "دایك ....انە بە گوێی من ناکەن".

رووی کردە فرودو نەڕاندی: "سەگ دایك، دەگەڵ تۆشمە."

خۆی گوتەنی نمایشی دەکرد، بۆ نموونە بە دەستەسڕێك چاوانی خۆی دەبەستو فەرمانی دەدا: "ئاتەش!" ئەوسا خۆی بە عاردیدا دەدا. ئەندازیار عالی گێڕایەوە کە چۆن ئەم بەلایەیان بەسەرا هێناوە، بە چاوی بەستراوەوە بردوویانەتە باخێكو بە درەختێکیانەوە پێچاوە. لە قسەی دوو میرغەزەبەوە گوێی لێ بووە کە شا حوکمی ئیعدامی ئەوی دەرکردووە. پاشان فەرمانی (ئاتەش)ی بەرگوێ کەوتووەو فیشەکێك تەقێنراوە کە بەر ئەو نەکەوتووە. ئەوسا وەکو خۆی گێڕاویەتیەوە، گوێی لێ بووە کە گوتوویانە ئەمە چ گەمەیەکە، حوکمی ئیعدام دەردەکەنو دوایی هەڵی دەوەشێننەوە، لەو زەمانە بەدواوە خەیاڵو واقیعی لا تێکەڵ بووەو ئەقڵی لە دەستداوە.

ئیدی چ فەرقێکی دەکرد گوێڕایەڵی ئەم سەروان یان ئەو سەرهەنگ بێ. گرینگ ئەمەیە کە ئەو خەڵکە بەگوێی ئەو بکەن.

وێڕای ئەو نەگبەتیانەی کە بەرۆکی گرتبوو، کۆمەڵێك خەسڵەتو خووی باشیش لەناخیا پەنهان بوو، لایەنی ئیجابی هەبوو. فرود لە هەوەڵین هەفتەکاندا دڵنیا بوو کە رۆژێ لە رۆژان ئەو پیاوێکی پڕباوەڕ بووەو هەندێجار بێ ئەوەی بەخۆی بیەوێ یان مەبەستێکی هەبێ، لە ژێر پێستی بە شاخ بوویەوە نیشانەیەکی پیاوەتی تەراوش دەکات.

بوو بە عەسر، کاتی دوعا خوێندنە، تەگبیر؟ پیاو دەبێ بمرێ یان بمێنێ؟ فرود دەترسا، دەلەرزی، دڵی خەریك بوو لە کاردەکەوت. زیندانییەکی لەلاوە وێستابوو کە رۆژێ لە رۆژان شۆڕشگێڕێکی دوو ئاتەشەی پڕ باوەڕ بوو. فرود لە زۆر مەیدانی جۆراو جۆردا، کە جگە لە پەیڕەوی کردنی دەقی ئاشکرای مارکسو لینین ئیعتراق بە هیچ قانوێکی تر نەدەکرد، موناقەشەوگێنگەشەی کردبوو، هێندەی بەرگری کردبوو کە بە نیمچە مردوی بۆ زیندانیان هێنا، بەلام ئێستا ئەو دەورانە بەسەر چووبوو. هیچ بەلایەك نەمابوو بەسەریان نەهێنابێ. ئێستا جنێوی بە هەموو شتێك دەدا. نە سەرۆکی زیندانو نە ملهوڕان باریان نەدەبرد. تەنیا مەرگ دەیتوانی باری بەرێت. قەشمەری بە هەمووان دەکرد، جنێوی بە هەمووان دەدا. بەوانی دەگوت ئێمە تازە لێ بووینەوە. دەبێ لەگەڵ ئەوانا هەمان شت بکەن کە لەگەڵ ئێمە کردیان. لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تریان دەگواستەوە. هەموو زیندانەوانێك خوا خوای بوو کە ئەوی لە کۆڵ بێتەوەو بیگوازنەوە.خۆی دەکردە دەمڕاست – بە زیانی زندانیەکان– کە دەبوا وابڵێن و وا بکەن. کاتێ ئەم لاوە، ناوی عەلی پەرستار بوو، دەگەڵ واروژدا دیتیان کە فرود رەق راوەستاوە، بە جووتە باسکیان گرتو رایانکێشایە ریزەکەوە. خەریك بوو دڵی دەوەستا.. بەلام دووعای بۆ پاراستنی تەختو تاج کرد. ئەوانی تریش دوعایان کرد، هەم ئەندازیار عالیو هەم پیرەمێرە نەخۆشەکەش. بۆ کۆنەکان بووبوو بە شتێکی ئاسایی، وەکو ماڵینو گسکدانی ژوورەکانو

خاوێن کردنەوەی ئاودەستو میزکردنو. تەنانەت بە دەنگی بەرزی بەرز سێ چەلان ئامینیان دەگوت. ئیدی دەستوور بوو. ئەگەر یەکێك ئامینەکە نەڵێت وتەنیا زاربکاتەوەو دەم دابخات مەئول دەبێت، یانی بابتان دەسوتێنین،یانی وەکو واروژو عەلی پەرستارتان بەسەر دێنین.
رۆژانی دواتر قەرار بوو کوڕێك بەربێ، دەبوایە لە پێشا تۆبەنامەو پاکانە بنووسێتو لە ریزدا وەیخوێنێ. ئەم کوڕیژگەیە هاوهۆدەی فرود بوو. کەسێکی بێ تاقەتو بێ حەواس بوو.گوتیان تازە زاوا بووە کە گیراوە. هێشتا منداڵە دوو ساڵانەکەی نەدیتووە. نە پێدەکەنیو نە دەگریا. تەنیا ئەم چەند وشەیەی لە بن لێوانەوە دەگوتەوە: "ئەمە دوا گۆرانی منە!" ئەمە هەمان گۆرانی بوو کە لەو رۆژانەدا ئالیهەی گۆرانی بێژ لە رادێووە دەیگوت،وفرود کە گوێی لەم گۆرانیە بوو دڵی تێك هەڵهات.لە خۆی دەپرسی چۆن دەبێت بنیادەم کۆمەڵێك قۆڕیات بەوپەڕی بێ موبالاتیو خەمساردییەوە بنووسێتو ئەم گۆرانیە بڵێت. رۆژێ بوو کە فرود نەیدەتوانی لە ریزا بوەستێو دوعا بکاتو سێ جاران ئامین بڵێت، وخەڵکانی تر بە میهرەبانی باسکیان گرتو بردیانە ریزەوەو پاشان سست بوو وبۆ چەند ساتێك نەیتوانی لە جێی خۆی بجوڵێتو یەك چارەکە سەعات دڵی گیرا؟ و ترپ ترپ لێی دەدا، هەمان رۆتینیاتی بێ شیلوبوونو بێ عەزابی ویژدانیو دەروونی ئەنجام دەدا وەکو ئەوەی لەشی بخورێنێ. هەمە کارەی زیندان دوای سەرۆك، ئیستیوارێك بوو(گروبان) کە هەموو سەرەداوەکان بە ژێر دەستی ئەودا رەت دەبوو.هەرشتێك ئەو گوتبای وەحیوسروشی خوایی بوو.شمر ئەگەر زانیبای رۆژێ لە رۆژان دەعبایەکی واهی لەسەر زەمین پەیدا دەبێ، بەر لەوەی بکەوتبا شەڕی ماڵباتی عەلی، چاوەڕوانی دەکرد تا لە پێشا دەرس لەو وەربگرێ. هاوڕێیانی زیندان بەو جۆرەیان باس دەکرد.بەزەییو پیاوەتیو چاوپۆشی لە مەزەبا نەبوو حەزیدەکرد شمشێرێکی شمری بدەنە دەست تا هەرکاتێ دەگەڵ یەکێکدا تێ گیرابا لە پشتەوە لە ملی بدات. رۆژی یەکەم چونکە فرود لەبەری هەڵنەستا، تورەبوو بەدەم دەمڕێژی جوێنەوە بەرەو فرود تاوی دا تا لێیبدات. هەوەڵجار واروژو پاشان عەلی پەرستار پێشیان گرتو خۆیان خستە بەینەوەوگوتیان: "هەقت بەسەر ئەمەوە نەبێ ئەمە نەخۆشەو لێ بووەتەوە."
بەڕاستیش گروبانەکە سەیری کرد شیرازەی پچڕاوەو ئەو کەسە نیە بەرگەی مشتو لەقەی ئەو بگرێ.
دەبوایە تەحەمولی ئەم بەڵایانە بکەی، بەڵام لەمە تاقەتبەرتر بۆ فرود ئەو ئاهوهاوارو ناڵەناڵە بوو کە هەندێجار لە دوای نیوەشەوەوە، لەو دیو دیوارەکەوە دەهاتە گوێی. بە باشی دەنگی شەلاق دەبیستراو دوا بە دوای ئەوە هاوار، قیژوهۆڕ، گریەو زاریو تا سووکە ناڵەو پاشان بێدەنگییەکی کوشندە بوو کە پۆڵاتەنانی دەتواندەوە. ئەم ئەشکەنجانە هەندێجار چەندین سەعات درێژەیان دەکێشا. شەلاقو جەڵدەیان دەوەشان، خەڵکیان داغ دەکرد، دەسوتاندو مەگەر هەر خوا بزانێ چیان دەکرد. فرود هەرگیز ئەشکەنجەدانی نەدیتبوو. بەڵام چیان بۆ نەگێڕابووەوە کە لە سەرەتادا نەیدەتوانی باوەڕبکات. کاتێ بە چارەنووسی سوڵتانیی زانی سەیری کرد زۆر سامناکترودڕندانەتر بووە لەوەی کە بیستبووی. بەر لە ئەشکەنجەدان ژنێکی بە رووتی دیتبوو

که ماورێك سواری بووبوو. ئەم هاوارونالّە نالآنەش بۆ ئەو کەسانەی کە بێتر لە سالێکیان لە قزل قەلآ بەسەر بردبوو، بووبوو بە شتێکی ئاسایی.
وەزعی خۆراکیش رۆژ بە رۆژ خراتردەبوو، بۆ نموونە لە ناو زیندانیانی ئەم حەپسخانەیەدا چەندین قاچاخچی دەولّەمەند هەبوون کە دەیانتوانی بە بەهای گران لە چاخانەو ئاشخانەکە شت بکڕن. رۆژ بە رۆژ ژمارەی ئەم جماعەتە کەم دەبووەوە. زیندانیانی سیاسیش ئەو بنەما داراییەیان نەبوو کە جێی خالّی ئەوان پڕبکەنەوە. لە ئەنجامی ئەمەدا لە دەرامەتی زندانەوانەکان کەم دەبووەوە. دەیانگوت سەرۆکی زیندان ئوتومبیلێکی کڕیوە کە قیستی مانگانەی نزیکەی پێنج سەد تمەنەو دەبێ لەم ڕاڕەوە دەربهێنرێ. هەندێجار گروبانەکان ئارەقیان دەهێناو بە دوو قیمەت بە زندانیەکانیان دەفرۆشت. چاپچییەکە بۆ قەرەبووی زیانەکانی هەولّیدەدا سیاسیەکان ناچاربکات تا بێتر کالآی دوکانداره گرانفرۆشەکە بکڕن. ئەمانیش چووبوون بە قیناو تەنانەت چایشیان نە دەخواردەوە. فرود کە رۆژی تۆزقالّە قەندێك گوڕێکی دەدایە چای نەدەخواردەوە. بۆ نموونە بەم شێوەیە ناڕەزایی خۆی دەربارەی وەزعی زیندانیەکان دەردەبڕی. بەڕاستی فرود لە چاپچییەکەو هاوکارەکانی لە ئاشخانەکەدا بێزاربوو و تانەوسووکایەتی ئەوانی پێ قەبولّ نەدەکراو تا بۆی دەکرا خۆی لێ دووردەگرتن. رۆژێك سەعاتەکەی خۆی لە دەستی یەکێك لە گروبانەکانی ئاشخانەکەدا بینی ولێی پرسی: "تۆ ئەوە نیت کە تەقەت لێکردم؟"
ئەم گروبانە کابرایەکی قەلّەوی خەپەتۆلّە بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لەو ڕووداوەدا بەشدار نەبووەو ئەم سەعاتەی لە یەکێك لە هاوپیشەکانی خۆی کڕیوە.بە مەزەندەی فرود کابرای تیرەنداز بە هەمان بیچمو قیافەت بوو، بۆیە گومانی بە تەواوەتی لەسەر ئەو لانەچوو.
سزای ئەو کەسانەی کە لەبەر ئیستیوار (گروبان) هەلّنەدەستان ئەمە بوو کە سەری بە سفرکردن دەدان. جارێکیش سەری فرودی بە سفرکردن دا. تاوانەکەی ئەمە بوو کە گروبانی ئاشخانەکەی بەوە تاوانبارکردبوو کە تەقەی لێکردووەو سەعاتەکەی دزیوە.
ئەمە جگە لەوەی دژمنایەتی ئیستیوار(گروبان) بەلّگەو بیانووی نەدەویست. ئەگەر بە کەسێکەوەی گرتبا، بە هەر شێوەیەك بوایە ژەهری خۆی پێدەڕشت. تەبیعەتی وابوو کە یاخیان مەسخ بکات. لە شێوەو روخساری خۆیان بخاتو بیانخاتە پێستی سیسرکەوە. بۆیە حەزی لە فرود نەدەکرد چونکە بەو جەستە لەڕولاوازەشیەوە هێشتا تێك نەشکاوەو ناشێت میناکی پارچە بەردێك بە نووکە شەقان لێرەوە بۆ ئەوێ پەرت بکرێت.
دوو سێ جار ئاگاداری کردبووەوە، هەڕەشەی لێکردبوو، ئەگەر زێدەڕۆیی بکات تەمبێی دەکات. فرود نەیدەزانی چ زێدەڕۆییەکی کردووە، بە ڕوالّەت گوناحی ئەمە بوو کە نەیدەتوانی خوو بە ژینگەی زیندانەوە بگرێو زەبتو رەبتو نەزم ونیزامی ئەوێندەر تەحەمولّ بکات.
ئەگەر بە سەلامەتی لەوێ هەلّیکردووە، قەرزارباری عەلی پەرستارە. ئەندازیار عالی، عەلی پەرستاری باش دەناسی. فرود قەت ئەوی لە دەرێی زیندانداا نەبینی بوو. لە یەکەم هەفتەکاندا، رۆژێ کە باسکی دەگرێو بۆ هەواخۆری دەبات، دەلێت:

"دەزانی بۆچی تۆم خۆش دەوێ؟ تۆ مەردی ورەت بەرنەدا، نەروخایت. بەلای کەمەوە توانیت بەرگری لە خۆت بکەی."

فرود، حاڵوئەحواڵی لە ئەندازیار عالی پرسی:

"ئەمە وای مەبینە. لە دەرێی زیندان شێرە پیاوێك بوو هەرمەپرسە. دەیتوانی بیست دانە سەعات لەسەریەك کاربکات. ئوتومبیل باژوێ. یەکسەر بچێ بۆ تەوریزو بگەڕێتەوە. خەوو خۆراکی نەبوو. شەیتانیش گرەوی لێنەدەبردەوە. کەرەی لە ئاودەگرت. یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە کاتی بڕینی بانك لەلایەن حیزبەوە، لە زەرق سێ ڕۆژدا، بە چەکی قەڵب پارەی لە چوار شمر سەند، ئەم پیاوە لە زینداناو لە ژێر ئەشکەنجەدا داغان بووەو ئێستا تەنیا جامێکی ئەو پیاوەی جارانە.

بە سەعاتان ئەشکەنجە ورەی پێ بەرنەدابوو، ئازای گیانی جێ داغ بوو، تەنانەت ناوگەڵیشیان داغ کردبوو. لە پیاوەتیان خستبوو. تاوانەکەی ئەمە بوو کە تا ئیعدامی ئەفسەرەکان ئامادە نەبوو بوو ناوی هیچ کەسێك ببات.هەموو جۆرە تۆمەتێکی قەبوڵ کردبوو.ئیستا خۆبەخشانە سەرپەرشتیو پەرستاری، تێکچووانی قزل قەڵای لە ئەستۆ گرتبوو. فرود ریزپەڕ بوو. دەیبردنە گەرماو، تەڕو وشکی دەکردن. ئەگەر کەسێك جگەرەیەکی بدایایە بۆی هەڵدەگرت. بە خۆیشی ئەقڵی پارسەنگی دەویست، تێك چووبوو. دەیگوت گەرەکیەتی ببێ بە مەسیحی، لەبەر ئەمە پەرستاری نەخۆشانی قەبوڵ کردبوو. هەرکاتێ نۆرە بهاتبا سەر یەکێك لەوانە کە ئاو دەست خاوێن بکاتەوە عەلی پەرستار هەستی بکردبوایە کە یارۆ مەیلی ئەم کارەی نیە یان لە عۆیەی نایەت، قۆڵی لێ هەڵدەماڵیو لە جیاتی ئەو ئیشەکەی دەکرد. ڕۆژێ لە ڕۆژان گەراجدار بووەو بە چەند ئوتومبیلێکی باری کاروباری خۆیو خانەوادەکەی بەڕێوە بردووە. هەرگیز گلەیی لە چارەنووسی خۆی نەبوو. تەنیا ڕۆژێك نەبێ کە فرود زۆری دەگەڵدا دەڵێت، لە زاری دەردەچێت:

"ئەم بێ غیرەتانە دەرفەتێکیان نەداین کە ئێمەش پێڵاوەکانمان هەڵکێشینوهەڵێین."

ڕۆژێك لە دنیای ناچاریدا، فرود ویستی سەربهوری خۆیو نێرگزی بۆ بگێڕێتەوە، دەستی خستە سەر زاری فرود، لە جێی خۆی هەستاو گوتی:

"نا، نا، لەم قسانە مەکە، ئەم هەستانە لە منا کوژراوە، من ئیدی خەسیووم، تاقەتم نیە یادی ژنو منالەکەم بکەمەوە."

باشتر کە ئیعدامیان کرد. بە چ تاوانێك؟ گوتیان لە قەتلێکدا بەشدار بووە".

شەڕی ئەعساب ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبوو. هەر ڕۆژەی کارێکی نابەجێو بێ مانای تر بەسەر زیندانیەکاندا دەسەپێنرا. کاتێ ئیستیوار "گروبان" دەیبینی کە فرود هیچ کارێك ناکاتو عەلی پەرستارو ئەو گەنجە شیك پۆشەی کە دەگەڵ کەسدا قسەی نەدەکردو هەمیشە بە تاقی تەنیا پیاسەی دەکرد، ئەرکەکانی ئەو ئەنجام دەدەن، بێتر توڕەدەبوو. ئیدی دەهەری دەبوو، وبە دەوروبەریدا دەخولایەوەو جنێوی پێدەدا، تەشەری لێ دەدا، بە تەمەڵی ناودەبردو تفی لە بەردەمیا دەکرد.

فرود توانای ڕێکردنی نەبوو. نەیدەتوانی لەسەر عاردیش ڕاکشێت. زامەکەی دەکولایەوە، هەمیشە برسی بوو. جیرەی خۆراکیان بە ڕادەیەك کەم کردبووەوە کە تا نزیکی نیوەڕۆ بڕی نەدەکرد. نیوەڕۆژە گۆشتاوێکی بێ تامو لەزەت بوو. نانی کەڕاوی وشلەی ماشی ترشاو. فرود بەمجۆرە ڕۆژانی ژیانی بەسەردەبرد. هەموو ڕۆژێ بێتر باریك ولاواز دەبوو. کێشی دادەبەزی. کە دەڵێن ریخۆڵە گەورە ڕیخۆڵە چکۆڵە دەخوات، زۆر ڕاستە (تووك تووك دەخوات). هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر چەند ڕۆژێکی دی وابڕوات دەمرێت، تیا دەچێت. عەلی پەرستارو لاوە شیکپۆشەکە تۆزێکیان لە بەشەکەی خۆ دەدا بەو، تا ڕێکەوتێك هاتە پێشەوە کە نەك هەر ئەو بەڵکو هەموویانی بە شێوەیەکی کاتی لەمردنو نەخۆشی ڕزگارکرد. کۆمەڵێکیان کرد بە ماموری خاوێنکردنەوەی حەوشە،یەکێکیان سوڵتانی بوو، ئەمە کوڕێکی قۆشمەی خۆش مەشرەب بوو کە هەرگیز پێکەنین لە ڕووی نەدەبرا. سەرۆکی زیندان چووبووە مادونی. لە پێناوی پاراستنی ئەمنو ئاسایشدا –بە خەیاڵی خۆیان– دیداریان دەگەڵ خانەوادانداا لابرد بوو. بۆ سیاسیەکان تەنانەت دەنکە نەباتێکیش لە دەرێرا نەدەهات. ئیستیوارەکە (گروبان) دەیویست کەڵەکێك بکات: "پاك کردنەوەی حەوشەکە بۆ خۆتانە. لە شارا ئەنفلۆنزا بڵاوبووەتەوەو ئێمە گەرەکمانە گیانی ئێوە بپارێزین." لەم جۆرە کاتانەدا بزەیەکی تاڵ لەسەر ڕووی زیندانیەکان نەخش دەبوو.هەموو لەسەر قاوەڵتی دانیشتبوون،چایو نانیان دەخوارد، کەس نەیزانی بۆچی سوڵتانی بە دەنگی بەرز پێکەنیو هەمووان ئاوڕیان لێدایەوە.ئیستیوار (گروبان) لە ژێر تاقەکەوە هاواری کرد:

"سوڵتانی ڕابە بچۆ سەرکاری خۆت."

ئەویش وەڵامی دایەوە:"ڕاوەستە با قاوەڵتی بکەم دەڕۆم."

هەر خوا دەزانێ چ شتێك چوو بووە بن کلێشەی سوڵتانیەوە کە زاتی کرد وەڵامێکی وا گۆساخانەی پەروەردگاری زیندانی قزل قەلا بداتەوە. ڕەنگە بۆ ساتێك ئەوەی بیرچووبێ کە گروبان (ئیستیوار) خودانی فەرمانەو ئەو لە زیندانی قزل قەڵادا دەژی. ئایا بە ئانقەست بە هێمنی لە جێی خۆی هەستا. بە ڕاڕەوەکەدا ڕەت بوو وبەرەو بن تاقەکە ڕۆیی. لەپڕ نەعرەتەیەکی سامناکی ئەوتۆ هاتە گوێ، کە هەمووان، هەرکەسەو لە جێی خۆیەوە بەرەو بن تاقەکە غاری دا بڕیار نەبوو لە نێو زنداندا لە کەس بدەن، ئازارو ئەشکەنجە لە پشت دیوارەوە ئەنجام دەدرا. ئەم نەعرەتە ترسناکە تازەبوو. تەنانەت فرودیش بەرەو بن تاقەکە دەرپەڕی. سوڵتانی لە عاردی کەوتبوو. شەقێك بەرگونی کەوتبوو ولە عاردی تەخت بووبوو. دەرکەوت کە سەرکار گروبان فس فس پاڵەوان. ڕەنگی بووبوو بە جاوی سپی. خۆی قانگڵە کردبوو.پەشۆکاوو ترساو چاوی بڕی بووە سوڵتانی کە لە بەینی ئەوو زیندانیەکانا کەوتبوو.دوو سێ کەس، یەك لەوان دکتۆر خەندە بوو بە هەشتاو بەرەو سوڵتانی چوون. ئەوانی دی بەرەبەرە دەهاتنە پێشێ. گروبان (ئیستیوار) هەردەکشایەوە، پاشەوپاش دەڕۆییو لە سوڵتانی کە بێهۆش کەوتبوو، یان خۆی لە بێهۆشی دەدا، دووردەکەوتەوە.

زندانیەکان کە سیماو قیافەتی هەڵکفاوی ئەویان بینی کەوتنە بۆڵەبۆڵو هاتوهاوار. بە هەمان جنێوە بازاڕیەکانی خۆی تێی بەربوون. هەراو زەنا گەییە نووسینگە، لە ناکاو دەرگا کرایەوەو

ئەفسەرێك وەژوور كەوت و یەكسەر پەی بە خەتەری وەزعەكە برد: "ئاغایان چی روویداوە؟" هەموو بە تێكەڵ وپێكەڵی سكاڵایان كرد.
ئەفسەرەكە، ئیستیوارەكەی (گروبان) بانگكردو بۆ دەرەوەی نارد. ئەو ماموری دژبان(ئینزیبات) بوو وواریقاتەكە كەوتە روو.كارەكە تەشەنەی كرد.ناكۆكی نێوان دەزگای ئەمن، كە دەیویست تۆڕی دەسەڵاتی خۆی فراوان بكات، لەگەڵ دەزگای ئینزیباتدا، سەركردایەتی سوپای مژول كردو ئەنجام بە ئەمری شا بە قازانجی دەزگای ئەمن شكایەوە. بە هەرحاڵ ئەفسەری دژبان نەبوونی سەرۆكی زندانی قۆستەوە. ئیستیوارەكەیان كەلەپچە كردوبردیان، ناڕەزایی و هاواری ئیستیوار كە گوایە ئەمانە دەیانویست بیكوژن دادی نەدا. دارو دەستەی سەرۆكی زیندان و ئیستواریان لەسەركار لابردو دوای ماوەیەكی كەم دەسەڵات وبەڕێوەبردنی قزل قەڵا كەوتە دەست گروپێكی دیكەو جارێكی دی سەروسەكوتی گروبان ساغر پەیدا بووەوە.سوڵتانی هاواری كرد: "كورینە بە یەك هاوار تەختی فیرعەونم وەرگێڕا". سەر لە نوێ جیرەیان بەخودی زندانیەكان دایەوە. دەورودوكانێكی تازە دەستی پێكرد. وەزع وحاڵ ئاسایی بوووەوە، وەكو ئەوسای زندانی زرەهی لێهاتەوە.
بەڵام ئەم وەزع و حاڵە ئاساییە تەنیا بۆ زندانیەكان بوو. فرود تووشی رووداوێك بوو كە بە تەواوەتی رەوتی ژیانی گۆڕی. فرود خەتایەكی كرد. بۆ سالولیان برد. چ خەتایەك؟ مامورێكی ئەمن كە لە زینداندا هەواڵدزی دەكرد لەسەر شتێك لەگەڵ قاچاخچییەكدا لێیان دەبێ بە شەڕو جنێو بە یەك دەدەن.كابرای قاچاخچی زللەیەك لە هەواڵدزەكە دەدات و ساغری تەمبێی دەكات. فرود بە خەیاڵی خۆی ویستویەتی بە دوو قسان بەرگری لە مەزڵوم بكات و ئەمە بە دەستوەردان لە كاروباری زندان حەساوكراو توڕیان دایە سالولەوە.
دنیا گەرم بوو. ئاگر لە دیوارەكانەوە دەباری. پیاو هەناسەی دەرنەدەهات، ئارەقە لە ئازای بەدەنی فرودەوە دەچۆڕا. سالولەكە شێی هەبوو. نە دەكرا لەسەر پەتۆكە وەمێنێ، نە بوەستێ و نە دانیشێت.دەستەكانی دەخستنە سەر لاجانگەكانی. دەیویست بقیژێنێ. گینگڵی دەدا. بەردەوام حاڵی خراتردەبوو. هەڵبەزودابەزی دەكرد بەو ئومێدەی بتوانێ هەناسەیەك هەڵكێشێت. كەپووی بردە بەركونی دەرگاكە بەو خەیاڵەی كە دەتوانێ هەوایەكی فێنك لەوێندەرەوە هەڵمژێ. شەكەت وماندوو كەوتە سەر عاردی. لە خۆ چووبوو. بەیانی بۆ ژووری گشتیان گەڕاندەوە.
عەلی پەرستار لەوێندەر نەبوو كە پێی ڕابگات، بۆ ئەنجامدانی حوكمی ئیعدام بۆ جەمشید ئابادیان گواستبووەوە. ئەو رۆژەی كە خەبەری تیرباران كردنەكەی گەییە زندان، فرود دووچاری پشت پەشەیەكی وەها هات كە دكتۆر خەندە ساغری ناچار كردن،پەرستارێك بێنێ تا مۆرفینی لێبدات. مەترسی ئەوەی لێدەكرا كە هەناسەی ببڕێ. ئەم قەیرانە تا نزیكی خۆراوا درێژەی كێشا. فرود خەمبارودڵشكاو لە جێی خۆی كەوتبوو وچاوەڕێ بوو كە عەلی پەرستار بە دادیا بگات. بەڵام عەلی پەرستار چوو.واروژ هاتە كۆمەكی.
رۆژی دوایی ساغر مژدەی دایە كە دایكی هاتبووە دیدەنی، بەڵام چونكە دیداری بەو وەزع و حاڵەوە بە پەسند نەزانیوە، بە بیانوویەك ئیزنی داوە. ئەوجا ناونیشانی شوێنی مانەوەی لە

فرود وەرگرت تا بە خۆی بچێت بە شوێنیاو دیدارێکی نائاسایی بۆ رێك بخات‌وبیهێنێ. فرود ئەدرەسی ماڵەکەی ترشیزی دایە. ئەم ساغرە گرژومۆنە دوو سەعاتی لە وەختی ئازادی خۆی تەرخان کرد تا ماڵی ئاغای ترشیزی بدۆزێتەوە. سارەزی هاتەوە بۆ لای فرود گوتی:
"ئەدرەسەکەم دۆزییەوە. بابیشت لێرەیە، دەتەوێ بیدینی؟" گوڕێکی وەبەر هاتەوە. شیلەی ژیانی هاتە جۆش.دڵی بۆ دیتنی بابی لێیدەدا. لەوەتای گیرابوو بابی نەدیتبوو. رۆژی دوایی فرودی، دەگەڵ چوارزیندانی دیکەدا کە بۆ دادگا دەچوون،برد بۆ لای خانەوادەکەی. بابی وەکو جەنازە لەسەر تەختێك کەوتبوو. ئەگەر تەنیا لەبەرخاتری ئەم پیرەمێرەش بووە ژیان بایەخی هەیە. فرود نیوسەعاتێك بە لای بابیەوە مایەوە، دڵی دایەوە. حاجی ئاغا لە کاتی دوعاخوازیدا پێی گوت: "تەوەکەل بە خوا بکە، من هەرچیەکم لە دەسەڵاتا بووە کردوومە، ئەوی تری بە تەمای خوا."
دایکی تاقە وشەیەکی لەمەڕ مونیرەو نێرگزو بەدری لە زارنەهاتە دەر، فرود ناوی مونیرەی نەبرد، نەبادا  باس بێتە سەر نێرگزوبەدری.
چەندین هەفتە بوری‌و گەلێك لە زندانیەکان چاوەڕوانی دادگایی‌و مەحکومیەتی خۆبوون. بێتر کادرانی دەستی دووەم‌و سێیەم حوکم دەدران‌و هەندێکیان ئازاد دەکران. هەندێ لەسەرکێش‌و لاسارەکانیان بۆ زیندانانی دیکەی شارەکانی باشوور دەگواستەوە. لە دوای ئەو دیدارە بەردەوام خۆی سەرزەنشت دەکرد بۆچی هەواڵی نێرگزو بەدری لە دایکی نەپرسیوە. ئایا شتێکی تازە رووی داوە. بێ وەڵامی بەردەوام بوو، دنیا خەریك بوو ساردی دەکردو ئەوان دیسان دەبوا لە ژوورەوە بخەون.
شەوێك جارەکی دی لەو دیوی دیواری ژوورەکەیەوە بە دەنگی شەلاق‌وهاوارو ناڵە گوێی زرینگایەوە. ئەم هەراو زەنایە ئیدی وەکو هەوەڵجار کاریان تێنەدەکرد.دەیتوانی تەحەمول بکات. تلی دەداودەخەوت‌وهەڵدەستایەوەو خەونی ناخۆشی دەبینی، بەڵام ئەمشەو هەرکە گوێی لەم هاوارانە دەبوو، موچوڕکەی پێدا دەهات. دەنگەکەی بەلاوە ئاشنا بوو. چەند دەگەڕاو هزرو مێشکی خۆی تەی دەکرد نە دەچووەوە سەری. لە کۆمیتەکاندا، لە کۆبوونەوەکاندا، لە میتینگەکان‌و لە قەرقەشەو پێکادانی دەستەبەندیەکان، لە کۆڕی رابواردندا، لە هاتوچۆی بۆ لای نێرگز، لە ژینگەی خانەوادەو لە ماڵی بەدری دا، ئەم دەنگە لە هەموو شوێنێك هەبوو، ولە هیچ شوێنێك نەبوو.دەنگێك بوو کە جاران زوڵاڵ‌و رەسا بوو، بەڵام هەنووکە ئاوێتەی دەردوئازار بوو.
جاران کە گوێی لەم هەراو زەنایانە دەبوو،بۆ ساتێك خەوی لێدەکەوت، دووچاری کابوس‌و مۆتەکە دەبوو، ئەوجا لە خەو ڕادەپەڕی. گوێچکەکانی دەگرت‌ودیسان دەخەوتەوە. بەڵام ئەو شەوە چاوی نەچووە خەو. نەیدەتوانی گوێی بگرێ تا نەژنەوێ. هەڵدەستاو بە ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. ئەوانی دی بێداردەبوونەوە کە دەیانبینی فرودە قسەیان نەدەکرد، لێیان نەدەگرت، فرود گوێی بە دیوارەکەوە دەنا تا باشتر گوێی لێبێ.
ئێستا هاواروگریەو زاری ئەشکەنجەدراو ئازاری نەدەدا، ئەعسابی توێ توێ نەدەکرد، دڵی بریندار نەدەکرد،خودی دەنگەکە بەدەر لە دەردو ئازارەکە، عەزابی دەدا.

له پڕ بروسکەیەك بۆ دەمێك هزروخەیاڵی روناك کردەوە. دەنگەکە لە دەوروبەری نێرگز بوو. لە کوێ؟ لە ماڵیان؟ لە شارەکەیان؟ نا، دەنگی ژن نەبوو،پیاو بوو.جارەکی دی ڕاکشا، هەستایەوە، گوێی گرت و هەوڵیدا بخەوێ. بەڵام خەوی لێنەکەوت ونەکەوت.
له پڕ هەستی کرد، نا، دڵنیا بوو، دەنگەکە دەنگی ئەو شوفێرە بوو کە ماڵە چکۆڵەکەی بە نێرگز بەکرێ دابوو. هەرجارێ کە ئاغاکەی خۆی بۆ ماڵ دێنایەوە بە ئوتومبیلەکەی تابەر دەرگای ماڵەکەی نێرگز دەهات. نەدەهاتە حەوشەوەو هەر لەوێندەرەوەو بە دەنگی بەرز دەیگوت: ئەگەر شتێکتان گەرەکە با بۆتان بێنم. دەچم میوە بۆ ئاغا دەکڕم. ئەمە هەمان ئاغا جەلال بوو کە هەنووکە لە ژێر ئەشکەنجەدا هاواری دەکرد.
تا بەیانی هەرناڵەی دەهات. تەنانەت بۆ نیونەختیش چاوی لێك نەنا. یازدە دانە رۆژ هەر چاوەڕوانی کرد. لە هەموو دەرگایەکی دا تا هەواڵێکی ئاغا جەلالی بە دەست بکەوێ، مەیسەر نەبوو ونەبوو. خەمی ئەوەی بوو کە ئاگرەکە ژیانی نێرگزیشی گرتبێتەوە. نەبا ئەویشیان گرتبێ. هیچ هۆیەك نەبوو. بۆچی لەو دەورانەدا هیچ یاسایەك هەبوو بۆ گرتنی خەڵکی؟ ئەو کەسانەشیان دەرگرت کە تاقە کتێبێکیان خوێندبووەوە، نەك هەر کتێبانی مارکسیستی بەڵکو کتێبی (جوگرافیای برسیەتی) نووسینی خوزیەدوکاستروش بە یەکێك لە کتێبە گومڕاکەرەکان دەژمێردرا. فرود هیچ کاغەزو بەڵگەنامەو نووسراوێکی لە ماڵی نێرگز نەهێڵابووەوە کە بۆنی خەتەریان لێ بێ. بەڵام پیاو چ بڵێ؟ لەوەیە کتێبێکی بەرگ سوور گومانی لادروست کردبن و ئەویشیان گرتبێ.
رۆژی دوازدەیەم بیستی کە ئاغا جەلالیان بۆ نەخۆشخانەی سوپا بردووە. پاش سێ هەفتە بۆ قزل قەڵایان هێنا. هەرکە ئەندازیار عالی ئەوی بینی ئیدی هەموو زانیان حاڵ وحیکایەتەکە چۆنە.
دوای ۲۸ی مورداد ڕابەران کەوتنە بیری ڕاپەڕینی چەکدارانە. نارنجۆکیان دروست کرد، ئەفسەرێکیان بریندارو کوێرو کوڵەوار کرد، دوایی ژێوان بوونەوەو بڕیاریان دا نارنجۆکەکان لە نێو بەرن. داوایان لەو کەسانە کرد کە ئوتومبیلیان هەبوو ویان ئوتومبیلیان لەلابوو، ئوتومبیلەکانیان بۆ گواستنەوەی نارنجۆکەکان بۆ دەرێی شار بخەنە بەردەستی حیزب. یەکێك لەوانە ئەم ئاغا جەلالە بووبوو کە بە ئوتومبیلەکەی ئاغای نارنجۆکەکانی بۆ بیابانێك بردبوو تەسلیمی کابرایەکی نەناسی کردبوو، بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ چی بارکردووەو بەکێی تەسلیم کردووە. لەبەر ئەمە شەوێك تا بەیانی خستیانە ژێر ئەشکەنجەو ئەویش نەیدەزانی چ شتێك بڵێ و ئیعتراف لەسەر چی بکات.
کە فرود،ئەوی بینی بە ڕادەیەك شێوابوو کە نەیناسیەوە،بەڵام ئاغا جەلال یەکسەرئەوی ناسییەوە:
"من ناناسیت؟ سەبرکە، کە ئاڵا سەرنگون بوو لەشکر پەریشان دەبێت..."
دەیویست هەستێت و لەئامێزی بگرێت. ئاغا جەلال نەیهێشت:
"وریابە، ئازای پشت وسینگم برین و زامە."

هەواڵی کاروباری، ژیانی وهەواڵی نێرگزی لێ پرسی. ئاغا جەلال باسی هەموو شتێکی بۆ کرد: ژنی هێناوه، مناڵێکی دوو ساڵانی هەیه، ماڵەکەی نۆژەن کردووەتەوه، هەموو مەسرەفەکەی خۆی نەی کێشاوەوکێ و کێ...

هیچی دەربارەی نێرگز نەگوت.

"نێرگز هێشتا لە خانووەکەی تۆدایە؟"

"بەڵێ."

"ئێ، بڵێ."

"چ بڵێم؟"

ئاغا جەلال ئیدی متمانەی بە کەس نەبوو. ئاخر کێ ئەوی بە دەمەوە داوە؟ تەنانەت ئەم وردە شتانەشیان باس کردووه. پیاو باوەڕومتمانەی بەکێ هەبێ؟

فرود گوتی:

"یانی لەمن بە گومانی؟"

"ئاخر سەرزەمانێ ئێمە هەموو هاوڕێ بووین. ئێستا من نۆکەری ئاغام و تۆش بەکالۆریوسی ماف، ئیدی چ شتێك کۆمان دەکاتەوە؟"

"ئاغا جەلال قسەی هەلەق و مەلەق مەکە. ئێمە هەردووکمان زندانی وبەندیین"

"جا لەم حاڵەتەدا دەبێ سڵ لە یەکدی بکەین."

"ئاخر تۆ دەتوانی پێم بڵێی لەو ماڵەدا کە من تیای دەژیام چ شتێك رووی داوە؟"

بەڵام ئاغا جەلال خۆی بەدەستەوە نەدەدا. ئەوسا فرود قەناعەتی بە خۆی دەکرد: ڕاستە. کە هیچ شتێکی پێ نەبێ چ بڵێت؟

بەڵام ئەم هیچ پێ نەبوونە بۆ خۆی مشتێك بوو ولە دوڕدەوی فرود دەدرا. وەکو ئەوە بوو لە سەهۆڵاویان هەڵکێشا بێ و بە رووت وقووتی هەڵیان واسی بێ. هەبێ و نەبێ شتێك بە زەرەری فرود رووی داوەو ئاغا جەلال نایەوێ باسی بکات.

بەڵام چ کەسێك تاقەتی سۆراخ و تاقیبی ئەم ئازارە شەخسیانەی نەبوو. بەتایبەتی ئەو رۆژە خەبەرێکی گرینگ لە رۆژنامەو رادێوکانەوە بڵاوبووەوە کە هەمووانی خستە ترسەوە.

ناوەڕاستی تیر مانگی ١٣٣٦ بوو کە خەبەریان هێنا خوسرەو پاش یەك سەعات شەڕی چەکداری دەگەڵ مامورانی تیراندازدا تەسلیم بووە، گوللەیەکی پێ کەوتووەو پەکی کەوتووە. یەکێك لە سەرجۆخەکان گوتی:

"خەسرەوکە تانیشمان گرت."

هەر ئەو رۆژە عەسرەکەی یەك دوو نەفەر کە لە دادگا دەگەڕانەوە دیتبوویان کە تاوانبارێکیان لەسەر تەختی نەخۆشان بۆ زیندان هێنابوو. کەس گومانی نەدەکرد کە خوسرەو بێت. لە هەمان ئەو ژوورەیان دانا کە جاران ئاشخانە بوو. دیوارێکیان بە دەوریا کێشا تا هیچ کەس نەیبینێ. دوای یەك دوو سەعات هەموو زانیان کە ئەم زامدارە خوسرەوە.دوای بڵاو بوونەوەی راگەیاندنی دادوانی سوپا ئیدی هاوکاری هاوڕێ تەقەوی باوەڕپێکراوی (ڕابەرایەتی) سەلما.

ئەوانـەی کـە لـە سـاڵو مانگـەکانی دواییـدا پەیوەنـدیان بـەوەوە هـەبوو هـاتن پارچـەکانی ئـەو زانیاریانــەی کــە لایــان بــوو، دایــە دەم یەکــەوە: خوســرەو قــەراربوو تــەنیا دەگــەڵ تەقــەوی دا پەیوەندیو دیداری هەبێ. ئەگەر ئەم دیدارانە ئەنجام نەدرابان خوسرەو نەجاتی دەبوو. لەوەیە هەر ئەو رۆژەی، کە بە مەبەستی تەلەفۆن کردن لە کۆبوونەوەکە وەدەرکەوت، هەموو نەخشەکان داڕێـژرابێو بڕیارەکـان درابـووبێ. فـرود گومـانی نـەبوو کـە تەقـەوی لەوسـاوە بووەتـە بایسـی دەستگیری ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانانوخوسرەو. بەڵگەیەکی دی بە سوڵتانی بوو. ئەو رۆژەی کە دەبووا بیدیبا، ئەگەر بە مەوعیدەکەوە نەچووبا بۆ هەمیشە یەکتریان گوم دەکرد. ئەو نەهات، یانی مەسـەلەی گـرتنی ئـەو حـەل بووبوو، مـاموران دەیـانزانی دەتـوانن لـە کـوێ ئـەو بدۆزنـەوەو دەستگیری بکەن.

ئـەم زانیاریانـە بـە درێـژایی شـەوو رۆژی دوایـی تـاوتوێ کـران. فـرودیش بەڵگـەیـەکی هـەبوو. هاوشـارییەکی دوو رۆژ دوای گرتنـی فـرود هـەواڵی گرتنەکـەی فـرودی لـە تەقـەوی بیسـتبوو وتەقەوی گوایە لە خانەوادەی هوشیاری بیستبوو.بەڵام خانەوادەو ماڵی هوشیار لەو رۆژانەدا لە ژێر چاودێریدا بوون. گروبانێك یەك هەفتە لەوێدا شەوو رۆژ دەگەڵ چەند مامورێکدا ئێشکیان دەگرت تا هاوڕێیانو ناسراوانی هوشیار بناسنوبگرن. کەواتە تەقەوی نەیدەتوانی ئەم زانیاریو هەواڵە لە خانەوادەی هوشیارەوە بەدەست بێنێ.

دەمێنێتەوە سەر خودی فەرمانداری سوپایی یان دەزگای ئەمن.

ئەوشـەورۆژە ئـەم رووداوە هـەمووانی مـژول کردبـوو، جارێـك کـە فـرود چـەند دەقیقەیـەك لەمبارەیەوە قسەی کرد یەکێك پرسی بۆچی ئەوەندە بایەخ بەم تەقەوییە دەدەی؟.

وەڵامەکەی سادە بوو:

"ئەم نامەردە دوای گرتنی دوا ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی گەورەترین بەرپرسی حیزبی بووەو هەمە کارە بووە. ماوەیەکیش بە ناوی بەڕێوەبەری حیزب پەیوەندی دەگەڵ (ڕابەران)ی هەڵاتوودا هەبووەو لەزگ بووە ئەوانیش فریوبدات."

فرود دەیویست بە زمانێکی تر وای نیشان بدات کە (ڕابەران) تەنیا کەمتەرخەمیان نەکردووە بەڵکو بە ئاشکراو بێ شەرمانە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دوای هەمووانەوە هەڵاتن، زنجیرە گوناحێکیان کردووە کە چەند خاتریان بگری ناتوانرێ بە کەمتر لە خیانەت لە قەڵەم بدرێ، وئەم گوناحو خەتاکاریانە هەر بەوە نەبڕایەوە کە تەقەوی بە سەرۆکو هەمە کارەی حیزب هەڵبژێردرا، بەڵکو بەهۆی پەیوەندی کردنی لەگەڵ چەند لقێك لە خاینانی هەندەرانیش بەردەوام بوو.

بە هـەرحاڵ تەقـەوی-یان نـەگرت، خۆ ئەگـەر بۆ چـەند سـەعاتێکیش تـەقیفیان کردبـێ کـەس لـە زینـدانو گرتووخانـەدا نەیـدیوەو لـەو چـەند سـەعاتەدا کاکەوبرالـەی خـۆی دەگـەڵ بەرپرسـانی دەوڵەتیدا کردووەو بووە بە "خزمەتکار"یان.

بـەم روونکردنـەوەو دیاریکردنـەی رۆڵـی تەقـەوی، باسـەکە دەربـارەی ئەمـەی لەکەیـەوە رۆڵـی جاسووسـی لـە ئەسـتۆ گرتـووە کۆتـایی نـەهات. لـە دوای شکسـتی بیسـتو هەشـتی مورداد یـا ساڵانێك لەوە پێشتر؟ ئایا هەر ئەم بووە؟ یان تۆڕێکی لە سەرانسەری حیزبدا هەبووە؟ ئایا لقو

پۆنی ئەم تۆڕە گەیی بووە (کۆمیتەی مەرکەزی) دەرێی ئێرانیش؟ ئایا تەرازویی، کە بە قسەی خۆی دەگەڵ سەرهەنگ وەجاهەتدا دیداری کردووەو پاشان بۆ هەندەران هەڵاتووە، یەکێك بووە لەم تۆڕە جاسووسیەدا؟

ئەمانە هەر هەمووی ئەنجامگیری کوشندە بوون. ئەم هەموو خەسارەتە، ئەم هەموو فیداکاریو قوربانیە، ئەم هەموو لە خۆبوردەییو ئازارورەنجو عەزابو حەقارەتو سووکایەتیە بە هۆی بێ غیرەتیو نامەردی چەند کەسێکەوە بە فیرۆچوو.

گیرانی خوسرەو بە هۆی خیانەتی کابرایەکی بودەڵەوە، بەڵایەك بوو کە بەسەر ئەوا روخا. ئیدی سەرگەردان بوو بوو. هیچ پەناگەیەکی نەبوو. پەناگە؟ هیچ پوشکەوچڵو چێویك نەبوو خۆی پێوە هەڵواسێ، تا ئێستا بەخۆی دەگوت: بە هەڵاتنی چەند نەفەرێك دنیا ژێرو ژوور نابێت، بە بەدمەستی ئارەق خۆرێك قورئانی خوا لە بایەخ ناکەوێ، دنیایەك ناڕوخێ. ئاڕمانو ئارەزوو لەسەر هێمو بناغەیەکی بتەو رۆنراون. بەڵام ئەم بینایە خەریك بوو لەقو لۆق دەبوو. بووبوو بە وێرانە. ئەوە دێنێ کە پیاو ڤیانی نێرگز بە قوربانی وەهمێکی ئاوها بکات؟ ئاخر ئەم ڤیانەش دەلەرزی، دەخزی، دەپچڕا. چ شتێك دەمێنێ؟ چ بکات؟ دیسان لە سەر دوو ڕیانێکدا تیامابوو. ئایا ڤیانی نێرگز دەتوانی ببێ بە پاڵپشتێك بۆ ئەو؟

ژیان بێ خەباتو تێکۆشان، هەوڵوکۆششی بێ بێهودە، ئەویش لە زینداندا کە پیاو ژیانی بە لوتفو تورەیی خەڵکی وەکو ساغرەوە بەند بوو، چ ئومێدێکی لێدەکرا؟

مەگەر ئاوارێکی بەسەرا بڕوخێت ئەوجا نێرگزی لەدڵ دەربچێت. گوێ نەدانی ئاغا جەلال بە تکاو رجای ئەو کە کورتەیەکی رەفتاروکردارو هاتوچۆوماڵو ماڵباتی نێرگزی پێ بڵێ، دڵۆپە ژەهرێك بوو کە حەواسی ئەوی دەشێواند، بەڵام هێشتا نەگەیی بووە ئەو ڕادەیەی کە بێهۆشی بکاتو تەسلیم بە مەرگی بکات.

دوو دڵی، یەکەم هەنگاوی سەر رێگەی نەمانە. هەرکە گازیەکی ژنەوت کە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەو تەواو بوو، ویا دەبێ لە ژێر دەستی ساغرداو شان بە شانی واروژو عەلی پەرستارو سوڵتانیو ئەندازیار عالی گیانی دەربچێتو یان بە تەواوەتی مەسخ ببێو ببێ بە بەردو هەست بە هیچ دەردو ئازارێك نەکات، هەنگێ تاسەی ژیان لە دڵو مێشکیدا بوژایەوەو خۆی بە نێرگزو ڤیانی ئەوەوە هەڵواسی. چما پەناگەیەکی دیکە هەبوو.هیچ ئومێدێك لە باشترین وخراپترین ئەو خەڵکە سلۆکەی کە لە دەوروبەری ئەوا هەڵدەسوڕان،نەدەکرا.روخاوەکانیان لە بیری حەشیشەیەك دا بوون کە سۆزوگودازو جۆشو خرۆشو هەوڵو خەباتی رابردووی خۆیانی پێبدەن بە بادا. هەندێکی دی لە بیری ئایندەی خۆیاندا بوون. ئیدی هەڕەشەو تەماح دەوریان هەیە. چەند کەسێکیان کێشایە دادگا، حەپسی ئەبەدیان بۆ بڕینەوە، ئەوی راستی بێ دوو سێ کەسێکیانیش پاش تەواوکردنی ماوەی مەحکومیەتەکەیان ئازاد کرد، واروژیان حوکمی ئیعدام دا، دۆسیەکەی ئەندازیار عالی رۆژ بە رۆژ ئەستوورتر دەبوو. بە خۆی پێدەکەنیو دەیگوت: ئیعدام بەسەر سەرمەوەیە. زەمینەی مەرەخەسی ئەهرامی خەریك بوو سازدەبوو. هەڵبەتە

حەسحەسەکان لە دڵی خۆدا حەزیان دەکرد بەر بێ و لە دەرێی زندان بمرێت... هەرکەسەو لە خەمی خۆیدا بوو.
لەم قۆناغەدا فرود پەی بەوەبرد ڤیان چ خرۆشێکی تێدایە. مردوو زندوو دەکاتەوە، هەزاران جار ئەم شیعرەی حافزی لە زەینی خۆدا دووبارە کردەوە: هەرگیز نامرێ کەسێك کە ئەشقی لە دڵ بێ.. لێوەکانی دەجولاڵن و ئەوانی دی وایاندەزانی خەریکە تێك دەچێ و چیوای نەماوە بچێتە ریزی نەخۆشەکانی عەلی پەرستارەوە. بەڵام ئەو بزەیەکی دەکرد، بزەی تەوس بەوانەی کە نەیاندەزانی و تێ نەدەگەییشتن کە چ شتێك لە دەرونی ئەودایە. ئێستا دڵنیا بووبوو کە ژیان بەندە بە بوونی نێرگزەوە. شەوق و زەوقێك لە دڵیا هەڵایسا کە تا نهوو شتی وای بەخۆوە نەدی بوو. جارێکی دی ورەی بەرزبووەوە. مرۆڤێك هەیە کە لەم گێژەنگ و گێژاوە بێ رەخ و کەنارەدا دەستی بۆ درێژبکات، هاواری بباتێ تا نەخنکێ. بەینی مان و نەمان تاقە هەنگاوێك بوو. کەواتە ڤیان و ئەڤینداری ئەمەیە کە بەسەر ئەودا دێ. هەموو شتێك لە بوونی نێرگزدا دەگیرسایەوە. نێرگز ئومێد، ژیان، خەبات، و هەیەجان بوو. بەو عەترەی کە لە لەشی ئەوەوە دەچۆڕا بۆنی خۆشی دەکرد. بەهەناسەی زاری ئەو ژیان پڕدەبوو. ئەگەر نەمری و جاویدانی راست بێ لە ڤیانی ئەودا پەنهانە، لە نەوازشەکانی ئەودا پەنهانە، ونازو عیشوەی ئەو سەرچاوەی جۆش وخرۆشە.
هەموو هۆش وخەیاڵی لای ئەو بوو. دەگەڵ شەبەنگ و تاپۆی ئەودا دەخەوت. بە نەوازشەکانی ئەو لە خەو ڕادەبوو. لە خەودا ماچە ئاگرینەکانی ئەوی دەچەشت. هەستی بە تەماسی قامکە مەخمەلی و نەرمەکانی ئەو لەسەر سەروچاوی خۆی دەکرد.
هیچ گومانێکی لانەبوو کە هەمیشە ئەوی خۆش ویستووە. هەر لە منداڵییەوە کە وەکو خوشکی گەورە دەگەڵیا بە شەڕ دەهات،لەو زەمانەوە کە بە دەستی ئەو لێدانی دەخواردو دەتۆراو کاتێ دەگریاو ئەم کیژە ئاشتی دەکردەوە. کە شەش حەوت ساڵان بوو نێرگز زۆری ماچ دەکرد، کە چووە قوتابخانە ئیدی ماچ نەما.کەوتە یادی یەکەمین ماچ. ئەم فرودە پارچەڵەیە چەند گەوج بووە کە لە رەمزو ڕازی دلۆڤانی وسۆزەکانی ئەو حاڵی نەبووە. ئەم کیژە چەندی ئەزیەت داوە؟ هەردووکیان یەکتریان ئازارداوە. فرود: من مەشغەڵەتی ترم هەیە. ناتوانم هەموو بوونی خۆم بۆ تۆ تەرخان بکەم. ئەم کیژە مەحبوبە دانی بە جەرگی خۆیدا دەنا، ئەمەی نەی دەبردە سەرخۆی، کە نەخۆش دەکەوت تەنیاو تەنیا پەرستاریە دڵسۆزانەکانی نێرگز چاکی دەکردەوە. هەر هەموو دنیای رابردووی دێنایەوە یادی خۆی.
خۆشترین رۆژانی ژیانی فرود ئەو چەند رۆژە بوو کە پەرستاری نێرگزی دەکرد. چ لەزەت و خۆشیەکی لێوەرگرت. ئایا ئەشق کاکڵەو ڕیشەو تۆوی ژیان نیە؟ ئایا هیچ شتێك لە دۆستایەتی لە خۆشەویستی دوو دۆست نازدارترە؟
هیلاك و ماندووی خەو دەیبردەوە، بەیانی ئەو بە ماچ بێداری دەکردەوەو نەوازشتی دەکرد. فرود خۆی دەکردە خەووچاوی نەدەکردەوە.
ئەوەی کە لەم دەورانەدا بێتر لە هەر کەسێکی دی بە فرودا کە رۆژ بە رۆژ بێ هێزترو بێ تواناتر دەبوو، ڕادەگەیی ئاغا جەلال بوو. زامەکانی سەروچاویان کردبووەوەو سیمای ئاشنای،

بیرەوەری رابردووی لە ماڵەکەی نێرگزدا بەرجەستەتر دەکرد. ئاغاکەی کە ئێستا بووبوو بە وەکیلی ئەنجوومەنو دەگەڵ دەسەڵاتدارانی تازەدا سەروسرپێکی هەبوو، یارمەتی دا کە دۆسیەکەیان بۆ خستە گەڕ. دەزگای ئەمنیش بۆی بە دیارکەوت کە بێ هیچ زانیاریەك نارنجۆکەکانی گواستوەتەوە. هەڵبەتە لەبەر بێ گوناهیەکەی بەرنەبوو. بەڵکو بە هۆی مامەڵەو سەودایەکەوە بوو کە لەو رۆژانەدا دەربارەی فرۆتنی موڵکانی دەوروبەری ساوە دەگەڵ یەکێك لە سەرانی دەزگای ئەمندا دەکرا.
خۆلاسە دوای چەندین مانگ ئاغا جەلالیان لە زیندان مەرەخەس کرد. فرود لە کاتی خودا حافیزیدا تکای لەم هاوڕێ کۆنەی کرد کە پەیام و هەواڵێك بە نێرگز بگەیەنێ.
ئاغا جەلال کەوتە مینگەمینگ کە ئیدی کاری سیاسی ناکاتو دەترسێتو ئەمە دواجاری دەبێت کە ئەم جۆرە پەیامە بە نێرگز دەگەیەنێ.
بەڵام لە دوا رۆژەکاندا کە کاتی ماڵاوایی نزیك دەبووەوە دەستی بردو بازووی فرودی گرتو گوتی:
"برا، ئەوەندە پەیگیری نێرگز مەبە".
"بۆ؟"
"چوزانم؟ ئاخر کچێك چۆن دەتوانێ چاوەڕێی پیاوێك بێ کە مەعلوم نیە لە زیندان دەردەچێت یان نا؟"
"ئاغا جەلال، تو غیرەتت ئەگەر شتێك دەزانی پێم بڵێ."
"بران من چ شتێك دەزانم؟ هەر ئەوەندەم دیتوە کە هەندێجار فەیروز دەهاتە لای نێرگز. لەو رۆژەوە کە تۆ لە نەخۆشخانەی سوپا بوویتو رۆژێك هاتبووە دیدەنیت ئیدی پێی بۆ ئەو ماڵە کرایەوە."
فرود هیچی نەگوت، کۆتایی شەو بوو وکاتی بێدەنگی، سەربازەکان لە پشت ژوورەکانەوە دەهاتنو دەچوونو کەس هەقی قسەکردنی نەبوو.دەرگاکان داخرابوونو زندانیەکان هەندێجار بە دەنگی پێی نیگابانەکانا کە دەوەستان دەیانزانی کە خەریکن لە کونی دەرگاکانەوە دەڕواننە ژووری.
رۆژی دوایی لە کاتی خودا حافیزیدا ئاغا جەلال گوتی:
"دوێ شەو بەخۆڕایی شتێکم بە تۆگوت، بە درێژایی شەوەکە خەم لێنەکەوت."
"شەویش لەلای نێرگز دەمایەوە؟"
"نا، هەرگیز"
"پێویست ناکا پەیامی منی پێ بگەیەنی."
"بۆچی؟ خۆ من شتێکی خراپم دەربارەی نەگوت."
"بە قوربانت بم، بڕۆ گوێ مەدەیە."
ئیدی هیچ جەزرەبەیەك لەمە سەخت تر نەبوو. دوای تاشت دەکەوتنە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پێیان دەسپێردا. بەڵام فرود جورمی نەبوو. هێزو توانای نەبوو. ئاخروئۆخری مانگی

ئابان(٢٣/١٠-٢١/١١) بوو دنیا خەریك بوو ساردی دەكرد. كەللە شەكری سپی كێوی ئەلبورز گەورەتر دەبوو. فرود لە حەوشەدا رووەو هەتاو دانیشتو ئەژنۆی گرتە باوەش. شوێنی عەلی پەرستار خاڵی بوو كە پێی ڕابگات. هەموو وایان مەزندە دەكرد چونكە ئاغا جەلال ڕۆییوە بۆیە دڵی گیراوە. كاری بەو نەبوو ئەو ڕۆژە عەلی پەرستاریش دیار نەبوو. ئیدی دەركەوت كە دۆسیەخوانیودادگایی لە دەزگای ئەمندا دەستی پێكردووە. یەكێ مەرەخەس دەكەن، یەكێك حوكم دەدەنو یەكێكی دی ئیعدام. دوای دوو هەفتە هەموو زانیان كە عەلی پەرستاریان تیرباران كردووە. نەیدەویست بێڵێ چاوانی ببەستنەوە بەڵام بە حەزی ئەو نەبوو.
بۆ فرودیش ڕۆژانی ئاشقێنی بەخەیاڵی نێرگز كۆتایی هات. ئەو مەسەلەیەی كە هەموو جارێ لە كاتی قەیراندا خوێناوی جەرگی دەخواردەوە، ڕێك لە بەردەمیا قوت بووەوە. تەگبیر؟ چ بكات؟ بڕینی پەیوەندی؟ بۆ بەدەستی خۆیەتی؟ ئەگەر دڵی بهاتباو بیتوانیبا ڕۆژی بەم ڕۆژگارە نەدەگەیی. نەخۆشو كەسیرە نەدەبوو، گوللەی بەر نەدەكەوت، ئاشق نەدەبوو، بۆ خۆی ئێستا لە شارێكی دوورا ئەوقات یان قازی دەبوو. دەیخواردودەخەوت، ژنی دێنا، منداڵی دروست دەكردو پارەو ماڵی پێكەوە دەنا، زەویومۆڵكوخانووی دەكڕیو هەر جۆرێ بووایە هەڵدەسوڕا.
ئێستا چ كارەیە؟ عەلی پەرستاریان كوشت، هیچ مەعلوم نیە سبەی چ لەوانی دی دەكەن. مانو نەمانی، بوونو نەبوونی بەندە بە لوتفی ساغرییەوە. پیرەمێرە نەخۆشەكە دەچێت لە تەلەفزیونو ڕادیۆداو دەڵێت: "ئەگەر عەفو بكرێم...ئیدی لوقمەی جاسووسیو خیانەت..." فیكرو خەیاڵاتو ئەنجامگیریو مەزندەو درۆكاریو دێوانەبازیوشێتایەتی بە سەرسەریەوە دەخولانەوە. بەرچاویان تاریك دەكرد، ئەوسا سەری گێژی دەخوارد، لە عاردی دادەنیشتو سیمای مەسخ بووی هاوڕێیانی دوێنێی بە ددانی تیژ لە لێوی سەرویانەوە دەرهاتوو، بە چاوانی دەرپۆقیوو بەدەنی رووتی توكنو خوێناوییەوە لە هەموو لایەكەوە هێرشیان بۆ دێناو گەروویان دەگوشی تا هەناسەی بەند دەبوو وخنكە خنكی پێدەكەوت. دەی حیلاند، دەكەوتە لەقەفرتێ. جەنازەكەیان بۆ نەخۆشخانە دەبردو بە هۆشیان دێنایەوە. هەركە بە هۆش دەهاتەوە بۆی دەردەكەوت كە ترسو واهیمە خەریكە بەرەو شێتی دەبات.
لە سێ قۆناغدا ئەم حاڵەی لێهات. سەیری كرد خەریكە جڵەوی لە دەست بەردەبێ. توڕەیی بەسەریا زاڵ بوو، ڕووبەڕووی زەبوونی خۆی بووەوەو هەوڵی دا بە گژیا بچێت. "دەبێ ئەم داوە بێتە بڕین." هەنگێ بیروبیركردنەوە بە ڕێگەیەكی تر دەڕۆیی. "تەنیا لەبەر خاتری ژنێك؟ ژنێ كە تۆ هەرگیز خۆشت نەویستووە؟" كەمو زۆر ئاشقی نەبووی؟ ژنێك كە پێی ڕابواردووی، دەسی دەسی پێ كردووی، ئێستا خەریكە شێتت دەكات. بە چ مەعلوم تۆی خۆش ویستووە؟ ئەگەر وابوایە بە مەلا فەیروزەوە نەدەگیرسایەوە. مەلا فەیروز هەڵی بخەڵەتێنیو ئەو مەمنون بێ، هەر ئەوەی قابیلە، خۆ ئەگەر كەسێكی شایستە بوایە مێردێكی تری باشتری دەست دەكەوت. لە ناو ئەو هەموو خوێندكارو پزیشكانەدا كەسێكی نەدۆزییەوە دەگەڵیا بخەوێ، بەڵێ مەسەلەكە هەڤخەویە. ئەشق چ مانایەكی هەیە؟ دەبێ ببیڕی، چ شتێك ببڕی؟ خۆ ئێستا هیچ پەیوەندیەكیان لە نێواندا نیە تا ببیڕێ، خۆ نێرگز نابینێ!".

ڕۆژان وشـەوانێکی پەرێشـانی گوزەرانـد. لێـرا نامەیـەکی بـۆ بنووسـێت. بـۆ کـێ بنووسـێت؟ بـۆ نێرگز؟ چی بنووسێت؟ باشتر وایـە بـۆ فـەیروز بنووسێت. لـە سـەر هـەمان ئـەو قسـانەی هەفتـەی زەماوەندەکەی مونیرە بڕوات. دان بەوەدا بنێ کـە گفتوگۆکـانی ئـەو ڕۆژە، گفتوگـۆی مەسـڵەحەتی بووە، ڕاست نەبووە، حەقیقەت شتێکی تربووەو ئەو قسانەی لە میوانخانەکەدا کردیـان، بـە هەنـد نەگرێ، وابزانێ گوێی لـێ نـەبووە، فەرامۆشـی بکـات. ئـەو لـە زنـدان دەرنـاچێت. ئەگـەر بـە نیـازی زەماوەندە دەگەڵ نێرگزدا موبارەك بێ. زووتر دەست بەکاربێ. بەختـەوەری ئـەوان دەبێتـە مایـەی شادی ئەو، وفرود لە زینداندا زۆری پێویست بە دڵخۆشییە.
نـا، ئەمـەی بـە دڵ نـەبوو، بـۆ نێرگـز دەنووسێت: بۆچـی چەندین سـاڵە ئـەوی کـردووە بـە ئـامێری هەواو هەوەسی خۆی؟ نـا، ئەمەش باش نیـە؟ نێرگـز لـەوە زیـرەکترە کـە تانـەو تەشـەرەکانی پشـت ئەم جۆرە قسەیە تێنەگات. ئەوەندەی فرود ئەم کیژە بناسێت، ئـەم نامەیـە دەبێتـە مایـەی ئـەوەی کە ئەگەر مەسەلەی زەماوەند لە ئارادا بێ، بەو چـەند وشـەیە هەڵبوەشـێتەوە ریسـەکە ببێتـەوە بـە خوری.
ئەدی مەبەست ئەمە نیە؟
دیسان ئەم پرسیارە بە شێوەی جۆراوجۆر دووبـارە بـووەوە. ئێسـتا ئاشـقی ئـەم کیژەیـە یـان نـا؟

# (١٨)

بەڵام هەرهەموو ئەم خەیاڵڕێسیانە بە چەند قسەیەکی دۆستانەی ساغر بوو بە هەڵمو چوو بە هەوادا، دنیایەکی دیکەی لە ڕووا کرایەوە. دیسان ئومێد رووی پێ نیشاندا، هەر هەموو ژیانی وی ئەمە بوو:ترس و هێڤی، سەرکەوتن و شکست، دابڕان و دیدار، خۆشی رەوتەنی و تاڵی هەمیشەیی. بردنی زندانیانیش بۆ دادگا لەلای فرودوبۆ فرود خەمناك بوو. کیهانیان ئازاد دەکرد؟ ئەوانەی کە لە دەرێ پشت و پەنایەکیان هەبوو. دوا قسەی بابی ئەمە بوو.. من هەرچیم لە دەست هاتووە کردوومە... ئایا کەسێك نیە بتوانێ کۆمەکێکی بکات؟ ئیمام جومعەی هەر لە بیرنەبوو.

ساغر ئاگاداری کردەوە کە سارە بەیانی دەبرێ بۆ تەحقیق و پرسکار داوای کردووە. ئەم چەند وشەیە فرودی گۆڕی.

کاتێ دەزگای ئەمن یان فەرماندارى سوپایی یەکێکی داوا کردبا، عادەتەن ئەو کاتەی کە بۆ ئەوێندەریان دەبرد پێیان دەگوت. بەڵام ساغر حەزیکردو بوو بە خولیای کە بەر لە کاتی بێدەنگی وخەوتن فرود ئاگادار بکاتەوە. ئەم مژدەیە کە دەشیا کلاورۆژنەیەك بێ بەرەو ئازادی، هێندەی دڵخۆش کرد کە دوای چەندین هەیڤ شەوێك تا بەیانی بە ئاسوودەیی نووست.جۆرە خاوبوونەوەیەك بە جۆرێ مەنگی کرد کە خەیالاتی پوچ نەیتوانی بەسەریا زاڵ بێ و دزە بکاتە خەیاڵدانیەوە.

دوای هەڤدە مانگ، بۆ لێکۆڵینەوەیان برد. سەرهەنگێك لەسەروکاری کارەکەی ئەودا بوو، دەیانگوت پیاوێکی نەرموسازگار بوو بەڵام فرود تێ نەگەیی بۆ دەگەڵ ئەودا خراپ هەڵس و کەوتی کرد. هەڵبەتە هیچ بێ تەربیەتی و جنێوێك لە ئارادا نەبوو، بیانووی دەگرت. عادەتەن چەند تۆمەتبارێکی بانگ دەکردە ژوروەوەو یەك یەك تەحقیقی دەگەڵ دەکردن. کە نۆرە هاتە سەر فرود ئەوانی تری کردە دەرەوە. هەڵسوکەوتی دەگەڵ فرودا زۆر دژمنانە بوو. پرسیاری بێ سەروبەری دەکرد، بیانووی دەگرت، لاسایی دەکردەوە. دەتگوت بە دەستی ئەوە کە تۆمەتبارێك مەرەخەس بکات. ئاقیبەتی کارەکە مەعلوم بوو. قەراری ئازاد کردن و پاشان داوانامەی دادسێن.

سەرهەنگ لە قەراری ئاقیبەکەدا تا حەزی کرد تاوانی داتاشی. دەتگوت خۆشی باوەڕی کردبوو کە فرودیش یەکێکە لە سەرانی حیزب، دەتگوت فرود سەبەبکاری هەموو ئەو تاوان و خیانەتانەیە کە داویانەتە پاڵ حیزب. هەر چەند بیری کردەوە تێنەگەیی کە هۆی نا میهرەبانی ئەم ئاغایە،کەگوایە بە پیاوێکی بە ئینسافیان دەزانی، چیە. لە هەمووی خراتر گرژیومۆنیەکەی بوو.

زۆری نەبرد کە فرودو هاوقەزیەکانی فرودیان بۆ دادگا برد. ئەڵڵاخوایی سەروانێکی، کە جاران لەن دادگا سوپاییەکاندا کاری دەکردو ئێستا خانەنشین بووبوو، کرد بە وەکیلی خۆی، یانی دەبوایە بیکات بە وەکیل (ئەوقاتی بەرگری).بەلەنگازە بە مووچەی خانەنشینی نەدەژیاو ناچار بوو لەم ڕێگەیەوە پارەوپولێك پەیدابکات. ئەم جەنابی سەروانە ڕۆژێك هاتە دیدەنی فرودو چەند

تۆمەتبارێکی دی. ئەمانە وایان دەزانی بەو زووانە دۆسیەخوانی دەست پێدەکاتو دەبێ چۆنیەتی بەرگری خۆیانی دەگەڵا باس بکەنو دوا بەرگری خۆیان ئامادە بکەن. نا، شتی وا لە ئارادا نەبوو.جەنابی سەروانی خانەنشین، فشەی هەڵدەڕشت:
"ئێوە هەقتان بەسەر بەرگرییەوە نەبێ، ئەم قسانە لە دادگای سوپاییدا بێ سوودە، یەك پولی قەڵب نایەنێ، من کارەکانم لە دەرێ ڕاکردووە. ئێوە هەقتان بەسەر ئەم کارانەوە نەبێت."
بە بڕی ئەو پارەیەی کە لە خانەوادەکانی وەردەگرتن دەشیا بە مەزەندە بزانرێ کە هەر یەکەیان چەند ساڵ حوکم دەدرێن.
حوکمەکەی فرود بە گوێرەی ئەو بڕە پارەیەی کە دایکی بەڵێنی دابوو، ناوەنجی بوو.
دادگای سوپایی،دالآنێکی نیوە تاریك بوو کە پەنجەرەکانی بەلای دیوارێکی بەرزدا دەکرانەوە. دوا نیوەڕۆ بوو ودالآنەکە تاریك بوو. فانۆسێك بە بن میچەکەوە هەڵواسرابوو کە گڵۆپێکیان تیا دانا بوو.سێ ژووری دەرگا داخراوی روو لە رۆژهەڵات هەبوو. لەبەر دەرکەی هەر یەکێکیاندا سەربازێکی تفەنگ بە دەست وەستا بوو. لە یەکێك لە ژوورەکانەوە دەنگی چەند ژنو پیاوێك دەهات. هەرهەموویان پێکەوە دەنگە دەنگو هاتو هاواریان بوو. فرود وای هاتە خەیاڵ دەنگی حاجیە خانم دەژنەوێ. ئەوجا دەنگی ئامیرانەی پیاوێکی بە تەمەن هاتەگوێ.
"چیتانە؟ ئێمە کەسمان حوکم نەداوە. ئەمانە تۆمەتبارن. خۆ تۆمەتبار حوکمدراو نیە.. تۆمەتبار بە خیانەت..."
دەنگی حاجیەخانم لە ژوورەکەوە هات، لە تۆ وایە بابایەکی حیزبیەو خیتاب دەدا: "کوڕەکەم تا لای ئێمە بوو، تا لەبەر دەستی ئێمە دابوو بێ عەیب وعارو گوێڕایەڵ بوو. ئێوە واتان لێکرد. ئێوە لەوان خراپترن. ئیدی بیتاقەتان بۆ دەرچووە، ئێوە لە سەرێ دانیشتوونو ئەوان لە ژێر دەستی ئێوەدا..."
فرود پاشماوەکەی گوێ لێ نەبوو. دەرکەی دوا ژووری دالآنەکەیان ڤەکردو زندانیەکانیان بۆ دادگا برد.سەرۆکی دادگا بە دەموچاوێکی سوور هەڵگەڕاوی تووڕەوە وەژوورکەوت .سەروان، ئەوقاتی بەرگریکار، فرودی پێ نیشان دا. لە خەیاڵی خۆیدا وای دانا کە دەبێ ئێستا بە توندترین سزا حوکمی بدەن. بەڵام کابرای سەروان ڕاستی کردبوو، پێشوەختە ماوەی حەپسی هەر یەکێکیان دیاری کردبوون. بەرگری دایکانوخوشکانو خۆیان هیچ دەورێکی نەبوو.هەنگێ فرود پەی بەوە برد کە بۆچی کابرای سەرهەنگی موحەقیق دەگەڵی توند بووەو هێرشی کرووەتە سەر. بێگومان دایکی قسەی رەقی دەگەڵ کردووەو ویستویەتی داخی دڵی خۆی بەسەریا برێژێ. دیارە لە هەمان ئەو قسانەی کە ئێستا بەسەرۆکی دادگای گوت بە پرسکارەکەشی گوتووە. فرود پێکەنینی هات. حەزیدەکرد لە وتەی بەرگریەکەیدا لە دایکی تێپەڕێنێ. بەڵام فایدەی چیە. پێشوەختە چەندیەتی سزاکە دیاری کراوە.
گوتەی بەرگرییەکەی تەنیا چەند رستەیەکی کورت بوو، شتێك بوو بەم ناوەڕۆکە:
"بە بەلاش ئێمەتان حەپس کردووە. ئێمە چ گوناهێکمان کردووە؟ ئەندامی دەستی دووەمو سێیەم بووین. ڕابەران هەموو هەڵاتن. وازمان لێبێنن بۆ خۆ بژین."

لە هەمووان باشتر وخۆشتر بەرگریەکەی سوڵتانی بوو.چیرۆکی ئەو نەواژەنانەی گێڕایەوە کە ڕۆژێك لە حوزوری شادا سازی باشیان لێداوە. شا دەستوری دا بە هەر یەکێك لەو نەواژەنانە پڕ بە ئامێرە مۆسیقاییەکەیان ئەشرەفیان بدەنێ. یارۆی قەرەنی ژەن یەك ئەشرەفی پێ بڕاو یارۆی تەپڵ کوت چەند سەد سکەیەك. ڕۆژێکی تر شا سازەکەیانی بە دڵ نابێ، فرمانی دا ئامێرە مۆسیقاییەکەی هەر یەکێکیان لە قوونی بڕن. جا ئێوە بیری لێ بکەنەوە کە چی بەسەر یارۆی قەرەنی ژەن هات، کەچی کابرای تەپڵ کوت بە ساغ وسەلامەتی دەرباز بوو. بۆ هاودۆسیەکانی حوکمی ساڵو نیوێکیان بڕیەوە. بۆ فرودش هەمان ئەو ماوەیەیان بڕییەوە. یانی هەمان ئەو ماوەیەی کە لە ڕۆژی بریندار بوونیەوەو کەوتنی لە نەخۆشخانەو مانەوەی لە زینداندا بردبویە سەر. بۆ هەندێکی دی دوو ساڵو سێ ساڵ، ئیدی بێتروکەمتر.

ئەم حوکمە وەکو تۆپ لە زنداندا دەنگی دایەوە،هەر لە دادگاکەدا لە ناکاو سیماکان گۆڕان. گومانیان لە هەموو ئەو کەسانە پەیداکرد کە حوکمی ساڵونیو درابوون، دەیانگوت تەنیا هەژدە مانگ؟ ئەوانەی کە بەینیان دەگەڵ فرودا خۆش بوو دەیانگوت: بەختت یاربوو کە دەگەڵ فلان کەسدا کرای بە هاوجورم.چونکە ئەو ناوی خەڵکانی دابوووتەنیا ساڵو نیوێکیان بۆ بڕییەوە، لەبەر ئەوە نەیاندەتوانی حوکمی زیاتری تۆ بدەن. ئەم مقۆمقۆ و واتە واتە پتر لە دوو سێ ڕۆژان درێژەی کێشا. زیندان هەمیشە ئەم جۆرە قسانەی تیابوو. دوای ماوەیەك کۆتایی دەهات.

ئەم حوکمە فرودی لە زەوییەوە بردە ئاسمانولە ئاسمانەوە خستیە سەر زەوی. ژیان لەبەر چاوی گەشایەوە: ئازاد دەبێت، تا چەند هەفتەیەکی دی دەرگای زیندانی لێدەکەنەوە.

نێرگزی وەیاد هاتەوە، یەکسەر بە ئاماژەی دەست ڕەتی کردەوە. نابێ ناوی بێنێ. ئەو فرودە مرد، ئەو نێرگزەی جاران نەما. ڕێ نادات گەمەی پێبکەن. ئێستا خۆی لە بەینی ئەرزو ئاسماندا دەبینی. لە مۆڵەقا بوو، هەر دادەکشاو پێی نەدەگەییە عاردی. بە خەیاڵ کارەکەی نەدەبڕایەوە. دەبێ سەر لە نوێ دەست بە ژیان بکاتەوە، بە هەوڵوخەباتێکی دی، بە ئامانجو مەبەستێکی دی، بە ئەشقو ڤیانێکی نوێ.

بەڵام بەدەرچوونی حوکمەکە هەموو شتێك تەواو نەبووبوو. ساغر لە سەرۆکی دادگاوە، لە پرسکارەوەو لە هەموو کەسێکەوە پەیامی دەهێنا: ئەگەر دەستبەرداری کارە ناماقولەکانی نەبێ بەری نادەن. ئەگەر فلان کەسیان بەرداوە لەبەر ئەمەیە کە ژنو منالی هەیە. بە بۆچوونی دەزگای ئەمن ساڵو نیوێك کەمە، سوورن لەسەر ئەوەی فرود زیاتر لە زینداندا بهێڵنەوە. سەرۆکی دادگا لە ڕێگەی ساغرەوە هەڕەشەی دەنارد کە وانەزانێ کە گوێیان لە ڕاسپاردەی ئیمام جومعەی شارەکەیانە. لە ئایەتوڵلاو حوجەتول ئیسلامان ناترسن. هەفتەیەكو دووانو سیان تێپەڕی. ئاقیبەت دادگای پێداچوونەوە پێك هێنرا. زۆربەی حوکمەکانی دادگای بەدائەی سەلماندوپەسند کرد.

بەڵام هەژدە مانگ تەواو بوو وفرودیان مەرەخەس نەکرد، هاودۆسیەکانیشیان مەرەخەس نەکردن. خەبەریان هێنا کە ڕەئی دادگا چووەتە تەمیز. خۆشبەختانە خانەوادەکان لەوێ کەسوکاریان هەبوو وئەوقاتانی بەکرێ هەبوون کە کارەکانیان دەجوڵان. ئەوی ڕاستی بێ هەوڵو

تەقەلای خانەوادەکانو نامەنووسی حاجی ئاغا بۆ ئاخوندانی تاران بووە بایسی ئەوەی کە دیوانی باڵای ناوخۆ هەمان رەئی دادگای تەمیزو پێداچوونەوەی ئیمزا کرد.
لە بەهاری ساڵی ١٣٣٧دا فرود لە زیندان ئازاد بوو. چ ئازادیەك!لەبەر دەرگای زیندان وەستا بوو، هیچ کەسێك لەوێندەر نەبوو، کەس نەیدەزانی کە فرودێك لەم دنیایەدا هەیە.خەڵکی تاك تاك دەهاتنودەرۆیشتن. درەختان تازە چرۆیان کردبوو. زەوی بۆنێکی تایبەتی لێدەهات بۆنێك کە نە لە زیندانی زرەهیو لە زندانی قزل قەڵادا هەبوو. چۆن دەبێ کەسێکی ئاشنا پەیدا نەکات. وڵات ئارام بوو.پاسەوانێکی نۆبەداری بەردەکەی زندانەکە کە خەریك بوو کۆترێکی دان دەدا، هاتە لای فرودو لێی پرسی:
"چەندی تیا مایتەوە؟"
بە سەروسەکوتیا تێگەیی کە دز نیە بەڵام بە سیاسیش نەدەچوو.
"نازانم، یەك دوو ساڵێك تۆزێ زیاتر تۆزێ کەمتر."
"کەواتە دژە ئاسایش بووی"
"دژە ئاسایش چیە؟"
"یانی سیاسی بووی. ئاخر ئێمە زیندانی سیاسیمان نیە".
ئەگەر کەست نیە سەبربکە، ئێستا زۆر کەس دێن.
فرود گوتی: "نا، خۆم دەڕۆم."
پێکەنین گرتیو کەوتە رێ. دوای چەند سەعاتێك خۆی لە گەڕەکەکەی نێرگزدا بینییەوە، گەڕایەوەو شەوی لە ئوتێلێکدا ڕابوارد.
دوو سێ رۆژ وێڵو سەرگەردان بوو. زاتی نەدەکرد بۆ ماڵەکەی نێرگز بچێت. ئاغا جەلال لە شارا نەبوو. هێشتا لای ئەربابەکەی جارانی کە لە زیندانی دەرهێنا بوو، شوفێری دەکرد. یەك دوو جار تا بەر ماڵەکەی نێرگز رۆیی تا ئاغا جەلال ببینێ، نەیدۆزییەوە. ئەو کاتانە بۆ ئەو گەڕەکە دەچوو کە بە خەیاڵی خۆی نێرگز لە خەستەخانەیە. خۆ ئەگەر بە رێکەوت کەسێك لە کۆنە هاوڕێیانی جارانی لە کوچەوشەقامەکاندا دیبای رووی وەردەگێڕا، یان لەبەر ئەوەی (پاکانە)کانیان لە رۆژنامەدا بڵاوبووبووەوەو تەریق بوون یان لە ترسی ئەوەی نەبا بەهۆی دیداری یەکێك لە زیندانییە غەزەب لێگیراوەکانەوە گیرۆدە بنو ژیانیان بشێوێ. فرود دوو دڵ بوو، نەیدەزیانی کێوە بچێت، واباشتر بوو کە بۆ شارەکەی خۆیان بگەڕێتەوە، بەڵام حەزیدەکرد لە پێش ئەمەدا لە نێرگز دڵنیا ببێ.
لە هاوشاریەکانی خۆی تاقیبی فەیروزی کرد.بۆ دەرکەوت کە لە قوتابخانەیەکی نزیکی تەجریش دا بەڕێوەبەرە. هەر لەوێندەر ماڵێکی بەکرێ گرتووەو دەژی. وای بە بیردا هات کە سەردانی فەیروز نەك هەر هۆیەکە بۆ جسوجۆی وەزعو حاڵی نێرگزو مەرامو نیازی بەڵکو قەرزێکیشە کە پێویستە دەرهەق بەو ئازایەتیەی کە نواندوویەتیو لە رۆژانی تەنگانەدا گیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوەو هاتووەتە دیدەنی ئەو،بیداتەوە.

فرود،دۆستە دێرینەکەی کە سەردەمانێك خراپ ڕەنجاندبووی، لە قوتابخانەی تەجریشدا دۆزییەوە، قەراریان کرد شەوێ لە ماڵی فەیروزدا یەکدی ببینن.
پێشوازی لە ماڵەکەی فەیروزدا یەجگار گەرمودۆستانە بوو. دوو ژووری لە نێو باخچەیەکدا لەباخەوانێك بە کرێ گرتبوو. بەهار جوانیوجلیوەی دەفرۆشت. دنیا نە سارد بوو ونە گەرم. تەنکە نمێك گەشیو تازەیی بە گەڵا شمشادەکان دەبەخشی. جۆگەلە ئاوێك لە ڕۆبارۆکێکەوە دەڕژایە ئەستێڵەکەوەو لەوێوە بە ماڵی داروسێکەیدا دەڕۆیی.پەڕەسێلکان لە ژێر تاقێکدا کردبوویان بە هەراوزەناو لێرەوە بۆ ئەوێ دەفڕینو بە دەندوکە زەردەکانیان خواردنیان دەتەپاندە زاری بێچووەکانیانەوە. فرود هەستی دەکرد نوقومی ئارامیو خۆشیەك بووە کە دەمێ ساڵ بوو لێی بێبەش بوو. فەیروز قۆڵی بە قۆڵیا کردو بردیە سەیری ناوەوەی ژوورەکان.
کەلوپەلی هەردوو هۆدەکە بە سەلیقەومودێرن بوو. لە ژوورێکی بچووکدا مێزێکی نووسینی چکۆڵەی پڕ لە کتێبو دەفتەرێن قوتابیانو وێنەیەکی نێرگز دەبینرا. وای هاتە بەرچاو ئەمە هەمان ئەو وێنەیەیە کە پێکڤەو دوای رابواردنێك لە ستۆدێو جەواندا گرتبوویانو وادیارە فەیروز وێنەکەی ئەوی لابردبوو وتەنیا وێنەکەی نێرگزی لە چوارچێوەیەکی قاوەیی گرتبوو.لە سووچی ژوورەکەی دیدا تەختە خەوێك دانرابوو کە پەردەیەکی پەمەیی بەسەرا درابوو،فەیروز لە سەری دەنووست. هەروەها مێزێك وچەند کورسیەك کە پەردەیەکی سپی بەسەر مێزەکەدا دابوو، نانو پەنیرو کەرەو ماستو خەیاری تازەو تەرخوونو چەقالەو قاپێك عارەقو چەند پەرداخێکی لەسەر بوو.
"ماڵێکی جوانت دروست کردووە، بە تەمای هەر لە شەمێران بمێنیتەوە؟"
"نا، ئەگەر بە دەستی خۆم بێ حەزم لێیە بۆ شارسان بگەڕێمەوە، بەڵام بە دەستی خۆم نیە، حەزت لە چیە بۆت ئامادە بکەم؟ با جارێ چایەك بخۆینەوە، ئەوسا شیو بخۆین. ناتوانم خواردنی گەرم دروست بکەم. نیوەڕۆیان لە خوارنگە فراڤین دەخۆمو یان بە کەبابی بازاڕیو نانی سەنگەك هەڵدەکەم. شیویش بە حازری دەکەم."
فەیروز لە حەوشەدا سەماوەری پێکردبوو. دووکەڵکێشەکەی لابرد بوو وفووی لە سەماوەرەکە دەکرد. پزیسکەکان لە نێو ئاگردانەکەیداو لە بولێڵەکەدا دەگەشانەوە.فرود لە ژووری یەکەم وەستا بوو وتەمەشای وێنەکەی نێرگزی دەکرد. لە پڕ وای بە خەیاڵدا هات کە مانەوەی لەم ماڵەو لەم شارەدا وەخت بە فێرۆدانە. واچاکە هەر لێرەوە یەکڕاست بۆ شارسان بڕوات. بەڵام بیری کەوتەوە کە رۆژێك لە رۆژان بێ ویستی خۆی ئەم بنیادەمە دڵپاکەی ڕەنجاندووەو دڵی شکاندووە. وای بە چاکزانی خۆی لە گێلی بداتو وابنوێنێ کە گەرەکیە قەرەبووی لوتفو مەحەبەتو ئازایەتی ئەو بکاتەوە، چاکەی بداتەوە.
فەیروز بە سینیەك چایو قەندو ئاولیمۆوە گەڕایەوەو لەسەر مێزەکە، لای دەفتەرەکانەوە داینا.
"بۆ دانانیشت؟ حاڵت چۆنە؟ هێشتا هەر ناڕەحەتیت هەیە؟"
فەیروز پەیتا پەیتا قسەی دەکردوچاوەڕوانی نەدەکرد گوێی لە وەڵامی فرود بێ. ئەم عادەتە هەمیشەییەی دۆستە دێرینەکەی بە دڵی ئەو بوو. چی هەبوو بیڵێ، دووبارە کردنەوەی شتە

کۆنەکانە. فەیروز چونکە لە بێدەنگی دۆستەکەی دەترسا، درێژەی بە قسەکانی خۆی دەدا، بە تایبەتی کە فرود چاوی لە وێنەکەی نێرگز هەڵنەدەگرت.
"ژیانی من لێرە کاتیە. تۆزێکم رەزیلی کردووە. لە شاریش شتێکم لە ماڵە باوان پێبڕاوە. دەمەویٚ بیفرۆشم‌و ماڵ‌وحاڵ‌و ناو ماڵێك کە بۆ ژیانی ئەمڕۆ دەست بدات پێکەوە بنەم. بەم رادێو بچووکە کاری بنیادەم ڕایی نابێت، دەمەویٚ تەلەفزێون بکرم، یەخچاڵیش زەروریە، ژیانی ئەمڕۆ بەبیٚ ئەم شتانە ناگوزەریٚ."
"ئەدی کەی زەماوەند دەکەی؟"
"هێشتا مەعلوم نیە، بەر لە موناقەشەی دۆسیە خوانی‌و تەحقیق‌و دادگایی تۆ، زەماوەندەکەمان خەریك بوو سەری دەگرت. بەڵام ئاغا موعەلیم داوای کرد کەمێك سەبر بکەین بەڵکو تۆش بەر بیت، باوەڕ ناکەم ئێستا ئیتر هیچ کۆسپێك لە ڕێگە بیٚ. بەڵام ئیدی پێویستە نێرگز‌و ئاغا موعەلیم بڕیار بدەن.لە وەختێکی زۆر باشدا هاتووی بەڵکو ئەم کارەش بڕیتەوە".
"من؟"
"جا کیٚ لە تۆ باشترە؟ هەم دۆستی کۆنی منیت‌و هەم شارەزای نێرگزیت. ئەوی راستی بیٚ دەبیٚ ئەوە بڵێم کە پێویستە داوای بوردن لە تۆ بکەم. من قسەکانی ئەو رۆژەی میوانخانەکەم بە تەواوەتی فەرامۆش کردووە تۆ درۆیەکی مەسڵەحەتت کرد. دەمزانی کە هەرگیز پەیوەندیت دەگەڵ نێرگزدا نەبوو. ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاست بیٚ، من پێم وایە تازە ئەمشەو درەنگە، سبەی شەو لە شارا، لە شوێنێکدا یەکتر بدینین‌و پێکڤە بچینە دیدەنی نێرگز، یان ئەگەر حەزدەکەی هەر خۆت بڕۆومەسەلەکە بڕێنەوە."
"نا، نا، ئەمە کاری من نیە."
"تۆ هەر دەبیٚ دەور بدینی، چونکە نامەویٚ لەوەی پتر چاوەڕوان بکەم."
شیویان خوارد. بە مەزەی دۆغرەمەو نانی تافتونی شەمیرانەوە عەرەقیان خواردەوە. سەریان گەرم بوو، وباسی هەموو شتێکیان کرد، تەنیا ئەو شتە نەبیٚ کە گیانی فرودی دەسووتان. بەدەم مەستیەوە کەوتە زاری‌و هەنسك هەڵدان، فەیروزیش بەشداری گریانو زاریەکەی کردو ئەنجام هەردووك دەستیان لە ملی یەکدی کردو چوونە نێو حەوشەکەو لەسەر عاردە شێدارەکە پاڵ کەتن‌و کەوتنە گوێگرتن لە خوڕەخوڕی ئاوەکەو چاویان بڕیە ستێرانی ئاسمانی شین‌و هێور بوونەوە.
فرود شەوی لە ماڵی فەیروزدا قەتاند. بە لێفەو دۆشەکێك لەسەر عاردی خەوت‌و بەبانی کە لە خەو بێداربووەوە سەیری کرد فەیروز خۆی گۆڕیوە. تاشتی ئامادە کردووەو دەیەویٚ لە ماڵ وەدەربکەویٚ.
فرود دڵی پاك بووبووەوە. هیچی دەرهەق بەو لە دڵدا نەبوو. وای هاتە بەرچاو کە چیرۆکی ڤیانی ئەو ئەفسانەیەك بووەوگوزەشت. خەریك بوو بڕیاری دەدا یەکسەر لەوێندەرەوە بۆ شارسان بڕوات. واز لە دیداری نێرگز بهێنیٚ‌و تاران بەجیٚ بێڵیٚ. بیری کەوتەوە کە بەدەم مەستیەوە قەولی بە فەیروز دابوو پاش نیوەڕۆ یەکتر بدینن‌و پێکڤە بچنە دیدەنی نێرگز. بەڵێنەکەی خۆی بردە

سـەرو هــەمان ڕۆژ، عەسـرەکەی جووتـە هـاوڕێ لـە چـواری ڕێیـانی نـادری، نزیکـی گـەراجی ئوتوبوسەکانی شەمیران یەکتریان بینی. سەعات پێنجی دوا نیوەڕۆ بوو. نێرگز عادەتـەن سـەعات شەشـی دوای نیـوەڕوان و هەنـدێجار درەنگـتر بـۆ مـاڵ دەهاتـەوە. قـەراریان کـرد بـە تاکسـی بـۆ ماڵەکەی نێرگز بڕۆن. بەڵام لەسەر پێشنیازی فەیروز بە پێیان ڕۆییشتن. فرود لـە ڕێگـەدا هەسـتی کـرد کـە هاوڕێکـەی گەرەکیـەتی شـتێك بڵێـت. هـیچ پەلـەی نـەبوو کـە زووتـر بگاتـە ماڵـەوە. لـەوە دەچوو نەیەوێ لەسەر سەعات شەشدا لەوێ بێ.

فەیروز لە ڕێگەدا نەیدەتوانی بێدەنگ بێ، هەڕدەر هەڕدەر قسانی دەکرد. باسی. ئاغا موعـەلیمی کرد کە ئیدی پیر بووەو دوا پولێك کە دەستی دەکەوێ دەیدات بە کتێب، وەکو جاران شـەوان دەگـەڵ حـاجی ئاغـادا بەسـەر دەبات. ئەگـەر ئـەو نـەخۆش بـێ لـە ژووری کتێبخانـەدا دەبـن و تـا نیوەشەو پێکەوە قسان دەکەن و هەنووکە حاجی ئاغا دڵی بە بەدری خۆشـەو لـەودا سێبەرێکی فرود دەبینێ.

باسی حاجیە خانمی کرد، ومونیرە کە بووە بە دایکی دوو منداڵ، وهـەروەها باسـی مێردەکـەی کرد کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ دەوڵەمەنـدتر بـووەو دوورنیـە بـەو زووانـە ببـێ بـە نوێنـەر. لـە هـەموو شـوێنێ کەین و بەین هەیە.

فرود گوێی دەگرت و نەیدەبیست. حەواسی لـە جێیـەکی دی بـوو وسـەیری لێدەهات کـە بۆچـی فەیروز لە ڕێکردندا ئەوەندە خاوەو هیچ پەلەیەکی نیە کە زووترو لە وەختا بگەنە ماڵەکە. تاقەتی چوو:

"ناتەوێ سەری سەعات شەش بگەین؟"

"با، دەمەوێ بەڵام..."

"پێت باش نیە من بێم..."

"نـا، بـە پێچـەوانەوە، بـە خـۆت دەزانـی، بـۆ وەی تووشـی دڵـەکوتێ و لەخۆچـوون نـەبێ، نـابێ بوڕوژێ. هەرکاتێ بهاڕوژێ هەمان تاس و هەمان حەمامە..."

"کەواتە من دەڕۆم.."

ئەوەی ڕاستی بێ دەیویست یەکسەر بۆ گەراج بڕوات و بە زووترین کات سەفەر بکات..

کەواتـە هێشـتا ئـەم نەخۆشـیەی مـاوە، ئـەم لـە خۆچـوون و بورانەوەیـە چ بیرەوەریـانێکی زنـدوو دەکردەوە؟ خۆشترین ڕۆژانی ژیانی ئەو بوو. گرتن، خەم و خەفـەت، تـرس و دڵـەڕاوکێ، تێشـکان و حەقارەت چواردەوری ئەو ڕۆژانەیان دابوو. چەند ڕۆژێکی خۆشی لە نێو ئوقیانووسێکی پـڕ لـە پێل و شەپۆلانی تاریك وکوشندە ڕابوارد. فرود بۆ دەمێك چاوەکانی نوقاندن و سەری لەقاند.

دەبێ ئەم بیرەوەریانە لە مێشکیدا بسڕیتەوە. نا، لێی گەڕێ بڕوات.

فەیروز قۆڵی گرت:

"بۆچی ئەوەندە پەلە دەکەیت؟ ماوەیەکە چاوەڕوانی مەرەخەسی تۆیە. لە خودای گەرەکە تـۆ بـدینێ. ئـەمڕۆ ویسـتم بـە تەلـەفۆن ئـازاد بـوونی تـۆی پـێ ڕابگەیـەنم. زۆرم تەلـەفۆن بـۆ کـرد پـێم

وەرنەگیرا، ئێستا دەترسم غافڵگیر بیٚ. باشتر وایە تۆ لەبەر دەرگا بوەستی تا من بڕۆم بەرە بەرە تێی بگەیەنم".

"ئەگەر وابیٚ قەیدی نیە. ئەدی بۆ زووتر قسەت نەکرد؟"

"رووم نەدەهات."

ئەوجا باسی نەخۆشیەکەی نێرگز کرا. فەیروز بۆ خۆی بووبوو بە دکتۆرێکی تەواو.دەیزانی کاتیٚ کە ئەم حاڵەی لیٚدیٚ دەبیٚ ڕابکشێت، سەری لە عاردی دابنیٚ، لە دۆشەك یان سەرینەکەی نزمتربیٚ، ولاقەکانی بەرزبن، هەوای تازە هەڵمژیٚ، دوگمەی جلەکانی بکرێنەوە، ئاوی سرکە بە لەشیا بپرژێنریٚ. کە لە حاڵی بێهۆشیدا بیٚ نابیٚ هەرگیز ئاو یان شلەمەنی بخواتەوە، ئەگینا لەوەیە شلەکە بچێتە سیپەلاکیەوە،وئەگەر بێهۆشیەکەی درێژەی کێشا ئەوا دەبیٚ دکتۆر بێتە سەری و دەرزی لێبدات. ئەگەر هۆی بورانەوەکە گوشاری زیادی خوێن بیٚ ئەوا دەبیٚ لە خواردن پارێز بکات...

فەیروز دەیویست درێژە بەم باسە بدات بەڵام فرود قسەی دایە بەر قسەی و نەیهێشت لەسەر بڕوات. گەیی بوونە نزیك ماڵەکەی نێرگز. لەسەری شەقامی نەتەنزدا وێستاو کەوتە تەمەشا کردنی دوکان و موغازەکان وفەیروزی نارد.

هەرگیز باوەڕی نەدەکرد دیداری نێرگز دوای بەربوونی لە زیندان بەمجۆرە بێت. هەمیشە تەسەوری ئەمە بوو کە دلبەر دەگەڵ دایکیا لەبەردەرکەی زیندان دێنە پێشوازی و بۆ ماڵی ترشیزی دەبەنەوەو ئەویش بیٚ ئەوەی شەرم بکات و لە ڕوودامێنیٚ یەکەمجار دایکی ماچ دەکات و پاشان نێرگز لە هەمێز دەگریٚ و بە زۆری ئەو هەرسێکیان یەکڕاست بۆ شارسان دەڕۆن و رۆژو رۆژگارێکی نویٚ دەست پێدەکات. فرود لە دادگای شارەکەی خۆیان کارێك بە دەست دێنیٚ و مووچەیەك وەردەگرێت و هەمیشە نێرگز یارویاوەری ئەو دەبێت. دڵنیا بوو لەوەی کە لەم ژیانە نوێیەدا بابی و ئاغای پایەدار دەست دەدەنە باڵی و ئەویش دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە زامەکەی تیمار بکات و رابردوو بەتەواوی ژبیر بەرێت و سوود لە ئەزموونەکانی وەربگرێت و ژیانێکی کۆمەڵایەتی نوێی پڕ بە پێستی پێویستییەکانی رۆژ بگرێتە بەر.

زەمینەی هەموو ئەم وێناو خەیاڵاتە ڤیانی نێرگز بوو کە لە سایەی ئەو ڤیانەدا بەختەوەرو کامەران دەبوو.

بەدەم گەڕان و پیاسەوە لە شەقامی نەتەنزا لەبەر موغازەیەکی گوڵفرۆشیدا وەستا بوو دەیڕوانیە ئەو گوڵە باخە سوورە جوانانەی کە لە گوڵخانەکەدا نەشونمایان کردبوو و نزیکەی دوو ساڵ لە زیندان و دەربەدەریدا وێنەی نەدیتبوون. حەزیدەکرد چەند دانە گوڵی هەرەجوان بکڕێت و بەو گوڵانەوە بۆ لای نێرگز بڕوات.

لە ناکاودا دنیای واقیعی سڕی کرد. حەپەسا. سەیری کرد لە چەند تمەنێکی کەم پتر لە گیرفانیدا نیەو ئەگەر سوڵتانی چەند تمەنێکی نەدابووایە، نەیدەتوانی لە قزل قەڵاوە خۆی بگەیەنێتە شار.دنیا زۆر بیٚ روحم بوو.

لە گەرمەی ئەم خەیالاتەدا فەیروز قۆڵی بە قۆڵیداکردو بە دوو قۆڵی بەرەو ئەو کۆڵانە دایانکێشا کە ماڵەکەی نێرگز لەوسەریا بوو. فرود بە هاوڕێکەی گوت:

"من دەخوازم سبەینێ بڕۆم بۆ شارسان. دەتوانی تۆزێکم پارە بە قەرز بدەیتێ".

"خەمت نەبێ. جارێ چەند رۆژێك لای ئێمە بمێنەوە. لەوەیە ئەگەر کارەکەی من بڕێتەوە پێکەوە بۆ شارسان بڕۆینەوە".

لەو سەری کۆڵانەکە، لە پاڵ ئەو دیوارە گڵانەی، کە رۆژێ لە رۆژان ئەسپ و گالیسکەکانی ئاغاکەی، ئاغا جەلال بەوێدا رەت دەبوون. نێرگز لە ئاستانەی دەرگاکە وەستا بوو، بە زوڵفانی پەرێشان، بە هەمان ئەو جلانەوە کە پێوەی بۆ خەستەخانە دەچوو. ئەم ئافرەتە کە ئەوەندە دەستی بە خۆیدا دێناو بە خۆی ڕادەگەیی و بۆ خۆشی خۆی بە سەعاتان خۆی جوان دەکردو دەڕازاندەوە تا دڵان ببات و نازونوز بکات، لە کەیفان بیری چووبوو دەستێك بەسەرو سیمای خۆیدا بێنێ. ددانی خستبووە سەر لێوی و هەموو هێزو توانای خستبووە کار کە هەرەس نەیەنێ. هێشتا چەند هەنگاوێکیان لە بەینا مابوو، خۆی پێ نەگیرا، دەستی درێژ کردو گوتی:

"بە قوربانت بم، دوو رۆژە لە زیندان هاتوویتە دەرو ئەمڕۆ دێی بۆ لام؟ تۆ رەحمت نیە؟"

فرود حەپەسا بوو، نەیدەزانی چ بکات. ئاوڕی دایەوە تا بزانێ فەیروز چ دەکات و چ دەڵێ و چ روو وروخسارێك دەنوێنێ. بەڵام فەیروز لەو ناوە نەبوو. یەکسەر وای هاتە بەرچاو ئەم ماستە موویەکی تیایە. هەردووکیان لەم گەمەیدا شەریکن. فەیروز بەم مەرامە بۆ چەند ساتێك بە تەنیای جێهێشتون تا "کارەکەی ئەو بڕێننەوە."و نێرگزیش بەم نیازە کە لە چەندساتی یەکەمی دیدارەکەیاندا فرود لە خۆی ئومێد بڕنەکات، نەبادا بەڵایەك بەسەر خۆیدا بێنێ. بەڵام ئەمە خەیاڵی رووت بوو، نێرگز دەستی گرت و بردیە ژوورەوەو وتی:

"فەیروزم نارد شتێ متێکمان بۆ بکرێ. مەترسە هەنووکە دەگەڕێتەوە."

ئەمە یەکەمجار بوو کە ناوی فەیروزی بەبێ لەقەبی (مەلا) دەبرد. ئەمە نێرگز بوو، ئەو کیژەی کە لە شوومترین کاتەکانی ژیاندا بە مایەی ئومێدو چەلەنگی ئەو دەژمێردرا، ئەو ئافرەتەی کە ئەوی تەزاندبوو وچاکیشی کردبووەوە. ئەمە هەمان ئەو نێرگزە بوو کە بە بۆن و بەرامەی دڵگیریەوە لە سیاچاڵە تەنگ وشێدارەکاندا، خۆی بە جەرگەی خەونە سامناکەکانیا دەکرد. ئەمە ئەو نێرگزە بوو کە لەوە بوو هەرگیز نەی بینێتەوە، ئەو ئافرەتەی کە ئەوی دێناو دەبرد، چارەنووس چ گەمەیەکی غەمناکی پێدەکات کە (کارەکە بڕینێتەوە).

نێرگز لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا هیچ نەگۆڕابوو. جوانتر بووبوو، خەتێکی ناسك ودڵگیر کەوتبووە لای چەپی لێوی. هیچ گۆڕانکارییەکی نەکردبوو. هۆدەکە بە هەمان شێوە بوو کە فرود دوو ساڵ لەوە پێش بینی بووی. مافورەکان هەندێ نوێترو گرانبەهاتریان دەنواند. دوو دانە مۆبێلەی ناو چاڵی سەوزو چەند پەردەیەکی رێ ڕێی کەوەیی و چرایەکی پایەدارو دوو تەپلەکی پەردەدارو دوو تابلۆی هونەرمەندانی نوێکار کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوون، رەنگ و جیلوەیەکی مۆدێرنیان بە هۆدەکە دەدا. گوڵدانێکی بێ گوڵ لەسەر مێزێکی بچووکی سووچی هۆدەکەدا دەگەڵ دیمەنی هەموو کەلوپەلەکاندا دەگونجا.

فرود زاتی نەدەکرد بە چاوانی روون و درەخشان تەمەشای بکات. دەترسا کە رووداوەکانی دوو ساڵی بوری فەرامۆش بکات و خۆی بەسەر دەست و پێیدا بخات و لە باوەشی بگرێت و تەمەننا بکات کە دەستی لێ هەڵنەگرێت، بەو خەیاڵەی کە ئەو دوو ساڵە لێکدی دانەبڕاون. ئەم کارە جورئەت و بێ شەرمی و نامەردی و بێ موبالاتی و بەهەند نەگرتنی سۆزو هەستی بنیادەمێکی دەویست، کە رۆژێ لە رۆژان هەر بۆ ئەوەی هەواڵێکی ئەو بزانێ و دڵێك بە دەست بێنێ ملی بە خەتەری زیندان و ئەشکەنجەوە نابوو، ئاخر فەیروزیش دڵی هەیە.
مانەوەی لێرە چ سوودێکی هەیە؟ خۆ پارێزیش سنووری هەیە. ناتوانێ خۆی بگرێ، بۆچی چ بووە؟
وا دوو ساڵ لە زنداندا بوو، خۆ ئێستا گەڕاوەتەوە. ئایا دەکرێ لەبەر ئەمە هەرچی رابردوو هەیە بسڕێتەوە؟ لە ماڵێکا پەزێرایی لەو بکات کە پیاوێکی دی، دەبێ ببێ بە مێردی، لە وەخت و ناوەختا خۆی وەڕوورا بکات. جۆرە دڵدارییەکیش هەبوو ئەم نێرگزە ئەو ئافرەتە نیە کە ئەو دەیناسی. ئەو ئافرەتە ئەوساتە گۆڕا کە ئەویان لە جێبەکە نا. ئیدی شتێك نەما بە نێوی ڤیان و ئەشق. سووکەبەزەیی ودڵسۆزیەك جێی ئەشقی گرتەوە، بەڵام فرود پێویستی بە دڵسۆزی نەبوو.
هەموو هەڵس و کەوتێکی نێرگز ئەوەی دەنواند کە گەییوەتە قۆناغێکی دی. زەمانی جاران تێپەڕیوە. قەول و قەراران لە بیرچوونەتەوە. رۆژێك بوو کە بیرۆکەی زەوجینی لە بن و بساتەوە رەت دەکردەوە، بەڵام ئێستا ئەوی لە بەر دەرگاکەدا گرت و ڕاموسی، دەستی بەسەرو ملیا هێنا و ئێستا چاوی بڕیوەتە سیمای و چاوەڕوانە کە هاوڕێ دێرینەکەی چ کاردانەوەیەکی دەبێ.
نێرگز دڵی لێی دەدا. لێوی دەگەست و زۆری لە خۆی دەکرد کە جڵەوی سۆز بەرنەدات و ناخی خۆی ئاشکرا نەکات.
هەستی دایکانەی سەری کردبوو یان شەیدایی؟ کارێکە بووە، قەولێکەو دراوە، ئیدی ناگەڕێتەوە.
ئایا فرود دەزانێت، ئاگادارە چی روویداوە؟ چ جەورێکی کێشاوە؟
فرود هەستی بە مەترسی دەکرد. مەترسی نا، بەڵکو بەڵا، ئەو بەڵایەی دەبینی کە بەرەو ئەو دێت و دەیهاڕێ. تەنانەت لە راموسان و نەوزاشتەکانیشیا ئەو گەرمیەی جاران نەبوو. وشە ئیدی لە مانا کەوتبوون. هەموو شتێك بێگوتن دیار بوو. جاران کە دوای چەند رۆژێك بە یەکدی دەگەییشتن، نەك هەر ئازای بەدەنی دەلەرزی، بەڵکو خەریك بوو لە پەلوپۆ دەکەوت و زەمینەی بورانەوەی فەراهەم دەبوو. بەڵام ئەمجارەیان لەوە دەچوو دەمێ بێ خۆی ئامادە کردبێ کە کۆتی ئەسارەت بشکێنێ.
سەیرەکە لەمەدا بوو کە ئەمجارەیان خۆپارێزی و سڵەمینەوەکە لەلایەن نێرگزەوە بوو. جازیبەیەکی بێتر لە لەش و گیانی فرودەوە سەری دەکرد، سۆزو ئەشقی ناسکترو سەرکێش تر بوو.
"بەخۆڕایی فەیروزت بۆ شت کڕین ناردووە. من تەنیا بۆ چەند دەقیقەیەك هاتووم کە سڵاوێك لە تۆ بکەم و بڕۆم".

"لوتفت کەم نەبێ کوڕی باش. لە کەیەوە فێری ئەم فیز فرۆشیە بووی؟"

"بڕۆم باشترە".

"هیچ باشتر نیە، بە پێچەوانەوە خراپترە سەبرکە با فەیروز بێتەوە. خواحافیزی لەویش بکەو ئەوسا بڕۆ".

ئیدی ئەمە بە هەموو مانایەك دەرکردن بوو. وای هاتە بەرچاو کە نێرگزیش گەرەکیە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. توڕە بوو.

"خواحافیز، من دەڕۆم. لە جیاتی من خودا حافیزی لە فەیروزیش بکە." ئەوجا بەرەو دەرگاکە رۆیی.

"فرود، نابێ بەمجۆرە لێکدی جیا ببینەوە، ئەو پەیوەندییەی لە بەینی ئێمەدا بوو بەمجۆرە نایەتە بڕین. دەتوانین دۆست بین."

خەریك بوو دەگەییە نێو حەوشەکە فەیروز بە کۆمەڵێك شتوشیرینی و میوەی تازە گەییوو و سەوزەو شەرابو ... دەرگای کردەوە. لەبەر دەرگای حەوشەدا تووشی یەکتر بوون.

"چیە دەڕۆی؟ ئەدی من ئەم هەموو شتەم بۆ کێ کڕیوە؟"

"دەبێ بڕۆم بۆ گەراج بەڵکو بلیتی سبەینێ بېرم. چەندت پارە پێیە بە قەرزم بدەیەی؟"

"یەك دەقیقە بوەستە ئێستا دەگەڕێمەوە."

فەیروز شتەکانی بردە ژوورەکە. دوای ئەو نێرگز وەژوورکەوت. نێرگز پێی لێداگرت کە نەیەڵێ فرود بڕوات و بۆ شیڤ گلی بداتەوە. فەیروز بڕێك پارەی لە گیرفانی خۆی دەرهێناو بەرەو دەرگای حەوشە رۆیی.نێرگز لەسەر قاڵدرمەکان وێستا بوو وتەمەشای فرودی دەکرد کە پشت لەو و روو لە کۆڵانەکە وەستا بوو.

فەیروز نەیدەزانی چ رووی داوە. لە بیری ئەوەدا بوو چۆن واداری بکات بگەڕێتەوەو بەلای کەمەوە شیوێك پێکڤە بخۆن.

لەبەر دەرگاکە پارەکەی دایە فرودوگوتی:

"سەبارەت بە من قسەت دەگەڵ کرد؟"

"نە، رێك نەکەوت."

"حەیفێ، خۆ من هەموو ئومێدێکم ئەمە بوو کە ئەم کارە ئەمڕۆ بە کۆمەکی تۆ بڕێتەوە. من جگە لە تۆ کەسی ترم نیە. حەیفێ"

فرود پارەکەی لە دەستی فەیروز وەرگرت. یەکسەر هەستی کرد کە خەریکە ئەم داماوە فریو دەدا. ئەو رۆژەی وەبیر خۆ هێناوە کە فەیروز بە باڵاپۆشێکی سپییەوە دەگەڵ پزیشکە سوپاییەکدا هاتبووە دیدەنی. تەریق بووەوە. لەزگ بوو ئەسکەناسەکان بدات بەسەروچاویاو هەڵبێ. ئەمە ئیدی ئەوپەڕی ترسنۆکی بوو. دوو هەستی هەڤدژ ناخیان بێڵ تەپ دەکرد، چنگیان تێ دەنا، دڵیان هەڵدەگلۆفت: رق و کینە دەرهەق بەم قەل پیاوە کە بوو بووە کۆسپ لە رێی بەختەوەری ئەودا، وبەزەیی هاتنەوە بە حاڵی کابرایەکی دڵساف و راستگۆ کە دکارێت دەگەڵ ئەم ژنە مەکر بازەدا هەڵبکات.

گەڕایەوە، دەستی فەیروزی گرت‌و لەگەڵیا هاتە ژوورەوە. نێرگز بۆ ئەوەی چاوانی لە فرمێسکا سوور هەڵگەڕاوی خۆی وەشێرێ لەم ماوەیەدا میکاجی کردبوو وچاوەڕوان بوو. هەرکە بەسێ قۆڵی لە هۆدەکەدا کۆبوونەوە فرود بێ چ پێشەکیەك سەری قسەی کردەوە:

"ئێ، با دوو قسەی جددی بکەین، کەی شەکراوەکەتان دەخورێتەوە".

فورد خۆی برد بووە بارێکی ئەوتۆ، ودەمامێکی وشك‌و سەوداگەرانەی وەهای کردبوو، هیچ کەسێك وێنای نەدەکرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کەمترین پەیوەندی لە نێو ئەوو هەردووك لایەنی شەکراوو نیشانەکردنەکەدا هەبووبێ.

هەوەڵجار روانیە نێرگز، ساتە وەختێك لێی راماو هەنگێ رووی کردە فەیروزو چاوەڕوانی وەڵام بوو. کەسیان باوەڕیان نەدەکرد کە قسەو باسیان بە پرسیارێکی واهی دەست پێبکات.

نێرگز هەڵیدایە: "ئاخر ئێمە هێشتا لەم بارەیەوە قسەمان دەگەڵ یەکتردا نەکردووە".

"چ قەیدیە. دانیشن‌و ئەمشەو باسی بکەن."

"ئاخر.."

"ئاخری بۆ چیە؟ خۆ هەر دەبێ ڕۆژێك ئەم مەسەلەیە ببڕنەوە، تۆ چ دەڵێی فەیروز؟"

ئەمە زیاتر دەستور بوو، بە زمانێکی ئامیرانە. نەدەکرا ناوی میانچێتی لێ بنرێ. دەیویست بە یەك قسە کارەکە ببڕێنێتەوە. زاراوەی (بڕانەوە) رقی هەستاند بوو. هیچ مەعلوم نەبوو ئەم مەلا فەیروزە بەلەنگازە ئەم وشەیەی لە کوێوە هێنا بوو. ئەگەر یەکێك ئەم سێ کەسەی نەناسیباو لە ژوورێکی ترەوە گوێی لە حوکمەکەی فرود بوایە، وای وێنا دەکرد کە بابێکی ستەمکار سەبری سواوەو دەیەوێ بە زۆر ئەم دوو نەفەرە بە یەکتر رازی بکات‌و بیاندات بە یەك.

"چیت عەرز بکەم؟ ئەمر ئەمری خانمە."

"باشترین شت ئەمەیە کە هەر ئێستا فەیروز دەگەڵ مندا بێت‌و سێ بلیتی ئوتوبوس بۆ سبەینێ بکرێ‌و سارەزی بە سێ قۆڵی بڕۆینەوە بۆ شارسان‌و زەمینەی نیشانکردن‌و شەکراو فەراهەم بکەین"

"شتی واهی چۆن دەبێ؟ چما من دەتوانم هەروا خەستەخانە بە جێ بێڵم؟ ئاخر نەخۆشم هەیە."

فەیروزیش هەڵیدایە: "سبەینێ نابێت."

"دە باشە، ئێوە سبەی دانیشن‌و تەگبیری خۆتان بکەن. من سبەینێ دەڕۆم‌و ئێوە بروسکە بکەن کە کەی دێن".

ئەوجا هەستایە سەرپێیان. فەیروز ویستی لەگەڵیا بڕوات، نەیهێشت. نێرگز دڵنیا بوو کە فرود لێی بێزار بووەو دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە رق‌و کینەی خۆی دەربڕێ.

فرود لە ڕێگەدا تورە بوو. ئیدی هیچ شتێکی لە ژیانا نەبوو. جگە لەوەی بەرەو باوان بڕواتەوە هیچ ڕێیەکی تری بۆ نەمابووەوە. بڕوات دایك‌و باب‌و خوشکەکەی بدینێ‌و لە سوچێکدا لێی دانیشێت‌و نسیبەت‌و بەڵاکانی ژیانی خۆی‌و خەڵکانی دی بخاتە سەر کاغەز. ئایا شیعر دەتوانێ سوکنایی بە دڵی ببەخشێت؟

بۆ ساته وەختێك چارەیەكی وەبیرا هات: خۆكوژی، نە، نە. ئەگەر ئەمە چارە بوایە بۆچی كاتێ لە خەستەخانە كەتبوو، كە نیوەشەو بێدار بووەوە كانولای گلوكۆزەكەی دەرنەهێنا تا لە برساندا بمرێت؟

ئەدی ئەم هەموو رەنج و ئازارو زەبوونی و كەساسیەی لە پای چی بوو؟ نە، نە. خۆكوژی نا. ئەمەی پێ ناكرێ، ئەدی چ بكات؟ هەستی كرد ژێر پێی بۆش بووە، خەریكە دەكەوێ و هیچ شتێكیش نیە كە خۆی پێوە هەڵبواسێت. لەسەر چوارڕیانێك وەستا، بۆ كوێ بڕوات؟ شوێنێكی نەبوو لێی بخەوێ. لە ناكاو بینی لەبەردەم گوڵفرۆشیەكەدا راوەستاوە، گوڵەباخ بە رووی بنیادەما پێدەكەنین. گوڵفرۆشەكە لەوێندەر نەبوو. خۆزیا دوكانەكە خۆ بەخۆ دەكرایەوەو دەیتوانی شەوێ لەو شوێنەدا رۆژبكاتەوە. ئێستا بەم درەنگەشەوە لە دەركەی ماڵی كام هاوشاری بدات؟ خۆ لە حیزبیەكان كەس جێی ناكاتەوە. كەوتە یادی فەیروز. لەسەر چوار ریانەكە وێستا، هەر ساتەو تەمەشای كۆڵانێكی دەكرد كە لەگێن بوو لێوەی بێتە دەرێ. ئاقیبەت فەیروز پەیدا بوو، بۆ شەمیرانی بردەوەو جێگەی كردەوە.

بە دوو قۆڵی شیوی حازریان، كە فەیروز هەمیشە هەی بوو، خوارد. ئەوسا دوو سێ پێكە شەرابیان كە لە قاپێكا مابووەوە، خواردەوە. پێكڤە بۆ مەیدانی تەجریش رۆییشتن. قاپێك عارەقیان كڕی و هاتنەوەو دانیشتن وخواردیانەوە.

یەكێكیان لە خۆشی و كەیف و شادیدا كە بەو زووانە بەویساڵی یاری خۆی دەگات و ئەویتریان لە نا ئومێدی و بێتاقەتی و بێ ئامانجی و خەموخەفەتا. ئەوسا هەردووكیان مەست بوون و شیعریان خوێندەوەو گریان و وەكو مردوو لەسەر تەختە خەوو دۆشەك نووستن،عەینی شەوێ بەرێ.

فرود بە ئیسراحەت خەوت وسبەینێ بەرەو شارسان وەڕێكەوت. كاتێ گەیشتەوە شارەكەی خۆیان دنیا خەریك بوو گەرم دەبوو. بە هەرحاڵ هەوای ئەوێندەر لە تاران گەرمتر بوو. بابی لە ژێر دارچنارە گەڵا سەوزە گەشەكەدا لەسەر تەختێكی دارین كەوتبوو. هەر ئێسك و پێستەكەی مابووەوە. دكتۆرانیش دەستیان لێ شت بوو وتەقریبەن چاویان لە تیماركردنی پۆشی بوو. دەیانگوت جگە لە پیری هیچ نەخۆشییەكی تری نیەو تەنیا دەرمانی ئازارشكێن و ئارام بەخشیان دەدایە. هەموو ئەندامانی خێزانەكە بە دەوریەوە بوون. حاجیەخانم كاری تەنیا پێشوازی میوانانی جۆراوجۆر بوو، ولە ئەندامانی خێزانەكەش مونیرەو مێردەكەی و منداڵێكی شیرە خۆرەو كوڕێكی سێ ساڵان، وئاغای پایەدار لەوێ بوون، ئاغای پایەدار هەندێ لە میوانەكانی، بە تایبەتی ئاخوندو مەلاكانی بۆ ماڵی خۆی دەبردنەوەو وەكو خاوەن ماڵ پێشوازی دەكردن. تەنانەت بەدریش كە لە كاتی تردا بەزۆری یا لە ماڵ نەبوو یا میوانی هەبوو و یان لە دەرێی ماڵ دەگەڵ دۆستان و ئاشنایانی خۆیدا دەبوو، ئێستا بە بەردەوامی خزمەت و پەرستاری بابی دەكردو ئامادە بوو هەموو حەزو داوایەكی جێبەجێ بكات. تەنانەت نەیدەهێشت كە دایكی تەڕو وشكی بكات و شەوان بیباتە ژوورەوە. پیرە باب كە چاوی بە فرود كەوت بوژایەوەو ئاهێكی تێ گەڕا. لە دەوروبەرەكەی ئیمام جومعەی بیست بوو كە سێ رۆژە كوڕەكەی بەربووە. گلەیی ئەوەی نەكرد كە بۆ زوو نەگەڕاوەتەوەو ئەوی بە چاوەڕوانیەوە هێشتووەتەوە. ئاماژەیەكی بە

هەواڵپرسی نێرگز کرد تا تێبگات بۆچی کوڕەکەی سێ ڕۆژە بەربووەو تازە هاتووەتە دیدەنی بابە هیلاکەکەی.
ئەو ڕۆژە حاجی ئاغا دڵی خۆش بوو، چاك‌و خۆشی کردو جوابی بۆ ئیمام جومعە، کە بە زۆری لە ڕێگەی سکرتێرەکەیەوە هەواڵی دەپرسی، ناردوسوپاسی کرد کە کوڕەکەی بە ساغ‌و سەلامەتی بۆ بەرداوەو هاتووەتەوە. ئەوەندە بوژابووەوە کە دەیویست لە جێیەکەی دەرپەڕێ‌و لە ئامێزی بگرێت. فرود ئەژنۆی دادایە سەر عاردی‌و روومەتی ماچ کردو دەست‌و ردێنە چەرمووەکەی نەوازشت کردو لە پاڵ تەختەکەدا دانیشت‌و چەند قسەیەکی دەگەڵدا کرد.
حاجی ئاغا ئەو ڕۆژە بە ڕادەیەك رەنگ‌و رووی گەشا بووەوە لە تۆ وایە نەخۆشیەکەی پەڕیوەو روو لە چاك بوونەوەیە. تەنانەت بۆ سبەینێیەکەی توانی دەگەڵ چەند کەسێك لە میوانەکانیدا قسان بکات‌و حەزیدەکرد بە زیارەتی کەربەلای بالاّو مەزارگە پیرۆزەکان موشەڕەف بێت. ئەو ئاواتەی نەهاتە دی. عەسری ئەو ڕۆژە بەرە بەرە داهێزراو گیانی سپارد. باوك زەمانێ بارگەی تێکناو ئەم دنیای بەجێهێشت کە هیچ شتێکی نەبوو، عەینی باپیری کە هەرچی داراییەکی هەبوو بوو وەقفی نەبووان‌و نەدارانی کرد بوو وجگە لە جەستەی خۆی هیچی تری نەبوو کە بە خاکی بسپێرێت.
فرود ئیتر لە سڵقی رووت رووت تر بوو، نە سەروەتێکی هەبوو، نە حیزبێك، نە دڵدارێك، نە باوك‌و نە ماڵێك. کەچی گرفتارییەکی تازەی بۆ پەیدا بوو کە ئەمانی نەدەدا.
دوای مردنی بابی‌و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی پرسە، بەدری هەردوو پێی لێکردنە تاکێك کەوشەوە کە دەبێ بۆ تاران باربکەن. حاجیە خانم لە هەموو میراتی‌و سامانی بابی جگە لەو خانووەی کە تیای دەژیان، لە دەرێی شاردا باخێکی چکۆلەی هەبوو دەگەڵ چەند دوکانێکدا کە بە کرێی دابوون‌و دەیتوانی بە دەرامەتەکەی ژیانی خۆی بەڕێوە ببات، هەڵبەتە ئەگەر فرود دابمەزرێ‌و کارێك بکات‌و بە مووچەی خۆی بژی‌و پێویستی بە کۆمەکی دایکی نەبێت.
سوور بوونی بەدری لە سەرەتادا بۆ فرودمایەی سەرسامی بوو، وبۆ حاجیەخانمیش بۆیە ئەستەم بوو چونکە نەیدەزانی ئایا دەیتوانی بە دەرامەتی چەند دوکانێك ژیانێکی ئابڕومەندانەی ئەوتۆ کە لایەق بە سەنگ‌و ئیحتوبارو ئابڕوی خوالێخۆشبوو حاجی ئاغا بێ، لە تاراندا بەڕێوە بەرێت یان نا.ئەم دەرامەتە هەر مانگەی برێکی بۆ بەنایی‌و نۆژەنکردنەوە باج‌و هەزار شتی دی لێ کەم دەبێتەوە. یەکێك لە زەحمەتیەکانی دی ئەو بیرەوەری‌و یادگارانە بوو کە بە درێژایی سی‌و هەندێك ساڵ لەم ماڵ‌و ژینگەیەندا دروست بووبوون‌و دەستبەردار بوونیان ئاسان نەبوو، زۆریش ناخۆش بوو.
فرود دەیویست هۆی ڕەڤینی بەدری لەم خانووە بزانێت. بۆچی هەڕەشەی لە داك‌و برایەکەی دەکرد کە ئەگەر بە بارکردن قاییل نەبن،دەست لە ماڵ و دایك‌و براکەی هەڵدەگرێت‌و بە تاقی تەنیا بۆ تاران دەڕوات؟ لە هەموو شوێنێك تاقیبی دەکرد، هەر کەسێکی شك ببردایە کە ڕۆژێك هاوڕێ‌و هاودەمی بەدری بووە پرسیاری لێدەکردو گرێی ئەم رازە نەدەبووەوە. تیا مابوو. ئەگەر مەسەلە خۆشەویستی‌و دڵداریە، خۆ ئەمە ئەو هەموو شاردنەوەیەی ناوێ. کچەو رەنگە

بیستبێتی کە لە تاراندا، لاوان، کوڕان و کچان پێکەوە تەعاروف دەکەن و سەما دەکەن و یەکتر رادەمووسن و پاشان پێکەوە دەسازێن و یان دۆستێك بۆ خۆ دەگرن و پاشان یا زەماوەند دەکەن یان نا. ئیّ، بەدریش ئەم جۆرە ژیانەی لاخۆشەو بۆچی هەڵنەخەڵەتیّ؟ لە شارەکەی خۆیاندا هێشتا شتی وانەبوو، بە تایبەتی لە کیژی حاجی عەلی ئەسغەر نەدەهات و نەدەوەشایەوە. دەیتوانی هەموو ئەم شتانە بە فرود یان مونیرەی خوشکی بڵێت.

بۆ نەگبەتی بەدری متمانەی بە فرود نەبوو، وئامادە نەبوو جگە لە شتی ئاسایی باسی هیچ شتێکی تری لەگەڵدا بکات. تا رۆژیّ کە حاجیە خانم ژوورەکەی مەرحوم حاجی ئاغای کۆدەکردەوەو لە توێی قورئانەکەیدا نامیلکەیەکی بە ناونیشانی (زەرورەتی خەباتی چەکدارانە)ی دۆزییەوەو فرود چاوێکی پێداخشاندو لە خوشکەکەی پرسی چۆن حاجی ئاغا سەروساختی دەگەڵ ئەم جۆرە نامیلکانەدا پەیدا کردووە، بەدری بە پێچەوانەی عادەتەوە بە برا گەورەکەیا هەڵشاخی و بە توندی گوتی:

"من چوزانم حاجی ئاغا بۆچی ئەم جۆرە کتێبانەی دەخوێندەوە؟"

"تۆش لەم جۆرە کتێبانە دەخوێنیتەوە؟"

"کاکی خۆم، تۆ هەرگیز بە منت نەگوت لە حیزبدا چ کارە بووی و بۆچی گیرایت و چۆنیان بەردایت."

ئۆ، دیسان هەمان ئەو قسانە بوو کە هاوڕێیانی بەدگومان، لە زنداندا، دوای دیاریکردنی مەحکومیەتی هەر یەکێك دەیانکردو تەشەریان لە مەحکومەکە دەدا کە دیارە لە بەرانبەر دام و دەزگادا چۆکی داداوەو فشی کردووە بۆیە حوکمێکی کەمیان داوە.

"بەدری گیان، خوشکی کاکی، پێویستە زۆرتر لەگەڵ تۆدا دانیشم و قسە بکەین بەڵام جاریّ نا. دوور نیە رۆژیّ خۆت بتەویّ دەربارەی کارەکانت گفتوگۆم لەگەڵ بکەی، راوێژ بە من بکەی".

بەدری هیچی نەگوت. تەنیا بۆ ساتێك ئەبڵەق روانیە براکەی. بەڵام ئەو روانینە یەجگار پڕ مانا بوو. وەکو ئەوەی بڵیّ لەگەڵ تۆ؟ کە شکستت خواردووە؟ باوەڕت لە دەست داوە؟ کە خەریکی دەمریت؟ یان لەگەڵ تۆ! کە لە گوریسی رەش و سپی دەترسیت؟ ئەم نیگایە هەموو ئەو مانایانەی لە خۆ گرتبوو.

ئەم گفتوگۆیە هەرگیز سەری نەگرت، حاجیەخانمیش تا ئەو کاتەی فرود لە شارەکەی خۆیان بوو، هەرکاتیّ دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبا، کوڕەکەی لە پەنایەکەوە بەگیردێناو داوای لێدەکرد بەڵکو رێیەك بدۆزێتەوە بەدری لە چوونە تاران ژێوان بکاتەوە.

"دایکە، بڵێی کەسێکی خۆش بویّ و ئەو کەسە لە تاران بیّ و ئەم بیەویّ لەو نزیك بیّ؟"

"خوا دەیزانیّ. شتی وام پیّ شك نایە، دەبیّ شتی تر هەبیّ."

"چ شتێك؟"

"بۆچی لە خۆی ناپرسیت؟"

"بە من ناڵێت. لەوەتای ئەو نامیلکەیەم لە توێی قورئانەکەی بابمدا دۆزیوەتەوە، هەموو کتێبەکانی شاردووەتەوەو هیچ شتێك دەرناخات وناڵێت."

"بە تۆی نەگوتووە کە دوو چەل بە تەنێ چووەتە زیارەتی قومومەشهەد؟"
"بۆ بە تەنیا؟"
"ئاخر دوای ڕۆییشتنی تۆو شووکردنی مونیرە ئیدی بوو بوو بە نازداری حاجی ئاغای. هەرچی ویستبا دەیکرد.حاجی ڕەحمەتی سەدی سەد باوەڕومتمانەی پێ هەبوو. هەرچیەکی داوا کردبا بۆی جێبەجێ دەکرد. کە بەو ڕەحمەتیەم گوت بۆچی دەیەڵێت کیژێك بەم تەمەنەو بەم تەڕو بڕیە بێ سەرگەورەیەك بچێتە سەفەر گوتی: چ قەیدیە؟ بەدری ئابڕوی ئێمە نابات. ئێستا کچان بە تەنیا دەچنە هەندەران وشوودەکەن، بۆ کچی ئێمە بۆ مەشهەدو قوم نەڕوات؟ گوتم ئاخر بۆ لای کێی دەنێری؟ وەڵامی دامەوە: نامەیەکم بۆ مەلاکانی ئەوێندەر ناردووە، چاودێری دەکەن. جارێکیان کە گەڕایەوە سەرپێچێکی ڕەشی لەسەر بەستبوو کراسێکی هاودامانی ڕەشی لەبەر بوو، عەینی عەرەبی سامیرە"
گفتوگۆ دەگەڵ مونیرەومێردەکەشی بەهیچ کوێ نەگەیی. مێردەکەی مونیرە کە بابایەکی بازاڕی زرینگو پارە پەیداکەربوو، دەیزانی کە ئەم جۆرە ژنە سەروپێچ ڕەشانەی کە قژیان لە ژێر لەچکی ڕەشا دەشارنەوە لە تارانیشدا هەن، کەس نازانێ سەر بە کێن؟ سەر بە گروپە ئیسلامیە تازەکانن یان سەر بە ئاخوندانی مەشهەندوقوم؟.
وەزعی بەدری لە ماڵەوەو لە ناو خێزانەکەیاندا ڕۆژ بە ڕۆژ دژمنانەو شەڕانی تر دەبوو وقاییل نەبوونی دایکی بە بارنەکردن بۆ تاران، لە چاوی براکەی دەزانیو بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبوو قسەی دەگەڵ بکات. تا ڕۆژی گەڕانەوەی فرود لە شارەکەیانەوە بۆ تاران هاتو فرود لە حوزوری بەدریدا بە حاجیەخانمی گوت:
"من دەبێ بڕۆم بۆ تارانو کارێك پەیدا بکەم، ناکرێ من لەسەر حیسابی ئێوە بژیم، پێم وایە پێویستە ئێوەش بۆ تاران بێن"
"من لاریم نیە، نازانم پێش زەماوەندەکەی فەیروزو نێرگز دێن یان پاش زەماوەندەکە؟
هەردووك بە یەك دەنگ گوتیان:
"جا زەماوەندەکەیان مەعلومە؟
"وا دەزانم."
بەدری بەو هەواڵە خۆشحاڵ بوو. پێکەنیوبراکەی ماچ کرد. فرود هۆی شادیەکەی بەدری بۆ دەرنەکەوت. ئایا خۆشحاڵ بوو بەوەی کە براکەی لە هەموو بەرەکاندا شکستی هێناوە یان خۆشەویستییەکی مناڵانەیە دەرهەق بە نێرگز کە وەکو خوشکێکی گەورەی خۆی خۆشی دەویست؟ بەڵام ئەم شادیە تەنیا بۆ ساتە وەختێك درێژەی کێشا. نێوچەوانی گرژ بوو:
"ئێمە هەقمان بەسەر زەماوەندی ئەوانەوە چیە؟"
"چۆن هەقمان نیە؟ مەگەر ئەمانە وەکو خوشكوبرای تۆ نین؟"
"خوشك و برا با، بەڵام ئەوان خەریکە دەبن بە بووكوزاوا، موبارەکیان بێ ئیشەللا."
جۆرە ڕیشخەنێك لەم ڕستەیەی دواییدا پەنهان بوو.
فرود هەستا.

"بە هەرحاڵ پێش یان پاش زەماوەندەکە بێ، لە تاران خانوویەك بەکرێ دەگرین و هەموو پێکەوە دەبین."

بەدری هەڵیدایە:

"ئەگەر کرا پێکەوە دەبین. ئەگەر نەکرا بەجیا، خۆ تۆش دەتوانی ئازاد بیت و ژن بێنی."

ئەم قسەیەش تەشەرێکی تێدا بوو کاری لە دڵی فرود کرد. وێڕای ئەمەش دەستی لە ملی خوشکەکەی کردو ماچی کردو بە دایکی گوت: "حاجیەخانم، بەدری مەبەستی ئەمەیە کە لەوێندەر مێرد دەکات و من و تۆ بە تەنیا دەمێنینەوە."

ماڵاواییەکەیان هەڵگرت بۆ ئەو کاتەی کە خوشك ودایك کوڕە بگەیەننە ئوتوبوسی تاران. دەیویست لەپێشا سەرێکی ئاغا موعەلیم بدات و خوداحافیزی لێبکات، ئیدی ئاغای پایەدار بوو بوو بە پیرەمێردێکی داڕوخاوی تێکشکاوی پێ بە لێوی قەبرەوە. لە سووچی ژوورێکا کە بە مافورێکی گەورەی جوان و چەند کورسی و مێزێك رازابووەوە، لەسەر دۆشەکێك دانیشتبوو و پشتی بە تەختە خەوەکەیەوە دابوو، کتێبێکی بە دەستەوە بوو، وکۆمەڵێك کاغەزو قەڵەمدان و تۆمار بەدەوری تەپڵەکێکی نزمی چل سانتی مەتریەوە بڵاو بووبووەوە. ئاغا موعەلیم پشتی دەیەشاو نەیدەتوانی لەسەر کورسی رۆنیشێت و لەبەر ئەمە وازی لەمێزو کورسیە پۆڵەندیەکەی هێنا بوو ولە عاردی دا، لە جیاتی پشتی وبالیفان پاڵی بە تەختە خەوەکەیەوە دەدا.

فرود بە سەری قامکان لە دەرکەی دا، ودەرکە دوو تاکییەکەی کردەوە. ئاغای پایەدار خۆشحاڵ بوو و ویستی لە جێی خۆی هەستێت کە فرود بەلەز خۆی گەیاندێ و دەستی گوشی و نەیهێشت لە جێی خۆی هەستێ.

یەکەم قسەی ئاغا موعەلیم ئەمە بوو:

"فرود، لەم چەند رۆژەدا کە لێرە بووی، بۆت کرا سەرێکی ئیمام جومعە بدەی؟ زۆری بەسەرتەوە هەیە. دەزانی؟"

فرود هەر ەندە دەیتوانی لەسەر کورسی دانیشێت، بە چوار مشقی لە عاردی رۆنیشت و وەڵامی دایەوە:

"نە، ئەو بە بەشەخسی من ناناسێت".

"ناتناسێت، گرینگ نیە. ئەگەر پێی بگاتەوە کە تۆ بۆ عەرزی سەلام چوویتەتە خزمەتیان بەسە."

ئاغا موعەلیم بەرماڵ و بەردەمۆرو تەزبێحەکەی کە لە دەوری دۆشەکەکە کەوتبوون، کۆکردەوەو خستنیە ژێر مێزەکەی وگوتی:

"ئێ، ئێستا کە کاروچالاکی سیاسی ناکەی؟ بە تەمای چ بکەی؟"

فرود باسی وەزعی خۆی و ئومێدی ئەوەی کە لەگینە سووکە کارێك پەیدا بکات، کرد. دەیەوێ بێتر کتێبان وەخوێنێ و یادگارو بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوەو نامەیەك بۆ دکتۆرا دەربارەی دۆزی جووتیاران لە ئێراندا ئامادە بکات، ئەوجا لەسەری رۆیی:

"وابزانم چالاکی سیاسی بێتر- بەلای کەمەوە لەلایەن خەڵکانی وەکو منەوە- هیچ ئەنجامێکی نابێت."

"دڵنیایت؟"
فرود پێی سەیر بوو. لە تۆ وایە ئەم پیاوە بە ساڵاچووە بە ئەزموونە دەیەوێ بڵێت: "چوزانی؟" مەبەستی ئەمە بوو کە چەلەنگی سیاسی هەمیشە هەربووەو دەبێتو ئیدی درەنگ یان زوو بە ئەنجام دەگات.
"بە چیا دڵنیا بم؟"
" راستە. بە قسەی من بکەو سەرێکی ئیمام جومعە بدە. ئێمەو ئێوەی کلاش خوار هیچمان بە هیچ نەکرد. بەڵام ئەگەر ئەم نەعل پۆشانە دەگەڵ چەکمە پۆشانا تێبگیرێن رەنگە دەرفەتیان زیاتر بێت."
ئاغای پایەدار لەوە زیاتر لەسەر ئەم باسە نەڕۆیی. دەتگوت ماندوو بووبوو وەدەیویست ئیسراحەت بکات. فرود حەزیدەکرد باس بێتە سەر بەدری.
"دەتەوێ بڵێی بەدری دەستێکی لەم ئەنجوومەنو کۆڕانەدا هەیەو هەر بۆیەش سەفەری قومو مەشهەدی کردووەو مکوڕە لەسەر ئەوەی لە تاران بژی، ولەچکی رەش لەسەردەکات؟
"من هیچم نیە بیڵێم، تۆ خۆت درێژەی ئەم کورتەیە بخوێنەوە. ئەمڕۆ بوو یا دوێنێ هەواڵێکی نێرگزم پێ گەیی، لەم رۆژانەدا دەگەڵ فەیروزدا دێن تا زەماوەند بکەن. من جوابم بۆ ناردن کە شەکراوو نیشانەو رێوڕەسمەکە بخەنە دوای چلەی مەرحوم."
فرود گوتی: "پیرۆز بێ یاخوا" و هەستا.
هەر نیو سەعاتێك دەخزمەتی ئاغا موعەلیمدا مایەوە. تەسەوری دەکرد دەتوانێ هەندێ زانیاری دەربارەی فیکرو زیکردی دوا ساڵانی تەمەنی بابیو کارەکانی بەدری بەدەست بێنێ. وایدەزانی لە میانەی گفتوگۆ دەگەڵ ئاغا موعەلیمدا دەربارەی بابیو باوەڕی سیاسی بابیو کاریگەری بابی بەسەر رەفتاروکرداری بەدرییەوە شایەت رێ بەرێتە ناو ئەو تارێکخانەیەی کە ژیانی خوشکەکەی ئابلوقە دابوو. ئاغا موعەلیم بە درێژایی دۆستایەتی چل ساڵەی دەگەڵ حاجی عەلی ئەسغەردا،ئەوی بە پیاوێکی هوشیار، ئایندەبین، بە ئاوەزو خەڵك دۆست دانابوو: هەڵبەتە لە سەردەمی خەباتی نەوتی زەمانی موسەدەق دا ئومێدێکی یەجگار فرەی لا پەیدا بووبوو. بەڵام ئاغا موعەلیم بە تەواوەتی نەیدەزانی کە باوەڕی سیاسی ئەو چی بووە.بۆ خەڵکانی میناکی حاجی ئاغا نسبەتی موسەدەقی بوون کەم کردنەوەی شانو شەوکەتە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە دەزانێ کە لەو ساڵانەی دواییدا هاتوچۆی دەگەڵ ئیمام جومعەی شارا هەبوو وبە بەردەوامی دەچووە خزمەتیانو هەر لەو زەمانەدا خودی ئاغای پایەداریش یەك دووجار بە خزمەتیان مشەڕەف بووە.
ئەوەی لاوان لە ئاوێنەدا دەیبینن ئەم پیرەمێرانە لە خشتی کاڵدا دەی بینن. فرود زۆری حەز دەکرد بزانێ (زەرورەتی خەباتی چەکدارانە) لە توێی قورئانەکەی بابیا چ مانایەکی هەیە، بەڵام مامۆستا پایەدار ماندوو دەهاتە بەرچاو، ئەمە جگە لەوەی لە هەر ئاشێکی لێ بکردایە گڕ گڕ باسەکەی دێنایەوە سەر نیشانەوشەکراوی فەیروزو نێرگزو ئەمە زیاتر دەبووە مایەی دڵگرانیو

هەستی دەکرد ناچارە جۆرە دەمامکێکی دوو ڕوویی لەسەر بکات،وبەڕاستی ئەو حەزی لێ بوو بۆ ساتە وەختێك لە گفتوگۆ دەگەڵ خەڵکانی وەکو بابیا ڕاستگۆ بێ. ئاغا موعەلیم گوتی:
"تا دوای نیشانەومارەبڕین نامێنیتەوە؟"
"نا، بە یارمەتی ئێوە مەرەخەس دەبم."
ئەمجارەیان پیرەمێرش هەستا. فرودی ماچ کردو تا بەردەرگای ژوورەکە بەڕێی کردو هەڵیدایە:
"لەوەیە ئەمە دواجار بێ کە یەکدی دەبینین".
بەڵام وا دەرنەچوو.دواجار نەبوو.
کاتێ فرود لە حەوشەی ماڵی ئاغا موعەلیم وەدەرکەوت بەدری بینی کە بە جلو بەرگی شپڕێوو پێڵاوێکی کەتانو سەرپۆشێکی کاڵەوەبوو دەرگای حەوشە دەکاتەوە. تۆزێك وەستا تا خوشکەکەی لە دەرگاوە تێپەڕی. لە ژێر دارهەنارەکەدا کە گەڵاکانی سەوز بووبوون وەستاو بە خۆی گوت: "خەریکە بەتەواوەتی تەنیا دەبم".
بە پێچەوانەوە، دیتنی مونیرەومناڵەکانی مایەی شادی بوو. ئەوانیش هاتبوون خواحافیزی لە کاكوخاڵیان بکەن. مونیرە گوتی:
"کاکە، بینیوتە کە بەدری چ لە خۆی دەکات؟ چۆن خۆی شڕوشەپڕێو دەکات؟ ئەگەر دەستێ بە خۆیدا بێنێ سەد پیاو ئاو بە پێڵاوەکانیا دەکات. یەکێك لەخزمەکانی پیاوەکەم خەریکە دەرگای ماڵەکەمان لە شیپانەوە دەردێنێ، خەریکە بۆی شێت دەبێ. ئەوەندە داوا لە بەدری دەکەین کە بێ تەعاروف بکەن. قەبوڵی ناکاتو ناکات، هەر حیسابی سەگیش بۆ کوڕە ناکات. من کیژی وام نەدیوە".
مونیرە منداڵە شیرە خۆرەکەی بە باوەشەوە بوو وکیژە سێ ساڵەکەشی لە باوەشی فرودا دانیشتبوو و یاری بە بووکەڵەکەی دەکرد. مونیرە ئیدی بۆ خۆی بەناودەکەوت. لە هەموو ئاشێکی دەکرد. ئەم ژنە وەکو بەفری بەیانی پاكوبێگەرد بوو.دەروونی وەکو شووشە دیاربوو. هەرچیەکی دەگوت لە ناخی دڵییەوە هەڵدەقوڵا.
فرود، ئەگەر بە دەستی خۆی بوایە. دەیتوانی بە سەعاتان منداڵەکەی بە سینگوبەرۆکی خۆیەوە بقەرسێنێ. ماچی بکاتو گوێ لە قسەکانی بگرێ. هەرچییەکی دەگوت، چ گرینگ و چ نەگرینگ، خۆش بوو، دەنگوئاوازی روحی بوو. چاوی دەبڕیە دەمو لێوی خوشکەکەی، گوێی لێدەگرتو سەروقژی منداڵەکەی نەوازشت دەکرد.
"هەر رۆژێك نەهاتی لە بەیانیەوە لەگەڵمانا بیت پیاوەکەم دڵبەندی تۆیە. ڕاستە دژبیری تۆیە بەڵام ڕێزت دەگرێ..."
ئەوسا کەوتە باسی دەستودڵکراوەیی مێردەکەی، بە فەردە برنج دێنێتنەوە. ماڵ پڕە لە ماشو نیسكو لۆبیا، بە هیچ جۆرێ کەرەو رۆن ناکڕن. دێهاتیەکان بە خۆیان دەی هێننە ماڵەوە و لە جیاتی ئەوە دەچنە بازاڕ قەندوشەکر دەبەن. کە بەدری وای لێهاتووە تۆزێك خەتای حاجی ئاغای باوکشمانی تیا بووە. زۆری ناز دەدایە. کە ئێمە لە ماڵ دەرچووین ئیدی بووبوو بە ئازیزو گەوهەری یەك دانە.بۆچی نازانی؟ بابمان بووبوو بە موسەدەقی".

"ئەمەت لە كویێ بیستووە؟"
"ئاغا جەواد وادەڵێ."
"ئاغا جەواد كێیە؟"
"مێردەكەم ئیدی ،دەڵێت هەموو بازاڕ دەزانن كە بابە موسەدەقی بووە."
"ئێ، چیتر دەزانن؟"
"ئیتر..
سەری لە پەنا گوێی براكەی ناو بە ئەسپایی گوتی:
"..مەگەر نازانی، كەواتە بە تۆیان نەگوتووە كە بەدریش موسەدەقییە؟"
"خۆی گوتوویەتی."
"نا، خۆی قەت قسەی سیاسی دەگەڵ ئێمەدا ناكات، بەڵام هەر هەموو ئەوانەی دەیناسن و تێكەڵاویان لەگەڵیدا هەیە موسەدقین."
مونیرە ئاوڕی دایەوە تا بزانێ كەسێكیان لێ نزیكە كە گوێی لە دەنگی بێ. گوربەیەك لە قەراخ حەوزەكە خۆی بۆ ماسی گرتن دانووساندبوو، چنگی بە ئاوەكەدا كردو شڵپەیەكی هەستاندو مونیرە وایزانی كەسێك گوێی لێ گرتوون.
"كاكە، بە كەس نەڵێی: ئەگەر حاجیەخانم بزانێ دیق دەكات و دەمرێت. شەوێك یەكێك لە هاوڕێیانی بەدری لەلای حاجی ئاغا خەوت. بەیانی كە خەریك بوو لە دەرگای حەوشە وەدەردەكەوت گرتیان. ئەو ڕۆژانە بوو كە دەوڵەت كون بە كون لە ئۆپۆزیسیونان دەگەڕاو دەیگرتن. ئاغا جەواد وای بۆدەچوو كە ڕەنگە بەدریش بگرن. بەدری ئەو شەوە ئەو پیاوەی لە ژوورەكەی حاجی ئاغادا شاردبووەوە. ئەگەر بەمەیان زانیبا بێگومان دەیانگرت".
ئەم زانیاریانە بۆ فرودی تازە لە بەند خەلەسیو، لە گرتنەكەی خۆی ترسناكتر بوو. كە بەرەڵلا كردنی ورچانی بە گیانی ئافرەتان بیركەوتەوە ئازای بەدەنی هاتە لەرزین. ئەمە وانابێ. دەبێ كارێك بكات كە بتوانێ بەدری لەو چاڵە ترسناكەی كە لە قەراخیا وەستاوەو لەگینە ها ئێستا ها تۆزێكی دی تێی بكەوێ، ڕزگاربكات.
فرود ڕۆژی دوایی ئوتوبوسی تارانی دەست نەكەوت. ناچاربوو ڕۆژێكی دیكەش بمێنێتەوە. حەزیدەكرد ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە بەڵكو بتوانێ متمانەی خوشكە بێ پەرواكەی بەدەست بێنێ. بەلای كەمەوە ئاشتییەك لە بەینی خۆیاندا بەرقەراربكات. تا بكرێ لە ئایندەدا شیرەت و تەگبیرێك پێكەوە بكەن. بەڵام ئەم ئاشتییە چۆنی سەری دەگرت.
ڕۆژی دوایی،نێرگزوفەیروز، بەر لەوەی نامەكەی ئاغای پایەداریان بە دەست بگات، هاتنەوە. نیشانەومارەبڕین دواخرابوو. مۆڵەتی یەك هەفتەیان وەرگرتبوو ودەبوایە دوای چەند ڕۆژێك بگەڕێنەوە سەركاری خۆیان. فەیروز هەندێ شتی گەلاڵە كردبوو كە لە شەمیرانەوە بۆ تارانی نەقڵ بكەن و بە تەمابوو داوا لە ئاغا موعەلیم بكات كە دەسەڵاتی خۆی بخاتە گەڕو واسیتەی بۆ بكات.

هاتنەوەی نێرگز قوڕەکەی خەست تر کردەوە. لەبەر دیداری ئیمام جومعە سەفەرەکەی فرود دواکەوت. خۆی خزاندە ژووری کتێبخانەکەی بابیەوە. چەندین سەعات کتێبانی هەڵدایەوە بەو ئومێدەی کە زانیاریەك دەربارەی هزری سیاسی وچالاکی بابی، وشایەد ئاماژەو هێمایەکیش بۆ کارەکانی خوشکەکەی بدۆزێتەوە. بۆچوونێکی تازە هێندەی دی باری سەرشانی قورس دەکرد. دەبێ خۆی لە سیاسەت،کە رەمزەکانی لە عەوامی خەڵکی پەنهانە دووربگرێ. بەڵام چۆن؟ ئەو دەیویست دەستبەرداری سیاسەت بێ بەڵام سیاسەت دەستبەرداری ئەو دەبوو! بەدری لە قەراخی هەڵدێرایە. فرود نەیدەتوانی ئامۆژگاری بکات کە چاو لە مونیرە بکات. ناتوانێ ببێ بە واعیزی بێ عەمەل.دڵتەنگ ونیگەران بوو. ئەو زەمانەی کە ئەو چووە ریزی حیزبەوە هیچ خەتەرێکی ئەوتۆ دیارنەبوو. ئێستا ئەگەر لە جانتای کەسێکدا کتێبێکیان دیتباوە ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە زندانی توندبکەن چ جای ئەوەی کە ناوی موسەدەق لە شوێنێکدا ببات.

هەمدیس سەروسەکوتی نێرگز پەیدا بووەوە. چ نێرگزێك! نەك ئەوەی هەموو دەیان ناسی! ئەو زەمانە بەسەر چووبوو کە بە نازونیم نازان دڵی هەر پیاوێکی دەبرد.تەنانەت بۆ ئامادەکردنی جلك و شتی نیشانەو ئاوێنەو شەمالکدان–یش شەوق و زەوقێکی تایبەتی نە دەنواند، کەسیش پێی سەیرنەبوو، هەموو دەیانزانی مەسەلەکە چیە، زەماوەندێکی ناچارییەو دەبێ سەربگرێ. ئەمە جگە لەوەی کە حاجیەخانم ئەزیەتبار بوو ونەیدەتوانی لەم بۆنەیەدا، بە دڵی خۆی بەشداری بکات. نێرگز تەنانەت دەگەڵ بەدریشدا تەواو هۆگر نەدەبوو. ئەم کیژە ئەگەرچی سەرێکی پڕ سەودای هەبوو بەڵام حەزیدەکرد کە ئەم جووتە بە ویساڵی یەك بگەن. وێڕای ئەمەش چەند بەدەوری نێرگزدا دەهات کە لە کاروباری مارەبڕین و نیشانە کردنا یارمەتی بدات، ملی نەدەدا. بیانووی ئەمە بوو کە ئێستا هەموومان ئەزیەتبارین، با چلەی مەرحوم تێپەڕێ. ئاغا موعەلیم و حاجیەخانم قاییل بوون کە ئاخوندێ بێت ومارەیان ببڕێ و ڕێوڕەسمەکە بۆ دوایی هەڵگرن. جا دەبێ لەم حاڵەدا کەمێك بە خۆی ڕابگات، بچێتە گەرماو، مکیاج بکات، جلی بووکێنی بکڕێت، ژێر بڕۆی هەڵگرێ، دەموچاوی هەڵگرێ، ئەمانە تەسەوراتی حاجیە خانم بوو دەربارەی ڕێوڕەسمی مارەبڕین، ئەگەرچی هەموو هەر تازیەتباربوون. بەڵام نێرگز هەردوو پێی کردبووە تاکێ کەوشەوە کە تاقەتی ئەم رۆتینیاتەی نیە، با بمێنی بۆ دوای چلەکەی مەرحوم. نێرگز حەزیدەکرد گوێ لە دەردە دڵی پت وپیرەژنان بگرێت. ڕاچێتە بۆ نەخۆشیەکانیان بنووسێت، چاووگوێ و گەرووی مناڵانی نەخۆش فەحس بکات. خۆلاسە گوێی بە هەموو شتێك دەدا تەنیا بەو شتە نەبێ کە پێویستە کیژێکی عازەب پابەندی بێ.

بە هیچ جۆرێ رووی بە فرود نەدەدا، ئەویش ئەوەندە بەدەوریا نەدەچوو وتاقیبی نەدەکرد. فرود زۆربەی کاتی ڕۆژی لە پێنج دەرییە هەتاوگیرەکەدا لە خزمەتی ئاغا موعەلیمدا ڕادەبوارد و نێرگز لە هۆدەکەی پشت حەوشەکەی ماڵی حاجی ئاغادا خەریکی کارەکانی خۆی دەبوو.

لە ئەنجامدا قەراریان دا کە ڕێوڕەسمی زەماوەندو مارەبڕینەکە زۆر سادە بێ، تەنیا بە ئامادەبوونی مەحزەردارو نوێنەری تۆمارو بێ هیچ جۆرە تەشریفاتکاریەك بەرپابکرێ.

نێرگزو ئاغا موعەلیم شیوی بەر لە مارەبڕینیان لەلای حاجیەخانم خوارد. دوای شیو فرود بەشە مالکدانێکەوە میوانەکانی بۆ حەوشەی خۆیان بەڕێکرد. هەر کە ئەوان ئاغا موعەلیمیان گەیاندە خەوتنگەکەی خۆی، نێرگز دەستی فرودی گرت، مۆمەکەی کوژاندەوەو رایکێشایە ژوورەوە. دەرگاکەی داخست، بەرلەوەی گلۆپەکە هەڵکا دەستی لە ملی وەرێناو ماچی کردو فرمێسکی هەڵڕشت. چیوای نەمابوو فرود کۆنترۆڵی خۆی لە دەست بەربێ‌و دلبەرەکەی لە هەمێز بگرێ کە لە حەوشەدا پێیەك بە عاردیدا خشی‌ودەنگێك هاتە گوێ کە گوتی:

"کاکە، حاجیەخانم دەخوازێ بنوێ، نایەی؟"

نێرگز تلی بە پلاکی کارەباکەوە ناو ژوورەکەی روناك کردەوەو دەرگای ڤەکردو گوتی:

"با، ئێستا دێت."

فرود ئیدی ئەمانی نەدا، لە دەرکەوە هاتە دەرێ‌و دەگەڵ خوشکەکەیدا لە ماڵی ئاغا موعەلیم هاتە دەرێ‌و لە بەدری خوڕی:

"تۆ هەقت چیە من کەی دەڕۆم بنووم."

بەدری توڕەبوو، وەلامی دایەوە:

"ئەگەر هەقم نیە، ئەدی بۆ هاتی؟ شەرم ناکەی؟هەرما شەوی پێش مارەبڕین؟

ئەمە دواجار بوو کە فرود نێرگزی بینی. رۆژی دوایی لە رێوڕەسمەکەدا بەشداری کرد بەڵام تەمەشای ئەوی نەکرد. شەوی لە ماڵی فەیروزدا بەسەر بردوئیعتراف بۆ کرد: "من هێشتا هەر ئاشقی نێرگزم‌و بۆ ئەوەی بەختەوەری ئێوە تێك نەدەم ئیدی نایبینم. با ئەمە دوا قسەمان بێ بارەیەوە".

هەردووکیان بێدەنگ بوون، تاقە وشەیەکیان لە زار نەهاتەدەر. سارەزی دەستی فەیروزی گوشی، ئەملاو ئەولای یەکیان ماچ کردو لێکدی جیا بوونەوە.حاجیەخانم‌و بەدری دیسان بەلەچك‌و کراسی رەشەوە لەدەم باخچەکەدا، لە ژێر دارهەنارەکەدا قالیچەیەکیان راخستبوو وقاوەڵتیان دەخوارد. فرود جانتاکەی داخست‌وخواحافیزی لێکردن. داك‌وخوشك سووربوون لەسەر ئەوەی کە تاکو گەراج بە رێیبکەن. فرود نەیهێشت، چونکە هێشتا بلیتی نەبڕی بوو ونەیدەویست بگەڕێتەوە بۆ ئەم ماڵە.نیگایەکی ماسیە سورەکانی ناو ئەستێلەکەی کردوگوتی:

"کە لە تاران ماڵێکم بەکرێ گرت خەبەرتان بۆ دەنێرم شتەکانتان کۆ بکەنەوەو وەرن. ئەگەر بەدری لەگەڵ مندا نەسازا ئێوە خانوویەکی دی بەکرێ بگرن، یان من لای ئێوە دەڕۆم‌و بۆ خۆم خانوویەك دەگرم."

دەستی لە ملی دایکی کرد،دڵخۆشی دایەوە. تەوقەیەکی ساردیشی دەگەڵ خوشکەکەیدا کرد.بەلام ئەو دەستی بەسەروقژی براکەیدا هێناو ئەملاو ئەولای ماچ کرد. دەموچاوی سووڕ هەڵگەڕا بوو، وچاوەکانی دەدرەوشانەوەو زیت زیت دەیڕوانیە براکەی.

لەبەردەرگاکە جارێکی دی گەڕایەوە، باوەشی بە خوشکەکەیدا کردو هەردووکیان گریان.

فرود لە تاران یەکڕاست خۆی بە ماڵی کەلهوڕدا کردوگوتی:

"ئەگەر سفرەتلیشم نەکەی دەمەوێ چەند رۆژێك لە ماڵی ئێوە وەمێنم."

لاپەڕەیەکی تازە لە ژیانی فرود کرایەوە...دەگەڵ کەلهوڕدا عارەقێکی باشیان خواردەوە. فرود لە مەستیدا شادو بێ پەروا، گۆساخ وحەددی بووبوو، لە هوشیاریدا خەمین ونائومێد، هیچ پشت و پەنایەکی نەما بوو، نە کۆمەڵگەونە تاك. بوونی ئەو چ بەهرەیەکی هەبوو؟ دەیزانی کە غیرەتی خو کوژیشی نیە. کەلهوڕیش پەی بەم ڕاستیە بردبوو، رۆژێك بە فەیروزی گوتبوو:
"ئەمە خەریکە دەفەوتێ. فەوتاویشە. مەگەر تەنیا لە حاڵی مەستیدا بکرێ چەند قسەیەکی جدی دەگەڵ بکەی."
فرود، خۆی لە فەیروز دووردەگرت. چەندین جار بۆ ماڵەوەی دەعوەت کرد. تەنانەت جارێك پێیدا هەڵشاخی:
"تۆ بنیادەمێکی کەمتەرخەمی، لە گوللەی گروبان ناترسیت بەڵام لە نازوعیشوەی ژنێك دەترسیت."
فرود بەدەمیەوە پێدەکەنی:
"سەڵا لە ئەقڵت، تۆ چوزانی؟ نازوغەمزەی ژنێك!".
ئەگەر هوشیاری بە هانایەوە دەهات ودەیتوانی بیر بکاتەوە هەنگێ دەی بینی کەوتووەتە چ رۆژێك. پیاو کاتێ کە نە دنیای هەبێ و نە قیامەت ئیدی دەکەوێتە بۆشایی.
پێویست بەوە بوو مستێکی دیکەی لە دوڕ دەم بدەی تا سەرنگون بێ.
رۆژنامەکان هەواڵی ئیعدامکردنی ئەندازیار عالی-یان لە خورداد(٢٢/٥-٢١/٦)ی ١٣٣٨دا بڵاوکردەوە. ئەو شەوە هەردوو دۆست ئەوەندەیان عارەق خواردەوە کە بە تۆبزی خۆیان گەیاندەوە ماڵ. تا نزیکی بەرەبەیان بەلارەلار بە کوچەو کۆڵانەکاندا پیاسەیان کرد، تا شنەی بەیانی وەئاگای هێناوەوە، هەردوو خۆڵاوی و شەپرێو. کاتێ نزیکی خۆراوا فرود چاوی کردەوە سەیری کرد کەڵهور لە ماڵ نیەو ژنەکەی کەلوپەلەکانی بە یەکا داوەو خەریکە ماڵ پاك وخاوێن دەکاتەوە.
فرود یەك ساڵی تەواو بێکاربوو، هەندێجار دایکی یارمەتی دەدا، پارەی بۆ دەنارد، قەرزوقۆڵەی لەم و لەو دەکرد. لەو حیزبیانەی کە بە نان و ئاووئامانجی خۆ گەیی بوون قەرزیان دەدایە.
دوای چەند مانگێك حاجیەخانم و بەدری بۆ تاران هاتن. فەیروز خانوویەکی بۆ بەکرێ گرتن و دوایی کڕی. فرود تەنیا ئەو کاتانە سەری دەدان کە دڵنیا بوایە نێرگز لەسەر کارەو لەوێ نیە.
دایکی خانووەکەی شاری فرۆشت و جارجارێ سەرێکی مەفتەن و کۆنە هەواری دەدا تا کرێ دوکانەکانی کۆبکاتەوە. پەیوەندی نێوان جووتە خوشك وبرا بەرە بەرە دەبڕا، فرود لە یەکێك لەو بانقانەی کە لە دوای ئیمزای پەیمانی نەوت دەگەڵ کونسرسیومدا، وەکو قارچك لە عاردیەوە هەڵدەقوڵان کارێکی پەیدا کرد بە مانگانەیەکی شەش سەد تمەنی.خانوویەکی بەکرێ گرت. هەندێجار دایکی سەرێکی دەدا. ژیانی بووبوو بە خواردن وخەوتن و بژی و مەمر، ئەوەندەو تەواو. نە ئامانجێك نە هیواوئاواتێك. لە ژیان هەڵاتبوو.
کەلهوڕ چاودێری دەکرد کە نەبادا فرود بێ تاقەت بێ و کۆلبدات و خۆی بکوژێ.

خۆ کوژی وەکو دێوێکی بێ ڕەزا بە دەوریا دەهاتو لە بەردەمیا قوت دەبووەوەو کلکی دەلەقاندو بە عاردیدا دەدا. هەندێجار چڵێکی سەوزیشی لێ پەیدا دەبوو.

لە بانقدا ئاشنایەتی دەگەڵ کیژێکدا پەیدا کرد. لەزگ بوو عەشق دەستبەسەری بکات. هەنگێ وێنەیەکی پچڕپچڕی نێرگز لەناو چرە تەمێکەوە بەگیری دێنا.سەیری دەکرد کە کیژە پۆشتەو پەرداخەکەی لەمەڕ بانق لە چاو ئەودا پیرەژنێکە لەو گۆڕە. هەوڵی دەدا هەموو شتێك ژبیر بکات: حیزبو دەستەبەندیو شکستو حەپسو بریندار بوونو ساغرو عەلی پەرستارو واروژ و فەیروزو نێرگز. کە ئەندازیار عەلی بیردەکەوتەوە ڕادەچڵەکی. چۆن لە بیری بکات.

کە چاری نەدەما دەچوو بۆ لای کەلهوڕ. بەڵام ئەو هەستی بەوە کردبوو کە بووە بە هاوڕێی عەرەقخۆرێك کە هەرکاتێ بیەوێ خۆی ژەهراوی بکات، ئەوی بیردەکەوێتەوە. کەلهوڕ بەرە بەرە خۆی لێ دەدزییەوە، خۆی لێ دوور دەخستەوە.

# (١٩)

زەمانێك هات كە دیسان زەوقی نووسەرایەتی شكۆفەی كرد. شیعری گوتو نە بۆ كەسی خوێندەوەو نە بڵاوی كردەوە.دوای ساڵانێك چەندین وتارونامیلكەو كتێبی چاپ كران. رەخنەكانی دەربارەی هەندێ بەرهەمی ئەدەبیوبڵاوبوونەوەی بەرهەمێن نووسەرانی سەردەمی مەشروتەخوازی بوونە مایەی سەرنج. رۆژنامانی لەبەرچاو كەوتو ئەو ڕەونەقەی جارانیان لەلای نەما.

وا دەهاتە بەرچاو كە شیعرو كتێب جێی هەموو شتێكی ژیانیان بۆ گرتووەتەوە: جێی حیزبو دلبەرو خەباتولەزەتو... لەپڕ بەڵایەكی تازەی بۆ نازڵ بوو،كەوتە ژێر هەرەسێكەوە كە لەبری پانو پلیشی بكاتەوە، مقاوەمەتوبەرگرییەكی باوەڕنەكردەنی لا دروست كرد. پشتی راست كردەوەو بە هەموو هێزو توانایەكەوە كە لە ناخیا پەنگی خواردبووەوە كەوتە خۆو هەستایە سەر پێیانو ئەمجارەیان مەیدانی خەباتی لە چارەنووس گرت.

دایكی خەبەری هێنا كە بەدری سێ دانە رۆژە غەیب بووەوبۆ ماڵ نەهاتووەتەوە.

سەردەمێ بوو كە لێرەولەوێ لە حیزبیەكانی جارانو بە تایبەتی لە زیندانەدا هەندێ خەبەرو باسان دەربارەی "چریكان" موجاهیدینی خەڵكولایەنگرانی ئیسلام دەبیسترا. لە چاپەمەنیو بڵاڤۆكانی دەوڵەتیدا زاراوەێن "ماركسیستانی ئیسلامی" مانایەكی تایبەتیان دەگەیاند. لە شاردا هەندێجار كیژانو ژنان بە لەچكی رەشەوە سەرنجی خەڵكیان ڕادەكێشا. وادەهاتە بەرچاو كە لەپێكرنی پێڵاوی كەتان،ولەبەركردنی كراسی دەڵبوهاودامانو سادە، بووە بە مۆدوباو.

گومان لەوەدا نەما كە بەدریش پەیوەندی بەوانەوە كردووە. سێ رۆژ بوری، هیچ هەواڵێك لە بەدرییەوە نەهات.

حاجیەخانم دەیویست مراجەعەی شارەبانی بكات. یانی جاڕی لە خۆی دەدا. فرود چووە ژووری خوشكەكەی. یەك پارچە كاغەزی گومانلێكراوی نەدۆزییەوە. هەر شتێك كە دەشیا ئاماژەیەك بێ بۆ مەفەڕێك یان دەستەوگروپێك كە بەدری پەیوەندی دەگەڵدا بووبن، دەگەڵ خۆی بردبوو یان فەوتاندبووی. ئەگەر لە شارساندا (شارەكەی خۆیان) بوایە پیاو دەیتوانی سەرێكی ئەم دۆست یان ئەو ئاشنا بداتوسۆراخێكی بكاتو بە دوایدا بڕوات. بەڵام لە تاراندا فرود هیچ كەسێكی نەدەناسی كە مەزەندەی ئەوەیان لێبكرێ پەیوەندیان بە بەدرییەوە هەبووە.

فرود ئیدی عەرەقخواردنەوەی تەرخ كردبوو، شتەكەی دەگەڵ كەلهوڕدا باس كرد،كابرا بەنج بوو. باوەڕی نەدەكرد. نەی بیستبوو كە كیژانیش دەبنە چریك. بەلای كەمەوە تا ئێستا شتی واهی ئاشكرا نەبووبوو. ئەقڵی بە هیچ كوێ ڕانەدەگەیی.

فەیروز شێت ئاسا بە هاوارەوە هات: ژنەكەی بە بیستنی خەبەرەكە حاڵی تێكچووە، خەریكە لە دەست دەچێ، چ بكات؟

"فەیروز، ناوی ژنەكەت مەیەنە، هیچ تاقەتیم نیە. بڵێ بزانم بەدری لە كوێ بدۆزینەوە."

"فرود، نێرگزیش خوشكتە، خەریكە دەمرێ، بەلای كەمەوە دڵنیای بكە كە لە بەدری دەگەڕێی."

فەیروز رووی کردە کەلهوڕو گوتی:
"دەزانی ژنەکەم چی دەڵێت؟ کە پیاوان غیرەتیان نەبوو دەبێ ژنەکانیان شۆڕش بکەن."
هەڵبەتە ئەم تەشەرە رووی فەیروزیشی دەگرتەوە بەبێ ئەوەی خۆی پێی زانیبێ.
لە هیچ شوێنێك. لە دەرەوە، لە ژینگەی بانق، لە کۆڕی ئاشنایانی کۆن، لەو هاوڕێیانەی جارانی، لە وانەی کە دەوێران لە شەقام‌وچاخانەکاندا یەك دوو قسەیەکی دەگەڵ بکەن، تەنانەت لەو هاوڕێ نامەردانەی کە گەیی بوونە پلەو پایەی بەرزو وەزارەتیش پاڕایەوە، لە هیچ شوێنێك، هیچ سۆراخێکی دەستگیر نەبوو. هەندێك هەبوون کە بە دڵوگیان گوێیان لە فرود دەگرت بەڵام هیچیان نەدەگوت‌و پیاو هەستی دەکرد کە داوێکی نادیار بەم چریکی فیداییانەوە، یان بە موجاهیدینی خەڵکی ئێرانیانەوە گرێ دەدا، بەڵام قوڕو قەپیان دەکرد، جۆرە هاوخەمیەکیان دەنواند، بەڵام گرێ کوێرەی کارەکەی ئەویان نەدەکردەوە.
هەندێجار هەواڵ لە زندانەکانەوە دەهات. ئیدی فرود ترسی شکابوو ودەچووە دیدەنی هاو زیندانیە دێرینەکانی خۆی. بەو هیوایەی کە کوێرە رێیەك بدۆزێتەوەو بیگەیەنێتە سۆراخێکی خوشکەکەی، سڵی لە دیتنی سەید هاشمی‌واروژش نەدەکردەوە. هات بەسەریا داوای کۆمەك لە ئیمام جومعەی شارەکەی خۆیان بکات. چووەوە بۆ شارسان‌و بە راسپاردەیەکی ئاغا موعەلیم خۆی گەیاندە ئایەتۆڵڵا. دوو سێ رۆژێکی پێچوو تا توانی دەرفەت بێنێ‌و بگاتە خزمەتی ئاغا. بە راسپاردەی ئەو چوو بۆ حەوزەی عیلیمەی قوم. لەوێ جۆرە دۆستایەتی‌و ئاشنایەتیەکی دەگەڵ فەقێ و تەڵەبەکاندا پەیداکرد. هاوبیرێکی زۆری لە ناویاندا دۆزییەوە. چەند دانەیەکیانی بۆ تاران دەعوەت کرد. میوانداری کردن‌و پێکەوە چوونە گەشت‌وگەڕان. بۆ چەند رۆژێك مۆڵەتی بێ مووچەی وەرگرت‌و لەگەڵ یەکێك لەواندا بۆ مەشهەد رۆیی، خۆشی دەگەڵ تەڵەبەکانی ئەوێندەرا ڕابوارد. هیچ سۆراخێکی دەست نەکەوت.
لە هەموو کارێ بووبوو. رۆژی چەند سەعاتێکی لە بانقدا بەسەردەبرد. لە هەموو دەرگایەکی دەدا. دڵخۆشی دایکی دەدایەوە، ڕاست‌و درۆی بەسەر یەکا دەکرد، وەعدوبەڵێنی بە پیرەژن دەدا، هیوای پێدەبەخشی، دەیبرد بۆماڵەکەی خۆی. هەرچی لەدەست هاتبا دەیکرد.
خەریك بوو نائومێد دەبوو. ئەم تەڵەبانەی کە گیرابوون نە چریك بوون‌و نە موجاهید،گەورەترین تاوانیان ئەمە بوو کە (ویلایەتی فەقیە)ویا(رەتکردنەوەی تیۆری بەقا)یان خوێندبووەوە.
فرود کەوتە ئەم خەیاڵەی کە ناکا بەدری پەیوەندی بە خەباتی چەکداری، دژی رژێم کردبێ؟ ئەدی بە چ مەعلوم ئەم کچە گەنجە شەیدای پیاوێکی دەوڵەمەندی قۆز نەبووەو دوای هەواو هەوەس‌و رابواردن نەکەوتووە. چما شتی وا لەگین نیە؟ گێژوویژ لەخۆی دەپرسی بۆچی چاوی بڕیوەتە موجەتەهیدو ویلایەت‌وحەوزە عیلمییەکانی قوم‌و مەشهەد، وبەلای یەکێکی جوانی قۆزی لە هەوەسبازی غەرق بووا، ناچێت. هیچ یەکێك لەم گومان‌و مەزەندانەش ئاسوودەی نەدەکردو لە هەوڵ‌و تەقەلای نەدەخست.
کەلهوڕو فەیروز تاقە کەسانێك بوون کە دەکرا راوێژیان پێبکات،و رازی دڵی لایان بدرکێنێ. هاوشاری شۆخی دەکرد بەو مەبەستەی کە هاوڕێکەی هێور بکاتەوە، بەڵام ئەقڵی بە هیچ کوێ

ڕانەدەگەیی. فەیروز بۆ خۆی هیچ بۆچوونێکی نەبوو، تەنیا قسەکانی نێرگزی دووبارە دەکردە: مراجەعەی شارەبانی‌ودەزگای ئەمن بکات. فرود هەر ئەمەی مابوو کە لەم دەزگایانە بپارێتەوە. نا، نا، بەڕاستی فرود پێویستی بەمجۆرە تەگبیرانە نەبوو. نێرگزیش ڕۆژ بە ڕۆژ حاڵی خراتر دەبوو، لە غەیب بوونەکەی بەدرییەوە بورانەوەو لەخۆچوونەکەی زیاتر دووبارە دەبووەوە. کاری فەیروزیش بووبوو بە نەخۆشداری، ڕۆژێك بە فرودی گوت:

"حەزدەکات تۆ بدینی‌و هاوخەمیت بۆ دەربڕی."

فرود بە توڕەیی وەڵامی دایەوە:

"فەیروز بەسە وازبێنە. من ئەم ڕەگەم بڕیوە. بۆ خۆم گرفتم کەمە تا سەریەشەیەکی تازەش بۆ خۆم بکڕم؟"

لەم کەین‌وبەینەدا بوو کە ڕۆژنامەکان هەواڵی ڕووداوێکی گرینگیان بڵاوکردەوە. بە گوتەی بڵاوڤۆکان، کاربەدەستانی دەزگای ئەمن لە مەشهەدا پیلانێکی خەتەریان کەشف کردبوو. ڕووداوەکە ئەمە بوو کە لە حەرەمی پاکی حەزرەتی ڕەزادا بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی وتەبێژی ئەمن بڕێك بەیاننامەی یاساغ‌وچەك، کە فەقێیانی تەرفداری (مارکسیستانی ئیسلامی)و زیارەتنامەخوانانی حەرەم شاردبوویانەوە دەدۆزرێتەوە. بەدەم پشکنینی ژوورەکانەوە پێکادانێك دەگەڵ مامورانی ئەمندا ڕوو دەدات‌و ژمارەیەك بریندارەدەبن‌و چەند کەسێك دەستگیر دەکرێن.(سەرچاوە ئەمنییەکە) ڕایگەیاند بوو کە چەکەکان بەگوێرەی بەڵگەێن بەدەست هاتوو لە عێراقەوە ڕەوانەی ئێران کراوە.

بەرە بەرە ئەم جۆرە هەواڵ‌و زانیاریانە، کە تا ئەم کاتە دیزە بە دەرخۆنە دەکراو لە خەڵکی دەشاردرایەوە،لە ڕادیۆوتەلەفزیۆن‌و ڕۆژنامەکاندا بە شێوەی بەیاننامەو ڕێنوێنی فەرمی بڵاودەبوونەوە.هەواڵی دەست بەسەراگرتنی موڵك‌و دارایی بەرپرسێکی دەزگای ساواك کە بۆ ئەورووپا هەڵات بوو ولەوێندەرەوە بۆ عێراق چووبوو خەڵکی لەوە بە ئاگا هێنا کە لە پشت پەردەوە هەندێ کار دژی دەزگای دەوڵەتی‌و شا دەکرێ. ئەنجام خەبەری کوژرانی هەمان ساواکی هەڵاتوو لە بڵاڤۆکانی ئەورووپاداوشرۆڤەو لێکدانەوەی ژێراو ژێرو دەم بەدەم ئەهلی سنعەتەکەیان لەوە وەئاگاهێنا کە لە هەندێ وڵاتانی عەرەبیدا بە تایبەتی لە فەڵەستیندا، نەخشەو پلانێك دژی ڕژێمی ئێران دادەڕێژرێ.

فرود لێڕا خۆی بگەیەنێتە بەغداو لەوەشە سەری ئۆردوی فەڵەستینییەکان لە لوبنان بدات. حاجیەخانم بەدڵ ئامادەبوو هەرچی دارایی خۆی هەیە دایبنێ بەو مەرجەی هەواڵێکی بەدری بزانێ.

پەساپۆرتیان نەدایە. مەعلوم بوو لەبەرچی.دەزگای دەوڵەتی ئاگاداربوو کە خوشکەکەی پەیوەندی بە چریکەکانەوە کردووەو لەوەیە لە دەرێی ئێران بێ. تەنانەت ڕاسپاردەی (ئیمام جومعە)ی شارەکەیان‌و نامەی حوجەتول ئیسلامی مەشهەد هیچ دەورێکیان نەبوو. فرود توانای ئەوەی نەبوو بە قاچاخ‌و بێ پەساپۆرت لە مەرز بپەڕێتەوە. ئێستاو بۆ یەکەمجار پەشیمان بوو لەوەی کە ئەو ڕۆژە غەدری کرد خۆی لە جێبەکە هەڵداوەتە خوارەوە، لە دەمانچەوچەکی گەرم

نەترساوە،فیشەکی بەرکەوتووە. خۆی بەم جۆرە کۆڵەوارکردووە. ئەم بێ تواناییەی یەجگار لە شان گران بوو.
ئێستا ئیدی مەسەلە هەر پەیوەندی خوشك‌و برایانەو خاتری دایکێکی پیر نەبوو،کە رۆژ بەرۆژ کە نەفت تردەبوو، واداری دەکرد هەوڵبدات‌و ئەزیەتی دەدا. بۆچی ئەوەندە لاوازەو ناتوانێ ئەو ئەرکەی پێ بحەسێ یان نا، لە عۆدەی گرتووە ئەنجام بدات.
خۆی بە قەرزاربار دەزانی، گوناحێکی کردبوو کە دەبوایە کەفارەکەی بدات.
چوو بووە ریزی حیزبەوە، ئومێدوهێڤی بە بابی‌و ماڵباتەکەی‌و بە هەزاران کەسی دیکە دابوو کە ژیانێکی تازەترو باشتریان بۆ فەراهەم دەکات، کەچی لەناکاوولە هەستیارترین هەلوێستدا بە ترس‌و نەزانی‌و خەتاکاری‌و سستی‌و بێ ورەیی وهەزار زەبوونی دیکە، چاوی رەشی هەمووانی کاڵ کردەوە.
کاتێ کەلهوڕ ئەم قسەیەی ژنەوت هەڵیدایە:
" من‌و تۆ چبکەین؟ ئێمە چ خەتاو گوناحێکمان کرد؟"
"ئێمە هەموو بەیەك سەمت‌و ئاراستەدا مەلەمان دەکرد، کە ڕابەران بۆڕیان دا بۆچی ئێمە جێمان نەگرتنەوە؟ لە جێی وان دانەنیشتین؟"
"بڕۆ بابە، قسەی هەلەق‌ومەلەق مەکە"
"هەر ئەوەیە کە گوتم. ئێمەش زەبوون‌و بێ دەسەڵات بووین‌و ئێستاش خوشك‌وبرا چکۆلەکانمان مەیدانیان گرتووە،بەڵام هەڵوێستی ئاشتی خوازانەی ئێمەیان قەبوڵ نیەو ئیدی ڕاست بێ یا هەڵە گەرەکیانە بە شێوازی چەکدارانە ماف خۆیان وەربگرن."
هیچ رێیەك بۆ رزگارکردنی بەدری خوشکی نەبوو جگە لە هەوڵی دەسەجەمعی.
رۆژێك کە هەواڵی کوژرانی چەند لاوێکی، لە یەکێك لە لێڕەوارەکانی باکوری ئێراندا ژنەوت‌و لەملاو لەولا هەواڵ بڵاوبووەوە کە کیژانی لاویش لەم شەڕە خوێناوی‌و نایەکسانەدا بەشدارن، ترسی لێنیشت کە نەبا جەنازەی خوشکەکەشی لە نێو جەنازەکانی تردا بێ.
دوا قسەی فرود لەم بارەیەوە دەگەڵ کەلهوڕدا ئەمە بوو:
"بکوژی ئەوانە منم، ناکرێ دەستەوئەژنۆ چاوەڕێی کارەسات بم"
کەلهوڕ وفەیروز لە سبەینێوە ئیدی فرودیان نەبینییەوە.بوو بە قەترەیەك ئاوو زەوی قووتی دا.

بەرلین
١٩/ئابان/ ١٣٥٧
نۆڤەمبەری ١٩٧٨

لە رۆژی ٢٠١٠/٢/١٤ لەشاری سلێمانی،گەڕەکی ڕزگاری لە پاچڤەی ئەم بەرهەم بوومەوە.
ح. ع.